# مسوڵمانان
# و
# نووسینەوەی مێژوو

# مسوڵمانان
# و
# نووسینەوەی مێژوو

نووسینی: د. عەبد ولعەلیم عەبدولرەحمان خزر
وەرگێڕانی: نازم عەبدوڵڵا

# مسوڵمانان و نووسینەوەی مێژوو

له بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨١)

- نووسینی: د. عەبدولعەلیم عەبدولرحمان خزر
- وەرگێڕانی: نازم عەبدوڵڵا
- بابەت: مێژوو
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٩. ناوەندی ڕینوێن.

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٦٦٣)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## ناوەرۆك

پێشەکیی وەرگێڕ.......................................................٧
پێشکەشکردن: بە پێنووسی دکتۆر عیمادەدین خەلیل ..........................١٥
پێشەکیی پەرتووك ...........................................................٢٢

**بەشی یەکەم: چەمکی زانستی مێژوو و پەیوەندیی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە ٢٧**
مێژوو چی دەگەیەنێت؟.......................................................٣١
سەرەتای نووسینەوەی مێژوویی ................................................٣٩
مێژوو و زانستە سیاسییەکان ..................................................٥٠
مێژوو و مرۆڤناسی...........................................................٥٨
مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی ..................................................٦٨
مێژوو و زانستی ئابووری ......................................................٧٣
میتۆدەکانی توێژینەوە ........................................................٧٨
گرنگیی لێکۆڵینەوەی مێژوو....................................................٨٨

**بەشی دووەم: زانستی مێژوو لای مسوڵمانان**...............................**٩٣**
ژیاننامەی پێغەمبەر و شوێنەواری لە دەوڵەمەندکردنی فیکری مێژووییدا ...........١٠٩
بەناوبانگترینی ئەوانەی غەزاکانیان نووسیووەتەوە ..............................١٢٩

**بەشی سێیەم: گرنگیی بێلایەنی و ڕاستگۆیی لە نووسینەوەی ڕووداوی مێژووییدا . ١٣٧**
بابەتی بوون و دڵنیابوون و بەها ...............................................١٦٠
پێوەرەکانی بژارکردنی هەواڵ...................................................١٦٢
میتۆدی ڕەخنەگرتن لە ڕیوایەتی مێژوویی لای ئیبنو خەلدوون .....................١٦٥

**بەشی چوارەم: نیشانەکانی نووسینەوەی میتۆدی زانستیی مێژوو لای ئیبنو خەلدون ١٩١**
فەلسەفەی مێژوو لای ئیبنو خەلدوون ........................٢٠٢
سیستەمی حوکمڕانی: ...................... ٢٠٦
کاریگەریی ئاکار لە بەهێزکردنی دەسەڵاتدا ......................٢٢٠
هەندێك نموونەی مێژوونووسینەوەی پێش ئیبنو خەلدوون: .................... ٢٢٥

**بەشی پێنجەم: میتۆدەکانی توێژینەوەی مێژوویی لای مسوڵمانان ................ ٢٤٣**
هەواڵەکان لە نووسینەوە مێژووییەکانی زانا مسوڵمانەکاندا ..........٢٥٠
تایبەتمەندییە زانستییەکانی (خەبەر و گێڕانەوە) لای مسوڵمانان لە عێراقدا .........٢٥٤
پەیوەندیی نێوان فیکری ئیسلامی و فیکری ئەورووپی، لە سەردەمی عەباسیدا: ...٢٦٠
نووسینەوەی مێژوو بە میتۆدی ساڵانە لای زانا مسوڵمانەکان: ......................٢٨٦
میتۆدی زانستیی نووسینەوەی مێژوو لای سەخاوەی ....................... ٢٩٤
بینین و ئامادەبوون لە نووسینەوەی مێژوودا لای زانا مسوڵمانەکان ..................٢٩٧
بیردۆزەی مێژووزانین لای کافیجی ............................... ٣١٧

**بەشی شەشەم: ڕێڕەوە تازەکان لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا ................ ٣٢١**
بۆچوونی ماددیی بۆ مێژوو ................................. ٣٣٤
پوختەی بیردۆزی مادی بۆ مێژوو وەکو لە قسەکانی خودی مارکسدا هاتووە: .....٣٣٩
دیاردەی سرووشتی فەلسەفەی میسالی و پشکنینی مێژوو ...................... ٣٤٣
کەلتووری زاتی و ڕاڤەی مێژوو ..............................٣٦٢
بۆچوونی ئەزموونگەرایی بۆ مێژوو ............................٣٦٨

**بەشی حەوتەم: بەرەو میتۆدێکی ئیسلامی بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو......... ٣٨١**
ڕۆڵی فەرموودە و سوننەت لە نووسینەوەی مێژوودا: ......................٤٠٤
مێژووی نووسراو و کاریگەریی تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەری ....................٤١٠
میتۆدی قورئانی و تێپەڕاندنی کەموکورتییەکانی قوتابخانە مێژووییە ماددییەکان ٤١٣
**سەرچاوەکان: ...................... ٤٢١**

# سوپاس و پێزانین

بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم دەرببڕم بۆ هەریەك لە بەڕێزان:

– سەنتەری زەهاوی کە ئەرکی وەرگێڕانی ئەم کتێبەیان بەمن سپارد پاشان ئەرکی چاپکردنی دەگرنە ئەستۆ.

– کاك تۆفیق کەریم، کە بە تێبینی و سەرەنجە جوان و دڵسۆزانەکەی وەرگێڕانەکەی دەوڵەمەند کرد و تام و چێژێکی زیاتری پێدا، خودا پاداشتی خێری بداتەوە.

– کاك دکتۆر حسێن موحەمەد، کە جگە لە تێبینی و سەرنجە بابەتییەکانی، خەمخۆرانە بەدواداچوونی بۆ کرد و لە هەوڵدا بوو بگات بە ئەنجام، خودا پاداشتی خێری بداتەوە.

وەرگێڕ

# پێشەکیی وەرگێڕ

به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستاییشی بێپایان بۆ خودای زاتی تاکی بەدیهێنەر، درود و سەلام بۆ سەر گیانی پێغەمبەر تا ڕۆژی دوایی.

کتێبی: (مسولْمانان و نووسینەوەی مێژوو)، یان: (مێژوو له ڕوانگە و دیدی مسولْمانانەوە)، یان (میتۆدی مێژوو لای مسولْمانان)، دید و بۆچوون و میتۆدی مسولْمانان له نووسینەوەی مێژوودا دەخاتە پێشچاو، له هەمان کاتدا بەراوردێکە له نێوان نووسینەوەی مێژوو لەسەر دەستی مێژوونووسە مسولْمانەکان لەلایەك، مێژوونووسە ڕۆژهەلاّتناس و ڕۆژئاواییەکان له لایەکی ترەوە، نووسەر ئەیسەلمێنێت بە نموونە ئیبنو خەلدوون مێژووی له گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکەوە بردووە بەرەو مێژووی زانستی، یان فەلسەفەی مێژوو، تا پەند و ئامۆژگاری و عیبرەت و هۆ و هۆکار و بۆچی و لەبەر چی و ڕەخنە و بەدواداچوون لەخۆ بگرێت، ئەو بۆ نموونە سێ سەدە پێش (ڤیکۆ vico) کەوت، کە زانایەکی ئیتالی بوو له (١٧٤٤ز) لەسەر ڕێچکەی ئیبنو خەلدوون، کتێبی: (العلم الحديث science nouvelle) نووسی، کە ئیبنو خەلدوون یەکەم کەس بوو ئەفسانە و هەڵبەستراوی پڕوپووچی له مێژووی ئیسلامی کردەوە و بە کۆمەڵێك بنەمای زانستی بردییەوە سەر ڕێبازە ڕەسەنەکەی خۆی، کە قورئان له چەندین شوێندا دووپاتی ئەکاتەوە: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ (يوسف:١١١) یان ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ﴾ (النور: ٤٤).

بۆ نموونە یەکێك لە بنچینەکانی ئیبنو خەلدوون: "پێوانەکردنی شتە نادیارەکانە بە دیارەکان و ئێستا بە ڕابردوو".

هەر وەکو باسی میۆدی مێژوونووسە مسوڵمانەکان لە نووسینەوەی مێژوودا، وەکو کیندی، مەسعودی، کافیچی، ئەبو حەنیفەی دینەوەری، ئیبنو حەجە، ئیبنول الاثیر، تەبەری، قەفەتی، ئیبنولجەوزی، سەخاوی، هتد، کردووە، بەتایبەت واقیدی و مەسعودی لە نووسینەوەی ڕووداوەکاندا، زۆر پێداگیرییان لەسەر میکانیزمی: بینین (المعاینة) و مەیدانی ئامادەی شوێنی ڕووداوەکە (المشاهدة) کردووە، بۆ نموونە واقیدی دەڵێت: "هەر کەسێکم لە کوڕانی صەحابە، یان شەهیدەکان، یان کەسێکی نزیکی ئەوان بینیبێت، لێم پرسیوە کەسێکی نزیکتان دیمەنەکەی بینیووە، یان شوێنی شەهیدکردنی پێ ئەزانێت... ئەزانێت لەکوێ کوژراوە؟ ئەگەر پێمی وتبێت، چوومەتە سەر شوێنەکە، بۆ ئەوەی بیبینم." جگە لە سەنەد و گەڕاندنەوەی قسەکانی بۆ سەر خاوەنەکانیان، شانبەشانی ئەم دوو میکانیزمەی ئاماژەمان پێکرد، ئەوان بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە وەکو: تۆمارگەی سەربازی، مووچەخۆرانی دەوڵەت، مۆر، دراو، هەڵکۆڵینیانیان بەکار هێناوە، بە هەمان شێوە مەسعودی دەربارەی سەرچاوەی نیل و زاوزێی کەرگەدەن ڕەخنەی توند لە (جاحظ) ئەگرێت، ئەڵێت ئەو نەگەڕاوە و زانیارییەکانی لە خەڵکی چیرۆکنووس و خاوەن ئەفسانەکانەوە بیستووە.

بە هەمان شێوە، ئاماژەی بە زانستە سەردەمییەکانی وەکو: پەیوەندیی مێژوو بە زانستە سیاسییەکانەوە، مرۆڤناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، شوێنەوارزانی، زانستی شیکاری، زانستی هەڵکۆڵین، ماتماتیك، جوگرافیا و زانستەکانی تر کردوە... بۆ نموونە ئەو کتێبانەی گزییان تێدا کراوە و بە

ناوی یەکێکی ترەوە بڵاو کراونەتەوە، وەکو بیرەوەرییەکانی ناپلیۆن، چەندین کەس لەبەر نووسخە ئەصڵیەکەیدا نووسخەیان گرتۆتەوە، دوایی بە ناوی خۆیانەوە، کە بە حیساب لە ناپلۆنیان وەرگرتوە بڵاویان کردۆتەوە، یان ئەو شوێنەوارانەی دەسکاریی مێژووییان تێدا کراوە، لە ڕێگەی زانستی تازەوە بە پشکنینی جۆری ئاوی مەرەکەب و کاغەز و ئامڕازەکانی نووسین و پشکنینی کەرەستە کانزاییەکان ڕاستییەکەیان دەدۆزرێتەوە، ئایا ئەم جۆرە نووسین و کاغەز و ئامڕازی نووسینە لە کاتی ئەو نووسینەدا هەبووە؟ یان لەو سەدەیەدا، ئەم جۆرە نووسین و هەڵکۆڵینە هەبووە، یان دوای ئەو مێژووە نووسراونەتەوە؟ ڕوونی کردۆتەوە هەموو ئەم زانستانە چۆن تەواوکەری زانستی مێژوون، مێژوو لە هەر جێگەیەك پەکی کەوت ئەتوانێت لە ڕێگەی یەکێك لەم زانستانەوە، کە پەیوەندیی بەو قۆناغەوە هەیە بەردەوامی بە ڕەوتی خۆی بدات، بە هەمان شێوە ئەو زانستانەش هەندێك کات پەکیان ئەکەوێت، ناچارن پەنا بۆ زانستی مێژوو بەرن، هەر وەکو ئاماژەی بەوە کردووە زانستە سەر دەمییەکان خزمەتێکی گەورە و بەرچاویان بە زانستی مێژوو کردووە.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت باسی ئەوەش ئەکات، کە هاوکارییەکی باش لە نێوان بیرمەندان و نووسەرە مسوڵمانەکان و ڕۆژئاواییەکاندا هەبووە، لە سەردەمی عەباسییەکاندا زانا مسوڵمانەکان، هەموو شوێنەوار و نووسراوەکانی گریکیان لە بێژنگ دا، ئەوەی بەسوود بوو وەریان گێڕایە سەر زمانی عەرەبی، بە هەمان شێوە لە جەنگی خاچپەرستان و لە ڕێگەی قورتوبەوە ئەورووپییەکان بەرهەمی مسوڵمانانیان بە زیادەوە وەرگرتەوە.

هەر وەکو دەڵێت: ئامانجی هێگڵ لە نووسینەکانی دەربارەی (فەلسەفەی مێژوو) ئەوە بوو بیکات بە (لێکۆڵینەوەی میتۆدەکانی توێژینەوە، واتە دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی مێژوویان پێ دەنووسرێتەوە و دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکان و گفتوگۆی بیرۆکەی بابەتی بوونی مێژوو).

لە هەمان کاتدا، ئاماژە بە هەردوو فەلسەفەی میسالی و ماددی دەکات، کە ئەو دووانە بە هۆی ئەوەی هەریەکەیان بەشێك لە پێکهاتەی مرۆڤیان پشتگوێخستووە، بۆیە زەرەری گەورەیان لە ڕەوڕەوەی مێژوو داوە، لێرەوە ململانێی نێوان فەلسەفەی میسالی و مادی سەریهەڵدا، لە ئەنجامدا قوتابخانەی میسالی فیکر و ئاکار و بیرکردنەوەی گشتی کرد بە سەرچاوەی گۆڕانکاری لە ئەنجامدا بیرکردنەوەی گشتیی (دەوڵەت)، وەکو هێگڵ داکۆکی لێ دەکات، تاکە بلیمەتەکانی لە خۆیەوە پێچا، وەکو ڕانەمەڕ پێشی خۆی دان بەرەو ئەو ئامانجانەی دەیەوێت، لە پەرچەکرداری ئەمیشیدا قوتابخانەی مادەگەرایی سەریهەڵدا، تاکی کردە قوربانیی کۆمەڵگە، بەتایبەت کۆمەڵگەی پرۆلیتاری وەکو مارکس داکۆکی لێ دەکرد، کە وەکو ئامێرێك مامەڵەی لەگەڵ ئەکرد و مادەی بە سەرچاوەی هەموو بیرکردنەوەکان دانا، تەنانەت هاتنی پێغەمبەران و سەرهەڵدانی ئایینەکانیش! ئەوە بوو مارکس ئەیوت تێڕوانینی میسالی شتێك ناخاتە سەر واقیع و بەرژەوەندییە سیاسییەکان. قوتابخانەیەکی تریش تاکی کرد بە چەق، ئەویش فەلسەفەی سەرمایەداری بوو.

ئەوەش باس ئەکات، ئیسلام بەتەنها نە دەوڵەت ئەکات بە چەق، نە کۆمەڵگەیەکی تایبەت، نە تاك بەتەنها، بۆیە بنەما کەموکورتییەکانی میسالی و مادەگەرایی پرۆلیتاری و سەرمایەداریی تێپەڕاندوە، ڕۆڵی بە تاك و کۆمەڵ

دا، هاوكێشەی لە نێوان ڕۆح و لاشەدا درووستكرد، لە ئەزموونی مرۆڤایەتیدا بایەخدان بە لایەنی مادی و پشتگوێخستنی ڕۆح، یان بایەخدان بە لایەنی ڕۆحی و پشتگوێخستنی پێداویستییە مادییەكانی بە لادان و ساختەكاری لە سرووشتی مرۆڤایەتی دانا، كە لە ئەنجامدا تەفسیری مادی لە بەرانبەر تەفسیری ئیسلامیدا دەسەوسان بوو، ئەوە بوو بەناچاری ڕاڤەی بلیمەت و پاڵەوانیان بۆ ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) كرد.

سەبارەت بە وەرگێڕانی كتێبەكە لەگەڵ ئەوەی بەكتێبێكی شایستە و پێویست دەزانم بۆ خوێنەری كورد بەڵام دیارە خاڵیش نییە لە تێبینی، لە هەر شوێنێكیش لەسەر ناوەڕۆكی كتێبەكە پێویستی كردبێت تێبینی و سەرنجی خۆمان لە پەراوێزدا نووسیوە و ڕوونكردنەوەی پێویستمان لەبارەوە داوە.

كۆتا قسەشمان لەسەر وەرگێڕانە، وەرگێڕانی كتێب بەرهەمی پلەدووی وەرگێڕە، چونكە بەرهەمی فیكری خۆی نییە، بەڵكو ئەكرێت بڵێین ڕەنگدانەوە و سێبەری فیكریی خۆیەتی، هەندێك كات وەرگێڕان ئەبێت بە كارێكی خاوەن ئامانج و بەرهەمدار، كاتێك نووسەر توانای خستنەوەی بەرهەمی تازەی نییە، یان هەندێك كات بەرهەمەكانی بە هەندێك ناونیشانی تازەوە دووبارەكردنەوەی بیروبۆچوونە كۆنەكانە، ئەمەش وا ئەكات خوێنەر چێژی لێ نەبینێت، یان هەست نەكات زانیارییەك چۆتە سەر عەمباری زانیارییەكانی، بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە ئەبێ خاوەن قەڵەمەكان، چەند ڕێگەیەك بگرنەبەر، لەوانە: ئەو نووسەرانە، نابێ لە یەك بواردا بنووسن، بەڵكو ئەگەر پسپۆڕی و توانای زانستی یارمەتیدەریان بوون، بابەتی نووسینەكانیان بگۆڕن بۆ بوارەكانی مێژوو، سیاسەت، فیكری سیاسیی،

ئەدەب، ئابووری و... هتد، خۆ ئەگەر یارمەتیدەر نەبوو، چاکترین هەنگاو، وەرگێڕانی کتێبە پڕبایەخ و دانسقەکانە، کە لە بوارێکدا لە ڕێگەی خزمەتکردن بە فیکر و هوشیاریی خەڵك خزمەت بە ئامانجی وەرگێڕ دەکات، ئەو کەسانەی خاوەن پەیامن، مەرج نییە تەنها لە ڕێگەی بەرهەمەکانی خۆیانەوە خزمەت بکەن، بەڵکو وەرگێڕانی ئەو کتێبانەش لەگەڵ فیکری نووسەردا یەك ئەگرێتەوە، بە هەمان شێوەی بەرهەمەکانی خۆی لە هەر بوارێکدا بێت، هەمان خزمەت ئەکات، بۆیە پێم باشە نووسەران، لەباتی یەك بوار، بۆ ئەوەی ئەفکارەکانیان دووبارەبوونەوەی پێوە دیار نەبێت، یان جەماوەرەکەیان بێزار نەبن، لە بواری جۆراوجۆردا بنووسن، یان وەکو وتمان هەندێك کتێبی مەنهەجیی بەپێز و دانسقە وەرگێڕن.

با تێبینیی دووەمیش تۆمار بکەم، ئەویش ئەوەیە: وەرگێڕانی کتێب، ئەبێ وەرگێڕانێکی ئامانجدار بێت، خزمەتێك بە کەلتوور و شارستانیەت و بیروباوەڕی میللەتەکەی بکات، زۆر جار وەرگێڕان ئەبێتە هۆکاری هاوردەکردنی هەندێك ئەفکار و ئایدۆلۆژیا، کە لەگەڵ ئایین، یان نەتەوە، یان بارودۆخی ساسیی ئەو شوێنەدا ناگونجێت، جاری وا هەیە هەندێك کتێب و نامیلکە بۆ خزمەتی ئەجیندایەکی تایبەت بە وڵاتێك، یان ڕێڕەوێك ئەهێنرێن، جگە لە ئاشووبنانەوەی فیکری، یان نەتەوەیی، یان مەزهەبی، هیچ بەرهەمێکی ئەرێنیی بۆ ئەو شوێنە نییە، پاش ماوەیەك هەست ئەکەن، ئەم جۆرە کتێب و نامیلکانە، خزمەتیان بە ئەجیندایەکی دەرەکی کردووە، کۆمەڵێك شوێنەواریان جێ هێشتووە وا بەئاسانی ناسڕێنەوە.

**١٥ شەوالی ١٤٤٠ ـ ٢٠١٩/٦/١٠ سلێمانی**

**وەرگێڕ**

# پێشکەشکردن

بە پێنووسی: دکتۆر عیمادەدین خەلیل

دوای ئەوەی مێژوو بوو بە زانست، یان چالاکیی مەعریفی جۆراوجۆر، لە سەردەمی پسپۆڕیدا ناکرێت لە یەك دەرگاوە بچینە گۆڕەپانی مێژووەوە، بەڵکو پێویستە لە چەند دەرگایەکی جیاجیاوە بچین، تا بمان گەیەنێت بە یەکێك لەو نەوانەی ڕۆڵیان بینیوە لە ئاوەدانکردنەوەی مێژوودا.

بۆ بەئیسلامەییکردنی ئەم زانستە، ئەبێ - یەکەمجار - بەچاکی ڕێگە و دەرگاکانی دەستنیشان بکەین، تاوەکو جارێکی تر هەموو پانتاییەکانی ئەم زانستە ڕەنگی ئیسلامەتی بگرێت، جا لەسەر ئاستی میتۆد، یان بابەت بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی قەبارەی ئەو هەوڵ و کاتانەی پێویستن، ئەبێ بە دورودرێژیی نەخشەکەی لە پێشچاومان بێت، تا هیچ کەلێن و کەلەبەرێك نەمابێت هەوڵی بۆ نەدرابێت.

بۆ دەرکەوتنی پێگەی ئەم کتێبەی لە بەردەستماندایە، کەسێك ئەتوانێت تەنها نیشانەیەك لەسەر سیاقەکان، یان میحوەرە بنەڕەتیەکانی چالاکییە مەعریفی و مێژووییەکان دابنێت، تا دەرکەوێت ئەم کتێبە لە لایەك چ پێگەیەکی هەیە لەسەر نەخشەی مێژوو، لە لایەکی تر ئەو ڕۆڵ و ئامادەسازییە دەرکەوێت بینیویەتی بۆ بەئیسلامەتیکردنی مێژوو.

لەم کتێبەدا سیاقێك، یان میحوەرێك هەیە بایەخ بە سەر هەڵدانی نووسینەوەی مێژوو و گەشەکردنی ئەدات، ئەمەش بووە بە زانست، بە

سرووشتی دۆخەکە شیکردنەوەیەکی (هستریوغرافی)[١] لەخۆ ئەگرێت، کە هەموو ئەو ڕیوایەتزان و هەواڵزان و مێژووزانانە ئەگرێتەوە لەم کاروانە دورودرێژەدا بەشدار بوون، لە سەرووی ئەمەشەوە ئەم زانستە هەڵئەسێت بە شیکردنەوەی جۆرەکانی نووسینەوە و کۆکردنەوەی مێژوو، لەنێوان گشتیبوون، خۆجێییبوون، شارستانی و ڕامیاری مێژووی ژیان و ساڵنامەکان و فەرهەنگی و پسپۆڕیدا... شتانی تریش کە لای لێکۆڵەرەوان زانراوە.

لێرەدا سیاقی دووەمیش هەیە، کە بایەخ بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی ئەدات و ئامانجیەتی بگاتە سەر ڕووداوە مێژووییەکە، یان بە لانی کەمەوە لێی نزیك ببێتەوە، کە لەم دەیانەی دواییدا بەهۆی کەڵەکەبوونی شارەزایی مەعریفی و تەکنیکی سەردەمەوە چەندین ئامێری پێشکەوتووی کارکردن و چەندین زانستی پاڵپشتی بۆ ئامادە کردووە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە توێژینەوەی مێژووییدا توانای گەیشتن بە ئامانجی هەیە.

لێرەدا سیاقی سێیەمیش هەیە، کە پێی دەوترێت: فەلسەفەی مێژوو، کە دەیەوێت ڕاڤەی ئەو یاسا و هۆکارانە بکات، کە لە ڕێگەیانەوە بەردەستە پێدراو(المعطيات)ـە مێژووییە جەنجاڵ و لێکئاڵاوەکان دروستیان کردووە، تاوەکو دەست بخاتە سەر کۆمەڵێك کارتێکەری نەگۆڕ[٢]، کە تەحەکوم بە

---

[١]. لێکۆڵینەوەیە لە نووسینەوە و لە مێژووی نووسراو ـ ئۆکسفۆرد. وەرگێر

[٢] کارتێکەری نەگۆڕ دوو بەشە: یەکێکیان پۆزەتیفە، وەکو: پابەندبوون بە سوننەتە خواییەکان، کە ئەسبابیشیان پێ ئەوترێت، وەکو: ئاکار، هێزی سیاسی و ئابووری و سەربازی و یەکڕیزی. بەشی دووەمیان: نیگەتیفە، وەکو: لادان لە سوننەتەکانی خودا، یان بەکارنەهێنانی ئەسباب لە ژیاندا وەکو: ستەم، نەبوونی هێز بە هەموو بەشەکانیەوە، نەبوونی زانست و هوشیاری (سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا) **[الاحزاب (٦٢]**. وەرگێڕ.

جمووجوڵی مێژووەوە دەکات، بەرەو ئەملا یان ئەولای ئەبات، ئەو کارتێکەرانەش ئەنجامەکان و پاڵنەرەکان بە گوێرەی سەرەتا و هۆکارەکان ڕێك ئەخات.

شانبەشانی هەموو ئەمانە سیاقی چوارەمیش دێت، کە خۆی لە خودی توێژینەوەی مێژووییدا ئەبینێتەوە و بایەخ بە قسەکردن لەسەر ئەم ڕووداوە، یان ئەو ڕووداوە دەدات، هەندێك کات تەنها بە کۆکردنەوەی گێڕانەوەکان لەسەر بەسەرهاتەکە قایل دەبێت، هەندێك کاتیش شیکارە، بەراوردکارە، ڕاڤەکارە، ـ لە ڕاستیدا ـ مەودایەکی فراوان لە پێدراوە (المعطیات)کانی چالاکیی مەعریفی مێژوویی پێك دەهێنێت.

تەنها بە چاوگێڕانێکی سەرپێیی بەسەر هەریەکێك لە پەڕتووکخانە مێژووییەکاندا، ئەبینین زۆربەی ناوەڕۆکەکانی لە سیاقی کۆتاییدا خۆی ئەبینێتەوە، کەمێك ئەمێنێتەوە سێ سیاقەکەی سەرەتا: سەرهەڵدان و گەشەکردن، میتۆد، فەلسەفە، تێر بکات[1].

خۆشبەختانە، بەتایبەت لەم چەند گرێیەی کۆتاییدا، لەم سیاقانەدا لەسەر ئاستی چەندێتی و چۆنیەتیدا چالاکیی بەرچاو بەدی ئەکرێت، هەندێك کات لەم گرێیەی ئێستاماندا ئەگاتە پلەی هەڵقوڵان، ئەمەش مێژوونووسە مسوڵمانەکان ناچار ئەکات لە چوارچێوەی خولگەی بەمسوڵمانکردنی

[1] ئەمەش پێچەوانەی میتۆدەکەی ئیبنو خەلدوون ئەسەلمێنێت، کاتێك مێژوونووسە مسوڵمانەکان، لەباتی گەڕان بەدوای عیللەت و ئەسبابدا، تەنها پشتیان بە نەقڵی ڕووداوەکان بەستووە، هەرچەند وەکو نووسەر ئەڵێت: لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە گۆڕانێکی بە خۆیەوە بینیوە. وەرگێڕ.

مەعریفەی مێژوودا لێبڕاوانە قۆڵی لێ هەڵماڵن، تا بتوانن ئیحتیوای شەپۆلەکە بکەن.

ئەمە خۆی لەخۆیدا بۆ هەوڵی برامان: دکتۆر عەبدولعەلیم عەبدولرەحمان خزر، لە نووسینی ئەم کتێبەی بەردەستماندا، دەگەڕێتەوە. هەروەها بۆ پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی، بیخەنە بەر دیدی خوێنەران.

ئەم کتێبە ـ لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك بابەتدا بۆچوونم جیاوازە لەگەڵ نووسەرەکەی ـ بە دیدێکی ئیسلامیی خاوێن، چارەسەری ژمارەیەك بابەت و دەستەواژە ئەکات، کە جارێك پەیوەندیی بە سەرهەڵدان و گەشەکردنەوە هەیە، جارێکی تریش قسە لەسەر میتۆد ئەکات، بۆ جاری سێیەم دۆلکەی خۆی بە بیری فەلسفەی مێژۆودا شۆڕ ئەکاتەوە.

بە تەماشاکردنێکی ناوەڕۆکی کتێبەکە: هەر لە ناونیشانە سەرەکی و بابەتە فەرعییەکانیدا، مرۆڤ ئەتوانێت ئەو دەستەواژانە ببینێت، کە نووسەر لە ڕێگەی ئەم سێ میحوەرەوە بڕیویەتی و زۆر دڵسۆزانە هەوڵی داوە دیدێکی ئیسلامییانە دەربارەی ئەم مەسەلە، یان ئەو مەسەلەی جەنجاڵی و تێکئاڵۆسکانە لە چوارچێوەی مەعریفەی مێژوویی خاوەن لقوپۆپ و نەخشە گرێکوێرە قورسەکانیدا بخاتە پێشچاو.

بەڕاستی بەبەڵگە و دەقێکی زۆر، چ لە سەرچاوە عەرەبییە کۆنەکان، یان لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە عەرەبی و غەیرە عەرەبییە تازەکانەوە بێت، نووسەر کتێبەکەی تێر و پشتڕاست کردۆتەوە، ئەمەش ئەبێتە ڕەشماڵێکی زانستیی کتێبەکە و ئاسۆی شیکاری بەراوردکاری فراوانتر دەکات.

هەرچۆنێك بێت ئەم کتێبە لە بازنەی بەئیسلامیکردنی مێژوودا، چەند ڕێڕەوێك تێر ئەکات و چەند ئاسۆیەك بۆ لێکۆڵینەوە و بەیاساکردنی

ئەکاتەوە، هەر وەکو هانی توێژەرانی تر ئەدات لە سیاقی هزری مێژووییدا لە یەکێك، یان زیاتر لە چەند سیاقێکی هەریەك لە: بناغەدانان و بیرسازی (التنظیر) و بەراوردکردن و ڕەخنەگرتن و شیکاری و لێکدان و جێبەجێکردندا، دۆلکەی خۆیان شۆڕ بکەنەوە.

ئەرکە لەسەرمان لێرەدا بیری خۆمانی بێنینەوە، ڕۆژگارێك کە شارستانیەتی ئیسلامیمان لە تیشکدانەوە و درەوشانەوەدا بوو، سەرمەشقانی مەعریفەی مێژوویی لە هیچکام لە سیاقە سەرەکییەکانی ئەم مەزرایەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە، لە بنیاتنان و برەوپێدانی ئەم زانستە و میتۆدەکانیدا بەشدار بوون و زیاتر کولاَندوویانە و تاموچێژیان پێداوە، هەندێکیان هەوڵیان داوە ڕاڤەی ڕووداوە مێژووییەکان بکەن و ئەو هۆکار و یاسایانە دەستنیشان بکەن کە بوونەتە هۆی ڕووداوەکان، ئەوان لە مەزرای فەلسەفەی مێژوویی نۆبەرەدا سەرمەشق بوون... لەگەڵ ئەو خەرمانە گەورەیەی لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا پێشکەشیان کردوە، بە جۆرێك ورد و درشتیان لەو بوارەدا جێ نەهێشتووە، لە کاتێکدا بە هیچ پێوەرێك لە پێوەرەکان مێژووی گەل و نەتەوەکانی تر پێیان نەگەیشتوون.

بەلاَم ئەمانە نابێ بکرێنە پاساو بۆ هەر هەنگاوێك ببێتە هۆکاری داخران بەسەر خوود دا، یان لە بواری چالاکیی مەعریفیی مێژووییدا، کە تەنها پشتبەخۆبەستن بەدی بکرێت، بەڵکو پێویستە کرانەوە بەسەر ئەو زانستە گەشەکردووانەدا لەسەر ئاستی هەموو جیهان لە ڕووی سوودبینین و ڕەخنەگرتن و بژارکردنەوە پەرە بسێنێت.

ئەوەی کرانەوە بەسەر ئەو زانستە ـ لە کاتبەسەربردن و کاری ئارەزوومەندانەوە ـ ئەکاتە کارێکی پێویست و ناچاری، ئەوەی

دەردەکەوێت شارەزایی مێژوویی لە سیاقە جیاوازەکانیدا مەسەلەیەکی میکانیکییە، کە ئەمەش لە هەموو پاڵنەرەکانی تر پێداگیریی زیاتر ئەکات و ئەم شارەزاییە بەبێ کۆڵدان لە گەشەکردن و تەواوکاریدایە، بە ئەندازەیەکی گەورە سوودمەندە لە یاسای کەڵەکەبووی ئەزموون و شارەزاییە بەڵگە پێدراو (المعطیات)ـە شارستانیەتە ئیسلامییەکەمان، کە لە دەوڵەمەندکردنی پێکهاتەکانیدا ڕەگەزێکی کارا بووە، (ئەزمونی مێژوویی) لە گرێکانی کۆتایی سەدەی بیستدا، پلیکانەیەکی سەختی بڕی و ئێمە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئەزموونە و سوودبینینمان لە ئەنجامەکانی هەندێك لەو قەرزانە ئەدەینەوە، کە بەلامانەوەیە.

بەڵام سیاق و میحوەرە مەعریفییە مێژووییەکان، لە یەك ئاستدا نین، ئەو لە هەندێك لە پانتاییەکانیدا، ناوەخن و پاشخانێکی بەخۆیەوە ئاڵاندووە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە لەگەڵ تەصەوری ئیسلامی بۆ مەعریفەی مێژوویی ـ هەر لە سەرەتاوە ـ بە یەکدا دەدەن و تێك ئەگیرێن، بەڵام دوای ئەوەی بەباشی لە ڕاستییەکەی تێگەیشتین ئەبێ هەوڵی ڕووخاندنی بەڵگە و پاڵپشتەکانی بدەین، چونکە ئەمە لە خودی خۆیدا، هەلێکی باش ئەبەخشێت بە تەسەوری ئیسلامی، تا خۆی بسەلمێنێت و کۆمەڵە پاساوێکی هاندەر دەخاتە بەردەست بۆ بەئیسلامیکردنی ئەو مەزرایەی وەزعیەکان وازیان لێ هێناوە و ڕێگە ڕاستەکەیان بەزاندوە و سەریان لە خۆیان و لە خەڵکی شێواندووە.

هەرچەند مەعریفەی مێژوویی لە چەند مەودایەکدا، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە تەکنیکی میتۆدەوە هەیە، نوێنەرایەتیی ئەزموونێکی بێلایەن ئەکات، هەڵە ئەکەین کەمتەرخەم بین لە سوودبینین لێی، بەتایبەت لەو

شتانەی پشتیوانن بۆ هەنگاوگەلێکی خێراتر و پڕئەزموونتر بۆ ڕۆیشتنمان بەرەو تێگەیشتن و پیشەییبوون و بەرەو ئامانجی بەئیسلامیکردنی مەعریفەی مێژوویی و گەشەپێدانی و دەوڵەمەندکردنی میتۆدەکانمان.

جگە لە لایەنی تەکنیکی، هەر دۆزینەوەیەك لەم لایەن، یان ئەو لایەنی مێژووی مرۆڤایەتی، چ توێژینەوە، یان شیکردنەوە، یان لێکدانەوە، یان ڕاڤەکردن بێت، ئەوە دۆزینەوەیەکی زۆر بەنرخە بۆ ئەو لایەنانە.

ئەمە هاوکێشەیەکی گرانە... بەڵێ... بەڵام ڕوونیی دیدگای بیروباوەڕ و گەشەکردنی خیبرەی مێژوویی لە هەموو سیاقەکانیەوە لای ئیسلامییەکان ـ بێگومان هاوکار ئەبێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئاڵۆزییەکانی مەعریفەی مێژویی و وەگەڕخستنی ئەنجامی کۆتایی گرنگە بۆ بەرژەوەندیی بەئیسلامیکردنی ئەم لقە لە لقەکانی مەعریفەی مرۆڤایەتی.

مەسەلەکە لەوێ چۆن بووە، لێرەش لەسەر هەموو ئاستێکی هەڵسوکەوت و ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەوانی تردا هەر وا ئەبێت، با ئەو خیبرەیە بکرێتە ناوبژیوان، کە لە خولگەی تەصەوری ئیسلامیی ڕەسەندا پێکهاتووە، بۆ ئەوەی تەنها بۆ ئەوانە بڕوات کە هاوکارن لە دروستکردندا.

کتێبی (مسوڵمانان و نووسینەوەی مێژوو) ئەڵقەیەکی تێروتەسەل و وانەیەکی بەکەڵکە لەم ڕێگەیەدا.

تەنها خوداش ئاگاداری نیەتەکانە، بە وشە و کردارەکانیشمان تەنها ڕوو ئەکەینە ئەو.

**د. عیمادەدین خەلیل**

**موسڵ ـ عێراق**

# پێشەکیی پەرتووك

سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری پاك و بێگەرد و بەرزی هەموو جیهان، داوای یارمەتی و ڕێنموونیی لێ ئەکەین، پەنا ئەگرین بە خودا لە خراپەی دەروونمان و خراپی کردارمان، درووود و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا، صەلات و سەلامی خوا لەسەر خۆی و خانەوادە و هاوەڵان و شوێنکەوتوانی و ئەوانەی بەباشی شوێنی دەکەون تا ڕۆژی دوایی...

ئەمە هەوڵێکی خاکییانەیە، ئەمەوێت لەو ڕێگەیەوە بیسەلمێنم، کە مێژوو لەسەر هزری ئیسلامی شتێکی نامۆ و دەرەکی نییە، مسوڵمانان لە غەیری خۆیانیان وەرنەگرتوە، بەڵکو میتۆدەکانی توێژینەوەی مێژوویی، کە لە ئەورووپا پێی ئاشنا بوون، بە پلەی یەك لەو بوارەدا پشتیان بە تەقەللای زانا مسوڵمانەکان بەستووە.

مسوڵمانەکان یەکەم بوون مێژوویان وەکو زانستێك کرد بە میتۆد و بەرەو گشتگیرییان برد، تێڕوانینی ئەوان بۆ مێژوو وەکو تۆمارگەی پەند و زانست و جموجووڵی ژیان بووە، لە کاروانی ڕۆژگاردا، کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام قورئان بنچینەی (میتۆد)ێکی تێر و تەواوی چاودێریی جموجوڵی مێژووی مرۆڤایەتی و وەرگرتنی یاسا و پەند بۆ بەڕێوەبردنی دیاردە مێژووییەکان پێشکەش بە مسوڵمان کردوە، بەدڵنیاییەوە قورئانی پیرۆز جارێك بەدرێژی و جارێك بەکورتی، هەموو ئەوانەی لە کتێبە پێشووەکاندایە کۆی کردۆتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا قورئانی پیرۆز، هەموو ئەو گرێوگۆڵانەی لا داوە، کە چواردەوری زۆرێك لە بابەتەکانی دابوو، زۆر بە ڕوون و ئاشکرا بەبێ ئەوەی نادیارییەکی تێدا بێت

پێناسەی کردووە. سوننەتی پاك و بێگەردیش پڕە لە وانەکانی (مصطفی) (درودی خودای لەسەر بێت) هانی مسوڵمانان دەدات وەکو سەرچاوەیەکی گەورەی گشتیی لایەنەکانی مەعریفە، بایەخ بە قورئانی پیرۆز بدەن.

عەبدوللاّی کوڕی مەسعوود، خودا لێی ڕازی بێت، وتویەتی: پێغەمبەر (درود و سەلامی خودای لەسەر) فەرمووی: ((ئەم قورئانە سفرە و میوانداریی خودایە، تا بۆتان ئەکرێت بەدەم داوەتەکەیەوە بچن. ئەم قورئانە حەبلی خودایە، ڕووناکییەکی ئاشکرایە، شیفایەکی کاریگەرە، هەرکەس دەستی پێوە بگرێت ئەیپارێزێت، هەرکەس شوێنی بکەوێت دەربازی دەبێت و لە ڕێی ڕاست لا نادات، تا ببێتە مایەی لۆمەکردن، لار نابێت تا ڕاست بکرێتەوە، نهێنییەکانی کۆتایی نایەت، بە دووبارە خوێندنەوەی کۆن نابێت، بیخوێننەوە خودا لەسەر خوێندنی هەر پیتێك دە چاکەتان پاداشت ئەداتەوە، من نالێم (الم) پیتێکە، بەڵام ئەلیف پیتێکە، لام پیتێکە، میم پیتێکە.)) (حاکم گێڕاویەتیەوە).

بەرچاو ڕۆشنیی ئەم چەمکە بەرزانە، مسوڵمانان بۆ نووسینەوەی مێژوو کاروانی میتۆدی زانستییان دیاری کردووە. ئەم چەمکانە بەردەوام هاوشان بوون لەگەڵ ئەم زانستەدا، لە ماوەی هەموو مێژووی ئیسلامیدا بوونە پشتیوان و پاساو بۆی.

ئەو ڕاستییەی دەمەوێت لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا باسی بکەم، ئەوەیە: دوای ئەوەی لە جیهانی هاوچەرخماندا چەندین میتۆدی (لادەر) کاروباری هزری مێژوویان لە شارستانیەتی ئیسلامیدا شێواندووە و چەندین هەوری تاریکی لە ئاسۆیدا وێنا کردوە، بە جۆرێك ڕەسەنایەتی و گشتگیریی ون

کردووه، بۆیه له نووسینه‌وه‌ی مێژوودا گه‌ڕانه‌وه بۆ میتۆدی ئیسلامی پێویستییه.

له به‌شی یه‌که‌می ئه‌م کتێبه‌دا، هه‌وڵم داوه (چه‌مکێکی زانستی بۆ مێژوو و په‌یوه‌ندیی به زانسته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی تره‌وه) وه‌کو زانستی: سیاسی، جوگرافیا، مرۆڤزانی، زانستی کۆمه‌ڵناسی، زانستی ئابووری دابنێم، ئاماژه‌م به میتۆده‌کانی توێژینه‌وه و سه‌لامه‌تی ڕاگره‌کانی کردووه و له کۆتاییدا گرنگیی زانستی مێژووم له‌ناو زانسته‌کانی تردا شی کردۆته‌وه.

له به‌شی دووه‌مدا: نیشانه‌کانی زانستی مێژووم لای مسوڵمانان شی کردۆته‌وه و وێنام کردوه، زانایانی مسوڵمان ـ له‌و کاته‌دا چه‌ند زۆر بوون ـ چۆن بۆ لقوپۆپه جۆراوجۆره‌کانی مێژوو لێبڕابوون ده‌ستیان بۆ نووسینه‌وه و ڕێکخستن و به‌ره‌وپێشبردنی بردووه، هی وایان ئه‌بینین له نووسنه‌وه‌ی ڕووداوه جۆربه‌جۆره‌کاندا داهێنانی کردووه، یان پسپۆڕیی له کتێبه مێژووییه کۆکه‌ره‌وه‌کان (الجامع)دا هه‌بووه.

له به‌شی سێیه‌مدا: (گرنگیی بێلایه‌نی و ڕاستگۆییم له نووسینه‌وه‌ی ڕووداوی مێژوو)دا والا کردووه، دووپاتم کردۆته‌وه نهێنیی سه‌لامه‌تیی هزری مێژوویی لای زانایانی مسوڵمان به پله‌ی یه‌که‌م: ( لادانی گومانه) له لایه‌ك، دوورکه‌وتنه‌وه له (حه‌ز و ئاره‌زووه‌کانی ده‌روون)ـه له لایه‌کی تر و توندوتۆڵی له به‌ده‌ستخستنی زانست، یان (دڵنیایی بوون)ـه له لایه‌کی تره‌وه.

له به‌شی چواره‌مدا: هه‌وڵمداوه نزیك ببمه‌وه (له سه‌رنجدانی میتۆدی زانستی نووسینه‌وه‌ی مێژوو لای ئیبنو خه‌لدوون) له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ی ئه‌و نموونه‌یه‌کی پرشنگداری مێژوونووسه مسوڵمانه‌کانه. له لایه‌ك له

بەدەستهێنانی سەرسامیی زانایانی ڕۆژئاوادا سەرکەوتوو بووە، وەڵامی گرنگترین پرسیارە هەراسانکەرەکانی داوەتەوە، کە نوێخوازەکان ئەیوروووژێنن، وەکو: بایەخی مێژوو چیە؟ ئامانج لە مێژوو چیە؟ واتای مێژوو چیە؟ هەموو ئەمانەش لە بەرگی هەڵێنجانێکی تازەدا.

لە بەشی پێنجەمدا، قسەم دەربارەی (میتۆدەکانی توێژینەوەی مێژووە لای مسوڵمانان). کاتێك بە شێویەکی قەشەنگ دەستیان کرد بە ڕێکخستنی هەموو بابەتە لێکچووەکان و کۆکردنەوەیان لە شوێنێکدا و بابی تایبەتیان بۆ داناوە، تا وای لێهات لە کۆتایی سەردەمی عەباسیدا، مێژوو گەیشتە بابەتیبوون و گشتگیری و ڕاستگۆیی.

لە بەشی شەشەمدا: گرنگترین ڕێڕەوە تازەکانم لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا خستۆتە پێشچاو، پێداگیریم کردووە لە بەلارێداڕۆیشتنی ئەو ڕێڕەوانە و نقومبوونیان لە مەترسیی بۆچوونی بتپەرستی، یان مادەگەرایی، یان فەلسەفی، یان پەرەسەندن و گەشەکردنی مێژووییدا کردووە و چۆن ئەو تەوژمانە لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ڕاڤەکردنی مێژوو دوور کەوتوونەتەوە.

لە بەشی حەوتەمدا: گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە پێدراو (المعطيات) و بابەتەکانی بەشەکانی پێشوو، ئەمبەن بەرەو میتۆدێکی ئیسلامیی بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو، تاوەکو خوێنەر لە خوێندنەوەی مێژوودا پەندی ڕاستەقینە وەربگرێت و بەڕاستی هەلی بۆ برەخسێت لەوەی ڕووی داوە بەڕاستگۆیی و سەرڕاستانە پەند وەربگرێت. ئەمە لە منەوە بانگەوازێکی گەرمە بۆ مێژوونووسان و بیرمەندانی ئیسلام لە جیهانی هاوچەرخماندا، لەبەر خاتری دیاریکردنی شێوەی میتۆدی ئیسلامیی پێشنیازکراو هەرەوەزی و هاوکاریی بکەن بۆ نووسینەوەی مێژوو

سەرلەنویٚ، پاشان دانانی بناغەی مێژوو لەسەر بنەمای بەڵگە بەردەستەکانی قورئانی پیرۆز و میتۆدە خاوەن ڕەهەندە گشتگیرەکەی، کە لە هەموو کاتەکاندا خۆی لە بینینی خودا دەبینێتەوە، کە ئەو بینینە لەسەر بنچینەی سوننەتی خاوێن و کەلەپووری مێژووی ڕەسەنی زانایانی مسوڵمان، کە چواردەوری جووڵەی مێژووی مرۆڤایەتی داوە و دروست بکرێتەوە.

﴿وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ﴾ [هود: ٥٢] واتە: (ئەی گەلەکەم، داوای لێبوردن لە پەروەردگارتان بکەن و بەرەو ئەو بگەڕێنەوە، (ئەگەر وا بکەن) لەو بەرزەوە بەڕێژنە باران ئەبارێنێت بەسەرتاندا و هێزی تر، زیاد دەکات بۆ هێزتان، هەر وا بەتاوانباری ڕوو وەر مەگێڕن).

## خودا پشتیوان و یارمەتیدەرە

د.عبد العليم عبد الرحمن خضر

# بەشی یەکەم

## چەمکی زانستی مێژوو و پەیوەندیی
## بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە

زۆرێــك لــە مێژوونووســان وای ئــەبینن ئــەکرێت، بــەڵکو بــەو ئیعتیبــارەی زانستێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان واجبە بخوێنـدرێت، هـەر وەکـو چـۆن دەکرێت ـ بە ڕێگەیەکی جەوهەری ـ هاوکار بێت لەسەر زۆرکردنی مەعریفەی زانســتە کۆمەڵایەتییــەکان. جێگــەی خۆیــەتی پــێش ئــەوەی ڕۆ بچــین لــەم بابەتەدا، ئاماژە بەوە بکەین، کە وشەی (مێـژوو) وەکـو نـەریت دای ئـەبڕین بەســەر زانســتێکی دیــاریکراودا، یــان بوارێــك لــە بوارەکــانی لێکۆڵینــەوەدا، مەبەست پێی یەك ڕەنگی دیـاریکراو لـە مێـژوو (وەکـو مێـژووی ئـابووری و مێــژووی ڕامیــاری) نییــە. ئەمــەش ناگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو فرەلایەنییــەی مێژوونووسان، کە لە کـات، یـان جوگرافیـا، یـان کـات و شـوێن پسـپۆڕییان تێیدا هەیە، بەڵکو ڕاستییەکەی لە لێکۆڵینەوەی مێژووییـدا ئەگەڕێتـەوە بـۆ جیاوازیی میتۆدە پیادەکراوەکان[١].

ئەم میتۆدە جیاوازانە لای مێژوونووسان، خزمەت بە چەند مەبەستێکی جوودا دەکات، لەنێو ئەو ئامانجانەدا لێکۆڵینەوەی شوێنەوارە کۆنەکانە و ئاشکراکردنی هۆکاری ڕووداوە مێژووییەکان و بڵاوکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و دەرهێنانی وانەی ئەخلاقی و وەرگرتنی هۆکارەکانی چێژوەرگرتن و ئاسوودەکردنی دەروون بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی سوودبەخش، یان گێڕانەوەی داستانێکی دانسقە، ئەمانەش لە خودی خۆیاندا مەبەستێکن، جگە لەمانەش ئامانجی زۆری تر. زۆر بەداخەوە بەردەوام زۆرێك لە مێژوونووسە ئەورووپییەکان لە جیهانی ئێستاماندا زۆر بەدڵگەرمی قەناعەتیان وایە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی پەیوەندیی بە هەریەك لە فیکر و جێبەجێکردن و گەشەسەندنەوە هەیە، جا کاتێك هەمووشتێك

---

Carr,E,1961: What is history, London,13-11 . [1]

بەشێك بێت لە (پەرەسەندن)، کەوابێ هەموو شتێك ئەگۆڕێت! لەناو ئەوانەشدا ئەو جیهانەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە مومکین دائەنێت، (ئینگلیس) هیچ شتێکی زیاتری نەکرد، جگە ئەوە نەبێت ئەنجامی گەشەکردنی بەم شێوەیە پوخت کردووە:

نابێ وا تەماشای جیهان بکرێت کە گشتێکە، پێکهاتووە لە چەندین شتی تەواو و کامڵ، بەڵکو لە کۆمەڵە پرۆسەیەك پێکهاتووە ئەو شتانەی تیایاندا بە دامەزراو دەر ئەکەوێت، وەکو تێڕامانی بیرکردنەوەکان لە ژێریی ئێمەدا لە جووڵەدایە، ئەفکارەکان لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوە ناوەستن. سەرەڕای مەترسییە بەرچاو و پاشگەزبوونەوە[1] کاتییەکان، گەشەکردن پلە بە پلە دەست بە دەرکەوتن ئەکات[2].

---

[1] پاشگەزبوونەوەی کاتی، وەکو ئەو مندالەی لە غیرەی منالێکی تر پەنجەی ئەمژێت، یان ئەو پیاوە چل ساڵەی بۆ ئەوەی ژنێکی گەنج بهێنێت، سەروریشی ڕەنگ ئەکات. وەرگێڕ.

[2] Ibid.20-13.

## مێژوو چی دەگەیەنێت؟

وشەی (مێژوو) دەلالەت لە ئاگاداربوون لەو کاتە ئەکات، کە هەواڵ و ڕووداوەکانی خرابێتە سەر. مێژوو بەم واتا زمانەوانییە کۆنە، ڕیشەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ یەکەم خێزانی مرۆڤایەتی، کاتێك ئادەم و حەوا دابەزینە سەر ئەم ئەستێرەیە و بوون بە خاوەنی منداڵ و نەوە، ئادەم ئەو شتانەی بۆ منالەکانی ئەگێڕایەوە، کە خودا فێری کردبوو[١]. ئەو شتانەی پیشان ئەدان، کە فێری بووە و بینیوویەتی، ئەوانیش ئەم هەواڵانەیان لە بیرەوەرییاندا دەپاراست، تاوەکو پشتاوپشت و هۆز بە هۆز بیگوازنەوە بۆ کوڕ و کچ و نەوەکانیان [٢].

پاشان کات بەدوای کاتدا هات، تا بەرەبەیانی شارستانییەت دەرکەوت، مرۆڤ دەستی بە نووسین کرد و ئەوانەی تۆمار ئەکرد دەیبیست و دەیبینی، ئەو شتانەی دەپاراست لە کەلاوە و لەسەر دیوار و ئێسقان و پێست و تەختەکان  نووسرابوون، مرۆڤایەتی چاخێکی تازەی دەست پێکرد، ناو نرا بە سەرەتای مێژوو، چاخەکانی پێش ئەو سەردەمە ناو نران بە چاخەکانی پێش مێژوو. کەواتە چاخە مێژووییەکان ـ لە زاراوەی مێژوونووسەکاندا ـ لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ فێری نووسین بووە ـ وەکو ویستبێتیان پەردە لەسەر کاتە زۆر کۆنەکان و ئەو کاتانەی هەواڵی گەل و نەتەوەکانی تێدا تۆمار نەکراوە دابدەنەوە ـ چونکە ئەو کاتانە هەواڵ نادیار بووە پشتی بە بناغەیەکی سەلیم نەبەستووە، بەڵکو تێکەڵ بووبوو بە گومان و بەهەڵەدابردن و گۆترەکاری و  درۆ و هەڵبەستن، دەرگای خستبووە سەر

---

[١]عبدالطيف شرارة، الفكر التاريخي في الإسلام، دار الاندلس، ص٢٣.

[٢] د.حسن قوزي النجار، التاريخ و السيرة، المكتبة الثقافية، القاهرة سنة ١٩٦٤م، ص:١٨و٢٥.

پشت بۆ خەیاڵ و شتی پووچ، جگە لەو شتانەی کتێبە ئاسمانییە ڕاستەکان هێنابوویان هەموو ئەمانە بەو شێوەیە بوون [1].

ئەگەر مێژوو کات و ڕووداوگەلەکانی ناوی بێت، کەوابێ پەندوەرگرتن لە درێژی و کورتیی کاتدا نییە، ـ هەروەها پەندوەرگرتن لە لاوازیی ڕووداوەکە، یان قەبەییەکەیدا نییە، لەبەر ئەوەی کاتێکی دوورودرێژ لە چەند کاتژمێرێکی کورت پێکدێن، هەروەها ڕووداوە گەورەکان لە چەند ڕووداوێکی بچووك پێك دێن، کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوویان داوە و کۆ کراونەتەوە و پێکەوە لکێندراون.

ئەگەر بابەتی مێژوو ـ وەکو هیگڵ بۆی چووە ـ بریتی بێت لە ماوە دورودرێژەکەی سەر زەوی و هەموو ئەو هۆکارانەی ژیانی مرۆڤایەتی هەڵی ئەسووڕێنن، بەدڵنیاییەوە مێژوو لەو قۆناغانەوە دەست پێناکات، کە مرۆڤ یەکگرتوو بووە لەگەڵ ژینگەدا و بەگوێرەی خواستەکانی جووڵاوەتەوە و نەیتوانیوە پێناسەی خودی خۆی بکات، بەڵکو پێویستە مرۆڤ سەربەخۆ بێت لە ژینگەدا و ئەبێ وای لێ بێت ئاگای لە خۆی بێت، ئەگەرچی ئەو ئاگادارییە لە ماوەیەکی دورودرێژی مێژوودا داپۆشرابێت[2].

وشەی (مێژوو) ئاماژەیە بۆ هەموو کرداری پەرەسەندنی مێژوویی و باسکردنی ئەو پرۆسەیە، بەڵام ئەو دوو شتە دوو شتی تەواو لێك جوودان، هەندێك کات ئەوەندە وردن هەندێکمان بۆمان لێ جوودا ناکرێتەوە،

---

[1] المرجع السابق ص:٢٧و٣٣ و كذلك يمكن الرجوع الى: J.hurtzing, in: Philosophy and History: Essays Presented to ernest Cassirer, 1-10 (Oxford 1936)

[2] مەبەستی هیگڵ ئەوەیە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، مرۆڤایەتی ملکەچی ژینگە بووە و سرووشت مرۆڤی هەڵسووڕاندووە، بەڵام دوای زانست مرۆڤ بەسەر ژینگەی سرووشتیدا سەر کەوتووە و ئەم ئەو هەڵئەسووڕێنێت. وەرگێڕ.

پێویسته مێژوو به (وەسفی ئەدەبی بۆ هەر چالاکییەکی مرۆڤانەی نەگۆڕ بناسرێت، جا ئەو چالاکییە تاك پێی هەڵبستێت، یان کۆمەڵ، لە پەرەسەندنی هەر کۆمەڵێك، یان تاکێکدا مێژوو دەر ئەکەوێت. بەس لەم مەبەستەوە مێژوو بە واتا وردەکەی دەکرێت ببێتە شوێنی لێکۆڵینەوەی زانستی)[١].

تەنها ئەم پێناسەیە بۆ مێژوو ئەبێ لە زەینی ئەو کەسەدا بێت، کە باس لە مێژوو و مێژوونووسان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت نکوڵی لەو بیرۆکە گشتییە بکرێت ئێستا بۆ مێژوو هەیە، کە لە ڕووی بیردۆزەی تێگەیشتنی تازەدا درێژ ئەکرێتەوە، تاوەکو هەموو دەمارەکانی مەعریفە بگرێتەوە. وشەی مێژووش، کە ئەکرێت لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە دایبنێین، بە شێوەکی گشتی لێکدانەوەیەکی هونەریی تایبەتی هاوشێوەیە بۆ وشەی (History)ی ئینگلیزی، ئەمەش بەتەواوەتی وشەیەکی جیاوازە، وا دەر ئەکەوێت ڕەگی وشەکە لە وشەی سامی وەرگیرابێت، کە واتای هەیڤ، یان مانگ ئەگەیەنێت، کە زیاتر (أرخو)یان بەکار هێناوە، لە عیبریدا(یرخ)ە. وشەی (التأريخ) ئەویش داڕشتنی ئەو ناوەیە، کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە، وا دیارە عەرەب وەکو لێکدانەوەیەکی هونەری وەریان گرتبێت، ئەمەش وا ئەکات ئەو ئەگەرە نەبێت، کە ئەڵێت ڕەگەکەی ئەسیوپییە، چونکە ئەگەر ئەسیوپی بووایە لە زمانیاندا ئەمایەوە. زۆربەی ئەگەرەکان ئەوەیە، بنەچەکەی لە عەرەبی باشوور بێت، ئەو ناوچەیە وەکو ناوەندێکی

---

[١] فرانز روزنثال، علم التأريخ عند المسلمين، ترجمة الدكتور صالح احمد العلي–مؤسسة الرسالة– ص١٨و١٩ عن:

CH (wm.CH) Omani on the writing of history, v, new York (1939).

ڕۆشنبیری ئومێدی ئەوەی لێ ئەکرێت ئەم لێکدانەوە هونەرییانەی لێ دابڕێژرێت. لەم حاڵەتەدا ئەکرێت (وای دابنێین) شێوەی بنەڕەتیی وشەی مێژوو، لە عەرەبیدا (توریخ) بێت، ئەم وشە (عەرەبییە)، هەردوو واتای کات (الزمن)، چاخ (الحقبە) ئەگرێتەوە، پاشان وشەی (مێژوو) واتای (کتێبە مێژووییەکان)ی بەدەست هێناوە، پاشان واتای (مێژوو) بەو واتایەی مەبەستمانە لە وشەی: (History)ی بەدەست هێناوە، کە مەبەستی (مێژوو)ە، هەر وەکو کتێبی مێژووش ئەگرێتەوە. هەرچەند ئەکرێت بوترێت واتای ڕاستەقینەی گشتگیر بۆ مێژوو لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە ڕەگی داکوتاوە، پاشان واتای (مێژوو) بەگشتی پەرەی سەندووە بۆ بەکارهێنانی کتێبە ساڵەوەختییەکان (الحولیات)، ئەم وشەیە بەهێواشی لە سەدەی سێیەمی کۆچی بەدواوە بەکار هێندرا، سەخاوی لە صەولیەوە ئەگێڕێتەوە: "مەبەست لە مێژووی هەموو شتێك، سەرەتا و کۆتاییەکەیەتی، کە لەوێدا ڕۆژگار تەواو دەبێ، لێرەوە وتراوە: فلان کەس مێژووی گەلەکەیەتی." ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "مێژوو هەواڵی ڕۆژگار و وڵات و سەدەکانی پێشوە." کافیچی ئەڵێت: "زانستی مێژوو زانستێکە توێژینەوە لە ڕۆژگار و بارودۆخەکانی دەکات و لێکۆڵینەوە لە دیاریکردنی ئەو بارودۆخ و کاتانەش دەکات پەیوەندییان پێوەی هەیە." موقریزیش بەم شێوەیە باسی مەبەستی مێژوو ئەکات: "هەواڵدانە لەو شتانەی لە جیهانی ڕابوردوودا ڕویان داوە." سەخاوی سەبارەت بە مێژوو ئەڵێت: "بابەتەکەی مرۆڤ و ڕۆژگارە و داخوازییەکەشی بەدرێژی باسکردنی وردەکاریی بارودۆخیانە".

ئەکرێت بەگشتی بڵێین زانستی مێژووی ئیسلامی هەزاران کتێبە، کە مسوڵمانان لە کاتێك لە کاتەکانی مێژوویاندا بە مێژووی فیکریی خۆیان

داناوه و ئەندازەیەکی گەورەی کەرەستەی مێژوویی تێدایە، کە بوونەتە هۆی چەسپاندنی چەمکە زانستییەکانی نووسینەوەی مێژوو.

بەدڵنیاییەوە ملیۆنەها ڕاستیی مێژوویی چەسپاندوویانە مێژوو میتۆدەکەی زانستییە، کە ئەکرێت وەکو یەك قەناعەت بە پسپۆڕان و غەیری پسپۆڕان بێنێت، وەکو چۆن ئەڵێین دوو کۆ دوو: یەکسانە بە چوار، یان هایدرۆجین و ئۆکسجین ئەگەر بە ڕێژەیەکی تایبەتی و لە کەشێکی تایبەتیدا تێکەڵ بکرێن ئاو دروست دەکەن، بۆ نموونە کەس گومانی نییە ڕۆژێك دیاری کرا بە (١٢ی مانگی ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەمی ساڵی ١٤٩٢)، کە لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێك دەریاوان بەسەرپەرشتی کاپتنێکەوە، بە ئینگلیزی ناوی کریستۆفەر کۆلۆمبس بوو، لە کەنداوێك، وا دیارە ئەو کەنداوە ئێستا ناوی (کەنداوی واتلنج)ە، ڕاستیی ئەم ڕووداوە زنجیرەیەك بەڵگەنامە بە بایەخێکی گەورەوە ڕاستییەکەی و توانستی ڕاستیبوونی ئەسەلمێنن، بەردەوام مێژوونووس بە ڕاستییەکی واقیعی، یان زنجیرەیەك لە ڕاستی ئەزانێت، ئەوانەش پسپۆڕ نین گومانیان لە گومانبردن بۆ خشتەی لێکدان زیاتر نییە، تا ئەو کاتەی کۆمەڵێك بەڵگەنامەی تر دەردەکەوێت ڕاستتر بن و لەوانە زیاتر شایەنی پشتڕاستکردنەوە بن، لەوێدا کۆمەڵێك ڕاستیی هاوشێوەی ئەم ڕاستییە هەیە لە دیدگای مێژوونووس و کەسانی ناپسپۆڕ لەسەر هەمان بنچینەی زانستیی هەڵچنراون، ئەم ڕاستییانە کەرەستەی ئەو مێژووەن کە هێشتا تەواو نەبووە[1].

هەندێك لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن مەبەست لە مێژوو ئەوەیە، کە مێژوونووس ئەینووسێتەوە، ئەو لەناو ڕووداوەکاندا ئەژیێت و ئەیگوازێتەوە،

1. Gormay, P.A, 1888 Percis de la Science de L’histoire, Paris v 28-37

فەرقی نییە لە پێشچاوی خۆی بیبینێت، یان لە کاتی گواستنەوەی ڕووداوەکاندا لە خەڵکی ببیستێت، ئەو ئەیخاتە ناو جیهانی وێنای عەقڵییەوە، ئەو ڕووداوانە لە چوارچێوەی تایبەتییەوە ئەگوازێتەوە بۆ ناخی مێژوونووس و لەگەڵ دەروونیدا ئاوێتە ئەبێت.

هەندێکی تر وای ئەبینن، پێویست ناکات مێژوونووس لەناو ئەو ڕووداوانەدا بژییێت کە ئەیگێڕێتەوە، بەڵکو ئەتوانێت ئەو سەردەمە تێپەڕێنێت، کە تێیدا ئەژییێت، بۆ ئەوەی مێژوو بۆ سەردەمێکی تر بنووسێتەوە، بۆ نموونە وەکو دۆخی مێژوونووسێکی هاوچەرخ لە سەدەی بیستەمدا مێژووی میسری فیرعەونی ئەنووسێتەوە، ئەو لەم کاتەدا سنووری سەردەمی خۆی جێهێشتووە بۆ سەردەمێکی تر ڕووداوگەلێك ئەگێڕێتەوە، کە هەر نەیبینیوە و بەسەرهاتێك کە هەر تیایدا نەژیاوە، بەڵکو هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی کەرەستە مێژووییەکان و پۆلێنکردنیان لە خستنەپێشچاوی ڕووداوەکان و ڕاڤەکردنی پاڵنەرەکاندا ئوسلوب و ڕێڕەوی مێژوونووس لە چارەسەری ڕووداوە مێژووییەکاندا دەرئەکەوێت. لە بەڵگەنەویستەکانە، کە پێویست بە زۆرلەسەرڕۆشتن ناکات، ڕێڕەوی مێژوو لەسەر توێژینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان و دەرهێنانی حوکمە لە کۆی بەڵگەنامەکان، کە پەیوەندییان بە ژیانی پێکهاتەی مرۆڤایەتییەوە هەیە، کە ئەو بەڵگەنامانەیان بەدی هێناوە.

سرووشتەکە وایە مێژوونووس ئەو کارەی پێ ناکرێت، مەگەر دەریایەك بێت لە ڕۆشنبیری و شارەزا بێت لەو زانستەی پەیوەندیی بە مێژوو و بە نووسینەوەی مێژووەوە هەیە، کە ئەتوانرێت ناو ببرێت بە زانیاریی یاریدەدەر، یان زانیاریی گەیەنەر (الموصلة).

هەر وەکو سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر مێژوونووس ئاگاداری ئەو زمانە ڕەسەنانە نەبێت بابەتەکەی پێ ئەنووسێتەوە، هەروەها زمانە بێگانەکانی تری کۆن و سەردەم، تا توێژەر شارەزایی زیاتر بێت لەو زمانانەدا، ئاسۆی توێژینەوە و بەدواداچوونی لە بەردەمیدا فراوانتر دەبێت.

دانانی ئەم کەرەستە ناتەواوانە لە کتێبێکدا، ئەخوازێت ئەو بابەت و کەرەستانە دەستبژێر بکرێن، پاشان ڕێکبخرێن و ناونیشانیان بۆ دابنرێت، یان بە شێوەی چیرۆك دابنرێن. ئێمە ئەم پرۆسەیەمان ناو ناوە: (نووسینەوەی مێژوو) و لە میتۆدی مێژوویی شیکاری جیامان کردۆتەوە، پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو پێویستی بە پشتبەستن بە بیرەوەری و لەبەرکردن و پاراستنی زانیاری هەیە. بەڵام میتۆدی شیکاری ئەوەیە مێژوونووس لە گێڕانەوەی هەواڵی تەنها دەردەچێت. میتۆدی مێژوویی لە سنووری زانست دەرناچێت، واتە ئەنجامەکانی بەهۆی تێگەیشتن و دەرکپێبردنەوە گەردنکەچە بۆ لێکۆڵینەوە و ڕێکەوتنی نێوان شارەزایان، یان ڕێنەکەوتن لەنێوان خۆیاندا. نووسینەوەی مێژوو لە هونەر، یان فەلسەفە، یان جەدەل، یان پڕوپاگەندە، یان داکۆکیکاری تایبەتەوە نزیکترە، جاری وا هەیە مێژوونووس بەئاگایی بانگەشە بۆ ئاکار ئەکات و هەندێك کات بەبێ مەبەست بەم کارە هەڵئەستێت، ئەو لەم دۆخەی دووەمدا هەڵگری فەلسەفەیە، یان بە لێکدانەوەیەکی وردتر ئەو مەترسیدارە، ئەگەر خۆی بە هەڵگری فەلسەفە بزانێت و لە واقیعیشدا وا نەبێت. نووسەر خاوەنی ئەمانەتی فیکرییە، ئەو دەزانێ سەر بە ئازادیخوازانە، یان پارێزەران، لایەنگری پرۆتستانتە، یان کاثولیك، ئەمریکییە، یان ئەڵمانی، سپییە یان ڕەشپێست، لە چینی ناوەندە، یان ڕەشۆکی، ئەو نووسەرە دەتوانێ تا گەورەترین پلەی بێلایەنی فشار لەسەر حەزە شاراوەکانی بکات، یان ئەتوانێت پێشوەخت خوێنەرەکانی دەربارەی حەزەکانی ئاگادار بکاتەوە،

خۆ ئەگەر هەردووکیان پێکەوە بکات چاکترە، ئەو نووسەرەی وا دەزانێت هیچ فەلسەفەیەکی بۆ مێژوو پێ نییە، یان وا دەزانێت لە هەموو کاریگەرییەك بێلایەنە، ئەوە خۆی ئەخەڵەتێنێت، یان خوانەخواستە خۆی بە خاوەنی هەندێك صیفەت بزانێت لە مرۆڤدا نییە، ئەو لەم کاتەدا نەك هەر درۆی لا ئاساییە، بەڵکو زۆر نزیکترە ئەوانی تریش بخەڵەتێنێت. مێژوونووسان کاتێك بێئەندازە پارێزگاری لە بابەتی بوونی زانستی مێژوویی ئەکەن، زۆر جار مەبەستیان ئەوەیە مێژوونووس ئەتوانێت بە جیا، یان بەدوای یەکدا ڕاستییەکان بسەلمێنێت، خۆ ئەگەر سوور نەبن لەسەر ئەوەی ڕاڤە تایبەتییەکانی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن و دووپاتکردنەوە و ڕێکخستنیان تاکە ڕاڤەی ڕاست و لەباری ئەو ڕاستی و زنجیرە ڕووداوانەیە، ئەوە کاری نابەجێ و نامەعقوول ناکەن[1]. لە کاتێکدا چەندین هۆکاری زۆر و گۆڕاو دێنە ناو ئەحکامە مێژووییەکانەوە، ڕاجیایی مێژوونووسان جێگەی سەرسامبوون نییە، بەڵکو ڕێککەوتنیان جێگەی سەرسامبوونە، ئەگەر ڕێککەوتن.

وەکو باوە ڕووباری گەورە لە گەردیلەی هەڵم و قەترەی باران پێکدێت، هەروەها جەنگە لەناوبەر و ڕووخێنەرەکانیش لە ململانێیەکی لاوەکییەوە لە نێوان چەند کەسێکدا سەر هەڵ ئەدات، وەکو ئەڵێن گەورەترین ئاگر لە بڵێسەیەکەوەیە پاشان پشتوێنەکەی فراوانتر دەبێت بۆ تیرە و هۆزەکان، پاشان مەترسییەکەی پەرە دەسێنێت تاوەکو گەل و نەتەوەکان ئەگرێتەوە[2].

---

[1] Ibid : 41-43

[2] د.حسین فوزي النجار، المرجع السابق، ص٣٥ ص٤١.

## سەرەتای نووسینەوەی مێژوویی:

مێژوو: واتە هەستکردن بە ڕۆشتنی کات، تۆمارکردنی ئەو هەستە نەوە لەدوای نەوە بە وێنەیەك لە وێنەکان، (جاری وا هەیە ئەفسانەیەکە، یان چیرۆکێکە، یان ڕەچەڵەکێکە، یان گۆرانییەکە، یان نەخشاندنێکە، یان تۆمارکردنی ڕووداوگەلێکە)، ئەوەش مومارەسەیەکی مرۆڤانەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی شارستانیەتی مرۆڤدا قووڵ ئەبێتەوە و پەرە ئەسێنێت.

مێژوو بە نووسینەوەی ڕووداوێك، یان تاکە هەواڵێك، یان ژیاننامەی گەورەیەك، یان باسکردنی نەمری ئەوی ترەوە دەستی پێکردوە، بۆیە مێژوو گرنگترین مەیدانی فیکرییە، کە مرۆڤ بایەخی پێداوە. هەر وەکو مرۆڤ بیری لەم بوونەوەرەی دەوری کردۆتەوە بەدڵنیاییەوە بیری لە خودا و نەمرییش کردۆتەوە، هەموو ئەوانەی شانبەشانی ئێستا، کە تێیدا ئەژی و کردارەکانی و سەروەرییەکانیشی نووسیوەتەوە، پاشان کارەکە چووە بەرەو نووسینەوەی (مێژوو) لە وێنەی ڕۆژانە و ساڵانەدا.

لە نووسینەوەی ئەم جۆرە مێژووانەدا مسوڵمانان خاوەنی فەزڵ و چاکەن، کە مێژوونووسان ویستوویانە بە وەرگرتنی ئامۆژگاری و پەندلێوەرگرتن خەڵکی لێ حاڵی بکەن. وشەی (مێژوو) لای مسوڵمانان لە کۆنەوە بە پێنج واتای وەکو ئەمانەی خوارەوەدا تێپەڕیوە:

– ڕۆشتنی کات و ڕووداوەکان (واتە پەرەسەندنی مێژوویی). بەرانبەری ڕستەی (TheHistory)، مەبەست لەوەیە کە لە مێژووی ئیسلامی، یان مێژووی ئیتاڵی وەرئەگیرێت.

– دیاریکردنی کاتی ڕووداوە مێژووییەکە، یان (سەرگوزەشتەکە) بە ڕۆژ و بە مانگ و بە ساڵ (Thedate).

- زانستی مێژوو پێناسەکردنی کتێبەکانی مێژوو لەگەڵ بابەتەکانی ناویدا بەرانبەرەکەی وشەی: (the history).

- نووسینەوەی پرۆسەی مێژوویی، یان مێژوو باسی پەرەسەندن و شیکاریی، بەرانبەرەکەی وشەی (Historiography).

- مێژووی ناوداران، یان ژیاننامەی کەسی (The Biography).

ئەتوانین واتای شەشەمیش بخەینە سەری، کە لە مێژووی ئیسلامیدا ماوەیەکی باشی خایاندووە، کە لەو کاتەدا وشەی مێژوو بە واتای کەلەپووری نەتەوە، یان باسکردنی ئاکارە بنەڕەتییە جوانەکانی ناویان، بۆیە ئەیانوت: "فلان کەس مێژووی نەتەوەکەیەتی" [١].

زانایانی مێژوو چەند پێناسەیەکی جۆراوجۆریان کردووە لە وشە و شێوەکانیاندا جوودان، بەڵام هەموویان لە تەك مەبەست و ناوەرۆك و جەوهەری ئەم زانستەدا یەك ئەگرنەوە و پشت بەوە ئەبەستن، کە عەللامە ئیبنو خەلدوون لە پێشەکییەکەیدا باسی کردووە، ئەوە ـ بە ڕای ئێمە ـ پێناسەیەکی ورد و گشتگیرە لە ناوەخنیدا هەموو ئەوانەی داناوە ئەم زانستە دەلالەتی لەسەر دەکات و ئامانجیەتی [٢].

ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "بزانە هونەری مێژوو ڕێڕەوێکی قایمە، سوودەکانی زۆرن، مەبەستێکی شکۆدارە، ڕامان ئەگرێت لەسەر ئەحواڵ و ئاکاری گەلانی پێشوو، لەسەر ژیاننامە و بەسەرهاتی پێغەمبەران، لەسەر

---

[١] د.حسين فوزي النجار، التأريخ عند العرب، مجلة الفيصل–فبراير ١٩٨٠.

[٢] شاكر مصطفى، التأريخ العربي و المؤرخون، دار العلم للملايين، بيروت، ص:٥٠، ٥١.

سیاسەتکردن و دەوڵەتداریی پاشاکان، بۆ ئەوەی چاولێکردنیان سوودمەند بێت بۆ کەسانێك مەبەستیان چاکردنی ئەحواڵی دین و دونیا بێت".

ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "بەدڵنیاییەوە هونەری مێژوو لەو هونەرانەیە گەل و وەچەکان دەستاودەستی پێ ئەکەن، قافڵە و کاروانی بۆ ڕێکدەخرێت و بازاڕیی و کەودەنەکان حەز بە زانینی ئەکەن و پاشا و ماقووڵەکان کێبڕکێی لەسەر ئەکەن. ئەوەی دیارە لە هەواڵی ڕۆژگار و دەوڵەتان و سەدە پێشووەکان زیاتر نییە. قسەی زۆری تیا ئەکرێت و پەندی زۆری لەبارەوە ئەوترێت، لە کاتی ئاهەنگەکاندا یانەکانی پێ خۆش ئەکرێت، حاڵی ئەم بوونەوەرە باس ئەکرێت چۆن ڕۆژگار گۆڕیویەتی و مەجال سازاوە بۆ وڵاتان قسەی تێدا بکەن و زەوییان ئاوەدان کردۆتەوە، تا ئەوەی بانگیان بکەن و بڵێن کاتی ڕۆیشتن هاتووە بڕۆن. لە ناوەڕۆکیدا، وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و پاساودان بۆ بوونەوەرەکان، کە سەرەتایەکی وردی هەیە و ئاگاداری لە چۆنیەتیی ڕووداوەکان و هۆکارەکانی قووڵن، ئەو ڕووداوانە حیکمەتێکی قووڵی هەیە و شاییستەی ئەوەیە زانیاریی تێدا پەیدا بکرێت."

لە ناوەڕۆکی قسەکانی ئیبنو خەلدووندا ئەوەمان بۆ دەر ئەخات، کە ڕاستیی مێژوو بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ئەحواڵی گەل و نەتەوەکانی ڕابردوو.

سوودەکەشی پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن و شوێنکەوتنی شوێنەواری جوانی پێشینەکانە، کە بنچینەی خێر و ئاوەدانی و بنیاتنانە و دوورکەوتنەوەیە لەو کەموکورتی و عەیب و نەخۆشییانەی سەرچاوەی خراپەن و ئەوان پێیان لێی هەڵخلیسکاوە و پاچ و پێمەڕەی ڕووخاندن و لەناوبردنی ئەوان بووە.

له واقیعدا ئەو مێژوونووسەی مێژوویەك ئەنووسێتەوە، خەڵك وەڕس ئەكات و كەس چێژی لێ وەرناگرێت، ئەوە بە مێژوونووسێكی خراپ دائەنرێت. ئەو بە حوكمی پیشەكەی بەرپرسیارە لەوەی ئەبێ شانبەشانی شتە ئاساییە هاوچەرخەكان زیاتر ڕووداوە سەرسووڕهێنەرەكانی ڕابردوو بنووسێتەوە، ئەو كەشوهەوایە بێنێتە پێشچاو، كە ڕووداوەكانی تێدا بووە، بەڵام كاتێك باسی مەیدانی شەڕ دەكات، خۆی وەكو چاوساغێك لە بازاڕی چەكفرۆشەكان لێ بكات، یان كاتێك لە بەسەرهاتێكدا باسی جەربەزەیی و چاونەترسیی پاڵەوانێك لە پاڵەوانەكان ئەكات، وەكو تۆمارگەی نووسەرێكی نەرمونیان خۆی پیشان بدات، ئەو لەو كاتەدا جارێكی تر سەركەوتوو نەبووە لە وێناكردنەوەی ڕووداوەكاندا. زۆرێك لەوانەی پێیان ئەوترێت مێژوونووس سەركەوتوو بوون لە نوقمكردنی جەنگە مێژوویی و ئەفسانە و سەرهەڵدانەوەی بابەتەكان و شۆڕشەكان و جەنگی سەرسنوورەكان و بووژانەوە و چەقبەستویی ئابووری و هەروەها شۆڕشە پیشەسازی و سەركەوتنە فیكرییەكان و خۆشییە نەتەوایەتییەكان، سەركەوتوو بوون لە نوقمكردنی ئەمانەدا، بە لێشاوێك وشە و دەربڕین، كە سەركەوتویی تێدا بەدی ناكرێت. تەنانەت گێڕانەوەی ماندووكەر و بێزاركەر لەوانەیە بە ڕەوانبێژی دابنرێت، بەڵام جێگەی گومانە باسكردنی بێزاركەر - بەتایبەت ئەگەر ماندووكردنەكە بە مەبەست نەبوو بێت - لە پیاهەڵدانێكی ڕەوانبێژی لە ڕاستییەوە نزیكتر بێت. گەڕانەوە بۆ هەر فەرهەنگێك بۆ قسەی نەستەقی پێشینان، لەژێر وشەكانی بێزاری (ضجر) و لاوازی و ڕەشپۆشی (رثاثة) ڕایەكەی ئێمە ئەسەلمێنێت.[1]

---

[1] د. حسن فوزی النجار، التأريخ عندالعرب، مجلة الفيصل، فبراير، سنة ١٩٨٠.

پێویست بە مشتومڕی زۆر ناکات (مێژوو) زانستێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر دەمێکە مێژوونووسەکان، وەکو زانایانی کۆمەڵناس هەستیان بە بەر پرسیارێتیی کردووە و هەمیشە وەکو زانای کۆمەڵناس بەرپرسیاریەتیی خۆیان دووپات کردۆتەوە، هەر وەکو چۆن بەردەوام دووپاتی ئەکەنەوە، کە ئەبێ بەڵگە پێدراوە سەلمێنراوە مێژووییەکان (المعطيات التأريخية) شیکاریی وردیان بۆ بکرێت.

پاشان لایەنی کردەیی و فەلسەفی لای چەند نەوەیەکی مێژوونووسان نوێنەرایەتیی ڕۆحی زانستیان کردووە، لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، کە یەك ڕەنگدانەوەی فیکرییان هەیە، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا بووە بە لێکۆڵینەوەیەکی ئاسایی ڕاستەوخۆ، تا وەکو درێژەپێدەری زانستی کۆمەڵناسی بناسرێت. مێژوونووس بەبێ خوێندنەوەی بەرفراوان و موناقەشە و جێبەجێکردنی چەند چەمکێکی دیاریکراوی زانستی کۆمەڵناسی بەسەر کەرەستە مێژووییەکاندا[1] ناتوانێت بەکردەیی لە زانستە کۆمەڵناسییەکانی تردا شارەزاییەکی بەکەڵك وەربگرێت. ئەگەر لێکۆڵەر لەم بوارەدا ڕێی کرد، ئەوە توانیویەتی شارەزایی لە چەند بۆچوونێکی کۆمەڵناسیدا پەیدا بکات و ڕێگەی شیکاری لە گێڕانەوەی ڕابردوو جیا بکاتەوە.

ئەگەری سەرەکی - لەم توێژینەوەیەدا - کاری بنەڕەتی مێژوو بە تێپەڕینی کات، وەصفکردن و شیکاری چالاکیی مرۆڤایەتییە، لە کاتی سەلماندنی ئەم ئەگەرەدا، ئەرکی مێژوونووس بەم شێوەیەی لێدێت:

---

[1] بگەڕێوە بۆ کۆمەڵە وتارێکی دوورودرێژ تایبەت بە بابەتەکە لە (موسوعه العلوم الاجتماعيه):

Encyclopedia of social sciences.
Stuarta-r-1931: methods in social sciences.university Chicago.

- ڕووداوەکە دیاری بکات.
- بە ڕیزبەندی شارەزای ڕووداوەکان بێت.
- وابەستەبوون و پەیوەندیی ئەم ڕووداوانە پێکەوە شی بکاتەوە.
- ئەوە ڕوون بکاتەوە لەبەر چی و بۆچی وا ڕووی داوە.

گومانی تێدا نییە کاری مێژوونووس ـ لەم کاتەدا ـ ئەرکێکی گران و گەورەیە، ئەم ئەرکە لە هەموو ئەرکێکی تر لەو ئەرکانەی ڕووبەڕووی زانستی کۆمەڵناسیی نامێژوویی ئەبێتەوە، گرانتر و فراوانترە. کەسێك زۆر ئازا نەبێت بە بیانووی ئەوەی، کە بواری پسپۆڕیی هاوڕێکانیەتی لە زانایانی کۆمەڵناسی، مێژوونووس ئەو توانایەی نییە هەڵسێت بە چارەسەرێکی تەواو و گشتگیر، بۆ هەموو دیاردەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی و خۆی لەم ئەرکە لا ئەدات[1].

مێژوونووس لە هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی، لە کاتی گەڕانی بەدوای کێشەکاندا و لە کاتی خەملێنی هەر چەمکێك و تێگەیشتنێکی ڕاستی شیکاری، پێویستی بە چاوساغێك هەیە ڕێنمایی بکات. هەموو ئەمانەش، جگە لە هاوڕێیانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی، کەسی تر ناتوانێت هاوکاری بێت. تا ئەم ئەندازەیە مێژوونووس دەتوانێت لە ئاوڕدانەوەی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر سوودمەند ببێت. زانستە کۆمەڵایەتییەکان ـ وەکو بینیمان ـ هەندێك چەمك بەکار دێنن، کە یارمەتیدەرن بۆ ڕێکخستنی ئەو بەڵگە بەردەستانەی پەیوەندیی گەورەیان بە سلووکی مرۆڤەوە هەیە، ئا ئەوانەیە یارمەتیدەرن بۆ پێناسەی مەنهەجی کۆمەڵگە ـ واتە بۆ ڕۆشنبیریی

---

١ راجع موسوعة العلوم الاجتماعية، المرجع السابق، ج ٣ ص: ٤٤١: ٤٧٠.

دامودەزگاکانی بنیاتنانی ژینگە سرووشتییەکەی پێکهاتەی بایۆلۆجی و سەنتەرەکانی دەسەڵات تیایدا، هەر وەکو هاوکارە لە ڕاڤەکردنی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی، بەڵام ترسناکترین شتێك مێژوونووسەکان ڕووبەڕووی ئەبنەوە، گۆڕینی گۆمەڵگەیە، چونکە ئەوان بەدرێژایی کاتەکان لێکۆڵینەوەی کۆی چالاکیی مرۆڤەکان دەکەن، بۆیە ئەوان زۆرتر ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی بەڵگە بەردەستەکانیان ئەبنەوە تا غەیری خۆیان لە زانا کۆمەڵناسەکان، کە ئەوان دەرفەتی کات بۆ تێبینییەکانیان دیاری ئەکەن، بەڵام مێژوونووسەکان ـ بەکورتی ـ هەوڵی زیاتر ئەدەن بۆ دیاریکردنی کۆی گۆڕانکاری و چەندیەتی و ڕێڕەوەکەی[1].

زۆرێك لە مێژوونووسان وای ئەبینن ئەنجامی زانستە کۆمەڵایەتی و بیردۆزەکانیان، زۆربەی کات بەدەر لە زانستی ئابووری کەمبایەخن، پاشان زانستی دەروونناسی بە پلەیەکی کەمتر، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات ئەنجام و گریمانەکانیان بۆ پاڵنەری[2] مرۆڤایەتی لەسەر چەند گریمانەیەکی ناواقعین. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو یاسا گشتییانەی سلووکی مرۆڤەکان بەڕێوە ئەبەن، نیشانەیەکی بیردۆزی پەتین، جگە لەوەش ئەوەندە بێکەڵکە تا پلەی بێبایەخی، هەموو ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەشی لێ پەیدا دەبێت جێگەی گومانە، چونکە بۆ کاتێکی دیاریکراوە و بەسەر چەند هەڵوێستێکی مێژوویی دیار و بەرتەسکدا نەبێ جێبەجێ نابێت. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، وا دەر ئەکەوێت بیردۆزە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لای زۆرێك لە

[1] هەمان سەرچاوە، ص ٤٨١: ص٥٠٣.

[2] پاڵنەر: کۆمەڵێك هۆکارن، جموجووڵ لە مرۆڤدا دروست ئەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و ڕەنگدانەوەی لە هەڵسوکەوتیدا. وەرگێڕ.

مێژوونووسان لە بەجێهێنانی گەلێك ئەركی گەورەدا زۆر بە كەمتەرخەم ناو دەبرێت، چونكە ئەوەی زانستە كۆمەڵایەتییەكان پێیهەڵدەسێت ڕاڤەكردنی هەڵوێست و ڕێڕەو و سلووكی كەسە دیارەكانی ناو مێژووە لە چەند هەڵوێستێكی دیاردا[١].

لە ڕووی ناوەڕۆكەوە ئەكرێت بەم ڕەخنانە تەسلیم ببین، بەڵام دوو بەرپەرچدانەوەی لەسەر هەیە بەدوای یەكدا باسیان ئەكەین:

**یەكەمیان:** مێژوو، مێژوونووسان بۆ گەشەپێدانی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، تا ئێستا بە وێنەیەكی چالاك كاریان نەكردوە، بە بەڵگەی ئەوەی گەشەكردنی لێكۆڵینەوە مێژووییەكان لە ڕێگەی توێژینەوە و ڕێنمایی و ئامانجەوە هەر لە كۆتایی سەدەی نۆزدەوە بەتەواوەتی بەو ڕێگەیەدا نەڕۆیشتووە یەك بگرێتەوە لەگەڵ ئامانجەكانی زانستی كۆمەڵایەتیدا، هەرچەند زانا كۆمەڵناسەكان ـ بەتایبەت لە ماوەی شۆڕشی یەكەم لە شۆڕشی سلووكی ـ دووپاتیان كردۆتەوە پێویستە پەیڕەوی سەرنجی ڕاستەوخۆ و پەیڕەو لەو ڕێگایانەی تر بكرێت، كە بە هەڵەی هاوتای زانست دائەنرا، كە بەو هۆیەوە ئەو ئەنجامەی لێ پەیدا بوو، مێژوو لەباتی پشتبەستن بە ڕێگەی ئەزموونی و بابەتیانە لەسەر چەند بەڵگەیەك لەسەر ڕاهاتنی خودی و هەست و ویژدان و خیبرەی شەخصی بنیات نرا[٢].

لەسەر ئەم لێكدانەوەیە گۆڕەپانی مێژوو ئەو ڕابردووەیە، كە ڕووی داوە و بەسەر هاتووە، یان بە لێكدانەوەیەكی تر دوێنێی ڕۆیشتووە، نزیك یان

---

[١] هرنشو، ف، ج، علم التأريخ، ترجمة الأستاذ عبد الحميد العبادي– لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة سنة ١٩٤٤، ص ٨، ص ١١.

[2] Garr, E.H.opct.,19-51.

دوور، بەڵام تیشەکەکەی درێژ ئەبێتەوە بۆ ئێستایەك، کە خەڵك تێیدا ئەژی و داهاتوویەك، کە چاوەڕوانی ئەکەن و ئومێدیان پێی هەیە. بە هیچ کلۆجێك ناتوانین ئێستایەك، کە مرۆڤ تیایدا هەڵئەسووڕێت تا کۆتایی نەیەت بە مێژووی دابنێین، بەڵکو ئەگەر چرکەیەك بەسەر مرۆڤدا ئەڕوات تا تەواو نەبێت نابێت بە مێژوو[1].

گرنگترین ئامرازەکانی مێژوونووس بۆ زانینی ڕابردوو: (بەڵگەنامەیە)، مەرج نییە هەمیشە ئێمە بەڵگەنامەی پارێزراومان بوێت، یان ئەبێ بەڵگەنامەکان کەڵەکە بووبن، ئەمەش دۆخێکی سرووشتییە بۆ مێژووی هاوچەرخ، بە جۆرێك توێژەر ئەکەوێتە، ژێر پێی بەڵگەنامە مێژوویییە کۆنە کەڵەکەبووەکانەوە، کە بەباشی پارێزراوە، کێشە گرنگەکان ئەبێت بە ڕاستییەك، کە گەیشتن پێی گرانە، چونکە پێویست بە پشکنینی ئەزموونی ئەکات، کۆتاییشی بە ئەنجامی ئومێدبەخش نایەت، یان ئەبێت بەڵگەنامەکان دەگمەن بن.

لەسەر ئەمە، دەکرێت بڵێین هەڵبژاردنی بەڵگەنامەیەك تەنها پرۆسەیەکی ئامێرکاری نییە، بەڵکو ئەوە هەلێکە بۆ لێهاتوویی توێژەر تا کاتێکی لەبار ببینێتەوە بۆ ڕاهێنان، چونکە پرۆسەی (دۆزینەوە)ی بەڵگەنامە (هونەرە)، پیشەیەکە پێویستی بە بنەما و کەرەستەی کار هەیە، ئەبێ شارەزابوون هەبێت لەو مەرجانە بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە بنەما مێژوویییەکان.

بەڵام کارامەیی (مێژوونووس) بەس لە هونەری دۆزینەوەی بەڵگەنامەدا ناوەستێت، یان لەوێ ناوەستێت لە کوێ و چۆن زانینی ئەو زانیارییەی دەستکەوتووە، بەڵکو لە سەرووی ئەمەوە ئەبێت بزانێت بەشوێن چ

---

[1] Ibid.63-69

بەڵگەنامەیەکدا ئەگەڕێ و ئەبێ ورد ببێتەوە لە بیرۆکە، وەکو چۆن لە بەڵگەنامە وەکو سەرچاوەیەکی مێژووی ورد ئەبێتەوە، ئەمەش وای لە پرۆفیسۆر لوسیان فیفر کردووە بڵێ: "گومانی تێدا نییە کاتێك دێت مێژوو بە بەڵگەنامەی نووسراو تۆمار دەکرێت، بەڵکو واجبە بە هەموو وەستایی و لێزانینی مێژوونووس چەندێك دەتوانێت بەکاری بێنێت و تۆمار بکرێت."

بۆیە ئەکرێت بە وشەکان و ئاماژەکان بێت، بە دیمەنی گوندنشینەکان و خشتی سوور بێت، بە وێنەی کێڵگە و نەخشەی مانگگیران و ڕێگەی ڕاگرتنی ئاژەڵەکان و بە ڕێگەی توێژینەوە و پشکنینی بەردەکان بێت، هەروەها لە ڕێگەی ئەوانەی توێژینەوە لە چینەکانی زەویدا ئەکەن، یان لە ڕێگەی شیکاری شارەزایانی کیمیایی لە شمشێرە کانزاییەکاندا بێت، بە هەموو ئەوانە مێژوونووس ئەتوانێت لێکۆڵینەوە لەو کەلەپوورەدا بکات، کە لە ڕابردوودا خۆی حەشار داوە، هەوڵ بدات ڕووداو و هەواڵەکانی بەدەست بخات، ئەوەش وەستاوەتە سەر لێزانینی مێژوونووس لە بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان و بیرتیژی و فراوانیی ڕۆشنبیریی مێژوونووس[١]، ئەبێ ئاماژە بەوە بکەین، هەر ئەوەندە بەس نییە بەڵگەنامەکان سەلامەت بن لە لەناوچوون، بەڵکو پێویستە مێژوونووس بەگوێرەی توانا بتوانێت وێنەی یەکەمی بەڵگەنامەکان بەدەست بهێنێتەوە.

ئەگەر سەلماندمان ئامانجەکانی زانستی کۆمەڵناسی، لەنێو ئامانجە ڕەواکانی توێژینەوەی مێژووییدایە، ئەگەر سەلماندمان توێژینەوەی مێژوویی ڕەگەزێکی پێویستە لە ڕەگەزەکانی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵناسی،

---

[١] ه.أ.مارو، من المعرفة التأريخية، وەرگێڕانی جمال بدران، الهيئة المعرفية العامة للتأليف والنشر، القاهرة، ص ٣٥-٦٢.

ئەركی سەرشانمانە توێژینەوە لە ژمارەیەك بابەت و لایەنی تر بكەین. من لەم پەڕتووكەدا، لە چەمكێكی ئیسلامی و ئیمانییەوە چاوی زیاتر ئەخەمە سەر میتۆدەكانی توێژینەوەی زانستی لای زانایانی مسوڵمان و بەشداریپێكردنی مێژوو بەو چەمكەی لە شارەزابوونی زانستی كۆمەڵناسیدا باسمان كرد. دووەمیان پەیوەستە بە تایبەتمەندییەكانی ئەم مێژووە و جیاوازییەكانی لە لێكۆڵینەوە مێژووییە كلاسیكییەكان. سێیەمیان پەیوەندیی بەو كۆسپانەوە هەیە، كە ڕووبەڕووی ئەو مێژووە ئەبێتەوە ئامانج لێی خزمەتكردنی مەبەستە زانستییە كۆمەڵایەتییەكانە، بۆ ئەو ئەركانەی لێكۆڵینەوەكە ئەیخاتە سەر مێژوونووسان بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە پشتمان بە ئەزموونی مێژووی تازەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەستووە. لەگەڵ ئەوەی ملئەدەین بەوەی ئەم تێڕوانینەی ئێمە بەرتەسكە، ئێمە بەدڵنیاییەوە وای ئەبینین، كە مێژووی تازە بە شێوەیەكی دیار جیاوازە لە مێژووی كلاسیكی، لە هەمانكاتدا لە ئیلهامبەخشی و ئامانجیدا زانستێكی كۆمەڵناسییە لەسەر ئەمە مێژووی تازە و ئەو بوارانەی لە نێوان مێژوونووسە تازە و كلاسیكییەكاندا ئەخولێتەوە، هەردووكیان گرنگن بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەكانی مێژوو.

# مێژوو و زانستە سیاسییەکان

مێژوو زانستێکی کۆنە و زانستێکی پێشکەوتووی خاوەن ڕیشەیە، توێژینەوەکانی ئەم مێژووە وای کردوە سەبارەت بە میتۆدەکانی چەند ڕایەکی هاوبەش لەنێوان مێژوونووساندا لەبارەی بابەتی مێژوویی و ڕێگەکانی نمایشکردنی مێژووەوە سەر هەڵبدات[1]. (فۆگڵ) لە کاتی باسکردنی پەرەسەندنەکانی توێژینەوەی مێژوودا، ئەوەی تێبینی کردووە مێژوونووسان لە توێژینەوە و ڕاڤەکردندا ڕاجیاییان هەیە لەگەڵ زانستە سرووشتیەکاندا، بەو پێیەی ئەم زانستە نموونەیەکی توێژینەوە و ڕاڤەکردنە و پەرچی تەواوی هەر هەوڵێك بۆ دانانی چەند یاسایەك بۆ سلووکی مرۆڤایەتی وەکو ئامانجێك لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەدەنەوە.

بەڵام بەردەوام ڕووداوە سیاسییەکان بنەڕەتێکی مۆدە و باون لە پێکهێنانی مێژوودا، لە کاتێکدا کە ئەمە وایە، مێژوونووسان باوەڕیانوایە ئەبێ شارەزاییەکی باشیان لە گۆڕەپانی حوکمڕانی، یان زانستی سیاسییدا هەبێت، ئەمە بۆ نەوەکانی ڕابردوو ڕاستە، بەڵام ئەمڕۆ کارەکە جیاوازە، کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا زانایانی بواری سیاسەت مەبەستیان بووە چەند ڕوویەکی هونەری گرنگ و چەند شێوازێکی زانستی مرۆڤایەتی و زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی وەربگرن و شارەزاییان تێیدا هەبێت.

[1] Warner, Levie, 1950: Fundamentals of world organization, 28-41.

جگە لەوەی پاشماوەی مێژوویی ڕۆڵی گەورەی لە شیکاریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، بۆیە لێرەدا مێژوو تێکەڵ بە بیردۆزی سیاسیی ئەبێ و شیکاری ئیدارە و دامەزراوەکان تێکەڵ بە مێژوو ئەبن.

مێژووی دیبلۆماسیی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لێك جیا ناکرێنەوە، جگە لەو کاتە نەبێت توێژەر لە لێکۆڵینەوەکانیدا وەری ئەگرێت، جگە لەوەی مێژوونووس هەندێك کات ئەتوانێت لەو مەیدانەدا لە شێوەی لێکۆڵینەوەی شیکاری میتۆدیدا لای شارەزایانی سیاسەت سوودمەند ببێت[١].

زانایانی سیاسەت کار ئەکەن بۆ دانانی بەهای کێبڕکێ بۆ ئەوەی هەر یەکێك لەو بەهایانە لە حکومەتە پێکهاتووەکەدا ڕەنگبداتەوە، زانای سیاسییش بەدوای ڕەگە مێژوویی و گۆڕانکاری بەها باڵاکانەوە ئەبێت و شانبەشانی ڕەگە مێژووییەکە پەیوەندیی لە نێوان بەها کێبڕکێکار و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست ئەکات[٢]، لەسەر ئەمە بیردۆزی سیاسیی لە فەلسەفەی سیاسیی جیا ناکرێتەوە، فەلسەفەی سیاسیی بۆ ئەوەی ئامانجەکانی گۆمەڵگە و سیاسەتەکانی بێنەدی، چەند پێوەرێکی ئەخلاقی بە هاوشێوەی ڕێنماییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی حکومەت دائەنێت، هەروەها پێناسەی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی سیستەمە سیاسییەکە ئەکات. بۆ نموونە ئایدۆلۆژیەتی دیموکراسی هەیە و ئایدۆلۆژیەتی کۆمۆنیستی هەیە، زۆر کات بە هاوشێوەی ئەوانە زاراوەی (ئەفسانە) بەکار دێت، تا دەلالەت لەسەر ئەو بیروباوەڕە، یان ئەو سیستەمە بکات، کە بەها و بیروباوەڕەکەی باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە.

---

[١] Ibid. 61

[٢] Garij.friedrich, 1950: constitutional Government, Boston

وەکو نەریتێك لە کاتی بەکارهێنانی زاراوەی (ئەفسانە)دا دێین ڕیشە مێژووییەکەی و شوێنەواری ئەو زاراوەیە، کە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیەتی کۆمەڵگەیە و کاریگەریی لەسەر سیستەمی ئەو دەسەڵاتەی پێگەی لەو بەها و ئامانجانەوە وەر ئەگرێت، شی ئەکەینەوە[1].

(مێژووی کلتوری) زانستی سیاسی تەماشای گەلان دەکات، تا چەندێك دەستیان هەیە لە دیاریکردنی ئەو ئەنجامانەی بەهۆیانەوە بڕیاری سیاسی دراوە و تا چەندێك گونجاون، لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی (مێژووی کلتوری) ئەورووپادا توانرا شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری بۆ وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بکرێت، کە چۆن قەڵاچۆی نەخوێنەواریان کردوە.

چەمکی (پرۆسە) لە زانستی کۆمەڵناسیدا دەلالەت لەسەر گۆڕانکاری لەگەڵ (کات)دا پێکەوە، یان لەسەر مێژووی چالاکیی مرۆیی لە بنیاتنانی بەشێك لەو پرۆسەیەدا ئەکات، بەڵام زانایانی سیاسەت چەمکی (پرۆسە) وەکو نەریت بەکار دێنن بۆ دیاریکردنی هەموو جۆرە چالاکییەك ڕۆڵی هەبێت لە پێکهێنانی سیاسەتی گشتیدا، جا ئەو چالاکییانە ئێستا بنیاتنەری بووبێت یان لە ڕابردوودا، ئەگەر ـ لەم کاتەدا ـ وای دابنێین پرۆسەی سیاسی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ئەوە پرۆسەیەکە هەموو کارتێکەرە سیاسییەکان هاوتەریبن لەگەڵ کارتێکەرە مێژووییەکاندا، بە واتایەکی تر لە هەر شوێنێك سیاسەت بووبێت لەوێش مێژوو هەبووە[2].

فوگڵ ئەڵێت: "مێژوونووسان لەباتی پرۆسە نموونەیەکی تریان بەدەست هێناوە، زۆر نزیکە لەو میتۆدەی یاسا لەسەری ئەڕوات. فوگڵ

[1] وارنر لیفي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٤ و لا ٨٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ١١١.

جێبەجێکردنی میتۆدی یاساییمان بە وەرگرتنی دەقێکی بنەڕەتی لە میتۆدی مێژوویی لە پەڕتووکێك بە ناونیشانی: (*مرشد هارفارد الی التأريخ الأمريكي*)، بۆ ڕوون ئەکاتەوە، کە بۆ یەکەم جار لە ١٩٤٥ بڵاو کراوەتەوە ئێمەش بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم دەقە ئەگوازینەوە، کە ئەڵێت:

"هەرکات مێژوونووس دڵنیا بوو تێگەیشتووە لەوەی شاهید ئەیڵێت، پێویستە ورد ببێتەوە: ئایا شاهید لە دۆخێکدایە بزانێت چی ئەڵێت؟ پاشان لە کاتێکدا شاهید لەو بارەدا بوو، ئایا ئەوەندە لێهاتوو و خاوەن سەلیقەیە خاوەن تێبینیی ورد بێت؟ لە کاتێکدا شاهید ئەم ڕاستییانەی زانی، ئایا بە ئەمانەتەوە ئەیخاتە بەردەست، یان دۆخی سۆزداری، یان ژیری، یان ڕامیاری پاڵی پێوە ئەنێن، پێ لەسەر هەندێك لایەنی ڕاستییەکان دابگرێت و هەندێکی تری پشتگوێ بخات؟ گومانی تێدا نییە زۆر پاڵنەر ـ لەوانە هەیانە باشە هەشیانە خراپە- تێبینی و سەرنج ئەشێوێنێت و تێکی ئەدات، وەکو: نیشتیمانپەروەری و نەتەوایەتی و خواستی لایەنگیریی چینایەتی و حیزبایەتیی سیاسیی و بیروباوەڕی ئایینی و ڕێبازی ئەخلاقی و خۆشەویستی و ڕقلێبوون و ... هتد"، یان وەکو سەلماندنی تاوانی ناپاکیی گەورە لە دەستووردا، لەڕووی ئاکار و میسالییەوە ئەبێت پشتڕاستکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکە (ئەنجامدانی کارێکی ڕوون و ڕاشکاو بێت، یان دانپیانان لە دادگاییکردنێکی ئاشکرادا بەلای کەمەوە لەسەر شایەتی دوو شایەت بێت). هەندێك کات تەنها شاهیدێك دەست ئەکەوێت، جاری وا هەیە ڕێك ئەکەوێت دوو شاهیدی دادگەر هەیە، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا بە ئاشکرا دژ بە یەکن. نموونەی ئەمە شارل ئیفانز هیوز هەواڵی دا بە نووسەری ژیاننامەکەی، ئەو ڕایسپاردووە روبرت

(هـ.جاكسون) بكرێتە سەرۆكی دادگای باڵا، بەڵام سەرۆك ترۆمان دووپاتی كردەوە ئەو لە بیریەتی هیوز ڕایسپاردووە، كە فرید /م.فنسون دابنرێت، هیچ بەڵگەنامەیەكی ڕەسمییش نەبوو ئەم گرێیە بكاتەوە، چۆن ئەم تێكگیرانە لا ئەبرێت[1]؟

قازی و سوێندخۆران تێكدەچن، ئەگەر ناچار بكرێن قەزییەك یەكلا بكەنەوە ڕێكناكەون لەسەر چەند بەڵگەیەك، لەبەر ئەوەی لای مێژوونووس زۆر بەڵگەیەكی بڕواپێهێنەرە. لە كاتێكدا هیچ ڕێگەچارەیەكیش نییە، چونكە مێژوونووس لە لایەك دادوەری ئەكات لەسەر چەند بەڵگەیەك، كەسێك، یان لایەنێك تاوانبار ئەكات، لە لایەكی ترەوە، ئەو بەڵگانە لای دادوەر بڕواپێهێنەر نین، بۆیە دادگا بەڵگەكانی ئەكێشێت بە دیواردا، چونكە لە دیدی دادگادا قسەی مێژوونووس، جگە لە گریمانە و مەزەندە و واتەواتێك هیچی تر نییە، لە هەمان كاتدا ئەبێ قوربانیانی دادگای مێژوو دڵنەوایی خۆیان بەوە بدەنەوە، كە مێژوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوكمەكە وەسیلەیەكی نەرمیان بۆ ئەدۆزێتەوە، ئەویش ئەوەیە بەردەوام مێژوونووس لە كاتی بەدەستخستنی بەڵگەی تازەدا چاو بە حوكمەكەدا ئەخشێنێتەوە، بۆیە لە مێژوودا هیچ حوكمێكی كۆتایی نییە.

بۆ بەیەكگەیاندنی نێوان ڕاستییە مێژووییە هەمەچەشنە جۆربەجۆرەكان و ڕاڤەكردن و ماناوەرگرتن لێیان، مێژوونووسە كلاسیكییەكان پشت بە سۆز و ئەندێشە و خەملاندن ئەبەستن. هەروەها ئەوان پشت بە زانستی كۆمەڵناسی ئەبەستن، بەڵام بە ڕێگەی هەڵاواردن، بەو واتایەی ئەوان ئەو ئەفكار و حوكمە گشتییانە وەرئەگرن، كە بزانن پێداویستییەكانیان جێبەجێ

---

[1]. Ibid. 11-80

ئەکات. ـ وەکو ماکلیلاند وتوویەتی ـ ئەوان لەباتیی پشتڕاستکردنەوەی واقیع و ڕاڤەکردنی بەوردی، ئەچن قسەی وروروژێنەر هەڵئەبژێرن با وردەکارییشی تێدا نەبێت، هەروەها ئەو حوکمە گشتی و هۆکارانە وەر ئەگرن چەند ئەگەرێك هەڵئەگرێت.

با بەویژدانەوە بڵێین زۆرێك لە توێژینەوەکانی مێژووی تازە ـ بەتایبەت توێژینەوە سەرەتاییەکان ـ وازیان لە بیردۆزە و چەمك و پێوەر هێناوە، بە جۆرێك چەمکی دیاردە و پرۆسە شاراوە و بێپشکنینەکان جێ ئەهێڵرێن و داتا و زانیارییەکان لە جێگەی چەمکەکان دانراون، بەڵکو بە کردەیی داتاکان کراون بە هاوتای ڕاستییە مێژووییەکان. لەبەر ئەوە ڕێگەی چەندیەتیی بە ڕێگەیەکی ئاسان و بەربڵاو بەکار ئەهێنرێت.

لەو توێژینەوانەی دەربارەی ڕێڕەوە سیاسییە مێژووییەکان ئەنجامدراون، ئەوە تێبینی کراوە دەنگدانی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکاندا، کە جەماوەرە دەنگدەرەکە یەکلایی دەکاتەوە، هەندێك جار کراوە بە پێوەری ڕاستەوخۆ بۆ نیشانەی وەلائی حیزبی، یان سیاسی، لە کاتێکدا ڕەفتاری جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا هەندێك کات ئەنجامی کۆمەڵێك ڕێڕەوی سیاسیی ئاڵۆزە، وەلائی حیزبی و بانگەشەی کاندیدەکان و غەیری ئەمانەش لە کارە تایبەتییە جۆراوجۆر و زرووفە خۆجێییەکانە. لەبەر ئەوە دەنگی دەنگدەران ناکرێت بکرێت بە پێوەرێکی ڕاستەوخۆ، نە بۆ وەلائی حیزبی، نە بۆ ئەو سیاسەتەی جەماوەر پێی چاکە. ئەگەر بمانەوێت ئەمە بکەین ئەبێ تێگەیشتنێکی تایبەت، یان بیردۆزەیەکی تایبەتمان دەربارەی ڕفتاری

جەماوەر و ڕێڕەوە سیاسییەکان هەبێت، بەڵام لە زۆرێك لە توێژینەوەکاندا هاوشێوەی ئەم چەمکە، یان ئەم بیردۆزە دیاری نەکراوە[1].

گومانی تێدا نییە ئەو ڕابردووەی مرۆڤ تیایدا ئەژییێت، پێکدێت لەو ژینگەیەی تیایدا گەشەی کردووە، یان ئەو ژینگەیەی لە منداڵیدا دەورەی داوە، یان ئەو ڕووداوانەی بە سەریدا ڕۆیشتوون، یان ئەو لە منداڵیدا پیایدا تێپەڕیوە. هەموو ئەمانە بنەمای فیکری بنیات ئەنێن، ڕەنگی هەستەکانی دائەڕێژن و لەسەر ئەو بنەمایانە ڕەفتاری لەنگەر ئەگرێت.

ئەگەر تاك هەڵسوکەوتی داهاتووی پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەبێت و لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا پێیانەوە کاریگەر بێت، هەروەها نەتەوە و گەلانیش لەبەر ئەوەی پێکهاتەی تاکەکانە ئەبەسترێنەوە بە ڕابردووی نزیك، یان دووریانەوە و بە شەتەکێکی قایم قوفڵ ئەکرێن و لێ نابنەوە و ڕێڕەوەکەی ناپچڕێنێت. مرۆڤ ڕۆڵە و بەرهەمی ڕابردوویەتی، بۆیە ئەبێت شارەزاییەکی تەواوی بە ئەحواڵی سەدەکانی پێشوو هەبێت، تا لە خۆی و ئێستای تێبگات و پێشبینیی داهاتووش بکات.

(جیفری بارا کلود) لە لێکۆڵینەوەیەکی نایابدا شیکاریی کاریگەریی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر مێژوو کردووە، هەروەها شوێنی بەیەکگەیشتنی زانستە مرۆڤایەتییەکانی ڕوون کردۆتەوە. پاڵنەری دەرکەوتنی (مێژووی تازە) لەدەوری ١٩٥٥ ـ لە ناوەڕۆکدا ـ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە کاتێکدا هەموو زانست و هەموو میتۆدێك پشت بە زانست و میتۆدەکانی تر ئەبەستێت. هەر وەکو جێگەی سەرسووڕمان نییە، کە مێژوونووسان ئاگاداریی زۆریان لەسەر پرۆسەی زانا

[1]. Ibid.,83-91

کۆمەڵناسەکان هەبووە، کە لە بایەخپێدانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لە واقیعدا مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی هەردووکیان بایەخیان بە شیکاری بونیادی مرۆڤ و لێتێگەیشتنی داوە، بە شێوەیەك هەردووکیان بایەخ بە بابەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئەدەن. هەروەها هەردووکیان خولیای گەیشتنن بە شارەزاییەکی بابەتییانە دەربارەی ئەو بارودۆخە گشتگیرەی باڵی بەسەر کۆمەڵگەکاندا کێشاوە و نایەوێت دەست هەڵبگرێت لە لۆژیکی ناوخۆیی تایبەتی، کە هەموو خاڵێکی مێژوویی ئەبەستێتەوە بە خاڵەکەی ترەوە، هەریەك لەو دووانە وای پیشان ئەدەن لەوی تر شایستەی بواری فراوانترن، کە حەقیقەتێکی بنەڕەتی هەیە ئەبێ ڕێك بخرێتەوە، ئەویش ئەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان هەرێمایەتی، یان جیهانی هەموو تاکەکان پشت بە یەکتر ئەبەستن. لەبەر ئەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو تا ئەندازەیەك بەرەو لێکنزیکبوونەوە ئەڕۆن، هەندێك گومانی نییە لەوەی هەردووکیان بە یەك شت دابنێت. بانگەشەی ئەوەی ئەم دوو زانستە یەك بواری چالاکییان هەیە، لە نەوەی دووەم و سێیەمی ڕابردوودا، کاتێك یەك ڕەفتاریان بەکار ئەهێنا سەریهەڵدا. هەر وەکو مێژوونووسەکان ـ ئەو سەرکەوتنە بەڵگەنەویستەی لە توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵناسییەکاندا هاندەریان بوو ـ شێوازی هونەریی بیردۆزی دیاریکراو، کە زانایانی کۆمەڵناس و ئابووری و نیشتەجێکردن و زانستە سیاسییەکان تاقییان کردۆتەوە و پەرەیان پێداوە هتد... ئەبێ ئەوەش بخەینە سەری وەکو دیارە هەر لە سەرەتاوە هەندێك لە دامەزرێنەرانی زانستی کۆمەڵناسیی کۆن (ئیبنو خەلدوون، مۆنتیسکۆ، مارکس، کۆنت و ئەوانی تریش) بەڕوونی جیاوازییان لەنێوان زانستی کۆمەڵناسی و مێژوودا نەکردووە.

# مێژوو و مرۆڤناسی

بەڵگەنەویستە شارەزابوون لە ڕابردوودا، شارەزابوونمان لە چەندین ساڵی دوورودرێژ پێ ئەدات، کە (مرۆڤایەتی) لە چاخە یەك لەدوای یەکەکاندا، ژیانی تیا بەسەر بردووە. گومانی تێدا نییە وردبوونەوە لە ڕابردوو (مرۆڤ) لە خودی خۆی دوور دەخاتەوە، ئەو کاتە چەندین شت ئەبینێت زەحمەتە لە خودی خۆیدا بەئاسانی بیبینێت. ئەو کاتە باشتر لە خۆی تێ ئەگات و باشتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێستا و داهاتوویدا دەکات[1].

- لە واقیعدا - مێژوونووس دادوەرە بڕیار لەسەر ئەو بابەتانە ئەدات، کە چارەسەریان ئەکات، بۆیە لەسەر ئەو گرفتانەی پێیاندا تێپەڕ ئەبێت، ئەرکی دادوەرە ئەبێت چاونەترس بێت، باڵادەستیی کاربەدەستەکان لە حەق لای نەدات، سەرڕاست و دڵسۆز بێت، ئارەزووە فریودەرەکان نەیخەڵەتێنن و لە بەردەم خاوەن پلەوپایە و دەسەڵاتەکاندا دووڕوویی نەکات، ڕاستی و ڕووداوەکان نەشارێتەوە، کە لە هەندێك کاتدا جگە لە خۆی کەسی تر نایزانێت. هەر وەکو ئەبێت زرنگ بێت، ئەبێت بەهرەی ڕەخنەگرتنی هەبێت، بەبێ لێکۆڵینەوە و لەبێژنگدان و توێژینەوەی ورد پشت بە هیچ گێڕانەوەیەك نەبەستێت، تاوەکو لەسەر لۆژیکی ساغ و ڕاست ڕاستەقینەی بۆ دەرنەکەوێت هیچ قسەیەك قبووڵ نەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەبێت مێژوونووس زانیاری و شارەزایی بە زۆرێك لەو زانستانە هەبێت، کە یارمەتیی ئەدەن لەسەر چاکێتی و سوودگەیاندن، لە پێش هەموویانەوە (زانستی مرۆڤ، یان مرۆڤناسی)، کە بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی ئاوێنەی ژیان و شارستانیەتیانە و ڕەنگدانەوەی ڕاستیی ئەفکار و سۆزی مرۆڤایەتییانە[2].

---

[1] حسن عثمان، منهج البحث التأريخي، ص١٩: ص٢٣.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢٤.

کەلتوور[1] چەمکێکە لە چەمکە گەورەکانی ژیانی مرۆڤ و مەیدانێکە لە مەیدانەکانی توێژینەوەی مێژوو، زنجیرەیەکە لە چەندین کەلتووری ناوازە و جیاجیا پێکهاتووە، بۆیە نابێ لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی (زنجیرە بەدوای یەکەکانیدا) زۆر دوور بکەوینەوە و لە کاتی لەسەریەکدانانی چەندین شێوە کەلتوور وای دابنێین، کە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و نەگۆڕن، لەو کاتەدا وەکو چەمکێکی نەگۆڕ بەناچاری بیکەینە ناواخنی توێژینەوەکە، چونکە هەموو کەلتوورێك لە مێژووەکەیدا لەدایك ئەبێت، بۆیە کەلتوور نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە. ڕاستە کەلتوورەکان بەرهەمی (مێژوون)، بەڵام مێژوو ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی سرووشتی بایۆلۆجیی مرۆڤ و ژینگە مادییەکەیەوە، بۆیە لەو شتانەی تایبەتن بە کاروباری مرۆڤایەتییەوە هیچکەس نکووڵی لە تایبەتمەندبوونی ناکات. وەکو نەریتێك ناوچەی کەلتووری هاوشانە بە چەند کارتێکەرێکی تر کە سنووری جوگرافیای ناوچەکە، یان پێناسەکردنی دیاری ئەکات. ژیانی نەتەوەیەك بەس کەلتوور ڕێکی ناخات، بەڵکو ململانێ و بەرەنگاری و هەلومەرج و جۆری خانووبەرە، کە کەشوهەوا ئەیسەپێنێت لەگەڵیدا بەشدارن، هەروەها تایبەتمەندیی شوێن و ڕووەك و ئاژەڵەکان و واریداتە سرووشتییەکان لە ناو کەلتوورەکانی تردا بە ئەندازەی پێگەکەیان لە پێکهێنانیدا بەشدارن. ئەکرێ

[1] مەبەست لە کەلتوور لێرەدا (الثقافة)یە، نەك کەلەپوور و شوێنەوار (التراث، الآثار) کە هەموو ئەو شتانە ئەگرێتەوە کە پێشووەکان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان جێیان هێشتووە، بەڵام کەلتوور بە کۆمەڵێك چالاکی و کاری جیاواز ئەوترێت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەکو فیکر و بیردۆز و پێشکەوتن لە یاسا و هونەر و سیاسەت و مێژوو ئاکار و هەڵسکەوتدا پێکیانەوە ناوە، کەلتوور زاراوەیەکی گشتییە بە ئیزافە تایبەت ئەکرێت وەکو کەلتووری ئیسلامی، یان ڕۆژئاوا.هتد. وەرگێڕ.

بوترێت ئەو چەمکانەی لکاوە بە کەلتوور و گۆڕانی کەلتوورییەوە، کاتێك پوختەی پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی و سرووشتی کەلتووری مرۆڤی پێش مێژوو و شیکارییەکان دەخاتە پێشچاو، جا بە دەمی بێت، یان بە نووسراو بێت، گەورەترین خزمەتی ڕاستەوخۆی پێشکەش بە (مێژوونووس) کردووە[1].

لە ڕاستیدا مێژوو هەگبەی ئەزموونی مرۆڤایەتییە، زانستێکی تایبەتە بە هەوڵە مرۆڤایەتییەکانەوە، یان هەوڵێکە ئامانجی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە پەیوەندییان بە ڕابردووی مرۆڤەکانەوە هەیە و هەوڵەکانی داهاتووی لێوە ئەبینرێت. گومانی تێدا نییە مێژوو بەم واتایە ئەبێت بە زانیارییەکی خاوەن ڕەگ و ڕیشە، هەر کات مرۆڤ فیکری لەو شارەزاییە مرۆڤایەتیانەدا بەکار بێنێت و لەو لایەنەوە بڕیاری خۆی بدات، ئەتوانێت زانستی لێ پێك بێنێت.

زانست دەرخستنی سرووشتی شتەکانە، پاشان پۆلێنکردن و بەشبەشکردن و بڕیاردانە لەسەری، پێویستە مێژوو چەندین بەڵگەنامەی هەبێت، کە مێژوونووس لە بڕیارەکانیدا پشتی پێ ببەستێت، بەڵگەنامە ئەو شتەیە لە شوێن و کاتی دیاریکراودا بوونی هەیە. کاتێك مێژوونووس بەڵگەنامەکان کۆ ئەکاتەوە و مێژوو پێك دێنێت و ڕاڤەی ئەکات، ئەیسەلمێنێت ئامانجی مێژوو ئەوەیە مرۆڤ خۆی بناسێت، ئەمەش ئامانجێکە گرنگیی خۆی هەیە. نرخی مێژوو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زانیاریمان دەربارەی کارەکانی ڕابوردووی مرۆڤ ئەداتێ، ئەو لەم شتەدا، پەیوەنییەکی زۆر تۆکمەی بە زانستی مرۆڤ (الانثروبولوجيا)وە هەیە، لەبەر ئەوەی زانا

---

[1] هیوج. اتکن، دراسة التأريخ وعلاقتها بالعلوم الاجتماعية، ترجمة الدكتور محمود زايد، دار العلم الملايين، ص ٢٨.

مرۆڤناسەکان و مێژوونووسان پێکەوە ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی هاوبەشی زۆر ئەبنەوە، ئەگونجێت بوترێت هێڵی جیاکەرەوەی نێوان زانستی شوێنەوار و مێژوو ڕوون نییە، شارەزایانی بواری مرۆڤ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کەلتووری مرۆڤی سەرەتایی کردووە، بەڵام مێژوونووسان لێکۆڵینەوەیان لەسەر مرۆڤی خاوەن شارستانییەت کردوە، ئا لێرەدا دووبارە ئەو ئەنجامەمان دەست ئەکەوێتەوە، کە لێکدووری نێوان کەلتوور و مێژوو بە یەکجاری و کۆتایی نییە. هەر وەکو زانستی مرۆڤناسی لە کاتی بەدواداچوونی بۆ ڕێڕەوی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی چارەسەری بابەتە مێژووییەکان و بڵاوبوونەوەی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی و سەرهەڵدانی کەلتووری مرۆڤایەتیی کردووە. پەیوەندییەکانی نێوان مێژووی کەلتووری، یان زانستی توخمی مرۆڤایەتی (الانثروبولوجیا) و نێوان زانستی مرۆڤی کۆمەڵایەتی، زیاتر ڕەگ دائەکوتێ، هەردووکیان لێکۆڵینەوە لەسەر بڵاوبوونەوە و کۆچکردن و گۆڕانکاریی کەلتووری ئەکەن[1].

کاتێك زانایانی مرۆڤناسی لە دێرین زەمانەوە دانیان بەوەدا ناوە، کە چەند سرووتێکی ئایینیی وەکو: بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی مردوو، سەرهەڵدانی زمانەکان و پەرەسەندنی هونەرەکان لای گەلان ڕەنگی گشتیی گرتووە، (مێژوونووس) بۆ ئەوەی لە ڕاڤەکردنی زۆری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا دەستی بە ئاماژەیەکی مێژوویی سوودبەخش بگات بۆ ئەم سەردەمە کەڵکی هەبێت تاکە سوودمەندە کاتێك کون و کەلەبەرەکانی ڕابردوو هەڵئەداتەوە[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢٩.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٣٠– ٣٢.

لەکاتێکدا ئەم ڕوونکردنەوە پێشینەییانە خاوەن دەلالەتێکی گەورەن لەوێدا پاساو هەیە، کە بەیەکگەیشتنی مێژوو لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هزری مرۆڤی هاوچەرخدا گەورەترین ڕووداوی بایەخدارە، زانستە کۆمەڵایەتییەکان مێژووی تازەی بە چەند توێژێکی فیکری زۆر دەوڵەمەند کردووە: توێژی کۆمەڵایەتی، نموونە، ڕۆڵ، پیشە، پێگە، پێکهێنان، کەسایەتیی کۆمەڵایەتی، نمایش، گەشەکردن، هەڵوێستەکان... هتد. لە پێش ئەمەشدا، ئەو شێوازە هونەریانەی زانایانی کۆمەڵناس و ئابووری، یان زانایانی زمان بۆ بابەتی بوون و پێوانەی چەندێتی، بۆ ڕاستییە سەرەتاییەکان بەکاریان هێناوە، لەم بیست ساڵەی کۆتایدا کاری ڕەسەن و موژدەبەخشی بەرهەم هێنا[1]. لە ئەنجامی ئەمەدا، جیاکردنەوەی ڕاستەوخۆی نێوان کار و تەقەللای مێژوو لەگەڵ زانستی کۆمەڵناسیدا ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئەوە گرانە[2].

بەیەکگەیشتنی نێوان زانستی مێژوو لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر، لە خودی خۆیدا بە ڕووداوێکی مێژوویی دائەنرێت، لە ڕاستیدا مەعریفە بەرهەمی مێژووە. با وردتر دیاری بکرێت توێژینەوەی کۆمەڵناسی و پێگەی خودی توێژەران و ڕۆڵ و ئەرکیان و پەیوەندییەکانیان بە کۆمەڵگەکانیانەوە و ئەو گرفتانەی ئەیورووژێنن و هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنیان، یان بە لانی کەمەوە ڕوونکردنەوەیان، هەمووی پێکهاتەی هەڵوێستێکی مێژوویین، کە ئەمانەوێت دەستنیشانی بکەین[3].

---

[1] عبدالوهاب بودييان، العلوم الاجتماعية في البحث الزمن، ترجمة: إبراهيم البرلسي، المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية، اليونسكو، ٤٩/٣-٧.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٨- ٩.

[3] هەمان سەرچاوە، لا ١٠- ١١.

هـــەروەها جوگرافیـــاش، زەوی، شـــاخ، ڕووبـــار، شـــار، بـــاران[١]، ڕووبەڕووبوونەوەی گـەرما، سـەرما، هـاوین، زسـتان، بـەهار، پـاییز، بـاران، لافـــاو، یـــان بـــوونی دارســـتان و دار، کێڵگـــە، بـــەروبووم، لـــە هەرێمـــە جۆراوجۆرەکاندا، ئەمانە لە زانستە هاوکارەکانی مێژوونووسن...هتد.

ئەم زەویە و هەموو ئەوانەی لە خۆی گرتووە، ئەو شانۆیەیە ڕووداوەکانی مێژوو لەسەری ڕوویان داوە. ئەمە بەهۆی گۆڕانکاری ژینگە تیایدا و جیاوازیی کەشوهەوا و ئاراستە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر جیاوازیی تەبیعەت و دابونەریت و بیروباوەڕ و ئاکاری خەڵکی هەیە. مێژوونووس ئەگەر هەموو ئەمانە نەزانێت، کارەکانی لێ تێکەڵ ئەبێت و حوکمەکانی ڕێك نابێت[٢]. هیگڵ ئاماژەی بە گرنگیی پێگەی جوگرافی لە مێژوودا کردووە، هەروەها ئاماژەی بەو هۆکارە سرووشتییانە کردووە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی ڕوحیەتی نەتەوەیەك جێدەهێڵن، شوێنەواری کەشی لەباری (ئەیونیا)[٣] بۆ بەخشندەی فیکری هۆمیرۆس بە بەڵگە ئەهێنێتەوە. وای دائەنێت هەریەك لە ناوچەی کەمەرەیی و جەمسەری قوتبی، بۆ سەرهەڵدانی مێژوو شوێنێکی گونجاو نین. هەر وەکو جیهانی تازە (هەردوو ئەمریکا و ئوستورالیا) بە دوور ئەزانێت، چونکە بەم تازەییە

---

[١] حسن عثمان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥، لا٢٧.

[2] Carr, E.H.1961.op.cit.81-82.

[٣] شارێکی گریك (اغریق)ی کۆنە لەسەر کەناری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکە لەسەر دەریـای سـپیی ناوەڕاست، کاتێك ئەو موستەعمەرەیە دروست بوو دەوڵـەتی یۆنـانی کـۆن بـەو نـاوە ناسـرا، شوێنێکی مێژووییە، نزیك شاری ئیزمیرە لە تورکیا، لەوێدا فەلسەفە لەدایك بووە، لە سـەدەی دەیەمی پێش زایینەوە ئەیۆنییـەکان لـەوێ نیشـتەجێن، لەوێـدا هـۆمیرۆس شـاعیری زۆرانبـازی ئیلیازە و ئۆدیسە، هەر لە سەدەی نۆیەمی پێش زایینەوە ناوبانگی دەرکرد، وەرگێڕ.

نەبێت هیچمان لەبارەیانەوە نەزانیوە. لەسەر ئەمە شانۆی ڕاستەقینەی مێژوو ناوچە لەبارەکانە، کە ئەکەوێتە دەوروبەری (دەریای ناوەڕاست)، کە بە چەقی مێژووی کۆن دائەنرێت[١].

شێوەی زەوی و خولانەوەی بە دەوری خۆیدا و بە دەوری خۆردا شوێنەواری گەورەی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، ئەگەر شێوەی زەوی بگۆڕێت، یان جوولەی بگۆڕێت، ئەو ژیانەی ئێستای سەر زەوی ئەگۆڕێت، شێوەی زەوی و چەقی میلەکەی و خێرایی خولانەوەی بە دەوری خۆیدا و بە دەوری خۆردا، شوێنەواری گەورەیان لە ژیانی کەشوهەوا و ڕوەکدا هەیە، هەموو ئەمانەش کار ئەکەنە سەر ژیانی مرۆڤ، هەروەها بەکارهێنانی زەوی لەلایەن مرۆڤەوە، پاشان درووستبوونی ململانێ لەنێوان کۆمەڵە مرۆڤەکاندا لەسەر داهاتە سرووشتییەکانی سەر زەوی و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییە دیارەکان، مەودایەکی تازە ئەخەنە سەر داینەمۆیی ڕووداوە مێژووییەکان.

هەر وەکو جۆری گڵ ڕۆڵی هەیە لەسەر پێکهێنانی جۆرەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی، تەختایی ناو دۆڵە بەپیتەکان، کە هۆی بەپیتییەکەی ڕووبارەکانە، هەر وەکو لە کەشوهەوای میسردا دەر دەکەوێت، کە ڕووباری نیل ئاوی دەدات لەوانەیە ئەمە ڕاڤەی درووستبوونی شارستانیەتی کشتوکاڵی میسر بکات، کە تازەترین بۆچوونەکان ئەڵێن تەمەنی ئەو شارستانییەتە ١٥ هەزار ساڵ ئەبێت[٢].

---

[١] ج.ف.هيغل، محاظرات في فلسفة التأريخ، ترجمة: د.امام عبدالفتاح امام، دار الثقافة للطباعة والنشر، ص٧١.

[٢] د.فؤاد محمد الصقار، دراسات في الجغرافية البشرية، وكالة المطبوعات، الكويت، ص٥٤: ٥٨.

زۆرێك له توێژەرەوه تازەكان له پەرەسەندنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و ململانێی نێوان مرۆڤەكاندا، بایەخێكی گەوره ئەدەن به كەشوهەوا. لەو توێژەرەوانه (هنتگتۆن)ه (ElisworthHuntington)، ئەو دووپاتی ئەوه ئەكاتەوه وەچه و كۆمەڵگەكانی مرۆڤایەتی، وەكو ئەو داره وایه له گڵێكی تایبەتیدا سەوز ئەبێت و كەشوهەوا تایبەتەكه كاری تێ ئەكات، ئەو ئاماژه ئەكات كه كەشوهەوا، كاریگەریی گەورەی لەسەر دانیشتووانی ناوچه نیمیچه وشكەكان هەبووه، ئەمەش سەری كێشاوه بۆ وشكەساڵی و ناچاركردنی بەشێكی گەورەی دانیشتووانەكەی كۆچ بكەن بۆ ناوچەكانی تری جیهان، كه بارانیان زۆره و كەمتر ئەكەونه بەر كاریگەریی كەشوهەواوه. بەو شێوەیه ئەو (كۆچانه) سەریان كێشاوه بۆ بەرپابوونی شەڕوشۆڕ و داگیركاری، كه له كۆتایدا (زۆربەی كات) به جێگیربوونی كۆچبەران، یان هەندێكیان لەو ناوچه تازانه كۆتایی هاتووه[١].

هێگڵ پێكەوەگرێدانێك لەنێوان هەڵەت و بەرزی و نزمی و سرووشتی گەلاندا دەكات و ئەڵێت: "دانیشتووانی ناوچه شاخاوییەكان، له لایەك سەخاوەت و میوانداری لەنێویاندا بڵاوه، له لایەكی تریش، تاڵانی و ڕاووڕووت. وای ئەبینێت ئەمه دیاردەیەكی بەرچاوه لەناو مەنگۆلییەكاندا، كه به سەركردایەتیی جەنگیزخان و تەیمووری لەنگ له ناوەڕاستی ئاسیاوه سەریانهەڵدا، كه وەكو لافاوێكی بەهێز هەرچییەكیان دەست كەوت گسكیان لێ دا و ڕایان ماڵی و هەموویان وێران كرد، پاشان ون بوون. پاشان ئەڕوات بۆ دانیشتووه زەنجییەكان له ئەفریقیادا، چۆن هەڵەت و بەرزی و نزمی

---

[١] هەمان سەرچاوه، لا ٥٨– ئەویش له: E.Huntinhgton <u>*192 4*</u>: civilization and climate, New Haven 220-226.

ژیانێکی خێڵەکی سەرەتایی بێزەرەر و زیانی ئاشتیخوازانەی پێ بەخشیون و بەگوێرەی گومانی ئەو چۆن لە کاتی بەرپاکردنی شەڕدا، هەڵئەگەڕێنەوە و ئەبن بە دڕندەی کێوی، هەرکەسێك بێتە ڕێیان سەری ئەبڕن"[1].

بەشدارییپێکردنی جوگرافیا لە مێژوودا لای زانا مسوڵمانەکان، هەرچەند لە بەشدارییپێکردنی مێژووی ژیانەکان (التراجم) ڕۆڵی کەمتر بووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە بنەڕەتدا بێبایەخ نەبووە. لە هەموو کتێبێکی جوگرافیادا، کە لەلایەن زانا مسوڵمانەکانەوە نووسرابێت، بەنزیکی هەندێك زانیاریی مێژوویی تێدایە، لە کاتی گەشەکردنی شارستانیەتی ئیسلامیدا، بایەخپێدانی جوگرافیناسەکان بە مێژوو بەردەوامیی زیاتری هەبووە. نموونەی زیندووشمان کتێبی (*البلدان*)ی یەعقووبی و (معجم *البلدان*)ی یاقووتە. ئەکرێت بڵێین فراوانبوونی سەرکەوتنە ئیسلامییەکان وایان کرد مێژوونووس بایەخ بە جوگرافیا بدات، نموونەی ئەوەمان لە (*فتوح البلدان*)ی بەلازەریدا دەست ئەکەوێت. هەروەها مێژووە خۆجێییەکان، بەهۆی کاریگەریی پیاوێکی وەکو (ئیبنو عەدیم)ەوە وەکو کتێبە جوگرافیاکان گرنگیی هەبووە.

ـ ئەوەی ئێمە بزانین ـ مەسعودی یەکەم کەس بووە مێژوو و جوگرافیای زانستیی بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش پێکەوە کۆکردۆتەوە، لە کتێبی (*شذور العقود*)دا، کە پوختەی (*المنتظم*)ە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئیبنول جەوزی زانیاریی لە جوگرافیادا هەبووە، زانایانی مسوڵمان لە هەردوو سەدەی نۆ و دەی زایینیدا بۆ فراوانکردنی ئاسۆی سیاسیی و شارەزابوون، حەزی ئەوەیان هەبووە توێژینەوەی شەخسی لەسەر نەتەوە بیانییەکان بکەن،

[1] هیغل، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٢.

هەروەها لە توێژینەوەکانیاندا هەستیان بەوە کردبوو تێکەڵکردنی مێژوو لەگەڵ زانستی جوگرافیادا شوێنەوارێکی یەکلاکەرەوەیان لەسەر بەهای زانستییان ئەبێت.

زۆر جار ئەوترێت، مێژوو بایەخ بە بابەتە تایبەتەکان ئەدات و زانستی کۆمەڵناسییش بایەخ بە بابەتە گشتییەکان، لە واقیعدا بایەخدانی مێژوو بە زانست بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان هەمیشە لەسەر زمانە، هەر وەکو دەرئەکەوێت، ئەم قسەیە پایەیەکی بنەڕەتییە لە پایەکانی ڕێڕەوی ڕاست. ڕێك وەکو ئەم بۆچوونە دەرئەکەوێت، زانستی کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوەی تاکەکانی بەدیاریکراوی پشتگوێ خستووە و ژیانی مرۆڤایەتیی دابەش کردووە بۆ چەند توێژێك و زۆر گوێ نادات بە هەمەجۆریی ئەزموونی مرۆڤایەتی، ئەیەوێت ڕاڤەی کۆمەڵگە و ئەزموونی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای گشتاندنی بیردۆزی و میکانیکی بکات[1]. ئەوەی ئاشکرایە مێژوونووسە کلاسیکییەکان دان بەوەدا ئەنێن، کە لێکچوون لە نێوان ڕووداوەکان و سیستەمەکان و تاکەکاندا هەیە، بایەخ بە لێکچوونی جۆرەکان و هۆکارە گشتییەکان ئەدەن، بەڵام لێکچوونی جۆرەکان و هۆکارە گشتییەکان، وەکو جیاوازییەکان و شێوەکان و هۆکارە تایبەتییەکان، جێگەی بایەخیان نییە، لەبەر ئەوە هەڵسوکەوت و هزری تاکەکان بەدیاریکراوی و لە ئەنجامی ڕووداوەکان لە زروفە تایبەتییەکاندا بەردەوام بە شێوەیەکی سەرەکی جێگەی بایەخیانە.

[1]. m.B.smith, 1953: some recent texts in social psychology, 150-159

# مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی

بەدڵنیاییەوە مێژوو هەمیشە ڕەگەزێك بووە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی ڕۆحی ئینتیما بۆ کۆمەڵگە، (ئیدوارد شیڵز) بەم وتەیەی ئاماژەی بەوە کردوە: "زانستی کۆمەڵناسی لە یەك بابەتی گشتگیردا کۆکەرەوەی چەندین بابەتی جیاجیا و جیاوازە، ئەوە زانستێکی چەند لایەنەیە، چەند باڵ و هەڵوێستی لەخۆ گرتووە، هەندێك کات هیچ شتێك پێکیانەوە نابەستێتەوە، تەنها شوێنەواری (مێژوویی) کۆن، یان چەند کۆمەڵەیەك لە (کەسایەتییە مێژووییەکان) و نووسراوە کۆنەکان نەبێت."[١]

توێژینەوەی مێژوویی، درێغیی نەکردووە لە بایەخدانی فراوان بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمە لە ڕووی کاریگەری و تێڕوانینی کات و ئەرکەوە پەیوەندیی بە مەیدانی زانستی کۆمەڵناسییەوە هەیە، جگە لەمانە قەتیسمان و کەمیی (کەرەستە مێژووییەکان)، کە سەرچاوەی مێژوونووسن، هەروەها بە هۆی گەڕانی بەدوای دیاردەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆیشتن بە چەندین پێچوپەنای تایبەتیی وەك: گۆڕانی سیاسی و جەنگاوەری و ئایینی، بەدڵنیاییەوە بایەخی مێژوونووسانیان لە (چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی گشتییەوە) گۆڕیوە بۆ توێژینەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکانی کۆندا. پاشان زانایانی کۆمەڵناس لەسەر چەند بنەمایەك باسی بنیادنانی (پێوەری) ئەکەن، کە پێشتر (مێژوونووسەکان) ئەو پێوەرانەیان بەکار هێناوە، ئەو بنەمایانەش وەکو: دامەزراوەکان،

---

[١] ئەگەر ئەتەوێ نەخشەیەکی گشتگیر بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش بکەیت، بگەڕێوە بۆ:
Talcott parsons: The Social System (glencoe, III: Free Press. 1951).

دابونەریت، ئاکار، ئایین و پەیڕەوکردن، چێژی کۆمەڵایەتی، ڕێگە و ڕێڕەوە تازەکانی ژیان، پێگە و پایە، ئابڕوو، هەموو ئەمانە بەواقیعی چاوەڕوانکراون. بۆ خاتری داڕشتنی بیردۆزێك ئەتوانین ئەم زاراوانە ڕەنگ بکەین، بە واتایەکی وردتر: ئەتوانین وای لێ بکەین لە زۆربەی توێژینەوە مێژووییەکاندا جێگەی خۆیان بگرن[1].

زانایانی کۆمەڵناس، لە ڕووی ڕیشەداکوتان، یان جێگیریی بونیادنانەوە، بە درێژایی کات، بایەخیان بە چەمکی (دامەزراوە) داوە. لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەو چەمکەوە مێژوونووس بۆی دەر ئەکەوێت زۆربەی چەمکەکانی وشەی (دامەزراوە)، کە مەبەستی سیستەمی کارێکی ڕێکوپێکی وەکو: خێزان، یان دەوڵەت ئەگەیەنێت، کەڵکی بۆ کۆمەڵناس هەیە، چونکە بە ئەندازەیەکی باش، بەردەوامیی کات ئەگەیەنێت.

لەنێو ئەو ژمارە بیرۆکەیەی لە شیکردنەوەی دامەزراوەکاندا سەریانهەڵدا، پێنج بیرۆکەیان بەتایبەت بۆ مێژوونووس لەوانی تر بەبایەختر دەرئەکەون، کە ئەمانەن:

١. ڕەگداکوتانی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی وەکو خێزان، یان ئاهەنگە ئایینییەکان، کە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی ناونیشانی تایبەتمەندیی گشتییان هەیە.

٢. لەگەڵ ڕۆژگاردا جێگۆڕکێ، یان گۆڕینی کار لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر.

---

[1] یرجع فی ذلك الی: Kingsley Davis: Human Society, 289-307.

٣.   ئاڵوگۆڕی نێوان دامەزراوەکان، بە جۆرێك کاتێك یەکێکیان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەوانی تریشیدا.

٤.   سەرهەڵدانی ڕێبازی لێکچوون، یان (فشار بەرەو ڕێکخستن) لە نێوان کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکاندا.

٥.   بەرەو سەربەخۆچوونی دامەزراوەکان، یان هاندانی دامەزراوەکان بەرەو ڕێکخستن لەپێناو بەردەوامیی زیاتردا.

زۆرێك لە زانایانی کۆمەڵناس وا ڕاهاتون کە بۆ توێژینەوەکردن سەبارەت بەو (بنەما) کێشە لەسەرانەی لە ئێستادا مشتومڕیان لەبارەوە پەیدا بووە بگەڕێنەوە بۆ زانستی کۆن، بۆ نموونە (رایت میلز) کتێبی: (*صور الجنس البشری)*ی بڵاو کردەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٠ بە چاپگەیەنرا، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٩ کتێبی: (*تصورات فی علم الاجتماع*)ی نووسی، کە لایەنگری بەرزکردنەوەی بایەخی (لێکۆڵینەوە کۆنەکان)ە و پێشخستنیەتی بەسەر لێکۆڵینەوە(ئەزموونییە پەتی)کاندا، کە باڵی بەسەر زانستی کۆمەڵناسیی سەردەمدا کێشاوە، ئەو وای بۆ ئەچێت کە توێژینەوە لە (بنەماکانی) لێکۆڵینەوە کۆنەکان، بیرکرنەوەی کۆمەڵناسییان بەرەو پێشبردووە[1].

هەر وەکو لێکۆڵینەوەی لەسەر گواستنەوەی مێژوو لە قۆناغی دابونەریتی میللییەوە بۆ دابونەریت و عورفی شارستانی، هەلێکی باشی سازاندووە بۆمان بۆ هاوکاریی نێوان مێژوونووسان و زانایانی کۆمەڵناسی. زۆرێك لە توێژینەوە مێژوویيە ڕەسەنەکان و زۆرێك لە چیرۆکە مێژووییەکان، باسیان لە گۆڕانی ڕۆشنبیریی گوندنشینەکان کردووە. هەر وەکو کاتی

---

1. Merton, 1953: Social Theory and Social Structure, 115-199.

وتنیەتی، هێڵێکی ڕاستەوخۆی لۆژیکیی بەردەوام لە نێوان پۆلێنی جۆری، کە (مێژوونووسان بە ڕێکی لە گشتاندندا بەکاریان هێناوە) و لە نێوان وردترین جۆری پێوانەییدا هەیە، لەبەر ئەوەی هەردووکیان بایەخ بە ئەندازەی میتۆدی و کێشانە و پلەبەندییەکان ئەدەن[١].

لە کۆتاییدا وای بۆ ئەچین، هەریەك لە مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی، گۆشەی بایەخدانی تایبەتیان بە پەیوەندییە ڕەگەزییەکانەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوە لەو مرۆڤانە ئەکات، بەهۆی جیاوازیی ڕەنگ و زمانەوە بوون بە کەمایەتی، ئەمەش لە پێکهێنانی نەژادی کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا هۆکاری کۆچکردنە گەورەکان و شوێنەوارەکانیەتی.

مێژوونووسی زانستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕێڕەوە ڕاستەکانیدا، چەندین پێشێلکارییشی کردووە، کە (ستون) بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی کردۆتەوە:

"مێژوو: توێژینەوە لە کێشەیەکی تایبەت و لە کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت و لە کاتێکی تایبەت و لە شوێنی تایبەت و لە بارودۆخە تایبەتییەکاندا ئەکات، بارودۆخە مێژووییەکان، بایەخی یەکەمیان پێدەدرێت، کە ناکرێت لە پلەبەندیکردندا لەبەر بەڵگەیەکی سەلمێنراوی بەردەستمان، لە نموونەیەك لە نموونەکانی زانستی کۆمەڵایەتی خۆی لێ بێئاگا بکرێت، یان پشتگوێ بخرێت. بۆ نموونە جادووگەری لە سەدەی شانزەدا لە ئینگلتەرا، ناکرێت لە

---

١. W.Lioyd W. and Paul S.Lunt: The Social Life Of Modern Community. 301 لێرەدا ئەو ئەنجامەمان دەست ئەکەوێت گشتاندنی مێژوونووسان، بە تەنها بەبێ وردەکاریی پێوانەیی و ئەندازەی میتۆدی و کێشانەدا، پڕ لە کەموکورتی دەر ئەچێت. وەرگێڕ.

سەدەی بیستەمدا بە چەند نموونەیەك لە جادووگەریی ئەفریقیا تیشك بخرێتە سەری، هەروەها ناتوانین بەم نموونانە بەئاسانی ڕاڤەی بکەین، چونکە دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە هەردوو ژینگەکەدا جیاوازییەکی زۆر گەورەیان هەیە".

ئاشکرایە ئامانجەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی زانستی کۆمەڵناسی و ڕێڕەوەکانیان جیاوازن لەگەڵ ئەوەی لای مێژوونووسە کلاسیکییەکان هەیە. هەرچەند جیاوازییەکانیان بەتەواوەتی وەکو ئەوە نییە (ستون) و مێژوونووسە کلاسیکییەکانی تر باسیان کردوە، ئەوەی ڕاستی بێت زانستی کۆمەڵناسی بەپێی ناوەڕۆکی پێناسەکەی، لە توندترین بارودۆخی جیاوازیدا بایەخ بە گشتاندن ئەدات، وەصف و ڕاڤەی گەورەترین ژمارەی دیاردەکان دەکات. زانا کۆمەڵناسەکان لەسەر بناغەی تایبەتمەندییەکان، کە هەڵگری بیردۆزەیەکی تایبەتن، یان نموونەیەکی تایبەتن، بایەخ بە کۆمەڵ و ڕێڕەوە بنەڕەتییەکان و لێکچوونی نێوان تاکەکان و سیستەم و ڕووداوەکانیان لا مەبەستە. گوێ بە جیاوازیی تایبەتمەندییەکانی تر نادەن، کە پەیوەندییان بە بیردۆزێك، یان نموونەیەکەوە نییە، بەکردەیی هەوڵ ئەدەن، وەکو بیردۆزێکی موجەڕەدی سنووردار، وەصف، یان ڕاڤەی کۆمەڵگە و ڕەفتاری مرۆڤایەتی بکەن. واتای ئەمەش ئەوە نییە ئەوان لادان لە ڕێڕەوە سەرەکییەکانیان لا گرنگ نییە، بەڵکو ئەم جۆرە لادانانە لە تێڕوانینی ئەواندا گرنگە[1].

[1] . Freeman E.A.op.cit., 119-121

# مێژوو و زانستی ئابووری

یەکێك لەو زانستە گرنگانەی هاوکاریی مێژوونووس ئەکات، زانستی ئابوورییە، لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکانی ئابووری شوێنەوارێکی گەورەیان لەسەر ڕەوڕەوەی مێژوو هەیە، سیاسەتی ناوخۆیی هەر دەوڵەتێك بە شێوەیەکی گەورە و بەرچاو پشت بە کەلەپووری سرووشتی و چالاکیی بازرگانی ئەبەستێت[1]. ڕێگەی دابەشکردنی سەروەت و سامان، لە هەر وڵاتێکدا جۆری حوکمڕانی و خۆشگوزەرانی و پەیوەندیی هۆزەکان پێکەوە دیاری دەکات. بەڵکو ئابووری پەیوەندیی ئەم دەوڵەت بە دەوڵەتەکانی ترەوە، دیاری ئەکات و بڕیار لە چارەنووسی دەوڵەت و ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ئەدات[2].

لە ڕاستیدا ئابووری لەو زانیارییە بنەڕەتییانەیە، شارەزابوون لێی هاوکارە لەسەر لێکۆڵینەوەی مێژوو، لەبەر ئەوەی لە ڕەوڕەوەی مێژوودا کاراکتەرە ئابوورییەکان شوێنەوارێکی چالاکیان هەیە، سەروەت و سامانی سرووشتی لە هەر وڵاتێکدا، جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئەندازەی چالاکی دیاری ئەکات. ڕێگەی دابەشکردنی سەروەت و سامانی سرووشتی و دارایی و کۆبوونەوەی لەدەست چینێك، یان چەند چینێکی دیاریکراودا، یان ئاستی دابەشکردنی لە نێوان زۆرترین دەستەدا، کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی هەر دەوڵەتێك هەیە، کاریگەریی لەسەر سیستەمی حوکومڕانی هەیە، کاریگەریی لەسەر ئاستی

---

[1] هرنشو، ف، ج، المرجع السابق، ص٣٥: ص٣٧.

[2] . A Survey of Contempory Economics, vol 1-11

خۆشگوزەرانی، یان هەژاری لە ژیانی گەلدا هەیە، لەسەر پەیوەندیی نێوان هۆزەکان هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە هەیە، کاریگەریی لەسەر ئاستی ئاوەدانی و گەشەی شارستانی، یان وێرانبوونی هەیە. بەردەوام دۆخی ئابووری کاریگەرییەکی گرنگی لە ڕێنمایی گەلاندا، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتیدا هەیە[١].

زۆر پێویستە مێژوونووس لە ڕەوڕەوەی شارستانی و ڕۆشنبیریی گەلاندا، ئاگاداری جموجووڵی ئابووری و شوێنەوارەکانی بێت، ئاگای لەو پەیوەندییە مێژووییە بێت، کە هەیەتی بەو لێکۆڵینەوەیەی لە بەردستیدایە، بەڵام هەندێك لە زانایان وای بۆ ئەچن (بیردۆزی ئابووری) سوودێکی سنوورداری هەیە بۆ مێژوونووس. پێش چەندساڵێکی زۆر، سیر (جۆن کلافام) نووسیویەتی و ئەڵێت: "سەرەڕای ئەوەی کێشە بنەڕەتییەکانی بیردۆزی ئابووری ئەکرێت بۆ قۆناغێکی تایبەت سوودی لێ ببینرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەربەخۆیە لە مێژوو." پاشان ئەو بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوانە (المعطیات)ی قۆناغە مێژووییەکە وەکو نەرێتێك بەکاری دێنێت، هاوکێشە بیردۆزییەکان نابنە لێکدەرەوەی و ناتوانن شیکاریی تەواوی بۆ بکەن، خۆ ئەگەر لە کاتێکدا کرا، ئەوە مێژوونووسان حەزیان لێ نییە چاو لە ئاستی هێزە کاراکتەرەکانی تردا دابخەن، کە لەناو بیردۆزە ئابوورییەکەدا نییە و لەخۆی نەگرتووە[٢].

ئێمە نابێ ئەوە پشتگوێ بخەین، کە بیردۆزی ئابووری چ نرخێکی لای مێژوونووسان هەیە، ئەو بە شێوەیەکی لۆژیکی ناوچەکانی بایەخی پیاوانی

---

[1] . Paul A.samuelson, 1941: Foundations of Ecomomic Analysis

[2] Alfred Marshall, 1890: Principles of Economics, London mac And.

ئابووری و سنووره مەیدانییەکانی دیاری ئەکەن، هەر وەکو چۆن ئەندێشە چالاك ئەکات و بەشوێن توێژینەوەی تازەدا ئەگەڕێت و هۆشداری ئەدات (بە مێژوونووس) تەنها وەصفکردن بەس نییە. لەبەر ئەوە هەندێك لە ئابووریناسە ئەمریکییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە کاتی توێژینەوە لە بابەتە بەرهەمهێنەرە ئابوورییەکاندا، هەستیان بەو بەربەستانە کرد، کە ناکرێت خۆی لێ لا بدرێت، بۆیە ئەوان کلاسیکیەتی بەریتانیایان پشتگوێ خست، لەبەر ئەوەی خاوەنی بنچینەیەکی ئەزموونییە، بە جۆرێك لە جۆرەکان قوتابخانەی (مێژوویی) ئەڵمانیایان پێشخست[١].

ئەوەی باوە شوێنی یەکەی بەرهەمهێنان لە ڕووی بیردۆزییەوە، ئەخوازێت توێژینەوە لەو حاڵەتە بکرێت کەمترین تێچوونی بۆ هەر یەکەیەکی بەرهەمهێنان ئامادە ئەکات، ئەو کاتە ئەرکی گواستنەوەی کەرەستەی خاو، بەرهەمی ئامادەکراو، بە شێوەیەکی تایبەت گرنگ بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاراکتەرەکانی ئەرکی کار و زەوی لە یەکەی بەرهەمهێناندا پێگەی خۆیان هەیە[٢]. کۆتا توێژینەوەی ئەزموونی پیشانی داوە، زۆر کاراکتەری تری خاوەن پێگە هەن، وەکو: شوێنی حەوانەوەی ڕێکخەری کار، بەرژەوەندییە خۆجێییەکانی ماڵ، نەریتی کڕینە خۆجێییەکان، فەراهەمهێنانی لێهاتوویی کار و بەڕێوەبردنی تایبەت[٣]، بەڵام گریمانەییەکان سەبارەت بە پەیوەندیی چاوەڕوانکراوی ئەو کاراکتەرانەی، کە بڕیار ئەدەن لە کوێ کار بکرێت، یان کەی ئەو کارە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوە بە بیردۆزی شوێن ناو

[١] دەکرێت بگەڕێینەوە سەر هەمان سەرچاوە

[٢] هیوج. اتکن، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦–٨١.

[٣] هەمان سەرچاوە، لا ٨٢– ٨٤.

ئەبرێت[1]، لە کاتێکدا ئەم گریمانانە هەوڵی ڕاڤەکردنی چەندین جۆری گرنگ لە جموجۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەن، ئەوانە ئەوپەڕی بایەخیان بۆ مێژوونووس هەیە. ئەکرێت بوترێت سێ مەیدانی تایبەت لە مەیدانەکانی توێژینەوەی ئابووری زۆر بەبایەخن لای مێژوونووس، کە ئەمانەن:

١- شیکردنەوەی خولانەوەی کار[2].

٢- پێشکەوتنی ئابووری.

٣- ڕێکخستنی کار.

خولانەوەی کار، لەسەر هەردوو ئاستی بیردۆزیی و مێژوویی، ڕۆڵی خۆی بینیوە، هەندێك زانای وەکو (جوزف أ.شخومبتر) لە ڕووی مێژووییەوە هەوڵی سەلماندنی ڕاستیی نموونەی ئەم بیردۆزەی داوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە وێنەی بەدواداچوونی بەڵگە مێژووییەکان و ڕوونکردنەوەی ئەو بەربەستانەی ئابلۆوقەی تاقیکردنەوە گریمانەییەکان[3] ئەدەن، گرنگیی تایبەتیان هەیە.

---

[1] بیردۆزی شوێن لە ڕووی ئابوورییەوە، دیاریکردنی باشترین شوێنی وەبەرهێنان و ساغکردنەوەیە، کە ئەویش زیاتر بە پایەختی بازرگانی، یان ئابووری ناو ئەبرێت. وەرگێڕ.

[2] خولانەوەی کار ئەوەیە: هەموو کەسێکی بەرهەمهێنەر لە یەککاتدا دوو کاری هەیە، لە یەککاتدا بەرهەمی خۆی لە بازاڕدا ساغ ئەکاتەوە لە بەرانبەر ئەندازەیەك پارەدا، پاشان بە ئەندازەیەك پارە پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات. وەرگێڕ.

[3] گریمانە ئابوورییەکان بە هەموو ئەو بیردۆزانە ئەوترێت قۆناغی ئەزموونیی نەبڕیوە، بەڵام لە ڕووی کردەیی و بیردۆزییەوە لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی لەسەر ئەکرێت بۆ دەرخستنی ڕاستی، یان ناڕاستیی گریمانەکە. وەرگێڕ.

دەروونناسی لەو زانستە گرنگانەیە، کە پێویستە مێژوونووس ئاگاداری بێت، چونکە هەندێك کات خڵتە و گرێی دەروونی حوکمڕان، یان سەرۆك چارەنووسی گەل و نەتەوەکان تێك ئەدات.

هەندێك سەرۆکی هاوچەرخ هەیە لە نەبوونی و گوزەرانی خراپدا گەورە بووە، ئەوەش قین و کینەی تیادا لەسەر دەوڵەمەندەکان دروست کردووە، کاتێك دەسەڵاتیان کەوتە دەست ڕق و کینەی شاراوەی ناو دڵیان وەکو گڕکانی وێرانکەر ئەتەقێتەوە، دژ بە دەوڵەمەند و خاوەن ناز و نیعمەتەکان جەنگ بەرپا ئەکات و چەندین یاسای تێکدەر و حوکمی ستەمکارانە دەرئەکات، بەڵکو بۆ ڕازیکردنی دەروونە ڕقاوی و حەسوودەکانیان، هەوڵی گۆڕینی سوننەتی خودا ئەدەن.

مێژوونووسێك شارەزای دەروونناسی نەبێت، ناتوانێت بە شێوەیەکی درووست هۆکاری ئەو ڕووداوە مێژووییانەی بەهۆی خڵتە و گرێی دەروونییەوە پەیدا بوون، ڕوون بکاتەوە، بەڵکو لێی تێکەڵ ئەبێت و بڕیاری ڕاستی بۆ نادرێت.

جگە لەمانە، چەند زانستێکی تریش، کە هاوکاریی مێژوونووس ئەکات لە بەجێگەیاندنی ئەرکە بەرزەکەی و کارئاسانیی بۆ ئەکات، کە بەچاکی بە واجبەکەی هەڵسێت.

# میتۆدەکانی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوەی  مێژوویی، ئەو قۆناغانەیە مێژوونووس ـ بەگوێرەی توانا ـ پێیدا تێدەپەڕێت، تاوەکو ئەگاتە ڕاستییە مێژووییەکان، بەتایبەت پێشکەش بە پسپۆڕانی ئەکات و بە خوێنەرانیش بە شێوەیەکی گشتی. ئەو قۆناغانە بەم شێوەیە پوخت ئەکرێنەوە:

- توێژەر ڕۆشنبیریی پێویست لەبارەیەوە کۆ دەکاتەوە.
- هەڵبژاردنی شوێنی توێژینەوە.
- کۆکردنەوەی بنەما و سەرچاوەکان و سەلماندنی ڕاستێتییان و دیاریکردنی کەسایەتیی نووسەر و دەستنیشانکردنی کات و شوێنی نووسین.
- گەڕان بەدوای دەقە بنەڕەتییەکان و دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوانیان.
- ڕەخنەگرتن لە دەقەکان، بە شێوەیەکی زانستی و درووست.
- سەلماندنی ڕاستییە مێژووییەکان و ڕێکخستنیان و لێکدانیان و ئیجتیهادکردن تیایاندا و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانیان.
- دۆزینەوەی شێوازە مێژووییەکان و پێکەوەلکاندنیان و بە شێوەیەکی مێژوویی بیانخاتە پێشچاو.

بەهای نووسراوی مێژوویی، لەسەر دووریی توێژەر لە لایەنگیری و دووریی لە حەز و ئارەزووەکانی و بەگوێرەی توانا گونجاندنی لەگەڵ واقیعدا دیاری ئەکرێت. هەر وەکو بە ڕۆشنبیریی توێژەر و ئاگاداری لە ڕێگەی

توێژینەوەی مێژووییدا دیاری ئەکرێت، هەر وەکو ئامادەبوونی کەسێتی و بەهرەکانی پشکی بەرچاویان لە پێکهێنانی نووسراوەکەیدا هەیە[1].

هیچ مێژوونووسێك ناتوانێت هەموو ئەو شتانەی چاوی پێیان ئەکەوێت تاقییان بکاتەوە، زۆر جار کەمیی کات و ئالۆزی و ئالوگۆڕی کەرەستە مێژووییەکان، ناچاری ئەکەن بەبێ تاقیکردنەوەچەند ڕاڤە و تەفسیرێك پێشکەش بکات. مێژوونووس لە لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکاندا تا ئەو ئەندازەیە ئەتوانێت دوای هەڵبژێردراوەکان (المأثورات) بکەوێت. چاوکراوەیی مێژوونووس، چاوکراوەیی مێژووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گشتاندنی شتگەلێکە لە مێژوونووسدا ڕەنگی داوەتەوە و خووی پێوەگرتووە، ئەوەش بەنیسبەت (بوونی میتۆدەوە) لە دەربڕینی پشتیوانی بۆ بیرۆکەیەك ئەچێت، کە باوەڕی پێیەتی، یان ئەوەیە لە ڕواڵەتدا بەڵگەهێنانەوەیەکی لۆژیکییە[2].

لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانەی مێژوودا، وەکو میتۆدێك بە ئامانجی گەیشتن بە چەند ئامارەیەکی دیاریکراو لە لێکۆڵینەوەی دیاردەیەك لە دیاردەکاندا، شێوازی چەندێتی (الاسلوب الکمی) دەرکەوت. لە ڕاستیدا بابەتەکە ورد و هونەرییە. بە هەرحاڵ مێژوونووسان کارێکی باش ئەکەن، ئەگەر پێش ئەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی، یان سەرژمێرییەکی ڕەسمی لە بەڵگە بەردەستەکانی چەندێتیدا (المعطیات الکمیة) پێشکەش بکەن، سوودمەند بوونایە لە شارەزایان و کەسانی ئاگادار و پسپۆڕ، بۆ ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتیانەی ئەیانەوێت، بەڵگە بەردەستەکانی

---

[1] د.حسن عثمان، منهج البحث التأريخي، دار المعارف، القاهرة، ص ١٩ ص ٢١.

[2] المرجع نفسه، ص٤٨: ص٥١.

بەکار بێنن، هەروەها بگەڕانایەتەوە بۆ نامە سەرەتاییەکان، کە ئاگادارییـان لەبارەی هەڵە مەنهەجییەکانەوە داوە. بۆ نموونە (مێژوونووس) فێـر ئـەبێت بۆ بەراوردکردنی نێـوان هێـزی بەرهـەمهێنان و ئاسـتی نـرخ و پێداویسـتیی گـوزەران و دیـاریکردنی هیـزی کـڕین (القـوة الشـرائیة)[1]، چـۆن ڕێنمـایی سـەرژمێری بـەکار بێنێـت، بـەڵکو مێـژوونووس ئـەتوانێت بـۆ پڕکردنـەوەی کەموکورتیی زانیاریی ئێستامان، لەچـاو زانیـاریی ماوەکـانی ڕابردوومانـەوە بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوەکانی چەندێتی[2] و ژمارەکان بەکار بێنێت. مرۆڤ لە هەر شوێنێك بەڵگە بەردەستەکانی لە نرخ و کرێدا، جێلـەق و پـەرشـوبڵاو بوو، کرێی ڕاستەقینەی لێوە دیـار نـەبوو، ئـەتوانێت بـۆ دیـاریکردنی کرێـی بەرایی ڕاستەقینە بەراوردی کرێ بە نرخی گەنم بکات، بەمە ئەتوانێت کـرێ ناجێگیرەکان دیاری بکـات، ئـەتوانین بـە لێکدانەوەیـەکی حیسـابیی ئاسـان سەرژمێریی نرخ و کرێکان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، بە بەڵگەی ژمارە دەری بخەین، کە کرێی ڕاستەقینە گۆڕاوە[3].

زانایەکی ئابووریناس، کە یەکێك لە وڵاتان وەکو ڕاوێژکارێك ڕایان وەرگرتبوو، بۆ ئەوە چووە، کە مێژوونووسان ئەتوانن لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، بە دانانی چەند ئاماژەیەکی باش بەشدار بن لە شێوەی

---

[1] القوة الشرائیة: ئەندازەی کەلوپـەل و خزمەتگوزارییە، کە تاك لـە ڕێگـەی داهاتەکەیـەوە، لـە مـاوەی مـانگ، یـان سـاڵ، بـۆ جێبـەجێکردنی پێداویسـتییەکانی بەدەسـتی دێنێـت، ئـەم دییاریکردنەش نیشانەی خۆشگوزەرانیی تاکە، سەرچاوەکانی: داهـاتی تـاك و خـاوەن پیشـە و کۆمپانیاکان و بەرزیی ئاستی ئابوورییە. وەرگێڕ.

[2] بـەکارهێنانی ئـامڕاز و وەسـائیلەکانی وەکـو حاسـیبە، یـان ڕێـژەی سـەدی، ئاسـۆیەکی مەنهەجیی فرەوان لەبەردەم مێژوونووسدا ئەکاتەوە. وەرگێڕ.

[3] هەمان سەرچاوە، لا ٥٣-٥٧.

بەرهەمهێنانە باوەکان. (روفیلد) لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە بە لێکۆڵینەوە لە دۆخی دانیشتووانی شارەکان، توانیویەتی بە چەند شێوازێکی لۆژیکی پێوەرێکی گریمانەیی - لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە - بۆ پەیوەندیی بەرهەمی باو بە ڕابردووەوە دابنێت، ئەکرێت ئەو پێوەرە وەکو لێکۆڵینەوەی چەندێتی (الدراسة الكمية) هەڵبژێردرێت[1].

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەم ساڵانەی کۆتاییدا، بەکارهێنانی ڕێگە و داتای چەندێتی و ژمارەیی بە چەقی گفتوگۆی نێوان مێژوونووسە تازە و کلاسیکییەکان دانراوە، زۆرجار ڕێگەی چەندێتی، چ لەسەر زمانی ڕەخنەگران، یان شارەزایان بووبێت، بە ناونیشانی سەرەکی و ناوازەی مێژووی تازە دانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی داتای چەندێتی (البيانات الكمية) و سەرژمێرییەکان و ڕێگەکانی ماتماتیك، لێکچووی سەرەکی ڕووی نێوان مێژووی تازە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانە. لە واقیعدا ئەم گفتوگۆیانە - ئەگەر بە شاراوەییش بووبێت - زۆر جار بەوە کۆتایی هاتووە، ڕێگەی بەکارهێنانی داتا نیشانەی سەرەکی و ناوازەی زانستە کۆمەڵایتییەکانە بە تایبەتی و زانست بووە بە گشتی[2].

ئەو گفتوگۆیانەی بەم شێوەیە بەڕێوە چووە، بە شێوەیەکی مەترسیدار بەهەڵەدابردن و ڕێونکەر بووە، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە داتا هەر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار نەهاتووە، بەڵکو مێژوونووسە کلاسیکییەکان بە هاوشێوەی مێژوونووسە تازەکان، ڕێڕەوی داتا و چەندێتیان لەدەست نەداوە.

---

[1]. Morris R.Cohen: The Meaning of Human History, 201-213

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢١٧-٢٣٣.

هەموو مێژوونووسان ـ وەکو فۆگڵ و ئەوانی تر وتوویانە- بە لانیکەمەوە ئەگەر دەریشیان نەبڕیبێت، هەمیشە ڕێگەی چەندێتییان بەکار هێناوە، هەموو جیاوازیی نێوان هەردوو سەربازگەکە، سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕێگەی چەندێتی، خۆی لە سرووشت و بەکارهێنانی ڕێگە و داتای چەندێتیدا حەشار داوە. ئەوەش دیارە ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەی وا گومان ئەبرێت لە نێوان ڕێگەی چەندێتی و زانستی کۆمەڵایەتیدا هەیە، هەڵەیەکی تێدایە. ڕاستە هەموو جیهان لەوانەیە چەندێتی بێت، بەڵام بۆ دڵنیایی ڕێگەی چەندێتی هەمووی زانستی نییە[1].

لە سەرووی ئەمەشەوە، بەکارهێنانی ڕێگە و داتاکانی چەندێتی لە مێژوودا، لادانێکی کەمی لە ئامانجی مێژووی کلاسیکی و ڕێگەکانی پێوە دیارە، لە کاتێکدا زۆربەی کات، داتای چەندێتی، لە چەند سەرچاوەیەك تێپەڕ ناکات، کە مێژوونووسەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کەسە مێژووییەکان، کە بە بەکارهێنانی سەرچاوە ئەدەبییە تەقلیدییەکان ناکرێت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت، ئامانجیش لە بەکارهێنانی ڕێگەکانی داتای چەندێتی ئەوەیە مێژوو قوتاری ببێت لە نەخۆشیی لایەنگیریی سەرچاوە کلاسیکییەکان، کە لەو بارەوە گومانیان لێ ئەکرێت قوتاری ببێت لەو وەصفەی لەباتی خستنەبەردەستی داتا و زانیاری لەبارەیانەوە، کەمێك لە کەسە ئاگادارە هاوچەرخە دوور لە دامەزراوە ڕەسمییەکان لە باسی تایبەتمەندیی کەسە مێژووییەکان و سلووکیاندا ئەڵێن کەسە مێژووییەکان زرنگ و چاوکراوەن. ئامانجی مێژوونووسە تازەکان هەمان ئامانجی مێژوونووسە کلاسیکییەکانە، کە ئەویش خۆی ئەبینێتەوە لە باسکردنی

---

[1]. Louis G: Understanding History, 209-250

ڕاستیەکانی ڕابردوو بە ڕێگەیەکی ورد و تێر و تەسەلتر، بۆیە هیچ پاساوێك نییە بانگەشە بۆ ئەو گومانە بکرێت، کە بەکارهێنانی داتا، لادانە لە ڕێگەی مێژوویی کلاسیکی، یان جۆرێکە لە بوارەکانی زانستی کۆمەڵناسی[1].

ئەگەر تەماشایەکی ئەو گفتوگۆیانە بکەین دەربارەی ڕێگەی چەندێتی کراون، بۆمان دەرئەکەوێت بووەتە هۆی شاردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان زانستی کۆمەڵناسی و مێژوو، هەروەها شاردنەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە میتۆدی توێژینەوەوە. پێویست ناکات زۆر بەو ڕێگا هونەری و ماتماتیکییانەدا بچینە خوارەوە، کە مێژوونووسە تازەکان بەکاری دێنن، بەڵکو هەندێك لە مێژوونووسە تازەکان ڕایەکی کۆن پیادە ئەکەن، کە ڕێگە چەندێتییە سادە و ئامادەکراوەکان بەسن بۆ توێژینەوەی مێژوویی، هەندێك کات ئەوترێت بەکارهێنانی ڕێگەی چەندێتییە سادەکان، ڕێگرن لە بەکارهێنانی سەرژمێرییە ئاڵۆزەکان.

هەندێك کات توێژەر لە پێکهێنانی (صیغەی مێژووییدا) پێویستی بە ئامرازی تر هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی (چەند و ژمارە)، کە لە هەندێك بابەتدا بەکار ئەهێنرێت ـ لەم حاڵەتەدا ـ ئەتوانێت پشت بەم ڕێگایانە ببەستێت:

– (المقیاس) واتە پێوانە، مەبەست پێی پێوانەی مەودا و پێوەری ڕووی زەوی و کێشانە و ڕوونکردنەوەی ژمارەی سامان و بەروبوومە، کە ئەمە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە بابەتی ئابووری و سامان و باجدا.

– (التعداد) سەرژمێری، کە پەیوەندیی بەسەر ژمێریارییەوە هەیە، ئەوە بۆ ئەو ڕاستییانە پێویستن، کە لە چەند صیفەتێکی دیاردا هاوبەشن.

---

[1] عبدالوهاب بودیبا، سەرچاوەی پێشوو، لا سەرچاوەی پێشوو، لا١٣: ١٥.

تێبینی کراوە ئەو ڕاستییانەی دەچنە یەك خانەی ژمارەوە، هەندێك کات ناچنەوە سەر یەك شت، لە هەندێك صیفەتدا لە یەکتر ئەچن، بەڵام لە چەند صیفەتێکی تردا لێك جیاوازن. تێبینی کراوە ژمارەی دانیشتووانی شارێك، یان لەشکرێك، بەتەواوی بەڵگە نییە لەسەر ئاستی دانیشتووان، یان بەهای ئەو لەشکرە، بەڵام سەرژمێری ڕێژەی زۆری و کەمی دەردەخات و پەیوەندیی بە سەرچاوەی خۆراك، یان فێرکارییەوە هەیە، بۆیە هەمیشە وریایی لەو ژمارانە پێویستە، کە هەندێك لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکان دەیهێنن، ئەبێت پێداگیری لە ڕاستێتییان بکرێت و بخرێنە ناو ئەو یەکانەی سەرژمێرییان پێویستە.

– (التقدير)، خەملاندن، ئەوە جۆرێکی کەمترە لە سەرژمێری و لە مەیدانی توێژینەوەدا بەسەر کەرتێکی تایبەتدا جێبەجێ ئەکرێت، وا دائەنرێت ئەوەی بەسەر بەشێکدا جێبەجێ ئەکرێت، بەسەر هەموو بەشەکاندا ئەکرێت، توێژەر کاتێك ئەندازەی ئەو بەڵگەنامانە و جۆرەکانی بەردەست کەوت و لێك جیا بوون، ناچارە بە کاری خەملاندن هەڵسێت، ئەگەر توێژەر لە بواری توێژینەوەدا دڵنیا نەبوو، کە بەشەکە وەکو گشتەکە وایە، ئەو کاتە بەناچاری هەڵسەنگاندن جێگەی گومان دەبێت.

– (أخذ العينات) وەرگرتنی نموونە، یان چەند نموونەیەك، ئەوە ژمارەیەکی دیاریکراوە لەسەر چەند یەکەیەك بۆ زانیاری لە مەیدانی توێژینەوەدا وەردەگیرێت و ڕێژەی ئەو یەکانە هەژمار دەکرێت، کە لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە، توێژەر بڕیار ئەدات تا چەندێك ئەم نموونانە لە هەموو بواری توێژینەوەکەدا جێبەجێ دەکرێن، ئەبێت توێژەر ئەو نموونانە بەگوێرەی توانا لە چەند شوێنێکی جیاوازدا وەربگیرێت، تاوەکو

هەڵسەنگاندنەکە زیاتر بەسەر واقیعی مێژووییدا جێبەجێ ببێت. ئەم پرۆسەیە بەسەر زۆرێك لە ڕاستییە مێژووییەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە دیاریکردنی لێکچوون لەنێوان نەریتە لێکجیاکان لە سەردەمێکدا، یان شوێنێکی دیاریکراودا هەیە، یان کاتی دیاریکردنی لێکچوون لە کۆمەڵێکدا ئەندامەکانی سەر بە چەند چینێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بن.

– (التعمیم) گشتاندن، کە پرۆسەیەکی خۆڕسکە بۆ ئاسانکاری، ئەویش لە کاتێکدا ئەبێت، کە دەبینرێت لە هەندێك سیفاتەکاندا لێکچوون هەیە، بەڵام پێویستە توێژەر ئاگاداری هەندێك هەڵە بێت، کە بەهۆی گشتاندنەوە ڕوو ئەدەن، وەکو ئەوەی خوو و نەریتی کەمینەیەکی خەڵك بداتە پاڵ سەرتاپای گەلێك بەگشتی، یان نەریتێك لە ماوەیەکی کورتدا ڕووی داوە، بدرێتە پاڵ سەردەمێکی دوورودرێژ، یان دەسەڵاتێك لەبەر ئەوەی هەندێك کردەوەی هاوشێوەی ئەوی تێدایە، پاڵ بدرێتە سەردەمێکی پێشوو، یان داهاتوو. ئەرکی توێژەر ئەوەیە بەوردی ئەو مەیدانە دیاری بکات پێی خۆشە گشتاندنی تێدا بکات، ئیدی ئەو گشتاندنە بەسەر وڵاتێك، یان سەردەمێك، یان گەلێك، یان چینێکی کۆمەڵایەتی، یان دەستەیەکدا بێت.

– (المقارنه) بەراوردکردن، ئەوەش پرۆسەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداو و جووڵە و وەستان و ڕوونی و ئاشکرابوونی سەرتاپای ڕووداوە مێژووییەکان.

لە فیکری ئەورووپیدا، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ بە لانیکەمەوە یەکەم کەس بوون (بەراوردیان) لە نێوان مێژوو و هۆنراوەدا دانا. لە هەردووکیاندا وێنەکان دژ بە یەك و سازانیان تێدایە، پەیوەندیی نێوان هۆنراوە و مێژوو

(دیاره، یان شاراوەیە) بە شێوەیەکی گشتی، لەسەر تەصەوری فیکرەیەکی دیار ڕادەوەستێت، ئەویش پەیوەندیی نێوان ڕاستی و هونەرە. حەقیقەت وەکو ئەفلاتوون بۆی ئەچێت، جیهانی ئەفکارە، جیهانی شتەکان و هەروەها جیهانی مێژوو وێنەیەکی تەڵخی جیهانی ئەفکارە، ئەگەر هونەر چاولێکردنی ئەو وێنە تەڵخە بێت، ئەوە چاولێکردنێکە لای ئەفلاتوون بایەخی نییە، چونکە ئەو چاوەڕوانیی لە هونەر ئەوە بوو، کە وزە بکاتە جیهانی تاهەتایی و لەگەڵ ئەفکارە ڕیشەداکوتاوەکاندا بڵاو بێتەوە و جەوهەری حەقیقەت بخاتەڕوو، وەکو چۆن ڕووی بەخشندەیی و چاکە و جوانیی خستەڕوو.

بەڵام ئەرەستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتوون، پێگەی سرووشت (ژیان و مێژووی مرۆڤ بە نموونە) ئەپارێزێت، واقیعی حەقیقەت ئەکات بە بەڵگە لەسەر دەسەڵاتی هونەر، هونەر وەکو نموونەیەك حەقیقەت پیشان ئەدات[1]، هونەر نیشانەی بەرزیی حەقیقەت و نەریتی ڕەسەنیەتی، ئەوەش لە جیهانی ئاکاردا جیاوازیی نێوان مادیەت (ماتریالیستی) و میسالیەتە، لە ڕاڤەکردنی هونەردا جیاوازیی نێوان مادییەت و میسالییەت دەبێت، ئەم لێکجوودابیە لە پەیوەندیی نێوان مێژوو و هونەردا بەردەوام دەبێت،[2] بەڵام لێکچوونێکیش

---

[1] مەبەست لە هونەر، ئەو شانۆ و هۆنراوانەیە لێکدانەوە بۆ ڕاستییەکان ئەکەن، کە باشترین میکانیزمن بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، لای ئەرەستۆ هونەر ئاوێنەیەکە حەقیقەتی تێدا دەر ئەکەوێت، یان مەبەستی لە حەقیقەت ئەو زاتە زانا و بەدیهێنەرەیە ئەم بوونەوەرەی درووست کردووە، بوونەوەریش هونەرێکە جوانی و ڕێکوپێکییەکەی ئەو حەقیقەتەی تێدا دەر ئەکەوێت . وەرگێڕ.

[2] ئەمە جیاوازیی نێوان ئەفلاتوون و ئەرەستۆ دەر ئەخات، ئەفلاتوون ئەڵێت هونەر بەڵگەیە لە سەر حەقیقەت، ئەرەستۆش ڕای وایە حەقیقەت بنچینەی هونەرە و بەڵگەیە لەسەری. وەرگێڕ.

هەیە، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ ڕێکن لەسەر ئەوەی هۆنراوە هەندێك تایبەتمەندیی هەیە، لەبەر چەند هۆکارێك سەرووی مێژوو ئەکەوێت[١].

لە سەرەتای بەشی نۆیەم لە کتێبی هۆنراوەی ئەرەستۆدا، جیاوازیی لە نێوان مێژوونووس و شاعیردا لەوەدا ئەبینێت، کە مێژوونووس باس لە شتێك ئەکات بەڕاستی ڕووی داوە، شاعیریش باس لە شتێك ئەکات لەوانەیە ڕووبدات، بەدڵنیاییەوە ئەم فیکرەیەی ئەرەستۆ هێناویەتی بەیەك ناگەن، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ هۆنراوە لە ئاستیدا وەستاوە، ئەرەستۆ دان بە دوو شێوازی تردا ئەنێت: کاری هونەری سیمەتێکی ئامانجدارە لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان دیاردە مێژووییەکان ئەکات. لە کاتێکدا مێژوو دەست بۆ بابەتە دوور و لەبیرکراوەکان ئەبات.

لێرە بەدواوە چاخەکان جێدێڵین، هەر لەو کاتەوە مێژوو لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان و میسرییە کۆنەکان دەستی پێکردووە (کە بە هەزاران ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح بووە)، هەموو ئەم سەردەم و کاتانە تێئەپەڕێنین و ئەڕۆین بەرەو سەدەی حەوتی زایینی، بە شێوەیەکی تایبەت بەرەو دوورگەی عەرەبی، بۆ ئەوەی لەو کاتەوە لەنێو دوورگەی عەرەبی دەستی پێکردوە بەدواداچون بۆ نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی بکەین.

---

١ ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەستی ئەوان لە هۆنراوە و هونەردا، تەنها هۆنراوە و هونەری باو نییە، بەڵکو دەرخستنی دیمەنی جوانی هەموو دروستکراوەکانە لە پێش مێژووەوە، ئیتر حەقیقەت وێنای هونەر بکات، یان هونەر وێنای حەقیقەت بکات، لای ئەوان جیاوازیی نییە. وەرگێڕ.

# گرنگیی لێکۆڵینەوەی مێژوو

گرنگیی لێکۆڵینەوەی مێژوو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەشێکی جیا نەبووە، یان ڕەگەزێکە لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی پەرەسەندن و داڕمانی کۆمەڵگەی لەسەر وەستاوە. وەکو زانیمان مێژوو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ زانستە کۆمەڵناسییەکاندا هەیە، لێکۆڵینەوەی بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە.

مسوڵمانان درکیان بە گرنگیی زانستی مێژوو کردووە، لەبەر ئەوەی حەزیان لە زانینی چارەنووسی گەلانی ڕابردوو و بەسەرهاتی زەمانەکانی پێشوو بووە، بەشێکی تایبەتی بایەخپێدانیان بۆ تەرخان کردووە، بە لەبەرچاوگرتنی مسوڵمانان، بەتایبەتی عەرەب، کە بایەخیان بە بنەماڵە و ڕەچەڵەك داوە، هەواڵەکانیان گێڕاوەتەوە، ئەوەندەی توانیبێتیان گێڕانەوەکانیان کۆکردۆتەوە و کتێبیان تێدا نووسیوە، هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی چالاکیی مرۆڤایەتی کۆن و تازەیان جێنەهێشتووە تا مێژووەکەیان تۆمار نەکردبێت. بۆیە نووسراوەکانیان چەندین باسوخواسی سەردەمی لەخۆگرتووە، کتێبەکانیان خاڵی نییە لە زانیاریی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە ئەکرێت لە سەردەمە ئیسلامییە جیاوازەکاندا مێژووییەك بۆ شارستانیەتی ئیسلامی پێك بێنێت.

ئا ئەوە (ئیبنو خەلدوون)ە درکی بە گرنگیی مێژوو کردووە، کە هەموو نووسراو و پوختەی ئەزموون و شارەزاییەکانی بۆ تەرخان کردووە، توانیویەتی لە (پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا) دیارترین شوێنەواری بیری

میژوویی بەدەست بێنێت، کە لە ناواخنیدا پرسیارگەلێکی زۆری دەربارەی گەلان و گەشەکردنیان و هۆکاری داڕووخانیانی هەڵگرتووە، ئەو لە سەردەمی خۆیدا دابەشبوونی دەوڵەتی ئیسلامیی بۆ چەند دەوڵەتێکی دژ بە یەك بینیوە، کە وەکو نێچیرێك جێگەی چاوتێبڕینی داگیرکەرانی بێگانە بوون، (ئیبنو خەلدوون) پێناسەی مێژووی بە جۆرێك کردووە، بەهای بەرز کردۆتەوە و زیاتر شکۆی دەرخستووە، کە ئەڵێت: "مێژوو بریتییە لە هونەری باوی نێوان هەموو گەل و نەتەوەکان و گەشت و سەفەری بۆ دەکەن و هەم خەڵکی نەخوێندەوار و بێناونیشان حەزیان لێیەتی و هەم پاشا و گەورەکانیش ئارەزوومەندن بۆ زانینی، لە تێگەیشتنیدا زانا و نەزان یەکسانن، لە ڕواڵەتدا لە کۆمەڵێك هەواڵ زیاتر نییە لەبارەی ڕۆژگار و دەوڵەتانی پێشین و سەرگوزەشتەی سەدە کۆنەکان، کە وتەکانیانی پێ دەڕازێنرێتەوە و نموونەی پێدەهێننەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە قەرەباڵغەکانی پێ گەرم دەکەن. ئێمە ئاشنا دەکات بە ژیانی دروستکراوەکان، کە بە چ شێوەیەك ژیانیان دەگۆڕێت و دەوڵەتانێك دێن و هەلی فراوانخوازییان بۆ هەڵدەکەوێت و دەست دەکەن بە ئاوەدانکردنەوەی زەوی، تا ئەو کاتەی، کە بانگەوازی لەناوچوونیان بۆ دەکرێت، بەڵام لە ناخدا، بریتییە لە بیر و ئەندێشە و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕووداو و بنەماکان و گەڕانی وردە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان و زانستێکە لەبارەی چۆنیەتیی ڕووداو و هۆکارە ڕاستەقینەکانەوە دەدوێت، هەر بۆیە مێژوو، لە داناییەوە سەرچاوە دەگرێت و شیاوی ئەوەیە، کە لە زانستەکانی ئەو بژمێردرێت."[١]

---

[١] بۆ وەرگێڕانەکەی سوودم لە مقدمەی ئیبنو خەلدوون، لە وەرگێڕانی سەعید بەشیر، بەرگی یەکەم ل:١١٦-١١٧ بینیوە. وەرگێڕ.

ئەگەر زانستەکانی دین، یان سرووشت، یان ماتماتیك، یان فەلسەفە، یان زانستەکانی تر، (ڕێنمایی) ژیانی ئیسلامی ئەکات و نەخشەی ئاسۆ و بیردۆزی و ڕێڕەوە کردارییەکانی بۆ ئەکێشێت، کە چۆن بگیرێنە بەر، مێژووش بە تانوپۆ و ڕەگ و ڕیشاڵیدا ئەچێتە خوارەوە و قسە لە کەسایەتی و ڕووداوەکانی ئەکات، لە واقیعدا باسیان ئەکات چۆن بوون و بەسەرهاتەکان چۆن ڕوویان داوە و پلە بە پلە چییان بەسەر هاتووە.

مێژوو تاکە (گەواهیدەرە) لەسەر ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستا و لە داهاتوو، هەروەها چییان بە سەردا دێت، ئەو گەواهیدەرەش (ئێمەیە) بە هەموو ئەوانەی سەدەکانی ڕابردوو لە دەمارەکانماندا هێشتوویانەتەوە، بە هەموو ئەوانەش ڕووداوەکان لە ژیانماندا جێیان هێشتووە. ئایا زەرەرێکی گەورە نییە ئەم شاهیدە بە چاوبەستراوەیی بمێنێتەوە و بێسەروشوێن بێت و پشتگوێ بخرێت و ڕیشەی بخرێتە ژێر گڵەوە؟

ئێمە نکوڵی ناکەین و کەسیش بۆی نییە نکوڵی لە گرنگیی لێکۆڵینەوەی مێژوو بکات، لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی مێژوودا، کەڵکەکانی دیاری ئەکرێن، ئەویش بە خۆبەدوورگرتن لە هەڵەکان و دۆزینەوەی ئەو ڕێگەچارانەی لەوانەیە پۆزەتیف بێت بۆ کۆمەڵگەیەك و نێگەتیف بێت بۆ کۆمەڵگەیەکی تر. چەندین کۆمەڵگە هەیە پەندیان لە مێژوو وەرگرتووە و لەبەر ڕۆشناییەکانیدا ئەو هەنگاوانەیان دەستنیشان کردووە ئەبێ بگیرێنەبەر، چەندین کۆمەڵگەش هەیە بووە بە نێچیر و پارووییەکی نەرم لە بەردەم دوژمنەکانیدا، ئەویش لە ئەنجامی جێبەجێنەکردن و سوودمەندنەبوون لە دیوە ئیجابی و سەلبییەکانی مێژوودا.

بۆیە سوودبینین لە مێژوو، ڕوون و بەرچاوە، کەس گومانی نییە، مەگەر کەسێك، کە نەتوانێت شارەزای مێژوو بێت و بایەخەکەی نەزانێت. ئەگە مێژووی ئیسلامی - وەکو نموونەی هەموو مێژوویەک پرۆسەیەکی دووسەرەیە، ئەو داستانی ژیانە لە لایەك و تۆمارکردن شێوەی ئەو ژیانەیە لە ململانێکاندا لە لایەکی ترەوە. مێژوو لە واتا جەدەلییەکەی ئەم پەیوەندییە دژبەیەکەدا، لە یەککاتدا ڕۆژگار و ئاوێنەی ڕۆژگارە، ئایا ئەرکی زانستی نییە هەموو ئەو سێبەر و ڕەنگانەی کاتی تۆمارکردنی توشی بوون ڕایان بماڵین؟ ئەو ئامرازانە بناسین، بە هەموو لاوازی و هێز و کاریگەرییەکانیەوە مێژووی تۆمار کردوە، بزانین مسوڵمانان لەم مەجالە زیندووەی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا، چ گەورەیی و بەخشندەییەکیان نواندووە؟

ئەگەر لێکۆڵینەوەی مێژوو، گرنگ نەبووایە، مێژوونووسەکانی گریك بە داستان، یان بەسەرهات و ئەفسانە پێناسەیان نەدەکرد، بە واتای توێژینەوە لە شتگەلێك کە شایانی زانینن، پێناسەیان نەدەکرد، بیرمەند نیقولا بەردایف لە کتێبەکەیدا: (*واتای مێژوو*)، ئاماژەی بەوە نەدەکرد، کە تێکشکانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەو کارە گرنگانە دائەنرێت کە پەلکێشمان ئەکەن بیر لە ڕابردوو بکەینەوە تا سوودی لێ ببینین.

گومانی تێدا نییە، هەموو گۆڕانکارییە کتوپڕەکانی لایەنێك لە لایەنەکانی کار و بیرکردنەوەو وەرگەڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی، کە بەسەر نەتەوەکان و مرۆڤایەتیدا بەگشتی دێت و هەموو ئەو هۆکارانەی تر، کە لەم چەرخەدا ڕۆڵیان هەیە - هەموو ئەمانە وایان کردووە بایەخی زیاتر بە (مێژووی مرۆڤایەتی) بدرێت و حەزێکی زۆر دروست بکات بۆ گەڕانەوە بۆ

مێژوو، بۆ دەرخستنی ڕەونەق، تا ئیلهامبەخش بێت بۆ ئێستا و دروستکردنی دواڕۆژ.

لەبەر گرنگیی مێژوو نەبووایە، گەلان بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو لەبەر تیشکی مێژوودا وەکو خۆی بەگەرمی لێکۆڵینەوە و کۆششیان بۆ نەدەکرد و هەڵوێستی دیاریان لە ئەزموونەکانی وەرنەدەگرت، بە جۆرێك بە کار و پلان و بەرهەمهێنانیان ئێستایەك، کە تیایدا ئەژین، نەیان دەلکاند بە داهاتوویەکەوە، کە ئومێدمان پێیەتی، لەسەر شانۆی زانست و فیکر، چەندین لێکۆڵینەوەی مێژوویی تازە دەرنەدەکەوتن و تێڕوانینی زانایان لەبارەیەوە نەدەگۆڕا و توێژینەوەی زانستی مێژوویی ڕێکوپێکیان لەبارەوە نەدەکرد، هەروەها بە شێوازێکی چاك و لەسەر بنەمایەکی قایم و ورد و ڕێکوپێك، بایەخ بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان نەدەدرا و سەریان هەڵنەدەدا.

لە هەموو ئەوانەی ڕابوورد، سەبارەت بە گرنگیی سوودبینین لە لێکۆڵینەوەی مێژوو، لە بنیادنانی کۆمەڵگەکان و کەوتنیان، تێئەگەین، ئەبێ (پەند) لە لێکۆڵینەوەی مێژووی نەتەوە پێشووە هاوچەرخەکان وەربگیرێت، پێویستە لەبەر ڕۆشنایی مەعریفە و ئەزموونداو لە ڕێڕەوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە جیهانی هاوچەرخمان و لە واقیعی ڕووداوە مێژووییەکان، هەڵوێستی خۆمان دیاری بکەین.

# بەشی دووەم

# زانستی مێژوو لای مسوڵمانان

کەس نکوڵیی لەوە نییە، مێژوو گرنگترین مەیدانی مەعریفەیە و مسوڵمانان بایەخیان پێداوە، لێکۆڵینەوە و نووسینیان تێدا کردووە. لە پێش ئیسلامیشدا عەرەب قەناعەتیان بە گرنگیی ڕەچەڵەك و پارێزگاریی ڕەگەز هەبووە، لێکۆڵینەوەیان تێدا کردووە، شانبەشانی ئەوەش بایەخیان بە مێژوو داوە. پاشان پێغەمبەری بەڕێز (دروود و سلامی خودای لەسەر) هات، بانگی خەڵکی کرد بۆ ئیسلام، خوای بەرز و بێهاوتا قورئانی پایەداری نارد، کە لە ئایەتەکانیدا چەندین بەسەرهات و هەواڵدانی دەربارەی (سەرەتاکان) و (ڕابردووەکان) تێدایە، خەڵك بانگ ئەکات بۆ لێکۆڵینەوە و تێفکرین لە ئەحواڵیان و پەندوەرگرتن لێیان. دوای وەفاتی پێغەمبەر (درووود و سەلامی خودای لەسەر)، وڵاتی ئیسلامی فراوان بوو، تا وای لێهات لە ڕۆژهەڵاتەوە، درێژ بۆوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا، تا زەریای ئەتڵەسی، لە ڕۆژئاواشەوە تا شاخەکانی برانس. ئەم پارچە زەوییە فراوانەی وڵاتی ئیسلام، چەندین نەتەوە و ڕەگەزی زۆری لەخۆ گرتبوو[١]. ئەمەش سەری کێشا بۆ بەرهەمی فیکریی قەبە لە مێژوودا، لە هەموو کات و سەردەمە جیاوازەکاندا چەندین کتێب لە مێژوودا نووسران، کە هەموو لایەنەکانی گرتبۆوە، تا وای لێهاتبوو بوترێت لایەنێك لە لایەنەکانی مێژوویان بەبێ تۆمارکردن جێ نەهێشتووە.

پاشان ماوەیەك بەسەر جیهانی ئیسلامیدا ڕۆیشت، چەند حکومەتێك بەسەریدا زاڵبوون، هەرچەند پابەندی ئیسلام بوون و ڕێزیان بۆ زمانی قورئان هەبوو و بە تەنگی دروشمە ئیسلامییەکانەوە بوون، بەڵام جووڵەی فیکری وەستا و چالاکی سڕ بوو، داهێنان نەما، لێکۆڵینەوەی مێژووش لەو سڕبوونەدا پشکی باشی بەرکەوت.

---

[١] د.عبدالمنعم ماجد، التأريخ السياسي للدولة العربية، ج ١، ص٤ /١٩٦٧، ص٨: ص١١.

سەرەڕای ئەوەی لە هەموو سەدەکاندا، زانستی مێژووی ئیسلامی بەردەوام پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پەرەسەندنی بزاڤی هیزری ئیسلامیدا هەبووە. پێگەی مەعریفەی مێژوویی لە پەروەردەی ئیسلامیدا، لە ئاستی فیکرییدا، شوێنەوارێکی یەکلاکەرەوەی لە نووسینەوەی مێژوودا هەبووە. ئەم زانستە ئیسلامییە گرنگە بە ئەندازەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لای مسوڵمانان و گەشەکردنی مەدەنیەتی ئیسلامی بە قەشەنگترین ڕووداو دائەنرێت و وەکو خاوەن گەورەترین پێگەی سەرسامبوونیش، لای گەلانی جیهان ئەمێنێتەوە. ئیسلام ڕێنمایی فیکری مرۆڤایەتی کردووە، یەکەم ڕێنماییش قۆستنەوەی (ڕووداوەکان)ە، کە بە (پەند) ناو براوە، ئەوەش لە ڕووی تێڕوانینەوە بۆ مێژوو، گەورەترین نوێگەریی فیکرییە، بە واتای تێفکرین لەوەی لە ڕۆژگاردا دێت و ئەڕوات[1].

خوای بەرز و باڵا ئەفەرموێت: ﴿يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولِي الْأَبْصَارِ﴾ [النور: ٤٤] واتە: (خودا شەو و ڕۆژ سووڕ ئەدات بەدوای یەکدا، یان کەم و زیادیان پێ ئەکات، یان گەرما و سەرمایان ئەگۆڕێت. لەم کارەی خودادا پەند و ئامۆژگاری هەیە، بۆ ئەوانەی بینینیان هەیە و شت ئەبیستن). زۆر جار مرۆڤ پانتاییەکی گەورە لە ئایەت و سوورەتەکانی قورئاندا ئەبینێت تایبەتکراون بە (بابەتە مێژووییەکانەوە)، کە مەودا و ڕێڕەوی جۆربەجۆر و ئەزموونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەزموونی مرۆڤایەتیی لەخۆ گرتووە، ئایەتەکان بە نمایشکردنی ڕاستەوخۆ و لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە واقیعییەکاندا، پلە بە پلە بەسەر تەرکیزی چڕی یاسا و سوننەتە مێژووییەکاندا سەر ئەکەون، کە بە درێژایی ڕۆژگار و شەو، کار ئەکاتە سەر

---

[1] عبداللطيف شرارة، الفكر التأريخي في الاسلام، دار الأندلس ـ ص١١.

جووڵەی کۆمەڵەکان و ڕۆیشتن بەسەر هەڵوێستە گۆڕاوەکانی مرۆڤدا، دەربارەی سرووشت و جیهان و داڕشتنی (شارستانییانەی) لەژمارەنەهاتوودا، ئەو ئایەتانەی کە لە نێوان ئاسانیی و تێر و تەواویی و دروستکردندا هاتوچۆ ئەکات. ئەم بابەتە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەگاتە سنوورێك لە (قورسایی) و لە (فراوانی)، بە جۆرێك، زۆربەی سوورەتەکانی خاڵی نین لە باسکردنی ڕووداوێکی مێژوویی، یان ئاماژەیەکی کتوپڕ بۆ ڕووداوێك، یان دووپاتکردنەوەی یاسایەك، یان ڕێگەیەك، کە بەهۆیانەوە جموجووڵی مێژوو پێك دێت[1].

ئیسلام ئایینێکە، هەڵگری ڕۆحێکی مێژووییە. لە خودی خۆیدا، بیرۆکەیەکی مێژوویی قووڵی هەڵگرتووە. عەقیدەی ئیسلامی خۆی بە تازە نازانێت، بەڵکو خاوەن ڕەگ و ڕیشەیە لە مێژوودا. ئەو عەقیدەیەش: ﴿مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ﴾ [سورەتی حەج:٧٨]، واتە: (ئیبراهیم ناوی ئێوەی ناوە مسوڵمان، بەر لەوەی قورئان ئەم ناوەتان لێ بنێت). بۆیە یەکتاپەرستی فیکرەیەکە لە ئەزەلەوە لە دەروونی مرۆڤایەتیدا هەیە، ئایینی ڕاست (حەنیفیەت)ە، جوو و نەسرانیەت و ئیسلام، هەموویان یەك ئایینن، ئەڵقەکانیان بە تاهەتایی پێکەوە بەستراوە.

زانراوە ئەوەی ئەگوزەرێ، ئەوانەش هەر لە سەرەتای دروستبوونەوە لە ڕووداوەکانی سەر مرۆڤایەتی لەسەر زەوی گوزەراون، پلانێکە تا ڕۆژی قیامەت ئەندازەی بۆ کێشراوە و خوا ویستویەتی بۆ دروستکراوەکانی: ﴿وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾[الصافات: ٩٦] واتە: (خوا خۆتان و کردارەکانتانی دروستکردووە) یان ئەفەرموێت: ﴿بَلْ لِلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا﴾ [الرعد:

---

[1] د.عمادالدين خليل، التفسير الاسلامي للتاريخ، دار العلم لملايين، بيروت ـ ص٥.

٣١]، واتە (هەموو کاروبارەکان بە دەست خودان)، یان ئەفەرموێت: ﴿وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الْأَمْرُ كُلُّهُ﴾ [هود: ١٢٣] واتە: (کۆتایی هەموو بڕیارێك بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوە)، یان ئەفەرموێت: ﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ﴾ [السجده:٥] واتە: (خودا هەموو کاروبارەکان، بەڕێوە ئەبات، لە ئاسمانەوە، تا زەوی، پاشان هەموو کاروبارەکان بەرز دەبنەوە بۆ لای ئەو). لێرەوە تێگەیشتنی ئیسلامی بۆ مێژوو، جێبەجێکردنی ویستی خودایە، کە بەسەر خەڵکیدا جێبەجێ بووە و ڕەنگدانەوەی ئەو ویستەیە، لە ڕێگەی ئەو ڕابردووەوە دەرخستنی دواڕۆژە.

گومانی تێدا نییە، یەکەم سەرچاوەی ڕەسەنی مێژووی ئیسلامی ئەو کتێبەیە، خودا ناردوویەتی بۆ سەر پێغەمبەر، محمدی کوڕی عەبدوڵا، (درووود و سەلامی خودای لەسەر). لە دوای ئەو لە گرنگیدا سوننەتی پێغەمبەرە، کە ڕێباز و ئادابە بێگەردەکانی ئیسلامی تێدایە. سیرەی پێغەمبەر و (درووودی خودای لەسەر) باسکردنی ئەحواڵی، ئەو کۆمەڵگەیەی تێدایە، کە پێغەمبەر و هاوەڵەکانی تێیدا دەژیان، وێناکردنێکی ڕاستگۆیانەیە، هەموو ئەو ئومێد و ژان و ڕووداو و گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا هاتوون. لەبەر ئەمە، مەترسیدارترین شتێك ڕووبەڕووی مێژووی ئیسلامی بووبێتەوە، ئەو گرووپەیە لە شوێنکەوتووانی ڕۆژهەڵاتناسان و هەڵگرانی ئاڵای فیکری ڕۆژئاوا و بانگەشەکارانی لێکنزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا، کە دەستیان بەسەر بواری پەروەردە و زانستدا گرتووە و لەناو ژمارەیەك زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی ناردنی نوێنەری ڕۆژهەڵاتناساندا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش وایکردووە، ئەبینین لاوێکی مسوڵمان شارەزایی لە ناپلیۆن زیاترە، تا خالیدی کوڕی وەلید و تاریقی کوڕی زیاد.

به مەبەستی بەرزڕاگرتنی ڕەگەزپەرستی، یان دەمارگیریی، ئەیانەوێت لە چوارچێوەیەکی خۆجێی، یان هەرێمایەتی، یان نەتەوایەتی، یان نیشتیمانپەروەریی، یان ڕەگەزپەرستیدا، ڕاڤەی مێژووی ئیسلامیمان بۆ بکەن، لەگەڵ ئەوەی ئیسلام بانگەواز ئەکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای برایەتیی مرۆڤ لە جیهاندا. هەروەها بانگەشەکردن، بۆ بەستنەوەی مێژووی تازە بە مێژووی کۆنی پێش ئیسلام، جا ئەوە مێژووی نەفامی بێت، یان فیرعەونی بێت، یان فینیقی بێت، ئەوە بانگەشەکردنە بۆ کارێکی مەحاڵ، چونکە ئیسلام دوای چوارده سەده زاڵ بووە بەسەر گۆڕەپانی فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕوحی و دەروونیی مرۆڤایەتیدا، هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوانەی ڕابردوودا بە جۆرێك پچڕاندوە، ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نەبێت.

ئێمە ئەزانین، ئەو کەلەپوورە فیکرییانەی پێش ئیسلام هەبوون، جا بابلی غەننوسی[1] بووبێت، یان کەلەپووری فارسی بتپەرستی بووبێت، یان کەلەپووری یۆنانیی ماددی بووبێت، لەسەر یەکتاپەرستی، یان دادگەری، یان بەزەیی بنیادنەنراوە، بەڵکو هەوڵێك بووە لە لایەن مرۆڤەکانەوە دراوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ویست و چاوبرسیەتی و حەز و ئارەزووەکانیان. لە پێش هەموو ئەوانەوە، کەلەپووری ئایینەکان تاکە ڕووناکیەك بووە،

---

[1] غەننوسی: زاراوەیەکی تازەیە، بە چەند ئەفکار و مەعریفەی ئایینە کۆنەکان ئەوترێت، ڕێبازێکی ئایینیی فەلسەفی و عیرفانییە، خواناسییان خەملاندنە، نەك لەسەر بنەمای ئایینی، لە سەدەی یەك و دووی زایینیدا لەناو کۆمەڵگە جووەکاندا سەری هەڵداوە، باوەڕیان وایە بوونەوەر لە پەروەردگاری بەرز پێکهاتووە، کە خودا تیشکی خۆی خستۆتە لاشەی مرۆڤایەتییەوە، بە غەننوسیەت ئەو تیشکە ئازاد دەکرێت، بەناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوا هەبووە. وەرگێڕ.

مرۆڤایەتی لە ڕێگەیدا ناسیوێتی، مەخابن ئەم کەلەپوورە ڕاڤەکردنی درۆینە و بانگەشە سەرلێشواوەکان هەوڵی لەناوبردن و لەتوپەتکردن و دەرهێنانی ناوەڕۆکەکەیان داوە، ئەوە بوو کاتێك ئیسلام هات، ئەو خەرمانە گەورە بەکەڵکە، لە زانست و تێگەیشتن و ئیمان و ڕووناکییەی دایەوە بە مرۆڤایەتی، تا لە تاریکی دەریان بکات و بیان بات بەرەو ڕووناکی، تەنها ئەم دەستکەوتە بوو لەو کاتەدا، کە زۆربەی پارچەکانی جیهانی گرتەوە و ئاسۆی بەرەو سەرهەڵدان و شارستانیەت برد. ئەمە و شارستانیەتی ئیسلامی پوختەی هەموو بیرۆکە کۆنەکانی پاڵاوت، ئەوەی بەکەڵك هات خستییە قاڵبی شارستانیەتی ئیسلامییەوە، ئەوانەشی خراپ و گەنیو بوون، وازی لێهێنا.

ئا لێرەوە شارستانیەتی ئیسلامی و ئەو زانایانە، عەرەب نەبوون، فارس نەبوون، تورك نەبوون، بەڵکو مسوڵمان بوون، فیکرەی یەکتاپەرستی بیرکردنەوەیانی پێکهێنابوو، کەلیمەی قورئان دڵ و دەروونیانی پڕ کردبوو، بانگەوازی خودا بۆ ڕوانین لە ئاسمانەکان و زەوی، ڕۆحیانی ئاوەدان کردبۆوە، ئەو زانایانە هەرچێکیان بەرهەم هێنابێت لە کەمەرەی قورئان و ئیسلامەوە بەرهەمیان هێناوە، نەك لە کەمەرەی وڵات و کەلەپووری خۆیان، لەبەر ئەوەی ئیسلام عەقڵ و دەروونی هەڵگرانی و هاوەڵەکانی، بە شێوەیەکی تازە داڕشتۆتەوە و بە جۆرێکی تازە، کە ڕۆحی ئیسلامە پێکی هێناون و بەرهەمەکانیانی لە کرۆکی ئەم ڕۆحەوە سەرچاوەی گرتووە، ئا لێرەوە، ئەم پێکهاتە دەروونی و عەقڵیە ڕەنگدانەوەی ڕەگەز و برایەتیی ئیسلامی بووە[1].

---

[1] محمد عبدالغني حسن، صراع العرب خلال العصور، دار العلم العرب، القاهرة، ص٣: ص١٨.

زانایانی مسوڵمان، چەند وێنەیەکی جۆراوجۆریان لە نووسینەوەی مێژوودا هەبووە، باس لەوانەیان ئەکەین مێژووی جیهان و هەرێمەکان و شارەکانە. لەم بوارەدا لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچیدا سێ جۆر لە مێژووەکانی جیهانمان دەست ئەکەوێت، کە لە پێشیانەوە کتێبی: (الاخيار الطوال- لابي حنيفة الدينوري)یە، کە مێژووی خاوەن کتێبەکان و فارسەکان و عەرەبی جاهیلی و پاشان مێژووی سەرەتای ئیسلام ئەگرێتەوە، کە ئەم بەشەش لە ڕووی بایەخپێدانی بنەڕەتی بەو سەردەمە، وەکو بەشەکانی تری کتێبەکە وایە، پاشان بەکورتی بەپێی بوونیان بە خەلیفە، باسی مێژووی خەلیفەکانی کردووە. یەکەم جۆری ئەو سیانە، لە مێژووە جیهانییەکان: (تأريخ اليعقوبی)یە، کە لە پێشەکییەکەیدا چەند پەڕەیەکی لێ ون بووە، کە باسی چیرۆك و بەسەرهاتی درووستبوون ئەکات، بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ مێژوویی پێش ئیسلام، مەنهەجەکەی بەپێی بنەمای بەدواییەکداهاتنی کەسەکانە، وەکو پێغەمبەران و پاشاکانی داناوە، لەوێدا یەعقووبی مێژووی ڕۆشنبیری ئەخاتە جێگەی مێژووی سیاسی، بەم شێوەیە تا بەشی دوو، کە باسی مێژووی ئیسلامی ئەکات، بەردەوام بووە. باسی کۆمەڵێك مەراجیع و سەرچاوە ئەکات، کە بەکاری هێناوە، بەڕاست کتێبخانەیەکی مێژوویی دەوڵەمەندی بە مەعریفە و زانست و سیرەی پێغەمبەر (دروود و سەلامی خوای لەسەر)، نووسیووە. لە پاشماوەی کتێبەکەدا، باسی مێژووی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی کردووە، هەندێك کات، چەند ڕووداوێکی لە ساڵێکدا کۆ کردۆتەوە.

بەڵام (تأريخ الامم والملوك ـ طبري) ـ لای زۆرێك لە مێژوونووسان ـ لە کتێبەکەی یەعقووبی، بەبایەخترە. تەبەری کتێبەکەی بە وردەکاریی و

بەرهەم و میتۆدی لۆژیکییەکان (المتکلمون) ڕازاندۆتەوە، لە قسەکردنی لەسەر ژیانی پێغەمبەر، لەو ڕووداوانەی ڕووبەڕووی پێغەمبەر بۆتەوە (دروودی خودای لەسەر)، شوێن پێی نووسەرانی سیرەی هەڵگرتووە، لەو بەسەرهاتانەی ڕووبەڕووی پێغەمبەر بۆتەوە (درووود و سەلامی خودای لەسەر)، ڕیزبەندیی کاتی بەکار هێناوە، بەتایبەت لە کاتی کۆچکردنیەوە بۆ مەدینە. لە شێوەی هەواڵدا ڕووداوی هەموو ساڵەکانی باسکردووە، بایەخی بە باسکردنی سەرچاوە و زنجیرەی ڕووداوەکان داوە، بەڵام ڕێکخستنەکانی بەگوێرەی ڕیزبەندیی کاتەکانە و لەسەر میتۆدی ساڵنامە (منهج الحوليات) ڕۆیشتووە.

سێیەم کتێبی مێژوویی گەورە، کە لەو ماوەیەدا نووسراوە، کتێبی: (*مروج الذهب ـ للمسعودی*)، ئەویش کتێبێکی ئەدەبییە، باس لە مێژووی درووستبوون، هەر لە سەرەتاوە تا کاتی خۆی دەکات. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر هەواڵی پاشا و دەسەڵاتدارانی پێش ئیسلام. پاشان باسی پێغەمبەر و (دروودی خودای لەسەر) خەلیفەکان ئەکات، پاشان لەبارەی سەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکانەوە ئەدوێت.

ئەکرێت بوترێت کتێبەکانی یەعقووبی و تەبەری و مەسعودی، لەو کاتەدا نموونەی مێژووی جیهانی ئیسلامیی بوون. لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە، ماوەیەك ئەزموونی مێژوویی وەستا، ئەوەی مایەوە، مێژوویەکی جیهانی گەورە بوو لە زمانی عەرەبیدا، ئەویش کتێبی (المنتظم– لابن الجوی)یە، کە لە دابەشکردنی کتێبەکەیدا، جیاوازیی خستۆتە نێوان ڕووداوەکان و مردووەکانەوە، ئەوەی کۆتایی، کە مردووەکانە، خستۆتە دوای کۆتایی هەموو ساڵێك و بەگوێرەی ئەلیف و با ء، ڕێکی خستووە. هەر

وەکو دووبارە ئیبنول جەوزی بۆ ئەوانەی کاتیان نییە، یان حەوسەڵەی لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی یەکەمیان نییە، چەند کورتکراوەیەکی مێژوویی ئەومان دەست ئەکەوێت، کە هەموو هەواڵە پێویستەکان لەخۆدەگرێت، لەو کورتکراوانە: کتێبی (*شذور العقود*)، کە ئیبنول جەوزی کتێبی (*المنتظم*)ی تێدا کورت کردۆتەوە.

لێرەدا لەبارە بۆمان ئاماژە بەوە بکەین، نووسینەوەی مێژووی جیهان، وەکو میتۆدێك لە میتۆدەکانی نمایيشی مێژوویی لای مسوڵمانان بە قۆناغی بەکارهێنانی ڕۆژژمێرەکاندا ڕۆیشتووە، نموونەش بۆ ئەمە لە کتێبی: (*الآثار الباقية– للبيروني*)یە. هەر وەکو لە سەدەی حەوتەمەوە لێشاوێك کتێبی مێژوویی دەرکەوتن، کە هەڵگری ڕێڕەوی میتۆدی ئایینی بوون، باشترین نموونەش بۆ ئەوە کتێبی: (*البداية و النهاية* ـ لابن كثير)ە.

بەڵام مێژووی خۆجێیی لای زانا مسوڵمانەکان، ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگە جۆربەجۆرانە بووە، کە جیهانی ئیسلامیی لێ پێکهاتووە. لەوانە: (تأريخ بغداد ـ لاحمد بن ابي طاهر طيفور) و (تأريخ الموصل ـ لابن الأثير) و (الخطط ـ للمقريزي) و (حسن المحاضرة ـ للسيوطي) و (زبدة الطلب في تأريخ حلب ـ لابن العديم). هەروەها کتێبی: (*الاكليل* ـ للهمداني)، هەروەها کتێبی: (*انباه الرواة* ـ للقفطي). هەروەها کتێبی: (*تأريخ قرطبة* ـ لاحمد بن محمد الرازي) و کتێبی: (*تحفة ذوي الالباب* ـ للصفدي) و کتێبی: (*فتوح مصر والمغرب* ـ لابن عبدالحكم)ە.

سەبارەت بە مێژووی شارەکان، زۆرێك لە زانا مسوڵمانەکان، لەبارەیانەوە نووسیویانە، لەوانە: ئەلئەزروقی و ئەلفاکیهی (في تأريخ مكّة)، ئەلفاسی لە (شفا ءالغرام)دا، هەروەها ئەلقوشەیری لە کتێبی: (*تأريخ رقة*)دا،

ئیبنو عیسا له (حمص)دا، ئیبنول عەساكیر له (*تأریخ دمشق*)دا، جگه لەمانەش زۆری تر.

عەرەب گەلێکی نەخوێندەوار بوون، نووسین لەناویاندا کەم بووە، تەنانەت مێژوونووسەکان باسی ئەکەن، کاتێك ئیسلام له مەککەدا دەرکەوت، جگه چەند کەسێکی کەم، که له (٢٠) کەس کەمتر بوون، کەسی تریان نووسینیان نەدەزانی، لەوانەی که نووسینیان دەزانی: عومەری کوڕی خەتتاب، عوسمانی کوڕی عەففان، عەلیی کوڕی ئەبی تالیب، یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان، براکەی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و باوکیان ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب بوو، بەڵام له مەدینەشدا نووسین له نێوان ئەوس و خەزرەجدا کەم بوو، هەروەها لەوانەی لەوان نووسینیان ئەزانی: سەعدی کوڕی عوبادە، مونزیری کوڕی عەمر و زەیدی کوڕی سابیت بوو[١].

گومانی تیدا نییه، ئەو دەسمایه گەورە و قەبەیەی کتێبە (مێژووییەکان)، هەر له سەرەتای سەردەمی نووسینەوە له کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچییەوە بۆمانی دووپات ئەکاتەوە، که مسوڵمانان بایەخێکی گەورەیان به مێژوو داوە، ئەو بایەخپێدانه بەکەمی لای غەیری ئەوان دەستمان ئەکەوێت.

له ڕاستیدا مسوڵمانان له مێژوودا شەیدای نووسین بوون، به چەندین ڕێگەی هونەری لقوپۆپ و بەشی هونەریی زۆریان لێ کردۆتەوە، ئەبینین له مێژووی عەرەبیی کۆن و تازەدا نووسیویانه، له ڕۆژگاری عەرەبی نەفامی و ئیسلامدا نووسیویانه، له غەزاکانی پێغەمبەر و (دروودی خودای لەسەر)

---

[١] د.احمد السعيد سليمان، تأريخ الدولة الاسلامية ومعجم الدولة الحاكمة،، دار المعارف، ص١٠: ص١٧.

سیرەکەیدا نووسیویانە، لە سەرکەوتن و مێژوویی ناوداران و پلەوپایە و چینەکانیاندا (الطبقات)دا نووسیویانە، بە هەمان شێوە لە مێژووی شار و ئاوەدانی و هێڵکێشان و ڕووپێویدا نووسیویانە، لە مێژووی سیاسیی گشتی و تایبەت و لە مێژووی نوێنەر و پاشاکان و لە ڕەچەڵەك و مێژوویی هۆزەکاندا نووسیویانە، بەڵکو هەندێکیان لە فەرهەنگی گشتیدا نووسیویەتی، کە مێژووی سەرەتای دروستبوون، تا سەردەمی خۆیانی بەبێ پچڕان گرتۆتەوە.

(هەندێك لە مێژوونووسان) ـ سەبارەت بە سەرەتای نووسینی مێژوو-بەهەڵەداچوونێکی زانستییان لا درووستبووە، پوختەکەی ئەوەیە مێژووی فەرموودە و زانستەکانی تر لە سەرەتاوە، تا ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی، نەنوسراوەتەوە و لێك نەدراوە، بەڵکو گێڕانەوەی دەماودەم بووە. هۆکاری ئەم هەڵە و لێتێکچوونەش، تێکەڵکردنی نێوان سێ پرۆسەی بەدوای یەکدایە، کە ئەو زانیاری و مەعریفانەی خەڵکی دەساودەسیان پێکردووە بەو سێ پرۆسەیەدا تێپەڕیوە، هەروەها پلەبەپلە رۆشنبیرییەکی کەڵەکەبووی لایان پێکهێناوە، ئەم شیکارییەش زیاتر دەریدەخات:

**پرۆسەی یەکەم:** پرۆسەی گوێگرتنی ڕاستەوخۆیە لەو شایەتانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ڕووداوە مێژووییەکەوە هەبووە، کە زۆربەی زانیارییە سەرەتاییەکانی مێژووی ئیسلامی بەپوختی لە ڕێگەی پرۆسەی گێڕانەوەی دەمییەوە هاتووە.

**پرۆسەی دووەم:** پرۆسەی پاراستنی زانیارییەکانە، کە تەنها لە ڕێگەی بیر و هۆشەوە نەدەگەیشتە ئەنجام، بەڵکو زۆربەی کات لەلایەن کەسەکانەوە لە ڕێگەی تۆمارکردن و نووسینەوە بووە.

پرۆسەی کۆتایی: پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکانە بۆ ئەوانی تر، کە پرۆسەیەکی دەمی بووە، زانایان لە گواستنەوەیدا سوور بوون لەسەر وردەکاریی ڕەها، ئا ئەوە بووە بایەخدانی بە نامە نووسراوەکانی لە بەرانبەر گێڕانەوەی دەماودەمدا دواخستووە بۆ پلەی دوو.

بیرۆکەی مێژوو: (هەواڵ ـ ڕۆژگار ـ گێڕانەوە ـ ژیاننامە ـ ڕەچەڵەك و بنەماڵە ـ وتەکان ـ ئەفسانە و بەسەرهات)، لە پێش ئیسلامدا لەژێر ئەم حەوت ناونیشانەدا باو بووە، بە هەمان شێوە فەلسەفەی مێژوو لە پێش ئیسلامدا، لەژێر ناونیشانی (پەنددا) باو بووە، بە کردەوە بە (پەندلێوەرگرتن) جێبەجێیان کردووە. کاتێك ئیسلام هات، (تێڕوانینی مێژوویی) پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و قایمی لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا بەست. ئەو ئایەتە قورئانییانە چەند زۆرن وامان لێ ئەکەن، بەدواداچوون بۆ مەودای ئەو پانتاییە فراوانە بکەین، کە قورئانی پیرۆز بەخشیویەتی بە تێڕوانینی مێژوویی، ئا لێرەوە مادام هەمیشە کتێبەکەی خودا، لەو ژێیە هەستیارە ئەدات و داوا لە وردەکاران و لێکۆڵەرەوان ئەکات خوێندنەوەیان بۆ مێژوو، سەبارەت بە چارەنووسی جێگە و جووڵەی مرۆڤایەتی ئەنجامی کۆتایی هەبێت، ئا لێرەوە ڕاڤەی ئیسلامی کارێکی بەڵگەنەویستە[١].

توێژینەوەکانی (شبرەنگەر) و لێکۆڵینەوەکانی، کاریان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کۆکردنەوەی مێژووی یەکەم هەیە، لەمەوە ئەکرێ بوترێت توێژینەوە مێژووییەکانی یەکەم، گەلێك فراوان بوون، زیاتر لە شەش سەد توێژینەوە و نامە بووە، نزیکەی (دوو لەسەر سێی) ئەوانە: مەدائینی و ئەبو میخەننەف و ئەبو عوبەیدە و ئیبنول کەلبی نووسیویانە، ئەوەش

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٢٨– ٣٠.

کەرەستەیەکی مێژوویی دەوڵەمەندە، ئەم زانستەی لەسەر بنچینەیەکی زانستی سەرەتا ڕاگرتووە، ئەم زانیارییانە بەگوێرەی ئاستی مێژوونووس و گێڕەرەوە (الرواة) شێوازی جۆراوجۆری وردەکاری و دروست و فراوان و گشتگیریان هەیە. ئەگەرچی گێڕانەوەی مێژوویی هەبێت، یان چەند کتێبێك نووسرابێت بۆچوونی دەستە و تاقمە سیاسی و مەزهەبی و ئایینییە جیاجیاکانی تێدا بێت، بەڵام وا دەرئەکەوێت، هەندێك شار و ئاوەدانی و هەندێك لە هۆزە عەرەبەکان و هەندێك لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی دەوڵەت، بەشدار نەکراون لە نووسینەوەی مێژوودا. ئەوەی تێبینی ئەکرێت تەنها مەدینە و بەسرە و کوفە شوێنی نووسینەوەی مێژوو بوون، دوای ئەوانیش (لەم بوارەدا)، میسر و شام (دیمەشق) دێن، لە کاتێکدا بەغدا دەرکەوت، ئیتر بوو بە جەمسەری پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو[١].

شایانی باسە، هەموو نووسینەوە مێژووییەکان، لەسەر بنچینەیەکی ئیسلامیی پوختە کراون، هەر وەکو بۆ چاکتر ڕێکخستنی لەسەر بنچینەی ڕۆژژمێری ئیسلامیی کۆچی، کە زوو سەریهەڵدا، ڕێك خراوە. لەبەر ئەوە ئەگەینە ئەو قەناعەتەی پرۆسەی کۆکردنەوەی مێژوو، کاتێك سەریهەڵدا، بەتەواوەتی لە مێژووی گەلەکانی تر، لە ڕووی بابەت و پیاو و کەسەکانییەوە سەربەخۆ بووە و ڕۆژژمێری تایبەت بە خۆی هەبووە. بۆیە (مێژووی ئیسلامی) درێژەپێدەر، یان لکێنراو نەبووە بە مێژووە کۆنەکانەوە، بەڵکو مێژوویەکی ئیسلامیی پوخت بووە، بە شێوەیەکی سرووشتی و سەربەخۆ لەناو گەشەی ڕۆشنبیریی ئیسلامی و مەوداکانیدا و لە

---

[١] فلهوزن ماي، تاريخ الدولة العربية من ظهور الاسلام الى نهاية الدولة الأموية، ج٢ سنة ١٩٦٨، ترجمة د.محمد ابو زيد، ص٣٥: ٤٥.

چوارچێوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی و تایبەتمەندییەکانیدا گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە[1].

بە شێوەیەکی گشتی، ئەتوانین ڕەگوڕیشەی هەموو کتێبەکانی ژیاننامە و چینەکان (الطبقات) لە کتێبەکانی ژیاننامەی یەکەمدا بەردەست بخەین، هەروەها وێنەی یەکەمی مێژووە بەناوبانگەکانمان لە کتێبەکانی هەواڵ (الاخبار)دا دەست بکەوێت، هەر وەکو ئەتوانین، بیرۆکەی مێژوو بەگشتی و مێژووی ساڵنامە لە لایەك بگێڕینەوە بۆ بیرۆکەی ئوممەت لای مسوڵمانان، لە لایەکی تریشەوە، بیگێڕینەوە بۆ ئەو تێڕوانینە جیهانییە یەکگرتووەی، لە ڕێگەی زنجیرەی پێغەمبەران و یەکسانیی مرۆڤەکانەوە، لای مسوڵمانان سەریان هەڵداوە[2].

وا دەرئەکەوێت زانینی (مێژوو) لای خەلیفە، یان ئەمیر، یان حوکمڕان، بە شێوەیەکی گشتی، ئامانجێکی سەرەکی بووە، مەبەستیش لەو زانستە بۆ تێکەڵکردنی ئەفسانە و ڕەنگکردنی بە ناڕاستی و کات بەسەربردن، یان گوێگرتن لە هەواڵ و ڕووداو و بەسەرهاتەکان بۆ کاتکوشتن نەبووە، بەڵکو مەبەست لە زانینی مێژوویی، بە لێشاوێك شارەزایی یارمەتیدانی حوکمڕانەکان بووە، کە خۆی لە شەخصی خەلیفە، یان غەیری خەلیفەدا بینیوەتەوە، کە ئەو ئاگاداری و تێگەیشتنە لە ڕووداوە مێژووییە دوور و نزیکەکانی پێشی خۆی، یارمەتیدەری بوون لە حکومڕانیدا.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، بایەخی زۆری بە نووسین دەدا و ڕێنمایی مسوڵمانانی ئەکرد، گرنگیی پێ بدەن، لە بەرانبەر دیلەکانی جەنگی

---

[1] شاکر مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٨– ٨٩.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٩٠.

بەدردا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە و نووسین ئەزانن، ئەوەی کردە فیدیەیان، هەر یەکێك لەوان، دە کەس لە ڕۆڵەی مسوڵمانەکانی مەدینە، فێری خوێندنەوە و نووسین بکەن.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، بۆ کۆکردنەوەی لە کاتی دابەزینی قورئاندا، نووسینی بەکار ئەهێنا، هەروەها لە ناردنی نامەدا بۆ پادشا و دەسەڵاتدارەکان، کە لەو ڕێگەیەوە، بانگی ئەکردن بۆ ئیسلام. یەکەم کەس لە مەککە بۆی نووسی، عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح بوو. یەکەم کەسیش لە مەدینە بۆی نووسی، ئوبەیی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی سابیت بوون. کاتێك فەتحی مەککە کرا، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان مسوڵمان بوو، چووە ڕیزی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر) بۆ نووسینەوەی وەحی، ئەو کاغەزەی ئێستا هەیە، لای مسوڵمان نەبوو، بۆیە ئەو پارچانەی لەسەریان ئەنووسی، قوماش و پێست و ئێسکی پان و بەردی تەنك و لاسکی پانی خورما بووە.

## ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و شوێنەواری لە دەوڵەمەندکردنی فیکری مێژووییدا لای مسوڵمانان.

وەکو ڕاستییەك مێژووی مسوڵمانان، لە ڕووی بایەخپێدان و گێڕانەوە و نووسینەوە، قەرزاری ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و هەواڵی بەسەرهاتەکانێتی. خەمخۆریی مسوڵمانان بۆ شارەزابوون لە هەواڵی محەمەد (دروودی خودای لەسەر)، پاڵی بە کۆمەڵێك لە ڕیوایەتزانەکانەوە نا، لە ڕێگەی گێڕانەوەی دەمییەوە، پاشان لە ڕێگەی نووسینەوە، پارێزگاریی لەو هەواڵانە بکەن و بڵاویان بکەنەوە.

تەنها ڕەگەزی خۆشەویستی و ڕێکخستن، هۆکاری بایەخدان بە سیرەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) نەبووە، بەڵکو ئەو کودەتا گشتگیرەی پێغەمبەری بەڕێز (دروودی خودای لەسەر)، لەنێو دوورگەی عەرەبیدا پیادەی کرد، پاڵی پێوە نان شارەزایی لە سیرە و هەنگاو بە هەنگاوی جیهادەکەی پەیدا بکەن، لە سەرووی ئەمەشەوە، ڕەگەزی (بەرژەوەندیی گشتیی ئیسلامی) پاڵنەرێکی تر بووە. هەر وەکو هەڵوێستەکردن لەسەر وتە و کردارەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بۆ شوێن پێهەڵگرتنی لە تەشریع و ڕەفتاری جوانی زۆر پێویستن لە ژیاندا پشتیان پێ ببەسترێت. هەروەها غەزاکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و هاوەڵانی چەندین ئەحکامیان لەخۆ گرتووە، کە مسوڵمانان، بۆ ئێستایان لێی سوودمەند ئەبن، وەکو دانانی ناونووسین لە ئەنجامی غەزاکاندا بۆ ئەوانەی یارمەتی ئەدرێن، یان شارەزابوون لە ڕۆڵی کەڵەپیاوان، لە جموجووڵ و غەزاکاندا بوو بە زانستێك، زیاتر خەڵکیان بەرچاوڕوون کردەوە.

بایەخدان بە سیرەی پێغەمبەر و هاوەڵان و شوێنکەوتووان، گوازرایەوە بۆ چەند (دەستەیەکی) تری تایبەت لەوانەی خەریکی زانستێك، یان هونەرێك، یان پیشەیەکن، وەکو نەحوزانەکان، یان شارەزایانی فیقە و فەرموودەناسەکان و ڕاڤەکارانی قورئان، پاشان گەیشتە شاعیرەکان و پزیشکەکان و ئەهلی تەسەوف، پاشان گوازرایەوە بۆ والییەکان و قازییەکان و ئەدیبەکان، ئەو شوێنەش کتێبەکانی (الطبقات)ە، کە بایەخ بە ژیاننامەی کەسانێك ئەدات، یەك کار و پیشە، یان یەك ڕێڕەو، یان یەك ناونیشان کۆیان ئەکاتەوە.

هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، لە هەموو کەس مکوڕتر بوون چاوی لێ بکەن و شوێنەوارەکانی هەڵگرن، هەر کەسێك لەوان نووسینی بزانیبایە، ئەو شتانەی تۆمار ئەکرد لە پێغەمبەر بیان بینایە، یان بیان بیستایە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ڕێگریی ئەوەی لێکردن، تا هەموو بایەخیان بە قورئانی بەخشندە بێت. تاوەکو ئەوە سەر نەکێشێت بۆ تێکەڵبوونی هەندێك لە فەرموودەکانی بە هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان. پێغەمبەر ڕێگەی بە نووسینەوەی سوننەت نادا، مەگەر لە هەندێك حاڵەتی دەگمەن، یان بارودۆخی تایبەتدا نەبووبێت.

لە ئەنجامی ئەمەدا، هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) مکوڕترین کەس بوون لە چاوکردن لە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و شوێن ڕێنماییەکانی بکەون و دڵ و سینگیان کردبوو بە پەڕەی کاغەز و ئەو شتانەیان تێدا تۆمار ئەکرد لە پێغەمبەریان ئەبیست، یان فێری ئەبوون[1]. لەو شتەدا تا ئەوپەڕی مەبەست کێبڕکێیان ئەکرد. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، شوێنی تایبەتیی هەمیشەیی نەبوو لێی دابنیشێت، بۆ ئەوەی هاوەڵەکانی زانیاری وەربگرن، بەڵکو ئەهات و ئەڕۆیشت، سەفەری ئەکرد و ئەمایەوە[2]. هاوەڵەکانی دەوریان ئەدا، تاوەکو شتێکی لێ وەربگرن و تینوویەتییان بشکێنێت و دڵیان گوشاد بکاتەوە، هاوەڵانی پێغەمبەر هەیانبوو وەکو ئەبو هورەیرە و ئەبوبەکر (خودا لێیان ڕازی بێت)، لە سەفەر و مانەوەدا، لە لادان و ڕۆشتنیدا، لێی جیا نەئەبوونەوە. هی وایان هەبوو پێداویستی ناچاری ئەکرد، بۆ جێبەجێکردنی ئیشەکانی لێی دوور بکەونەوە،

[1] د.حسن ابراهيم، تأريخ الاسلام السياسي والديني و الثقافي والاجتماعي، ج٢، ط١٩٦٤/٧.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ١٣: ٢٤.

لەوانە هەیان بوو لەگەڵ دراوسێکەی، یان هاوەڵەکەی پێکدەهاتن، ئەو ماوەیەی لەوێ نییە ئەو شتانەی پێغەمبەر ئەیلێت، یان ئەیکات، بۆی بێنێتەوە، هەرکات یەکیان بینی بۆی باس بکات، بۆ ئەوەی ئەویش لە سنگیدا بیهێڵێتەوە، پاشان بە وردی و بە تێگەیشتن و بە مکوڕی و ئەمینی بەوانی تری بگەیەنێت[1]. ئەوانەش بە زەحمەت ئەگەیشتن و شوێنیان دوور بوو، ئەگەر کێشەیەکیان بهاتایەتە پێش، یان توانای چارەسەریان نەبووایە، هەرچەند قوربانییان بدایە، یان ماندوو ببوونایە ڕوویان ئەکردە مەدینەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، تا ڕووناکی لە نووری وەربگرن و خێر و شەڕیان بۆ دەربکەوێت و حەڵاڵ و حەرامیان بۆ لێك جوودا بکرێتەوە[2].

دوای ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) گەیشت بە خۆشەویستی بەرز و بەبەزەیی، سەردەمی خەلیفە سەرڕاستەکان هات، بایەخیان لە کۆکردنەوەی قورئانی بەرز و بەرێزدا و نووسینەوەی لە یەك موصحەفدا و دابەشکردنی بەسەر هەموو شارە ئیسلامییەکاندا چڕ بۆوە.

هەروەها دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، هاوەڵان و شوێنکەوتووان، زیاتر لە بەڵگەیەکیان لەسەر پێگە و بەهای پیاوە ناودارەکان لە ڕێنمایی ڕووداوەکان و باشکردنی چارەنووسیان خستە ڕوو. خودی ئیسلامیش، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی واقیعەوە، ئەم تەوژمە فیکرییەی توندوتۆڵ کرد، ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾ [الاحزاب: ٢٣]، واتە: (لەناو باوەڕداراندا کەسانێك هەن، ڕاستیان کرد لەو پەیمانەی دابوویان

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢٨: ٣١.

[2] د.عبدالمنعم ماجد، المرجع السابق، ص١٥: ص١٨.

به خودا، هەندێکیان بەڵێنی خۆیان بەجێهێنا، هەندێکیشیان چاوەڕوانن، هیچ گۆڕانێکیان نەکردووە). لە فەرموودەی پایەداریشدا هاتووە: ((إن لله رجالاً اذا ارادوا اراد))[1] واتە: (هەندێك كەس هەیە ـ زۆر بەندەی خودان ـ خودا ئەوە ئەكات كە ئەوان ئەیانەوێت)، بەم شێوەیە ژیاننامەكان، یان مێژووی ژیان (السِيرة)، لای مسوڵمانان سەری خەملّی. ئەمەش خۆی بەسەر فیكری مێژووییدا سەپاند، بەم شێوەیە هەموو لایەكی گرتەوە و گشتگیر بوو و پەرەی سەند، تاوەكو بوو بە هونەرێك لەسەر پێی خۆی وەستا، بە نموونە وەكو ئەو شێوەیەی لای ئەبو حەییانی تەوحیدی بەرجەستە بوو.

هەرچەند لە سەدەی یەكەمی كۆچیدا، هاوەڵان و شوێنكەوتووان، بە بایەخەوە لێكۆڵینەوەی فەرموودەكانی پێغەمبەریان ئەكرد، لەگەڵ ئەوەشدا، وەكو پێشتر باسمان كرد، لە نامەی تایبەتیدا نەیان نووسیبۆوە، سەدەی یەكەمی كۆچی بەم شێوەیە ڕۆیشت، بەڵام كۆتایی ئەو سەدەیە، بەهۆی ململانێ و پێكدادانی سیاسی و جیاوازیی مەزهەبی و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی فیتنە و زۆرانبازی حەز و ئارەزووەكان لە لایەك، لە لایەكی تریش دوژمنانی ئیسلامی لە سەنگەردا بوون، بەدوای هەلێكدا ئەگەڕان و ئەوان هەموو ڕێگەكانیان ئەگرتەبەر بۆ ناشیرینكردنی ئیسلام، هەموو ئەم بارودۆخانە نووسینەوەی فەرموودەیان فەرز كرد و لایان بوو بە ناچاری[2].

خۆ ئەگەر سوننەت بەبێ نووسینەوە فەرامۆش بكرایە، بە مردنی زانایانی دەستپاك و فەرموودە پارێزە متمانەپێكراوەكان، بەرەو لەناوچوون ئەڕۆیشت. لە ڕێگەی ئاژاوەگێڕ و ئارەزووبازەكانەوە، كە ئایین بەكار دێنن

---

[1] سەنەدەكەیم دەست نەكەوت. وەرگێڕ.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ١٩: ٢٣.

بۆ گەیشتن بە مەرام و چاوچنۆکییەکانیان، ڕووبەڕوی تێکدان و گۆڕان ئەبوویەوە. بوونی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، (خودا لێی ڕازی بێت)، لەو کاتەدا بۆ مسوڵمانان، یارمەتی و بەزەیی خودایی بوو، ئەو دەسەڵاتدارێکی دڵسۆز و بەتەنگ دینەکەیەوە بوو. بۆ بەرزکردنەوەی وشەی ئایین و زیندووکردنەوەی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) هاتبووە مەیدان، ئەوە بەڕوونی لەو نامەیەدا دەرئەکەوێت ناردبووی بۆ والی و کارمەندەکانی لە شار و ناوچە ئیسلامییەکاندا، کە تیایدا بەگشتی مسوڵمانان ئەدوێنێت کە ئەڵێت: ((لەوەی خودا لە کتێبەکەیدا فێری کردوون و ئەو سوننەتانەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، تیایدا هیچی دەربارەی دین و دونیا جێنەهێشتووە و بۆتانی ڕوون کردۆتەوە، لە هەموو ئەوانەدا، نیعمەتێکی گەورە و حەقێکی واجب هەیە، ئەویش سوپاسی خودایە لەسەر ڕێنمایی و فێرکردنتان لە سەر ئەو شتانەی نەتانزانیوە، هیچ کەسێك لە بەرانبەر کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەردا ڕای نییە، ئەو دووانە بەڵگەی منن، لە دونیادا و مەبەستی دوای مردنمن، ئەوانە تێکەڵ بە شتی تر مەکەن)).

دوای ئەم قسەیە، کە دڵسۆزیی لێ ئەچۆڕا بۆ کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، لە نووسینێکیدا بۆ دادوەر و کارمەندی لە شاری مەدینە ئەبوبەکری کوڕی حەزم، کارێکی ئیجابیی گەورەی کرد، کاتێك فەرمانی پێدەکات بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی سوننەت، کە پێی ئەڵێت: ((بگەڕێ بەدوای فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و بینووسەوە، چونکە من لە نەمانی زانست و ڕۆیشتنی زانایان ئەترسم)). هەر وەکو نووسیی بۆ کارمەندەکانی لە شارە گەورە ئیسلامییەکان، کە

فەرمانیان پێدەکات بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی سوننەت، ئەوانیش گوێڕایەڵی فەرمانەکەیان کرد... لەوانەی بەم کارە بەرزە هەڵسان: ئیبنو شیهابی زوهری بوو، حافیز ئیبنو حەجەر لەو بارەوە ئەڵێت: "کاتێك کەمورەیی بەدی کرا و پێشەوایان ترسی فەوتانی زانستیان لێ نیشت، دەستیان بە نووسینەوەی سوننەت کرد، یەکەم کەسێك لەسەر سەد ساڵی یەکەمدا بە فەرمانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، بەم کارە بەرزە هەستا، ئیبنو شیهابی زوهری بوو، پاشان نووسینەوە زۆر بوو، بەم هۆیەشەوە، سوپاس بۆ خودا خێرێکی زۆر پەیدا بووز"[١].

لە دروستکردنی مێژوودا، مسوڵمانان لە پێگەی ناوداران تێگەیشتبوون، بە جۆرێك لە بابەتی بوون و جوانتێگەیشتندا وێنەیان نەبووە، ئەویش لەبەر ئەوەیە پێغەمبەر لە هەموو ڕێگەیەکەوە، (پێشەنگ)ییەکی زیندووی پێشکەش کردن، بەگشتی لەبەردەم واقیعێکی مێژوویی وادا داینان کەس نەتوانێت نکوڵی لە سیرەی بکات.

لای مسوڵمانان لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا قورئان سەرچاوەی یەکەمە، بەدوای ئەویشدا فەرموودە و سوننەت دێت، لە سەرەتاوە (پێکهێنانی زانستی) مێژوو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەو دوو سەرچاوەیەوە هەبوو، لەسەر ئەم بنەمایەش زانستی مێژووی ئیسلامی، هەر لە سەرەتاوە پشتی بە لێکۆڵینەوەی (سیرەی پێغەمبەر) و هەواڵی غەزاکانی و ئەوانەی بەشدارییان تێدا کردووە بەستووە. بنکەی چالاکیی ئەم جووڵە مێژووییەش، خۆی لە مەککە و مەدینەدا ئەبینییەوە.

---

[١] د.محسن فوزی النجار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٣: ٣٥.

مێژوونووسە یەکەمەکانی ناو مسوڵمانان، لە گێڕانەوەی مێژوودا، هاوشێوەی گێڕانەوەی فەرموودە، پشتیان بە گێڕانەوەی دەمیی بەستبوو، هەموو نەوەیەك لەوان، هەواڵەکانی لە نەوەی پێشوو وەرئەگرت. هەواڵی مێژوویی لەوانە ئەبیسترا جێگەی متمانە بوون و پشتیان پێ ئەبەسترا. ئێستا بە ئیسنادەکان ئەناسرێت، ئەوە ئامرازێك بووە بۆ کۆدەنگی لەسەر ساغی و تەندروستیی هەواڵ، هەر هەمان ئامرازە فەرموودەناسەکان لە گێڕانەوەی فەرموودەدا پەیڕەوییان لێ کردووە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مێژووی ئیسلامی، لە کاتی سەرهەڵدانیدا بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتووە فەرموودە پێیدا ڕۆیشتووە، لەسەر ئەم شێوەیە هەواڵی مێژوویی لە دوو ڕەگەز پێك دێت: ڕواتی هەواڵ بەدوای یەکدا، کە بە سەنەد، یان ئیسناد ئەناسرێت، پاشان دەقی هەواڵەکە، کە مەتنی پێ ئەوترێت.

کۆنترین کتێبە مێژووییەکان، کە فەرموودە و مێژووی پێکەوە کۆ کردبێتەوە، کتێبی سیرە و جەنگەکانە، بایەخدانی مسوڵمانان، بە وتە و کردارەکانی پێغەمبەر (درووود و سەلامی خودای لەسەر)، وایان کردووە لە تەشریعی ئیسلامی و یاسا ئیدارییەکاندا، بۆ بەرچاوڕۆشنیی خۆیان پشتی پێ ببەستن، ئەو بایەخپێدانە لە سیرە و غەزا و جەنگەکانی پێغەمبەر و لە غەزای هاوەڵەکانیدا هاندەری نووسەرەکان بووە بنووسن.

**لەو کتێبانەی لەو بارەوە نووسراون، ئەم ئەنجامانەمان دەست دەکەوێت:**

- زۆربەی نووسەرە سەرەتاییەکانی سیرە دانیشتووی مەدینە بوون، چونکە زۆربەی ڕووداوەکانی سیرە، وەکو: تەشریعی مەدەنیی و غەزاکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، لەوێ بووە، ئەو هاوەڵانەش بەدەوریەوە

بوون، لەناو هاوەڵاندا لە هەمووکەس بەو ڕووداوانە شارەزاتر بوون. ئەوانیش باسیان ئەکرد و ئەیانگێڕایەوە، دوای ئەوانیش شوێنکەوتووان لەوانەوە هەواڵەکانیان ئەگواستەوە، تاوەکو لە مەدینە و پاشان لە عێڕاق سیرە نووسرایەوە.

– هاوەڵان سیرە و غەزاکانیان وەکو بەشێك لە فەرموودە گێڕاوەتەوە، وەکو چۆن فەرموودەکانی نوێژ و ڕۆژوویان گێڕاوەتەوە، ئەوانەی دوای ئەوانیش لەوانەوە ئەیانگێڕایەوە، وەکو چۆن فەرموودەکانی خواپەرستی و مامەڵەکردنیان گێڕاوەتەوە، هەندێکیان بە هەندێکیانەوە ئەلکێنران، هەندێك لە زانایان بایەخیان بەم لایەنە (مێژوویيە) داوە، چۆن غەیری ئەوان بایەخیان بە فەرموودەی ئەحکام داوە، پاشان نووسینی سەربەخۆ لە مێژوودا کرا، دەنگوباسی سەردەمی نەفامی و ئەو هۆنراوانەی لە بەردەستی خەڵکیدا بووە لکێنران بە فەرموودەوە[١].

– نووسەرانی یەکەمی سیرە، هەمان ڕێچکەی فەرموودەناسانی یەکەمیان گرتەبەر، هەیان بوو ئیسنادی لا مەبەست بوو، هەیان بوو لای مەبەست نەبوو، ئیبنو ئیسحاق و واقیدی و هاوشێوەکانیان (لەبەر خاتری ئەوەی سەرگوزشتەی ڕووداوەکان هەندێکیان بخرێنە سەر هەندێکیان) ناچار بوون ئیسناد کۆبکەنەوە، پاشان مەتن کۆبکەنەوە، بەبێ ئەوەی هەموو بەشێکی مەتنەکە لەگەڵ سەنەدەکەی جیا بکەنەوە، لەبەر ئەمە فەرموودەناسەکان هێرشیان کردە سەریان، هەرچەند بەهانەی

[١] مەبەست لە پێکەوەلکاندن ئەوەیە لە کۆکردنەوەدا، هەموویان پێکەوە، لە کتێبێکدا کۆ ئەکرانەوە. وەرگێڕ

مێژوونووسەکان لە بایەخدان بە نماییشکردنی ڕووداوەکە بەکورتی بۆ ئاسانکاری بوو بۆ نووسەران و خوێنەران.

ڕێبازی نووسەرە یەکەمەکان لەو کاتەدا، یەکپارچەیی بابەتەکان بەدوای یەکدا بوو، ئەوان لە نووسراوێکدا هەموو ئەو فەرموودانەیان کۆ ئەکردەوە دەربارەی یەك بابەت بوون، نوێژیان تایبەت ئەکرد بە نووسراوێك، هەموو ئەو فەرموودانەی لەبارەی نوێژەوە هاتبوون لەوێدا کۆیان ئەکردەوە... هەروەها لە زەکات و ڕۆژوو و حەج و هەموو بابەتەکانی تردا وایان ئەکرد[١].

ئەوەی زانراوە ئەو کتێبانەی لەو کاتەدا نووسراون، ئێستا سەربەخۆ هیچیان نەماون، بەڵکو تێکەڵ بە دانراوە گەورەکان کراون، کە دوای ئەوان نووسراونەتەوە[٢].

**لەو زانایانەی لە شارەکاندا ناویان هاتووە:**

لە مەدینەدا ڕەبیعەتولڕەئی، کە مەوالی[٣] ئالی مونکەدیری تەیمییەکان بوو، ئەو شێخی ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس بوو، لە کاتی خۆیدا بێ چەندوچوون، شارەزاترینی خەڵکی مەدینە بوو، هەتا قاسمی کوڕی محەمەد ئەیوت، ئەگەر ئاواتەخواز بوومایە دایکم ڕۆڵەیەکی ببووایە، ئاواتم ئەخواست

---

[١] د.عبدالمنعم ماجد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١١١: ١١٩.

[٢] مولانا محمد علي، حياة محمد ورسالته، ط١ ساڵی ١٩٦٣، بيروت ترجمة: منير البعلبكي، ص٢٨: ٣١.

[٣] موالی کۆی مەولایە، لە زمانی عەرەبیدا غولام و هاوپەیمان و کۆیلەی ئازادکراو ئەگرێتەوە، پاشان لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا بەزۆری بۆ دانیشتووی غەیرە عەرەب، وەکو: فارس و ئەفریقی و کورد و تورك و بەربەر بەکار هێنراوە، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە عەرەب پلەیان کەمتر بووە، بەڵام لە ڕووی سەربازیی و ئابووریی و سیاسییەوە هەمان مافەکانی عەرەبیان هەبووە. (وەرگێڕ).

ڕەبیعەی ببوایە. لە مزگەوتی مەدینە دائەنیشت، ئاڵقەیەکی گەورەی زانایان و ناودارانی بەدەورەوە بوو، زانستیان لێ وەرئەگرت، زانایانی فەرموودە و ئەوانی تر کۆدەنگن لە متمانەداری و شکۆداری و گەورەیی و پلەی زانستی و تێگەیشتنی ڕەبیعە، ساڵی ١٣٦ك، وەفاتی کردووە[1].

لە زانایانی مەککەش موجاهیدی کوڕی جەبرە، کە مەولای قەیسی کوڕی مەخزوومی بوو، شارەزا و زانا و جێگەی متمانە بوو، فەرموودەی زۆری لا بوو، بە گەورەترین گێڕەرەوەی تەفسیر لە ئیبنوعەباسەوە دائەنرێت، تەنانەت ئەیوت: سی جار قورئانم بۆ ئیبنو عەباس خوێندۆتەوە ساڵی ١٠٢ك، وەفاتی کردووە.

عیکریمەی مەولای ئیبنو عەباس، ناوبانگێکی باڵای زانستیی هەبوو، تەنانەت لە موعەمەری کوڕی ئەیوبەوە ئەگێڕێنەوە وتوویەتی: عیکریمە هاتە لامان، ئەوەندەی خەڵك لێ کۆ بوویەوە، بۆ ئەوەی دیار بێت، بردیانە سەربانی خانوویەك، شارەزاترین کەس بووە لە تەفسیردا، ئەبو کوسەیری کوڕی عەزە لە یەك ڕۆژدا وەفاتیان کرد و لە یەك شوێندا نوێژیان لەسەر کرا، خەڵکی ئەیانوت ئەمڕۆ دوو لە فەقیهترین و شاعیرترین کەس مردن[2].

لەو زانایانەی لە کوفەدا بوون: سەعیدی کوڕی جوبەیر ناوبانگی هەبوو، کە مەولای بەنی والیبەی بەنی حاریس بوو.

لە زانایانی میسردا، یەزیدی کوڕی حەبیب مەولای ئەزد ناوبانگی هەبوو، کە موفتیی خەڵکی میسر بوو و لەیسی کوڕی سەعد و عەبدوڵڵای کوڕی لوهەیعە زانستیان لێوەرگرتوە، یەزید ڕەگەزی بەربەری بوو، لەیسی کوڕی

---

[1] تهذيب الاسماء واللغات، للنووي، ج١، ص١٨٩.

[2] طبقات ابن سعد، ج٥، ص٢١٢.

سەعد لەبارەیەوە ئەڵێت: یەزید زانا و گەورەمانە، ئەو یەکێکە لەو سێ کەسەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کاری فەتوادانی لە میسر پێ سپاردن، یەزید دوو لایەنی زانستیی کۆکردبۆوە، یەکێکیان لایەنی مێژووییە: زۆرێك لە جەنگەکانی میسر و ئاشووب و سەرکەوتنەکانی لێ گێڕدراوەتەوە، دووەمیان: لایەنی فیقهییە، زانیارییەکی زۆری لە حەڵاڵ و حەرامدا هەبوو، تەنانەت لەو بارەیەوە وتراوە ئەو لە میسردا یەکەم کەس بووە زانیاریی ناساندووە و زانیاریی دەربارەی بابەتەکانی حەڵاڵ و حەرام دەرخستووە. یەزید ساڵی ١٢٨ك، وەفاتی کردووە[١].

جێگەی گومان نییە بەسەرهاتی پێغەمبەر، زۆر لە چوارچێوەی سوننەت ناچێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی سوننەتی پێغەمبەر فەرماییشتەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و کردارەکانی و تەقریر و دانپیانانەکانیەتی، هەموو ئەو خەبەر و باسانەی دوای ناردنی لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر)، هاتووە سوننەت و فەرموودەن، لە هەمان کاتدا ژیاننامە و مێژوون، بەڵام ئەو هەواڵ و خەبەر و باسانەی لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر) پێش پێغەمبەرایەتی هاتوون، کە پێغەمبەر لە کاتی گێڕانەوەی باسەکانی ڕابردوودا، لە سەردەمی نەفامیدا هەواڵی لەبارەوە داوە، هەندێکیان وەکو: جەنگی فوجار[٢]، یان ئەوەی لەبارەی پەیمانی چاکەخوازانەوە (حلف الفضول) باسی کردووە، یان ڕووداوی سینگلەتکردن لە کاتی منداڵیدا و[٣] غەیری ئەمانەش، ئەچنە بازنەی

---

[١] النجوم الزاهرة لابي المحاسن بن تغري بردي، ج١، ص١٤٣، ٢٣٨، ٣٠٨.

[٢] بە کەسری فاء و بە ضەمی فاء، ئەخوێنرێتەوە. وەرگێڕ.

[٣] هەمان سەرچاوە، لا ٣٥: لا ٣٧.

سوننەتەوە، جگە لەمانە هەندێك لەو هەواڵانەی پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە هەیە، بەڵام لە کتێبەکانی سوننەتدا نەهاتوون، بەڵکو خەڵکی نەوە لەدوای نەوە گواستوویانەتەوە، تا دوایی لە کتێبەکانی مێژوو و سیرەدا کۆکراونەتەوە ناچنە ئەو بازنەیەوە[١].

فەرمووودەناسان مێژووی پێغەمبەریان (درووود و سەلامی خوای لەسەر)، لە چەندین فەرموودەی جیاجیادا و بەبێ ڕێکخستنی ڕووداوەکان و کۆکردنەوەی بابەتەکان نووسیوەتەوە، کاتێك فەرموودەکان لە چەند بەشێکدا ڕێکخران، ئەوەی پەیوەندیی بە هەر بەشێکەوە هەبوو، وەکو: نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج، جیهاد و غەیری ئەمانە، پێکەوە دانران، بە هەمان شێوە سیرەش بە جیا لە چەند بەشێکی سەربەخۆدا کۆکراونەتەوە، بەناوبانگترینیان بەشێکە بە ناوی (بەشی غەزا و سیرەکان)، پاشان ئەم بەشانە لە فەرموودە جیا کرانەوە و کتێبی تایبەتییان تێدا دانرا، بەڵام فەرمووودەناسەکان بەبێ جیاکردنەوە، هەمیشە لە کتێبەکانیاندا ئەیانخستە بەشی کتێبەکانیانەوە. ئەتوانیت لە صەحیحی بوخاریدا ئەوە تێبینی بکەیت، کە بەشێکی تایبەت کردووە و ناوی ناوە: کتێبی غەزاکان، هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا، بەشێکی بۆ جیهاد داناوە و ناوی ناوە: (کتێبی جیهاد و سیرە). هەروەها لە سەنەدی ئەحمەددا (کتێبی غەزاکان) هەیە، جگە لەمانەش لە بەشەکانی تر، کە پەیوەندییان بە سیرەی پێغەمبەرەوە هەیە.

---

[١] د. جمال الدين سرور، الحياة الاسلامية فى الدولة العربية والاسلامية خلال القرنين الاول والثانى للهجرة، ط ٤ سنة ١٣٩٣ هـ ( ١٩٧٣) القاهرة، ص ٥٣: ص٥٨.

ئەگەر ئیبنو شیهابی زوهری، لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا هەستابێت بە نووسینەوەی سوننەتی پێغەمبەر (درووود و سەلامی خوای لەسەر)، ئەوە دوو زانای پایەبەرزی تر ـ کە بەڕاستی ـ هەردووکیان لەناو نووسەرانی سیرەی پێغەمبەردا بەناوبانگترین و متمانەپێکراوترینن، ئەو دووانەش محەمەدی کوڕی ئیسحاق، کە ساڵی ١٥٣ك، وەفاتی کردووە، موحەمەدی کوڕی عومەری واقیدی، کە ساڵی ٢٠٧ك، وەفاتی کردووە.

زوهری یەکەم کەس بووە وشەی ژیاننامە (السیرة)ی بۆ ژیانی پێغەمبەر بەکار هێناوە، لە سیرەکەیدا غەزاکان و فەتحی مەککە و هەندێك لە باڵیۆزەکانی پێغەمبەر و ئەو وەفدانەی نووسیوە هاتوونەتە لای پێغەمبەر، هەروەها دیارترین مەشخەڵەکانی ژیانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) تا گەیشتنی بە خۆشەویستە بەرزەکەی نووسیوە.

زوهری لە پێش هەموو کەسێکەوە دەستی کرد بە نووسینەوەی زانیاریی و خەبەر و باس و گێڕاوەکانی خۆی، تا لەبارەی خۆیەوە وتوویەتی: "هیچ کەسی تر وەکو من ئەم زانستەی بلاو نەکردۆتەوە و هیچ کەسێك وەکو من نەیبەخشیوەتەوە"، هیمەت و لێبڕانی لە کۆکردنەوەی فەرمووده و نووسینەوەیدا، لە دانپێدانانی خۆی و غەیری خۆیدا دەردەکەوێت، سوودمەندبوونی لە کۆکردنەوەی فەرموودەدا ئەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی بە سیرەی پێغەمبەر و غەزاکانی، ئەو سیرەیەی ئەو هەڵقولاوی کۆمەڵێك فەرموودەیە، نەك لە دەمی ڕیوایەتزان و خەبەرزانەکانەوە وەرگیرا بێت.

ئەگەر زوهری کەمێك ڕایگرتبێتین و هەڵوێستەیەکمان لەسەر کردبێت، بەدڵنیاییەوە موسای کوڕی عوقبە و ئیبنو ئیسحاقیش، شایەنی ئەوەن کەمێك لایان بوەستین و بایەخیان پێ بدەین، موسای کوڕی عوقبە مەولای

زوبەیرییەکان بوو، پەیوەندیی بە عورروەی کوڕی زوبەیر و ئیبنو هیشامەوە لە ڕووی زانستییەوە سوودگەلێکی باشیان پێگەیاندووە، هەردووکیان زانا و شارەزای بواری غەزاکانن. موسا دوو برای زانای هەبوو، ئەوانیش: ئیبراهیم و محەمەدە ـ بچووکەکەیان کە موسایە، لە بواری غەزاکاندا، ناوبانگی دەرکردبوو ـ لێرەدا گەواهییەکی ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس لەسەری دێنین، کە ئەڵێت: "ئاگاتان لە غەزا و داستانەکانی (ئیبنو عوقبە) بێت، ئەوە ڕاستترینی باسی غەزاکانە". ئیبنو سەعد لە (الطبقات)دا نەقڵی لێوە کردووە، (تەبەر)یش لە مێژووەکەیدا، هەر وەکو خاوەنی کتێبی (الأغاني) خەبەر و باسی (زەیدی کوڕی عەمر)ی لێوە ئەگوازێتەوە، کە لە نەفامیدا باوەڕی بە خودا هەبووە و ڕقی لە بتپەرستی بووە و لە سەربڕاوی لای بتەکانی نەخواردووە، ئەم زەیدە کوڕی مامی عومەری کوڕی خەتتاب بوو (خودا لێی ڕازی بێت)، هەروەها لە باوەڕپاکەکان (الحنفاء) بوو[١]. محەمەدی کوڕی یەسار لە مەوالی بوو، لە پشتەوە بنەچەی ئەگەڕێتەوە سەر فارس، ساڵی (٨٥ك) لەدایکبووە، لە مەدینە گەورە بووە، لەو کاتەدا مەدینە کۆمەڵێك زانای پایەبەرزی لێبووە، گوێی بۆ گرتوون و زانیاریی لێیان وەرگرتوە، لەوانە: محەمەدی کوڕی ئەبوبەکر، ئەبانی کوڕی عوسمان، محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب، نافیعی مەولای عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی شیهابی ئەلزوهری... پاشان ساڵی ١١٥ك، ڕۆیشتووە بۆ میسر و گوێی لە یەزیدی کوڕی حەبیب گرتووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە و فەرموودەی کۆدەکردەوە، بەتایبەت ئەو فەرموودانەی پەیوەندییان بە غەزاکانەوە هەبووایە، تا بەوە ناوبانگی

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٧١: لا٧٥.

دەرکرد، تەنانەت ئیمامی شافیعی ئەڵێت: "کەسێك ئەیەوێت لە غەزاکاندا ببێتە دەریای زانست، ئەوە با بچێتە دەرگای محەمەدی کوڕی ئیسحاق"[١].

لە کاتێکدا غەزا و سیرەی پێغەمبەر (دروودی خودی لەسەر)، خاوەنی یەکەم چاکەکار و خاوەنی منەت و گەورەییە، لە دانانی یەکەم بناغەی مێژووی مسوڵمانان‌دا، بەدڵنیاییەوە پێویستە هەڵوێستە لە سەر غەزانامە و سەرهەڵدانی و نووسینەوەی و هەندێك لە کەڵەپیاوە دیارەکانی بکەین.

مەبەست لە غەزانامە، غەزا و جەنگەکانی پێغەمبەرە (درووود و سەلامی خوای لەسەر)، بۆ پارێزگاریی لە ئایینی تازە بەرانبەر بە موشریکەکان کردوویەتی، بەدڵنیاییەوە لە سەرەتاوە سیرەی پێغەمبەر و غەزاکانی، ئەچوونە ناو فەرمووده ڕیوایەتکراوەکانی پێغەمبەرەوە، بۆیە ئەبینین زۆربەی مێژوونووسانی غەزاکانی پێغەمبەر، سەرەتا لە فەرموودەوە سوودیان لە گێڕانەوە و ئیسناد وەرگرتووە، پێشتر بەبێ ئەوەی بەشێك کۆی بکاتەوە، یان لێکی بدات، خەبەر و باسی غەزاکان و سیرە لەناو فەرموودەکاندا پەرشوبڵاو بوو.

ئیبنو ئیسخاق کتێبەکەی بە ناوی *(المغازی)* لە کۆمەڵە فەرموودەیەك پێکیەوە ناوە، کە لە مەدینە و میسر لە شێخەکانی خۆی بیستووە. ئەو کتێبەمان بەتەواوەتی هەمووی بەدەست نەگەیشتووە، بەڵکو بەکورتی لە سیرەی ئیبنو هیشامدا بە دەستمان گەیشتووە، ئەگەر ئەو گێڕانەوانە پوخت بکەینەوە لە سیرەی ئیبنو هیشامدا دەربارەی ئیبنو ئیسحاق هاتووە، بەپوختی سیرەی ئیبنو ئیسحاقمان دەست ئەکەوێت، (ئیبنوهیشام) لە سیرەکەیدا ئەوەی بەڕوونی بەم شێوەیە باسکردووە: "خوا

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٣١: ص٣٣.

حەزکات بە باسکردنی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم دەست پێدەکەین، هەروەها ئەوانەی لە نەوەکانی ئەو پێغەمبەر موحممەدیان لێ لەدایکبووە، پشتاوپشت، پیا ئەڕۆین تا ئەگەینە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، ئەوەی دەربارەی پێغەمبەر، یان غەیری پێغەمبەر لە نەوەکانی ئیسماعیل وتراوە، بەکورتی ئەیهێنین، هەروەها هەندێك لەوانەش ـ جێدێڵین ـ ئیبنو ئیسحاق هێناویەتی و پەیوەندیی بە پێغەمبەرەوە نییە، یان لە قورئاندا شتێك دەربارەی دانەبەزیوە، هەروەها هەندێك هۆنراوە ـ واز لێدێنین ـ باسی کردووە، بەڵام کەسێکم لە شارەزایانی هۆنراوە نەبینیوە زانیاریی لەبارەوە هەبێت، خوا حەزکات بەدواداچوون بۆ ئەوانی تر ئەکەین، کە ڕیوایەتەکان بیگەیەنن و زانیاریی لەبارەیانەوە دەست بکەوێت." هەندێك خەبەر و باسم دەست لێ نەداوە، کە ئیبنو هیشام لە مێژووی تەبەریدا لایداوە و ئەدرێتە پاڵ ئیبنو ئیسحاق، واتای ئەمە ئەوەیە، ئێمە هەموو ئەوانەمان کۆکردۆتەوە لە سیرەکەیدا ئەدرێتە پاڵ ئیبنو ئیسحاق، پاشان گەڕاوینەوە بۆ ئەوەی لە مێژووی تەبەریدا هاتووە، بەم ڕێگەیە توانیومانە پەی بە زۆربەی هەرە زۆری ئەوە ببەین لە سیرەی ئیبنو ئیسحاقدا هاتووە، کە لە ساڵی ١٥٣ك، لە بەغدا مردووە[١].

لە ڕاستیدا مێژوو بە ژمارەیەك ئەرکی گرنگ هەستاوە، ئامرازێك بووە بۆ چاندنی نموونەی باڵا و ئومێدەکانی ئیسلام لە دڵی ژمارەیەکی زۆر لە مسوڵمانان‌دا، ئیسلام لە بنەما و گەشەکردنیدا دیارە ئایینێکی مێژووییە،

---

[١] د.محمد الطيب النجار، القول المبين في سيرة سيد المرسلين، القاهرة سنة ١٩٧٣، ص١٣: ص٢٢.

دووباره مێژوو یاریدەدەرە لەسەر بەزیندووڕاگرتنی یادەوەرییەکانی گەلانی ئیسلامی، بە هەموو جۆرەکانییەوە و گرنگیی کەلەپووری شارستانییان.

هەر وەکو مێژوو لە ئیسلامدا بەهۆی مێژووی ژیانی کەسایەتییەکانەوە بووە بە میکانیزمێکی کاریگەر بۆ بەرجەستەکردنی ژیانێکی واقیعی، ئەگەر وشەی شیکاریی تاکە سەرچاوەی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی و تێڕوانین بێت بۆ ژیانی واقیعی و شیکردنەوەی مرۆڤ و ئاواتەکانی، ئەوا هەردووکیان ئاماژەن بۆ بنەماکانی دەروونناسی، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا سەریان هەڵداوە. کەس نکوڵی ناکات پەرەسەندنی نووسینەوەی مێژووی تازە، لە ڕووی دەسپێشخەریی و کەرەستە و میتۆدەوە، سوودی زۆری لە کتێبە مێژووییە ئیسلامییەکان بینیووە، هەر لە سەدەی یازدەی کۆچییەوە ئەم کتێبانە یارمەتیدەری مێژوونووسانی ئەورووپی بوون، کە بتوانن بەشێکی گەورەی جیهان بە شێوەیەکی بابەتی و ڕوون ببینن.

دووبارە کەس نکوڵی نییە، مێژوویی ئیسلامی بەشدار بووە لە پێکهێنانی (وێنەی ئیسلام)، کە ئەو وێنەیە تێڕوانینی مێژوویی لای زۆرێك لە زانایانی ڕۆژئاوا وەکو: (د. هیوم، ث. وارثون، ج.ج هردر) پێکهێنا، بەوەش مێژووی ئیسلامی بە وێنەیەکی خاوێن هاوکار بووە بۆ پێکهێنانی دیمەنی تێفکرینی مێژووی ئەمڕۆ.

بە درێژایی هەموو سەدەکان بایەخدانی زانایان و مێژوونووسان و خەلیفە و ئەمیر و دەسەڵاتدارەکان بە مێژوو بەردەوام بووە، ئەو بایەخپێدانە نەپچڕاوە، چرکەیەك کەمی نەکردوە، ئەگێڕنەوە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (بەدرەدین لؤلؤ)، بەڕێوەبەر و فەرمانبەری ولایەتی موصلّ، لە مەجلیسی ڕابواردنیدا بە گوێگرتن لە هۆنراوە و حیکایەت، کاتەکانی بەسەر

ئەبرد و خۆی ئاسوودە دەکرد، هەر کە مانگی ڕەمەزان بهاتایە، کتێبەکانی مێژوو و سیرەیان بۆ ئامادە دەکرد، زەینەدینی کاتیب و عیزەدینی فەرموودەناس دائەنیشتن بارودۆخی جیهانیان بەسەردا ئەخوێندەوە[1]، ئەوترێت معاویە فەرمانی داوە بە نووسینەوەی خەبەر و باس و گێڕانەوە زارەکییەکانی خۆی، کە دوو کتێبیان لێ پێکهاتووە، یەکێکیان کتێبی: *(الملوك واخبار الماضين)*ە، کتێبەکەی تریشیان بە ناوی *(الامثال)*ە، بایەخدانی خەلیفەکانی بەنی ئومەییە بە نووسینەوەی خەبەر و باسەکان لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانەوە بە هەمان شێوە تا ئەوانەی دوای ئەو بەردەوام بوو.

دوای ئەوەی ئەمەوییەکان بایەخیان بە مێژوو دا، بایەخدانی خەلیفەکان بە مێژوو بەردەوام بوو، تا سەردەمی عەباسییەکان، خەلیفەی ئەمەویی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان و وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك، پرسیاری مێژووییان ئەنارد بۆ ڕاوی و مێژووناس (عوروەی کوڕی زوبەیر) برای (عەبدوللا و موصعەبی کوڕی زوبەیر)، عوروەش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ـ بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە سیرەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و غەزاکانییەوە هەبووایە ـ لەو فەرموودانەی کۆی کردبوونەوە وەڵامی ئەدانەوە. بایەخدانی خەلیفەی دادگەر: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە مێژوو، گەیشتە ئاستێك فەرمانی بە ڕاوی و زانای غەزا و سیرە: (عاصمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە) کرد، کە ئەنصاری و خەڵکی مەدینە بوو، لە مزگەوتی دیمەشق دابنیشێت لەبارەی غەزا و سیرەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و پایەی هاوەڵانەوە قسە بۆ خەڵکی

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٣٣: لا ٤٤.

بکات، ئەویش کارەکەی جێبەجێ کرد. ئەو ڕیوایەتزانە ساڵی ١٢٠، یان ١٢٩ی کۆچی مردووە. ئەو لەو سەرچاوانە بوو (ئیبنو ئیسحاق) خاوەنی سیرەی پێغەمبەر پشتی پێ بەستبوو، کە ئیبنو هیشام و واقیدی محەمەدی کوڕی عومەر، کە ساڵی ٢٠٧ك، وەفاتی کردووە، سیرەکەیان پوخت کردبۆوە[١].

خەلیفەی عەباسی و سەرکردەکانیان، بایەخیان بە مێژوو لە ئەمەوییەکان کەمتر نەبوو، ئەبو جەعفەری مەنسور داوای کرد (ئیبنو ئیسحاق)، نووسەری سیرەی پێغەمبەر، سەردانی بکات، ئەوە بوو داوای لێکرد هەڵسێت بە نووسینی کتێبێك لەسەر مێژووی گشتی، بۆ مەهدیی کوڕی، کە هەر لە درووستبوونی ئادەمەوە تا کاتی خۆی تێدا بێت، ئیبنو ئیسحاقیش بەو ئەرکە هەستا، ئەوە بوو کتێبی ناوبراوی نووسی، مەنسور بە درێژی زانی، فەرمانی پێکرد کورتی بکاتەوە.

مێژوونووس و خەبەرزان و ڕوواتەکان، لای عەباسییەکان نزیك بوون و جێگەیان لە پێشەوە بوو، کاتێك خەلیفەی عەباسی: (مهدی) زیارەتی مەدینەی پێغەمبەری (درووودی خوای لەسەر) کرد، ناوبانگی (ئەبو مەعشەری سەندی)ی چیرۆکبێژی بیستبوو، کە ناوی نوجەیح بوو، بانگی کرد و لەگەڵ خۆی بردی بۆ بەغدا، مانگانەیەکی بە ئەندازەی هەزار دینار بۆ بڕییەوە، پێشی وت: ( لامان بمێنەوە و دەوروبەرمان بەسەر بکەرەوە)[٢].

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٣٣: لا ٤٤.

[٢] هەمان سەرچاوە، لا ١٧: لا ١٩.

## بەناوبانگترینی ئەوانەی غەزاکانیان نووسیووەتەوە و پسپۆڕییان لە دابەشبەکردنیدا هەبووە

واقیدی: ئەبو محەمەدی کوڕی عومەری کوڕی واقیدی ئەلواقیدیە، لە مەوالی بووە ـ هەروەها ـ هاوچەرخی ئیبنو ئیسحاق بووە، تەمەنی لەو بچووکتر بووە. پلەیەك لەدوای ئەو دائەنرێت. بەناوبانگترین شێخەکانی لە مێژوودا ئەبو مەعشەری سەندیە. ئەم ئەبو مەعشەرە زانیاریی زۆری لە غەزاکاندا هەبووە، کتێبێکی لە غەزاکاندا نووسیووە (ئیبنوسەعد) لە کتێبەکەیدا: (*الطبقات الكبرى*) لەکاتی باسکردنی سیرەدا لێی وەرگرتووە، هەروەها (ئیبنو جەریری تەبەری) لە کتێبەکەیدا (*تأريخ الامم والملوك*) لێی وەرگرتووە.

واقیدی ساڵی (١٣٠ك)، لە مەدینە لەدایك بووە، بایەخی بە غەزاکان و سیرە و مێژووی گشتیی ئیسلامیی داوە، لەو بووارەدا پێگەیووە، خەتیبی بەغدادی لە مێژووی بەغدادا باسی کردووە، لەوێدا دەربارەی واقیدی ئەڵێت: "ئەو لەوانەیە باس و ناوبانگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتووە، هەواڵ و دەنگباسی لای هیچ کەسێك کە ئاگاداری هەواڵ و باسی خەڵکی بێت ون نییە، کتێبەکانی لە جۆرەها زانستی وەکو: غەزاکان و سیرە و پلە و چینەکان (الطبقات) و خەبەر و باس و هەواڵ و ڕووداوەکانی کاتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و دوای وەفاتی و غەیری ئەمانەش، قافڵە و کاروانییەکان لەگەڵ خۆیان بردوویانن." لێی ئەگێڕنەوە خۆی ئەڕۆیشت بۆ شوێنی غەزاکان و شوێنی کوژرانی شەهیدەکانی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر). لە بارەی خۆیەوە، وتوویەتی: "هەر غەزایەکم شك بردبێت چووم بۆ شوێنەکەی تا بیبینم". محەمەدی کوڕی عومەری واقیدی

ئەوەیە یەحیای کوڕی خالیدی یەرمەکی دۆزییەوە ـ یان گەڕا تا دۆزییەوە ـ بۆ خەلیفە هاروون ئەلڕەشید، ڕەشید ساڵی ١٧٠ك، سەردانی مەدینەی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) کرد، بە یەحیای وەزیری وت: پیاوێکم بۆ بدۆزەرەوە شارەزای مەدینە و دیمەنەکانی بێت و بزانێت، جیبریل (دروودی خوای لەسەر) چۆن دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و لە چ ڕووکارێکەوە ئەهات بۆ لای و شوێنی گۆڕی شەهیدەکان بزانێت، یەحیای کوڕی خالید، بە پرسیار (واقیدی)ی دۆزییەوە، بردی بۆ لای (هاروون)، شوێنەوارەکانی مەدینەی پێغەمبەری (دروودی خوای لەسەر) پیشان دا، یەحیا داوای لێکرد بێت بۆ لای بۆ عێراق ـ هاوشێوەی وڵاتانی ئەمڕۆ، کە مرۆڤە زیرەك و عاقڵەکان ئەبەن بۆ وڵاتەکانیان ـ ئەویش ڕۆیشت، زانست و ڕیوایەتەکانی لەوێ بڵاو کردەوە[1].

واقیدی نووسینی زۆر بوو، کتێبێکی هەیە بە ناوی: (*التأريخ الكبير*)، بەگوێرەی ساڵەکان ڕێکخراوە، تەبەریش لە مێژووەکەیدا لێوەی وەرگرتووە، کۆتا شت لێی وەرگرتووە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٧٩ك، هەروەها کتێبی (*الطبقات*)ی هەیە، لەوێدا باسی هاوەڵان و تابیعینی کردووە، بەگوێرەی پلە و چینەکانیان ڕێکی خستوون. (ئیبنو سەعد)ی کاتیب و قوتابیی واقیدی لە کتێبەکەیدا: (*الطبقات الكبرى*)، لەسەر ئەو میتۆدە ڕۆیشتووە، بەو شێوەیە واقیدی لە غەزاکان و سیرە و بەسەرهاتەکاندا، لە هەموو کەس زانیاریی زیاتر بووە، تەبەریش لە مێژووەکەیدا بەچاکی پشتی پێبەستووە و وەکو گەورەترین سەرچاوە هانای بۆ بردووە[2].

---

[1] د.حسن ابراهيم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٧: لا ٥١.

[2] د.حسن النجار، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٢: لا ١٢٧.

شانبەشانی شارەزایانی بابەتەکانی غەزا و سیرە، کۆمەڵێك (خەبەرزان) دەرکەوتن، کە بایەخیان بە خەبەر و باس و چیرۆکی کۆن داوە، بایەخپێدانەکەیان ئەوەندە زۆر بووە، بابەتەکانی غەزا و سیرەی شاردبۆوە، وا دیارە پێش پرۆسەی نووسینەوە، ئەم هەواڵ و داستان و دانسقە و هۆنراوە ڕەنگاوڕەنگانە جێگەی ئاسوودەیی گوێگران بووبن و بۆ خوێنەرانیش دوای نووسینەوە، هەر وەکو دەسکەوتێك بووە بۆ تێرکردنی دەمەتەقێی شەوانی لای ئەمیر و دەسەڵاتدارەکان، ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە مزگەوتەکان پەنایەکی باش بوون بۆ ئەو خەبەرزانانە، کە خەبەرەکانیان مێژووگەلێکی جەنجاڵی حیکایەت و ئەفسانە و پاڵەوانبازی و هۆنراوەی هەستجوولێن و خەبەر و باسی نێوان هۆزەکانی لەخۆ گرتبوو، گومانی تێدا نییە، ئەو خەبەرزانانە بە ـ گێڕانەوەکانیان ـ ناوکەی یەکەمی پەیامە مێژووییەکان بوون، کە لە دواییدا دەرکەوت مێژووی ڕووداوگەلێکی تۆمار ئەکرد، هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی ئیسلامییەوە سپێدەی دابوو یەك ڕەنگی گرتبوو، وەکو ڕووداوەکانی هەڵگەڕانەوە و فەتحی شام و عێراق و ململانێ و زۆرانبازیی خەلیفەکان و ناکۆکیی نێوان ئەمەوی و عەلەوییەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەباسییەکان، جگە لەمانەش ڕووداوە مێژووییەکانی تۆمار ئەکرد، کە بەزۆری لە جیهانی ئیسلامیدا دەرئەکەوتن[1].

خەبەرزانەکان بایەخیان بە گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەم ڕووداوانە داوە، خەڵکی لە هەنگاوی یەکەمدا ڕوویان تێکرد، چونکە زانیاریی دەربارەی درووستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی و کەوتنی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی وەکو: فارس و ڕۆمی تێدا بوو.

---

[1] د.حسن ابراهیم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٩: لا ١٠١.

بێگومان ئەو زانایانە ڕێزی دەستپێشخەرییان هەیە لەبەر ئەوەی بناغەیان بۆ دوای خۆیان دانا، بەڵام نووسینەکانیان ڕێکوپێك نەبوو، کارەکانیشیان ڕێکخراو نەبوو، بەڵکو ڕێکوپێکی و ڕێکخستن لە چینەکانی دوای ئەواندا پەیدا بوو، ئەمەش لە کتێبی (*فتوح البلدان*)ی بلازەری و مێژووی (*الامم والملوك*)ی تەبەریدا دەر ئەکەوێت، جگە لەمانەش لە هەموو ئەو کتێبە مێژووییانەی لەو کاتەدا نووسراون[1]. ئاوها بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە بنچینەی بزووتنەوەی زانستیی لە چەرخی ئیسلامیی یەکەمدا ئەو ئایینە بووە کەوا لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەردا بەرجەستە بووە، بنچینەی فیقهە، ئەو ئایەتە قورئانی و فەرموودانەی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر)، کە پەیوەندییان بە عیبادەت، یان مامەڵەکردنەوە هەیە، مێژووی ئیسلامیش لە سیرە و غەزاکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەرگیراوە، توێژینەوەی زانایانیش لە دەوری ئەو مەبەستە پێداگیری ئەکات و ئەخولێتەوە[2].

لەبەر ئەوە فیقه و تەفسیر و فەرموودە و مێژوو، هەموو لە سەرەتای ئیسلامدا یەك زانست بوون، پاشان بەگوێرەی یاسای گەشەسەندن، هەندێکیان لە هەندێکیان جیابوونەوە، بەڵام بە نزیکی سەربەخۆبوون، جیابونەوەی زانست لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا نەدەبینرا، لە کتێبەکانی مێژووی ژیانی زانایانی ئەو سەردەمە ئەوە دەبینرێ، ئەوان لە هەر زانستێك بەشێکی باشیان وەرگرتوە[3]، ئەو زانستانەی دوایی سەربەخۆبوونیان بەدەستهێنا، ئەو کات لە تێڕوانینی ئەواندا سەربەخۆ نەبووە.

---

[1] البلاذري (احمد بن ابي يعقوب بن جعفر)، فتوح البلدان، طبعة٥٩، القاهرة.

[2] د.احمد سعيد سليمان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٨:لا ٨٩.

[3] د.جمال الدين سرور، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١١: لا ١١٥.

بۆ نموونە حەسەنی بەسری لە وانەکانیدا دادەنیشت، قسەی لە فیقە و فەرموودە و مێژوو ئەکرد، بێ ئەوەی کەس تێبینی بکات لە زانستێکەوە چووە بۆ زانستێکی تر، قوتابییەکانیشی گوێیان بۆ ئەگرت بیریان لەوە نەدەکردەوە بردوونی بۆ کۆمەڵێك زانست، بەڵکو وا تێگەیشتبوون ئەوان ئامادەی وانەیەکی ئایینی بوون، لە سەردەمی عەباسییەکاندا نەبێت، زانستەکان کامڵ نەبوون و لێك جیا نەکرانەوە، ئەوە بوو شەرعزان و ڕاڤەکاران و فەرموودەناسان و مێژوونووسان، لە بوارە جیاجیا زۆر و زەبەندەکاندا دەستیان بە نووسینی کتێب کرد، هەر یەکێك لەو زانستانە بوار و سەربەخۆییان بۆ دروست بوو، هەروەها مێژوو کەسی تایبەت بە خۆی بۆ دروست بوو، ئەوانەش مێژوونووسە پێشینەکان بوون، هەروەها ئەوانەش بە درێژایی کات و سەدەکان جێپێی ئەوانیان هەڵگرتبوو[١]. ئەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو هۆکارانە پوخت بکەینەوە لە ئیسلامدا، کە بوون بە هۆی دەرکەوتنی زانست و گەشەکردنی:

– ـ لەبنەڕەتدا ـ لای عەرەب پێش ئیسلامدا، هۆشیاریی مێژوویی هەبوو[٢].

– گشتگیریی ئیسلام و بوونی بیرۆکەی مێژوویی لە چەمکەکانیدا، ئەوە ئەسەلمێنێت پێش هەموو شتێك، ئایینێکە خاوەن ڕۆحیەتێکی مێژووییە.

– لە چەمکی ئیسلامیدا یاسای گشتی و گەورەی خودا بۆ بوونەوەر، ڕێڕەوی جووڵەی مێژوو دیاری دەکات.

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٨: لا ١٢٣.

[٢] هەرچەند هەموو نووسەرانی سیرە و مێژوو هاوڕان عەرەب گەلێکی نەخوێنەوار بوون، قورئانیش ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە، تەنها شتێك کە لەناویاندا هەبووە، بایەخدان بووە بە ڕەچەڵەك، کە لای گەلانی تر بەو شێوەیە نەبووە. وەرگێڕ.

– عەقیدەی ئیسلامی سەبارەت بە جمووجووڵی مرۆڤ لە بوونەوەردا، بۆچوونێکی ڕوونی مێژوویی ساغ ئەبەخشێت.

– چەمکی مێژوو لای مسوڵمانان، واتە تۆمارکردنی هەموو خولانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی.

– هەموو ڕووداوەکانی مێژوو لە چەمکی ئیسلامیدا، لای مسوڵمانان بایەخێکی ئایینییان هەیە، چونکە دەسکردی مسوڵمانانن و پەیوەندییان پێوەی هەیە و خۆیان لێی بەرپرسیارن[١].

– دوای دەرکەوتنی پێغەمبەری پایەبەرز (دروودی خوای لەسەر) ڕێڕەوی مێژوویی بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا بوو.

– بایەخدانی قورئان بە شارستانیەتە کۆنەکان و جەختکردنەوە لەسەر (پەند) و ئامۆژگاریی وەرگرتن لێیان.

– ئیسلام بەتەنگەوە بوو مسوڵمانان لە چوارچێوەی هۆز دەربهێنێت و بیگێڕێتەوە بۆ پانتایی سەرەتای دروستبوونی ویژدانی مێژووی مرۆڤایەتی.

– قورئان لە بەسەرهاتی پێغەمبەران و پێشینەکان پڕە لە بەخشندەیی و کەرەستەی مێژوویی.

– هەستکردنی مسوڵمانان بە زەروورەتی تۆمارکردنی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی هاوتا بوون لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامدا.

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٨: لا ١٢٣.

– جێگیربوونی دەوڵەتی ئیسلامی و فتوحاتەکانی لەسەر کۆمەڵێك پایەی توندوتۆڵ، پێداویستییەکی مسوڵمانان و غەیری مسوڵمانان بوو، وەصف و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەن و قۆناغەکانی گەشەکردنی تۆمار بکەن[1].

– تۆمارکردنی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی ئوممەتی ئیسلامی و پەیوەندیی بە ڕۆشنبیرییە جیهانییەکانەوە، وەکو پێویستییەك لە ڕووی کارتێکەران و کارتێکردنەوە دەرکەوت.

– تامەزرۆیی بێگەردیی زانستی مێژوونووسان و خەبەرزانەکانی یەکەم بۆ بەدواداچوونی ڕووداوە مێژووییەکان ئارەزوویەکی زانستیی پەتی بوو.

– تۆمارکردنی هەواڵەکانی کاتی نەفامی و سەردەمی پەیامی ئیسلام، بە ئامانجی گەیشتن بە لێکۆڵینەوەی ڕاڤەی قورئان و حوکمەکانی بووە.

– تۆمارکردنی سیرەی پێغەمبەر و (دروودی خوای لەسەر) سوننەتەکانی بە پێویست زانرا، بۆ ئەوەی یاسای ئیسلام لە ڕێڕەوی کۆمەڵدا تەواو ببێت.

– پاراستنی ئەزموونی ئومەتی ئیسلامی و کەلەپوورەکەی و تیشکخستنە سەر گرنگترین کێشەکانی، بۆ نموونە (ئیمامەت) و تۆمارکردنی ڕووداوە گەورەکان و شارەزابوون لە کۆدەنگیی ئیسلامی و تۆمارکردنی دیاردەی بزافە لادەرەکان و پەرەسەندنیان لەگەڵ ڕۆژگاردا و دانانی بناغەی سیستەمی قەزاوەت و سەرەنجدانی سیستەمی دارایی و ئیداریی و سیاسیی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە کاتێکدا بە هەرچوار لادا پەلی داکوتابوو.

– دانانی ڕۆژژمێری کۆچی و داخڵکردنی مەودا مێژووییەکانی بۆ کارپێکردن و شوێنەوارەکانی لە ڕێکخستنی مێژووی ئیسلامدا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ٣: ٥٣: لا٦٠.

– پەرەسەندنی شێوازی کارکردن لە فەرمانگە و تۆمارگە و بوارەکاندا، لەوانە دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی ڕەچەڵەکەکان و ئەرکەکان و پلە و پۆست لە شارەکاندا.

– بەشداریکردنی هەندێك زانستی عەرەبی[1] بۆ دەوڵەمەندکردنی بیری مێژوویی لای مسوڵمانان[2].

– لە دەوڵەتی ئیسلامیدا خەلیفە و ئەمیر و سوڵتانەکان لە کۆمەڵگەی مسوڵماناندا، بایەخیان بە ڕۆڵی مێژوو داوە و هانی مێژوونووسان و هەواڵزانەکانیان داوە و بەخشندەش بوون لەگەڵیاندا، لە خۆیانیان نزیك کردوونەتەوە و پلە و پۆستیان پێیان داوە و خەڵاتیان کردوون[3].

– دەرکەوتنی بزاڤ و ڕێڕەوی نەتەوەپەرستی و بزوێنەرەکانی و بایەخدانی مێژوونووسان بە لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی دیاردە و هۆکاری سەرهەڵدانی و مەترسییەکانی.

– پەرەسەندنی دروستکردنی کاغەز لای مسوڵمانان و دەستەبەرکردنی گواستنەوەی کۆکراوە فیکری و مێژووییەکان، لە زیهنەوە بۆ نووسین و سەر کاغەز[4].

---

[1] ڕاستتر وایە بنووسرێت ئیسلام هۆکار بوو بۆ زیندووکردنەوەی بیری زانستی لای عەرەب، چونکە پێش ئیسلام لەناو عەرەبدا، جگە لە هەندێك دابونەریت و ڕەچەڵەکزانی، هیچ زانستێکی تر شوێنەواری نەبووە. وەرگێڕ.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ٦١: ص٧٣.

[3] ابن النديم، الفهرست، ص٨٩، وكذلك المسعودي: التنبيه والإشراف (ط. الصاوي ـ القاهرة ١٩٨٣)، ص٩٢: ص٩٣.

[4] محمد كرد علي، خطط الشام، ج٤، ص٢٢٣، ط دار العلم، بيروت سنة ١٩٧٠ وكذلك ابن النديم، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١.

# بەشی سێیەم
# گرنگیی بێلایەنی و ڕاستگۆیی
# لە نووسینەوەی ڕووداوی مێژووییدا

لە کاتی شیکردنەوەی بەڵگەنامەیەکدا، پێویستە لەسەر مێژوونووس تەنها بۆ دەرخستنی (ڕاستییەکان) بەبێ ئەوەی خۆی ببەستێتەوە بە ڕێڕەوێکی دیاریکراو، لێی نزیك بکەوێتەوە، لە دڵی خۆیدا پرسیارێك، یان چەند پرسیارێکی ببێت (بۆ نموونە: ئایا شائوول ویستوویەتی داود تیرۆر بکات؟ کامەیە درێژەی ژیانی کاتیلاین Catiline؟ لە هێرشە خاچپەرستییەکەیدا هاوڕێکانی تەنکریت Tancred کێ بوون؟ مێژووی لەدایکبوونی ئیراسموس Erasmus کامەیە؟ لە ساڵی ١٧٨١ ژمارەی ئەو پیاوانە لە کەشتیی دیگراس Grasseدا بوون چەند بوون؟ ڕێنووسی ڕاست بۆ وشەی سییس Sieyes چییە؟ ئایا هونج سی شوان، مەسیحی بوو؟) وەکو شتێکی سرووشتی تێبینی ئەکرێت، هیچ کەسێك بەبێ ئەوەی وەکو پێویست کێشە مێژووییەکان بزانێت، ناتوانێت ئاسانترین پرسیاری وەکو ئەو پرسیارانە بکات، کە کێشەکە لە دەوری ئەخولێتەوە، ئەگەر مرۆڤ شارەزایی پێویستی بۆ سازا، ئاسانترین پرسیار لەو پرسیارانە بکات، ئەمە مانای وایە بیرۆکەیەك، یان هەندێك گریمانەی پەیوەنداری بەو بیرۆکەیەوە لا گەڵاڵە بووە، جا ئەوە چەمکێکی شاراوە بێت، یان ڕوون بێت، جیاوازیی نییە، گومان و خەملێنراو بێت، یان ئامادەکراو و دیاریکراو و دامەزراو بێت[1].

جاری وا هەیە، (گریمانە)، کە هەرچەند هێشتا شاراوەیە و لە دووتوێی پرسیاردایە، بەڵام تەواوکەرە، (نموونەی ئەوە ئایا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شار جیاواز بووە لە بازاڕ؟ بۆچی ئەوانەی ڕێگر بوون لە بەردەم بەمەسیحیکردنی منداڵاندا، باوەڕیان بە ئازادیی ئایینی هەبوو؟ چۆن بەشداریکردن لە شۆڕشی ئەمریکادا هاوکار بوو لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی

---

[1] Carr, E. H. op. cit., 128-139.

ئازادی لەنێوان ئۆرۆستۆکراتە فەرەنسییەکاندا؟ بۆچی ودرو ولسن ئینکاریی ئەکرد ئاگاداری "ڕێککەوتنە نهێنییەکان" بێت؟).

لە هەموو ئەم پرسیارانەدا، کە چاوەڕوانی ڕاستییشیان لیَ ئەکرێت، ئێمە ئاماژەیەکی تایبەتمان دەست ئەکەوێت، ئەویش (گریمانە)یە، پێویستە بە میتۆدێکی تری کارکردن ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ دەرخستنی ناوەرۆکی ئەو پرسیارانە و بە دیهێنانی ئەو ئاماژانە پیادە بکرێت[1].

ئا ئەوەش (هیگڵ) وریاییمان دەداتیَ لەوەی بکەوینە ئەو هەڵەیەی زۆر جار مێژوونووسە پیشەییەکان (بەتایبەت لەنێوان ئەڵمانییەکاندا) تێی ئەکەون، وەکو داتاشینی پێشوەخت بترنجێنرێتە بەڵگەنامەکانی ڕابردووە، هەروەها لە لایەکی ترەوە، هۆشداریمان ئەداتیَ لە (گێڕانەوەی ئەفسانە و پڕوپووچ)، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەناو خەڵکیدا بەربڵاوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە مێژوو هەژمار ناکرێت... نموونەی ئەو گێڕانەوانە ئەوەی، کە (جوو) سەبارەت بە خۆیان ئەیگێڕنەوە، کە ئەوان گەلی هەڵبژێردراوی خودان و بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ لە خوداوە فێر بوون و خودا بەتەواوەتی بەرچاوڕوونی و حیکمەتی پیَ بەخشیون و بەتەواوەتی لە یاسای سرووشتی و حەقیقەتی ڕۆحی شارەزای کردوون... بەڵکو زیادەڕەوی ئەکەن لە گێڕانەوەکانیاندا، بۆ ئەوەی زمانەکەیان ببیَ بە (زمانی هەڵبژێردراوی خودا) گومان ئەبەن، کە خودا بە (زمانی عیبری) قسەی لەگەڵ ئادەم کردووە!

دووبارە هەر لەو گێڕانەوە ئەفسانەییانەدا ئەوەیە، کە یۆنانییە کۆنەکان گومانیان وا بووە، کە (ئەسینا)ی خودا شارەکەیانی دروست کردوە، جگە

---

[1] Ibid., 140-141

لەمانەش هەزاران چیرۆکی ئەفسانەیی، کە هەندێك لە مێژوونووسەکان ئەیانخەنە ناو ڕووداوە مێژووییەکانەوە.

لێرەوە (هیگڵ)، یەکەم مەرجێك دایناوە، کە پێویستە لە فەلسەفەی مێژوودا ڕەچاو بکرێت، ئەوەیە: بە (دەستپاکی)ی هەموو ئەوانەی مێژووییە پیادەی بکەین، بەو واتایەی لێکدانەوەی مێژوویی خاڵی بێت لە ئەفکار و داهێنانی خودی خۆمان.

ئێمە لێرەدا، ئەوەشی ئەخەینە سەر، کە مێژوونووسی (بێلایەن) پێویستە بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەرانبەر ئەو ڕووداوانەی پێیان ئەگات، تەنها ئامێرێکی تۆمارکردن نەبێت، بە شێوەیەکی نێگەتیڤ بەرانبەریان بوەستێ و تەنها تۆمار بکات، بەڵکو مەبەستمان لە بێلایەنبوونی مێژوونووس ئەوەیە لە دەرخستنی ئەو یاسا ڕاستانەی ڕێنمایی ڕێڕەوی مێژوو ئەکەن بەدەستپاکی بەشدار بێت.

شایەنی باسە، ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە پەرەسەندنی فەلسەفەی مێژووەوە هەیە، وەکو (فرانز روزنثال) و (هیگڵ) و جگە لەمانەش ئاماژەیان پێداوە، هەروەها وەکو لە ناوەندەکانی ڕۆشنبیریی ئەوروپی ـ ئەمریکیدا بەگشتی باوە، تەنها پەیوەندیی بەپەرەسەندنەکانی فەلسەفەی تازەوە نییە، بەڵکو دەسپێشخەری و قسە لە سەرکردنی و توێژینەوە تیایدا، ئەگەڕێتەوە بۆ فیکری ئیسلامی.

دانانی (گریمانە) لە وێنەی پرسیاردا، بەهێزتر و چەسپاوترە لە خستنەڕووی بەئاشکرا و ڕاشکاوی، لەبەر ئەوەی گریمانە پێش هەموو شتێك پشکنینی بەڵگەکانە و پابەندکەر نابێت. هەروەها دانانی گریمانە لە وێنەی پرسیاردا، ئەکرێت بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان، یاریدەدەر بێت لە

چارەسەرکردنی گرفتی ئیسپاتبوونی خودی کەرەستەکە، لەبەر ئەوەی ئەو کەرەسانەی ڕاستییەکەیان ئیسپات بووە لەو کەرەستانەدا کورت ئەبێتەوە بە ڕێگەیەکی ڕاستەخۆ وەڵامی پرسیارەکەی لەبارەوە دراوەتەوە، یان ئاماژەیەك لەوێدا لەبارەی ئەو کەرەستانەوە هەیە، کە وەڵامێك دەست ناکەوێت جێگەی ڕەزامەندی بێت. ئەبێ مێژوونووس بێگەرد بێت لەو درۆیەی، کە لە بنچینەوە لەسەر خۆویستی و لەخۆباییبوون و شوێنکەوتنی حەز و ئارەزوو و مەبەست و بەرژەوەندیی تایبەت بنیات ئەنرێت، بۆ ئەوەی ئەو درۆیە نەکرێتە پڕوپاگەندە و دەماودەم بگوازرێتەوە، ڕووات و خەبەرزانەکانیش وەکو ڕیوایەت و هەواڵ تۆماری بکەن. ئەو کاتە ڕاست و ناڕاست، تێکەڵ بە یەکتر ئەبن و توێژەرەوان ڕێگەیان لێ ون ئەبێت، تەنانەت ـ هەندێك کات ـ بێتاوان ئەبێ بە خراپەکار و خراپەکاریش ئەبێت بە بێتاوان. ستەم و زۆرداریش بە دادگەریی و چاکە باس ئەکرێت[1].

ئەو سەرۆکە ستەمکارەی بەسەر هۆزێك، یان نەتەوەیەك لە نەتەوەکاندا دەسەڵاتی پەیدا کردووە، هەروەها ئەو ملهوڕەی حوکمڕانیی دەستەیەك، یان کۆمەڵێك ئەکات و ئەو دیکتاتۆرەی خۆی بەسەر (گەلێك، یان نەتەوەیەکدا ئەسەپێنێت، هەموو ئەوانە بە ـ پاڵنەری خۆویستی و لەخۆباییبوون ـ ڕاستییەکان ئەشێوێنن و پەردە بەسەر هەموو ئەو هەواڵ و تاوانانەدا دائەدەنەوە، کە ئەنجامیان داوە، گەورەیی و دەسپێشخەرییەك بۆ خۆیان دائەتاشن کە نەیانبووە، بەڵکو سنووری ڕێگەپێدراو ئەبەزێنن و خوێنی بێتاوان ئەڕێژن و هەتکی حەرامەکان ئەکەن و خزمایەتی و

---

[1] Ibid., 99-101.

پەیوەندییەکان ئەپچڕێنن و خەڵکی وا تێئەگەیەنن پارێزەری کەرامەت و دادگەرین و پارێزگاری لە ئازادییەکان ئەکەن)[1].

یەکەم قۆناغ لە قۆناغەکانی ڕەخنەگرتن لە ڕیشەی مێژوویی سەلماندنی درووستییەتی، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕیشە، یان سەرچاوە هەمووی، یان هەندێکی ساختە بوو، یان (دانراوی یەکێکی تر بێ و کردبێتی بە هیی خۆی، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی ناتوانیت پشتی پێ ببەستیت، ڕاستە ئێستا ساختەکردنی ڕیشە و بەڵگەنامەکان لە ڕابردوو گرانترە، بەڵام پاڵنەرەکانی ساختەکاری و فریودان و شاردنەوەی ڕاستییەکان هەر ماون، چاوچنۆکی و ئارەزوو و حەزی دەستبەسەرداگرتن و ناوبانگپەیداکردن و ساختەکردنی نووسراو بە ناوێکی ترەوە، لە هەموو جۆرە سەرچاوەکان و بنەما مێژووییەکاندا بوونیان هەیە.

ئەو ئاڕاستە گشتییەی لە زۆر بارودۆخدا ڕوو ئەدات ئەوەیە توێژەری مێژوو، وەکو یەکەیەکی گشتی، ڕەخنە لە (ڕیشەی مێژوویی) ئەگرێت، ڕیشەی مێژوویی ئەکات بە دوو بەشەوە: ڕیشەیەك دروستییەکەی جێگەی متمانەیە، ڕیشەیەك دروستییەکەی جێگەی متمانە نییە، ئەو ڕیشانەی بە ڕاست و درووست دائەنرێن، هەموو زانیارییەکانی وەکو ڕاستییەکی سەلمێنراو وەرئەگیرێن.

بەڵام ئەو ڕیشانەی بە جێگەی متمانە دانانرێن، ئەوە زانیارییەکانی دوای پشکنین نەبێت وەرناگیرێت، لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر (شارل لانگلو Charl Langlois لە کتێبەکەیدا: (*المدخل الی الدراسات التأریخیة*. Introduction to the study of history)) کۆمەڵێك پرسیار

[1] Ibid., 18-81

ئەهێنێت، وا چاکە توێژەر بەگوێرەی توانا وەڵامیان بداتەوە و لەبەر ڕووناکیی ئەو پرسیارانەدا لێکۆڵینەوەی (ڕیشەی مێژوویی) بکات، وەکو چۆن بە درێژیی توێژینەوەی هەموو ڕووداوێك بە جیا ئەکات، ئەو دوو کۆمەڵە پرسیارە پەیوەندییان بە دوو پڕۆسەی عەقڵییەوە هەیە، کە هەردووکیان سەریان کێشا بۆ نووسینەوەی ڕیشەی مێژوویی و ئامانج لێیان:

– دڵنیابوون لە ڕاستی و دادگەریی نووسەر، ئایا درۆی کردووە، یان نەیکردووە.

– دڵنیابوون لە ڕاستیی ئەو زانیارییانەی هێناویەتی و ئەندازەی وردەکاریکردنی، ئایا نووسەر هەڵەی کردووە؟ ئایا لەو بارەوە ساختەی کردووە؟ یان هەڵەی نەکردووە و ساختەی نەکردووە.

لە چەند دۆخێکی زۆر و بە پاڵنەری جیا، (شوێنەوارە ماددییەکان) ساختەیان تێدا ئەکرێت، لە نموونەکانی ئەمە لە ساڵی ١٨٧٢ز، لە کۆمەڵێك قاپ وقاچاغ و ئامێری لەگڵدرووستکراودا لە قودس ڕووی دا، کاتێك (سليم العربی)، کە کارگوزار بوو، لەگەڵ کۆمەڵێك لە پشکێنەرانی شوێنەواری فەلەستینیدا دۆزییانەوە، مۆزەخانەی بەرلین هەندێکیانی کڕییەوە، بەڵام دوای توێژینەوەی زانستی سەلمێندرا، کە ئەو شوێنەوارانە ساختەن.

لە زۆر بارودۆخ و بە پاڵنەری جیاوازدا، نووسراوە مێژوویی و بەڵگەنامەکان ساختە کراون، لە نموونەی ئەوە کۆمەڵێك گوتار و بابەتی مێژوویی و هۆنراوە، لەنێوان ساڵەکانی ١٨٦٣–١٨٦٥، لەسەر بنەمای ئەوەی دەربارەی دوورگەی (سەردینیا) لە ماوەی نێوان سەدەی هەشت و پازدەدا نووسراوە، لە ئیتالیا بە چاپ گەیەنرا، دوای ئەوەی زانایان پشکنینیان بۆ کرد، دۆزییانەوە ئەوەی لەو نووسراوانەدا هاتووە یەك

ناگرنەوە و لێك ناچن، لەگەڵ نووسین و مێژووی ئەو ماوەیەی لەسەر دینیا هەبووە، لەبەر ئەوە بڕیاریان دا، کە ئەو نووسراوانە ساختەن و ڕاست نین.

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە، ئەوانە لە هەموو کات و شوێنێکدا، هاوکار و پشتیوانیان دەست ئەکەوێت، بازاڕی ساختە و بوختانیان بۆ برەو پێ ئەدەن و مێژوویەکی پڕ لە پیاوەتی و بەخشندەیی و شەهامەتیان بۆ تۆمار دەکەن، زۆر جار مرۆڤایەتی بەهۆی ئەو ملهوڕانەی دژایەتیی ڕاستییان کردووە و ڕووی دادگەرییان شێواندووە و ستەمیان لە وڵاتدا بڵاو کردۆتەووە، بوون بە مایەی بەدبەختیی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەوەشدا، یاریدەدەر و پشتیوانیان هەیە بە شانوباڵیاندا هەڵدەدەن و بە دادگەر و بە ویژدان ناویان دەبەن و کەموکورتی و عەیبوعار ئەلکێنن بە هەر کەسێکەوە دژایەتییان بکات و عەیبەکانیان ئەخەنە پێشچاو، ئەم پڕوپووچی و درۆ و دەلەسانە لە کتێبەکانیاندا تۆمار ئەکەن و خەڵکیش نەوە لەدوای نەوە دەستاودەستی پێ ئەکەن[1].

لەناو ئەم تاریکاییانەدا و لەنێوان ئەو ڕایە دژبەیەکانە و هەواڵە لێکدوورانە و درۆ بەربڵاوانەدا، بۆ هەندێك مێژوونووس گرانە ڕووی حەق و ڕاستی دەربخەن، لێرەدا ئەکەونە خراپتێگەیشتن و بەهەڵەداچوون، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن هەندێك گێڕانەوە و هەواڵی درۆ تۆمار ئەکەن.

ئەرکی مێژوونووسە لێکۆڵینەوە و وردەکاری بکات لەو شتەی ئەیبیستێت، یان ئەیخوێنێتەوە، هیچ هەواڵێك نەگوازێتەوە، یان تۆماری نەکات، تاوەکو ـ بەگوێرەی توانای ـ پشکنین و دۆزینەوە بۆ چاوگەی ئەو هەواڵە و ئەو ڕێگەیەی پێیدا ڕۆیشتووە و ئەو ڕوواتانەی گواستوویانەتەوە

[1] Freeman E.A.op.cit. 13-15.

نەكات، هیچ بابەتێك لە یەك گۆشەوە تەماشا نەكات، بەڵكو لە هەموو لایەكەوە تیشكبخاتە سەری تاوەكو ڕاستی و وردەكارییەكانی دەركەوێت[1] سۆز و هەڵچوونی دەروونی بخاتە لایەك، ئەوەندەیبۆی ئەكرێت بێلایەن بێت[2].

– لێرەدا ئەڵێین: نهێنیی سەلامەتی فیكری مێژوویی لە ئیسلامدا بە پلەی یەكەم (لابردنی گومان)ە لە لایەك و دووركەوتنەوەیە لە (حەز و ئارەزووەكانی نەفس) لە لایەكی ترەوە، توندوتۆڵی لە دەستخستنی زانست، یان (دڵنیابوون) لە لایەكی ترەوە.

خودای باڵادەست ئەفەرموێت: ﴿وَمَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاّ الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لاَ يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا﴾ [النجم: ٢٨] واتە: (هەر وەشوێن گومان دەكەون و گومانیش جێی ڕاست ناگرێ.)، خودای باڵادەست ئەفەرموێت: ﴿إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ﴾ [الحجرات: ٦]. واتە: (هەركات فەرمانلادەرێك دەنگوباسێكتان بۆ دێنێ، بەوردی لێی ورد ببنەوە، نەكا لە ڕووی نەزانییەوە گەلێكان تووشی زیان بكەن).

ئاوەها ئەڵێین: ئەگەر مێژوو بۆی هەبێت زانست بێت، كە وا بێت پێویستە لەسەر مێژوونووس چاوتیژ بێت، زرنگ بێت، تا بتوانێت لە دەرخستنی ڕاستی و دوورخستنەوەی تێگەیشتنی هەڵە پەند وەربگرێت.

لە میتۆدەكانی توێژینەوەی مێژوویی لای مسوڵمانان، ئەبێ مێژوونووس مكوڕ بێت لەسەر (بێلایەنی)، دوور بێت لە حەز و ئارەزوو، نابێ ڕۆ چووبێت لە دەمارگیریی بۆ دەستەیەك، یان پارتێك، یان چینێك، هەركات لایەنگیریی

---

[1] مقدمة ابن خلدون، المرجع السابق، ص٢١٩: ص٢٢٠.

[2] المرجع نفسه، ص٢٢١: ص٢٢٢.

پێوە دیار بوو قسەکانی و بڕیارەکانی هیچ بەهایەکیان نامێنێت و لایەنگیرییەکەی هۆکارێکە بۆ وروژاندنی گومانی زانایان و سەرلێشێواندنی نەشارەزایان.

ئەو (بێ توێکڵییە) لای مسوڵمانان سیفەتێکە، لە نووسینەوەی مێژوودا، لەپشتی (بابەتی) بوونەوەیە. مێژوونووسی مسوڵمان خۆی لە گومانەکان بەدوور ئەگرێت و کردارەکانی لا ئەداتە لاوە و ڕێگاکانی گومان و ئەگەرە بێشومارەکانی ناهێڵێت.

قورئانی پیرۆز و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و پێشەوایانی ئیسلام و زانایانی فەرموودە و ئوصولْ، هاندەرن لەسەر ئەوەی ئەبێ پێداگیریی لە وەرگرتنی هەواڵ و ڕیوایەت و فەرموودەکاندا بکرێت. سەردەرکردن لەو شتانەی ئیسلام پێیگەیشتووە و هۆگربوون بە ڕای زانایانی مسوڵمان و پێداگیرییان لەسەر ڕاستی لەو لایەنەوە کارێکی سوودبەخشە[1]. قورئانی پیرۆز لە چەند شوێنێکدا باسی کردووە، ئەبێ پێداگیری لە هەواڵ و شایەتیدان بکرێت، وەکو لە سوورەتی حوجوراتدا بینیمان، ئەوەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی هەواڵی ناڕوون، ئەبێ ڕوون بکرێتەوە و شایەتیی کەسی نادادگەر ئەبێ بگەڕێنرێتەوە. پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لەو بارەیەوە چەند فەرموودەیەکی هەیە لەوانە: (( مَنْ حَدَّثَ عَنِّي بِحَدِيثٍ يُرَى أَنَّهُ كَذِبٌ فَهُوَ أَحَدُ الْكَاذِبِين)) [2]، واتە: (کەسێك بە ناوی منەوە قسەیەکی گێڕایەوە، ئەگەری درۆی لێ ئەکرا، ئەو یەکێکە لە درۆزنەکان)، یان ((سيكون في آخر أمتي أناس يحدثونكم بما لم تسمعوا أنتم ولا آباؤكم ،

---

[1] د.اسد رستم، مصطلح التأريخ، ص١٠٠: ص١٢٣.

[2] صحيح مسلم، ٨/١، باب وجوب الرواية عن الثقات.

فإياكم وإياهم)) [1]. واتە: (لە کۆتایی ئوممەتی مندا کەسانێك پەیدا ئەبن، جۆرە قسەیەکتان بۆ ئەکەن ئێوە و باووباپیرتان نەتان بیستووە، ئامانە خۆتانیان لێ بپارێزن). ئیمامی غەزالی (هەواڵ) وا دابەش ئەکات: بەشێکیان واجیبە باوەڕی پێ بهێنرێت، بەشێك واجیبە بە درۆ بزانرێت، بەشێکیشیان واجیبە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت:

– ئەوەی واجیبە بە ڕاست دابنرێت ئەوەیە، خودای باڵادەست هەواڵی لەبارەوە داوە، فەرموودەکانی پێغەمبەرە، ئەوەیە کە ئوممەت لەبارەیەوە هەواڵیان داوە.

– ئەوەی واجیبە بە درۆ بزانرێت، ئەوەیە ویستی عەقڵ و بەدیکردن و هەستپێکردن و لێتێگەیشتن و کۆڕای ئوممەت، بە پێچەوانەی بزانێت.

– ئەوەی کە واجیبە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، هەر هەواڵێکە ڕاستی و درۆیی ڕوون نەبووبێتەوە.

عەللامە (ئیبنو خەلدوون) لە پێشەکییەکەیدا، بەشێکی جوانی داناوە، باسی ئەو هەڵەتێگەیشتن و لێتێکچوونانەی کردووە بەهۆی ئیفتیرا و هەڵبەستنی درۆزنەکانەوە زۆرێك لە مێژوونووسەکان تێیکەوتوون، ئەو مێژوونووسەی ئەیەوێت بەم شێوەیە بگات بە ڕاستی، ئەرکی سەرشانی دیاری کردووە: "بزانە هونەری مێژوو، شێوازێکە بەدەستهێنانی گرانە، سوود و ئامانجگەلێکی بەڕێز و گەورەی هەیە، چونکە ئەم هونەرە، سەبارەت بە سەرگوزەشتەی نەتەوەکان و ژیاننامەی پێغەمبەران و دەوڵەت و لە سیاسەتی پاشاکانی ڕابردوو ئاگادارمان دەکاتەوە، بۆ ئەو کەسەی خوازیارە، بۆ ژیانی

---

[1] المستدرك على الصحيحين، كتاب العلم، ١٥٤.

دین و دونیا سوود لە ئەزموونیان وەربگرێت، پێویستی بە سەرچاوەی جۆراوجۆر و تێڕوانینی باش و پێداگیرییەکی تەواو هەیە، (کە لە ڕاستیەتیی سەنەد و چۆنیەتیی گێڕانەوەدا) هەیە، کە ئەم دووانە بەیەکەوە ئەو دەگەیەننە حەقیقەت و لە خلیسکان و هەڵە ڕزگاری دەکەن، چونکە ئەگەر تەنها پشت بە گواستنەوەی هەواڵەکان ببەستێت بەبێ ئەوەی دابونەرێت و یاسای سیاسەتەکان و سرووشتی شارستانییەت و چۆنیەتیی پێکەوەبوونی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان بکات بە داوەر و بەبێ ئەوەی ڕووداوە شاراوەکان بپێوێت بە ئاشکرا و ئێستا بە ڕابردوو، ئەو کاتە لەوانەیە لە مەترسییەکانی بەلارێداچوون و لادان لە شارێی ڕاستەقینە ڕزگاری نەبێت، چەندین جار ئەوە ڕووی داوە، کە مێژوونووسان و ڕاڤەکاران و پێشەوایانی ڕیوایەت لە گێڕانەوەی حیکایەت و ڕووداوەکاندا پشتیان بە گێڕانەوەکان بە ڕاست و ناڕاستەوە بەستووە، بەبێ کەم و زیاد، وەریان گرتووە و لەگەڵ بنچینەدا بەراوردیان نەکردووە، بە هاوشێوەکانیان نەیان پێواوە و بە پێوەری حیکمەت و سرووشتی بوونەوەر تاقییان نەکردۆتەوە، لە وەرگرتنی هەواڵەکاندا وردەکاری و بەسیرەتیان نەکردووە بە دادوەر، بۆیە کەوتوونەتە هەڵەوە و ڕێگەی ڕاستیان لێ ون بووە، لە حیکایەتەکاندا، لە بیابانی هەڵەدا بە لاڕێدا چوون و ون بوون، بەتایبەت لە ژماردن و دیاریکردنی ماڵ و سوپاکاندا ـ مەسەلەی سەرژمێری ـ گۆڕەپانی درۆ و هەڵەیە، هەر بۆیە بەناچارییەوە ئەبێ بیانگێڕینەوە بۆ سەر بنەماکان و بەپێی یاساکان ڕاڤەیان بکەین.

یەکێك لە نموونەکانی ئەم جۆرە هەڵانە ژمارەی لەشکرەکانی بەنی ئیسرائیلە، وەکو مەسعودی و زۆرێك لە مێژوونووسانی تر باسیان کردوە و دەڵێن: پاش ئەوەی، کە موسا (دروود و سەلامی خودای لەسەر)، لە کاتی

ئاوارەبوونیدا لە (تیە)[١]، ڕێگەی دا هەرکەسێك لە توانایدا هەیە، بەتایبەتی لە تەمەنی بیست سالآن بەسەرەوە، چەك هەڵبگرن، دواتر دەستی کردە ژماردنی سوپای بەنی ئیسرائیل، بینیی نزیکەی شەش سەد هەزار کەس زیاتر دەبن. ئەمە لە کاتێکدا، ئەگەر فراوانیی میسر و شام، لە بەرانبەر ئەم سوپایەوە هەڵبسەنگێنین واقت وڕ دەمێنێت، چونکە هەر وڵاتێك لە هەموو بوارەکاندا لە توانایدایە لەشکری پێویست بە خۆی ڕێك بخات، ئەگەر بێت و لەمە زیاتر بێت، دەبێتە بارگرانی و کێشە بۆ وڵاتەکەی دروست دەکات، بارودۆخی پاشا و نەریتە ئاساییەکانیان گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن.

پاشان ئەگەر لەشکرێك بەم ژمارە زۆرەی، کە لە دووبەرانبەر و سێبەرانبەریدا، بەهۆی دوورییان لە یەکتر چاو بڕی ناکات و ئەمسەر و ئەوسەری نابینێت، دوای ئەوەی شەڕ و پەلامار لە نێوانیاندا ڕوو ئەدات، گۆڕەپانی شەڕ نایگرێتە خۆی، پاشان چۆن ئەو دوو لەشکرە شەڕ ئەکەن، یان سەرکەوتن بۆ لایەکیان ئەبێت؟ کە ئەمسەر ئاگای لەوسەر نییە؟ ڕۆژگاری ئەمڕۆش[٢] گەواهیدەری ئەم ڕاستییەیە، لێکچوونی ڕابردووش بە ئێستا، لە لێکچوونی ئاو بە ئاو زیاترە ".

---

[١] (تیە) بە کەسرەی (ت) و سکونی (ە) (لە فیعلە ئەمرەکەیدا) لە دەربڕیندا بە بیابانێك دەگوترێت کە ڕەوەندەکانی تێدا لەناو بچن. لە دەستەواژەدا، بەو بیابانە دەگوترێت کە موسا (سەلامی خودای لەسەر بێ) نزیکەی چل ساڵ لەگەڵ دوازدە سیبتیی بەنی ئیسرائیلدا، کە هەر سیبتێك، پەنجا هەزار کەسی لەگەڵدا بووە، سەرگەردان بوون. موقەدیمەی ئیبنو خەلدوون، وەرگێڕانی: سەعید بەشیر، ١٢٨/١، وەرگێڕە.

[٢] ئەو پێوەرەی ئیبنو خەلدوون لە دیاریکردنی ڕێژەی لەشکر، بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتووان، بۆ سەردەمی خۆی و هەموو سەردەمێك ئەبێت. وەرگێڕ.

ـ ئیبنو خەلدوون تاوەکو بە شێوەیەکی زانستییانە ناتەواویی خەبەرەکان دەربخات، میتۆدی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و تێڕامانی بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی شوێنی هەواڵەکەی دەست بکەوێت، ڕەخنەی لە ڕێگە باوەکانی مێژوونووسان گرتووە و لێکۆڵینەوەی لەو شوێنانە کردووە، کە جێگەی گومانن و موناقەشەی ڕیوایەتەکان و بەراوردی نێوانیانی کردووە، کە بەم شێوەیە ڕیوایەت تەواو دەردەچێت و پەی پێ ئەبرێت، چونکە لەوانەیە لادانێك، یان زیادەڕەوییەك، یان ساختەیەك لە (هەواڵەکەدا) هەبێت، لەبەر ئەوەی زۆر جار لەبەر پشتیوانیی ڕایەك، یان مەرایی بۆ دەسەڵاتدارێك، یان سەرۆکێك (درۆ)، یان شتانی تر، کە باسیان ئەکەین، تێکەڵ بە ڕیوایەتەکان ئەکرێن. لەوێدا هەواڵ و ڕیوایەت دروست ئەکەن بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان، گزیی و ساختە ئەکەن. مێژوونووس چەندێك پێویستی بە ئاگاداری بەرفراوان و شارەزاییەکی زۆر هەیە، کە هاوکاری بێت بۆ ڕەخنە و بژارکردن، دووبارە پێویستە تێبینی وردی هەبێت، تا بتوانێت کارە نەگۆڕ و کاتییەکان لێك جیا بکاتەوە و ڕووداوە شاراوەکان بپێوێت بە ئاشکراکان و بەراوردی نێوانیان بکات و هەڵیان بسەنگێنێت، تاوەکو بزانرێت چەنێك لێکچوون لە نێوان شاراوە و ئاشکراکاندا هەیە، یان چەندێك، جیاوازیی نێوانیان هەیە و لێك دوورن و هۆکاری لێکنزیکییان، یان لێکدووریان ڕوون بکاتەوە[١].

(ئیبنو خەلدوون) ئەو ڕێوشوێنانە ئەژمێرێت لە ڕێگەیانەوە درۆ تێکەڵ بە هەواڵ ئەبێت:

---

[١] ئینو خەلدوون، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢١: لا ٢٢٢.

- لەوانە: لایەنگریکردنی بیروبۆچوون و ڕێڕەوەکان. (ئەگەر کاتی وەرگرتنی هەواڵ دەروون لە دۆخێکی جێگیردا بوو، ئەتوانێت بۆ ئەوەی ڕاستی و درۆ لێك جوودا بکاتەوە بەچاکی لێی ورد ببێتەوە و لە بێژەنگی بدات).

- متمانە بە گەیەنەری هەواڵەکان.(بژارکردنی ئەوەش بە شێوازی جەرح و تەعدیل ئەبێت).

- فەرامۆشکردنی مەبەستەکان. (زۆرێك لە گەیەنەرەکان نازانێت مەبەست چییە لەوەی بینیوویەتی، یان بیستوویەتی، بەگوێرەی گومان و خەملاندنی خۆی هەواڵەکە ئەگوازێتەوە، لە ئەنجامدا ئەکەوێتە درۆوە).

- لێتێکچوونی ڕاستی. (ئەمەش زۆربەی کات لە ڕێگەی متمانەبوون بە گەیەنەرەکانەوە پەیدا دەبیت).

- نەزانین لە دابەزاندنی حاڵ بە سەر واقیعدا، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ناخیدا شتێك هەیە، لەبەر ئەوەی لێی تێکچووە شتێکی تر پیشان ئەدات، هەواڵدەر واقیعەکە وەکو چۆن بینیوویەتی ئەیگەیەنێت، بەڵام بەهۆی ئاراییشدان و واپیشاندانەوە لە ناخی خۆیدا لەسەر حەق نییە.

- لە ـ زۆر کاتدا- خەڵکی بۆ ناودەرکردن بە ستاییش و پیاهەڵدان و جوانکردنی حاڵیان خۆیان لە خاوەن شکۆ و پلە باڵاکان نزیك ئەکەنەوە، بەو هۆیەوە هەواڵەکە بەناڕاستی بڵاو ئەکەنەوە.

- نەشارەزایی لە سرووشت و نەریتی شارستانییەت: (ئەگەر گوێگر لە سرووشتی ڕووداو و بوونی هۆکار و داخوازییەکانی شارستانییەت شارەزا بێت، ئەوە یارمەتیدەری ئەبێت لە بژارکردنی هەواڵ و جیاکردنەوەی ڕاست لە درۆ). هەروەها (چەندین جار ئەوە ڕووی داوە، کە مێژوونووسان و

ڕاڤەکاران و پێشەوایانی ڕیوایەت، لە گێڕانەوەی حیکایەت و ڕووداوەکاندا، پشتیان بە گێڕانەوەکان بە ڕاست و ناڕاستیەوە بەستووە، بەبێ کەم و زیاد وەریان گرتووە، لەگەڵ بنچینەدا بەراوردیان نەکردووە و بە هاوشێوەکانیان نەیان پێواوە و بە پێوەری حیکمەت و سرووشتی بوونەوەر تاقییان نەکردۆتەوە، لە وەرگرتنی هەواڵەکاندا وردەکاری و بەسیرەتیان نەکردووە بە دادوەر، بۆیە کەوتوونەتە هەڵەوە و ڕێگەی ڕاستییان لێ ونبووە، لە حیکایەتەکاندا لە بیابانی هەڵەدا بە لاڕێدا چوون و ون بوون، بەتایبەت لە ژماردن و دیاریکردنی ماڵ و سوپاکاندا، مەسەلەی سەرژمێری، گۆڕەپانی درۆ و هەڵەیە، هەر بۆیە بەناچارییەوە ئەبێ بیانگێڕینەوە بۆ سەر بنەماکان و بەپێی یاساکان ڕاڤەیان بکەین). بۆیە لەسەرمانە، لە ساغکردنەوەی هەواڵەکاندا بە پێوەری ژیری و بەڵگە، بەراوردی بکەین و ڕووداوە مێژووییەکان بە هاوشێوەکانیان بپێوین، چونکە لە تێڕوانینی (ئیبنو خەلدوون)دا بارودۆخی لێکچوو ڕووداوگەلێکی هاوشێوەی لێ پەیدا ئەبێت، ئەمەش وامان لێ ئەکات ئەتوانین لە ڕێگەی زانینی درووستی ئێستاوە بەشێك لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بزانین، کە بەتەواوەتی نەمان زانیوە، بەڵکو ئەتوانین لەبەر ڕووناکیی ئێستادا بڕوانین بۆ کاروباری داهاتوو.

(ئیبنو خەلدوون) نموونەی زۆر لەسەر ئەو هەڵانە ئەهێنێتەوە، کە مێژوونووسان بەهۆی پشتبەستنیان تەنها بە گێڕانەوە تێی کەوتوون، ئەو بنەما و بنچینانەی لە سەدە جیاوازەکاندا لەناو خەڵکیدا ڕوویان داوە و باو بووە و سیاسەتی نەتەوە و گەلان خواستوویەتی نەیانکردووە بە داوەر و ئەو شتانەی، کە نەیانبینوە نەیان پێواوە بەو شتانەی، کە بینیویانە و تاقییان کردۆتەوە و هتد... بە باسکردنی هەندێك نموونە کۆتایی پێدێنین:

لەوانە ئەوەیە: مەسعودی و زۆرێك لە مێژوونووسان، سەبارەت بە لەشکری بەنی ئیسرائیل گێڕاویانەتەوە، وایان گێڕاوەتەوە، کە موسا (درووودی خودای لەسەر) لە (تیە)دا سەرژمێریی کردن، تەنها ئەو لاوە بەتوانایانەی لێیان هێشتەوە، کە پیر نەبوون و لە تەمەنی بیست ساڵیدان و توانای چەکهەڵگرتنیان هەبوو، ژمارەیان شەشسەد هەزار بەرەو سەرتر بوو.

(ئیبنو خەلدوون)[1] ئەڵێت: زیادەڕەوی لەم ژمارەیەدا ڕوونە، دیاریکردنی لەشکر بەم شێوەیە نالۆژیکییە. ئەو یاسایانەی زۆربوونی دانیشتووان لەسەری ئەڕوات داوەری بە نادرووستیی ئەو ژمارەیە ئەکات، لەبەر ئەوەی نێوان موسا و یەعقوب تەنها چوار پشت بووە، موسا کوڕی عیمرانی کوڕی یەصهەری کوڕی قاهەثی کوڕی لاویی کوڕی یەعقووبە.

مانەوەیان لە میسر دا، لەو کاتەوە یەعقووب خۆی و کوڕەکانی چوون، تا ئەو کاتەی لەگەڵ موسادا (سەلامی خودای سەر) دەرچوون بۆ تەیهە لە نیمچەدوورگەی سینا، دوو سەد و بیست ساڵ بووە، ئەگەر ئەو کاتەی چوونە میسر وەکو - گێڕانەوەی جۆربەجۆر باسی دەکەن - ژمارەیان حەفتا کەس بووبن، نەگونجاوە لە ماوەی چوار نەوەدا ئەو ژمارە قەبەیەی لێ ببێتەوە، واتە ئەو ژمارەیە دە هەزار ئەوەندەی خۆی زیاد بکات، نەشیاویشە ئەو زۆربوونە بەگوێرەی ئەو یاسایە بێت، کە زۆربوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەسەری ئەڕوات.

گومانی تێدا نییە قسەکەی (ئیبنو خەلدوون) لەگەڵ لۆژیکی درووستدا یەك دەگرێتەوە،[2] ئەگەر مەسعودی و مێژوونووسەکانی تر، ئەم ڕیوایەتەیان

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٣: لا ٢٢٤.

[2] الدكتور محمد عبدالرحمن مرحباه، الموجز في تأريخ العلوم عند العرب، دار الكتاب اللبناني، ص١٦٨ - ١٧٠.

بەو زیادەڕەوییە ئاشکرا و درۆ زەقانەوە هێناوە، ئەگەر کەمێك لەم چەشنە هەواڵە ورد بووینایەتەوە و تەماشایەکی دۆخی ئەو کۆمەڵگەیەیان لەو چەرخەدا بکردایە، کە قسەی لەبارەوە دەکەن و بیانزانیبایە کە فیرعەون لەو کاتەدا لە میسر بەنی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە، کوڕەکانیانی سەر دەبڕی و ئافرەتەکانیانی دەهێشتەوە، بیشیانزانیایە زۆربوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی هەرچۆنێك بێت، ڕێژەیەکی هەیە و تێی ناپەڕێنێت..[1] تێدەگەیشتن ناکرێت ژمارەی لەشکری بەنی ئیسرائیل لە ماوەی دوو سەد و بیست ساڵدا، ببێتە شەش سەد هەزار کەس، ئەوپەڕی ژمارەیەك کە هەموویان بە پیاو و ژن و منداڵ و پیری بەتەمەنەوە بیگەنێ، سیی هەزار کەسە و ژمارەی ئەو لەشکرەش لەوانەی ـ لەو کاتەدا ـ توانای چەکهەڵگرتنیان هەبووە، ناکرێت لە یەك لە سەر پێنچی ئەو ژمارەیە زیاتر بێت، واتە تەنها شەش هەزار و بەس، هەیهوو... چەند لێك دوورن.[2] بزانە شەش هەزار و شەس سەد هەزار، چەندێك لێك دوورن! چەندێك زیادەڕۆیی ناشیرینی تێدایە، بە تەواوەتی واقیع ئەسڕێتەوە، ڕاستییش لەگەڵیدا ئەبێت بە تۆزی بەر با.[3]

هەر لەم بارەوە ئەوەیە، مێژوونووسەکان لە هەواڵی تەبابیعەی[4] پاشاکانی یەمەندا، باسیان کردووە، کە گێڕاویانەتەوە ئەوان لە باکووری

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٤ ـ ٢٢٥.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٦.

[3] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٧.

[4] لە سوورەتی دوخان، قال تعالی: ﴿أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ﴾ (الدخان: ٣٧)، گەلی توببەع لە کۆنەوە لە یەمەن نیشتەجێ بوون، عەرەب بوون، لە

ئەفریقیا، وڵاتی مەغرییبیان داگیر کردووە، پاشاکەیان، کە پێیوتراوە (ئەفریقشی کوڕی قەیس)، لە سەردەمی موسادا (سەلامی خودای لەسەر) بووە، ئەفریقیای داگیر کردووە و شەڕی لەگەڵ بەربەردا کردووە و شکاندوونی، ئەو کاتێك بینیویەتی بە زمانێکی نامۆ قسەیان کردووە، وتوویەتی ئەم (بەربەرەیە) واتە وڕێنەیە چییە؟ ئەو ناوی ناون بەربەر، لەو کاتەوە بەو ناوەوە ناسراون، کاتێك لەوێ گەڕاوەتەوە بەرەو یەمەن، هەندێك هۆزی لە حیمیەر، لەناویاندا جێهێشتووە، ئەوانیش لەگەڵیاندا مانەوە و تێکەڵیان کردوون، سەنهاجە و کەتامە، لەوانن، تا کۆتایی ئەم ڕیوایەتانە.[١]

گومانی تێدا نییە ئەم ڕیوایەتە، شتێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، لە بناغەوە ئەیڕووخێنێت، کە (ئیبنو خەلدوون) حوکمی لاواز و تێکشکاو و بەڵکو هەڵبەستراو و درۆی بەسەردا داوە، کە وتوویەتی: (لەو هەواڵە لاوازانەی هەموو مێژوونووسەکان سەبارەت بە دەنگوباسی تەبابیعە پاشاکانی یەمەن و دوورگەی عەرەب هێناویانە، کە ئەوان لە دێیەکانی خۆیانەوە لە یەمەن ئەفریقییە و بەربەر و وڵاتی مەغرییبیان داگیر کردووە، ئەفریقیش کوڕی قەیسی کوڕی صەیفی لە پاشا گەورە سەرەتاییەکانی ئەوانە، کە لە سەردەمی موسادا (سەلامی خودای لەسەر)، یان بە کەمێك پێشتر بووە، ئەفریقیای داگیر کردووە و کوشتاری زۆری لە بەربەر کردووە، ئەو کاتێك گوێی لە گرانی و نامۆیی قسەکانیان بووە وتوویەتی ئەم (بەربەرەیە) چییە؟ ئەم ناوە لەوەوە وەرگیراوە و لەو کاتەوە بەو ناوەوە

---

هۆزی قەحطان، توببەع پاشای ئەو گەلە بووە و دەسەڵاتی بەسەر یەمەن و حیمیەر و سەبەئ و حەزرەمەوتدا، هەبووە. (وەرگێڕ).

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٨.

ناسراون، کاتێکیش لە مەغریب گەڕاوەتەوە، چەند هۆزێکی لە حیمیەر، لەوێ جێهێشتووە، ئەوانیش ماونەتەوە و تێکەڵیان بوون و سەنهاجە و کەتامە لەوانن، لەم ڕوانگەیەوە تەبەری و جۆرجانی و مەسعوودی و ئیبنولکەلبی و بەیلی، وای بۆ دەچن، کە سەنهاجە و کەتامە، لە هۆزی حیمیەرن، بەڵام ڕەچەڵەکزانەکانی بەربەر نکۆڵیی لێدەکەن ئەوەش ڕاستە.

مەسعودی باس لەوە دەکات، کە (ذا الاذعار) لە پێش ئەفریقیشەوە، پاشایان بووە و لە سەردەمی سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر) مەغریبی داگیر کردووە و دایمرکاندۆتەوە، دوای خۆی ئەوەش لەبارەی یاسری کوڕیەوە باس ئەکەن، کاتێك لە وڵاتی مەغریب گەیشتووە بە دۆڵی لم، لەبەر لم، ڕێگەی نەدۆزیوەتەوە، گەڕاوەتەوە. هەروەها لەبارەی توببەعی کۆتا، کە ئەسعەدی ئەبو کەریبە لە سەردەمی یەتاسیف لە پاشا فارسە کەیانییەکان بووە، دەسەڵاتی بەسەر موسڵ و ئازەربایجاندا گرتووە، ڕووبەڕووی تورك بووەتەوە و زۆری لێکوشتوون و تێکی شکاندوون، پاشان بە هەمان شێوە، بۆ جاری دووەم و سێیەم، هێرشی کردۆتە سەریان، دوای ئەوە سێ لە کوڕەکانی، هێرشیان بردووە بۆ وڵاتی فارس و بەرەو سەغد، لەوێوە بەرەو وڵاتی گەلانی تورك، لەودیوی ڕووبارەوە تا وڵاتی ڕۆم، یەکەمیان هەموو وڵاتی تا سەمەرقەند گرتووە و بیابانی بڕیوە تا گەیشتووە بە چین، بینیویەتی برای دووەمی، کە سەمەرقەندی گرتووە، پێشی ئەو گەیشتووە، هەردووکیان کوشتارێکی زۆریان لە وڵاتی چیندا کردووە و هەموویان بە دەستکەوتێکی زۆرەوە لە وڵاتی چین گەڕاونەتەوە، چەند هۆزێکیان لە حیمیەر جێهێشتووە، ئەوانە تا ئێستاش لەوێن، سێیەمیشیان گەیشتۆتە قوستەنتین و ژێرپێی خستووە و زاڵ بووە بەسەر ڕۆمدا و

گەڕاوەتەوە).[1] مەسەلەی پشکنینی زانستی لە (کەرەستەی مێژووییدا) بۆ هەموو مێژوونووسێك کارێکی پێویستە، یەکێك لەوانە وای بۆ دەچێت ئەم خاڵانەی دێن، لە سەلامەتیی پشکنینی مێژووییدا گرنگترین هۆکاری دەرخستنی زانستین:

- بینین و تاقیکردنەوە: کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل دەخوازن، ئەویش بە هەستان بە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل، لە بەڵگە سەلمێندراوە بەردەستەکان و کۆکردنەوەی زیاتر لێیان، یان پشکنینێکی ورد وردی کەرەستە مێژووییەکان.

- حیسابی ماتماتیکی: چارەسەرە ماتماتیکییەکان بەکەڵکن بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتیی پەیدابوونی ڕووداوێك لە ڕابردوودا.

- لێکۆڵینەوە بە دوورخستنەوە (التحقق بالاستبعاد): جاری وا هەیە پشتی گریمانەیەك دەگرین، بە دوور خشتنەوەی هەموو ئەو گریمانانەی تر کە هەن لە بابەتەکەدا، چونکە لێکۆڵینەوەی نێگەتیڤانە لەو گریمانە و بیردۆزە کێبڕکێکەرانەی کە هەن لە بابەتێکدا ئەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی پۆزەتیڤ بۆ ئەو گریمانەیەی ناکرێت دوور بخرێتەوە، بۆ دڵنیابوون وەکو نەریت دەکرێت بۆ هێشتنەوەی گریمانەیەك یان لادانی، چەند بەڵگەی تر بێنین پشتیوانی ئەو گریمانانە بکات، بەڵام زۆر جار دوورخستنەوەی گریمانەکان گریمانەی ماوە بەهێز دەکات. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دوورخستنەوە و ڕەتکردنەوەی هەندێك گریمانە زۆر گرنگە بۆ گەشەسەندنی مەعرفەو زانست.

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٩.

ـ دەرخستنی ڕاستی بە بیرکردنەوەی یەکلاکەرەوە: هەندێك کات تاکە گریمانەیەك ڕاست دەردەچێت، ئەوەیە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە مەیدانی زانستدا ڕاستییەکەی دەرکەوتووە، یەکدەگرێتەوە، کە هەموو بەڵگە بەردەستە سەلمێندراوەکان، کە لەژێر چاویلکەی توێژینەوە و بینیندا دەرچووە پشتیوانیی لێدەکات.[1]

کاری داڕشتنی بایەخداری زانستی لای زانایان: دڵنیابوونە لە گرنگیی خودی ڕەخنەکە و دوورخستنەوەی گریمانە، بەتایبەت دوورخستنەوەی باسکردنی ڕووداوەکان، چونکە باسکردنی ڕووداو ڕەخنە نییە، بەڵکو (مێژووە وەکو چۆن ڕووی داوە).

هەر کاتێك کۆمەڵێك گریمانەی پێکەوەلێکدراو هەبوون، ئەوانە چاکترین ڕێگرن لە لایەنگریی ناهەستیاری (التحیز اللاشعوری)[2]، بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر جار کۆمەڵێك لە دەرەوەی مەیدانەکانی زانستی دووپاتی ئەکەنەوە.

---

[1] یرجع في ذلك إلى : Gottschalk, Understandine History, 111-244.
Moris R.C.,op.cit, 231- 218.
Morton G.W., 1945: The Attack an Historical, journal of Philosophy, 42: 325 (Jun 1, 1945).

[2] بڕیارێکی پێشوەختەیە لە بابەتێکدا، ئەمەش لە کاتی تەبەنیکردنی بۆچوونێك، یان عەقیدەیەك، یان ئایدۆلۆژییەتێکدا وا ئەکات قبوڵ، یان ڕەفزی بابەتەکە بکات، نەك لەبەر هێز و پاڵپشتیی بابەتەکە، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی پێشی ڕەخنەکە ئەو بابەتە لەگەڵ بیروباوەڕیدا یەك ناگرێتەوە. (وەرگێڕ).

## بابەتی بوون و دڵنیابوون و بەها

مێژوونووس کاتی گەڕانی بەدوای بەڵگەدا بۆ سەلماندنی بیردۆزەیەکی دیار، یان پووچکردنەوەی چۆن حەز ئەکات بەتەواوەتی بابەتی و دلگەرم بێت، بابەتی بوون داوای ئەوەمان لێدەکات ئامادە بین ـ لەسەر بنەمای بەڵگە ـ لە دڵا شیرینترین گریمانە لامان دوور بخەینەوە، پێویستە مێژوونووس لە توێژینەوەی بابەتیدا ئەو ڕەگەزانەی پەیوەندییان بە خودی خۆیەوە هەیە جیایان بکاتەوە، تاوەکو ڕێگە نەدات بەهۆی لایەنگرییەوە بابەتەکە بشێوێت، کاتێك مێژوونووس قسەکانی پشتیوانێکی ئەزموونیی هەیە، یان یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بیردۆزەیەکی پشتپێبەستراوی مێژوو، یان زانستی کۆمەڵناسی، دەتوانێت ئەگەر و متمانەی زیاتر دابنێت... یان وەکو (واڵش) دەڵێت: "بەڵگەی کۆتایی ڕاستیی مێژوو، یان زانینی هەموو ڕاستییەکان برێتیە لە: ڕێکوپێکیی پەیوەندیی نێوان ئەو بیروباوەڕە ناوخۆییانەی، کە لەسەر بەڵگە پیادەیان دەکەین." بەمەش توانیومانە لە زانستی مێژوودا بیردۆزەیەك بخەینە پێشچاو، بەڵام چارەسەرێکی ئاسانمان ناداتێ بۆ پێوانی بەڵگە مێژووییەکان، یان هاوسەنگیی نێوان ڕاستی و دڵنیابوون، یان گۆڕانکاری لە تۆمارە کۆنەکان، یان بۆچارەسەری ئەو پاڵنەرە تێکەڵوپێکەڵ و پاڵنەرانەی کار ئەکەنە سەر کەسایەتیی مێژوونووس.

کاتێك مێژوونووسان وەك ڕاستییەك چەند یاسایەك دادەنێن، (بەها) و پێوەری ڕەخنەیی ئەبێتە کارێکی پێویست، چونکە تێڕامان لە واتای مێژوو

بەبێ دیسپلین، تەنها خۆزگەیەکە و ئەکەوێتە بەر پەلاماری ڕەخنە، ئەو کاتە (لایەنگیری) شتێکی چاوەڕوانکراو دەبێت.[1]

لێرەدا بنەمای گشتی لای مێژوونووس ئەوەیە، بەرامبەر هەموو ئەوانەی دەستی دەکەوێت، بەگومان بێت، تەنانەت با لە باشترین سەرچاوە پلە دووەکانیشەوە بێت، ئەبێ تەنها لە چوار حاڵەتدا پشت بەو سەرچاوە پلە دووانە ببەستێت کە ئەمانەن:

١ـ بۆ شارەزابوون لە چۆنیەتیی لەقاڵبدانی بەڵگە هاوچەرخ و بەڵگە لەو کێشانەی ئەیەوێت توێژینەوەیان لەبارەوە بکات، ئەبێت هەمیشە ئامادە بێت، هەرکات لە ڕێگەی بەڵگە هاوچەرخەکانەوە، شیکارییەکی لۆژیکیی دەستکەوت لە زانیارییە پلە دووەکان، کە پێیان گەیشتووە، بکەوێتە گومانەوە و ڕاستیان بکاتەوە.

٢ـ بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ڕێگەیەوە بگات بە سەرچاوەی تازە.

٣ـ بۆ ئەوەی ئەو چەپکانە (المقتبسات) وەربگرێت، ئەو لە چەند سەرچاوەیەکی هاوچەرخ، یان غەیرە هاوچەرخ، وەری گرتوون، بە مەرجێك ئەو چەپکانە بە باشتر لە شوێنێکی تر نەبێت، مەرجێکی تریش ئەوەیە هەمیشە لە وردەکارییەکەی بەگومان بێت، نەخاسمە لە زمانی ترەوە وەرگێرابێت.

٤ـ بۆ ئەوە بێت ڕاڤەی تری لێ بکاتەوە چەند گریمانەیەکی تایبەت بە کێشەکەی دابنێت، بە مەرجێك پشکنین و چاککردنی لە پێشچاو بگیرێت، نابێت بە هیچ شێوەیەك مەبەستی بێت ڕاستەوخۆ وەریان بگرێت.

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٣٣٧ – ٣٨١.

به شێوەیەکی گشتی، ئەو بنەمایانەی پەیوەندییان بە تێپەڕبوونی ماوەوە هەیە، بەبێ جیاوازی بەسەر سەرچاوە پلە دووەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بە پێچەوانەی جێبەجێکردنی بە سەر سەرچاوە یەکەمەکاندا، هەتا سەرچاوە پلە دووەکان، لە کاتی ڕووداوەکە دوور بکەونەوە، کە سەرچاوەکە باسی کردوون، گونجانی پشتپێبەستنی زیاتر ئەبێت، هۆکارەکەی تەنها ئەوە نییە، بەهۆی دوورکەوتنەوەی ماوە مێژووییەکەوە مامناوەندێتی و بێلایەنیی کەم دەبێتەوە، بەڵکو دووبارە بە ڕۆیشتنی کات ئەگەری دۆزینەوەی کەرەستەی فراوان زیاتر دەبێت.[١]

## پێوەرەکانی بژارکردنی هەواڵ:

ئیبنو خەلدوون (چەند پێوەرێکی) داناوە، هەموو مێژوونووسێك و هەموو خوێنەرێکی مێژوو لە ڕێگەیەوە دەتوانێت هەواڵەکان بژار بکات، لە ڕێگەیەوە ڕاست و درۆ لێك جیا بکاتەوە، (ئیبنو خەلدوون) لەو پێوەرانەدا لە فەرموودەدا سوودی لە زانستی (جەرح) و (تەعدیل) وەرگرتووە، ئەو پێوەرانەش چەند پلەیەکن، گرنگترینیان زانسنی (سرووشتی شارستانیەتە) ئەوە باشترین ڕێگەیانە لە بژارکردنی هەواڵەکان و جیاکردنەوەی ڕاست لە درۆ، زانستی شارستانیەت بۆ ڕاستکردنەوەی ڕاوییەکان پێش بژارکردنە، ئاوڕیش لە ڕاستکردنەوەی ڕاوییەکان ناداتەوە، تا نەزانێت ئەو هەواڵە لە خودی خۆیدا ڕێگەپێدراوە، یان ڕێگەلێگیراوە.

بەڵام کاتێك لە ڕووی شارستانییەوە مەحاڵ بوو، هیچ سوودێك بۆ (جەرح) و (تەعدیل)کردن نامێنێتەوە، ئەوانەی خاوەن ڕەئین، تانەیان لە

---

[١] هرنشوە ف، ج. سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨ ـ ٤١.

هەواڵێك داوە مەدلوولی وشەکەی شێوێنرابێت، یان بە جۆرێك لێك درابێتەوە بە عەقڵدا نەچێت، (جەرح) و (تەعدیل) بۆیە بۆ دروستیی هەواڵی شەرعی بایەخی پێدراوە، چونکە هەرە زۆری هەواڵە شەرعییەکان ئەرکگەلێکن خاوەنی شەرع داوای کردن، یان نەکردنی کردوون، ڕێگەی دڵنیابوونیش لە ڕاستیی ئەو هەواڵانە متمانەبوونە بە ڕاوییەکان و دادگەرییان و پاراستنی ڕیوایەت و توندوتۆڵییانە.[1]

بە بۆچوونی ئیبنو خەلدوون، یەکەم شتێك ئەبێ مێژوونووس پێی هەستێت، لێکۆڵینەوەی دۆخی گشتیی شارستانیی ئەو سەردەمەیە، کە ئەو بەدوای چارەسەریاندا دەگەڕێت، ئەو بارودۆخەیە ئەو شارستانیەتە تێیدا زاڵە، پاشان دوای ئەوە دەست دەکات بە جێبەجێکردنی ئەوەی ئەمڕۆ ناومان لێناوە: (میتۆدی مێژووی بەراوورد) بەراوورد و پێوانە لە نێوان ئەو ڕووداوانەی بەتایبەت لەو سەردەمەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەکات لە نێوان ڕووداوە هاوشێوەکان لە سەردەمەکانی تردا ئەکات، ئەو ڕۆحیەتە گشتییەی لە هەموو سەردەمەکاندا باڵادەست بووە و بارودۆخی تایبەت بە هەر یەکێك لەو ڕووداوانە ئەکات، ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت، هەندێك ڕووداو هەیە سەرتاپای ساختە و مەحاڵە، ئەبێ بە یەکجارەکی کۆتایی پێ بهێنرێت و هیچ بوارێك بۆ بیر لە ڕاستکردنەوەی، یان بژارکردنی نییە.[2]

(ئیبنو خەلدوون) وای بۆ دەچێت هەواڵە شەرعییەکان لەبەر ئەوەی ئەرکگەلێکی دانراون، بە واتایەکی تر تەنها فەرمانە بە کردن، یان نەکردن، پێویستە ڕاوییەکان تیایاندا جێگەی متمانە بن، وەکو شارەزایانی فەرموودە

---

[1] مقدمة ابن خلدون، ص٢٢٤ ـ٢٢٥. ط لجنة البيان العربي.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢٦٤.

ئەڵێن: بزانرێت چۆن تەجریح ئەکرێن، بۆیە میتۆدی بەراوردکاری لای ئیبنو خەلدوون ڕووداوە مەحاڵەکانمان بۆ دەردەخات، تا دوور بخرێنەوە، پاشان ڕووداوە گونجاوەکان دەردەخات، تا بهێڵرێنەوە، تا دەردەکەوێت چەندێکی دروستە و چەندێکی ساختەیە، تاوەکو بڕیاری یەکجاریی لەبارەوە بدرێت.

ئیبنو خەلدوون دوای خوێندنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو و لێکۆڵینەوە لێیان، بۆی دەرکەوتووە گەورەترین بنەماکانی توێژینەوەی مێژوو ئەوەیە، کە ڕووداوەکان پێکەوە بەستراون، وەکو بەستنەوەی هۆ بە هۆکارەوە (ارتباط العلة بالمعلول)، لەبەر ئەوە ئەبینین، لە (پێشەکییەکەیدا) بەدواداچوونەکانی لە وێنەی چەند قەزیەیەکی گشتیدا جێگیر دەکات، پاشان بە لێکدانەوەی: (هۆکار لەمەدا)... (لەبەر ئەوە) دەست بە شیکردنەوە ئەکات.

ئەگەر پێشبینی مەبەستی زانست بێت، ئەگەر زانینی هۆ یارمەتیدەر بێت لە زانینی هۆکاردا، ئەوا ئیبنو خەلدوون بانگەشەی ئەوە ئەکات، هۆکار (السببية) بخرێتە بواری توێژینەوەی مێژوویی، چونکە نیشانەکانی داهاتوو ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك ئاوێتەی ئێستامان بووە، بۆیە ئەکرێت پێشبینیی داهاتوو بکەین، یان بە لانیکەمەوە، بنچینەیەکی زانستی دابنێین بۆ پێشبینیی داهاتوو، کە وا بێت: مێژوو زانستە.[١]

---

[١] محمد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٢.

## میتۆدی ڕەخنەگرتن لە ڕیوایەتی مێژوویی لای ئیبنو خەلدوون:

ئیبنو خەلدوون میتۆدێکی قەشەنگی بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕیوایەتی مێژوویی و دەقە جۆربەجۆرەکانی تەفسیر و ئەدەب و کۆمەڵناسی داناوە، لەوانەی لەو بارەیەوە وتوویەتی[1]:

...((لەوە دوورتر و ڕۆچووتر لە هەڵەدا ئەوەیە، هەندێك لە ڕاڤەکارانی قورئان لە ڕاڤەی سوورەتی (الفجر) لەم ئایەتەدا: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (٦) إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ﴾. [الفجر:٧] ، واتە ( نەتدی خودای تۆ چیی کرد بە خێڵی عاد؟ ئیرەمی خاوەن کۆشك و تەلاری پڕ لە کۆڵەکەی ئەستوور)، وشەی (ارم) ئەکەن بە ناو بۆ شارێك، وا باسکراوە لەسەر کۆڵەکە، یان پایە بەندە، وای ئەگوازنەوە، کە عادی کوڕی عەوصی کوڕی ئیرەم دوو کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی شەدید و شەداد، کە دوای خۆی بوون بە خاوەنی دەسەڵات، شەدید نەما و دەسەڵات بۆ شەداد مایەوە، پاشاکانی ئەویَ ملکەچی بوون، کاتێك باسی بەهەشتی بیست وتی شارێك بنیات دەنێم، وەکو بەهەشت وا بێت، ئەوە بوو لە بیابانی عەدەندا لە ماوەی سیَ سەد ساڵدا شاری (ئیرەمی) دروستکرد، لەو کاتەدا تەمەنی نۆ سەد ساڵ بوو، ئیرەم شارێکی گەورە بوو، کۆشکەکانی لە ئاڵتوون بوون، کۆڵەکەکانی لە بەردی زومرودی بەنرخ و یاقووت بوون، هەموو جۆرە درەخت و ڕووبارێکی تێدا بوو، کاتێك لە دروستکردنی تەواو بوون، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیدا بەڕێکەوت، نزیکەی شەو و ڕۆژێکی مابوو بگاتە ئەو شوێنە، خودای گەورە قیژە و هاوارێکی لە ئاسمانەوە بۆ ناردن، هەموویان لەناو چوون، تەبەری و سەعالیبی و زەمەخشەری و ڕاڤەکارانی تریش باسیان

[1] هەمان سەرچاوە، لا ١٧٣.

کردووه، له عەبدوڵڵای کوڕی قەلابەوە له هاوەڵان ئەگێڕنەوە، بەدوای حوشترێکیدا گەڕاوە، ڕێی کەوتووەتە ئەو شارە، ئەوەندەی بۆی هەڵگیراوە لێی هەڵگرتووە، هەواڵەکەی گەیشتەوە بە موعاویە، ئامادەی کرد و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، گەڕا کەعبول ئەحباری چنگ کەوت، پرسیاری لەو بارەوە لێکرد، وتی: ئەو شارە (ئیرەمی خاوەن کۆڵەکەیە)، لە سەردەمی تۆدا پیاوێك لە مسوڵمانان تێی ئەچێت، سوورەیەکی مووزەردی باڵاکورتە، نیشانەیەك لەسەر برۆیەتی و نیشانەیەکی تر لەسەر گەردنیەتی بەدوای حوشترەکەیدا دەگەڕێت، پاشان ئاوڕی دایەوە، ئیبنو قەلابەی بینی، وتی سوێند بە خودا ئەو پیاوە خۆیەتی.

ئەم شارە لەو ڕۆژەوە، لەسەر پەڵەیەکی ئەم زەوییە دەنگوباسی نەبیستراوە، بیابانەکانی عەدەن، کەوا گومان ئەبەن ئەم شارە لەوێ دروستکراوە، لە ناوەڕاستی یەمەندایە و ئاوەدانیی لێ نەبڕاوە، شارەزایان لە هەموو لایەکەوە بۆی ئەچن هیچ هەواڵێك لەبارەی ئەم شارەوە نییە، هیچ کەسێك لە شارەزایانی هەواڵ و هیچ کەسێك لە گەلان باسیان لێوە نەکردووە، خۆ ئەگەر بیان گوتایە وەکو هەموو شوێنەوارێك ئەمیش شوێنەواری نەماوە، چاکتر بوو، بەڵام ئەوەی لە قسەکانیاندا دیارە، ئەو شارە هەیە و هەندێکیان بەپێی ئەوەی گەلی عاد حوکمڕانییان کردووە، ئەڵێن دیمەشقە، هەندێکیشیان وڕێنەی ئەوە ئەکەن ئەم شارە ونە، ئەوانەی لە جادوو و حیسابگەری ئەزانن ئەیدۆزنەوە، هەموو ئەمانە لە درۆی پڕوپووچ و خورافات ئەچن.

ئەوەی ڕاڤەکارانی لەسەر ئەم بۆچوونە هانداوە، ئیعرابکردنی وشەی (ذات العماد)ە، کە ئەبێتە سیفەت بۆ (إرم)، (عماد)یشیان بە کۆڵەکە لێك

داوەتەوە، کە بۆ خانوو ئەبێت، پشتیشیان بە خوێندنەوەی ئیبنو زوبەیر بەستووە، کە (عادُ

إرم) بە ئیزافە و بەبێ تەنوین خوێندۆتەوە، لەسەر ئەم حیکایەتانە، کە بە چیرۆکگەلێکی ئەفسانەیی درۆ و هەڵبەستراو ئەچن، جێگەی پێکەنینن، بەدواداچوونیان نەکردووە و لێی گەڕاون، ئەگەرنا (عماد) نیرگەی چادر و خێمەیە، ئەگەر مەبەستیش لە (عماد) پایە بێت، لەبەر ئەوەی بە گەلێکی بەهێز بەناوبانگ بوون، کە بە خاوەنی خانوو و پایە ناویان هێناون، عەجائیباتێکی تێدا نییە، نەك خانوو و کۆشکی تایبەت بێت لە شارێکی دیاریکراو و شتانی تر، خۆ ئەگەر وەکو خوێندنەوەکەی ئیبنو زوبەیر، ئیزافەش بێت، ئەوە لەسەر شێوەی ئیزافەی لقێکە بۆ هۆزێك، وەکو ئەوترێت قورەیشی کینانە، ئیلیاسی موزەر، ڕەبیعەی نزار.

ئیبنو خەلدوون ئەڵێت ئەوەی سەعالیبی و تەبەری و زەمەخشەری و ڕاڤەکارانی تری بۆ ئەو بۆچوونە هانداوە، خستنە ڕستەی وشەی (ذات العماد)ە، کە لە ئیعرابکردندا کردوویانە بە سیفەتی (إرم) و (عماد)یشیان بە پایە لێك داوەتەوە، کە ئەمەش بۆ کۆشك و خانوو ئەبێت، پشتیشیان بە خوێندنەوەکەی ئیبنو زوبەیر بەستووە، کە بە (عادُ إرم) بە ئیزافە و بەبێ تەنوین خوێندوویەتیەوە، پاشان لەسەر ئەم حیکایەتانە، کە لە ئەفسانەی هەڵبەستراو ئەچن، لێگەڕاون و بەدواداچوونی تریان بۆ نەکردووە".

ئیبنو خەلدوون بێ ترس، باسی بەهەڵەداچوونی هەندێك لە ڕاڤەکارانی کۆنی قورئانی پیرۆزی کردووە، پێیانی وتووە لە ڕاڤەکردنی سوورەتی (الفجر)دا بە هەڵەدا چوون و سەهوویان کردووە، کە وتوویەتی: (وەکو پێشتر باسمان کرد) لە فەرموودەی خودای باڵادەست: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ

رَبُّكَ بِعَادٍ(٦) إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ﴾. [الفجر:٦ـ ٧] ، كە وشەی (إرم)یان کردووە بە ناو بۆ شارێك ئەڵێن لەسەر (کۆڵەکە) بەندە، کە هیی پاشایەك بووە بە ناوی (شەدادی کوڕی عەوصی کوڕی ئیرەم)، کە ڕۆژێك گوێی لە باسی بەهەشت بووە، وتوویەتی منیش شتێکی وا دروست دەکەم، ئەوە بوو لە بیابانی (عەدەن)دا شاری ئیرەمی دروست کرد، کە سێ سەد ساڵی خایاندووە، شارێکی گەورە بووە، کۆشکەکانی لە زێڕ بووە، پایەکانی لە بەردی بەنرخی زومروود بووە، ڕووبار بە ناویدا ڕۆیشتووە، دارەکان سێبەری دوورودرێژ و بێبڕانەوەیان لەسەر کردووە، کاتێك بەو وێنە قەشەنگ و بڵندە تەواو بووە، خودای باڵادەست خاوەنەکەی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لەناو بردوون.

ئیبنو خەلدوون بۆ دەربازکردنی زانیارییە مێژووییەکە لە سەهوو و بەهەڵەداچوون دەڵێت: "چ پێویست بەم هەموو خۆماندووکردن و ڕێگە دوورودرێژە دەکات، بۆ ئەبێ ئاڕاستە بکرێت بەم جۆرە ئاڕاستە ئەفسانەییە، کە کتێبی خودا لەو هەڵە و ناڕاستییانە دوورە".

"هەر لەو ئەفسانە دروستکراوانەی مێژوونووسەکان هێناویانە، هەموویان دەیکەن بە هۆکاری ئەو کارەسات و ڕۆژە شوومەی (ڕەشید) بە هۆی چیرۆکی (عەباسە)ی خوشکیەوە لەگەڵ (جەعفەری کوڕی یەحیای کوڕی خالید) مەولای خەلیفەوە بوو، لەبەر ئەوەی ئارەقی پێیان ئەدا هۆگریان بووبوو، بە مەبەستی مەحرەم بوون ڕەشید ڕێگەی دا خوشکەکەی لە جەعفەر مارە بکرێت، لەبەر ئەوەی عەباسە، جەعفەری خۆش ئەویست، عاشیقی بوو، بە مەکر و فێڵ، بەتەنهایی خۆی دەگەیەنێتە جەعفەر و لە ئەنجامدا سەرجێیان بەیەکەوە کردووە، دەڵێت کە جەعفەر لە حاڵی

مەستیدا بووە و عەباسە بەم هۆیەوە سکی پڕ بووە، ئەم بەسەرهاتەش ئاژاوەچییان و گێرەشێوێنان بۆ ڕەشیدی دەگێڕنەوە، ئەویش لە بەرامیکە تووڕە دەبێت".

"ئەم تۆمەتەش لە پلەوپایە و حەسەب و نەسەب و بنەماڵەی ئایینپەروەریی عەباسەوە دوورە، چونکە ئەو نەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس بووە، لە نێوان عەباسە و عەبدوڵڵادا تەنها چوار کەس هەبوون، ئەو کچی محەمەدولمەهدیی کوڕی عەبدوڵڵای ئەبو جەعفەری مەنصوری، کوڕی محەمەدی سەجادی، کوڕی عەلیی ئەبولخولەفای، کوڕی عەبدوڵڵای تەرجومانی قورئان و کوڕی عەباسی مامی پێغەمبەرە، (دروودی خودای لەسەر)، کچی خەلیفەیەك و خوشکی خەلیفەیەك، لە هەموو لایەکەوە باپیرانی هاوەڵایەتیی پێغەمبەریان (دروودی خودای لەسەر) کردووە و لە خانەدانیدا مامی پێغەمبەر، کە بنیاتنەری ئایین و نووری وەحی و لانکەی دابەزینی فریشتەکان بوون، هەروەها نزیك بووە لە سەردەمی سادەیی بیابانشینیی عەرەب و لە نەریتی خوشگوزەرانی و دونیاپەرستییەوە دوور بوون، هەر بۆیە ئەگەر وا بزانین پاکی و پاکداوێنی، لە عەباسەدا نەبووە، ئەی کەواتە ئەم سیفەتانە لە چ کەسێکی تردا بدۆزینەوە؟ یان ئەگەر پاکی و ئەصڵ و فەصڵ لە خانەدانیی ئەو دابڕنین، ئەوکات لە کام خانەداندا دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانە بدۆزینەوە؟ یان دەبێت بیر لەوە بکەینەوە، کە چۆن عەباسە ڕازی دەبێت شەرەفی خۆی لەکەدار بکات لەگەڵ کەسێکدا، کە لە مەوالییەکانی فارس بووە، خزمەتکاری باپیری عەباسە بووە؟ خاوەنی باپیرەیەك بووە، کە وەچەی دەگەڕێتەوە سەر مامی، کە پێغەمبەر و شەریفترین کەسی قوڕەیشە، شەرەفمەندییەکەشی لەوەدایە، کە دەوڵەتی

عەباسییەکان، دەست و باڵی جەعفەر و باوکیان گرتووە و گەیشتوونەتە ئەو دەسەڵاتە، سەرەڕای ئەمەش چۆن ڕەشید بەو هەموو پلەوپایەوە بە ڕەوای دەزانێت، یەکێك لە مەوالییەکان بکاتە زاوای خۆی؟ ئەگەر بێت و کەسێك لەوە ورد بێتەوە بە دیدێکی بە ویژدانەوە سەیر بکات، عەباسە بچوێنێت بە کچی یەکێك لە پاشاکانی سەردەمی خۆی و لەوە دڵنیا دەبێتەوە، کە کچێك بەو هەموو گەورەیی و شەرافەتەوە، بێگومان نابێتە هاوسەری یەکێك لە مەوالی و ئەم قسانە بە درۆ دەخاتەوە، چونکە پلەوپایەی عەباسە و ڕەشید، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکیدا بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێت؟ بەڵکو چارەنووسە شوومەکەی بەرامیکە، بە هۆی خۆسەپاندنیانەوە بوو بەسەر دەوڵەتدا".

هەروەها ئەبینین ئیبنو خەلدوون زۆر لەم بابەتەی ڕوانیوە و لێی ورد بۆتەوە، درزێکی نەدۆزیوەتەوە ڕێگە بەو جۆرە هەواڵانە بدات، بەڵکو ئیبنو خەلدوون بەبێ ئەوەی خەڵکی تر لە مێژوونووسەکانی پێش خۆی درکی پێ بکەن، ئەو بەهۆی شارەزایی لە جوگرافیا و پێگەی وڵاتانەوە درکی بە درۆی ئەو هەواڵانە کردووە، ئەم زانیارییەش وەکو باسمان کرد، بۆ مێژوونووس زانیارییەکی زۆر گرنگە، تاکو مەزەندەکانی ڕاست دەرچێت و بڕیارەکانی دوور بێت لە هەڵە و ئەندێشە و نزیکتر بێت لە پێکانەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، زۆرێك لە مێژوونووسان، چیرۆکی خۆشەویستیی (عەباسە) و (جەعفەر)یان بەدوور نەزانیوە، لە ڕاستییدا جێگەی سەرسووڕمانە هاوچەرخانی کارەساتی بەرامیکە بەتێروتەسەلی بە شێوەیەك لە هۆکارەکەی تێنەگەیشتوون تینوێتییان بشکێنێت، لە سەردەمی ڕەشیددا، ڕۆژێك لە ڕۆژان بەیانییەك خەڵکی خەبەریان بۆوە، ئەبینن

بەرمەکییەکان ئەو ڕۆژە ترسناکەیان بەسەر هاتووە و بۆ تاهەتایی دەنگوباسیان پێچراوەتەوە، بێ ئەوەی ڕەشید بە خەڵکی بڵێت بۆ وای کرد؟ مەبەستیشم لە خەڵك (هەموو میللەتە) لە بەغدا و ئیمپراتۆریەتی عەباسیدا.

هەندێك لە مێژوونووسان، بەهۆی دەسەڵاتی زۆریانەوە، بنەماڵەی بەرمەکییەکانیان بە دەوڵەتی بەرامیکە ناو بردووە، (ئیبنو طەباطەبا) بە وەسفێکی پڕمانا ئەم زاراوەیەی بەسەر بەرمەکییەکاندا بڕیوە، کە ئەڵێت[1]:

"بزانە ئەم دەوڵەتە خاڵێك بوو لە ناوچەوانی ڕۆژگاردا، تاجی سەر شانی سەردەم بوو، پیاوەتییان بە نموونە ئەهێنرایەوە، خەڵکی لە ڕێگەی دوورەوە بۆ لای ئەهاتن، زۆر جێگەی ئومێد بوو، دونیا جگەرگۆشەی لە پێناودا بەخشی و زۆرترین کۆمەکیان کردن، یەحیا و کوڕەکانی ئەستێرەی درەوشاوە بوون و شەپۆلی دەریا بوون، وەکو لافاو پێشی خۆیان ڕائەماڵی، لێزمە باران بوون، بازاڕی خوو و ئاکار لایان گەرم بوو، کەسانی ڕێزدار پلەی لایان بەرز بوو، لە سەردەمی ئەواندا دونیا ئاوەدان بوو، دەسەڵات شکۆی دیار بوو، پەنای غەمباران بوون، پەنای دەربەدەر و بێلایەنەکان بوون".

ئاگاداربوون لە هێز و گشتگیریی دەسەڵاتی بەرمەکییەکان لە سەردەمی یەکەمی عەباسییەکان و کاتی ڕەشیددا، دروستیی ئەم وەسفە و ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت، بە شارەزابوون لەو ناوەندانەی لەژێر دەستیاندا بووە، مەودای ئەو دەسەڵاتانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، سەرکردەکانی خانەوادەی بەرمەکییەکان لە سەرووی هەموویانەوە سێ کەسیان پیادەیان کردووە، کە ئەمانەن:

---

[1] الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص١٧٧ – ١٧٨. العمري، مخطوطة مسالك الابصار، ج٧، ووقته ١٥٧.

له ئەنجامی توێژینەوە لە دابەشبوونی پێگە و دەسەڵاتی یەحیا و هەردوو کوڕەکەی، دەردەکەوێت ئەم سیانە نەك هەر دەستیان بەسەر دەوڵەتی عەباسیدا گرتبوو، بەڵکو لە سەرووی ئەوەشەوە، دەستیان بەسەر خودی هاروون ئەلرەشیدا گرتبوو.

یەحیا ئیمتیازاتی مەترسیداری ئەبەخشییەوە، ئەو یەکەم کەس بوو لە وەزیرەکان سەربەخۆ نامە بنێرێت بۆ فەرماندارەکان، کە پێشتر ئەم جۆرە نامانە تەنها لە خودی خەلیفەوە دەردەکرا.[1]

ئەگەر ئەوەش بخەینە سەری، ئەو کەسێکی بەتەمەن بوو، ئەزموونی بەرزی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا هەبوو، بۆمان دەردەکەوێت چ دەسەڵاتێکی گەورەی هەبووە، چۆن دەستی بەسەر جەمسەرەکانی هێزدا گرتبوو و ئاڕاستەی دەکردن، واتە ئەو لەگەڵ هێزی سیاسیی و ئیدارییدا، هێزی ئابوورییشی خستبووە ژێر چنگی خۆی.[2]

بەڵام فەزڵی کوڕی یەحیا، لە دەوڵەتەکەی ڕەشیددا، سەروکاریی ژمارەیەك کاری گرنگ و بایەخداری ئەکرد، فەزڵ سەرکردەی ئەو لەشکرەی عەباسی بوو، کە لە ساڵی (١٧٢ك) ڕەشید ناردبووی بۆ دەستگرتن بەسەر بزووتنەوەی گەورەی عەلەوییەکان: یەحیای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب.[3] چەند ساڵێك دوای ئەوە، کە ساڵی (١٧٦ك) ئەکات، ڕەشید هەموو ڕۆژهەڵاتی لە نەهرەوانەوە

---

[1] الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص١٨٩– ١٩٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٠. العيون والحدائق، ج٣، ص١٩٦. الشبيبي مؤرخ العراق "ابن الفرط" ج١، ص٥٠، مخطوطة التأريخ المظطرب ورقة ١٩٥.

[3] ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٤،ص٢٧ ـ ٢٨.

تا وڵاتی تورکی به فەزڵی کوڕی یەحیا سپارد، هەر وەکو پێشتریش سەروکاریی دیوانی باج و دەستکەوتی پێ سپاردبوو،[1] له سەرووی ئەمەشەوە، ڕەشید پەروەردەکردنی محەمەدول ئەمینی کوڕی، به فەزڵ سپاردبوو، له کۆشکی ناسراو به (خولد) نیشتەجێی کردبوو.[2]

له ساتەکانی کۆتایی شەوی دووەمی مانگی سەفەری ساڵی ۱۸۷ك، ڕەشید دای بەسەر بەرمەکییەکاندا، له پلانێکدا، بەئاشکرا دیاره زۆر بەوردی داڕێژرابوو، لەناوی بردن، پلانەکەش به کوشتنی جەعفەر دەستی پێکرد،[3] یەحیا و کوڕەکانی تری بران بۆ گرتووخانه، له هەمانکاتدا، دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا گیرا،[4] لەو کاتەوە خێزانی بەرامیکه تەنها وەکو هەواڵێك له هەواڵەکانی مێژوو مانەوە، بەڵام هەواڵێك مەودای تایبەتیی هەیە، توێژەر ناتوانێت خۆی له دەلالەتەکانی لا بدات، یان پشتگوێی بخات.[5]

ئەوەی ڕەشید به خێزانی بەرامیکەی کرد، ئەوە بیری توێژەر ئەهێنێتەوە، مەنصور لەگەڵ ئەبو موسلیم کردی، یان ئەوەی مەنصور دووباره لەگەڵ موریانی وەزیری کردی، هەروەها ئەوەی مەهدی، لەگەڵ هەردوو وەزیرەکەی ئەبو عەبدوڵڵا: مەعاویەی کوڕی یەسار و یەعقووبی کوڕی داوودا ئەنجامی دا.[6]

---

[1] ابن خلدون، المقدمة، القلقشندي، صبح الأعشى، ج٥، ص٤٤٨، ج٩، ص٤٠٣ – ٤٠٤.

[2] النجوم الزاهرة، ج٢، ص١٢٣.

[3] الصفدی، الوافي بالوفيات نسخة مصورة، ج١١، ص٧٢. وانظر تأريخ القرمانجی، ص١٥٠.

[4] ئەم گێڕانەوەیە زیادەڕەوی و درۆ و بوختانی زۆری تێدایە.

[5] الطبري، ج١، ص٦٨، المقريزي، التذكرة في التأريخ، ص ١٠٢.

[6] الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص١٩٠. العيني، تأريخ البدن اوصاف أهل العصر (مخطوطة) ص ٤٠.

بەڕاستی دەوڵەتی بەرامیکە و ئەو دەسەڵاتەی لە دەوڵەتی عەباسیدا هەیانبوو لە ڕاستییە مێژووییە بەناوبانگ و بەربڵاوەکانە، بەڵام ئەو هۆکارانەی وایان لە ڕەشید کرد، بە توندوتیژی و یەك وچان ڕیشەکێشیان بکات،[1] بابەتێکە بەردەوام پێویستی بە تیشکخستنەسەر و بژارکردنی زیاتر هەیە، شاراوەی ئەو هۆکارانەی گەیشت بە کارەساتی بەرامیکە، لە بنەڕەتدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە ڕەشید تاکە کەسێك بووە مەودای ئەم ڕاستییەی زانیوە، ئەویش لە دوور و نزیك بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ درکاندنێك، یان ئاماژەیەکی بەو هۆکارە نەکردووە،[2] بەرامیکە شاییستەی ئەوە بێت بەم شێوەیە، ئەو بەڵایەیان بەسەردا بێت، ڕەشید دوای ئەوەی ئەو کارەساتەی بەسەر بەرامیکەدا هێنا، دەستی بەسەر ماڵ و سامانیاندا گرت، وتوویەتی: "ئەگەر لای ڕاستم بەو هۆکارە بزانێت کردوومە، ئەیبڕمەوە."[3]

بەرامبەر بەم بێدەنگییە مەبەستدارەی ڕەشید، هیچ ڕێگەیەکمان بۆ زانینی ئەو قەیرانە بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت، بەناو ئەو زانیارییانەدا بگەڕێین، سەرچاوە مێژووییەکان پێشکەشمانی ئەکەن.

بۆ ڕاستیی لای مێژوونووسەکان ژمارەیەك هۆکار هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژوارییەکە هەر ئەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم هۆکارانە جێگەی

---

[1] الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج١٠، ص٦٨. ابن الأثير، الكامل، ج٦، ص١٥٢.

[2] مخطوطة، التأريخ المظفري، ص ٥٩.

[3] الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج١٠، ص٨٠ – ٨٦. ابن الأثير، الكامل، ج٦، س١٧٧.

یەکدەنگیی مێژنووسانی نین، بەڵکو هەندێك لەو هۆکارانەی هەندێکیان هێناویانە لە لایەن هەندێکی تریانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و تانە بۆتەوە.[1]

ئێمە لەو هۆکارانەوە دەست پێدەکەین مێژوونووسان باسیان کردووە، لە پێشی هەموو ئەو هۆکارانەشەوە، لە ڕووی بڵاوی و ڕەواجپێدانەوە، بەسەرهاتی عەباسەی خوشکی ڕەشید دێت، هەروەها ئەو پەیوەندییەی هەبووە لە نێوان ئەو و لە نێوان جەعفەری بەرمەکیدا.[2] وا دیارە ئەندێشە لەم بەسەرهاتەدا ڕۆڵی سەرەتا و کۆتا ئەبینێت، کە سەرتاپای چیرۆکێکی دروستکراوە، توێژەر دەتوانێت لەم بابەتانەی دێن پاکانە بۆ ئەم ئەنجامە بکات:

ـ مەسرور وەکو چۆن ـ ڕەشید فەرمانی پێکردبوو ـ جەعفەری کوشت و نکۆڵی لە چیرۆکی عەباسە ئەکات، ئەو کاتێك عەبدوللای کوڕی خاقان پرسیاری لە هۆکاری ڕاستیی ڕووداوەکەی لێکرد، مەسرور لە وەڵامدا وتی: "تۆ ئەوەت ئەوێت، کە خەڵکە هەڕەمەکییەکە بازاڕیان پێ گەرم کردووە، خەبەر و باسی ئافرەتەکە و خەبەر و باسی بخوردانەکەی لە کەعبەدا بۆ بخۆر داینابوو؟ سوێند بە خودا ئەوانە هیچی ئەصڵی نییە."

ـ لە سەرووی ئەمە و ئەوەشەوە، وەکو ئیبنو قوتەیبە ئەڵێت: مێردی کردبوو[3]: "مێردەکەی عەباسە هاروونی کوڕی محەمەدی کوڕی سولەیمان بوو، کاتێك مێردەکەی مرد، لە ئیبراهیمی کوڕی ساڵحی کوڕی عەلی مارە کرا، ڕاستیی هاوسەرگیری بەدوای یەکدا لەم دوو پیاوە عەباسییە،

---

[1] البغدادي، تأريخ بغداد، ج٧، ص١٥٢.

[2] مخطوطة، التأريخ المظفرى، ص ١٠٠.

[3] الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج١٠، ص١٨٦. ابن الأثير، الكامل، ج٦، ص١٧٧.

بەتەواوەتی چیرۆکی پەیوەندیی بوونی بە جەعفەری بەرمەکییەوە و بوونی هاوسەرگیری ڕانەگەیەنراو ئەڕووخێنێت، کە گوایە منالّیان لە نێواندا پەیدا بووە و لە یەکێك لە کۆشکەکانی عەباسیدا دایناوە و پەروەردەکردنی سپاردووە بە دووان لە دەستوپێوەندەکانیان.[1]

ـ ئاوها کەوتنی ئەم هۆکارەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە شایستەی ئەوە نییە ببێت بە مەیدانی گەڕان بۆ لێکۆڵینەوە لە قەیرانی بەرمەکییەکان.[2]

ـ بە هەمان ئاست توێژەری هاوچەرخ ئەوەی قبولّ نییە، هەندێك سەرچاوە ئاماژەیان بە تۆمەتبارکردنی بەرمەکییەکاندا لە ئایینیاندا کردووە، بە زەندیق تۆمەتباریان کردوون.

ـ کاتێك لاوازیی ئەو هۆکارانەی پێشوومان بۆ دەرکەوت، ئەو کاتە دوای ئەوە هۆکارێك ئەمێنێتەوە ئەکرێت بە ڕاست ناو ببرێت، ئەویش هۆکاری سیاسییە، کە ئەکرێت وا دیاریی بکرێت، کە دوای چەند سالّێك ڕەشید بۆی دەرکەوت بەرمەکییەکان بوونەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر دەولّەتەکەی.

ئەو نەهامەتییەی ڕەشید بەسەر بەرمەکییەکانیدا هێنا، ڕاستییەکی حاشاهەلّنەگرە، بەلاّم هەندێك لە مێژوونووسان لە باسی هۆکاری ئەو کارەساتەدا سەرکەوتوو نەبوون و لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە و کەوتوونەتە باسی چیرۆکێکی سەرسووڕهێنەر، کە پەیوەندیی بە عەباسەی خوشکی خەلیفە ڕەشیدەوە هەیە، ئەو چیرۆکەیان وا هۆنیوەتەوە، کە ڕەشید

---

[1] ابن الإثير، الكامل، ج٦، ص١٨٧.

[2] الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص١٥١ – ١٥٦. ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٧، ص٢١. طباطبا، الفخرى فى الآداب السلطانية، ص١٤٩.

عەباسەی خوشکی زۆر خۆش ویستووە، تا وای لێهاتووە توانای دووری ئەوی نەبووە، بە هەمان شێوە ڕەشید جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکیی خۆش ویستووە و بێ ئەو ئۆقرەی نەگرتووە، بۆ ئەوەی خواستەکەی بێنێتە دی، لە بەیەکگەیشتنی کاتێکی زۆر بە خوشکەکەی و بە جەعفەر، فێڵێکی دۆزییەوە، ئەویش سازاندنی گرێبەستی هاوسەرگیرییە لە نێوان جەعفەر و عەباسەدا، بەڵام مەرجێکی لەسەر جەعفەر دانا، کە خەڵوەتگیری لەگەڵ عەباسەدا نەکات، ئەمەشی تەنها بۆ ئەوە کرد هەردووکیان لە مەجلیسەکانی و کاتی ئارەقخواردنەوەکانیدا کۆبکاتەوە، بەڵام عەباسە لە کاتی سەرخۆشیدا لەبەر ئەوەی زۆر جەعفەری خۆش ئەویست، فرتوفێڵێکی سازاند و لەگەڵیدا جووت بوو، سکی پەیدا کرد، ئەوە بوو ڕەشید پێی زانی، ئەوەی کرد کە کردی.

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی پێش ئیبنو خەلدوون ئەم هۆکارە لەناو هۆکارەکاندا باس ئەکەن، کە بووە بە هۆی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، بەڵام ئیبنو خەلدوون هەر لە بنەڕەتدا بەرپەرچی ئەم چیرۆکە ئەداتەوە کە ئەڵێت: "ئەم تۆمەتەش لە پلەوپایە و حەسەب و نەسەب و بنەماڵەی ئایینپەروەریی عەباسەوە دوورە، چونکە ئەو نەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس بووە، لە نێوان عەباسە و عەبدوڵڵادا تەنها چوار پشت هەبوون، ئەوان ئەشرافی ئایین و گەورەی میللەت بوون، عەباسە کچی مەهدی، کوڕی مەنصورە، نەسەبی ئەگەڕێتەوە سەر عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی مامی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، ئەو کچی خەلیفەیەك و خوشکی خەلیفەیەکە، دەورە دراوە بە دەسەڵات و شکۆ و خیلافەتی پێغەمبەر، لە هەموو لایەکەوە باپیرانی هاوەڵایەتیی پێغەمبەریان (دروودی خودای لەسەر) کردووە، هەر بۆیە ئەگەر

وا بزانین پاکی و پاکداوێنیی له عەباسەدا نەبووە، ئەی کەواتە ئەم سیفەتانە له چ کەسێکی تردا بدۆزینەوە؟ سەرەڕای ئەمەش، ڕەشید بەو هەموو پلەوپایەوە چۆن بە ڕەوای دەزانێت، کە یەکێك لە مەوالییەکانی بکاتە زاوای خۆی؟ پاشان ئەڵێت: ئەوەش ئەدرێتە پاڵ ڕەشید ئارەقی خواردبێتەوە، پەنا ئەگرین بە خا هیچ خراپەیەکمان لیٚ نەبینیوە، چۆن ئەمە ئەگونجێت لەگەڵ حاڵی ڕەشید و ڕاپەڕاندنی پایەی خیلافەت و دینداریی و پیادەکردنی دادگەریدا؟ ئەو ڕەفیقایەتی و تێکەڵییەی لەگەڵ زانایان و پیاوچاکاندا هەیبووە، یان ئەوەی لێوەی ئەگێرنەوە، کە ساڵێك حەجی کردووە و ساڵێك غەزای کردووە؟[1]

هەروەها ئیبنو خەلدوون هەنگاو ئەنێت بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو چیرۆکە و تیایدا درۆ هەڵبەستراوەکانیان ئاشکرا دەکات، کە ـ بێگومان ـ دروستکراوی دوژمنانی ئیسلامە، کە هەمیشە لە هەوڵی لەکەدارکردنی مسوڵمانانداو و دەیانەوێت بەم جۆرە درۆ و بوختانە پڕوپووچانە، خەریکی شێواندنی مێژووی مسوڵمانان بن.

مێژوو تەنها هاوسۆزیی بەرمەکییەکانی لەگەڵ عەلەوییەکانی دوژمنانی دەوڵەتی عەباسیدا تۆمار نەکردووە، بەڵکو دووبارە مەیلی نەتەوایەتییانی لەگەڵ ڕەگەزی فارسیدا تۆمار کردووە.

با بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان، تاوەکو ئاگاداری هەندێك لەو ڕووداوانە بین، کە بەرمەکییەکان ئەنجامیان داوە، کە ڕەنگوبۆی ڕەگەزپەرستی، یان نەتەوایەتیی پێوە دەردەکەوێت، هەر لەم بارەیەوە لە ڕەشید ئەگێڕنەوە، ویستوویەتی کۆشکی کیسرا بڕووخێنێت، یەحیای کوڕی

---

[1] مقدمة ابن خلدون، ج١، ص٢٢٩ — ٢٣٣.

خالید، ڕێگریی لێکردووە،[1] ڕەشید پێی وتووە: "ئەمە لە خۆشەویستیتەوەیە بۆ ئاگرپەرستی."

تۆمەتبارکردنی یەحیا لەلایەن ڕەشیدەوە بە خۆشەویستیی بۆ ئاگرپەرستی، یان فارس، کە هەندێك لە مێژوونووسان لە چەند بۆنەیەکی جیاجیادا هاوشێوەیان زەق کردۆتەوە. توێژەر ئەتوانێت ژمارەیەك لەو هەڵسوکەوتانە کۆبکاتەوە، کەوا مێژوونووسەکان لە بارەی بەرمەکییەکانەوە کۆیان کردووەتەوە، هەموویان ئەوە دووپات ئەکەنەوە، کە بەرمەکییەکان لە دەوڵەتی ڕەشیددا، چیان ویستووە کردوویانە، بەشیشیان لە حوکمڕانیی دەوڵەتدا لە سەرووی بەشی ڕەشید بووە، تاوەکو ئەڵێن، جاری وا هەبووە ڕەشید داماوە بۆ کەمێك پارە و سامان دەستی نەکەوتووە،[2] لە کاتێکدا بەرمەکییەکانماڵیان تەخشانوپەخشان کردووە، تەنانەت جەعفەری کوڕی یەحیا خانوویەکی دروست کردبوو، بیست ملیۆن دیرهەمی تێچووبوو،[3] بەخشیشی بە یەکێك لە شاعیرەکان، کە بە چاکە و گەورەییدا هەڵی دابوو، سەد هەزار دیرهەم و کۆمەڵێك کاڵای بەهاداری پێدابوو.

لە ڕاستییدا هۆکاری زۆر کۆبوونەتەوە، کە سەریان کێشاوە بۆ ئەو کارەساتە، کە ئەکرێت هەموو ئەو هۆکارانە کۆ ببنەوە لە وشەیەکدا، ئەویش زۆربوونی پێگە و کۆکردنەوەی دەسەڵات بووە، تاوەکو وا دەرکەوتووە، خەلیفە یەکێکە لە دەستوپێوەندەکانیان، دەسەڵاتیان سنووری تێپەڕاندبوو، تەنانەت جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکی، یەحیای کوڕی

---

[1] فوات الوفيات ج٤، ص٢٢٥. العراني، مخطوطة الانباء في أخبار الخلفاء ، ص٤٤.

[2] ابن قتيبة، كتاب المعارف، ص٣٨٠.

[3] الطبري، التأريخ الرسل والملوك.

عەبدوللای کوڕی حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبیتالیبی ئازاد کرد، کە ئەو لەوانە بوو دژی دەوڵەتی عەباسی هەستابوو، کاتێك دەستگیر کرا ڕەشید سپاردی بە جەعفەر، بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیدا سەروکاریی حەپس و گرتنەکەی بکات، ئەمە بەڵگەیە لەسەر متمانەبوونی ڕەشیدا بە جەعفەر، بەڵام جەعفەر لەخۆباییبوون مەستی کردبوو، بەبێ ئەوەی ڕای ڕەشیدا وەربگرێت، ئەو یاخیبووە عەلەوییەی ئازاد کرد، کاتێك ڕەشید پێی زانی، لە ناخیدا حەشاری دا و دەستی بە دانانی پلان کرد، تا جێبەجێی کرد و چاکیش جێبەجێی کرد، کە بوو بە هۆی ئەو فەتارەتە، بەمەش ڕەشید توانیی شکۆ و دەسەڵات بگەڕێنێتەوە و کاروباری وڵات بکەوێتە ژێر دەستی خۆی.

جەهشیاری باسی ئەوە دەکات، کەوا بەرمەکییەکان گەمارۆی پارەیان خستبووە سەر ڕەشید، ئەو جارێك داوای دە هەزار دیرهەمی لە جەعفەری کوڕی یەحیا کردبوو، عوزرخوایی بۆ هێنابۆوە.[1]

هارون ڕەشید، درکی بەوە کردبوو، سەریان ژەنیوەتە ناو ماڵ و سامان و ڕووتکردنەوەی بەیتولماڵ، وەکو غوڵامەکەی مەسروری گەورە لە موناقەشەیەکی نێوان دوو کەسدا دەربارەی بەرمەکییەکان ئەگێڕێتەوە، کە ڕەشید وتوویەتی: "ماڵەکەمیان تاڵان کرد و گەنجەینەکەمیان برد"[2].

ئا ئەمە ئەو زانیارییانەیە، سەرچاوە مێژووییەکان، بۆمانیان پاراستووە، هەریەکێك لەمانە توخمێك لە توخمەکانی وەکو نەبوونی دڵسۆزی و کارکردن دژی دەسەڵاتەکەیمان ئەداتێ، کە ڕەشید ئەوانی پێ تۆمەتبار ئەکرد، وا

---

[1] الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص٢٢٩.

[2] المسعودي، مروج الذهب، ج٣، ص٣٦٨. ابن خلدون، المقدمة، ص١٥.

دیاره بەو شێوەیە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ڕەشید و بەرمەکییەکان، بەتایبەت دوای ئەوە دێت لە ساڵی ١٨٧ك، ڕەشید فەرمانی کرد موسای کوڕی یەحیا، لای گەورەی عەباسییەکان عەباسی کوڕی موسا، لە کوفە حەپس بکرێت.[١] ئەوترێت: "ئەوە یەکەم کەلێنێك بوو ناویانی زڕاند"، وا دیارە یەکێك لە کەسە چاوچنۆکەکانی بنەماڵەی عەباسی، تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەردوولایانی قۆستۆتەوە،[٢] ئەو چاوچنۆکەش عەبدولمەلیکی کوڕی ساڵحە، کەوا دیارە لەگەڵ بەرمەکییەکان ڕێککەوتبوو، پێکەوە دژی ڕەشید و دەسەڵاتەکەی کار بکەن.[٣]

ئەبولفیداء لە هۆکاری کارەساتی سەر بەرمەکییەکان ئەڵێت: "کاتێك بەرمەکییەکان پێگەیان بەهێز بوو، دەستکراوەییان تەشەنەی کرد، خەڵك خۆشیان ویستن و پاشاکانیش بەرامبەر ئەم جۆرە کارانە خۆیان بۆ ناگیرێت، ڕەشیدیش ئەو کۆستەی بەسەریاندا هێنا."[٤]

خاوەنی (مخطوطة الانباء في تأريخ الخلفاء) دەڵێت: "هۆکاری کارەساتی سەر بەرمەکییەکان ئەوە بوو، دەوڵەتیان خستبووە ژێر چنگیان و بەتەواوەتی زاڵ بووبوون بەسەر دونیادا."[٥]

ئەوەی ئەمە پشتڕاست ئەکاتەوە، ئەوەیە لە ئیبنو یەختیشوعەوە، کە پزیشکی ڕەشید بوو، ئەگێڕێتەوە: "ڕۆژێکیان چوومە لای ڕەشید لە کۆشکی

---

[١] الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج١٠، ص٨٢. ابن تغريب بردي، النجوم الزاهرة، ج٢، ص١١٥.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠، لا ٥٥ – ٦٣.

[٣] الجهشياري، الوزراء والكتاب، ص٢٢٥.

[٤] أبو الفداء، المختصر في أخبار البشر، ج١، ص١٦. وانظر أيضاً ابن الوردي، تتمة المختصر، ص٢٠٣.

[٥] العمراني، مخطوطة النباء في تأريخ الخلفاء، ورقة ٤٨.

(خولد) له شاری سەلام دانیشتبوو، بەرمەکییەکانیش له لایەکی ترەوه بەرانبەری نیشتەجێبوون، لەنێوان ئەو و ئەواندا، پانتایی دیجله بوو، ڕەشید تەماشای ئەسپەکانی دەکرد، بینیی بەیەکدا دێن و قەرەباڵغیی خەڵکی له بەردەرگای یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکییە، وتی: خوا پاداشتی خێری یەحیا بداتەوه، کارەکانی گرتۆتە ئەستۆی و منی له کاری گران و ماندوویەتی حەساندۆتەوه، کاتی زۆری بۆم گێڕاوەتەوه، پاش ماوەیەکی تر جارێکی تر چوومەوه لای، گۆڕانکاریی تێدا بەرانبەریان دروست بووبوو، وەکو جاری یەکەم ئەسپەکانی بینی، وتی: یەحیا هەموو دەسەڵاتەکانی منی خستۆتە ژێر دەستی خۆی، له ڕاستییدا ئەو خەلیفەیه، نەك من، تەنها ناوەکەی بۆ من ماوەتەوه، ئەڵێت: زانیم تووشی کارەساتێکیان ئەکات، پاشان دوای ئەوه تووشی ئەو ڕۆژه ڕەشەی کردن."[1]

(ئیبنو طباطبا) دەربارەی ئازادکردنی یەحیای عەولەوی و ئەو شوێنەوارە خراپەی لەسەر دەروونی ڕەشید جێیهێشتبوو، دەڵێت: "کاتێك فەزڵی کوڕی ڕەبیع، بە ئازادکردنی یەحیای عەوی زانی، دوای دڵنیابوون له ڕاستیی هەواڵەکە، چووە لای ڕەشید و هەواڵی دەرچوونی یەحیای عەلەویی له حەپسخانە پێوت، پاشان جەعفەری بەرمەکی چووە سەردانی ڕەشید، ڕەشید بانگی کرد، خواردنیان بۆ هات، بەدەم نانخواردنەوه لێی پرسیی یەحیای کوڕی عەبدوڵڵا چی کرد؟ وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران، وەکو خۆی له حەپسدایە، ڕەشید وتی بە گیانی من؟ جەعفەر تێگەیشت، وتی: نا بە

---

[1] الفخري، في الآداب السلطانية، لابن طباطيا، ص١٩٠.

گیانی تۆ،[1] بەڵام لەبەر ئەوە بوو، زانیم خراپە ناكات بەرەڵڵام كرد، ڕەشید وتی: باشت كردووە، كاتێك جەعفەر ڕۆیشت، ڕەشید وتی خوا بمكوژێت ئەگەر نەتكوژم، پاشان ئەو كارەساتەی بەسەر هێنان"[2]

بەڵام چیرۆكی عەباسە هەر لە بناغەوە پووچە و ڕەت دەكرێتەوە، درۆكەی ئاشكرایە، زمانی هەڵبەستن تیایدا ڕوونە، بینیمان چۆن ئیبنو خەلدوون بەرگری لە ڕەشید كرد و تۆمەتی عارەقخواردن و مەجلیسی سەرخۆشی بەرپەرچ دایەوە، مێژوونووسەكان باسی ئەوە دەكەن، ڕەشید ئەبو نەواسی لەسەر سەرخۆشیی حەپس كرد، تا وازی لێهێنا و تۆبەی كرد، چۆن قووت ئەچێت، وەكو بوختانچی و درۆزنەكان برەوی پێدەدەن؟ بۆ ئەوەی دروست بێت لە مەجلیسی ڕابواردن و سەرخۆشیی شەویدا تەماشای بكات، گرێبەست لە نێوان خوشكەكەی و جەعفەردا بكات،[3] چۆن بە عەقڵا ئەچێت، گرێبەستی خوشكەكەی بۆ جەعفەر بكات و بیكاتە مەرج لەسەری، نابێ پێكەوە لە خەڵوەتدا كۆ ببنەوە، حەڵاڵێك حەرام بكات؟ چۆن ڕازی ئەبێت ئەو خەلیفەیەكە كاروباری شەرع و ئایین بەڕێوە دەبات دابەزێتە ئەو ئاستە؟ بابەتی عەباسە كەوابێ بابەتێكە، پێویستی بە درووستییە، پێویستی بە بەڵگەیە... بەڵگە لەسەر ڕاستیی ئەوەی دڵ كرمێبووەكان بانگەشەی بۆ ئەكەن.

---

[1] ئەمە سوێندێكی پووچە، چونكە سوێند تەنها بە خودا، یان بە ناوێك لە ناوەكانی، یان بە یەكێك لە سیفەتەكانی ئەخورێت.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ف. ج. سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨، ل ١٣١.

[3] كەسێك عارەقخواردن و سەرخۆشیی بەلاوە ڕێگەپێدراو و عادەتی بێت، چۆن بینینی حەرامی لا گران ئەبێت؟ (وەرگێڕ).

ئەم کێشەی ڕاستییە کەم وایە زانایەکی کۆمەڵناس، یان زانایەکی دەروونناس، یان زانایەکی ئەنترۆبۆلۆجیا، کە وەکو نەریت چارەسەری بوونەوەرێکی زیندوو ئەکات و ئەتوانێت بیبینێت، ئەو کاتێك لەبارەی ژیانیەوە ئەنووسێت، ئەتوانێت لەبارەی ئەو خاڵانەوە وەڵامی دەست بکەوێت، جێگەی گومانە، تەنانەت لە دادگاکاندا، مەسەلەی ڕاستیی بەڵگەنامەکان، تەنها لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت کێشەیەکی گران نییە، مەگەر نەتوانرێت نووسەری داواکارییەکە، یان شاهیدەکەی ئامادە بکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتانە بۆ بەڵگەنامە مێژووییەکان دەگمەن نییە، بەڵکو ئەمانە بۆ سەرچاوە دەستنووسەکان زۆرن، بەڵام کەمکردنەوەی گومان لە ڕاستیی سەرچاوە لە چاپدراوەکان، ئەوە پەیوەندیی بە سەرپەرشتیی کاری نووسینەوە هەیە، ئەگەر سەرپەرشتیکارێکی لێزان بێت، ئەوە بۆ ڕەواندنەوەی گومان وردەکاری و قایمکاریی باشی تێدا ئەکات.[١]

گومان نییە ساختەکردنی هەموو بەڵگەنامەکان، یان چەند بەشێکی نەبووە بە باو، بەڵام ئەوەی بەربڵاوە هەمیشە وا ئەخوازێت مێژوونووس وریا بێت و ئەگەرەکان بگرێتەبەر، بەڵام ساختەکردنی بەڵگەنامە مێژووییەکان، چەند هۆکارێکیان هەیە، هەندێك کات بەکار ئەهێنرێت بۆ جێگیرکردنی بیانوو و پەڵپێك، یان ناونیشانێکی پووچ و بێمانا، دیارترین نموونە لەسەر ئەمە (بەخششی قوستەنتین)ە، کە لە چەندین بۆنەدا، بە نموونە ئەهێنرێتەوە بۆ پشتیوانیی ئەو بیردۆزەیەی، کە ئەڵێت، پاپاکان مافی هەرێمایەتیی بەرفراوانیان لە ڕۆژئاوادا هەیە، لە ساڵی (١٤٤٠ز)، لۆرنزوفالا (Luronzovalla) بە پشتبەستن بەو هەڵە مێژووییانەی لە زنجیرەیەك

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ١٣٣، لا ١٤١.

ڕووداودا، کە لە ئوسلووب و ئاماژەکاندا دەرکەوتوون، کردوویەتی بە بەڵگە ئەو بەخششانە ساختەن.[1]

هەروەها هەندێك مێژوونووس، لە گواستنەوەی ئەم بەسەرهاتە درۆ و هەڵەیەدا، شتێکیان داوەتە پاڵ ڕەشید، کە لێی بەرییە، ئەگەر لەو هەواڵانەی گواستوویانەتەوە، وردەکارییان بکردایە، نەدەکەوتنە ئەو جۆرە هەڵانەوە.

لەمەدا بەو ئەنجامەوە، کە دەمانەوێت دەردەچین، ئەویش ئەوەیە درۆکردن لە مێژوودا، هۆکاری زۆری هەیە، گرنگترینیان ساویلکەیی و ئاگادارنەبوونی مێژوونووسە لەو زانیاریی و مەعریفانەی هاوکار ئەبن لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان و چوونە قووڵایی شوێنە گومانلێکراوەکانەوە.

ئەم کارە دروستییەکەی لە ئەفسانە میللییەکاندا ڕوونە، بەسەرهاتەکانی (وەلیەم تەل) پاڵەوانی ئەفسانەیی سەربەخۆیی سویسرا و (دکتۆر ناوستۆس)، جادووزانی سەدەی شازدە، دوو نموونەی خۆشی ئەفسانە میللییەکانن، کە ئەکرێت ئاگاداریمان بداتێ لە زۆرێك ئومێدەکانی خەڵکی و ئەفسانە و نەریتەکانیان، کە ئەم چیرۆکانە تیایاندا گەشەیان کردووە، بە مەرجێك مێژوونووس، یان (لێکۆڵەری ئەفسانە میللییەکان) توانای جیاکردنەوەی چنینە ئەفسانەییەکان و بنەما ڕاستەکانی ئەو چیرۆکانەیان هەبێت، ئەکرێت هەمان شت سەبارەت بە ئەفسانە بەناوبانگە

---

[1] مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢ — ٢٣٤.

جیهانییەکان بوترێت، جا بە شێوەی شەڕی دەستەویەخەی هۆمەری[١] بێت، یان لەسەر شێوەی ئەو چیرۆکانە بێت لە کتێبە پیرۆزەکاندایە،

هەروەها سرووده میللییە ئەفسانەییەکان، بە هەمان شێوەیە گرنگیی مێژووی خۆی هەیە، لەوانەیە ڕاست بێت (گۆشتفرۆش و نانەوا و ئەوانەی مۆمیان دروست کردووە)، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە سەندیکای گەورەترین سەرۆکایەتییە پیشەییەکانی ئینگلتەرادا ئەندام بووبێتن، جۆن هۆرنۆی، بچووک (J.Horno)، یەکێکە لە وەجاخزادەکانی کۆشکی شاهانەی هێنری هەشتەم، لە شەیدایانی دەستگرتن بەسەر زەویوزاردا بووبێت، بەڵام لەوانەیە نووسەری ئەفسانە میللییەکان، کە ئەم جۆرە شتانە دەرئەخات، خۆی زیاتر سوودمەندتر بێت لە مێژوو، لەوەی سوود بە مێژوونووس ئەگەیەنێت. ئەرکی مێژوونووسی دڵسۆز لە هەموو کات و شوێنێکدا، لەبێژنگدانی ڕووداو و بەسەرهاتەکانە، بە پێوەری عەقڵ و حیکمەت بیکێشێت و بە چاوێکی تیژی ڕەخنەگرانە لێی ورد ببێتەوە، تاوەکو حەق تێکەڵ بە باتیڵ نەبێت و ڕاستییەکان بەساغی و دوور لە ساختە و ناساغی و هەوا و ئارەزوو مەبەستی خراپ دەرکەون.[٢]

هەندێك کات، بەڕاستی بەڵگەنامە بە مەبەستی سەرلێشێواندن و ڕێلێونکردنی چەند کەسێکی دیاری سەردەم ئەنووسرێتەوە، لێرەوە سەر لە هەندێك لە مێژوونووسەکانی دواتریش ئەشێوێنێت، دەربڕینی (وای دائەنێم تیایدا) ئیمپراتۆر لیۆبۆلدی دووەم وتوویەتی، کاتێك ئاڕاستەی لە شۆڕشی

---

[١] هۆمێرۆس شاعیرێکی دەستەویەخەی ئەفسانەیی کریت(إغریق)ییەکانە، ئەڵێن کەسایەتییەکی مێژووییە، هەر شتێك لەبارەیەوە ئەوترێت حیکایەتی دەماودەمە. (وەرگێڕ).

[2] Carr.E.H.OP.CIT. 138 – 141.

فەڕەنسادا دەرکەوت، ماری ئەنتوانیتۆ و زۆربەی مێژوونووسە وردەکارەکانی سەر لێشێواند، تاوەکو ئەو کارە لە ساڵی ١٨٩٤دا، ڕاستییەکەی دەرکەوت.[١]

ناوبەناو، بەهۆی پلان و فێڵی لێکۆڵەرانەوە، سرووشتی کتێبە چاپکراوەکان ئەشێوێنرێت، هەمیشە ئەو پرسیارە دەربارەی ئەو نووسراوە زۆرانەی دراونەتە پاڵ ئەلکاردینال (ریشلیو) ئەکرێت، ئایا خۆی نووسیویەتی، یان بۆیان نووسیوەتەوە؟ دۆخەکە بەناو یاداشتەکانی جان دوێت و بەڵگەنامەی سیاسیی کۆلبێر هەر وایە، کە بەشێکی بچووکی ئەو دووانە، جان دویت و کولبیر، نووسیویانە، ئەو بیرەوەرییانەی ئەدرێنە پاڵ، (کوندۆرسیە) ویر، برای شیری ماری ئەنتوانیت و زۆرێك لەو نووسراوانەی ئەگەڕێنرێنەوە بۆ (ناپلیۆنی یەکەم)، کەسانێك غەیری ئەوان دایانناوە، بێگومان ژمارەی هەندێك ڕۆژنامە ڕۆژانەکان، ماوەیەکی زۆر پێش ئەو مێژووەی لەسەریەتی دانراون و ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ئەلمۆنیتور)، هەندێك نموونەی جوانمان لەسەر ئەوە ئەداتێ، ژمارەیەك لە یادەوەرییە ڕۆژانەکانی ناپلیۆن خەڵکێکی زۆر لە ڕوانگەی نووسراوەکانییەوە دایانناوە.

زۆر جار، ساختەکردنی ڕاستییە مێژووییەکان لە خودی خۆیاندا، یان شێواندنیان، لە ڕێگەی زانیاریی سیاسیی و بەڵگەنامە نهێنییە گرنگەکانەوە دەرئەکەوێت، ئەم دەرخستنەش بە جۆرێکە وەکو ئەوەی ئەو بەڵگەنامە ساختەکراوانە لە واقیعدا ڕاستییەکن و فێڵ و ساختەیان تێدا نەکراوە، بۆیە سەبارەت بە خودی ڕووداوەکان و کەسەکان ناورووژێنرێن.[٢]

---

[١] هر نسوان، ج. المرجع السابق، ص١٤٢ — ١٤٧.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١، لا ١٦٤.

ئەو بەڵگەنامەیەی هەمووی، یان بەشێکی زۆری بەئەنقەست بە مەبەستی فێڵ و سەرلێشێواندن ساختە کراوە، زۆر گرانە کێشانەی بکەین و نرخەکەی دیاری بکەین، بەڵام ئەوە هەندێك کات، ئاڵۆزییەکی کەمتر پەیدا ئەکات، لە چاو ئەو بەڵگەنامەیەی تەنها بەشێکی کەمی جێگەی متمانە نییە، لەبەر ئەوەی ئەم بەشە کەمە زۆر جار لە هەڵەی ئەنقەست، یان ساختەکردنێکی پلان بۆدانراوەوە پەیدا نەبووە، وێنەی ئەم جۆرە بەڵگەنامانەی، کە بەشێکیان جێگەی گومانە، زۆر جار لە چەند بەڵگەنامەیەکدا دەست ئەکەوێت نوسخە ئەصڵییەکانیان ون بوون، لێلادان، یان دووبارەبوونەوە، یان لێزیادکردن تیایدا، ئەوەش بەگشتی هۆکاری ئەو جۆرە هەڵانەیە ئەم حاڵەتەش بۆ ئەو کەسانەی خۆیان هەڵئەستن بە کۆپیکردن و لە بەرگرتنەوەی ئەو نووسخانە کارێکی ڕۆژانەیە و خۆیان لێی شارەزان، هەروەها ئەم دەسکاریکردنەش بە مەبەستی ئاسانکردن، یان خستنەسەر، یان تەواوکاریی نووسخە ئەصڵییەکە بەئەنقەست ئەکرێت، نەك پشتگوێخستن، ئەم جۆرە گۆڕینە جاری یەکەم لە نیازپاکییەوە دێت، کاتێك بۆ دەرخستنی جیاوازیی نێوان دەقی ئەصڵی و ئەو فەرهەنگانەی بۆ پاشکۆی دەق بە مەبەستی شیکردنەوەی کۆمەڵە وشەیەکی گران دانراون، یان پەراوێز کراون، بەڵام ئەوانەی دوایی لەبەری ئەگرنەوە، وەکو پێویست ئاگاداری ئەم جیاوازییانە نین.[١]

ئەم جۆرە ئاڵۆزییانە، زانایانی زمانەوانی کلاسیکی، هەروەها ڕەخنەگرانی کتێبی پیرۆز، باش پێی ئاشنان، لەبەر ئەوەی بەدەگمەن نووسخەیەکیان دەست ئەکەوێت تەمەنی لە هەشت سەدە کەمتر بێت، ئەو

[1] Cormay, p.a. cit., 201 – 211.

نووسخەیەش بە چەند قۆناغێکی لەبەرگرتنەوەدا ڕۆیشتووە، کە لە نوسخە ئەصڵییەکە دوور کەوتۆتەوە، واتە کۆپیکردنە، لەبەر کۆپیکراوێك، هەندێك کات لەبەر کۆپیکراوێکی تر وەرگێڕدراوە، کە ئەوانیش لە وەرگێڕانی کۆپیکراوێکی تر وەریان گێڕاوە، هەروەها زانایانی زمان بۆ ئەم جۆرە ئاڵۆزییە ئامانجدارە، دەقێکی وردیان بەکار هێناوە، ئەویش ناوی ڕەخنەی دەقە (Textual Criticism)، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانی کتێبی پیرۆزیشدا ناوی ڕەخنەیە، بە ئەندازەیەکی کەمتر، (Lower Criticism)، پێویستە مێژوونووس هونەرەکەی لەم شوێنە شاراوانە لە لای زانایانی زمان، یان لێکۆڵەرەوانی کتێبی پیرۆز وەربگرنەوە.[1][2]

بۆ ئەوەی مێژوونووس بەڵگەنامەی ئەسڵی لە بەڵگانەمەی ساختە، یان شێوێنراو، جیا بکاتەوە، ئەبێ ئەو تاقیکردنەوانەی لە پشکنینی پۆلیسی دادوەرییدا پیادە ئەکرێت بەکاری بێنن، دوای ئەوەی دەربارەی مێژوویی بەڵگەنامەکان ئەگات بە باشترین خەملاندن، دەست دەکات بە تاقیکردنەوەی کەرەستەی نووسینەکە، تا دڵنیا بێت بەڵگەنامەکان هیی دوای ئەو کاتە نییە مێژووی بەڵگەنامەکان بۆی ئەگەڕێتەوە، لە سەدەی پازدەدا کاغەز بە دەگمەن

---

[1] د. حسن فوزی النجار، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨ — ٢٣.

[2] نوێخوازەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەیانەوێت ئەزموونی ڕەخنەگران و توێژەرانی ڕۆژئاوا بەرانبەر بە دەقەکانی کتێبی پیرۆز بگوازنەوە، ئەوان چۆن ئەڕوانن بۆ کتێبی پیرۆز و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، ئەمانیش بەرامبەر بە قورئانی پیرۆز هەمان هەنگاو بنێن، لەگەڵ ئەوەی قورئان پێش لە ماوەی ئەم هەزار و چوار سەد ساڵەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان نوسخەی یەکەم و لە چاپدراوەکانی ئێستادا نابینرێت، بەڵام توێژەرانی ڕۆژئاوا وەکو لە دەقە وەرگێڕاوەکەدا دەرئەکەوێت بە هیچ شێوەیەك ناتوانن نوسخەیەکی ئەسڵیی کتێبی پیرۆزیان دەست بکەوێت. (وەرگێڕ).

هەبوو، ئەو كاتە ئاگایان لە چاپەمەنی نەبوو، قەڵەمی ڕەش (رصاص)، لە پێش سەدەی شازدەدا نەبوو، چاپەمەنی لە سەدەی نۆزدەدا داهێنراوە، كاغەزی هیندی لە كۆتایی ئەو سەدەیەدا گەیشت، هەروەها مێژوونووس بە گەڕان بەدوای ئەو نیشانانەی تەمەنی دیاری ئەكات، هەر لە سەرەتاوە پشكنین بۆ پێكهاتەی كیمیایی ئەو مرەكەبە ئەكات، تا بیسەلمێنێت دواتر لە مێژووی بەڵگەنامەكە دروستكراوە... دوای ئەوەی توانای ئەخاتە كار بۆ ناسینی نووسەری بەڵگەنامە، (بیر ئەكاتەوە ئایا لە توانایدا هەیە لێكۆڵینەوە لە نووسین و ئیمزا و مۆر و ئەصڵی كاغەز، یان جیاكەرەوەی ئاویی لە كاغەزەكەدا بكات، تەنانەت كاتێك نووسینەكە ئاشنا نییە بۆ مرۆڤ، ئەتوانێت بەراوردی بە چەند نموونەیەك بكات، كە ڕاستییەكەیان متمانەپێكراو بێت.

ئەشكرێت لەم حاڵەتەدا بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگی ژیاننامە، ئەوەی فەرەنسییەكان پێی ئەڵێن: ئیسۆگرافی (Isographies) كە نموونەی دەستنووسی هەموو نووسەرێكی بەناوبانگ هەڵئەگرێت.[١]

[١] هرنشو، ف. ج. سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١ - ١٥٢.

# بەشی چوارەم
# نیشانەکانی نووسینەوەی
# میتۆدی زانستیی مێژوو لای ئیبنو خەلدوون

لەسەر قسەی پرۆفیسۆر (ئالبان. ج. وید جری)، زۆرێك وای بۆ ئەچن (ئیبنو خەلدوون) خاوەنی مێژووە، یان دامەزرێنەری زانستی مێژووە، ئەو وای بۆ چووە ئەو شایەنی ئەو نازناوەیە، چونکە ئیبنو خەلدوون بۆ ئەوە چووە مێژوو لقێکی دیارە لە لقەکانی مەعریفە، بە کردەوەش بایەخی داوە بە هەموو بوارەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی مێژوو، هەروەها ئەو کارتێکەرە جۆراوجۆرانە دەرئەخات، کە ئیش لە مێژوودا ئەکەن، هەر وەکو بایەخی بە بەردەوامبوونی هۆ و ئەنجام و پێکهێنەرە فیزیکی و دەروونییەکان داوە، بەنیسبەت ئیبنو خەلدوونەوە مێژوو تەنها تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو وەسفی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.

- ئیبنو خەلدوون لە ڕادەبەدەر بایەخدان بە دیاردەی گۆڕانکاری (الصیرورە)، یان بیرۆکەی پەرەسەندنی مێژوویی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لا مەبەست بووە، کە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیدا بە بەردی گۆشە دادەنرێت، ئەو لەم لایەنەوە بەسەر هەموو مێژوونووسە پێشووەکانی، یان هاوچەرخەکانیدا بە سەرکەوتووتر دائەنرێت، ئەو لە چڵەپۆپەی ڕایە ڕاست و دروستەکانیدا تێبینیی گۆڕانکاریی گەل و نەتەوەکانی کردووە، ئاگادارییشی داوە، کە هەموو نەوەیەك بارودۆخ و دەستکەوتگەلێکی هەیە و لەسەر یەك ڕیتم نامێنێتەوە، بەڵکو بە گۆڕانی کات و شوێن ئەگۆڕێت، بۆیە لەو بارەیەوە ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "لە هەڵە شاراوە مێژووییەکان بێئاگاییە لەوەی گۆڕینی چاخ و سەردەم و ڕۆژگارەکان، کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بارودۆخی گەل و نەتەوەکان هەیە، کە ئەوە نەخۆشییەکی زۆر شاراوەیە دوای چەند ماوەیەکی زۆر نەبێت دەرناکەوێت."

ـ هەندێك كات ئەوە بەدی دەكرێت، ئیبنو خەلدوون ئاماژە بەوە دەكات، كە گۆڕینی مێژوو زیاتر پشت بە (ژینگە) دەبەستێت تاوەكو چالاكیی مرۆڤەكان، بەڵام لە نووسراوەكانیدا وا دەرناكەوێت زۆر دەستی بە سەپاندنەوە (الحتمیە)[١] (Dererminism) گرتبێت، بۆیە ئەو دان بەو ڕۆڵانەدا ئەنێت، تاكەكان ئەیبینن، هەر وەكو هەندێك كات بۆ ئەوە چووە شێوەیەك، یان نموونەیەكی دووبارەبۆوە لە ڕێڕەوی ژیانی ئیمپراتۆریەتەكان (وڵاتان)دا ئەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی بەدەمەوەهاتن و گونجانی مرۆڤەكان.

دەوڵەت بە هۆی هێز و بازووی یەكێك لە نەوەكانەوە درووست ئەبێت، نەوەی دووەم دێت پایەكانی قاییم ئەكات و چێژ لە بەهاكانی وەرئەگرێت و ڕۆئەچێت لە خۆشگوزەرانی و ڕابواردندا، بەڵام نەوەی سێیەم لاواز ئەبێت و بەرەو قووڵایی نابوودی ئەڕوات، تا تێكشكان و كەوتن.

ـ ئیبنو خەلدوون لە ئەندازەی (گشتگیری)ی بابەتی مێژوو و تێكەڵیی لەگەڵ بابەتەكانی تردا تێگەیشتووە، كاتێك دووپاتی ئەكاتەوە، مێژوونووسی باش پێویستی بە ژمارەیەك سەرچاوە و شوێنی وەرگرتن و شارەزایی جۆراوجۆر هەیە، پێویستی بە وردبوونەوە و ڕەگداكوتانێكیش هەیە، تاكو بیبەن بەرەو ڕاستی و لە هەڵە و خلیسكان بیگێڕنەوە، چونكە هەواڵ ئەگەر تیایدا تەنها پشت بە گواستنەوە ببەسترێت و بنەماكانی نەریت

---

[١] حەتمیەت گریمانەیەكی فەلسەفیە، ئەڵێت: هەموو ڕووداوە نەبڕاوەكانی بوونەوەر لەناویاندا تێگەیشتنی مرۆڤ، گەردنكەچن بۆ زنجیرەیەك لۆژیكی سەبەبی، هەندێك پێیدەڵێن، یاساكانی سرووشت، ئیماندارانیش پێیدەڵێن قەزا و قەدەر، لەگەڵ ئەوەی تێبینیمان لەسەر دەستەواژەی حەتمیەت هەیە، چونكە جۆرێك لە تۆپزی و جەبری لێ ئەخوێنرێتەوە، كە لەگەڵ بنەمای ئیختیار لە ئیسلامدا و ئازادییەكانی مرۆڤ یەك ناگرێتەوە. (وەرگێڕ).

و یاساکانی سیاسەت و سرووشتی شارستانیەت و بارودۆخی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەکرێت بە داوەر و شاراوە بە دیار و ئێستا بە ڕابردوو نەپێورێت، لەوانەیە لە ساتمەکردن و پێهەڵخلیسکان و لادان لە ڕێگەی ڕاست سەلامەت نەبێت.

- ئیبنو خەلدوون بەداواداچوونی بۆ ئەو جیاوازییە مێژووییانە کردووە، کە لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا هەیە، کە ئەو جیاوازییەی گێڕاویەتیەوە بۆ سرووشتی ژینگە و کەشوهەوا و سرووشتی زەوییەکەیانیان و هۆکاری تریش، ئەو وای دەبینێت، هەر نەتەوەیەك پەیوەندە بە ژینگەی تایبەتیی خۆیەوە، ئیبنو خەلدوون لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی دووپات کردۆتەوە.

- دەمارگیری لای ئیبنو خەلدوون لەسەر دوو جۆرە: تایبەت و گشتی، هەموو گەڕەکێك، یان تیرە و هۆزێك، هەرچەند لە ڕەچەڵەکی گشتیدا یەکدەستەن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، دەمارگیریی تریشیان بۆ بنەچەی تایبەتیی خۆیان هەیە، کە زیاتر بۆ ئەوە بەپەرۆشترن لە بنەچە گشتییەکە، دەمارگیری چ بۆ لایەنگرانی بنەچەی تایبەت بێت، یان بۆ لایەنگرانی بنەچەی گشتی بێت ڕوو ئەدات، بەڵام دەمارگیری بۆ بنەچە تایبەتییەکە لەبەر پێکەوە گرێدراوییان زیاتر و بەهێزترە.

تاوەکو نەوەکان لە (دەشتەکیبووندا) قووڵتر بن و زیاتر کێوی بن، ئەوا نزیکترن لە سەرکەوتن بەسەر ئەوانی تردا، ئەگەر لە ژمارەدا لێك نزیکبوون،

له هێزدا هاوشانی یەکبوون، ئەوەی ئەم هێزە دیاری دەکات، یان یەکلایی دەکاتەوە دەمارگیرییە[1].

کاتێك ئیسلام لە دورگەی عەرەبدا دەرکەوت، پشتیوانیی لە پەیوەندیی خزمایەتی کرد، ڕای سپاردن چاکە لەگەڵ خزمەکانیان بکەن و درێغی نەکەن لە ئەنجامدانی خێر و چاکە بۆیان،[2] خودای بەرز و بالاَّ ئەفەرموێت: ﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلاَ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى﴾ [النساء:٣٦] ، واتە: (خودا بپەرستن و بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ پەیدا مەکەن و لەگەڵ دایك و باوکتان چاك بن و چاکە لەگەڵ خزم و کەستان بکەن)، کەسە نزیکەکان خاوەن ڕەحمەکانن، ئەوانەن بە نزیکیی خوێن لەگەل مرۆڤ کۆ ئەبنەوە.[3]

هەر وەکو لە باسکردنی مافی خزمان و کەسە نزیکەکاندا، فەرموودەی زۆر هاتووە[4] ، لەوانە ئەوەیە، کە تەبەرانی گێڕاویەتییەوە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: ((وَالَّذِي بَعَثَنِي بِالْحَقِّ لا يَقْبَلُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَدَقَةً مِنْ رَجُلٍ وَلَهُ قَرَابَةٌ مُحْتَاجُونَ إِلَى صَدَقَتِهِ، وَيَصْرُفُهَا إِلَى غَيْرِهِمْ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) واتە: (سوێند بەوەی بە حەق منی ناردووە، خوا خێری کەسێك قبوڵ ناکات، خزمی موحتاجی هەبێت، خێرەکەی و بەخشینەکەی بدات بە کەسانی تر، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا تەماشایان ناکات)، بوخاری لە

---

[1] یاساکەی ئیبنو خەلدوون، جگە لە دەمارگیری، کۆمەڵێك بنەمای داناوە، ئەڵێت ئەگەر لە هەموو ئەوانی تردا یەکسان بوون، ئەوا دەمارگیری پارسەنگی هێزە نموونەی سەردەمیش هەیە، کە تەنها کێوبیوون سەرچاوەی سەرکەوتن نییە. وەرگێڕ.

[2] محمد عبدالقادر الحمادي، مستقبل الاسلام، دار الفكر الحديث للطباعة والنشر، ص٤٨ — ٥١.

[3] المرجع نفسه،ص٦٢:ص٦٤.

[4] محمد قطب وآخرون، الثقافة الاسلامية، جامعة عبدالملك بن عبدالعزيز، ص٩٨ — ١٠١.

سەحیحەکەیدا، گێڕوایەتییەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، فەرموویەتی لە گێڕانەوەیەکدا، لە پەروەردگارییەوە: ((أنا الله وانا الرحمن، خلقت الرحم وشققت لها اسماً من اسمي فمن وصلها وصلته، ومن قطعها قطعته)) واتە: (من خودام و من ڕەحمانم، ڕەحمم دروست کردووە و ناوێکی وەکو ناوی خۆمم بۆ داناوە، هەرکەسێك پەیوەندیی لەگەڵ قایم بکات، ئەیخەمە ناو بەزەیی و پێگەی کەرامەتی خۆم، هەرکەسێك بیپچڕێنێت، منیش بەزەیی خۆمی لێ ئەبڕم).

بەڵام ئیسلام لە پشتیوانیی بۆ پەیوەندیی خزمایەتی، ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندیی و خۆشەویستیی خزم و هۆزە، تاوەکو ببێت بە ناوکێك بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی و خۆشەویستی ناو تاکەکانی هەموو ئوممەت بەگشتی[1]، کاتێك مسوڵمان بەتەنگ ڕەچەڵەکییەوە بوو، شارەزای ئەو ڕەچەڵەکە بوو، ئەگەڕێتەوە سەری، ئەبێ ئەو شارەزابوونە بۆ یارمەتیدانی ئەندامانی خێزانەکەی بێت، سۆز و خۆشەویستییان لەگەڵ بگۆڕێتەوە، ئەبێ بۆ هاوکاری لەگەڵیان لەسەر ڕاستی و لەو سنوورانەدا بێت ئایین دایناوە[2]، بەڵام عەرەب لە کاتی نەفامیدا، بۆ خۆهەڵکێشان و خۆهەڵنان و دەمارگیریی گەوجانە بەتەنگ مانەوەی خزمایەتییانەوە بوون، کە تەماشای خودی حەق ناکات، بەڵکو چاوی لە بەرژەوەندیی و دەستکەوتی تایبەتییە.

ئەم دەمارگیرییە دوای ئیسلامیش لە دڵیاندا مایەوە، بەڵام بنەمای دادگەریی ئیسلامی بەسەریدا زاڵ بوو، کە هەموو مسوڵمانانی کرد بە یەك

---

[1] عباس محمود عقاد، الاسلام دعوة عالمية، المكتبة العصرية، ص١٦٨ – ١٩١.

[2] محمد عبدالقادر العماوي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٦ – ٨٨.

ئوممەت، ئوممەت وا ئەکات، ئیسلام لە جێگەی حەسەب و نەسەب و باسی خزمایەتی و لێکئالاّن دائەنێت، کاتێك مسوڵمانان چوونە دەرەوەی دوورگەی عەرەبی، جوانیی دونیا بەرەو پیریان چوو، جارێکی تر دەمارگیریی نەفامی بۆیان گەڕایەوە و ڕێبازەکانی ئیسلامی دادگەر لە دەروونیاندا لاواز بوو، کەوتنە خۆهەڵکێشان و شانازیکردن بە باووباپیرانیانەوە، ئەوانە بە ناوی بە تەنگەوەهاتنی ڕەچەڵەك و پێکەوەبوونەوە بوون بوو، بەلاّم ـ لە واقیعدا ـ ئەوان بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، بەدەم بانگەشەی لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانین و لووتبەرزییەوە چوون.[1]

ئیبنو خەلدوون ئەم بابەتەی لە پێشەکییەکەیدا چارەسەر کردووە، لە هەندێك لایەنەوە باش تێی فکریوە، بەلاّم نەیتوانیوە لە هەموو لایەنەکانەوە تیشکی بخاتەسەر، ئەو باسی ئەوەی کردووە، ڕەچەڵەکی خاوێن و تەواو لەنێو کێوییە بیابانییە گەڕۆکەکاندا لە هۆزە عەرەبەکان و ئەو هۆزانەی وەکو ئەوانن دەبینرێت،[2] بەم شێوەیە هۆکارەکەی ڕوون کردۆتەوە، کە وتوویەتی: "هۆکارەکەش، ژیانی دژوار و دەستکورتی و خراپیی شوێنی نیشتەجێبوونیانە، ئەم ژیانە قورسە هۆکارەکەی ئەوەیە، کە عەرەبەکان ژیانی خۆیان، لە حوشتردارییەوە بەدەست دەهێنن و ناچارن چاودێریی زان و زۆربوون و بارودۆخی لەوەڕاندنیاندا بکەن، حوشتریش ناچاریان ئەکات، لە بیابانەکاندا بۆ لەوەڕاندنیان لە درەخت و پووشوپەلاّشەکەی کێوی بن، بەرهەمی حوشتر، لە لمی بیاباندایە، بیابانیش شوێنی زبرێتی و برسێتییە،

---

[1] د. علي عبدالله الدباغ، لمحات من الحضارة العربية والاسـلامية، دار الرفـاعي، الريـاض، ص١٣، ٢٥.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢٨، ٣١.

ئەوەیان لیٚ بووە بە خوو و نەریت، هیچ گەل و نەتەوەیەکی تر، ناتوانێت لەگەڵیان وەکو ئەوان بژییێت و هاوڕێیەیتییان بکات، ئەگەر کەسێکیشیان ڕێگەی ڕاکردن لەو ژیانەی بۆ هەڵبکەوێت، ئەوا بە زووترین کات ئەو ژیانە بەجێدەهێڵێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی پارێزراو بن لە تێکەڵیی و فەسادی مەڕومالات."[1]

هەروەها ئیبنو خەلدوون، بەدەوام ئەبێت، لە بەڵگەهێنانەوە لەسەر درووستیی ڕایەکەی و نموونە بەو کێوییانە ئەهێنێتەوە، کە لە بیاباندان، لەوانە هۆزی قوڕەیش لە مەکە و سەقیف لە تائیف باس دەکات، کە ئەڵێت: "مەسەلەی ڕەچەڵەکی خاوێن دەتوانین لە هۆزەکانی موزەر، لە قوڕەیش و کینانە و سەقیف و بەنی ئەسەد و هوزەیل و دراوسێکانیان لە خوزاعە باس بکەین، کە وەك هۆزە ناوبراوەکان، لە ژیانێکی گراندا دەژین و شوێنی نیشتەجێبوونیان خاڵیە لە کێڵگە و مالات، بە چ شێوەیەك ڕەچەڵەکیان بە ڕێك و ڕاستی ماوەتەوە و هیچ شتێکی تێکەڵ نەبووە و پارێزراوە.[2]

ئیبنو خەلدوون، وای بۆ ئەچێت، نەسەبی خاوێن لەناو عەرەبدا، بە هۆی زۆر هەژارییانەوە ماوەتەوە، کە دراوسێکانیان لە حاڵیان ڕازی نەبوون و تێکەڵبوونیان لەگەڵیان پیٚ خۆش نەبووە، بەڵام بە بڕوای ئێمە واقیع پێچەوانەی ئەمەیە، چونکە نهێنیی پارێزگاریکردنی عەرەب لە ڕەچەڵەکیان ئەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی عەرەب، کە لەسەری پەروەردە بوون، وەکو بەخۆنازین و زیادەڕەویکردن، لە پشتبەخۆبەستن و وایان داناوە، کە نەتەوەکانی تر، پلە و پێگەیان لەوان نزمترە، کەس ناتوانێت لە ڕووی

---

[1] مقدمة ابن خلدون، ط البيان العربي، ج٢، ص٤٢٥.

[2] (شوب) تێکەڵ بوون، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەوەدا بوەستێت، کە دەمارگیریی عەرەبی لە سەردەمی نەفامییشدا، بە ئەندازەیەکی گەورە هەبووە.[١]

ئیبنو خەلدوون، تیشک ئەخاتە سەر زیادەڕەویی عەرەب لە دەمارگیریدا، کە خۆیان پاراستووە لە ژنوژنخوازی لەگەڵ پاشاکانی فارسدا، کە ئەوان ـ ئەوکات ـ لە حیرەدا، قسەڕۆیشتوو خاوەن بڕیار بوون و دەسەڵات و پێگەیەکی گەورەیان هەبووە.[٢] بەڵام ئەو هۆزانەی لە دەمێکەوە نیوەدوورگەیان جێهێشتووە و تێکەڵ بە گەل و نەتەوەکانی تر بوون و بەهەمیشەیی لەگەڵیان ماونەتەوە، دەمارگیریی هۆزایەتییان کەم بوونەتەوە و بایەخدانیان بە ڕەچەڵەکیان لاواز بووە، کاتێك دەسەڵاتی عەرەب بەرفراوان بوو، زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان ئاشنا بوون لەگەڵ عەرەبدا و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەوە، ڕەچەڵەکەکان تێکەڵ بە یەکتر بوون، لە کاتێکدا هەموویان بوون بە عەرەب، لایەنگیریی هۆزە عەرەبییەکان لاواز بوو.[٣] وای لێهاتبوو هۆزەکان بە ناوی شارەکانیانەوە جیا ئەکرانەوە، ئەوترا ئەوانە عەرەبەکانی میسرن، ئەوانە عەرەبی شامن، ئەوانە عەرەبی عێراقن، ئەوانە لیبین، هەروەها بۆ شوێنەکانی تریش.[٤] وەکو بۆمان دەردەکەوێت،

---

[١] ج١، ص٥٤ ومابعدها، ط شكيب ارسلان.

[٢] مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٥.

[٣] هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٦.

[٤] نووسەر، هەندێك دەستەواژە بەکار ئەهێنێت، لە پێشەکییەکەی ئیبن خەلدووندا نییە، بۆ نموونە نووسیویەتی: کاتێك دەسەڵاتی عەرەب بەرفراوان بوو، یان زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامییەکان بوون بە عەرەب، یان ئەڵێت: ڕەچەڵەکەکان، تێکەڵ بوون و ئینتیما بە پێویست نەزانرا، چونکە هەموو بوون بە عەرەب. تەماشای ل١٤٣ بکە، لە پەراوێزیشدا ئاماژەی بە

نهێنیی تێکەڵبوونی ڕەچەڵەکەکان ئەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵییەکی تۆکمەی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان و نەمانی پەردە و جیاوازیی نێوانیان و هەستکردنیان بەوە هەموویان یەك ئوممەتن، بەڵێ ڕەچەڵەکی باووباپیرانیان تێکەڵ ئەبێت، بەڵام ڕەچەڵەکی هەرێمەکان و وڵات جێگەی ئەگرێتەوە.

ـ ئیبنو خەلدوون بایەخی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها شوێنەواری ئەو پەیوەندییانە، لە پەرەپێدانی شێوەی ژیانی گەلان، بە درێژایی مێژوو داوە. کە وتوویەتی: مرۆڤ سرووشتی سەر بەیەکداکردن و کۆمەڵایەتیی هەیە، مانای ئەمەش ئەوەیە، مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها بژی، بەڵکو پێویستە تێکەڵ بە خەڵك بێت و خەڵکیش تێکەڵیی لەگەڵ بکەن، ئەبێ هەموویان پێکەوە هاوکار بن بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیان، وەکو خواردن و خواردنەوە و چادر و جلوبەرگ، بەڵکو لە سەرووی ئەمانەشەوە بۆ بەدەستهێنانی کەمالیات، کە مرۆڤ ئەگوازێتەوە بۆ ژیانێکی خۆشتر، هەروەها ئەوەندە هۆکارەکانی ئارامیی و حەوانەوەی بۆ بسازێنرێت، هەست بە بەختەوەری بکات و بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستێکی شیاو، کە یارمەتیدەری بێت بۆ ئەوەی ئەو شتانەی خوا بۆی فەراهەم هێناوە، وەکو ئاژەڵ و سەوزایی و شاخ و ڕووبار و دەریاکان، سوود لە خێروبێریان ببینێت.

لە ڕوونکردنەوەی ئەمەدا ئیبنو خەلدوون لە پێشەکییەکەیدا ئەڵێت: "خودای پاك و بێگەرد، مرۆڤی دروستکردووە و بە شێوەیەك پێکیهێناوە ژیانی هەڵناسووڕێت بە خۆراك نەبێت، کە بە شێوەیەکی خوداکرد و

---

(مقدمە) کردووە و نووسیویەتی: مقدمە ابن خلدون، المرجع السابق، ص٢٢٥. وەرگێڕ.

سرووشتی ڕێگەی بەدەستهێنانی پیشانداوە، توانای بەدەستهێنانیشی تێدا پێکهێناوە، بەڵام توانای تاکە مرۆڤێك ناگاتە ئەوەی بەتەنها پێداویستییەکانی خۆراکی خۆی پەیدا بکات، ئەگەر کەمترین ئەرکی بۆ دابنێین، بۆ نموونە خۆراکی یەك ژەم گەنم، وەکو هاڕین و کردنی بە هەویر و کردنی بە نان[1] ، بە یەك کەس پەیدا نابێت."

ئەم ڕوونکردنەوە دیارەی ئیبن خەلدوون، درێژەپێدانێکی وردە لەبارەی مرۆڤەوە لەسەر زەویدا، کە هەڵوێستی لەگەڵ مرۆڤەکانی تری برایدا چۆن بێت، هەروەها چ پەیوەندییەکی بە بوونەوەرەکانی تری دونیاوە هەبێت. وەکو ئەیبینن تاکە مرۆڤێك بەبێ بەکارهێنانی میکانیزم و پیشەسازیی جۆربەجۆر، خۆراکی خۆی پێ پەیدا ناکرێت، بۆیە بۆ هەر یەکێك لەو بوارانەی پسپۆڕییان تێیدا هەیە، پێویستیان بە دەستی کاری زۆر هەیە.[2]

## فەلسەفەی مێژوو لای ئیبنو خەلدوون:

ئێمە وەکو ئەبینین ئیبنو خەلدوون سۆفییەکە، فیکری لە ئیمامی غەزالییەوە نزیکە، فەلسەفەیەکی باڵای خاوەن ڕیشەی بۆ مێژوو داناوە، خۆی وا دائەنێت زانستێکی تازەی دۆزیوەتەوە، بەو هۆیەوە سەرکەوتوو بووە بەسەر پێشووەکان و ئەوانەی دوای خۆیدا، ئەوەش بەردەوام تا ئەمڕۆ شوێنی گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان زۆربەی توێژەرە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکانە، ئیبنو خەلدوونی هەڵگری بیری تەصەووف، چۆن ڕێی لەم فەلسەفە مێژووییە کەوت؟ کوان ئەو سەرچاوانەی بیرۆکە تازەکانی

---

[1] (الطبخ) سازاندنی بە هەویر و، کردنی بە نان.

[2] ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥١٣ – ٥١٤.

لێوەرگرتووە؟ عەقڵ ئەیگرێت ئاوها لە نێوان هاوچەرخەکانی و مامۆستا و قوتابییەکانیدا، تاقانە و دانسقە بێت؟ بە دڵنیاییەوە مێژوو پێش (*مقدمە ابن خلدون*)، ڕەنگێك بوو لە ڕەنگەکانی ئەدەب، یەکێك بوو لە جۆرەکانی کۆڕی کاتبەسەربردن و گێڕانەوەی سەرگوزەشتە، بە مەبەستی چێژلێبینین و حەسانەوەی دڵ و دەروونەکان و گەڕان بەدوای شاراوەکانی مێژوو و باسکردنی ڕووداوە مەترسیدارەکان و شتە سەرسووڕهێنەرە خەیاڵاوی و دێرینەکان، پێشووەکان وەکو کەشکۆڵی هەواڵ و هەگبەی ڕووداوەکان، تەماشای مێژوویان کردووە، بۆیە وەکو یەکێك لە زانستەکان دایان نەناوە، کە بنەما و بناغە و میتۆدی خۆی هەبێت، کەس نکوڵیی نییە لەوەی مێژوو لەسەر دەستی ئیبنو خەلدوون لە بنەما و میتۆدەکانیدا بوو بە زانستێکی بێ کەموکوڕی و تێروتەسەل... لەسەر بنەمای میتۆدێکی زانستی نووسیویەتی، پشت بە شەرح و شیکاری ئەبەستێت، لێکۆڵینەوەی ڕووداو و دیاردەکانی کردووە، هەندێك یاسای گشتیی لێ دارِنیوە، مێژوونووسان لەسەری ئەڕۆن و ئەو ڕێڕەوەی تێکداوە، کە ئەبێ بابەتەکان وەکو چنین بەدوای یەکدا بێن... ئەکرێت ئەو قسەیە بکرێت، کە ئیبنو خەلدوون خاوەنی بیردۆزەیەکی بێوێنەیە لە مێژوودا... تا (ڤیکۆ VICO) بە زیاتر لە سێ سەد ساڵ لە دوای ئەو دەرکەوت، ئەوەی تازە بێت لە حاڵەتی مێژوونووسی لای ئیبنو خەلدووندا تەنها میتۆدە، بەڵام گێڕانەوەی ڕووداوەکان و کۆکردنەوەی بەسەرهاتەکان کارێکی ئایەغە و خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو مێژوونووسە کۆنە کلاسیکییەکانە، بە دڵنیاییەوە ئەو یەکەم کەس بوو وتی مێژوو زانستێکە وەکو هەموو زانستەکانی تر، بابەتی خۆی هەیە، میتۆدی خۆی هەیە، کە مێژوو ئەگەیەنێتە کۆمەڵێك یاسای گشتی، ئەکرێت ڕاڤەی

بەسەرهاتەکانی خەڵکی پێ بکرێت بە ڕاڤەکردنێکی زانستییانە، کە هەموو ڕووداوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ هۆکار و کارتێکەرەکانی.

ئیبنو خەلدوون بابەتی زانستی مێژووی وا پێناسە کردووە: باسی بەسەرهاتەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتییە، کە پەیوەندییان لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگاکاندا چۆن بووە، ئەو پەرەسەندنەش پەیوەندیی لەگەڵ دیاردە سرووشتییەکاندا بە چ شێوەیەك بووە، ئەوەی ڕاستی بێت (چەمکی مێژوو) لای ئیبنو خەلدوون، زۆر دەوڵەمەند بووە، لەبەر ئەوەی ئەو قۆناغەی بڕی، کە تەنها ڕووداوەکانی تێدا بنووسرێتەوە، بەڵکو زەینەکانی ئاڕاستە کرد، بۆ ئەوەی پێویستە مێژوو پاساوی زانستیی مەنهەجیی هەبێت، پشت بە تێڕامان و بەراوردکردن و لێکۆڵینەوەی ژینگە و بنەماکانی نەریت و بنچینەکانی سیاسەت و سرووشتی شارستانی و ئاوەدانی ببەستێت.

بە هۆی چاکەی ئیبنو خەلدوونەوە، مێژوو بووە بە زانستێکی مەنهەجیی ڕەگداکوتراو، لەباتی باسکردنی بەسەرهاتەکان، باسی یاسا و ڕوونکردنەوەی بەسەرهاتەکان ئەکات، ئا ئەوەی ڕاستیی مێژوو بە چاکترین شێوە ڕوون دەکاتەوە و پێناسەی مێژوو دەکات بە جوانترین پێناسە، ئەوەیە کە مێژوو دابەش دەکات بۆ ئاشکرا و شاراوە، کە دەڵێت: "مێژوو لە ڕواڵەتدا، لە کۆمەڵێك هەواڵ دەربارەی ڕۆژگار و دەوڵەتانی پێشین و سەرگوزەشتەی سەدە کۆنەکان زیاتر نییە، کە وتەکانیان پێ دەوڵەمەند دەکرێت و کۆڕ و کۆبوونەوە قەرەباڵغەکانی پێ گەرم دەکەن، ئێمە ئاشنا دەکات بە ژیانی درووستکراوەکان، کە بە چ شێوەیەك ژیانیان دەگۆڕێت و دەوڵەتانێك دێت و هەلی فراوانخوازییان بۆ هەڵدەکەوێت و دەست دەکەن بە ئاوەدانکردنەوە، تا

ئەو کاتەی بانگەوازی لەناوچوونیان بۆ دەکرێت، بەڵام لە ناخدا بریتییە لە بیر و ئەندێشە و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕووداو و بنەماکان و گەڕانی ورد بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان و زانستێکە لەبارەی چۆنیەتیی ڕووداو و هۆکارە ڕاستەقینەکانەوە دەدوێت، هەر بۆیە مێژوو لە داناییەوە سەرچاوە دەگرێت و شیاوی ئەوەیە، کە لە زانستەکانی حیکمەت بژمێردرێت".

ئێمە مێژوو لای ئیبنو خەلدوون وەکو ئاوێنەیەك بۆ ڕاڤەی بەسەرهاتەکانی مرۆڤایەتی ئەبینین، کە ڕاڤەیەکی زانستیی دلڕفێنی بۆ ئەکات، مێژوو لای ئەو چەند ڕووداوێکی لێکترازاوی دابڕاو لە سیاق و بارودۆخ و مولابەساتەکانی نییە، بۆیە هەواڵ وەکو ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "ئەگەر لە هەواڵدا تەنها گواستنەوە بێت، بنەمای نەریت و بنچینەکانی سیاسەت و سرووشتی شارستانی و دۆخی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان نەکرێت بە دادوەر، نادیار بە بینراو، ئێستا بە ڕابردوو نەپێورێت، ئەوە مێژوونووس سەلامەت نابێت لە ساتمەکردن و پێهەڵخلیسکان و لادان لە ڕێگەی ڕاست".

- زۆر بەکورتی - ئەمە هەندێك لە بۆچوونەکانی ئیبنو خەلدوونە دەربارەی مێژوو، کە دوایی بە (فەلسەفەی مێژوو) ناوی دەرکرد، چونکە مێژوونووسان بیردۆزەکانیان، لە ڕاستییەکانی مێژووەوە وەردەگرن، یەکەم کەسێك کە لە مێژوونووسیندا لەسەر ڕێبازی ئیبنو خەلدوون ڕۆیشتبێت لە ئەورووپادا، وەکو باسمان کرد، زانای ئیتاڵی (ڤیکۆ vico) بوو، کە لە ساڵەکانی (١٧٤٤) کتێبێکی نووسی بە ناوی: (*العلم الحديث* science nouvell).

## سیستەمی حوکمڕانی:

ئیبنو خەلدوون بایەخی بە سیستەمی حوکمڕانی داوە و وای دادەنێت: خەڵکی پێویستیان بە ڕێگر و بەربەستێك هەیە، جڵەویان بکرێت و چاودێرییان بکات لە چاوچنۆکی و هاندەریان بێت بۆ بەرجەستەکردنی هاوکاری و پشتیوانیکردنی یەکتر، تاوەکو دانەبەزن بۆ ئاستی ئاژەڵێکی دڕندە، بەهێز ستەم لە بێهێز بکات و گەورە بچووك قووت بدات، سیستەمی دارستان و شەریعەتی کەڵبە و نینۆك خەڵکی ببەن بەڕێوە.[1]

ئەکرێت ئەم واتایانە لەم بابەتەدا لە قسەکەی ئیبنو خەلدوونەوە وەربگیرێت کە ئەڵێت: "...هەر زۆرەملێ و داپڵۆسینێك لە ئەنجامی (دەسەڵات)ەوە پەیدا ببێت، ئەوە زۆر و ستەم و دوژمنایەتییەکی قێزەونە، ئەو سیاسەت و بڕیارانەی لە ئەنجامی ئەو دەسەڵاتدارییەوە[2] پەیدا ئەبێت، ئەویش دووبارە بەدناوە، چونکە بڕیار و تێڕوانینێکە دوورە لە نووری خودایی"، ﴿وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ﴾ [النور: ٤٠] واتە: (هەرکەس خودا نووری ئیمانی پێ نەبەخشێت، ئەوەی ڕووناکی بێت نییەتی). چونکە شاریع لەو شتانەی لێیان نادیارە لە کاروباری ڕۆژی دوایی، ئەو لە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵك شارەزاترە، هەموو کردارەکانی مرۆڤ لە دەسەڵات و بێدەسەڵات، لە ڕۆژی دواییدا بۆیان ئەگەڕێنرێتەوە، پێغەمبەر

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٥١٦، ٥١٧.

[2] بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی شەرع، ئەوە سیاسەت و حوکمڕانییەکی شەرعی نییە. (وەرگێڕ).

(دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: ((إنما هی أعمالكم ترد عليكم))،[1] واتە: (خۆتان چیتان کردووە لە دونیادا پێتان ئەدرێتەوە)، بنەماکانی سیاسەت تەنها تەماشای بەرژەوەندییەکانی دونیا ئەکات، دەسەڵاتدارانیش لە ڕواڵەتدا هەندێك لە ژیانی دونیای خەڵکی ئەزانن.

مەبەستی خودا لە کاروباری خەڵکیدا، چاککردنی دوارۆژیانە، بۆیە لەسەر داخوازیی خودای باڵادەست لە کاروباری دونیا و دوارۆژیاندا ئەبێ خەڵکی بخرێنە سەر شارێگەی حوکمە شەرعییەکان، ڕێنماییکردنی خەڵکی بۆ سەر حوکمە شەرعییەکان ئەرکی پێغەمبەران و ئەو کەسانەیە جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە، کە خەلیفەکانە، پاشان ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "لەمەوە واتای خیلافەتت بۆ دەرکەت، نەریتی دەسەڵاتی خۆڕسك ڕێنموونیکردنی خەڵك و هاندانیانە بەرەو دیدگای غەرەز و ئارەزوو، نەریتی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دونیا و لادانی زیانەکان و ڕێنموونیکردن و هاندانی خەڵکییە لەسەر بڕیارە شەرعییەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دوارۆژیان و بەرژەوەندییەکانی دونیایان، کە ئەوانیش کاریگەریی دوارۆژیان لەسەرە، وا بێ هەموو کاروباری دونیا لای شاریع، کە خوای باڵادەستە، بە بەرژەوەندیی دوارۆژ دادەنرێت، لە ڕاستییدا حوکمی خیلافەت جێگیرکردنی خاوەنی شەرعە، لە پارێزگاریکردن لە ئایین و سیاسەت و بەڕێوەبردنی دونیا،"[2] ئیبنو خەلدوون وای بۆ ئەچێت کە: "فەرمانڕەوایی خەلیفە و دانانی ئیمام، ئەگەر بە کۆڕا واجب بێت، ئەوە لە

---

[1] صحيح مسلم، ژمارە٢٥٧٧، ئەم فەرموودەیە بەشێکە لە حەدیسێکی قودسی کە پێغەمبەر لە خواوە ئەیگێڕێتەوە.

[2] المقدمة، ج٢، ص٥١٨، لجنة البيان العربي.

فـەرزە کیفایەکانـە، ئەگەڕێتـەوە بـۆ لای بڕیاربەدەسـتەکان (أهـل الحـل و العقد)، ئەوان دیاری دەکەن، واجبی خەڵکییشە بەگشتی گوێڕایەڵیی بکـەن، لەبەر فەرمانی خوا: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾. [النساء: ٥٩].

واتە: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕ، بە فەرمان خودا و پێغەمبەری خودا و کاربەدەستە دادگەرەکانی خۆتان بکەن).

ئـەو ڕای وایـە مەرجـەکانی ئـەو پێگەیـە چـوارە: زانیـاریی، دادگـەریی، لێهـاتوویی، سـەلامەتیی ئەنـدام و هەسـتەوەرەکان، بەتایبـەت ئەوانـەی کاریگەرییان لەسەر ڕا و بۆچوون و کارکردن هەیە.

١- (زانیاریی) گرنگیی بۆ ئیمام ئاشکرایە، چونکە کەسێك سنوورەکانی خودا و حوکمەکانی ئایین جێبەجێ بکات، پێویستە شارەزا بێت لە حـوکم و بنەما شەرعییەکاندا، بە ئەندازەی فراوانیی زانیاریی و پێکهاتـەی زانسـتی و عـەقڵی و چـاکیەتی و لەپێشـبوونی و سـەرکەوتوویی، ئـەتوانێ حوکمـەکان جێبەجێ بکـات و دەسـەڵات بـەرێت بـەڕێوە... ئیمـامی زانـا لـە ڕاپەڕانـدنی هەموو کارێکیدا، ئاگای لە چاودێریی خودا هەیە، لە بەڕێوەبردنی کاروبـاری خەڵکیدا، لە خودا ئەترسێت، بـە ئەنـدازەی ئـەو بەرپرسـیارێتییەی لەسـەر شـانیەتی و ئـەو ڕاسـپاردەیەی خـودا خسـتوویەتیە ئەسـتۆی، خـودا لـەبیر ناکـات، خـودای باڵادەسـت ڕاسـت ئەفـەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾. ﴿فاطر: ٢٨﴾.

واتە: (لەناو بەندەکانی خودادا، هەر ئەوانەی فرە زانان، لێی دەترسن).

٢- (دادگەریی) بایەخی بۆ ئیمام ئاشکرایە، ئەوەندە بەسە، خودای بەرز و بەڕێز ناوی لە خۆی ناوە: ناوبژیکاری دادگەر (الحكم العدل)، ئیمامی

دادگەر لە یەکەمی ئەو کەسانە داناوە، ئەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی، لە ڕۆژێکدا جگە لە سێبەر و سایەی ئەو، هیچ سایە و سێبەری تر نییە، هەر ئیمام بیر لە هەموو ئەو پلە و پۆستانە ئەکاتەوە، کە بەرژەوەندیی ئوممەت ئەیخوازێت، وەکو دادگا، قەزاوەت، سەرکردایەتی کردنی لەشکر لە جیهاددا، دانانی والیی ناوچەکان، حیسبە، هەموو یەکێك لەم پلە و پۆستانە، ئەبێ بەرپرسەکانی دادگەریی تێدا بێت، دادگەریی قازی لەوەدایە، بەگوێرەی ئەوەی خودا لە کتێبەکەیدا دایبەزاندووە، حوکم بکات و مافی هەموو خاوەن مافەکان بدات، دادگەریی سەرکردە لە جیهادا، ئیمان و نیازپاکییەتی، دادگەریی والی ڕەفتاری جوانە لەگەڵ ئەوانەی سەروکارییان دەکات، بەگوێرەی فەرمانی خودا هەڵسوکەوت بکات لەو ویلایەتەی سەرپەرشتیی ئەکات، هەروەها دادگەریی خۆبەخش (المحتسب)، پاکیی و ئەمینییە... سرووشتییە کە دادگەریی ئیمام ئاڕاستەی هەموو ئەندامانی لاشە ئەکات و دەستی ئەڕوات بەسەر هەموو جموجووڵ و تەسەڕوفاتەکانیدا.

٣- (لێوەشاوەیی) لە ئیمامدا پێویستە، مەبەستیش لە (لێوەشاوەیی ئیمام، هێزی کەسایەتییەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکاندا و خۆگرییە لەبەردەم ئەرکە گرانەکاندا، چونکە سەرکردایەتیی باڵای ئوممەت کۆڵێکی گرانە، کەسانی بڕست و بەهێز نەبێت، توانای بەسەریدا ناشکێت، کە ئەوانەن لە ئیشوکاری بەردەوامدان و لە کۆششی هەمیشەییدا ماندوو نابن، خۆڕاگرن لەبەردەم ئێش و ئازاری سیاسەت و ئوسلووبە گرێکوێرە و پێچ وپەنا سەرسووڕهێنەرەکانی، تاوەکو بەو هۆیەوە بتوانن پارێزگاریی ئایین و جیهادی دوژمنان و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لەبیر نەچێت.

٤- بەڵام (سەلامەتیی هەستەوەرەکان و ئەو ئەندامانەی کاریگەرییان لەسەر ڕا و کارکردن هەیە) ئەوە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەچاکئەنجامدانی ئیمامەت، چونکە کەموکورتی و خراپبوون، ئەگەر بەسەر هەستەوەرەکان و ئەندامانیدا بێت، وەکو شێتی و کوێریی و کەڕیی و لاڵی... ئیمام لەکار ئەخات لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانی، بە هەمان شێوە ئەو ئەندامانەش کاریگەرییان لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەبێت وەکو لەدەستدانی دەستەکان و قاچەکان و لەدەستدانی پیاوەتی،[١] هەروەها مەرجە ئیمام سەلامەت بێت لە نەخۆشی و لەکیسدانی ئەو ئەندامانە، تا ئەرکەکانی بەباشی جێبەجێ بکات و لەسەر ڕێگەی ڕاست و مەنهەجێکی ڕاوەستاو بڕوات.

بەڵام (ڕەچەڵەکی قوڕەیشی) ـ ئەوە جێگەی ڕاجیایی نێوان زانایانە کەـ جەماوەری مسوڵمانان بە مەرجیان داناوە و کۆڕای هاوەڵان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە ئەکەن بە بەڵگە، ئەوە بوو دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، ئەنصارەکان لە سەقیفەی بەنی ساعدە کۆ بوونەوە بۆ هەڵبژاردنی سەعدی کوڕی عوبادە بە خەلیفە، کاتێك کۆمەڵێك لە کۆچەرییەکان لەگەڵیان کۆ بوونەوە و دەستیان کرد بە ڕاگۆڕینەوە، پیاوێك لە ئەنصارەکان وتی: ئەمیرێك لە ئێمە و ئەمیرێك لە ئێوە، کۆچەرییەکان ئەو فەرموودەی پێغەمبەریان (دروودی خودای لەسەر) بە بەڵگە بۆ هێنانەوە: (الأئمة من قریش) و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)،

---

[١] ئێمە وشەی پیاوەتیمان لە جێگەی جووتەگون داناوە، کە لە زمانی عەرەبیدا (أنثیین)ی پێ ئەوترێت، دیارە نەبوونیان زیان بە لاشە ئەگەیەنێت، یان لە ڕووی نەریتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی لەسەر کەسایەتی دروست ئەکەن. (وەرگێڕ).

ئامۆژگاریی کۆچەرییەکانی کردووە، چاك بن لەگەڵ چاکیی ئەنصارەکان و چاوپۆشی لە خراپەکانیان بکەن، لە کاتێکدا ئەگەر بکرایە لەگەڵ بوونی کۆچەرییەکاندا خیلافەت بۆ ئەنصارەکان بووایە سەبارەت بە ئەوان ئامۆژگاریی کۆچەرییەکانی نەدەکرد، ئەوە بوو لە بەیعەتدانی سەعدی کوڕی عوبادەوە گۆڕییان بۆ بەیعەتدان بە ئەبوبەکری سدیق (ڕەزای خودای لێ بێت)، هەروەها ئەوەش ئەکەن بە بەڵگە، وەکو لە سەحیحدا هاتووە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، فەرموویەتی: ((لا يزال هذا الأمر في هذا الحي من قريش)) واتە: (خیلافەت بەردەوام لەم هۆزەی قوڕەیش ئەبێت) و چەندین بەڵگەی تر.

خەواریج ڕەچەڵەکی قوڕەیشییان لە خیلافەتدا بە مەرج دانەناوە، بە مافی هەموو مسوڵمانانی دائەنێن، بەبێ جیاوازیی نێوان عەرەب و عەجەم، کە ئەم فەرموودەیەی خودای باڵادەست ئەکەن بە بەڵگە: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات: ١٣] . واتە: (بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترەکانتانن).

کە جیاوازیی بە لەخواترسان ئەکات بە پێوەر، یان فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە حەجیماڵئاواییدا ئەکەن بە بەڵگە، کە ئەفەرموێت: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَلاَ إِنّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ وَإِنّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ ، أَلاَ لاَ فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ وَلاَ لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ وَلاَ لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ وَلاَ أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلاَّ بِالتَّقْوَى ، أَبَلَّغْتُ؟)).[1] واتە: (ئەی خەڵکینە: پەروەردگارتان یەکە، باوکتان یەکە، هەمووتان لە ئادەمن، ئادەمیش لە گڵە، عەرەبی چاکتر نییە لە عەجەمی بە لەخواترسان نەبێت، ئایا گەیاندم؟)

١ ئەحمەد بە ژمارە:٢٢٩٧٨، گێڕاویەتیەوە،ئەلبانی بە ڕاستی داناوە، ١٩٩/٦.

ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "ئەبوبەکری باقلانی لە خیلافەتدا مەرجی قورەیشیبوونی لا داوە"، لەمەدا هاوڕای خەواریجە... ئەوەش لەبەر ئەوەیە پووکانەوە و لێکهەڵوەشاندنەوەی هێزی قورەیش و زاڵبوونی پاشاکانی عەجەمی بەسەر خەلیفە قورەیشییەکاندا بینیووە، بەڵام ڕای جەماوەری زانایان، کە مەرجە خەلیفە قورەیشی بێت، وەکو خۆیەتی.[١]

ئیبنو خەلدوون قسە لەسەر حیکمەتی ڕەچەڵەکی قورەیشی ئەکات و ئەڵێت: ئەحکامە شەرعییەکان، ئەبێ حیکمەت و مەبەستیان تێدا بێت، لەبەر خاتری ئەو حیکمەتەشە حوکمی شەرعی دائەنرێت، خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوە لە حیکمەتی ڕەچەڵەکی قورەیشی و مەبەستی شەریعەت لەو بارەوە بکەین، لەبەر ئەو هۆیە نییە بە هۆی نزیکییان لە پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر) ئەوان پیرۆزن، هەرچەند ئەو نزیکی و پیرۆزییە هەیە، بەڵام پیرۆزی لە مەبەستەکانی شەریعەت نییە، کەوابێ ئەبێ بەرژەوەندییەك لە مەرجی دانانی ڕەچەڵەکدا هەبێت، ئەو بەرژەوەندییەش مەبەستە لە دانانی ئەو مەرجە، ئەگەر تەماشا بکەین و لێی ورد ببینەوە و لێکۆڵینەوەی لێ بکەین، جگە لە بوونی هێز هیچی تر نابینین، کە وەکو هێزێك پارێزگاری پێ ئەکرێت، لەگەڵ بوونی هێزدا جیاوازیی و دووبەرەکیی لەسەر ئەو پێگەیە نامێنێت و خەڵك و وڵات گەردنکەچ ئەبن، هەموو تەبا و هۆگری یەك ئەبن، لەبەر ئەوەی قورەیش خاوەنی هێز بوون، موزەریش لە قورەیش بوو خەڵکی ئازا و بەدەسەڵات لەوان بوون، لە توانا و زۆری و پشتئەستووری و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو موزەردا ئەڕۆیشت، هەموو عەرەب دانیان بەوەدا ئەنا و گەردنکەچی دەسەڵاتیان بوون، ئەگەر

[١] المقدمة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥١٩.

کاروباری خیلافەت لای غەیری ئەوان بووایە، چاوەڕوانی دووبەرەکی و ڕاجیایی ئەکرا، لەوانە بوو ملیان بۆ نەدەن، هۆزەکانی تری موزەر نەیاندەتوانی ڕیگرییان لیّ بکەن و بە زۆر ملیان پیّ دابنەوێنن، ئەو کاتە دووبەرەکیی ناو کۆمەلّ و ڕاجیایی درووست ئەبوو.

خاوەنی شەریعەت، ئاگاداریی داوە لەو بارەیەوە و مکوڕە لەسەر یەکڕیزییان و لادانی دووبەرەکی و نیزاع و بەدگومانیی نێوانیان، بەوە توندوتۆلّی و پشتئەستووری و پارێزگاریی جوانیش درووست ئەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم کارە لە قوڕەیشدا بێت، لەبەر ئەوەی ئەوان بە زەبری هێز خەلّکی بەرەو ئەو مەبەستەی لێیان خوازراوە بەڕیّ ئەخەن و مەترسیی ئەوە نابێت لێیان جیا ببنەوە و دووبەرەکی ڕوو بدات.[1]

کەسێك لەم قسەیەی ئیبنو خەلدوون باسی کردووە، ورد ببێتەوە، نهێنیی ئەوەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە مەرجی ڕەچەلّەکی قوڕەیشی بۆ ئەو کاتە بووە، کە قوڕەیش خاوەنی سەروەریی و دەسەلاّت و پشتئەستوورییەکی بەهێز بووە، وشەی قوڕەیش لەو کاتەدا هێمای هێز و پشتئەستووری بووە.[2]

ئەگەر هۆزەکانی عەرەب، لە هێز و پشتئەستووریدا هاوشێوەی یەکتر بوونایە، هیچ پاساوێك نەبوو لە خیلافەتدا ڕەچەلّەکی قوڕەیشی بکرێت بە مەرج، ئەو بناغەیەی خیلافەت لەسەری وەستابوو پشتئەستووریی هێز بوو، بە جۆرێك ئەگەر ڕۆژگار بسووڕایەتەوە و هۆزی قوڕەیش، لە سەردەمێك لە

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٥٢٠.

[2] عەسەبیەت بە مانای هێز و دەسەلاّتێك دێت، لەسەر ئاستی هۆزێك، یان پارتێك، یان دەولّەتێك، کە بە هۆیەوە دەوروبەری نەتوانن ململانێی لەگەلّ بکەن، هەروەها گەردنکەچی هێز و دەسەلاّتەکانی بن. (وەرگێڕ).

سەردەمەکاندا لاواز بووایە، پشتئەستووریی بکەوتایەتە لای هۆزێك، یان کۆمەڵێکی تری مسوڵمانان، ئەو کاتە ئەو هۆزە، یان ئەو کۆمەڵە ئەبوون بە قورەیشیی سەردەمی خۆیان.

لەناو هۆنراوەی عەرەبیدا، سەلمێنەری ئەوەمان بینیوە، هەندێك لە شاعیرە عەجەمەکان، لەبارەی خۆیەوە ئەڵێت: ئەوە قورەیشیی عەجەمە، مەبەستی ئەوەیە نەتەوەکەی ئەوەندەی پشتئەستوورە و هێزی هەیە، هەرچەندە قورەیشییش نین و عەرەبیش نین، شایەنی ئەوەن پێیان بوترێت قورەیشیی عەجەم. ئەگێڕنەوە کە (بەشاری کوڕی بورد) لە بەردەم مەهدیی خەلیفەدا، شانازیی بە عەجەمەوە کردووە و وتوویەتی:

وَنُبِّئْتُ قَوْماً بهِـم جِنَّةٌ      يقولون من ذا وكنتُ العَلَم

ألا أيـها السـائلي جـاهِـدا      ليعْرِفَني أنا أَنْفُ الكَرَم

نَمَتْ في الكِرامِ بني عامِرٍ      فروعي وأصلي قريشُ العجمْ

(مەبەستی ئەوەیە: ئەگەر قورەیش لە هـۆزە عەرەبییەکانـدا، پایەیـەکی بڵندیان هەبێت، ئەویش سەر بە هۆزێکە، وەکو قورەیش وایـە، لـەناو هـۆزە عەجەمییەکاندا).

خەلیفە مەهدی پرسیار ئەکات: تۆ لە کام عەجەمی؟ ئەڵێت: خەڵکی شوێنێکم سوارچاکی لە هەموویان زۆرترە، بەسەر بەرانبەرەکانیاندا لە هەموویان بەهەڵمەتترە، خەڵکی خۆراسانم. وەکو لە ماناکانی پێشوودا، بۆمان ڕوون بۆوە لە ڕاڤەکردنی مانای ڕەچەڵەکی قورەیشیدا، هەندێك لە مێژوونووسان پشتیوانیی ئەو ڕایە ئەکەن مەبەست لە قورەیش هێزە، خوای بەرز و پیرۆزیش بە کردارەکانیان جیاکاریی نێوان خەڵکی دیاری کردووە، نەك بە ڕەچەڵەکیان، ئەگەر ڕەچەڵەك بایی داوە دەزوویەك کەڵکی هەبووایە

سوودی بە ئەبولەهەب دەگەیاند و هەموو شتێکی لەدەست نەئەچوو، کە لە دەستیشی چوو، خودا پاداشتی  عومەری کوڕی خەتتاب، بداتەوە و لێی ڕازی بێت، کە ئەڵێت: (کەسێك کرداری نەبێت، ڕەچەڵەك فریای ناکەوێت).

هەروەها ئیبنو خەلدوون، بایەخی بە مەسەلەی جێنشینی لە ئیسلامدا داوە، بۆیە لەو بارەیەوە دەڵێت: لێرەدا چەند شتێك هەیە پێویستە ڕاستیی تێدا ڕوون بکرێتەوە:

یەکەم شت لەوانە: یەزید لە ڕۆژگاری خیلافەتیدا، وێڵ بوو و کاری خراپی لێدەرکەوت، دەخیلم گومانی ئەوە بە موعاویە مەبە (خودای لێی ڕازی بێت) ئاگاداری ئەو کردارانەی یەزید بووبێت، چونکە ئەو لەوە دادگەرتر و چاکترە. یان لە ڕۆژگاری ژیانیدا لەسەر گوێگرتن لە گۆرانی سەرزەنشتی نەکردبێت و ڕێگریی لێ نەکردبێت.

لە کاتێکدا ئەو سەرلێشێوایی و خراپەکارییە لە یەزید ڕووی دا، هاوەڵان لە بارەیەوە ڕاجیا بوون، هەندێکیان ڕایان وا بوو لە دژی هەستن و بەیعەتەکەی هەڵوەشێننەوە، وەکو ئەوەی حوسەین و عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر، خودا لە خۆیان و شوێنکەوتووانیان ڕازی بێت، کردیان، هەندێکی تریان ڕێگر بوون لە هەستان لە دژی، چونکە ئەبێتە هۆی وروووژاندنی فیتنە و کوشت وکوشتار و ڕاستیش ناکرێتەوە، چونکە لەو کاتەدا یەزید پشتئەستوور بوو بە هێز و عەسەبیەتی بەنی ئوممەییە و جەماوەری ئەهلی حەل و عەقد لە قوڕەیش، کە ئەمەش پشتئەستووری هەموو موزەریی بە دوای خۆیدا ئەهێنا، کە لە هەموو هێزەکانی تر گەورەتر بوو بەرهەڵستی نەدەکرا، بۆیە ئەوان بەو هۆیەوە دەستیان لە یەزید هەڵگرت و دەستی نزایان بۆ لای خوا بەرز کردەوە، هیدایەتی بدات و لە زەڕی پارێزراو بن،

ئەوەش هەڵوێستی جەماوەری مسوڵمانان بوو هەموو ئیجتیهادیان کردووە. کاری هیچکام لەو دوو دەستەیە بە خراپ نازانرێت، مەبەستیان لە چاکە و گەڕانیان بەشوێن ڕاستییدا ئاشکرایە، خوا پشتیوانیمان بکات شوێنیان بکەوین.

کاری دووەم: کاری جێنشینیی پێغەمبەر و (دروودی خودای لەسەر)، بانگەشەی شیعەکانە، کە دەڵێن پێغەمبەر، وەسیەتی کردووە عەلی (خودای لێی ڕازی بێت) ببێتە جێنشینی ئەو، لە کاتێکدا ئەمە ڕاستییەکەی نەسەلمێنراوە و هیچ ئیمامێك ئەمەی نەگێڕاوەتەوە، ئەوەی لە صەحیحدا هاتووە ئەوەیە، کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، کاغەز و مرەکەبی داوا کردووە بۆ ئەوەی وەسیەت بنووسێت، بەڵام عومەر ڕێگریی لێکردووە، کە بەڵگەیەکی ئاشکرایە ئەوە نەکراوە، هەروەها قسەی عومەر (خودا لێی ڕازی بێت) کاتێك پێکرا، داوای دانانی جێنشینی لێکرا، وتی: ئەگەر جێنشین دابنێم، ئەوە لە من چاکتر دایناوە، (مەبەستی ئەبوبەکرە)، ئەگەر داشی نەنێم و واز لەم کارە بێنم، ئەوە لە من چاکتر وازی لێهێناوە، مەبەستی پێغەمبەرە، (دروودی خودای لەسەر).

هەروەها گوتەکەی عەلی بە عەباس (خودا لە هەردووکیان ڕازی بێت)، کاتێك چوونە لای پێغەمبەر، (دروودی خودای لەسەر)، کە داوای بەشی خۆیانی لێ بکەن، (واتە پشکی خیلافەت دوای پێغەمبەر)، عەلی لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ نەکرد و گوتی: ئەگەر ڕێگریمان لێ بکات، ئیتر بەهەمیشەیی چاومان پێی ناکەوێت، ئەمە بەڵگەیە، کە عەلی زانیوویەتی وەسیەتی بۆ کەس نەکردووە و کەسیشی نەکردووە بە جێنشین.[1]

---

[1] مقدمة ابن خلدون، ج٢، ص٥٥٤ ومابعدها.

ئیبنو خەلدوون بەردەوام ئەبێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە جێنشینەوە هەیە، باسی ئەو ڕاجیاییە دەکات لە دوای کوژرانی عوسمان ڕووی دا و چۆن ئەو ڕاجیاییە مسوڵمانانی لە ڕووداوی جەمەل و صەفیندا بەرەو شمشێربازیی و کوشتار برد، ڕووداوی شومی کەربەلا و شوێنەکانی تر، کە ئەو هەموو بەڵا و ماتەمینییانەیان بەسەر مسوڵماناندا هێنا، کە چوونە ناو درێژەی ئەم جۆرە شەڕ و جەنگانە کاری ئێمە نییە، بەڵام ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "ئەو هەڵەیەی لێیانەوە ڕووی دا، لەگەڵ نیازپاکیدا تێکگیرانیان نییە، کە ناخی ئەو هاوەڵە بەڕێزە پایەدارانە وا بوو ئەوان ئیجتیهادیان کردووە، تیایاندا بووە پێکاویەتی و هەشیان بووە هەڵەی کردووە. مادام نیازپاکیی هەبووە ئەوانەی هەڵەیان کردووە تاوانبار نین". ئیبنو خەلدوون، ئەوە ئەکات بە بەڵگە، تەبەری و غەیری تەبەری، لە ئیمامی عەلیی کوڕی ئەبوتالیبەوە گێڕاویانەتەوە، کاتێك پرسیاری کوژراوەکانی جەمەل و صیفینی لێکراوە وتوویەتی: "سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هەرکام لەوانە بە دڵێکی پاکەوە، بمرێت ئەچێتە بەهەشتەوە"، ئاماژە بۆ هەردوو بەرەکە دەکات، واتە سەربازەکانی خۆی و ئەو سەربازانەی لە هەردوو شوێنەکە شەڕیان لەگەڵ کردوون.

**پاشان ئیبنو خەلدوون ئەم بەشە بەم قسەیە کۆتایی پێ ئەهێنێت و ئەڵێت:** "ئا ئەوەیە دەکرێت، بە کاری پێشینەکان لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان دابنرێت، ئەوان چاکانی ئومەتن، ئەگەر ئەوان بشکێنین کێی تر بە دادگەر دادەنرێت، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، ئەفەرموێت: ((خير القرون قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، مرتين أو ثلاثا ثم

تفشوا الكذب)).[1] واته: (باشترین سەردەم سەردەمی منە، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن، دوو جار یان سێ جار، دوایی درۆ بڵاو دەبێتەوە)، چاکیەتی کە دادگەرییە، تایبەتی کردووە بە سەردەمی یەکەم و ئەوانەی دوای ئەوان، جا ئاگات لە خۆت بێت، خۆت، یا زمانت بە قسەوتن، بە یەکێك لەوان تووش نەکەیت، دڵی خۆت بە گومان لەوەی لەوان ڕووی داوە تێکمەدە، ئەوەندەی توانیت عوزر و ڕێگەیان بۆ بدۆزەرەوە، چونکە ئەوان لە هەمووکەس بەوە شایستەترن، هەر جیاوازییەکیان بووبێت بە بەڵگەوە بووە، شەڕیان کردبێت، یان کوژرابێتن، بەمەبەستیان جیهاد و دەرخستنی ڕاستیی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا، باوەڕت وا بێت ڕاجیاییەکەیان ڕەحمەتە، بۆ ئەوانەی دوای خۆیان، بۆ ئەوەی هەرکەسێك هەر یەکێك لەوانی پێ باشبوو چاوی لێ بکات و بیکات بە پیشەوا و ڕێنشاندەر و چاوساغی خۆی."

خەریکە هەموو مێژوونووسەکان یەکڕا بن، کە نازناوی (ئـەمیرولمـؤمنین) لە مێژووی مسوڵماناندا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا نەبێت (خـودا لێی ڕازی بێت) نەبیستراوە، ئەو یەکەم کـەس بـوو لـەنێو مسـوڵماناندا پێـی بانگ کرا، خەلیفەی یەکەم، ئەبوبەکری صدیق (خودا لێی ڕازی بێت)، کاتێك سـەردەمی عومـەر هـات، پێیئـەوترا: ئـەی خەلیفـەی خەلیفـەی پێغەمبـەر، ئەوەش لەبەر درێژی و دووبارەبوونەوە لە سەر زمان و بیستنی گران بوو، لە داهاتووشـــدا دوای عومـــەر و ئـــەوانی تـــر درێژبوونـــەوەی زیـــاتر و دووبارەبوونەوەی زۆرتری لێدەکەوتەوە، بەڵام خـوا ڕێنمـایی پیـاوێکی کـرد بانگی بکات و بڵێت: ئەی گەورەی ئیمانـداران، مێژوونووسـان باسـیان لـەوە کردووە، ئەو پیاوە عەبدوڵڵای کوڕی جەحش بووە، دەوترێت: عەمری کوڕی

[1] سونەنی ترمذی /٢٣٠٢.

عاص بـووه، دەوترێـت ئـەو نوێنـەرە بـووە سـەعدی کـوڕی ئـەبی وەقـاص موژدەی سەرکەوتنی قادسیەی پیادا نارد، پرسـیاری ئـەکرد: کـوا گـەورەی ئیمانداران؟ مەبەستی عومەری کوڕی خەتاب بـوو، خـەڵکی ئـەو نازناوەیـان پێ جوان بوو، وتیان: سوێند بـە خـودا ناویـەتی و سـوێند بـە خـودا ئـەوە ناویەتی و پێکاوتە، ئەوە ناویەتی، بەڕاستی گەورەی ئیماندارانـە... پاشـان لەو کاتەوە، بەو نازناوە بانگکرا و پێی ناسرا، خەلیفەکانی دوای خۆشی ئەو نازناوەیان بۆ مایەوە.

دوایی شیعەکان ئیمامەت، کە دەستەخوشکی خیلافەتە، بۆ ناساندنی مەزهەبەکەیان تایبەتیان کرد بە عەلییەوە، مەبەستیان ئەوە بوو ئەو شایستەترە بە ئیمامەتیی نوێژ لە ئەبوبەکر... هەروەها بە دوای ئەوەشدا، ئەو لەوانی تر بۆ خیلافەت شاییستەترە...

بەڵام نازناوی گەورەی ئیمانداران، وەکو ئیبنو خەلدوون ئەڵێت، لە سەردەمی بەنی ئومەییە و سەردەمی بەنی عەباسدا بۆ خەلیفەکان مایەوە، بەڵام دوای ئەوەی خەلیفەی عەباسییەکان ئەو ڕێڕەوە بەرفرەوانەیان لە ئەمەوییەکانەوە بۆمایەوە هەستیان بە هێز کرد، کۆمەڵێك نازناوی تازەیان بەسەر خۆیاندا دابڕی لە نازناوی ئەوانی تر نەچێت، هەر خەلیفەیەك نازناوێکی هەبوو، لەوانی تر جوودای ئەکردەوە، کە صیفەتی هێز و شکۆی ئەخستە سەری، کە هەموو کات و سەردەمەکان لەگەڵی دەمایەوە... ئەبولعەباس یەکەم خەلیفەی عەباسی بوو بۆ ترساندنی دوژمنەکانی و مانەوەی ئازایەتییەکەی، نازناوی خوێنڕێژ (السفاح)ی پێدرا، دوای ئەو، براکەی، ئەبو جەعفەر هات، نازناوی (المنصور)ی پێدرا، دوای ئەو کوڕەکەی هات، نازناوی (المهدی)ی وەرگرت، پاشان دوای ئەو (موسا

ئەلهادی)ی کوڕی هات، دوای ئەو (هارون ئەلڕەشید)ی برای هات، لەگەڵ نازناوە بنەڕەتییەکەی، کە (گەورەی ئیمانداران)ە، هەموو ئەو نازناوانە وابەستەی خەلیفەی عەباسییەکان بوو.

ئاوها نازناوی (گەورەی ئیمانداران)، ئەو ناونیشانە بوو، کە خەلیفەی لە کەسانی تر پێ جوودا ئەکرایەوە. پێویستە ئەم نازناوە، بەردەوام جیاکەرەوەی هەموو کاربەدەستێك بێت، حوکم بەوە بکات، کە خودا ناردویەتیە خوارەوە، کە بە سیاسەتێکی ساغ و سەلیم و بە کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەر، ئومەتەکەی بەڕێوە ببات.

## کاریگەریی ئاکار لە بەهێزکردنی دەسەڵاتدا:

ئیبنو خەلدوون ئەڵێت: "مرۆڤایەتی لە کاتی بوونی ڕۆژ و شەوەوە چاکە و خراپەیان ناسیووە، هەر لە سپێدەی ژیانیەوە بە ئاکار و خووی پەسەند بەختەوەر و ئاسوودە بووە، لە هەمانکاتدا، بە فێڵ و تەڵەکەبازی و خووی ناپەسەند و پیس، زەبوون و کەساس بووە، ئەگەر خەڵکی لەوەی تووشی چاخەکانی پێش خۆیان بوون پەندیان وەربگرتایە و بیانزانیایە ناپاکی و فرتوفێڵ و خراپە، چیان بەسەر خەڵکەکەی هێناوە، هەموو ڕێگەیەکی ڕاستیان ئەگرت و ژینگە لە هەوری ڕق و کینە و دوژمنایەتی پاك ئەبووەوە، خەڵکی لە کەشوهەوایەکی گەشاوەدا بە ئاشتی و ئاساییش ژیانیان بەسەر دەبرد." ڕووداوەکانی ڕۆژگار و ئەزموونەکانی ژیان فێریان کردووین، قەناعەتێکی دوور لە گومان و دەمەقاڵێمان هەبێت، چونکە گەلان بە شێوەیەکی ڕووسوورانە و ژیانێکی بەخشندە و جوامێرانەوە هەڵناسنەوە لە سایەی ئاداب و ئاکار و خووی بەهێزدا نەبێت، هەرچەندە خەڵکی و خاوەن

بۆچوونەکان بەرزی و دەسەڵاتی ئەو گەلانەی لە ڕێڕەوی ئاداب و ئاکار لایان داوە، یان لە سەرچاوەی ڕەوا و ڕاستیدا شکستیان هێناوە، بە بەرز و خاوەن دەسەڵات بیانبینن، ئەوە بەرزییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و دەسەڵاتێکی ڕووکەشە، بەزوویی ڕووداوەکان یاریی پێدەکەن و ئەبێتە تۆزی بەر با... تا دڵنیا بن بەتاڵ، هەرچەندە قەبە بێت، جێگیر نییە و لەسەر لێواری ڕووخانە، هەرکەسێك شەڕ و ئاشووب بنێژێت، لە دواییدا پەشیمانی ئەدروێتەوە".[1]

ئیبنو خەلدوون بەم شێوەیە ئەم چەمکانەی لێکداوەتەوە، کە ئەڵێت: "ئاکاری بەرز پێگەی ڕوون و ئاشکرای لە جێگیرکردنی دەسەڵات و ڕاگرتنی پایەکانی و دەرخستنی ئەو ئامانجانەی چاوەڕوان کراوە بۆ بەختەوەریی و چاککردنی بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی، هەروەها بەڕێوەبردنیان بە سیاسەتێکی هۆشیارانەوە"،[2] ئیبنو خەلدوون، کێبڕکێکردن لەسەر خەسڵەتی خەسڵەتی جوان بە نیشانەیەك لەسەر مانەوە و جێگیربوونی دەسەلات و بەرزیی شان و بە شەوکەت و گەشەکردن لێکداوەتەوە، هەر وەکو ئاکار و خووی ناشیرین و بڵاوبوونەوەی بێئابڕوویی و خراپەکاری، بە نیشانەی کۆتایی پێهاتن و عاقیبەت شەڕی و نەمانی دەسەڵات لێکداوەتەوە، لەو بارەیەوە ئەڵێت: "ئەگەر تەماشای ئەوانە بکەین پشتئەستوور و خاوەنی هێزن، یان لە زۆر لایەنەوە سەرکەوتوو بوون، یان ئەوانەی توانیویانە سەرکەوتن بەسەر گەلاندا بەدەست بێنن، ئەیانبینین ئەوانەن کێبڕکێیانە لە چاکەکردن و سەخاوەت و چاوپۆشی لە هەڵخلیسکان و ساتمەکردن و

---

[1] المقدمة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٠.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٥٢١.

میوانداریی و دەستگیرۆیی لاواز و بێدەسەڵات و خۆگری لە کاتی ناخۆشی و تەنگانە و پەیمانبردنە سەروماڵ بەخشین لە پێناوی پارێزگاریی شەرەف و حورمەتگرتنی شەریعەت و بەرزڕاگرتنی زانایان و هەڵگرانی زانست و گومانی باشبردن پێیان و شەرمکردن لە ڕیشسپی و گەورەکان و ڕێزلێگرتنیان و ملدانەواندن بۆ حەق و سەندنەوەی مافی بێدەسەڵاتەکان و تەوازوع نواندن بۆ ئەوانەی خۆیان بە لاواز پیشان ئەدەن و خۆبەدوورگرتن لە ناپاکی و فێڵ و خەڵەتاندن و پەیمانشکێنی و هاوشێوەکانیان، ئەزانین ئەمە ئاکاری سیاسەتمەدارەکانە، کە شایستەن پێیان بوترێت بەڕێوەبەر و سیاسەتمەدار، ((ئەوە خێر و فەڕێکە خوا بۆیانی ناردووە)).[1]

بەوە زانیمان، خوا دەسەڵاتی پێداون و پشتیوانیی لێکردوون، بە پێچەوانەشەوە، کە خوا ویستی دەسەڵات لە گەلێك وەرگرێتەوە هانیان ئەدات بۆ ئەنجامدانی کارە ناپەسەندەکان و ڕێگاکانی خراپەکارییان لا ئاسان دەکات، تا یەك پارچە ئاکارە بەرزە سیاسییەکان لەدەست ئەدەن، ئەو کاتە دەسەڵاتیان لە کەمبووندا دەبێت، تاوەکو لێسەندنەوەی هەمیشەیی ئەو دەسەڵات و خێر و خۆشییەی، کە خودا پێیدابوون، بە یەکجاری نامێنێت و دەکەوێتە دەست کەسانی تر، ئەو کاتە کەسانی تر دێنە شوێنەکانیان تا لێیان ببێت بە داخ و پەژارە و حەسرەت: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا

---

[1] ئەو واتایەی ئیبنو خەلدوون مەبەستیەتی و سیاقی قسەکانیشی ئەوە ئەگەیەنێت، ئەوەیە خودای بالادەست پشتیوانیی لێکردوون و دەسەڵاتیانی جێگیر کردووە، هەر وەکو ئەو مەبەستەش ئەگەیەنێت سیاسەتی سەرکەوتوو ئەو سیاسەتەیە شێلراوە بە ئاکار و لەخواترسان، نەك سیاسەتێکی ماکیاڤیلیی دوور لە دین، بێگومان وەکو پێشتر باسمان کرد وێرانیی وڵاتە. (وەرگێڕ).

أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا﴾ [الإسراء: ١٦] واته: (هەر كە ويستمان شارێك قڕ بكەين، فەرمان دەدەين بە دەسەڵاتداران و دەستڕۆيشتووەكان، بە چاكە و گوێڕايەڵی، كەچی ئەوان بەگوێی فەرمانەكە ناكەن و ياخی دەبن، لە ئاكامدا سزايان بۆ پێويست دەبێت، ئەوجا ئەو شارە بەتەواوەتی وێران دەكەين)، ئەوە بخوێنەوە و بەدواداچوونی بۆ بكە، ئەو كاتە زۆرێك لەوانەی ئێمە وتوومانە و وێنەيمان كێشاوە، لە گەڵە پێشينەكان ئەيبينيت، خوداش ئەوەی بيەوێت دروستی دەكات و هەڵيدەبژێرێت.

ئێمە پشتيوانی لەو بۆچوونە گشتييە ئەكەين ئيبنو خەلدوون مەبەستيەتی، كە چۆن چاكە كاريگەريی لە قايمكردنی دەسەڵاتدا هەيە، شوێنەوارەكانی خراپەش لە هەر گەلێكدا سەريهەڵدا، ئەبێتە هۆی نەمان و هەڵتەكاندنی دەسەڵات، بەڵام لەو شوێنەدا كە ئەڵێت: خوا ويستی دەسەڵاتی گەلێك، نەهێڵێت هانيان دەدات بۆ ئەنجامدانی كاری ناپەسەند و ئاكاری خراپ و ڕێگاكانی ئەگرنەبەر، قەڵەمەكەی ساتمەی كردووە و پێيهەڵخليسكاوە! لەبەر ئەوەی خودای پاك و بەرز، فەرمان بە خێر و چاكە ئەكات و ڕێگری لە شەڕ و خراپە ئەكات، ناكرێت بەندەكانی هان بدات بۆ كاری ناپەسەند و ڕێگاكانی ئاكاری خراپە، خودا ڕاستە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ [النحل: ٩٠] واته: (خودا فەرمان دەدات، بە دادگەری و چاكە و بەخشين بە خزم و كەس، خودا ڕێگری لە داوێنپيسی و خراپە و دەستدرێژی دەكات، خودا ئامۆژگاريتان دەكات بۆ ئەوەی بير بكەنەوە و پەند وەربگرن).

## هەندێك نموونەی مێژوونووسینەوەی پێش ئیبنو خەلدوون:

ئەگەر چاوێك بەناو مێژوونووسە مسوڵمانەكاندا بگێڕین، كە پێش ئیبنو خەلدوون نووسیویانە، ئەبینین: لە (میسر) ئەوانەی دیارن: عەبدوڕەحمان كوڕی عەبدولحەكەم و ئەبو عومەر ئەلكیندی و ئەلحەسەنی كوڕی زولاق و عیززول مولكی موسەبیحی و ئەبو عەبدوللآی ئەلقوضاعی و شیهابەدین ئەلنوەیری و ئیبنو خەلدوون، كە لە ساڵی (٧٣٢ك ـ ١٣٣٢ز) لەدایكبووە، كە نوەیری تێدا مردووە.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەك، بەسەر فتوحاتەكانی فارس و شام و میسردا، گێڕانەوەی داستانی ئەو سەركەوتنە سەرسووڕهێنەرانە، دەماودەم بوو، پێش كۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەم، هیچ گێڕانەوەیەكی نووسراو دەرنەكەوتبوو، واقیدی[1] بەسەرهاتی سەركەوتنە ئیسلامییەكانی نووسیوە، لە نێویاندا میسر، دوای ئەویش بلازەری كتێبە كۆكەرەوەكەی نووسیوە.[2] لەو كاتەوە گێڕانەوەی مێژووی ئیسلامی، جارێك ڕەنگی پسپۆڕیی گرتووە، جارێكی تر شێوەی گشتگیریی بەخۆیەوە بینیووە، لەو نێوەندەدا، گەشە ئەكات و پەرە ئەسێنێت و دیوادیو ئەكات.

فەتحی میسر بەشێكی باشی لەو ڕیواتانە بەركەوتووە، كە بە تەنیشی سەركەوتنە ئیسلامییەكانی ترەوە نووسراوە، دووبارە ئەویش بە شێوەیەكی تایبەتی نووسراوەتەوە، یەكەم كەسێك ئەم ڕیوایەتە تایبەتەی نووسیوەتەوە و بناغەی بۆ داناوە، مێژوونووسێكی میسریە، كە گێڕانەوەكەی لە هەموو كاتێكدا، بۆ هەموو مێژوونووسە ئیسلامییە

---

[1] واقیدی ساڵی ٢٠٧ك، مردووە.

[2] كتێبەكەی بە ناوی (*فتوح البلدان*)ە، بەلازەری ساڵی ٢٧٩ك، كۆچی دوایی كردووە.

میسرییەکان چاوگەیەکی بێکۆتایە، ئەو مێژوونووسە، یان ئـەو ڕیوایەتزانـە: (ئەبولقاسم عەبدولڕەحمانی کـوڕی عەبـدوللای کـوڕی حەکـەمی، قوڕەیشـی میسرییە)، لە فوسطاطی میسر، لە ساڵەکانی ١٨٧ك، لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٥٧ك، کۆچی دوایی کردووە، شوێن دەستەکەی (ئیبنو عەبدولحەکـەم) بـە کتێبـی (*فتـوح مصـر وأخبارهـا*) ناسـراوە، لـە حـەوت بـەرگ پێکهـاتووە، بەهاکەی لە گێڕانەوەی دەنگوباسی فەتحی ئیسلامی و بارودۆخ و گوزەرانی ئەو کاتەی میسردایە.

بەڵام (ئەبو عومەر ئەلکیندی)[1] ئەو کەلەپوورەی بۆمانی جێهێشتووە لە مێژووی میسردا، تاکە ئاڵقەیەکی گەیەنەرە، ئەگەر ئەو نەبووایە، کەلێنێك لە مێژووی میسردا درووست دەبوو، پڕکردنەوەی گران بوو، ئەویش ئەوەیە ـ وەکو بینیمان ـ (ئیبنو عەبدولحەکەم) لە گێڕانەوەکانیدا لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی فەتحی ئیسلامی و شێوازی حوکمڕانیی یەکەم و دامەزراندن و یەکەم نەخشەدانانی فوستاتدا ئەوەستێت... بەڵام (ئەلکیندی) مێژووی میسر و دەنگوباسی دەسەڵاتدارە یەك لەدوای یەکەکانی، هەر لە سەرەتای فەتحەوە تا ساڵی (٣٣٥ك) پێکەوە ئەبەستێتەوە، کیندی ژمارەیەك شوێنەواری لە دوای خۆی جێهێشتووە، لەوانە: (تسیمة ولاة مصر)، ئەوە جۆرێکە لە مێژووی ئیداری، کە باسی ئەوە دەسەڵاتدارانە ئەکات، یەك لەدوای یەك لە لایەن خیلافەتەوە حوکمی میسریان تا سەردەمی نووسەر پیّ سپێردراوە، بەڵام کتێبی (*تسیمة قضاة مصر*) باسی مێژووی ئەو قازییانە

---

[1] ئەو محەمەدی کوڕی یوسفی کوڕی یەعقوبی کوڕی حەفسـی کـوڕی یوسـفی کـوڕی نوسـەیرە، ئەبو عومەری ئەلتجیبی ئەلکیندییە، ساڵی ٢٨٣ك ـ ٨٩٧ز، لـەدایکبووە و سـاڵی ٣٥٠ك ـ ٩٦١ز، لە شاری فوسطاط، لە میسر، مردووە.

دەكات، كە كاروبارى قەزاوەتيان لە سەردەمى فەتحەوە تا نيوەى سەدەى سێيەمى كۆچى بەڕێوەبردووە، كيندى چەند شوێنەوارى تريشى لە دواى خۆى جێهێشتووە، لەوانە: كە هەندێك لە دوايينەكان ئاماژەيان پێكردووە، بەڵام هيچ لە دەقەكانيمان پێ نەگەيشتووە، هەندێكى ترى بە ڕێگەى (اقتباس)، لە كتێبى دوايينەكانەوە پێمان گەيشتووە، كە بەشى يەكەمى كتێبى: (*الخطط*) و كتێبى (*أخبار السرى بن الحكم*) و كتێبى: (*مروان الجعدي*) ئەگرێتەوە، بەشى دووەم، كە هەندێكى لە ڕێگەى سەرچاوەى ترەوە بە (الاقتباس) پێمان نەگەيشتووە، چوار كتێبە: كتێبى (*الخندق والتراويح*) و كتێبى (*الجند العربي*) و كتێبى (*مسجد أهل الراية*) و كتێبى (*الموالي*)يە، كە كيندى لە سەرچاوە مێژووييە نووسراوەكان و هەندێك لە بەڵگەنامە ڕەسمييەكان سوودمەند بووە، بە درێژايى ڕۆژگار، كەلەپوورەكەى بووە بە سەرچاوەيەكى بەپێز بۆ مێژوونووسە ئيسلامييەكانى ميسر.

هەر وەكو حەسەنى كوڕى زولاق، (٣٠٦ ـ ٣٨٧ك/ ٩١٩ ـ ٩٩٧ن)، لە ڕێگەى مێژوونووسە دوايينەكانەوە، چەند پارچەيەكى مێژوويى و مروارى زۆرى بۆ جێهێشتووين، ئەوەندەى نرخاندن و ئاگاداربوون لە هەوڵەكانى ئيبنو زولاقى مێژوونووس تێدايە بۆ بڕياردان لەبارەوە بەس بێت، هەر وەكو لە گرنگترين سەرچاوە مێژووييە ميسرييەكانى سەردەمى (بەنى ئيخشيد)[1] و سەرەتاى (دەوڵەتى فاتيمييەكان)) ئەگرێتەوە [2]... هەوڵە مێژووييەكانى

[1] بگەڕێرەوە بۆ بەشى چوارەم لە كتێبى "الغرب في حلى الغرب لابن سعد السيد، سنة ١٨٩٨" ص٥، ص٦.

[2] محمد عبدالله عنان، مؤرخوا مصر الاسلامية، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ص٣٤-٣٦.

ئیبنو زولاق ئەبێت بە دوو بەشەوە: یەکێکیان: کە کتێبی: (*خطط مصر*) و کتێبی: (*تأریخ مصر*) و کتێبی: (*فضائل مصر*) ئەگرێتەوە، بەشەکەی تریشیان: (سیرة الاخشید) و (سیرة المعز لدین الله) و (*نامەیەك لە هەواڵی مەردانییەکان و وەزیرەکانی میسر*) ئەگرێتەوە.

عیزز المولکی موسەبیحی، (٣٦٦ ـ ٤٢٠ك / ٩٧٧ ـ ١٠٢٩ز)، ـ وەکو ئیبنو خەلەکان ئەیگێڕێتەوە- کەلەپوورێکی قەبەی پێشکەشمان کردووە، هەندێك لەوانە باسیان ئەکەین: کتێبی: (*التأریخ الکبیر*) و کتێبی: (*التلویح والتصریح*) و کتێبی: (*الراح والارتیاح*) و کتێبی: (*الفرق والشرق*) و کتێبی: (*الطعام والادام*)، زۆری تریش، جگە لەمانە، کە کەلەپوورێکی پڕی قەبەیە بە خوڕەمێکی سەرسووڕهێنەر هەڵئەقوڵێت،[1] توانایەکی سەرکەوتوو و بیروڕای دەگمەنە. هەر وەکو ئەبوعەبدوڵڵای ئەلقوضاعی مێژوونووس، (٦٦٠ ـ ٧٣٢ك / ١٢٦٢ ـ ١٣٣٢ز)، چەند نووسراوێکی لە فیقهو مێژوودا پێشکەشکردووین، لەوانە: کتێبی (الشهاب) و کتێبی (مناقب الامام الشافعي وأخباره)، کتێبی (الانباء عن الأنبیاء)، کتێبی (تواریخ الخلفاء)، کتێبی (المختار من ذکر الخطط والآثار)، کتێبی (عیون المعارف)، ـ وەکو دەردەکەوێت ـ قوضاعی[2] مێژوونووسێکی وردەکار و جێگەی متمانە بووە، گێڕانەوەکانی کێشاوە و لە بێژنگی داوە، بۆیە کتێبەکانی بۆ زۆررێك، لە مێژوونووسە دواییینەکان و تا ئەمڕۆ چاوگەیەکی بەپێز بووە.

---

[1] حاجی خلیفة، کشف الظنون (طبعة فلیجل) ج٢، ص١٤٧، ١٤٨.

[2] تەماشای ژیانی قوضاعی، لەم سەرچاوانە بکە: ابن خلکان، ج١، ص٥٨٥. والسبکي، طبقات الشافعیة، ج٣، ص٦٣.

بەڵام شەهابەدینی ئەلنوەیری، (٦٦٠ – ٧٣٢ك/ ١٢٦٢ – ١٣٣٢ز)، فەرهەنگێکی گەورەی بۆمان جێهێشتووە: (نهاية الأرب في فنون الأدب)، ئینسکلۆپیدیایەکی گەورەیە، پڕە لە کەرەستە و مەعاریفی ئەدەبی و مێژوویی، کە پێشتر و دواتر هیچ کتێبێك لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆی نەکردۆتەوە.

پێویستە کاتێك لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی قوتابخانەی عەباسی دەکەین، باسی مێژوونووسە بەغدابییەکان بکەین، کە لە سەردەمی عەباسیی فاتیمییەکاندا، (کە نێوان سەدەی چوار تا ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم ئەگرێتەوە)، بۆ نموونە لەوانە ئەتوانین باسی (خەتیبی بەغدادی) بکەین، کە لە ساڵی ٤٦٣ك، مردووە، کتێبێکی قەبەی (تأريخ بغداد)ە نووسیووە، پێشەکییەکی درێژی هەیە، بنچینەی بەغدا هەر لە سەردەمی خۆیەوە چۆن بووە باسی ناوەکەی و مێژووی درووستکردنی و گەڕەکەکانی و باڵەخانە و خانوو و شار و دێکانی، لەخۆی گرتووە، بەدوای ئەوەشدا ژیاننامەی زانایانی بەغدا و ئەدیبەکان و شاعیرەکانی تێدایە.

خەتیب، کتێبەکەی وا ڕێکخستووە ناودارەکانی بەگوێرەی پیتی خاڵدار داناوە، ڕەچاوی ناوی یەکەمیانی کردووە، نەك ئەو ناوانەی پێیان بەناوبانگن، بۆ پیرۆزیی ناوی پێغەمبەر، (درووود و سەلامی خودای لەسەر)، سەرەتای دەستپێکردنی تایبەتکردووە بە محەمەدەکانەوە، ڕێکخستنی ناوەکانی کتێبەکە لەسەر ناوی یەکەمە ـ نەك لەسەر ناوێك پێی بەناوبانگەـ کە لە کاتی گەڕان بەدوای ناودارانداا ماندوو ئەبی، هەمان ماندووبوون لە کتێبی (وفيات الأعيان ـ ابن خلكان)دا ئەبینین.

له ساڵی ٥٥٠ك دا (ئیبنول قەلانسی)مان هەیە، کەسێکی فەرموودەناس و مێژووزان بووە، ساڵی ٥٥٥ك / ١١٩٥ز، کتێبێك ئەنووسێت، بە ناونیشانی (ذیل تأریخ دمشق)، کە کردوویەتی بە پەراوێزی کتێبی (هلال الصابي)، کە ساڵی (٤٤٨ك/ ١٠٥٦ز) مردووە، دوای کەمێك لەسەر دەرچوونی کتێبی ئیبنول قەلانسی لە مێژووی دیمەشقدا، کتێبی (تأریخ دمشق) دەرکەوت، کە حافیزی مێژوونووس (ئیبنو عەساکیر)، کە ساڵی (٥٧١ك / ١١٧٥ز)، کۆچی دوایی کردووە، نووسیویەتی، میتۆدی بەغدادی لە مێژووی بەغدادا کاریگەریی لەسەری هەبووە، کە مێژووی ژیانی ناوداران و زانایان و ڕاوییەکان و فەرموودەناسان و سیاسەتمەداران و ئەدیب و شاعیر و وەزیرەکانی دیمەشقی تێدا نووسیووە.

ئەوەی جێگەی تێبنییە، ئەو چالاکییە گەورەیەی مسوڵمانان لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامییەوە بەخەرجیاندا، خەریکی کردبوون لە ئەفسانەی سەرەتاکان و ڕۆژگاری گەلانی تری وەکو عەرەب و ڕەچەڵەکانیان و هەواڵی هەندێك وڵاتی یەمەن و هەواڵی جوو و زانا ئایینییەکانیان و گاورەکان و پیاوانی ئایینیان و هەواڵی گەلانی دراوسێی عەرەب، وەکو: حەبەشەکان، ڕۆم، فارس، هیندییەکان، نەبەت، کلدانییەکان، کە لە ڕێگەی بازرگانییەوە پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە.

کاتێکیش ئیسلام جێگیر بوو، مسوڵمانان دەستیان کرد بە بایەخدان بە هەواڵە کۆنەکان، تەنانەت دوای سەدەی یەکەمی کۆچی بایەخدرا بە پەرەسەندنی هەواڵی جۆراوجۆر دەربارەی عەرەبی سەردەمی نەفامی و ئەو نەتەوانەی پەیوەندییان پێیانەوە هەبووە، لەو هەواڵانە کۆمەڵێك ئەفسانە و بەسەرهات نووسراونەتەوە، لەوەی بە شارەزا لەم مەیدانەدا ناسرا:

(وەهەبیی کوڕی مونەبیە) بوو، کە ساڵی (١١٤ك/ ٧٣٢ز )، کۆچی دوایی کردووە و (عوبەیدوڵلای کوڕی شەڕییەتی یەمەنی)، کە لە (٦٧ك/ ٦٨٦ز )، مردووە.

ئەوەی پەسەندە، نووسینەوەی ئەم ئەفسانە و هەواڵ و بەسەرهاتانە لە سەردەمی ئەمەویدا، بە لاپەڕە و نامیلکە، دەستی پێکردووە، ئەگێڕنەوە عوبەیدوڵلای کوڕی شەڕییەی یەمەنی، کتێبی (الملوك وأخبار الماضي)، بۆ موعاویە ئەنووسی، هەر وەکو ئەگێڕنەوە موعاویە هەموو شەوێك گوێی لە هەواڵی عەرەب و ڕۆژگارەکانیان و دەنگوباسی عەجەم و پاشاکانیان ئەگرت. هەندێك لاو کتێبیان لەبەر ئەکرد و ئەچوونە لای، ئەو بابەتانەی سەبارەت بە ژیاننامەی پاشا و دەنگوباسی وڵات و دەسەڵاتەکانیانەوە بووایە، بۆیان ئەخوێندەوە.

ئەوەی شایانی باسە، وێنەی دووەمی نووسینەوەی مێژوو لای زانا مسوڵمانەکان، کەرەستەکەی ژیاننامەی تایبەت بە دەسەڵاتدارێکی دیار بوو، یان لەو ساڵەوە بووە، کە دەسەڵاتی گرتۆوەتە دەست، یان لە ساڵی مردنیەوە بووە، لە نموونەی ئەمانە ئەوەیە: (القوضاعی) لە (عیون المعارف)دا باسی کردووە، یان ئەوەی لە موقتەبەسی ئیبنو حیباندا هاتووە، کە ئەندەلووسییەکی هاوچەرخی قوضاعیە.[1]

زانا مسوڵمانانەکان، یەکەم کەس بوون چەمکی زانستییان بۆ وشەی دەوڵەت دانا، کە مانا ئەصڵییەکەی: (دەستاودەستکردن، یان گواستنەوە، یان ئاڵوگۆڕکردن) دەگەیەنێت، پاشان لە ئیسلامدا، هەر زوو لە سەردەمی

---

[1] M.M.Antuna (Ptis, 1931), Textesar. Relatifsal, nistairdelocci- dentmu Sulmanm3.

کیندیەوە لکا بە بیرۆکەی گواستنەوە، یان دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە، یەکەم کەس دەربارەی دەوڵەت ـ دەوڵەتی عەباسی وـ دەنگوباسەکانی نووسیتی،[1] (محەمەدی کوڕی ساڵحی کوڕی میهرانی نەتاح) بوو،[2] کە ١٢٠ ساڵ دوای بنیاتنانی ئەو دەوڵەتە مردووە.

بۆ دڵنیابوون مێژووی ئیسلامی، هەر لە سەرەتاوە مێژووی پێش ئیسلامی قبوڵ کردووە، مێژووی دورگەی کۆن و یەمەن و مێژووی جوو، مەسیحی، هەر لە سەرەتای درووستبوونەوە لکێنراوە بە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر)، لای یەعقوبی ئەوە ئەبینین و ئەندازەیەکی کەمتر لای حەمزەی ئەصفەهانی و لای ئەبو فیدائیش، کە پشتی بە ئەبو عیسای مونەجیم بەستووە دەبینرێت.

وا دەردەکەوێت، زۆربەی مێژوونووسەکان لە توێژینەوەیان لە وڵاتەکانی پێش ئیسلام، خۆیان بەدوور گرتووە لە مێژووی گەلە جیاوازەکان، کە بە خشتەیەکی ڕێك کاتەکانی بلکێنن بە یەکەوە، بەڵام هەندێکیان وەکو تەبەری و دەینەوەری، هەوڵیانداوە پەیوەندیی کات، لە نێوان گەلانی پێش ئیسلام، لە توێژینەوەکانیاندا جێگیر بکەن.

---

[1] تەماشای کیندی بکە، نامەیەك دەربارەی دەسەلاتی عەرەب.

O.Loth, in morgaen landische for scbungen (leipzig1815, feschrift H.I,Fleischer).

[2] المسعودي، مروج الذهب، ج١، ص١٢، ضاشي ثاريس، ج١، ص٥، ط القاهرة.

دابەشکردنی چینەکان (الطبقات)،[1] میتۆدێکی ئیسلامیی ڕەسەنە، لەوێدا خاوەن فەرهەنگەکان هەوڵیانداوە بەوردی، درێژی ماوەی هەموو چینێك، دیاری بکەن، وەکو (سەدە)، کە پێش چینێك ئەکەوێت، بە نەوە دیارییان کردووە، مێژوونووسەکان ئەڵێن، دابەشکردنی چینەکان، ئەنجامێکی سرووشتییە بۆ بیرۆکەی (هاوەڵانی پێغەمبەر)، کە لە سەرەتای سەدەی دووی کۆچی، لەگەڵ ڕەخنەی زانستی فەرمووده‌دا پەرەیسەند، لەوانەی پشتیوانیی پەیوەندیی نێوان دابەشکردنی چینەکان و زانستی فەرموودەناسی ئەکات، ئەوەیە تەنها لە ژیاننامەی ناودارانداا بەکار هێنراوە، بەدواهاتنی چینەکان لە گواستنەوەی فەرموودەدا ـ وەکو لای ئیبنو سەعد وا هاتووە- لە سەرەتاوە بۆ مێژووی ژیانی کەسایەتییە پایەدارەکان بەکار هاتووە،[2] کە لە سەرەتاوە تایبەت بوو بە ڕوواتی فەرموودە، لە مێژووە خۆجێیەکاندا، وەکو: (*تأریخ واسط*)ی بەحسەل، پاشان بەگوێرەی توانا بەکار هێنرا بۆ پۆلێنکردنی جۆری هەڵکەوتووان، بەتایبەت زانایان، پاشان بە ڕۆیشتنی کات، وەکو لە: (*تأریخ الاسلام ـ زەهەبیدا*) هاتووە، بەکار هێنرا بۆ پۆلێنکردنی ڕووداوەکان.

---

[1] بە کۆمەڵێك خەڵك ئەوترێت، کە لە یەککاتدا، یان لە چەند کاتێکی جیاجیادا، لە یەك ئاستی زانستی، یان پیشە، یان کاردا بووبن. وەکو چینی هاوەڵان، کە بەشدار بوون لە بینینی پێغەمبەردا، (دروودی خودای لەسەر)، یان بەدریەکان، یان کۆچەرییەکان، ... هتد. (وەرگێڕ).

[2] ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ صەفەدی لە (وافیدا) ـ ج١، ص٥٥، طبعة رید – ئەبینین، ئەو وشانەی هەڵبژاردووە، مانای گۆڕانی قۆناغەکانی ژیاننامە و فەرموودە پێکەوە ئەگەیەنن.

زمانزانەکان، ئەوانەیان بایەخیان بە مێژوو و شوێنەوارە کۆنەکان داوە، ڕەچەڵەکزان بوون، بەگوێرەی جۆری هەواڵ، بایەخیان بە نووسینەوەی کاری تاکەکانی هەموو کۆمەڵە هۆزەکان داوە، لە نموونەی ئەوانە کتێبی (نسب قوریش)ی زوبەیری کوڕی بەکار، کە هەندێکی ماوە.

ئەوانەی سەرۆك بوون لە ژیانی سیاسیدا، لە هەمانکاتدا ئەندامی خێزانە دیارەکان بوو، گرێدانی ڕەچەڵەکەکانیان بە مێژووەوە ئاسان کردبوو، بلازەری لە کتێبەکەیدا: (*أنساب الأشراف*) لە نووسینەوەی مێژوودا، بە پێوەرێکی فراوان بنەمای ڕێژەیی لە شێوەی مێژووی هەواڵ و وڵاتاندا جێبەجێ کردووە.

کتێبەکانی ڕەچەڵەك بەهۆی کتێبی ئەنسابی بلازەرییەوە کاریگەرییان لە سەر نووسراوە مێژووییەکان جێهێشتووە، مێژوونووسەکانی وەکو ئیبنول ئەسیر لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (*الكامل*) سوودی لێ بینیوە. کتێبەکانی ڕەچەڵەك ئەوەندەی بۆیان کرابێت لیستێکی دوورودرێژ لە ناوی باپیران هێناوە، هەروەها چەند لیستێکیان بە ناوی خێزانی فەرمانداران و والی و منداڵەکانیان هێناوە، زۆر کات بەدوای ئەسڵ و بنچینەی دەسەڵاتدارەکانی وەکو بوەیهیەکانی دەیلەم[1]، حوکمڕانەکانی مەغۆل، حوکمڕانەکانی وڵاتانی بەربەر لە مەغریب ڕۆیشتوون، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر سەروەریی بیردۆزەی ڕێژەییە لە پەیوەندیی مرۆڤایەتیدا، بەو لێکدانەوەیەی بیردۆزەی

---

[1] نەوەی بوەیهی، پشتاوپشت، ئەگەڕێنەوە، بۆ سەر دەیلەم (باکووری دەریای خەزەر)، لە ساڵەکانی (٩٣٤ك) حوکمڕانیی ڕۆژئاوای ئێران و عێراقیان کردووە. (وەرگێڕ).

ڕێژەیی هێزێکی جوولێنەرە لە مێژوودا،[1] بایەخدانی قووڵ بە ڕەچەڵەک گەیشتووە بە کتێبەکانی ژیاننامە، بە جۆرێك لەو کاتەدا کتوپڕترین ڕەنگدانەوەی مێژوویی هەبووە، توانیویەتی بە ڕۆیشتنی کات پێگەیەکی بەرز بەدەست بێنێت و بوو بە بابەتێکی لکاو بە شارەزایانی فەلسەفەی عەقیدە و زانایانی ئایینەوە.

کتێبەکانی مێژووی ژیان و ناوەرۆکەکانیان، وەکو بابەتی توێژینەوە و ئەو لایەنانەی نووسەری توێژینەوەکان ئەچوونە بنج و بنەوانەکەی، وەك یەکنەبوون، ئەشێت ڕەگەزی هاوبەشی هەموویان، باسکردنی مێژووی ژیانی مردووەکان بووبێت و پێدەچێت ئەو مەیدانانەی باسەکانی مێژوو تیایاندا گەیشتبێتە چڵەپۆپە، بریتی بووبن لە ژیانی زانایان و ئەهلی تەصەوف. ئەکرێت ئەو مێژووی ژیانەی سەخاوی، لە ڕێگەی ئیبنو حەجەریی مامۆستایەوە، نووسویەتی، بە جوانترین نموونەی پێشکەوتنی زانایانی مسوڵمان، لەو بوارەدا دابنرێت.

ئەوانەی خەریکبوون بە هەواڵی دەماودەمی عەرەبی سەردەمی نەفامی، ئەو ڕیوایەتزانانە بوون، بایەخیان بە نەسەبەکان داوە... پاشان پۆلێکی تر، کە پێك هاتبوون، لە ئەدیبەکان و ئەوانەی خەریکی زمان بوون، چوونە ڕیزیانەوە، هەموویان ڕوویان کردە لێکۆڵینەوە، لە هەموو ئەو هۆنراوانەی سەردەمی نەفامی، کە پێیان دەگەیشت، کەوتنە توێژینەوە، لە گێڕانەوە

---

[1] انظر مقدمة، س.د.ف.، جوتية، لطبعتة للجزء الخامس من (أنساب) البلازري ص١٤، ٢٤ (القدس ١٩٣٦) .

جۆربەجۆرەکانی هەواڵ و باسی عەرەبی باکوور و ڕۆڵیان لە سەردەمی نەفامیدا و دەربارەی هەواڵ و دەنگوباسی مسوڵمانان، لە سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و سەردەمی فتووحاتەکان... لەنێو ئەو ڕیوایەتزان و ئەدیب و نەسەبزانانەدا، ئەو نووسەرانە دەرکەوتن، دەستپێشخەرییان لە نووسینەوەی مێژوودا هەبووە، وەکو: موحەمەدی کوڕی سائیبی کەلبی، کە (ساڵی ١٤٦ك / ٧٦٢ز)، کۆچی دوایی کردووە، مەدائینی (کە ساڵی ٢٢٥ك/ ٨٣٩ز) کۆچی دوایی کردووە، جگە لەمانەش کەسانی تر.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبی چینەکان (الطبقات) و مێژووی ژیانەکان، ئەبینین مەوالییەکان، کە بە مسوڵمانانی غەیری عەرەب ئەوترا، هەر بە ئەوەندەوە نەوەستاون، لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا چاو لە عەرەب بکەن، بەڵکو زۆریان لە زانستە ئیسلامییەکاندا هەڵکەوتوون، بەڵکو هەرچەند مەوالییەکان زمانیان گرانی و دووری لە خۆڕسکی زمانی عەرەبییان پێوە دیار بووە، بەڵام چالاکیی فیکرییان زمانی عەرەبییشی گرتۆتەوە، تەنانەت زانای ناوداریان تێدا ئەبینرێت، پشکی گەورەیان لە دانانی بنەماکانی زمانی عەرەبی و گێڕانەوەی هۆنراوەی عەرەبی ، بەڵکو لە دانانی خودی هۆنراوەی عەرەبیدا هەیە، لەوانە ئەبولبەحر عەبدوڵڵای کوڕی ئیسحاقە، کە لە مەوالیی نەوەی عەبدوششەمس بووە، لە نەحوو و زماندا پێشەوا بووە،[1] عیسای کوڕی عومەری نەحوی، مەولای خالیدی کوڕی وەلید بووە، پێشەوا بووە لە

[1] عقد الجمان للعيني، ج١٢، ص٦٢.

نەحوودا، کە خاوەنی هەردوو کتێبی (*الاکمال*) و (*الجامع*)ە، کە شاعیر لەم هۆنراوەیەیدا مەبەستی لەو دوو کتێبەیەکە ئەڵێت :

ذهب النحو جميعاً كله ... غير ما أحدث عيسى بن عمر

ذاك اكمال وهذا جامع ... وهما للناس شمس وقمر [1]

واتە: (نەحوو هیچی نەما، ئەوە نەبێ عیسای کوڕی عومەر دایناوە، ئەوە (اکمال)ە، ئەوە (جامع)ە، ئەو دووانە بۆ خەڵکی خۆر و مانگن).

حەمادیی ڕیوایەتزان، مەولای نەوەی بەکری کوڕی وائیل، شارەزاترین کەس بووە لە خەبەر و باس و هەواڵی عەرەب و ڕەچەڵەکانیان و ڕۆژگاری ژیان و هۆنراوە و زمانەکانیاندا، بۆیە پاشاکانی بەنی ئومەییە پێشیان ئەخست و ڕێزی تایبەتییان لێ ئەگرت و چاوەڕوانی زانیاریی زیاتریان لێی هەبوو، ئەویش سەری لێ ئەدان و دەسکەوتی لێیان هەبوو، پرسیاری ڕۆژگارەکانی عەرەب و زانیارییان لەو بارەوە لێ ئەکرد، وەلیدی کوڕی یەزیدی ئەمەوی - کە لە مەجلیسەکەیدا بوو- ڕۆژێك پێیوت بە چیی شایستەی ئەوە بوویت ناوی ڕیوایەتزانت لێ بنرێت؟ وتی: ئەی گەورەی ئیمانداران، بەوە هەر شاعیرێك ئەیناسیت، یان ناویت بیستووە هۆنراوەکەی ئەڵێمەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر، هۆنراوەی ئەوانە ئەگێڕمەوە، کە تۆ دان بەوەدا ئەنێیت نایناسیت، یان ناوبانگیانت نەبیستووە، پاشان هەرکەسێك هۆنراوەیەکی کۆن، یان تازەم بۆ بڵێتەوە، تەنانەت هۆنراوە کۆن و تازەکەشی لێك جیا ئەکەمەوەز پێیوت: چەند هۆنراوەت لەبەرە؟ وتی زۆر،

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ج١، لا ٢٩٢.

بەڵام لەسەر هەر پیتێك لە پیتە خاڵدارەکان، جگە لە پارچە هۆنراوەی نەفامی و ئیسلامی، سەد هۆنراوەی گەورەت بۆ ئەخوێنمەوە، وتی: لەوەدا تاقیت ئەکەمەوە، پاشان پێیوت بخوێنەوە، خوێندییەوە تا وەلید بێزار بوو، پاشان یەکێکی بۆ دانا سوێندی دا ڕاستیی پێ بڵێ و لەگەڵی تەواوی بکات، دوو هەزار و نۆ سەد، هۆنراوەی نەفامیی بۆ وت، هەواڵیان دا بە وەلید، ئەویش فەرمانی دا سەد هەزار درهەمیان پێدا.[1]

شتێکی سرووشتی بوو مێژوونووسەکان لە قۆناغی پێشتر، لە پێشەکیی مێژوودا پابەندبوون بە ڕستەی سەروادارەوە (السجع)، سەروادار باڵی کێشابوو بەسەر نووسینەوەی مێژوودا، بەتایبەت کاتێك مێژوونووسان مێژووی ژیانی دەسەڵاتدارانیان نووسیوەتەوە، (عیمادی ئەصفەهانی) گەورەی ئەم هونەرەیە، کە کۆمپلێت نووسراوە مێژووییەکانی بەشێوەی سەروادار نووسیووە. زۆرێك لە مێژوونووسەکانی ئیسلام ویستوویانە دوور بکەونەوە لە سەروادار، بەگوێرەی توانا لە نووسینی زانستی نزیك بکەونەوە، بەڵام ئەوەش ڕێگر نەبووە لەوەی هەندێکیان وەکو حەبیبولحەلەبی لە کتێبەکەیدا: (*درة الاسلاك في ملك الاتراك*)، بیخەنە ناو نووسینەکانیانەوە، (ئەو لە کەسەکانی سەدەی چواردەی زایینییە).[2]

---

[1] المسعودي، مروج الذهب، ج٣، ص١٧٣، ج٤، ص٨٩، ج٥، ص٧٧.

[2] انظر: المطهر، البدء والتأريخ، ج٣، ص١٣٩، ١٧٧، كذلك الثعالبي، الغرر في سير ملوك الفرس، ص٣٨٨، ط باريس.

شێوازی سەروا لە توێژینەوەی مێژووییدا لای زۆربەی زانا مسوڵمانەکان، وێنەیەکی لەبار نەبووە، بەڵام لای هەندێك لە مێژوونووسان دەربڕینی هۆنراوە ئامڕازێکی کلاسیکی بووە، هەندێك کات لای هەندێك مێژوونووسان، تاکە ڕێگا بووە بۆ نووسینەوەی مێژوو بە هۆنراوە، لەوانە فیردەوسی (٣٢٥ك/ ٩٣٥ز) (٤١٠ك/ ١٠٢٠ز )، لە دەستەویەخە بەناوبانگەکەیدا[1]، کە خاوەنی میتۆدێکی ئیسلامی بووە، بە پلەیەك هیچی لە هەندێك لە مێژوونووسەکانی تری وەکو مەسکەوەیە کەمتر نەبووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە مێژووی ڕابردوو لەسەر شێوەی چیرۆك و بەسەهات، بە فیردەوسی گەیشتووە.

ئەوەی زانراوە، سەدەی سێیەمی کۆچی ئاشنا نەبووە بە چارەکردنی مێژوو، بە هۆنراوەی دەستەویەخە (الملحمة الشعرية)، یان ئەتوانی بڵێیت ئەو هەوڵە کەمانەی لەو سەدەیەدا، لە مێژووی هۆنراوەدا بەڕێوەچووە، هۆنراوەی دەستەویەخەی دیاری بەرهەم نەهێناوە، بەڵام هەندێکیان ئەڵێن، لە سەردەمی زێڕینی ئەدەبیی عەرەبیدا، شاعیرگەلێکی گەورە هەبوون ـ لەگەڵ هەندێك دوودڵیدا ـ لە چەندین بابەتی مێژووییدا هەنگاویان ناوە بۆ تاقیکردنەوەی لێهاتووییان، ئەگێڕنەوە کە یەحیای کوڕی ئەلحەکەمی

---

[1] (ملحمته الشهیره) کە پێی دەوترێت، شانامەی فیردەوسی. (وەرگێڕ).

ئەلغەزالی لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمدا، هۆنراوەیەکی لەبارەی فەتحی ئەندەلووسەوە ڕێکخستووە.[1]

هەروەکو هۆنراوەیەکی (ابن المعتز)مان، دەست ئەکەوێت، کە ئەزموونێکی خراپ نییە لە ئەنجامدانی نموونەی باوی هۆنراوەی مێژوویی عەرەبی درێژ و پێکهاتووە لە ٤١٩ بەیت، کە تیایدا باسی ئەو بارودۆخە سیاسییەی سەردەمی پێش موعتەضید ئەکات، کە چ تێکچوون و گەندەڵییەکی تێدا هەبووە، مێژوونووسان، ئەوەیان بۆ ئیبنول موعتەز تۆمار کردووە، کە جۆرەها هۆنراوەی هەڵبژاردووە لە ناوەڕۆکدا ئەکرێت وەکو نووسراوی هەواڵە مێژووییەکان بە ڕێگەی کلاسیکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، شاعیر بەکارامەیی هۆنراوە و لێزانینە بەرچاوەکەی، پلانی خۆی جێبەجێ کردووە، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەدا.

چەند ساڵێك پێش ئیبنول موعتەز شاعیرێکی تر هەبووە، ئەویش (عەلی کوڕی جەهم)ە، کە لەم دواییەدا دۆزراوەتەوە، هۆنراوەیەکی دەربارەی مێژووی جیهان تا سەردەمی خۆی نووسیوە،[2] ئەحمەدی کوڕی محەمەدی ئەنباری، لە پەراوێزدا هیی تری خستۆتە سەر قەصیدەکەی ئیبنو جەهم[3]، بەڵام هۆنراوە درێژەکەی (ئیبنو عەبد ڕەبە)، کە باسی دەسەڵاتی عەبدول

---

[1] انظر: برولكمان، الملحق، ج١، ص١٤٨. المقريزي: نفح الطيب، ج١، ص١٧٨. ج٢، ص١٢٣. ليدن سنة ١٨٥٥م.

[2] وەکو پاشکۆیەکی تایبەت، بۆ دیوانی ئەبو جەهم، کە خەلیل مەردووم بەگ، چاپی کردووە و بڵاو کراوەتەوە. ص٢٨٨– ٣٠٠، دیمەشق، ١٩٤٩/١٣٦٩.

[3] ياقوت، معجم الأدباء، ج٤، ص١٩٧. كذلك بروكلمان، الملحق، ج١، ص١٢٣.

ڕەحمانی سێیەم لە ئەندەلووس و هێرشە سەربازییەکانی ئەکات، هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی هەواڵی مێژوویی تەواو، بە شێوازێکی ئەدەبیی سەرنجڕاکێش، نووسەر ڕێکخستنی ساڵانەی تێدا ڕەچاو کردووە، چەند دێرە پەخشانێکیشی خستووتە نێو دووخشتەکییەکانەوە، بەو واتایەی گرانە هەموو کەرەسە مێژووییەکان لە چەند هۆنراوەیەکدا کۆبکرێتەوە، بۆ ئاسانکاریی چەند پەخشانێکی ناوبڕی لە نێوان هۆنراوەکاندا داناوە، هەر وەکو سیمای هۆنراوە لە هەڵبەستێك لە هۆنراوەی ئەلشەمسی محەمەدی کوڕی ئەحمەدی ئەلباغونی ئەلدیمەشقی لە (تحفة الظرفاء في تواريخ الملوك والخلفاء)دا دەردەکەوێت، هەروەها کورتە هۆنراوەیەك دەربارەی عەباسییەکان، کە (ئیبنو کەسیر)، لە کۆتایی کتێبەکەی (*البداية والنهاية*)دا، باسی کردووە،[1] هۆنراوەی (ئیبنو دانیال) دەربارەی قازییەکانی میسر، کە سیوطی لە کتێبەکەیدا: (حسن المحاضرة)دا، هێناویەتی.[2]

زۆرێك لە مەوالییەکان، لە هۆنرواەی عەرەبیدا پێگەیشتوون، نامانەوێت لەم ماوە کەمەدا، درێژە بە باسکردنیان بدەین، لە کتێبەکانی ئەدەبی عەرەبیدا خواستی توێژەران و ئەوانەی بەدوای زیاتردا دەگەڕێن، دەست دەکەوێت.

---

[1] السخاوي، الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التأريخ، ص٩٥.

[2] السيوط، حسن المحاضرة، ج٢، ص١٣٨، ١٤٢. ذيل سيوطى، ص١٤٢ ومابعدها ، القاهرة/ ١٢٩٩.

# بەشی پێنجەم
# میتۆدەکانی توێژینەوەی
# مێژوویی لای مسوڵمانان

مێژوونووسە مسوڵمانەکان لە نووسینەوەی مێژوودا، میتۆدەکانیان بەسەر چەند بوارێکدا دابەشکردووە، هەندێکیان لە سیرەدا نووسیویانە، بە سیرەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، دەستیان پێکردووە، هەیانە لە چین و پلە و مێژووی ژیان و بەسەرهاتەکانیاندا نووسیویەتی، هەیانە لە مێژووی گشتییدا نووسیویەتی، هەیانە لە خەبەر و باسی ئافرەتاندا وەکو ئەحمەدی کوڕی ئەبو طاهیر تەیفور، نووسیویەتی کە لەساڵی ٢٨٠ک، مردووە، ئەبیوردی کە ساڵی ٥٥٧ک، مردووە، کتێبێکی هەیە لە (تأريخ النساء)دا، نموونەی ئیبنو عەساکیری مێژوونووس کتێبێکی هەیە بە ناوی: (معجم النسوان)، عەلیی کوڕی ئەنجەبی بەغدادی ساڵی ٦٧٤ مردووە، خاوەنی کتێبی (تأريخ نساء الخلفاء)ە، هەیانە لە مێژووی شارەکان و فەتحکردنیان و ناوی ناودارەکانی و ئەوانەی لێی لەدایکبوون، یان بۆی هاتوون نووسیویەتی، لە مێژووی شارەکانەوە مێژووی نەخشەدانان و کران بە شار پەیدا بووە، وەکو لای مەقریزی مێژوونووس، کە ساڵی ٨٤٥ک، مردووە ئەیبینین، کە ئەو خاوەنی کتێبی (المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار)ە، کە بە ناوی (خطط)ی مەقریزی ناوی دەرکردووە، ئەوە کتێبێکە مێژوو و جوگرافیای پێکەوە کۆکردۆوەتەوە، بەڕاستی بەجوانی پەیوەندیی قایمی نێوان ئەو دوو زانستەی دەرخستووە، پەیوەندییان پێکەوە بە جۆرێکە بەبێ یەک نایانکرێت.

مێژوو بەو - تێڕوانینەی، چ پێگەیەکی لە پەروەردەی ئیسلامیدا هەیە- زانستێك نەبووە خاوەنەکەی پارە و ژیانی لەسەر پەیدا بکات، زۆربەی مێژوونووسەکان پێداویستیی مادديیان لە ڕێگەی زمان و ڕەچەڵەك و پلە و پۆستی حکومی و لقە جیاجیاکانی زانستە ئایینییەکانەوە دەستەبەر

کردووە، بلازەریی ڕاویژکار (ندیم)ی[1] موتەوەکیل بووە، ئەوەش پلەیەك بووە لە کۆشکی شاهانەدا، ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان لە سەردەمی عەباسییەکاندا ئەو پۆستەیان بینیووە، ئەو کاتە مێژووزانیی کۆشك دامەزراوەیەکی جێگیر بووە، جا مێژوونووس سەربەخۆ مێژووی نووسیبێتەوە وەکو صولی، یان کتێبەکانی بە فەرمان و ئاماژە و ڕێنمایی ڕەسمی بووبێت، وەکو زۆرێك وایان کردووە، هەندێکیان وەکو تەبەری، کە زیاتر لە مێژوونووسێك وەکو زانایەکی ئایینی بایەخ و ناوبانگی هەبووە، هەریەك لە صابی و مەسکەوی و صەفەدی، پلەی حکومییان بینیووە، نووسینی کتێبی مێژوویی ئەرکی کەسایەتییە سیاسییە گەورەکانی وەکو ئیبنو خەلدوون بووە، کە قازی و پیاوی دەوڵەتداریی بووە، بەڵام زەهەبی و ئیبنو حەجەر زانای ئایینی بوون.

ئیبنول ئەسیر ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ نووسراوەکەی (*الکامل*) لە مێژوو و ژیاننامەدا، شارەزاش بووە لە مێژووی ژیانی هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، زانایەك بووە لە زانا ئیسلامییە بەبایەخەکان، کەسێکی گۆیا و وتاربێژێکی سەرکەوتوو بووە[2]، ئەگەر واز لە هەندێك مێژوونووسە عێراقییەکانی وەکو ئیبنول ساعی بێنین، بەو بۆنەیەوە بۆ جاری دووەم لە هەردوو سەدەی هەشت و نۆی کۆچیدا ئاماژە بە

---

[1] وشەی (ندیم ـ هاودەم) وەکو زاراوەیەکی سیاسی لەو کاتەدا بە ڕاوێژکار وتراوە، لەم سەردەمەدا گۆڕاوە بۆ ڕاوێژکار، ئەوتریێت ڕاوێژکاری مێژوویی، یان سیاسی، یان ئابووری. (وەرگێڕ).

[2] انظر: مقدمة کتاب تأریخ أتابکة الموصل، فی:

"Recueiljes Historriens des Croisades, Historiens orien Tau+11, 2, 6f partis 1876."

دەرکەوتنی جۆرێك لەو مێژوونووسانە لە میسردا ئەکەین، کە مێژوونووسینەکەیان پیشە بووە، (هەرچەند ئەبێت راستییەکە بوترێت، ئەوان بژێویی ژیانیان پەیدا کردووە بەو ئیعتیبارەی زانای فیقھ و ئایین بوون)، ئەتوانین ناوی مەقریزیش وەکو دیارترین ئەم جۆرە مێژوونووسانە بێنین، بەڵام قورسە هێڵێکی ئاشکرا لە نێوان مێژوونووسە پیشەکارەکان و مێژوونووسە خۆبەخشە ئارەزوومەندەکاندا بکەین، ئەبولفیدا سەردەستەی زانایان لە ژیانێکی پڕ لە چالاکیی سەربازیی و سیاسییدا، لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی بردووە بەڕێوە، کتێبەکەشی جیا نییە لە کتێبی هەر زانایەکی تری شارەزا لە مێژوودا، بەڵام کاربەدەستەکانی یەمەن، وەکو ئەلئەفزەڵی کوڕی عەلی (ت٧٧٨ك ـ ١٣٧٥ز )[١] و مەلیکی ئەشرەف، ئیسماعیلی کوڕی ئەلعەباس و (ت٨٠٤ك ـ ١٤٠١ز) ئەکرێت لە مێژوونووسە پیشەییەکان دابنرێن، نەك خۆبەخش و بێپیشەکان، مێژوونووسی خۆبەخشی ڕاست لەنێو کاربەدەستەکاندا جەیاشی کوڕی نەجاحی یەمانیە (ت ٤٩٨ك/ ١١٠٥ز )، کە کتێبێکی دەربارەی مێژووی شارەکەی (زوبەید) نووسی، نووسینی ئەم کتێبەشی لەبەر تامەزرۆیی و خولیابوونی بووە لە ڕەچەڵەکدا.[٢]

پێگەی مێژوونووسەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، لە پێگەی زۆرێك لە زانایانی تر باشتر بووە، ئاگادارین زۆربەیان دۆستایەتی و تێکەڵییان لەگەڵ کارمەندە گەورە خۆشگوزەرانەکان و زانایانی ئایینیدا هەبووە، هەر لە سەرەتای خیلافەتی ئیسلامییەوە وابووە، ئەو مێژوونووسەی وەکو ڕاوێژکارێك لای سوڵتان بووە، ئەبێ خاوەن

---

[١] ابن المجاور، تأريخ مضيق عدن، لوفجرين Lofgren. ٥ طبع سنة :١٩٣٦ ج٢، ص١٠٧.

[٢] المرجع نفسه، ص١٠٧.

ڕۆشنبیرییەکی بەرز بووبێت، لە زانایانی تر بەسەر ڕووداوەکانی دەوربەریدا چاوکراوەتر بووبێت، زۆرێك لە مێژوونووسان بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان بەسەرکەوتوویی لە ڕوانگەی ئەوەی نووسینەوەی مێژوویی، زۆربەی کات سەردەمی نووسەر و گۆڕانکاییە سیاسیی و ئابوویی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان ئەگرێتەوە، پێویستیان بەوە هەبووە، کە پەیوەندییان بە کەسی گەورە و دەستڕۆیشتوو و کەسانی تری سەردەمی خۆیانەوە هەبێت، هەروەها لەو کەسانەی، کە ئەتوانن زانیاری و شارەزایی پێویستیان بدەنێ.

مێژوونووسەکانی ئیسلام وای بۆچوون، ئاگاداریی کتێبە مێژووییەکان ئەبێتە هۆی بەدەستهێنانی حیکمەتی سیاسیی و کارامەیی لە گفتوگۆ و دەمەتەقێی بنیاتنەردا، کە سەرکەوتوویی دونیا دەستەبەر ئەکات و ئەبێتە هۆی گەردنکەچی و لەخواترسان بۆ ئەوانەی ئەیانەوێت ڕزگاریی و سەرفرازیی دواڕۆژ مسۆگەر بکەن،[1] مێژوونووسە مسوڵمانەکان ئەوەیان دووپات کردۆوەتەوە ئەبێ مێژووزان پابەند بێت بە دادگەریی و لێبڕانەوە،[2] ئەمەش شوێنەواری ئیسلام لەسەر وێنە و ڕوخساری نووسینەوەی مێژوو لای مسوڵمانان دەردەخات.

زۆرێك لە مێژوونووسە مسوڵمانەکان چوونەتە مەیدانی مێژووی گشتییەوە، کە ئەوە مێژووی هەموو مرۆڤایەتییە، چەندێك لە نووسینەوەی بەسەرهاتەکان و مێژووی ژیاندا دیار بوون، بە هەمان شێوە، لەو مەیدانە فراوانەشدا دیاربوون و مەبەستیان داوە بەدەستەوە، پێشتر کە بە مێژووی

---

[1] فرانز روزشال، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٥، ٨٧.

[2] انظر: السبكي الكبير والصغيرة، قسم٢، ص٣٠١.

مرۆڤایەتی و دروستکراوەکاندا هاتوونەتە خوارەوە بێوێنە بوون، هەرچەند لە مێژووە نووسراوەکانیاندا، جگە لە مێژووی ئیسلامی و وڵاتە ئیسلامییەکان ئەوانی تر، هیچیان نەماونەتەوە و تەمەنیان درێژ نەبووە.

شایانی باسە، مسوڵمانان بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، خزمەتکەر و پارێزەری مێژوو بوون، بە جۆرێك کاتێك ئەورووپا تەپوتۆزی سەدەکانی ناوەڕاستی لەسەر خۆی ئەتەکاند، تەنها شارستانیەتی ئیسلامی بەرز و درەوشاوە بوو و مسوڵمانان گەورە و سوارچاکی مەیدان بوون، مێژوونووسە ئەورووپییەکان لە هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەی زاینیدا نەبێت، لە مەیداندا تاك نەبوونەوە، کە ڕێکەوتی هەردوو سەدەی یازدە و دوازدەی کۆچی دەکات، مەبەستیشم لە مێژوونووسە مسوڵمانەکان هەموو ئەوانەیە، کە بە زمانی عەرەبی نووسیویانە، جا خۆیان عەرەبی پەتیی بووبن، یان غەیری عەرەب بووبن، لەو مێژوونووسانە ژمارەیەکی گەورەیان عەرەب نەبوون، بەڵام هەموویان بەعەرەبی نووسیویانە، لەو کاتەدا شتێك نەبووە بە ناوی مسوڵمانی عەرەب و مسوڵمانی غەیری عەرەبەوە، لە هەر نەتەوەیەك بووبێت لێك جوودا نەکراوەتەوە، نەتەوایەتی، یان ئەوەی ئەمڕۆ بە نەتەوەپەرستی ناسراوە، کە مسوڵمانی عەرەب و غەیری عەرب، بە ئاگرە وێرانکەرەکەی سووتاون نەبووە.[1]

ئیتر جیاوازیی زۆری نێوان مسوڵمانان، لە نێوان کۆچکەران و ئەنصار، عەلەوییەکان و ئەمەوییەکان، ئەمەوییەکان و عەباسییەکان، عەباسییەکان و عەلەوییەکان و ئەمەوییەکان و شیعەکان، قەحتانییەکان و عەدنانییەکان، بەڵکو لە نێوان بەسرییەکان و کوفییەکان، جیاوازییەکە تەنانەت لە نەحوویشدا دەرکەوت، نەحوویيە بەسرییەکان هەبوون، نەحوویيە کوفییەکانیش هەبوون،

---

[1] د. حسن قرزی النجار، التأريخ عند العرب، مجلة الفيصل، فبراير ١٩٨٠، ص٢٢.

هەبوو دەمارگیریی لەسەر حیسابی ئەوی تر ئەکرد، ئەم جیاوازییانە و هاوشێوەکانیان، کە لێرەدا ناتوانین هەموویان باس بکەین، وایانکرد هەموو دەستەیەك ڕووداوەکان لە بۆچوونی خۆیەوە نەك بەرانبەرەکەی بگێڕێتەوە، ئەمەش کارێکی وای کرد لە خیلافەت و ئیمارەتدا بناغە بۆ جیاوازییەکان دابنرێت، هەروەها بناغە دابنرێت بۆ بیرۆکەی ئیمامەت لای مسوڵمانان، کە خۆی لە گوێڕایەڵیی ئیمام و گرێبەستی بەیعەت بۆ خەلیفەکان و هۆکاری درووستی، یان بەتاڵی و نادرووستی دەبینێتەوە، هەروەها لە قەزییەی خەواریج و تەحکیم و هاوشێوەکانیدا بە هەمان شێوە هەواڵەکان باس کراون و گوازراونەتەوە، دوایی نووسراونەتەوە بۆ ئەوەی پایە و پشتیوان بێت بۆ هەر دەستەیەك پشتیوانیی بۆچوونەکەی خۆی پێ بکات.[١]

## هەواڵەکان لە نووسینەوە مێژوویییەکانی زانا مسوڵمانەکاندا:

(خەبەر و باس و هەواڵ) بە دێرینترین وێنەی زانستی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت، زانا مسوڵمانەکان ڕێگەی وەصفێکی گشتگیری ڕووداوێکیان گرتۆوەتەبەر، کە درێژییەکەی وەکو نەریت لە چەند لاپەڕەیەك تێپەڕ ناکات، لە هەمان کاتدا درێژەپێدەری ڕاستەوخۆی بەسەرهاتەکانی ڕۆژ بووە، ڕەفتاریان لەگەڵ گێڕانەوەی خەبەر و باسدا پێشخستنی دەستەواژەی (هۆکارەکە)ی لەخۆ گرتووە... پاشان مێژوونووس وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ، دوای ئەوەی کورتەیەك لەو هەواڵەی مەبەستیەتی باسی ئەکات، دووپاتی هەواڵەکە ئەکاتەوە، مێژوونووس پێش مسۆگەرکردنی هەر هەواڵێکی تازە، بایەخ بە گێڕانەوەی زنجیرەی ڕاوییەکان ئەدات.

---

[١] محمد عبدالغني، التأريخ عند المسلمين، دار المعارف بمصر، ص٣٥، ٣٧.

**- خەبەر و باس لە نووسینەوە مێژووییەکاندا، لای زانا مسوڵمانەکان سێ دیاردەی تایبەتیی هەبووە:**

١- گواستنەوەی بنکەی مێژوویی لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژگاردا بەردەوام ڕەچاوی ڕێکخستنی کاتی بۆ ڕووداوەکان کردووە، ئەویش ئەگەر کتێبە مێژووییەکە لە چەند هەواڵێك پێك هاتبێت، مێژوونووس بەدوای یەکدا هەواڵێکی بە تەنیشتی هەواڵێکی ترەوە داناوە.

٢- بە شێوەیەکی بەرچاو پارێزگاریکردن لە وێنەی (هەواڵەکە)، کە تایبەتمەندیی بەسەرهاتە ڕیوایەتکراوەکانی تێدا ڕەچاو کرابێت، لەگەڵ گەورەکردن و پێشچاوخستنی بەسەرهاتەکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، هەندێك جاریش لە شێوەی گفتوگۆی نێوان دوو هاوبەشی دیاریی ڕووداوەکە خراوەتە پێشچاو، ئەمە تایبەتمەندییەی هەواڵ - بەگشتی - ئامڕازێکی سەرەکییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مێژووی ئیسلامی لە جۆری (ساڵنامەی وشك)ەوە بۆ جۆرە نووسینەوەیەکی میتۆدیی باو.

٣- کردنی هۆنراوە بە بەڵگە - بە نموونە- (یەعقوبی)[١]، ئاشکرای کردووە هۆنراوەیەکی زۆری خستۆوەتە ناو مێژووەکەیەوە، هەر وەکو لە کتێبی: (شذور العقود)ی ئیبنول جەوزیدا - کە کورتکراوەی کتێبی (*المنتظم*)یەتی - هاوشێوەی ئەوە هاتووە، هۆنراوە لە ژیاننامەدا پێگەیەکی پتەوی هەبووە، چونکە ڕێکخستنی هەڵبەست بەشێکە لە دەربڕینی خودی کەسی ڕۆشنبیر و دەرخەری دەربڕینەکەیەتی، هەروەها لەبەر ئەوەی مێژوو سیفەتێکی

---

[١] اليعقوبي، التأريخ، ج٢،ص٣ (النجف١٣٥٧هـ).

ئەدەبیی بەرزی هەیە، زەمینەی خۆشکردووە، چەند بەشێکی مێژوو بخرێتە کتێبەکانی ئەدەبەوە، وەکو نموونەی (العقد الفريد)ی ئیبنو عەبد ڕەبە.

پێش ئەوەی مسوڵمانان شارەزای نووسینەوەی مێژوو ببن، لەبەر ئەوەی گێڕانەوەی مێژوو دەماودەم بوو، بەشی زۆر و گرنگی ئەم هەواڵانە ونبوون، دوای ئەوەی مسوڵمانان پێیان خستە قۆناغی نووسینەوە، سەردەمی عەباسی لە میتۆدەکانی مسوڵماناندا گۆڕانکارییەکی قەشەنگی بەخۆیەوە بینی، ئەویش خۆی لە بەرە و پسپۆڕی و ئاگاداربوون لە کون و قوژبنەکان و شیکاریی مێژوویی و نووسینەوەی جۆرێك لە نامیلکەی کورت دەربارەی ڕووداوە مێژووییەکانی بەخۆیەوە بینی، بەناوبانگترین نووسەرەکانی ئەم شێوەیەی مێژوو: (عەلیی کوڕی محەمەدی مەدائینی، ١٣٥ ـ ٢١٥ك / ٧٥٢ ـ ٨٣٠ز )، لەناو ئەو هەموو ناونیشانەی کتێبەکانیدا، چەند پەیامێك ئەبینین، کە هەریەکێك لەوانە لە جەنگێك لە جەنگەکاندا، یان سەرکەوتنێك لە سەرکەوتنە ئیسلامییەکاندا، قووڵ بۆتەوە.[١]

سەرەنجام هەواڵ لای زانا مسوڵمانەکان بەرەو میتۆدێکی تازەی نووسینەوەی مێژوو لە لایەك، بەردەوام بوون و ڕێکخستن و لێکدانی کەرەستە مێژووییەکان لە لایەکی ترەوە ڕۆیشت، کە ڕیزبەندکردنی میتۆدی ساڵەکانە، ساڵنامە (الحوليات)، کە لە زانستی مێژوودا میتۆدێکی پسپۆڕییە، زانا مسوڵمانەکان دایانهێنا، کە تیایدا کەرەستەی مێژوویی هەر ساڵێك بە جیا خرایە نێو یەك لەدوای یەکی ساڵەکان، وەکو لە میتۆدی تەبەری[٢] و ئەبوعیسای

---

[١] الفهرست، ص١٤٧ ومابعدها، (القاهرة ١٣٤٨).

[٢] انظر: ياقوت الحموي، معجم الأدباء، ج١٨، ص٧٠، القاهرة .

مونەجیم، لە کتێبی (*تأريخ سني العالم*)[1] و عەمارەی کوڕی وسەیمە و محەمەدی کوڕی یەزداد و ئەوانی تردا دەبینین.

لە سەرەتاوە ئەم هەواڵانە دەماودەم گێڕدراونەتەوە، ئەوانەی هەواڵەکانیان لەلا بووە، لەو کەسانەوە گێڕاویانەتەوە بینیویانە و تێیدا بەشدار بوون، یان لە کەسانی ترەوە گێڕاویانەتەوە ئەوان لەبەر ئەوەی لە سەردەمێکدا بوون پەیوەندییان بە سەرچاوەی یەکەمەوە هەبووە، پاشان نەوەیەکی تر هاتوون ئەم هەواڵە دەماودەمەیان، لە چەند پەیامێکدا لەسەر شێوەی نامەدا نووسیوەتەوە، کاتێك کاغەز هاتە بەغداوە، لە سەرەتای سەدەی سێی کۆچیدا، ئەم پەیام و کتێبانە زۆر بوون، بەمەش هەواڵ و گێڕانەوەی دەماودەم کرا بە هەواڵ و پەیامی نووسراو.[2]

زۆربەی ئەو خەبەرزانانەی لە عێراق بوون، بەتایبەت قوتابخانەی کوفە، ئەگەرچی چەند کەسێکیان لە قوتابخانەی مەدینە تێدا بوو، لە سەرووی ئەو خەبەرزانانەوە: (ئەبو میخەننەف، لوتی کوڕی یەحیا) دێت، کە ساڵی ١٥٧ك، مردووە، ئەو ڕاوی و خەبەرزان و زانای ژیاننامە و ڕەچەڵەك بووە، ئەو خەڵکی کوفە بوو، بنچینەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزد، ڕۆژهەڵاتناس (بل) لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا سیودوو پەیامی ئەوی لە مێژوودا ژماردووە، کە باس لە ڕووداوگەلێکی جۆربەجۆر ئەکات، لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا ڕوویانداوە، ئێمە ئەو پەیامانەمان پێ نەگەیشتووە، بەڵام تەبەریی مێژووزان لە مێژووەکەیدا بۆمانی پاراستووە، کۆمەڵێك پەیامی تریش ئەدرێنە پاڵی، کە هی ئەو نییە.[3]

---

[1] انظر: أبو الفداء، المختصر في أخبار البشر، ص٢ .

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٤٤، ٤٥. (Fleischer, cleipzig 1231).

[3] هەمان سەرچاوە، لا ٤٤، ٤٥.

هەندێك لە نامەكانی: كتێبی: (*الردة*)، كتێبی: (*مقتل علی*)، كتێبی: (*مقتل الحسین*)، كتێبی: (*الأزارقة*)، كتێبی: (*الخوارج والمهلب*)، كتێبی: (*الشوری*)، (*أخبار المختار بن عبید الثقفي*)، كە ئەمەیان بەچاپكراوی هەیە.

## تایبەتمەندییە زانستییەكانی ( خەبەر و گێڕانەوە ) لای مسوڵمانان لە عێراقدا

لە سەرەتای ئیسلامەوە، لە عێراقدا سێ باڵی ڕۆشنبیریی سەرەكی هەبوون، ئەم سێ باڵە بنچینەی فیكری ئەوێیان پێك هێنابوو، كە بریتی بوون لە: ڕۆشنبیریی فارسی، هێلێنی، باڵی ئیسلامی، هەردوو ڕۆشنبیرییەكەی یەكەم كوژانەوە و دەرگایان بۆ فكری تازە واڵا كرد، كە لەگەڵ مسوڵماناندا هاتبوو، ئەم فیكرە شوێنی خۆی لە بەسرە و كوفە و بەغدادا دۆزییەوە و جێگیر بوو، گێڕەرەوە و خەبەرزانەكان لەوێ بنچینە و چاوگەی فیكرییان دەستكەوت، كە ئەدەبی ئیسلامی و هەروەها هۆنراوە و زمان و ڕەچەڵەكی عەرەبی و ڕۆژگارەكانیان و دەنگوباسی خەڵك بوو، لەگەڵ ئەمانەدا زانستی قورئان و فەرموودە و فیقهیشیان دەستكەوت، بە پێتی سەرچاوەی (هەواڵسازی)ی ئەوێ، ژیانی پڕ كردبوو لە لاواندنەوە و قەیرانی سیاسی، لە كاتێكدا ئەمەوییەكان خۆشیان هاندەری لێكۆڵینەوەی ڕەچەڵەك و هەواڵ بوون.

چینێك لە گێڕەرەوەی هەواڵی وەكو تەڵحەی كوڕی ئەعلەم و محەمەدی كوڕی عەبدوڵڵا، كە تەبەری لە هەردوكیانی وەرگرتووە، ئەكرێت كتێبی (*المثالب*)، كە زیادی كوڕی ئەبیە نووسیویەتی و (ساڵی ٥٤ك) مردووە و - سپاردوویەتی بە كوڕەكەی - بە یەكەم كتێبی نووسراوەكانی قوتابخانەی

مێژوویی عێراق دابنرێت، چونکە چەند ڕووداوێکی مێژوویی سەرەتای سەدەی یەکەمی تێدا تۆمار کراوە.

تێڕوانینێکی گشتگیر زاڵبوو بەسەر کەسایەتییەکانی قوتابخانەی عێراقدا، (هەواڵزانەکان) لەباتیی بایەخدان بە هەواڵی هۆزێك، یان تەنها ڕووداوێکی دیار، یان کۆمەڵێکی تایبەت کە پێشتر وا هاتبوو، واتە هەموویان ئوممەتیان کردبوو بە چەقی بایەخپێدانی خۆیان، واتە هەموویان بە ڕێگەی مێژوودا ئەڕۆیشتن، بەمەش ئەوان بوون بە مێژوونووسە یەکەمەکان.

لەو کاتەدا هەواڵزانەکان تەنیا هەوڵیان کۆکردنەوەی هەواڵ نەبوو بە شێوەیەکی گشتگیر، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەیەکی ڕێك و ڕێکخراو بوو، کاتەکانیان پێکەوە گرێدابوو، بەتایبەت ئەمە لە بەصرە و کوفەدا دەرکەوت.

هەواڵزانەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئوسلوبی فەرموودەناسەکانەوە، زیاتر لە دەقی هەواڵ، بایەخی تایبەتیان ئەدا بە (سەنەد).

هەواڵزانەکانیان بەڵێننامە و نامەی ڕەسمیان وەکو بەڵگەنامە بەکار هێناوە، لەوانەیە لە عێراق و میسر و شام و مەدینەی پیرۆز بۆ دەستکەوتنی زانیاری پەنایان بردبێت بۆ دیوانی تۆمارگە و مۆر و دیوانی سەربازەکان.

یەکەم هەنگاویان لەیەککاتدا، پێکەوە گواستنەوەی کەلەپوری کۆن و تازە لە گێڕانەوەی دەماودەمەوە بوو بۆ کتێبی نووسراو، پێش کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی و لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی دووهەم بە پشتبەستن بە بیر و هۆش نووسین و تۆمارکردنیان دەستی پێکرد.

لەو ماوەیەدا چەند کتێبێك دەرکەوتن گێڕانەوەی (هەواڵزانەکانیان) تێدا تۆمار کرا، بەتایبەت ڕەچەڵەکە عەرەبییەکان، کە هەندێك لەو هەواڵ و

گێڕانەوانە لای هەندێك لە هۆزە عەرەبەکان لە کتێب و پەڕەدا تۆمار کرابوون، لە هەواڵنامەی (الاغاني)دا ئاماژە بە کتێبێك ئەکات هیی هۆزی تەمیمە، کە (تەڕماحی کوڕی حەکەمی شاعیر)) (ت: ١٠٥ك)، باسی کردووە، هەروەها چەند کتێبێکی قوڕەیش و سەقیفیشی باسکردووە.

لەو ماوەیەدا، هەندێك هەواڵناس و ڕەچەڵەکزان و کەسانێکی دیکە، کە هەردووکیانی پێکەوە کۆکردبۆوە، ژمارەیەکی پڕبایەخیان لێدەرکەوت، هەندێك لەو هەواڵزانانە ئەو ڕیوایەتناسانە بوون کە نووسراویان نییە، یان نووسراوی زۆریان نییە، بەڵام گێڕانەوە زۆر و گرنگەکانیان کەرەستەی نووسراوەکانی تر بوون.

لە بەسەرکردنەوەی هەندێك لە کتێبەکانی (ئەبو میخەننەف)دا بۆمان ڕوون ئەبێتەوە ئەو بە شێوەیەکی بابەتیانەی سەربەخۆ دەستی بۆ مێژوو بردووە، نەك وەکو بابەتێکی مێژوویی بەپێی ساڵەکان دەستی بۆ بردبێت... ئەو مێژوونووسێکی بابەتی بووە، وا دەردەکەوێت ئەوە میتۆدی زۆرێك لە هەواڵزانە خاوەن پەیامەکان بووبێت.[١] وا دیارە ژیانی (ئەبو میخەننەف) لە هەرێمی کوفەی عێراقدا وای لێکردووە لە کاروباری عێراق و فەتحەکانی و هەواڵ و دەنگوباسەکانی لە غەیری خۆی زیاتر شارەزا بووبێت، وا دیارە عێراق لە هەواڵ و مێژوودا، بواری پسپۆڕیی ئەو بووە.

ڕاستییەکەی (مەدائینی) بە شێخ و کۆڵەکەی هەواڵزانەکان دائەنرێت، هەواڵەکانی جێی متمانەترە، کەمتریش تانەیان لێدراوە، ئەو عێراقییە و خەڵکی بەسرەیە، پاشان لە مەدائین دانیشتووە و لەوێشەوە چووە بۆ بەغداد.

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٤٩.

له سەرەتاوە بە زانستی ئایینزانی (علم الكلام)ەوە خەریك بووە، بووە بە قوتابیی (موعەمەری كوڕی ئەلئەشعەس)، پاشان دوای ئەوە لە ئەدەب و مێژوودا ناوبانگی دەركردروە، بوونی پەیوەندیی بە ئیسحاقی كوڕی ئیبراهیمی موصلّییەوە ڕیزق و ڕۆزی و سەروەت و سامانێكی زۆری بۆ بەدەست هێناوە. ئیبنو نەدیم خاوەنی (*الفهرست*)، ٢٣٩ كتێب، یان نامەكانی ئەوی ژماردووە، ئەو ژمارەیە ئەندازەیەكی زۆر گەورەیە، بەراورد ناكرێت بەوەی ڕۆژهەلاّتناس (بل) دەربارەی نووسراوەكانی ئەبو میخەننەف ژماردوویەتی، كە باسمان كرد.[١]

ئەو ئەندازە گەورە و فراوانە لە نامە و كتێب، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەدائینی، ئاگاداری زۆربەی بابەتەكانی مێژووی ئیسلامی بووە، لە چەند بابەتێكی وەكو: هەواڵی قوڕەیش و هەواڵی ئافرەتان و هەواڵی خەلیفەكان و ئەوەی بە دایكیەوە ناسراوە، هەروەها هەواڵی شاعیرەكان و كوژرانی عوسمان و جەنگی جەمەل و ڕییددە و هەواڵی ئەسپسواری و گرەو و هەواڵی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)... بە تەبیعەت ئەمانە وەكو هەموو ئەو كتێب و نامانەی تری كەلەپووری ئیسلام فەوتاون، وا دیارە دوای سەردەمی (عەبدولقادر ئەلبەغدادی) لە كاتی نووسینی كتێبەكانیدا لەسەر قوماشی خام، كە پشتی پێیان بەستبوو) فەوتابن، وا دیارە دوای ئەو فەوتاوە، تەنها ئەوانەی تەبەری لێوەی گێڕاونەتەوە ماوەتەوە.

زۆرێك لە مێژوونووسەكان وای بۆ ئەچن (مەدائینی) لە گێڕانەوەی مێژووی (هەواڵسازی)ی ڕابردوودا بە لووتكەی چیا دائەنرێت، ئەو خەڵكی بەسرەیە و چووە بۆ مەدائین، پاشان چووە بۆ بەغداد، لەوێ مردووە،

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٥١، ٥٣.

لیستی کتێبەکانی مەدائینی، ئەیکاتە یەکەم کەسێك لەوانەی لە ئیسلامدا کتێبیان زۆرە، ئەو لە  سەردەمی خۆیدا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی ئیبنولجەوزی، یان سیوتی، یان ئیبنو تۆلۆن، یان ئیبنول عەرەبی، یان ئیبنو سینا، بەرهەمی زۆر بەلێشاوترە. (مەرغلیوس) بەرهەمەکانی مەدائینی دابەش دەکات بۆ هەشت کۆمەڵە، کە ئەمانەن:

- کۆمەڵەیەکی تایبەتکراوە بە خەبەر و هەواڵی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و قورەیش و ژنوژنخوازیی خانەدانەکان و هەواڵ و باسی ئافرەتان، هەندێك لەو کۆمەڵەیە: (دایکەکانی پێغەمبەر، پیشەی پێغەمبەر، پەیمانەکانی پێغەمبەر، ڕەچەڵەکی قورەیش، کەسێك دوو خوشکی پێکەوە کۆ کردبێتەوە).

- کۆمەڵەی هەواڵی خەلیفەکان، هەموو ئەوانەیە پێویستە ناوی بنێین مێژووی ژیان، یان بەسەرهاتی کەسانێك، وەکو: (كتاب من تزوج من نساء الخلفاء، حلى الخلفاء، تسمية الخلفاء وكناهم واعمارهم).

- کۆمەڵەیەك دەربارەی ڕووداوە سەرەکییەکان لە ئیسلامدا، ئەوەش کۆمەڵێك نامەی بچووکە، وەکو: (كتاب الردة، كتاب الجمل، كتاب النهروان، كتاب الخوارج، خطب على بن ابى طالب، وكتبه الى عماله، أخبارالحجاج و وفاته).. یاقووتی حەمەوی کتێبێکی گەورە ئەخاتە سەر ئەم کۆمەڵەیە، کە ئەلفیهریست باسی نەکردووە، ئەویش کتێبی (*الدولة العباسية*).

- کۆمەڵە کتێبێکی ئاکار و جوگرافیا، لەوانە: وتارێك لەبارەی هەرێمەکان و دەستکەوتەکانیان.

- کۆمەڵە کتێبێك دەربارەی مێژووی هۆنراوە، لەوانە: کتێبێك بە ناوی: (*من فضل العربيات على الحضريات*).

ـ کۆمەڵە کتێبێك دەربارەی مێژوویی شارستانی... لەوانە: (*قضاة أهل المدينة، قضاة أهل البصرة، ضرب الدراهم والصرف*).

ـ کۆمەڵە کتێبێك دەربارەی خەبەر و باسی عەرەب... کۆمەڵە هەواڵێکی دەگمەنە، بەڵام چوارچێوەی شێوازێکی عەرەبیی کۆن لەخۆ دەگرێت، لەوانە: (كتاب من نسب إلى أمه، كتاب الخيل والرهان، كتاب بناء الكعبة).

ـ کۆمەڵە کتێبێك، دەربارەی فتووحاتەکان... ئەوە کۆمەڵەیەکی گەورەیە، هەموو ناوچەکانی فتووحاتی ئیسلامی، جگە ئەفریقای باکوور و ئیسپانیا لەخۆ دەگرێت.

مەدائینی لە (میتۆدی مێژوویدا)، لە ڕەخنەگرتنی لە ڕیوایەت و سەلماندنی ئیسناددا، شوێنپێی فەرموودەناسەکانی هەڵگرتووە، ئەوەش لەناو خەڵکیدا جۆرێك لە متمانەی بۆ درووست کردووە، هەر وەکو ئەو کەرەستە بەرفراوانەی دەستی کەوتووە، ڕێکخستنێکی هاوکێشەی بۆ درووست کردووە، کە خزمەتی نووسینی مێژووی کردووە، کە هەموو ئەوانە هەنگاوێکی گرنگن لە گەشەپێدانی پرۆسەی مێژووییدا، هەر وەکو بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ مێژوونووسەکانی دوایی.

شایانی وتنە، کۆمەڵە نووسراوەکانی مەدائینی، هەمووی ون بوون و پێمان نەگەیشتوون، تەنها یەك کتێبی نەبێت، ئەویش کتێبی (*نسب قريش و أخبارها*)، هەر وەکو لە نووسراوە جۆربەجۆرەکانیدا، کە بەسەر کتێبی خەڵکی تردا دابەشبوون، گوڵچنێکمان دەستکەوتووە، وەکو: (العقد الفريد، لابن عبد ربه) و کۆمەڵەیەکی تەواوی وتار و نامەکانی عەلیی کوڕی ئەبی تالیبی تێدایە، ئەویشمان لە (نهج البلاغة، للشريف الرضي)دا دەست ئەکەوێت.

**پەیوەندیی نێوان فیکری ئیسلامی و فیکری ئەورووپی، لە سەردەمی عەباسیدا :**

ئەوەی دووبارە جێگەی ئاماژەبۆکردنە، فیکری ئیسلامی لە سەردەمی عەباسیدا کاتێك مسوڵمانان دەستیان کرد بە گواستنەوەی شوێنەوار و فەلسەفەی گریك (إغريق)کەکان بۆ زمانی عەرەبی، پەیوەندیی بە فیکری ئەورووپییەوە بۆ درووست بوو، بەڵام مێژوونووسیی لای مسوڵمانان نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی فیکری مێژوویی گریکەکانەوە، کاتێك ئەورووپییەکان لە ڕێگەی شەڕی خاچپەرستانەوە پەیوەندییان کرد بە مسوڵمانانەوە، زۆر زیاتریان لە مسوڵمانان وەرگرت، لەوەی مسوڵمانان لەوانیان وەرگرتبوو، نەریتی سوارچاکیی ڕۆژئاوا، کە لە سەدەکانی دواییدا گەشەی کرد، لە سوارچاکیی مسوڵمانان وەریان گرتبوو، سەلاحەدینی ئەیوبی نموونەی بەدیهێنانی سوارچاکیی مسوڵمان بوو.

ئەوەی پشتڕاستی ئەم ڕایە دەکاتەوە ئەوەیە، مێژوونووسی ئینگلیزی (هیرنشو)، لە کتێبەکەیدا: (*علم التأريخ*)[1] هێناویەتی، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە شوێنەواری فیکری لە شەڕی خاچپەرستاندا لای ئەورووپییەکان زۆر لە دواوە بوو، بەڵکو ئەو مێژووی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست ئەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەریی شارستانیەتی ئیسلامی و ئەڵێت: (نەسرانیەت و ئیسلام لە زەوی پیرۆز و دەوروبەری و لە سەقەلیە و باشووری ئیتاڵیا و ئەندەلووس بەیەکگەیشتن، ئەم بەیەکگەیشتنە، بە هیچ کلۆجێك دوژمنایەتی نەبوو، نە سەرتاپا و نە لە خودی ئەو بناغەیەی شەڕەکەی لەسەر درووست بوو، بەڕاستی خاچپەرستان لە وڵاتی خۆیان بۆ

---

[1] مامۆستا، دکتور عبدالحمید العبادی، مامۆستای مێژووی ئیسلامی پێشوو، لە زانکۆی ئەسکەندرییە، ئەم کتێبەی لە ئیگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

شەڕی مسوڵمانان دەرچوون، بەڵام لەناکاو ئەوان لە بەرپێی مسوڵمانان دانیشتن، زانست و شارەزاییان لێ وەرئەگرتن، بەڕاستی ئەو نیمچە کێوییانەی جەنگاوەرە خاچپەرستەکان سەرسام بوون، کاتێك بێباوەڕەکانیان بینی (مەبەستی مسوڵمانانە پەنا بە خودا)، ئەوانەی لە لایەنی لاهوتییەوە ئایینەکەیان ناسەلمێنن، لە سەر شارستانیەتێکن، شارستانیەتەکەی ئەوان لە بەرامبەریدا لاسەنگە، بە جۆرێك دروست نییە بەراورد بەیەك بکرێن).

لە بواری مێژوویدا، کە ئێمە بە تەنها خەریکی قسەکردنین لەبارەیەوە، ئەبینین مەسعودی (٩٠٢ ـ ٩٥٦ز)، لە کتێبەکەیدا: (*مروج الذهب*)، وەکو شارەزایەك، مێژوو و ئەسنۆگرافیای[1] ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ئەخاتەڕوو، ئیبنو خەلەکانی دیمەشقی، (١٢١١ ـ ١٢٨٢ز)مان دەست دەکەوێت، لە ژیاننامە مێژووییەکاندا، فەرهەنگێکی پێك هێناوە، شایەنی ئەوەیە لەگەڵ ژیاننامەی فلوترخ[2]دا، بەراورد بکرێت، پاشان شێخی مێژوونووسە مسوڵمانەکان عەبدولڕەحمانی کوڕی خەلدوونی تونسی ئەبینین (١٣٣٢ ـ ١٤٠٦ز)، لەناو نووسینەکانیدا: (*مقدمة التأريخ*)ی نووسیوە، بەرفراوانی و بۆچوونە ڕاست و دروستەکانی و فەلسەفە

---

[1] وشەکە یۆنانییە، نەتەوە و جۆری مرۆڤ ئەگرێتەوە، زانستێکە لێکۆڵینەوە لە دیاردە مادییەکانی ئاداب و نەریتی وەکو: خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگی مرۆڤەکان دەکات. (وەرگێڕ).

[2] فلوترخ، وەکو لە وەرگێڕانی ژیاننامەی ئەلعبادیدا هاتووە، لە وەرگێڕانە باوە تازەکانی عەربیدا، بە لوتارك هاتووە، موسڵمانەکان، بە فەلوترخ، ناویان هێناوە، ئەلعبادییش لەوەوە وەری گرتووە.

قووڵەکەی، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، مێژوونووسە دیارەکانی سەردەمی تازەی ئەورووپا گۆڕان، کە ئەو دانەری زانستی مێژووە).

(هیرنشو) لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (شوێنەواری ڕۆشنبیریی ئیسلامی لە ڕێگەی ئەندەلووس و باشووری ئیتالیاوە، گەیشتە ئەورووپای نەسرانی، کە لەو هۆکارە بەهێزانە بوو کۆتایی بە سەدەکانی ناوەڕاست هێنا، بەهۆیەوە بەرەبەیانیی سەدەی تازە دەرکەوت).

ئەوەی ڕاستی بێت، چاکەی مسوڵمانان بەسەر زانستی مێژووەوە لە سەرووی ئەو چاکانەوەیە هەیانە بەسەر زانستەکانی ترەوە، کە چرای ڕووناککەرەوەی شارستانیەتی تازەی ئەورووپایە، ئەوەی گریك و ڕۆمانەکان، لە بنیاتنانی فیکری مێژووییدا دەستیان پێکردبوو، مسوڵمانان تەواویان کرد، لە هونەرەکانیدا پشکی گەورەیان هەبوو، ئەوان داهێنەر بوون، نەك چاولێکەر.[1]

(کیندی) لەنێو مێژوونووسەکانی میسری ئیسلامیدایە، ئەوانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە کۆکردنەوە و شێوازی پێشکەوتووییان لە نووسیندا شایەتیی میتۆدێکی قەشەنگیان بۆ ئەدەن، ئیبنو مەیسرە لە بارەی کیندییەوە ئەڵێت: "ئەو شارەزای بارودۆخی خەڵك و ژیانی پاشاکان بوو"، ئەبو محەمەد عەبدوڵلی کوڕی ئەحمەدی فەرغانی، بەم شێوەیە باسی کیندیی کردووە: "ئەو زاناترین کەسی وڵات و دانیشتووانەکەی و کارەکانی و کونوکەلەبەرەکانی بوو، چەندین نووسراوی لەبارەی وڵات و غەیری ئەو وڵاتە لە جۆرەکانی هەواڵ و ڕەچەڵەکدا هەیە، لە دەستەی زانایان بوو، لە

[1] د. حسين فوزى نجار، التأريخ والسير، ص٣٣.

فەرمووده و ڕەچەڵەكدا، له كتێبەكانی فەرموودەدا زانا بوو، له زانستەكانی عەرەبیدا نووسینی ڕاست و درووست بوو، ڕەچەڵەكزان و زانابوو).[١]

له ڕوانگەی كتێبی (*الولاة والقضاة*)وه ئەتوانین بەدواداچوونێك بۆ میتۆدی زانستیی (كیندی) بكەین، كه له نووسینەوه مێژووییەكانیدا لەسەری ڕۆیشتووه، هەرچەند ئەو كتێبه هەموو ئەو بەجێماوانه نییه كیندی بۆمانی جێهێشتووه، ئەوەنده بەسه باسی بكەین، كه كیندی له ڕێڕەوی بەرەوپێشچوونی هونەری مێژوونووسی لای مسوڵمانان به لووتكه دادەنرێت، له پشكنینی زنجیره ڕیوایەتەكانی لای (كیندی)دا دەردەكەوێت ئەو ڕیوایەتانه، هەر له نیوەی یەكەمی سەدەی یەكەمی كۆچییەوه وێنای ڕێڕەوه گرنگەكانی لێكۆڵینەوه مێژووییەكانی مسوڵمانانی كردووه، ئەو ڕیوایەتانه سێ ڕێڕەویان دەرخستووه:

**ڕێڕەوی یەكەم**: ڕۆیشتووه بەرەو نووسینەوەی كتێبەكانی غەزا و سیرەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، ئەمەش له قوتابخانەی مەدینەدا دەردەكەوێت، ئەوه میتۆدی ئیسنادە و مەبەستی ڕاستی و پشكنینی وردەكارییه له گواستنەوەدا.

**ڕێڕەوی دووەم**: شێوازی چیرۆكه مێژووییەكانه، له پێدانی ڕەنگی پاڵەوانێتی و خۆهەڵكێشان و كۆكردنەوەی پەخشان و هۆنراوەدا، چاولێكەریی میتۆدی گێڕانەوەی عەرەبه كۆنەكانه، بەڕاستی ئەوەش پاڵنەری بایەخدانی عەرەب بووه به مێژووی كۆن و بەسەرهاتی هەموو مرۆڤایەتی، بایەخدانی به مێژووی جیهانی تێدا دەركەوتووه، خەڵكێكی زۆریشی پێوه خەریك بوون.

---

[١] د. حسن أحمد محمود، الكندي المؤرخ، الهيئه المصريه العامه للكتاب، القاهرة، ص٣٨ ، ٤٢.

**ڕێڕەوی سێهەم:** قوتابخانەی تازەیە، ئەوە قوتابخانەیەکە بایەخدانی بە ڕەخنە و ڕیوایەت و ئیسنادی لا مەبەستە.

شێوازی (کیندی) لە نووسینەوەی مێژوودا، نموونەی ڕاستیی ڕێڕەوەکانی قوتابخانەی تازەیە، بە پلەی یەکەم ڕاوی و فەرموودەناس بوو، ئەوەندە دەربەستی ڕیوایەت بووە، جاری وا هەبووە لە خودی مەتنەکە زیاتر مەبەستی بووە، لێرەدا بەتەنگەوەهاتنی لە تەبەری، یان مەسعوودی، یان بلازەری لەم بوارەدا کەمتر نەبووە، کیندی نموونەی ڕاستگۆییی دیاردەی تریش بووە، کە قوتابخانەی مێژوویی لە نیوەی کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی و نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەم، بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش سەرهەڵدانی مێژوونووسی شارەکانە، کە بایەخیان بە کەلەپوور داوە و هەواڵ و باسی شارەکانیان گێڕاوەتەوە و قسەیان لەبارەی هۆزەکان و ڕەچەڵەکی دانیشووانەکەی و مێژووی ژیانی فەرموودەناس و قورئانزان و فیقهزان و زاناکانییەوە کردووە.

مێژوونووسان وای بۆ ئەچن، نووسینەکانی (کیندی) دووبارە بە نموونەیەکی باش بۆ میتۆدی ئایینی، لەبارەی مێژووە خۆجێییەکانەوە دادەنرێت، لایەنگریی میسر، یان میسرییبوون لە میتۆدی کیندیدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، خودی مێژوونووس پێداگریی لەسەر میسرییبوونی خۆی ئەکات و ئەڵێت: کیندیی میسری، هەر وەکو ئەو هەموو تەمەنی لە فوستات بووە و نەچووە بۆ هیچ شارێکی تر، لێرەوە ئەکرێت *(الولاة والقضاة)*ی کیندی بەدەستمایەیەکی خاوەن شوێنەوارێکی گەورە، لە لێکۆڵینەوەی ژیانی میسرییەکاندا هەر لە فەتحی ئیسلامییەوە، تا نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچی دابنرێت، لەو کتێبەدا (کیندی) ڕۆشنبیرییەکی فەرهەنگیی گەورەی

دەرخستووە، کە پێگەی لەناو بیرمەندە دیارەکاندا بەرز دەکاتەوە، جێگەی ئومێدە باشترین شتێك ئەم ڕۆشنبیرییە فراوانە و ئەو بەها گەورەیەی کتێبی (*الولاة والقضاة*) لەخۆی گرتووە، باسی ئەو گێڕەرەوانە بکەین لە ئیسنادی کیندیدا هاتوون، کە نزیکەی سێ سەد و بیست ئەبێت، ژمارەی کەسەکان لە هەر زنجیرەیەك لە ئیسنادەکانیدا لەنێوان پێنج و سێدایە.[١]

گرنگیی میتۆدی زانستی نووسینەوەی مێژوو لای (کیندی)، خۆی لە بە تەنگەوەهاتنی بەدوای یەکداهێنانی ڕیوایەتەکاندا مەڵاس داوە، بۆ پارێزگاری ئەمانەتی ئەو کەسەی، قسەی بۆ کردووە و پاکی قازی بەدوای هەواڵدا ڕۆیشتووە، تا گەیاندوویەتییەوە بە سەرچاوەی یەکەم، لە چەند بۆنەیەکی کەمدا نەبێت هەست بە ڕێڕەوی تایبەتیی خۆی ناکەین، ئەو زۆر بەتەنگەوە بووە، زۆر بەوردی کاتەکان ببەستێتەوە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە، مەگەر بە دەگمەن هەر هەواڵێکی گێڕابێتەوە وەکو شارەزایەکی لێهاتوو خاوەن زانیارییەکی بەخوڕەم و زرنگییەکی کاریگەر و گێڕانەوەیەکی بەچێژ، بەدوای یەکدا مێژووەکەی دیاری کردووە. (کیندی) جگە لە (*الولاة والقضاة*)، چەندین نووسراوی تری هەیە[٢]، لەوانە:

- (*کتاب الموالي*) کە ئیبنو دەقماق و موقریزی ئاماژەیان پێکردووە.
- (*الخطط*) دەرنەکەوتووە کەس لێی وەرگرتبێت، بەڵام ئەوترێت بەشێکی گەورەی ئەم کتێبە ئیبنو دەقماق لە (*الانتصار*)دا، لە کاتی قسەکردنی لە نیشتەجێبوونی فوستات و نەخشەکانیدا لێوەی گواستۆتەوە.
- (*کتاب الأجناد العربية*): ئیبنو دەقماق لە (*الانتصار*)دا ئاماژەی پێداوە.

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٦٣.

[٢] هەمان سەرچاوە، لا ٤٢.

ـ (*كتاب الخندق والتراويح*): موقريزى و سيوتى، ئاماژەيان پێداوە.

ئەگەر گران بێت لەم جێگەیەدا لیستێكى تێروتەسەل بۆ مێژوونووسانى مێژووى گشتيى مسوڵمانان بێنين، ئەوە ئەركمانە زۆر بەكورتى ئاماژە بەو ناودارانەيان بكەين، كە مێژووەكانيان سەرچاوەيەكى سەرەكييە بۆ شارەزابوونمان لە مێژووى ئيسلاميدا.

ئەشێ (بلازەرى) ئەحمەدى كوڕى يەحياى كوڕى جابير، كە ساڵى ٢٧٩ك/٨٩٢ز، مردووە، يەكەم كەس بووبێت لە كتێبەكەيدا (*فتوح البلدان*)، مێژووى گرد كردبێتەوە، هەر وەكو (يەعقوبى)،[١] لە شيعە تيژپەڕەكان بووە، درێژەى بە مێژووى ئيمامەكان داوە و قسەكانيانى هێناوە.

لە هاوچەرخەكانى يەعقوبى و بلازەرى، هەردوو دەينەوەرييەكەيە: (ئيبنو قوتەيبەى دەينەوەرى)[٢] ساڵى ٢٧٦ك/ ٨٨٩ز، مردووە، (ئەبو حەنيفەى دەينەوەرى) ساڵى ٢٨٢ك/ ٨٩٧ز، مردووە، يەكەميان كتێبە گشتگيرەكەى بە ناوى: (*عيون الأخبار*)ە، دووەميان كتێبەكەى بە ناوى (*الأخبار الطوال*)ە، هەموو ئەوان جگە لە يەعقوبيى ئەسڵيان فارسە، يەعقوبى ئەسڵى عەرەبە.

ئەوەى شايانى باسە لێرەدا، ئەبو حەنيفە، ئەحمەدى كوڕى داودى دەينەوەرى، زانايەكى فەرهەنگيى گەورە بووە، لە ئەدەب و نەحو و زمان و مێژوو و هەندەسە و زانستى گژوگيا و ئەستێرەناسيدا قووڵ بۆتەوە، لەم حاڵەدا نامۆ نييە ياقوتى حەمەوى لە (معجم *الأدباء*)دا، (١: ١٢٤)،

---

[١] يەعقوبى: ئەحمدى كوڕى يەعقوبى، كوڕى جەعفەرى، كوڕى وەهەبى، كوڕى (واضيح)ە، ساڵى٢٨٢ مردووە.

[٢] ابن قتيبة الدينوري، أو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة.

لەبارەیەوە بڵێت: "ئەو نەحوییەکی زمانزان و ئەندازیار و ئەستێرەناس و حیسابزان و ڕیوایەتزان بووە، لەو شتانەش گێڕاویەتییەوە و باسی لێوە کردووە، جێگەی متمانە بووە"، ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، یاقووتی حەمەوی لە (*معجم الادباء*)دا، سیوتی لە (*بقية الدعاة*)دا، بەغدادی لە (*خزانة الأدب*)دا، ئەحمەد ئەمین لە (*ضحى الاسلام*)دا، ژیاننامەکەیان نووسیووە.

میتۆدەکەی دەینەوەری لە گێڕانەوەی هەواڵ و باسی پاشاکانی سەر زەویدا، هەر لە ئادەمەوە، تا خیلافەتی موعتەصیم و مردنەکەی لە ساڵی ٢٢٧ك/ ٨٤٢زدا، میتۆدێکی نایاب بووە، بە شێوازێکی بەرز، وردەکاری و ڕەوانبێژی کردووە، لەوێدا پشتبەستنی بە ڕاوییەکانی تۆخ کردۆتەوە، کەس نکۆڵی لەوە نییە، دوای مردنی (جاحیظ)، دەینەوەری لە سەردەمی خۆیدا، نموونەیەکی جوانی پێشەنگی زانستیی بووە، بە هەمان شێوە، کەس نکوڵی لەوە نییە، فراوانیی ئاسۆی زانستی لەبەردەم توێژەرانی سەردەمی تێکەڵبوونی ڕۆشنبیرییەکان و هەستانەوەی زانستی و ئەدەبی، کە سەدەی سێیەمی کۆچی بەخۆیەوە بینی و پێڕی زانایان و ئەدیبان و توێژەرانی تیایدا ئەژیا، نموونەیەکی قەشەنگ و ناوازە بووە.

(دەینەوەری)، زانیاری زۆری مێژوویی دەربارەی پەیوەندیی نێوان عەرەب و فارس، خستۆوەتە کتێبەکەیەوە، ئەوە (میتۆدێکی زانستی)ی ناوازەیە بەکەمی لە سەرچاوەکانی تردا هەیە، بەشی فارسی کتێبەکەی (*الاخبار الطوال*)، زۆر بەپێزە، بە هەمان شێوە، بەشی ئەمەوییشی بەهۆی ئەوەی جێگەی ڕووداوگەلێك و بەسەرهات و پێکدادان و پشێوی و کێشمەکێشی سیاسی و مەزهەبی تیایدا ڕاوەستابوو، وەکو بەشە فارسییەکەی بەپیتوپێزە.

(دەینەوەری) سەرمایەیەکی گەورەی زانستیی بۆمان جێهێشتبوو ـ زۆر بەداخەوە نەماوە، ئەوەی لێی ماوەتەوە:(*الاخبار الطوال*)ە، ئەم کتێبە مێژووییە ناوازەیە، کە ڕۆشنبیر و مێژوونووسێك، بە تێگەیشتنێکی گەورە لە بەسەرهات و ڕووداوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت لەلایەن شیکارانی مێژووەوە شایستەی ئەوەیە نازناوی کەڵەزانای ڕەوانبێژی عەرەب و کۆکەرەوەی حیکمەتی فەیلەسووفەکانی پێ بدرێت، لەو کەسانەیە شوێنەوارێکی نەمری تاهەتاییان لەسەر ڕووی ڕۆژگاردا جێهێشتووە.

نەخشەی کتێبەکە بەسەرهاتە بەردەوام و نەبڕاوەکان لەخۆ دەگرێت، ئەکرێت بە سێ بەشەوە:

**یەکەم: هەر لە ئادەمەوە، تا هەموو پێغەمبەران.**

**دووەم: مێژووی فارسیی، ساسانیی و ڕۆمەکان.**

**سێیەم: شەڕەکانی عەرەب و عەجەم**، ئەوە گرنگترین بەشە. مێژووی فتووحات و چیرۆکی فیتنەی گەورە و صفین و خەواریج و حوسەین و عێراق لەخۆ دەگرێت، پاشان کورتەیەك لە مێژووی عەباسی، تا مردنی موعتەصیم لە ساڵی ٢٢٧ك لەخۆ دەگرێت.

(دەینەوەری)، پەیڕەوی میتۆدێکی مێژوویی زانستی ناوازەی کردووە، ئەکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە پوختی بکەینەوە:

- **ڕەچاوکردنی بەدوای یەکدا هاتنی کاتەکان لە مێژوودا.**
- **هەڵبژاردنی هەواڵەکان هاوتەریب لەگەڵ پێگە و چەمکی مێژووی جیهانی.**
- **تەنینەوەی ڕووداو و جموجوڵەکان.**
- **پەیڕەوکردنی گێڕانەوەی داستانیی بە دوای یەکدا.**
- **بەکارهێنانی هۆنراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی مانا و ڕووداوە مێژووییەکان.**

(تەبەری)[1] ساڵی ٣١٠ك/ ٩٢٣ز، مردووە، بە نووسینی کتێبە فەرهەنگییەکەی (*تأريخ الامم والملوك*)، پێ ئەنێتە قۆناغێکی تازەی مێژوو نووسینەوە، ئەو لە مێژوونووسەکانی پێش خۆی، بەدوادا چوونی زیاتری بۆ ڕووداوەکان کردووە، هەر وەکو بەسەرهات گەلێکی تۆمار کردووە، کە مێژوونووسەکانی تر دەستیان بۆ نەبردووە، مێژووەکەی بە سەرەتای دروستبوون دەستی پێکردووە، تا ساڵی ٣٠٢ك، زۆر گەڕاوە بە شوێن ڕووداوێکدا چووە تا جێگیری کردووە، چووەتە بەغدا، بەسرە، کوفە، میسر، سوریا، هەموو ئەو بەسەرهاتانەی نووسیووە لەسەر یەك ڕووداو بیستوویەتی، بڕیاردانی سەر ڕووداوەکانی واز لێهێناوە بۆ خوێنەر، هەرچەند ئەڵێت: ڕاست لای من ئەوەیە، یان من گومانم لەوە هەیە، هەر وەکو ڕووداوەکانی شان بە شانی ساڵی ڕووداوەکە کردووە، ئەبێ خوێنەر دوای ڕووداوەکە بکەوێت، تا ئەگاتە ساڵی ڕوودانەکە، پاشان (عورەیبی کوری سەعیدی قورتوبی)، کە ساڵی ٣٦٦ك/ ٩٧٣ز، مردووە، هاتووە هەموو بەسەرهاتەکانی تەبەری لە کتێبەکەییدا بەناوی (*صلة تأريخ الطبري*) بە کۆتایی سەردەمی خەلیفە موقتەدیری عەباسی تا ساڵی ٣٢٠ك/ ٩٣٣ز بەستۆتەوە.

کاتێك چاو بەناوی مێژوونووساندا ئەگێڕین ئەوانەی لە مەیدانە جۆر بە جۆرەکانی مێژوودا لە نێوان غەزا و ژیاننامە و سەرکەوتنەکان و ڕۆژگاری عەرەب و ڕەچەڵەکەکان و هەواڵ و چینەکان و وڵات و شار و ئاوەدانی و مێژووی گشتی و ئەوانی تر ئەبینین لە هەموو نەتەوە و گەلە جیاجیاکانی

---

[1] تەبەری، ئەبوجەعفەر محەمەدی کوڕی جەعفەری کوڕی جەریرە.

تێدایە، کە شتێکی سرووشتییە مسوڵمانان وەکو تیمێك بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان مێژووی خۆیان بنووسنەوە.

تەبەری، کەساڵی (٣١٠ك) مردووە، کتێبەکەی لە مێژووی گشتییدا، بە سەرەتای قۆناغێکی ڕەگداکوتراو  لە نووسینەوەی مێژووییدا دائەنرێت، لە کتێبە گەورەکەیدا، هەموو گێڕانەوە و هەواڵ و کتێب و نامە مێژووییەکانی سەرەتای تێدا داناوە، کە ئەو نووسراوانە ونبوون و لەناو بەرگی مێژووەکەی تەبەریدا نەبێت نەماوە.

لە نێو مێژوونووساندا هەندێکیان مێژوونووسی سەرەتاکانن کە ئەوان خاوەنی غەزا و ژیاننامە و چینەکان و هەواڵناسەکانن، لەوانە: ئەبانی کوڕی عوسمانی کوڕی عەفان، عوروەی کوڕی زوبەیر، شەرەحبیلی کوڕی سەعد، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حەزم.

لە جەمسەری مێژوونووسە مسوڵمانەکاندا، ( ئیبنو لئەسیر)[1] ، ساڵی ٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز، مردووە، خاوەنی (*الكامل في التأريخ*)ە، خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆی بووە، بایی چەنێك پشتی بە تەبەری بەستێت بایی ئەوەندەش تێبینی لەسەر ئەو و لەسەر ئەوانی تریش دەربڕییووە کە لێیانەوە نەقڵی کردووە، ئینسکلۆبیدیای ئیسلامی ئەڵێت: ئەو (مێژوونووسێکی نایابە، ئەو زۆر بە چاکی ئەوانەی نەقڵی ئەکات، قایمییان ئەکات)، هەروەکو ڕووداو و بەسەرهاتەکان ڕاڤە ئەکات،[2] (ڕۆبەرت فلنت))[3] لە کتێبەکەیدا: (*تأريخ فلسفه التأريخ*)، لە ڕیزی هەواڵنووسەکان دەری

---

[1] ئیبنو لئەسیر، ئەبولحەسەن عیزەدین عەلییە.

[2] مفاتيح العلوم، ص٦٠، ٨٢، (القاهرة، ١٣٤٩ه/ ١٩٣٠م).

[3] Flint Robert of the philosophy of History, 86.128.

ئەكات و ئەڵێت: (ئەو تەنها پشتی بە گێڕانەوەی هەواڵەكان نەبەستووە، بەڵكو هەوڵی داوە پێشەكییەكەی دەربخات و ئەنجامی هەواڵەكان بخاتە پێش چاو).

ئەبێ پێڕستی ناوی كتێبەكان وەكو پێڕستەكەی ئیبنو نەدیم بە نوقسان دابنرێت، ئەگەر بەشێكی تێدا نەبێت دەربارەی نووسراوە مێژووییەكانی لای مسوڵمانان، لەڕاستیدا (الفهرست)، بەشێكی درێژیی دەربارەی مێژوونووسان و ڕەچەڵەكزان و ژیاننامەنووسەكان تێدایە، ئەمە لە سەدەی چواری كۆچیدا بووە، كە بەهەمان شێوە كتێبێكی ترمان لەبەردەستدایە: (*مفاتیح العلوم*)ی خوارزمییە، كە لە بەشی كۆتایی كتێبەكەییدا لەژێر ناونیشانی (*أخبار التأریخ*)دا، چارەسەری كردووە كە بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەر میتۆدەكەی ڕۆیشتووە:

- باسكردنی پاشاكانی فارس و نازناوەكانیان.
- خەلیفە و پاشاكانی ئیسلام و نازناوەكانیان.
- پاشاكانی سەردەمی نەفامی یەمەن و نازناوەكانیان.
- باسی ئەوانەی دەسەڵاتداری مەعد بوون، لە یەمەن و نازناوەكانیان.
- پاشاكانی ڕۆم و یۆنانییەكان.
- بەو شێوەیە ئەڕوات، تەنانەت هەندێك وشە لە هەواڵ و باسی پاشاكانی ڕۆمدا ئەهێنێت زۆر باس ئەكرێن،

ئەو سەر بە قوتابخانەی عەباسییەكانی (دایك)ە، كە ئەو قوتابخانەیە مێژوونووسەكانی هەرێمی عەباسییەكانی لە نێوان سیند تا عێراق كۆكردۆتەوە، كە لە ڕووی جوگرافییەوە ئەو سنوورە بازنە سیاسییە - ئایینییە ئەگرێتەوە، كە پێی وتراوە خیلافەتی عەباسی، لەو كاتەدا كۆمەڵێك

هۆكار هەبوون چەمكەكانی ئەم هەرێمانە پێكەوە ببەستێتەوە، ڕەنگی یەك چارەنووس و یەك مێژوو و یەك فیكری لێ بدات، لەوانەی باسیان ئەكەین:

- بوونی پەیوەندی بە خیلافەی عەباسیی سوونییەوە، پەیوەندییەكی سیاسی و ئایینی بووە بەئاشكرا لە (نووسینەوەی مێژوودا)، ڕەنگی دابۆوە، كە لە ڕووی سیاسییەوە لە وتاردا دەربڕینی وەلا بوو بۆ خەلیفەی بەغداد و وەرگرتنی شەرعییەتی حوكمڕانی لای ئەو.

- بەشێوەیەكی گشتی خەڵكی سەر بە مەزهەبی سوونی بوون، هەروەها زۆربەی مێژوونووسەكانیش، بەدەر لە هەندێكی، وەكو ئیبنو ئەبیتەیی بە نموونە، یان هەندێك لە نووسەران لە زانستی كەسەكان(علم الرجال)دا، وەكو كاشی و تووسی شێخی شیعە مەزهەبەكانی بوون، ئەوانی تر هەموو سوونە مەزهەب بوون.

- بەغدای پایتەخت، هەموو ئەو زانایانەی ئارەزوومەندانە ڕوویان تێ ئەكرد، لەسەر سرووشتیی زانستی خۆی ڕای ئەهێنان، سەرچاوە و ڕێڕەو و بایەخپێدان و ڕیشە زانستیەكانیانی یەك ئەخست، بۆ نموونە،- وەكو بینیمان - مێژووی بەغدا ئەو نموونەیەیە لەسەر شێوازی ئەو دەیان مێژووی تری وەكو مێژووەكانی تەبەری و مەسكەویو، پاشان صابیئی و ڕەوزەراوری داڕێژراوە، هەروەها مێژووی بەغدا ڕۆڵی هەبووە، لەوەی ئەو نموونانەی زانایانی دەورووبەر بەدوایدا بڕۆن، مێژووی دیمەشقی ئەلقەلانسی پەراوێزی سەر مێژووی هیلال ئەلصابیئی بەغدادییە، مێژووی دیمەشقی ئیبنولعەساكیر و بغية الطالب‌ی ئیبنو نەدیم هەردووكیان چاولێكەری مێژووی بەغدادن.

- ڕێژەیەكی گەورە لە زانایان، لە زێدی خۆیان نەماونەتەوە، بەڵكو ئەوان ژمارەیەك وڵاتی جیاجیا بۆ لێكۆڵینەوە و خوێندن گەڕاون، كە زۆریان لە

چوارچێوەی خیلافەی عەباسییدا بووە، زۆرجار هەندێکیان یەکێك لەو وڵاتانەیان ئەکرد بە شوێنی نیشتەجێبوونی یەکجاری خۆیان، ئەوان لەو کاتەدا فیکری زانستی و باو و نەریتی خۆیان و تۆمارگەی مۆڵەت و ئەوەی بیستویانە لەگەڵ خۆیان ئەبرد، ئەوکاتە ئەبوو بە کەلەپوورێکی هاوبەشی هەموو زانایانی چوارچێوەی ئەو خیلافەتە، هەروەکو زانایانی زانکۆکانی تری بۆ لای خۆی کەمەندکێش ئەکرد، هەیانبوو لەژێر سایەی فاتیمییەکاندا بوون، یان لە مەغریب و ئەندەلوسەوە ئەهاتن، ئەوە مێژووی هەموو ئەو ناوچانەی پێکەوە بەستبۆوە، لە هەمان کاتدا بووبوو بە مێژوویەکی هاوبەش لە نێوانیاندا.

لەم شوێنەدا، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، ئاماژەیەکی کورت بە مێژوونووس ئیبنو ئییاس بکەین، کە ساڵی ٩٣٠ك، مردووە، ئەو بنچینەی شەرکەسییە، قوتابی پێشەوای مێژوونووسی میسری سیبەوەیهی بووە، کتێبێکی هەیە بە ناوی: (*بدائع الزهور فی وقائع الدهور*)، لەسەر مێژووی میسرە، تا ساڵی ٩٢٨ك، بە حیسابی ساڵ و مانگ ڕێکی خستووە، بە درێژی باسی ڕووداوەکانی فەتحی میسری لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی ٩٢٢ك، تێدایە، چونکە هاوچەرخی ئەو ڕووداوانە بووە، بەچاوی خۆی هێرشەکەی بینیووە، لەگەڵ ئەوەی کتێبەکە پڕە لە باسی درێژ و گرنگ، دەستەواژەکانی ڕەکیکن، بە زمانێکی ڕەشۆکی نووسراوە، هەندێك کات ئاستی ئوسلووبی بەرز ئەکاتەوە، زۆر جاریش دایدەبەزێنێت،

لە نامەکانی (ئیخوان ولصەفا)دا، پۆلێنکردنێکی زانستەکانی تێدایە، مێژوو تیایدا وەکو پێگەی مێژوو وایە لە کتێبەکەی خوارزمیدا، لەو نێوەندەدا کتێبێکی بەبایەختریش هەیە، وا دەردەکەوێت بگەڕێتەوە بۆ

نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچی، بەوە لەوانەیە ببێتە کۆنترین فەرهەنگ لەو بوارەدا ماوەتەوە، ناونیشانەکەی (*جوامع العلوم*)ە، نووسەرەکەی پیاوێکە بە ناوی (ئیبنو فەرەجون)، ئەگێڕنەوە لە قوتابییەکانی ئەبو زەیدی بەڵخی بووە [1]، یەکەم باسی مێژوو لەم کتێبەدا ئاماژەیە بەوە، کە پێویستە نووسەر شارەزایی چاکی مێژوویی هەبێت، هەروەکو لە بەشی دووەمدا، زانیاری مێژوویی چاکی تێدایە، بەرەچاوکردنی ئەو ڕێگەیەی نووسەر، لە باسکردنی توێژینەوەکەیدا ڕێگەیەکی کورتی هەڵبژاردووە، دەر دەکەوێت ئاماژەکردنی بە دەوڵەتە دواییەکان و بابەتەکانی زانستیی کەلام و ئەو پێگە کورتەی بەڕێژەیەك تایبەتی کردووە بە مێژووی پێغەمبەر و (درودی خوای لەسەر)، زانایان و شارەکان، هەموو ئەمانە سیمایەکی زاڵن بەسەر نووسینەوەی مێژوو لەو سەردەمەدا.

ئەبێ لێرەدا قسە لەبارەی هەندێك لە مێژوونووسە مسوڵمانەکانی خەڵکی ئەنادۆڵ و ڕۆملی و ئاستانە بکەین، لەوانە: تاش کوبرازادەیە، کە ساڵی ٩٦٨ك/ ١٥٦١ز، مردووە، خاوەنی کتێبی: (*الشقائق النعمانية في علماء الدولة العثمانية*)یە، کە مێژووی ژیانی ٥٢٢ زانای تورکی هەر لە سەردەمی سوڵتان عوسمان، تا سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی تێدایە، بە زمانێکی عەرەبی نووسیویەتی، کە بە قسەکردن و نووسین بە چاکی زانیوویەتی، تاش کوبرا زادە، بەم کتێبەی بەو مێژوونووسانە دائەنرێت کە پسپۆڕییان لە مێژووی ژیاندا هەبووە، ئەبێ لەم چاوپیاخشاندنەدا، ناوی (حاجی خەلیفە) بێت، کە ساڵی ١٠٦٨ك/ ١٦٥٧ز، مردووە، خاوەنی کتێبی ((*کشف الظنون في أسامي الكتب والفنون*))ە، ئەوەش فەرهەنگێکی گشتگیرە بۆ ناوی هەموو

---

[1] انظر: ابن الجوزي، المنتظم، ج١٠، ص٦٤ (حيدر آباد ، ١٣٥٧ — ٨) بروكل مانن ج١، ص٩٦ .

ئەو کتێبە عەرەبییانەی لە سەردەمی نووسەردا دەستنووس بوون، کە ژمارەی کتێبەکان تیایدا نزیکەی ١٤٥٠٠ کتێبە.

هەر لە هەوادارانی مێژوویی گشتی لە مێژوونووسە مسوڵمانەکان (مەسعودی)[١]یە، کە ساڵی ٣٤٦ك مردووە، (*مروج الذهب ومعادن الجوهر*) ی نووسیوە، لە شێوەی نووسیندا جێ پێی تەبەری هەڵگرتووە، لە سەرەتای درووستبوونەوە دەستی پێکردووە تا پێش مردنی خۆی.

ئەگەر ئیبنو خەلدوون لە کۆندا، لە هەموو مێژوونووسەکان زیاتر ڕێزی (مەسعودی) گرتبێت، تاوەکو نازناوی (پێشەوای نووسەران و توێژەرانی) پێدا بێت، ئەوە زانا ڕۆژئاواییەکان هەر لە سەردەمێکی دێرینەوە پێگە و ڕێزێکی تایبەتیان بۆ داناوە، بایەخپێدانی رۆژ هەڵاتناسەکان بە مەسعودی و سەرسامبوونیان بە بەرهەمەکانی، وای لێیان کردووە، کە بەراودێ بکەن لەنێوان ئەو و لە نێوان هەندێك لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی تر، ڕۆژهەڵاتناس (فۆن کرێمەر)، نازناوی هیرودۆتی عەرەبی پێداوە، لێکچوون لەنێوان ئەو دوانە لە خۆشەویستی زانست و کاری بەردەوام و گەڕانە بۆ کۆکردنەوەی زانستدا و ئامادەباشییەکی تەواوەتی بۆ تۆمارکردن و نووسینەوەی نابـاو و شتە سەرسووڕهێنەرەکان، هەروەها بەبایەخدانیان بەبەڵگە بەردەستە سەلمێنراوە جوگرافییە جۆراوجۆرەکان و جیاوازیی گەلان و ئەفکارەکان. (ڕۆژئاواییەکان)، هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە لە ڕێگەی زۆرێك لە دەستەواژە و وەرگێراوەکانی (مروج الذهب)ەوە ناسیوویانە، کە پێش ئەوەی وەرگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی، چەند

---

[١] أبو الحسن علی بن الحسین، نەسەبی ئەگەڕێتەوە، سەر هاوەڵی پایەبەرز، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، خوا لێ ڕازی بێت.

بەشێکی زۆری وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە جیاوازەکان، هەر وەکو دووبارە، پێش ئەوەی هەمووی وەرگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی بە پێنووسی (بار بییەدی مینار) - پاریس ساڵی ١٨٦١ـ ساڵی ١٨٧١، بە پێنووسی ڕۆژهەڵاتناس (شبرنجەر)، لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا لە نۆ بەرگدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی -لەندەن ساڵی ١٨٥١ـ کە بەرگی یەکەمی حەڤدە بەشی سەرەتای لەخۆ گرتووە، هەر وەکو کتێبی (*التنبیة و الاشراف*) ئەویش لە کۆتاییدا بەدەستی (کارادی فو) -پاریس ساڵی ١٨٩٧ـ وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

هاندەری زانستی بەڕوونی لە نووسینەکانی (مەسعودی)دا بەدی دەکەین، ئەو بە لێکۆڵینەوەی جوگراف ئامادەسازیی بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەکات نیازی هەیە بیانخاتە بەردەست، لە سەرەتای دەسپێکردنی: (*مروج الذهب*)دا دەڵێت: "کتێبەکەمان لە خەبەر و باسی ڕۆژگاردا نووسیوە، لەوێدا قسەی خۆمان لەسەر شێوەی زەوی و شار و ئاوەدانییەکانی و شتە سەرسووڕهێنەرەکانی و دەریا و چاڵ و چۆڵی و جۆری سەرچاوەکانی و دەنگوباسی شوێنە پاراو و دوورگەی دەریاکان و ڕووبارە بچووك و خەبەر و باسی خانووە گەورەکان و کۆشك و تەلارەکانی و باسی کاروباری دروستبوون و ئەصڵی وەچە و جیاوازیی وڵاتەکان کردووە، ئەوەی ڕووبار بوو، بووە بە دەریا، ئەوەی دەریا بوو، بووە بە وشکانی، ئەوەی کە وشکانی بوو، بە درێژایی ڕۆژگار و ڕۆیشتنی ساڵ بووە بە دەریا، هۆکاری ئەوە و هۆکاری گەردوونی و سرووشتیی دابەشبوونی هەرێمەکان و تایبەتمەندیی ئەستێرەکان و پێچوپەنای شاخەکان و ئەندازەی شوێن و ئاسۆکانمان تێدا ڕوون کردۆتەوە).

ـ گرنگترین ئەو شتانەی ڕێڕەوی مێژوویی (مەسعودی) پێ جیا دەکرێتەوە:

ـ فەرهەنگی بوون، ئەو بەرفرەوانبوونە وا ئەکات هەموو ئاسۆی زانستی لە کارێکی مێژوویی تێر و تەسەلدا لەخۆ بگرێت.

ـ قبوڵکردنی ئەفکار و بەردەوامبوون و درێژەپێدان... ئەوە فیکرێکی زیندووە، داینەمۆیە، ژیانی لێ هەڵئەقوڵێت.

ـ لە کتێبەکەیدا، پێدانی زانیاریی وردی لە بەرگی هاندان و چێژپێدان تێدایە، کە ئاخنیوویەتی لە نوکتە و قسەی خۆش و دانسقە.

ـ بەهۆی دەسوبردکردنی لە تۆمارکردنی زانیارییەکاندا، فریای هەڵەچنی نەکەوتووە، کە ئەمەش لە توێژینەوەدا مەنهەجییەتی ئەو لاواز ناکات.

ـ بایەخدان بە سەرچاوەکان و باسکردنی لە توێژینەوەدا.[1]

ئەویش، وەکو تەبەری سەفەری زۆری کردووە، هەواڵەکانی تێکەڵ بە بینین کردووە، چووەتە شوێنی ڕووداوەکان، گەڕاوە بە فارس و هیند و دوورگەی مەدەغشەقەر و وڵاتی ئەودیوی ڕووبار و ئازەربایجان و جۆرجان و شامدا، چووەتە میسر و لەوێ نیشتەجێ بووە، لە فوستات مردووە، گەڕان بەرچاوڕوونی و توانای کۆکردنەوە و لەبێژنگدانی زانستی و ڕاستی پێ بەخشیووە، ئەم بینینەش یارمەتیی داوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لەو زانیارییانەی لە هەندێك لە کتێبەکانی ئەبو عوسمانی جاحیظدا هاتووە، کە لێشاوی زانست و شارەزایی زۆری جاحیظ شاراوە نییە، ئەڵێت: "عەمری کوڕی بەحری جاحیز، وای بۆ چووە ڕووباری میهران، کە ڕووباری سەندە، لە نیلەوە سەرچاوەی گرتووە." دوای ئەوەی مەسعودی دائەبەزێتە سەری و

---

[1] شاکر مصطفی، سەرچاوەی پێشوو ، ج٢، لا ٥٢، ٥٣.

بۆچوونەکەی بە هەڵە لەقەڵەم دەدات، لە هەمانکاتدا، هەڵەکەی بۆ ڕاست ئەکاتەوە و ئەڵێت: "ئایا نەیزانیووە ڕووباری سەند لە چەند چاوگەیەکی بەناوبانگەوە لە سەرووی ولاتی سەند، لە زەوی فتووحەوە بەرەو مەملەکەتی بوردە و زەویی کشمیر و قەنفەدار و تافیر ئەڕوات، تا ئەگاتە ولاتی موڵتان، لەویێ پێی ئەوترێت ڕووباری میهران."

هەر وەکو لەوەی سەرسووڕمانی خۆی نەشاردۆتەوە، کە جاحیظ دووبارە لە کتێبی (*الحیوان*)دا گێڕاویەتییەوە، کە کەرگەدەن سکەکەی حەوت ساڵ ئەخایەنێت، بێچووکەی لە سکی دایکیدا سەر دەردێنێت و ئەلەوەڕێت، پاشان سەری ئەکاتەوە ناو سکی دایکی، مەسعودی ئەڵێت: "ئەم وەصفە ناردوومی بۆ پرسیارکردن لەو کەسانەی شارەزاییان هەیە، لە خەڵکی سیراف و عوممان و ئەو بازرگانانەی لە خاکی هیندن، بینیوومن هەموویان سەرسووڕمانی خۆیان لە قسەکەی دەربڕی، پێیان وتم: ماوەی دووگیانی و زانی وەکو مانگا و گامێش وایە"، ئەمانەش چەند ڕاستییەکن، ئەگەر گەڕان نەبووایە مەسعودی نەیدەزانی، ئەبینی ئاماژە بەوە دەکات و لەسەر جاحیظ بە عەیبەی دادەنێت و دەڵێت: "ئەم پیاوە ڕێگەی دەریای نەگرتۆتەبەر، گەڕانی زۆری نەبووە، شارەزای ڕێگە و ئاوەدانییەکان نییە، بەڵکو وەکو دارکۆکەرەوەی شەو وایە لە کتێبی کۆپیکارەکان زانیارییەکانی وەرگرتووە."

(مەسعودی) بەمە دووپاتی ڕێگەیەك بۆ توێژینەوە و میتۆدێك بۆ لێکۆڵینەوە ئەکاتەوە، کە بەهێزترین میتۆدەکانی توێژینەوەی مێژوویی هاوچەرخە، دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە مێژوونووسە مسوڵمانەکان

بەشدارییەکی نایابیان لە نووسینەوەی مێژوودا کردووە و داهێنانیان لە میتۆدەکانیدا کردووە.

با بێینە سەر (تەبەری)ی مێژوونووس، تەبەری لە کتێبەکەیدا لەبارەی مێژووەوە کەسایەتیی دەرئەکەوێت، کە هەندێك کات ئەڵێت: (درووست لای ئێمە ئەوەیە)، یان ئەڵێت: (من گومانم لەوە هەیە)، بەمە سەرنجی خوێنەر ڕائەکێشێت و ئەیبات بەرەو ئەوەی ڕایەکەی وەربگرێت.[١]

ئەکرێت ئەو لێکۆڵینەوانەی هەریەك لە (کافیجی)، لە زانستی مێژوودا لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە (*المختصر في علم التأريخ*)، لە قاهیرە، ساڵی ٨٦٧ك/ ١٤٦٣ز، کردوویەتی و نووسەری میسری (السخاوي) ئەویش لە کتێبەکەی (*الاعلان بالتوبیخ لمن ذم التأریخ*)، لە مەککە، ساڵی ٨٩٧/ ١٤٩٢ز، تەواوی کردووە، لە گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانەیە لەلایەن زانایانی مسوڵمانەوە پێمان گەیشتووە، کە میتۆدێکی تایبەتی و سیمایەکی تازە دەرخات.

ئەکرێت ئەو هۆکارانەی ڕێڕەوی میتۆدی زانستی ئەو لێکۆڵینەوە پێشەنگانەیان دیاریی کردووە، لەوەدا کورت بکەینەوە، کە میسر لە سەدەی هەشت و نۆی کۆچیدا هەموو پایەکانی ژینگەی لەباری بووژانەوەی نووسینەوەی مێژوویی لەخۆ گرتبوو ـئەویش لە ئارامی و ئاساییشدا وەکو وڵاتانی تری ئیسلامی وا بووـ،کەشێکی ڕەخساندبوو ئەکرا بەرهەمی زانستی بەگشتیی و مێژوویی بەتایبەتی تیایدا گەشاوە بێت، ژمارەیەك دامەزراوەی وەقفیی تێدا بوو، هۆکارەکانی ژیان و گوزەرانیان بۆ زانایان ساز کردبوو، هەر وەکو لەو کاتەدا ژمارەیەك زانا دەرکەوتن بە وردەکار و چوونە بنج و بنەوانە و ئاسۆفراوانی فیکر ناسرابوون، پاشان میسر پاشای وەکو ئەشرەف

[١] محمد عبدالغني حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٢، ٥٣.

بەرسەبای تێدا بوو، کە لە خاوەن دەسەڵاتە بەهێز و بەرز ڕووانەکان بوو، گەورەیی ڕابردوویان، ئەنرخاند و خۆیان وا دائەنا شایانی دەرکردنی ناوبانگی مێژوویین.

بەدڵنیاییەوە هەریەك لە (ئەلکافیجی) و (ئەلسەخاوی)، بە پلەی یەکەم زانای ئایینی بوون، لە هەمان کاتدا مێژوو لای ئەوان لە خزمەتی فەرموودەدا نەبووە، بەڵکو نیمچە هاوتای بووە، کتێبەکانیان ڕەنگدانەوەیەکی تەواو بوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی زانستی مێژووی ئیسلامی، لەو بابەتانەی هەردووکیان چارەیان بۆ دۆزیوەتەوە بریتییە لە: ئامانجەکانی مێژوو و پێناسەی، مەبەست لێی و سوودەکانی و ئەصڵەکەی و تایبەتمەندییەکانی و ڕێبازەکانی توێژینەوەی مێژووزان، (ئەوە لای کافیجیە) تا چەندێك پشت بە جۆرەکانی بەرهەمی مێژووی ئیسلامی دەبەسترێت، (لای سەخاوییش) چۆن سوود لە جۆرەکانی مێژووی ئیسلامی دەبینرێت.

لە ڕاستیدا (کافیجی) کاتێك ویستوویەتی پێناسەی مێژوو بکات، ڕۆ چووە لە بابەتەکانی وەکو: کات و شوێن و بەیان و ئاکار، ئەبینین میتۆدێکی جوان و خاوێنی پەیڕەو کردووە، تەنانەت کتێبەکەی (*المختصر في علم التأريخ*) ئەبینیت سەرسام ئەبیت، ئەو کاتە ئەزانی تا چەندێك قسەی یەکێك لە فەیلەسووفە تازە ئەڵمانییەکانی بەسەردا ئەچەسپێت کە ئەڵێت:

(مێژوونووس لە هەندێك ڕووەوە، لە زانایەکی زمانزانەوە نزیکترە تا زانایەکی سرووشت)، کافیجی وای دادەنێت: (مێژوو زانستێکە لە زانستە نووسراوەکانی تری وەکو: چیرۆك و نەحو و بەیان)، هەر وەکو لە شوێنێکی تردا ئەڵێت: (حەق شایەنی ئەوەیە شوێنپێی هەڵبگیرێت، ڕاستی بەکەڵکی ئەوە دێت گوێی لێ بگیرێت، ئەوەش بریتییە لە بەڵگەی شەرعی و دەلیلی

عەقڵی سەلماو).[1] بەڵام مێژووی پەروەرەدە لە ئیسلامدا، ئەکرێت پوختەیەکت دەسکەوێت لە کتێبەکانی جاحیظ و غەزالی و ئیبنو خەلدووندا، کە ئەوە لە دوورودرێژییەکەی گرنگترە، ئەگەرچی پرۆسەی پەروەردەکردن (التأديب) ئەوەی هەمیشە مامۆستای پسپۆڕ لە پەروەردەکردنی خەلیفە و کاربەدەستان و منداڵی وەزیر و گەورەکاندا پێیهەڵدەستان، لە زۆر لایەنەوە هیچ شوێنەوارێکی نەماوە.

ڕێبازی فێرکردن، کە ئیبنو خەلدوون لە پێشەکییەکەیدا شی کردۆتەوە، هەروەها لە کتێبی (*أدب الدنيا والدين*)ی ماوەردیدا هەیە، یان لە کتێبی (*أطواق الذهب في المواعظ والخطب*)ی زەمەخشەریدا ئەیبینین، ڕەگ و ڕیشەی بەڕوونی لەناو ناوداران و وتاربێژە بەناوبانگەکانی سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا دەست ئەکەوێت. ئەوەش سەرلەنوێ ڕۆڵی مێژوو لە بنیاتنانی کەسانی مەرد و هەڵکەوتوواندا دووپات ئەکاتەوە.

لەنێو مێژوونووسە مسوڵمانەکاندا ئەوانەی کەمێك پێش تەبەری هاتوون: (ئەبوحەنیفە دەینەوەری)یە، خەڵکی دەینەوەرە، عەرەب نییە، ساڵی ٢٨٢ك، مردووە، ئەو ڕۆشنبیرییەکی هەمەجۆری لە نەحو و زمان و ماتماتیك و گژوگیا و مێژوودا هەبووە، بەڵام ئەو وەکو مێژوونووسێك بەهۆی کێتبەکەیەوە: (*الاخبار الطوال*)، لە مێژووی گشتییدا ناوبانگی پەیدا کردووە، بەکورتی باسی مێژووی کۆنی کردووە، لە مێژووی ئیسلام و ئەو سەردەمانە بە دواوە، تا سەردەمی خۆی درێژەی پێ داوە، بەفراوانی باسی بەنی ئومەییەی کردووە، بەتایبەت

---

[1] فراتز روزنثال، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٩.

خەبەر و باسی عەلی، مەعاویە، خەواریج، ئەزاریقە، مێژووی دەینەوەری، بە مردنی خەلیفەی عەباسی موعتەصیم ساڵی ٢٢٧ك، کۆتایی پێ دێت[١].

لە (معجم المفهرس)دا، لیستی ژمارەیەك لەو کتێبانەی (ئیبنو حەجەر) لێکۆڵینەوەی تێدا کردوون، ناوی ژمارەیەك کتێبی مێژوویی هاتووە... بەشی سێیەمی (المعجم المفهرس) توێژینەوەیە لە لقە جیاجیاکانی فەرموودەدا، توێژینەوەیە لە چەندین کتێب و مێژووی ژیان و چەند مێژوویەکی خۆجێیی گرنگ... دووبارە ئاماژەی بە مێژووی تەبەری تێدایە،[٢] ئاماژەی بە کتێبی: (النسب ـ نووسینی زوبەیری کوڕی بەکاری) تێدایە، هەردوو کتێبی: (اللباب في الانساب) و (الكامل في التأريخ ــ ابن الأثير)ی تێدایە، هەر وەکو بەشی پێنجەم لە فەصڵی شەشەم، چەند کتێبێکی گشتیی تێدایە، ئیبنو حەجەر لێکۆڵینەوەی تێیاندا کردووە، وەکو کتێبی: (الكامل ـ ئیبنول ئەسیر) و ((مرآة الزمان ـ سیبطی[٣] ئیبنول جەوزی) و کتێبەکانی زەهەبی تێدایە، هەروەها چەند کتێبێکی ژیاننامەی وەکو کتێبی: ((التكملة في الوفيات النقلة))ی مونزیری تێدایە.

لە ڕاستیدا (ئیبنول ئەسیر) دوای تەبەری بە دیارترین مێژوونووسی مسوڵمان دادەنرێت، نووسراوە مێژووییەکانی سەلمێنەری ئەوەن، ئەو لە چوار جۆری مێژوودا نووسیویەتی لە هەمووشیاندا دەرکەوتوو بووە، بۆ نموونە کتێبەکەی: (الكامل في التأريخ) لە مێژووی گشتیدایە و هاوتای کتێبەکەی

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٥٤، ٥٥.

[٢] المعجم المفهرس، (المخطوطة)، القاهرة، مصطلح الحديث، ٨٢، (كتب في سنة ٨٥٤ك/ ١٤٥٠م) ص١٤٠.

[٣] نەوەی زانای گەورە: ئیبنولجەوزییە.(وەرگێڕ).

تەبەرییە، یان کتێبی: (الباهر في الدولة الاتابكية) بەرگێکە لە مێژووی وڵاتان، یان خێزانەکان لەسەر ڕێڕەوی کتێبەکەی (التاجي) صابیئی نووسیویەتی.

ـ ئەکرێت ئەو میتۆدەی ئیبنولئەسیر لە کتێبەکەیدا: (*الكامل في التأريخ*) لەسەری ڕۆیشتووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە پوخت بکەینەوە:

ـ پیادەکردنی میتۆدی تۆمارکردنی ساڵانە و باسکردنی ڕووداوی بچووك و هەندێك مردن لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا، بەڵام ناونیشانی بۆ ڕووداوی گرنگی ناو ساڵەکەدا داناوە، ڕووداوەکانی ساڵێکی دەرنەکردووە بۆ ساڵێکی تر، مەگەر لە کاتێکدا پێویست بە پێکەوەلێکدانی هەواڵەکە بکات، یان مەترسیی لە پەرشوبڵاوبوونەوەی هەواڵەکە بووبێت.

ـ دابەشکردنی کتێبەکە بۆ دوازدە بەرگ، بۆ ئەوەی مێژووی گشتی هەر لە سەرەتای درووستبوونەوە، تا سەردەمی خۆی بگرێتەوە.

ـ دانانی هاوکێشە لە بارستایی نێوان خەبەر و باسەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و نێوان خەبەر و باسی وڵات و پاشا لێکجووداکاندا، ئەمەش زیاتر ڕەنگی (مێژووی گشتی) لە هەر کتێبێکی مێژوویی کەسانی تر بە کتێبەکەی بەخشیوە.

ـ بایەخدانێکی گونجاو بە ڕووداوە خۆجێیی و دیاردەکانی کەشوهەوا و زەمینی هەموو هەرێمەکان، وەکو گرانیی و هەرزانیی و قاتوقڕیی و دەرد و بەڵا و بوومەلەرزە.

ـ دۆزینەوەی هۆکاری دیاردە مێژووییەکان.

ـ پیادەکردنی میتۆدی ڕەخنەیی لە کاتی شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خەڵکی سەردەمی خۆی.

ـ بە درێژایی لاپەڕەکانی کتێبەکە، کەسایەتیی مێژوویی نووسەر، ئاشکرا و دیارە.

- هەڵبژاردنی سەرچاوەی باش و هەمەچەشنە.

- لەو شوێنانەی زۆر بەلایەوە گرنگ نەبووبێت خۆی دەرباز کردووە لە درێژدادڕی.

- هەڵبژاردنی شێوازی پەخشانی ئاسان و ڕەوان.

- بۆ دەوڵەمەندکردنی میتۆدەکەی ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پایەبەرز و هۆنراوەی کردووە بە بەڵگە.

دوای سەردەمی تەبەریی مێژوونووس، ئەبینین پێڕی مێژوونووسان پەرە ئەسێنن و درێژ ئەبنەوە بەرەو هەموو گەل و نەتەوەکان بەگشتی، لە هەمان کاتدا هەریەکە چەمکێکیان گرتووە، هیچکامیان نەبوون بە بەدیلی ئەوی تر.

لەو مێژوونووسانە: (ئەبوزەیدی بەڵخییە) ساڵی ۳۲۲ك، مردووە، ئەو لەدایکبووی بەڵخە، هەرچەند لە عێراقدا گەورە بووە، بە کتێبەکەی (البدء والتأريخ) بەشدار بووە لە نووسینەوەی مێژووی گشتیدا، کە لەوێدا بە شێوەیەکی بەرفراوان خەبەر و باسی درووستبوون و چیرۆکی پێغەمبەران و خەبەر و باسی وڵاتانی ڕابردوو و نەتەوە کۆنەکان و مێژووی خەلیفەکانی تا سەردەمی خۆی تیادا هێناوە، بەڵخی لە زانستی جوگرافیا لای مسوڵمانان، بە کتێبە ناودارەکەی (*صور الأقاليم*) بەشداریی کردووە.

یەکێکی تر لەو مێژوونووسە دیارانەی خزمەتی مێژوویان کردووە، حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەصفەهانییە، ساڵی ۳۵۱ك، مردووە، لە هەموو نووسینەکانیدا پشتی بە سەرچاوە فارسییەکان بەستووە، کە ئاگاداریان بووە، خوێندنەوەی بەردەوامی لەو سەرچاوانەدا هەبووە،[١] کتێبەکەی (*تأريخ سني ملوك الارض والأنبياء*) ناسراو و دیارە، باسی ڕەچەڵەکی

---

[١] شاكر مصطفى، المرجع السابق، ج ٢، ص١١٥، ١١٨.

قەحتانییەکان و ڕەچەڵەکی حیمیەر و باقیی هۆزە عەرەبەکانی غەسان و لەخم و کیندە و هۆزەکانی عەدنانی باکووری کردووە، هەر وەکو بایەخی بە خەبەر و باسی پاشاکانی فارس و ڕۆم داوە،[1] بەدواداچوون و بایەخی بە ساڵی لەدایکبوون و مردن داوە.

هەر لەو مێژوونووسانە مەسکەوەیهیی مێژوونووسە، لەم کتێبەدا بایی پێویست باسمان کردووە، بنچینەی ئەگەڕێتەوە سەر ئاگرپەرستەکانی فارس، پاشان مسوڵمان بووە کە قسەمان لێ کردوە. هەروەها یەکێکی تر لەوانە ئەبو ئیسحاقی ئەلسەعلەبیە، خاوەنی کتێبی (*عرائس المجالس*)ە، بنچینەی نەیسابورییە، (ساڵی ٤٢٧ك/ ١٠٣٥ز)، مردووە، ئەبو نەصری ئەلعەتێبی ساڵی ٤٢٧ك مردووە، لە بنچینەدا خەڵکی ڕەییە، پاشان بەرەو خۆراسان ئەوێی جێهێشتووە، ئەو خاوەنی کتێبی: (*سيرة اليميني*)یە، لە مێژووی ژیانی سوڵتان مەحمودی کوڕی سەبو کتوکین و جەنگەکانیەتی لەگەڵ ئەلخەوارزمییە. نووسینەکەی لەسەر شێوەی سەروا (السجع)ە، نەك لەسەر شێوەی پەخشانی ڕەوان، وەکو سەعالیبی لە کتێبەکەیدا: (*يتمية الدهر*) و ئەلباخوزەری لە (الدمية)دا کردوویانە، هەر لەو مێژوونووسانە، ئەبول کەرەم ئەلئەندەرسفانی ئەلفیردەوسییە، خاوەنی کتێبی: (المستقصی)یە لە سیرەی پێغەمبەردا، ئەو لە مێژوونووسەکانی سەدەی شەشەمە، هەر لەوانە ئەلعیماد لئەصفەهانی، ساڵی ٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز، مردووە، ئەو خاوەنی (الفتح القُسّي في الفتح القدسي)یە.[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ١١٨، ١٣٧.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٦٠، ٦١.

## نووسینەوەی مێژوو بە میتۆدی ساڵانە لای زانا مسوڵمانەکان:

لەو میتۆدەدا هەموو ڕووداوە جیاجیاکان لەژێر ناونیشانی تایبەتدا، وەکو: (لە فلاّن ساڵدا)، یان (یان لە فلاّن ساڵدا هات) تۆمار کراوە، زانا مسوڵمانەکان پەیوەندیی نێوان چەند ڕووداوێك لە ساڵێکدا بووبێت بە خستنەسەری ئەم ڕستەیە: (لەوێدا واتە: لە هەمان ساڵدا) ڕوون کردۆتەوە. نووسەر خۆی بڕیار ئەدات، چەندێك درێژە بە باسکردنی ڕووداوەکە ئەدات. ئەمەشمان لە گوڵچنینە مێژووییەکەی محەمەدی کوڕی موسای خوارزمیدا، ئەو زانا گەورەیەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواری کۆچیدا ژیاوە، دەست کەوتووە، هەروەها لە مێژووی تەبەری و حەمزەتول ئەصفەهانیدا هەیە[1]، هەروەها دووبارە ئەوە لە نووسراوەکانی سەمعانی و هەروەها ئەبینین دەقەکانی (خەتیبی) ناوبراو لە (*تأريخ بغداد*)دا پشتگیریی دەکات.[2]

لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی کۆچییەوە ئەم میتۆدە لە عێراقدا پیادە کراوە، ئەوەی پارسەنگی ئەم ڕایە ئەدات، ئەوەیە: هەر لە کاتی بەکارهێنانی ڕۆژژمێری کۆچییەوە زانا مسوڵمانەکان لە چوارچێوەی ئەم میتۆدەدا گەیشتبێتنە داڕشتنی زانستە مێژووییەکان، لەوێدا چەند ڕایەك هەیە پشتیوانیی ئەوە ئەکەن کە زانا مسوڵمانەکان بە سەربەخۆیی خۆیان گەیشتوون بەو ئەنجامەی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە مێژووییەکان دانانی مێژوو بەپێی ساڵەکان ئامڕازێکی گونجاوە، ئەوەی دڵنیاکەرەوەشە، کەسێك نییە قەناعەتمان پێ بێنێت، کە فارسەکان پێشتر ئەو میتۆدەیان بەکار

[1] ج ١، ص١٨٧. جوتولد، أما((تأريخ)) الخوارزمى فقد اقتبس منة البيرونى فى لآثار الباقية، عن تأريخ ولادة الرسول (مخطوطة)، استنبول عمومى، ٤٦٦٧ ـ ص١٣٦.

[2] العصاني، الانساب، ص٢٨٣ب. الخطيب البغدادى ، تأريخ بغداد، ط١، ل١٥٧.

هێناوە، بەڵکو هەموو بەڵگەکان ئەوە دەرئەخەن، ئەوان بەکاریان نەهێناوە.[1]

ـ بۆ ئەوەی لە گۆڕانکاریی میتۆدی ساڵ، لە نووسینەوەی مێژوو لای زانا مسوڵمانەکان تێ بگەین ـ دەبێ درك بەوە بکەین ڕێککردنی مێژوو بەگوێرەی ساڵەکان و دوور لە هەوا و ڕەغبەتی کەسەکان، پشت بە سرووشتی بێخەوشی ڕاستیی پەتی ئەبەستێت، ئەو کتێبانەی لە جیهاندا وەکو ئەو میتۆدە ڕێك خراون، بە دەستمایەیەکی بێوێنە لە ژیانی گەلان و نووسینی ڕووداوە مێژووییەکانی ساڵ بە ساڵ پشتیوانیمان لێ دەکەن. ئەمەشمان لای (ئیبنول قەفەتی) دەست ئەکەوێت، کە وای بۆ ئەچێت ئاسانە توێژەر بە میتۆدی ساڵبەساڵ متمانەپێکراوترین خەبەر و باس هەر لە سەرەتای درووستبوونەوە، تا ئەو ساڵەی نووسینەکەی تێدا کردووە دەست بکەوێت... واتە تا ساڵی (٦١٦ك/ ١٢١٩ ـ ٢٠ز)، هەروەها ئەبو جەعفەری تەبەرییش لە نووسینەوەی مێژووی جیهاندا ئەو میتۆدەی پیادە کردووە، هەر لە سەرەتای درووستبوونەوە تا ساڵی ٣٠٩ك، هێناوە، هەروەها (ثابت) لە کتێبەکەیدا لە هەندێك ساڵدا تێهەڵکێشی تەبەریی کردووە، کە ئەکاتە ساڵی ٣٦٣ك، هەروەها کتێبەکەی فەرغانی، کە کردوویەتی بە پاشکۆی کتێبەکەی تەبەری،[2] بە هەمان شێوە لە کتێبی هیلالی کوڕی ئەلموحسینی کوڕی ئیبراهیمی صابیئیشدا دەستمان ئەکەوێت، کە لەگەڵ کتێبەکەی (ثابت)ی خاڵیدا یەك ئەگرێتەوە، کە تا ساڵی ٤٤٧ کۆچی تەواو کردووە،

---

١ فراتز روزنثال، المرجع السابق، ص١٠٦. دی سیموجی، Desomo Gyi JRA1932. 48.

٢ انظر : المراكيشي، المعجب، ل٣٣، طبع دوزی (ليدن، ١٨٤٧، ١٨٨١). وكذلك ابن خلكان،ج ٢، ص٢٢٨.

ئەوەی ئەو دەستی بۆ بردووە، لە کارقایمی و ئاگاداربوون بەسەر نهێنیی وڵاتاندا کەس دوای مردنی وەکو ئەو دەستی بۆ نەبردووە، لەبەر ئەوەی ئەو لە باپیریەوە وەری گرتووە، کە ئەویش وتارنووس و ئاگاداری ڕووداوەکان بووە.

(قەفەتی) وێنەیەکی وردی سەبارەت بەو بارودۆخەی لە سەردەمی خۆیدا گوزەراوە پێشکەش کردووە. ئەو کتێبانەی لە نووسینەوەی مێژوودا ڕێبازی میتۆدی ساڵیان گرتۆتە بەر، نووسینەکانیان تەواوکەر و بەردەوامیدان بووە بە پێشووەکانیان، لەو چاکانەی لە قەفەتییەوە باس ئەکرێت، دوای ئەوەی لەشکری هۆلاکۆ، (یاقوت ئەلحەمەوی) ڕووت ئەکەنەوە، هەرچییەکی بووە بردوویانە، ئەبێت بە میوانی قەفەتی، ئەویش هاوکاریی کردووە، هانی داوە لەسەر نووسینی فەرهەنگەکەی، کە یاقووت کردوویە بە دیاری بۆ قەفەتی بەردەوام بێت... قەفەتی حەزی لە تێکەڵیی زانایان و ئەدیبەکان هەبووە، شەیدای خوێندنەوەی کتێب بووە -ژنی نەهێناوە و منداڵی نەبووە- کاتی مردنی سەروەتەکەی بە ٥٠٠ هەزار دینار خەملێنراوە.

قەفەتی بە فەرهەنگەکەی (إخبار العلماء بأخبار الحكماء) ناسراوە، کە ژیاننامەی فەیلەسووف و زاناکانی تا سەردەمی خۆی تێدایە، درێژەی (الأخبار) ون بووە، تەنها (المختصر)ی ماوەتەوە، کە (الزوزني) بۆی ئامادە کردووە... هەر وەکو بە فەرهەنگەکەی (أخبار المصنفين) و (الدرر الثمين في أخبار المتكلمين)، ناوبانگی هەیە، هەروەها (إنباه الرواة على أنباه النحاة).

ئەو شاکارانەی لە نووسینەوەی مێژوودا بۆمانی جێهێشتووە بەلامانەوە گرنگن، لەوانە (أخبار مصر من ابتدائها إلى أيام صلاح الدين) کە شەش بەرگە، هەروەها ((تأريخ المغرب)) و ((تأريخ اليمن)).

زەهەبی بەگوێرەی گرێکان[1]، هەر لە ساڵی یەکەمەوە تا ساڵی دەی کۆچی دابەشکردنێکی فەرعیی خستۆوەتە کتێبەکەی (تأريخ الاسلام)ەوە... هەروەها بەردەوام لە هەموو بەرگەکانی کتێبەکەیدا ئەم دابەشکردنەی جێبەجێ کردووە.

(ئیبنولجەوزی) وەکو زەهەبی کتێبێکی لەبارەی (عصر الرجال المعروفين)ەوە نووسیوە، بەنزیکی لەوێدا ژیانی هەر کۆمەڵەیەك کە لە گرێی سێدا مردوون بەجیا لەوانی تر نووسیوە و ڕێك خستووە، هەوەها لێکۆڵینەوەی لە هەر کۆمەڵەیەکدا بە جیا لەوانی تر کردووە، بەتەواوەتی دابەشکردنی مێژوو لای زانا مسوڵمانەکان ـبەسەر سەدەکانداـ لە کۆتایی سەدەی سیازدە لای (ئەلفوتی) لە کتێبەکەیدا (الدرر الناصعة من شعراء المأة السابعة)دا دەرکەوتووە، هەروەها لە نووسراوەکانی ئەلغەبرینی و ئیبنو حەجەر و سەخاوی و ئیبنولعیدەروس و ئەوانی تردا دەرکەوتووە.

خستنەڕووی کورتەیەك لە دیارترین مێژوونووسە مسوڵمانەکان و میتۆدەکانیان، لە نووسینەوەی مێژوودا و گەڕان بەدوای ڕاستییدا ئەمانبات بۆ زانینی پەرەسەندنی میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی لای مسوڵمانان، ئەوەی دیارە میتۆد ڕێگەی توێژینەوەیە، ڕاستی بەسەرهاتیش لە مێژوودا یەکەم شتێکە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی دەستی بۆ ئەبات، ئەگەر گریکەکان ژیرییان ئازاد کردبێت، یان کاتێك (هیکاتیوس الملطی) لە مێژووەکەیدا سەبارەت بە سەرهەڵدانی گریك هەوڵی ئازادکردنی ژیرییان دابێت، یان هەوڵیان دابێت ڕاستی و خورافە لێك جوودا بکەنەوە و ژیریی

---

[1] لە ساڵی یەکەمدا، چەند ڕوودا هەبووە، هەمووی بەدوای یەکدا هێناوە، پاشان چووتە سەر دە ساڵی دووەم، هتد. (وەرگێڕ).

مرۆڤ لە دەسەڵاتی خورافە و پڕوپووچی ڕزگار بکەن، ئەوە لە ڕاستییدا مسوڵمانان بنیاتنەری میتۆدی زانستیی توێژینەوەکانی مێژوون، ئەوان یەکەم پێشەنگ بوون کاتێك لە زیهنیاندا بیرۆکەی کات و شوێن چەکەرەی کرد، سەردەمەکانیان پۆلێن کرد، بایەخیان بە بەستنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە دا، کە مێژوونووسەکانی گریك و ڕۆمان پێش ساڵی ١٥٩٧ز، وەکو (باکل) و (مرغلیون) ئەڵێن پێیان نەزانیبوو، هەر وەکو زانا مسوڵمانەکان کاریان بە ئیسناد کردووە، کە بۆ پارێزگاریکردن لە دەق لە گێڕانەوەی فەرموودەدا ڕێبازێکی پیرۆزە، کە زیاتر لە مێژووی سیرەی پێغەمبەر و غەزاکاندا دەردەکەوێت و ئەوان لەسەری ڕۆیشتوون، کاتێك سەردەم دوور کەوتەوە و فەرموودە نووسرایەوە، قسە و شوێنەواری هاوەڵان و شوێنکەوتووان بەدەر کەوتن، ئەوە بوو سەلماندنی سەرچاوە و دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکە بوو بە بەدیلی عەنعەنە، یەعقووبی سەرچاوەکانی و ناوی ڕاوییەکان کە لێیانەوە گێڕاویەتییەوە، لەباتی باسکردنی لە مەتندا لە سەرەتای کتێبەکەیدا: (*تأريخ اليعقوبي*) باس کردووە، مەسعودییش یەکێکی ترە لەوانەی گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی بەبێ سەنەد، یان گەڕانەوە بۆ مەتن ئەنجام داوە، بەڵام ئەو لە پێشەکیی کتیبەکەیدا (مروج الذهب) باسی سەرچاوەکانی لە ڕاوییەکان و نووسەرەکان و مێژوونووسەکان ئەکات، هەروەها وردەکاری لە گێڕانەوەی ئەوانەدا ئەکات کە لێیانی وەرگرتووە، دوای ئەو وردەکارییە، یان وەری ئەگرێت، یان ڕەتی ئەکاتەوە، بەڵکو ئەو هەموو مێژوونووسێك بە ڕاستگۆیی و وردەکاری ڕیوایەتەکەی و میتۆدی لە توێژینەوەدا کێشانە ئەکات، وەکو ئەڵێت: "بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی

کوڕی قوتەیبەی دەینەوەری، لەوانەیە کتێبی زۆرە، نووسینی بەرفراوانە، وەکو ئەو کتێبەی ناونیشانی (کتاب المعارف)ە  هەروەها نووسراوەکانی تریشی، بەڵام مێژووی ئەبوجەعفەری محەمەدی کوڕی جەریری تەبەری، گەورەی نووسراوەکانە و پارسەنگی هەیە بەسەر کتێب و نووسراوەکاندا، هەموو جۆرە هەواڵێکی کۆ کردۆتەوە، هەموو جۆرە وتە بەنرخەکانی لەخۆ گرتووە، هەموو جۆرە زانستێکی تێدایە، ئەوە کتێبێکە زۆر بەکەڵك و بەرهەمدارە، چۆن وا نابێت نووسەر فەقیهی سەردەمی خۆیەتی، خواناسی وڵاتە، سەرچاوەی زانیاریی فوقەهاکانی وڵاتە، هەڵگری سوننەت و ئاکارەکانە، هەروەها مێژووی ئەبوعەبدوڵڵا ئیبراهیمی کوڕی محەمەد ئەلواسیتی نەحوی، ناسراو بە نەفتەوەیە، لە ڕوخساری کتێبەکەیدا تایبەتمەندی بەدی ئەکرێت، سەبارەت بە کەسە پایەدارەکان پڕە لە زانستە بەنرخەکان، نووسینەکانی لە نووسینی خەڵکەکانی سەردەمی جوانترە، نووسراوەکانی بەپێزن، هەروەها محەمەدی کوڕی یەحیای صوڵی، لە کتێبەکەیدا بە ناوی *(الأوراق فی أخبارالخلفاء من بنی العباس وبنی أمیة وشعرائهم ووزرائهم)* هەمان ڕێگەی گرتووە.

هەندێك جار لە پیاهەڵدانی مێژوونووس بەو کەسانەی لێیانەوە نەقڵ ئەکات، بۆ سەلماندنی دروستیی سەرچاوەکانی جۆرێك لە زیادەڕۆیی و ڕۆچوون لە ستاییشی تێدایە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو زیادەڕەوییە لە ستاییش و پیاهەڵدان، بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی ڕیوایەت و بوونی متمانە بە سەرچاوە.

کاتێك مێژوونووس واز لە عەنعەن و ئیسناد ئەهێنێت، ئەوکاتە پێداگری لەسەر سەرچاوە ئەصڵییەکانی وەکو نامەکان، یان بەڵگەنامەکان، یان کتێبەکان ئەکاتەوە، ئەگەر مێژوونووس لە سەردەمی ڕووداوەکاندا بژیێت،

ئەوە توێشووی ئەو بینین و گەڕانیەتی بەدوای ڕاستیی ڕیوایەتەکاندا، وەکو موقریزی[1] کە ساڵی ٨٤٥ك، مردووە لە (خطط)ەکەیدا وای کردووە، ئیبنو تەغری بەردی[2]، کە ساڵی ٨٧٤ مردووە، لە کتێبەکەی (*النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة*)دا وای کردووە، جەلالەدینی سیوتی کە ساڵی ٩١١ك، مردووە، لە کتێبەکەی (*حسن المحاضرة فى أخبار مصر والقاهرة*)دا وای کردووە، ئیبنو ئییاس[3]، کە ساڵی ٩٣٠ك، مردووە کە قوتابییەکی سیوتییە لە کتێبەکەیدا (*بدائع الزهور في وقائع الدهور*)دا مێژووی میسری تا دوو ساڵ پێش مردنی نووسیوە، هەموو ئەوانە لە ڕێگەی بینین و ڕیوایەتی سەردەمەوە زانیارییان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژگاری خۆیان بووە، عەبدوڕەحمانی ئەلجیبرتی لەسەر هەمان ڕێڕەوی ئەوان ڕۆیشتووە، کە ساڵی ١٢٤٠ك/ ١٨٢٠ز مردووە، لە کتێبەکەیدا (*عجائب الآثار في التراجم والأخبار*) و (*مظاهر التقديس بذهاب دولة الفرنسيس*)، مێژوونووسی نەجدیی هاوچەرخ عوسمانی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی بیشر، لە کتیبەکەیدا (*عنوان المجد في تأريخ نجد*)، لەسەر هەمان ڕێڕەوی جیبرتی ڕۆیشتوە.

دابونەریتی ڕۆژهەڵاتی، مێژوو بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئیلهامی سیاسیی پاشا و دەسەڵاتدارەکان دائەنێت، ئەو دابونەریتە لە ئیسلامیشدا بەزیندوویی مایەوە، وتراوە زانستی پاشاکان: زانستی ڕەچەڵەك و خەبەر و باس و پوختەی فیقهە،[4] لە کۆنەوە وتراوە، زانستی ڕەچەڵەك و خەبەر و باس

---

[1] المقريزي، تاج الدين أحمد بن علي، (١٣٦٤ – ١٤٤٢م).

[2] ابن تغرى بردى، أبو المحاسن يوسف (١٤١١ – ١٤٦٩م).

[3] ابن اياس، محمد، بن احمد،(١٤٤٨ – ١٥٢٤م).

[4] ابن حمدون، التذكرة، قسم ٣، المخطوطة،البودليان رقم: Or. Marsh 16(uri319) 80b

لە زانستی پاشاکان و خاوەن دەسەڵاتەکانە، نەفسبەرزەکان بۆی ئەڕوانن، عەقڵکز و لاوازەکانیش ڕێگریی لێ ئەکەن،[1] بەڵکو ڕێکخستن و لەقاڵبدانی مێژوو لە سەدەی حەڤدەی زاینیدا زانستی مێژووی خستە نێو مەرجەکانی خیلافەتەوە، لە (الذخیرة)دا هاتووە: پاشا ئەبێت نووسەر بێت، شارەزای ژیانی پاشا و خەلیفە و سەرۆك و وەزیرەکان بێت، (جان بۆدان)ی فەرەنسی لە سەدەی حەڤدەی زاینیدا، ڕێزی گەورەی بۆ ئەوە دەربڕی کە لە ئیسلامدا مێژوو کراوە بە زانستی پاشاکان، کە ئەڵێت: (نموونەیەکی تازەتر و بەناوبانگتر نییە لە نموونەی سوڵتان سەلیمی گەورەی تورکەکان، باووباپیرانی لەسەر ئەو بنەمایەی (مێژوو درۆیە) هەمیشە خۆیان لێ لا ئەدا، بەڵام لە سەردەمی ئەودا هەرچی کاری قەیسەر هەیە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکەی، توانرا بە هەڵگرتنی جێ پێی ئەو سەرکردەیە زۆربەی ئاسیای بچووك و ئەفریقیا بخرێتە سەر موڵکی پێشینەکانی).

ئاوها ئەبینین شارەزابوون لە مێژوودا، لای مسوڵمانان لە چینە بەرزەکانی کۆمەڵگەوە شۆڕ ئەبێتەوە بۆ هەموو چینەکانی تر لە کارمەندان و زانایان و ئەوانەی ئەیانەوێت پشکیان لە ڕۆشنبیریدا هەبێت، بەڵکو ڕێنمایی سەربازیی مسوڵمان ئەکرا دیرایسەی سیرە و غەزاکانی سەرەتای ئیسلام بکەن، هەندێك جار ئەوەی زانیاری و ئاگاداریی لە مێژوودا هەبووایە ئەبووە هۆی ئەوەی پێگەی بەهێزی لە بەڕێوەبردنی لەشکردا هەبێت، سەرکردەی مسوڵمانی تورکی (بیجەکم) کەسێك بوو خاوەن ڕۆشنبیرییەکی قووڵ نەبوو، بەڵام توانیبووی ئاگاداری گوڵچنێك لە مێژووی تەبەری بێت و باسی بکات.

---

[1] یاقوت، معجم الأدباء، ج ١، ص٩٢. وکذلك: بروکلمان، الملحق ١، ص٢٠٤، باسی ئەوە ئەکات لە جاحیزەوە وەری گرتووە.

# میتۆدی زانستیی نووسینەوەی مێژوو لای سەخاوەی

گومانی تێدا نییە سەخاوی بە نووسینی کتێبی: *الإعلان بالتوبیخ لمن ذم التأریخ*، پەیکەرێکی بایەخداری بۆ زانستی مێژووی ئیسلامی دانا، کتێبەکە ناونیشانەکەی دەری دەخات سیفەتی داکۆکیکردنی لەخۆی گرتووە، نووسراوە بۆ داکۆکیکردن لە خوێندنی مێژوو، بۆ ئەوەی بابەتێکی ڕۆشنبیری یارمەتیدەر بێت لە میتۆدی قوتابخانە ئایینییەکاندا.

(فرانز روزنثال) وای بۆ ئەچێت کتێبەکە لای سەخاوی ڕەنگدانەوەی میتۆدی مێژووییە، ئەو هەرچەند لە تێڕوانینێکی زانستە ئایینییەکانەوە نووسیویەتی، بەڵام کتێبەکە لە هەمان کاتدا نوێنەری میتۆدی کەسێکی دڵگەرم بۆ کۆکردنەوەی زۆرتر دەکات، ئەو نوێنەرایەتی سەردەمێکی گەورە لە کۆتاییهێنان بە بەربەستەکانی بەردەم نووسینەوەی مێژوو دەکات، لە هەمان کاتدا نمایشێکی فراوان و جوانی زانستی مێژووی ئیسلامی دەکات، سەخاوی قەناعەتی بەهێز و پڕبایەخی بەو شتانە هەبووە پەیوەندیی بە فەرمانەکانی پێغەمبەر و شەریعەتەوە هەیە، بۆیە لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا باسی ئەو بابەتانەی کردووە، زمانی نووسەر پێوەی دیارە کە زمانێکی زۆر هونەرییە، لێکدانەوە هونەرییەکانی کە بەکاری هێناوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نووسەر لە زمانی عەرەبی و هاوتاکانیدا دامەزراو بووە.

سەخاوی چەند پێناسەیەکی هەندێك لە زانا مسوڵمانەکانی سەبارەت بە مێژوو هێناوە، لەوانە: قسەی جەوهەرییە کە ئەڵێت: مێژوو پێناسەی کاتە، (توریخ)یش بە هەمان مانایە، ئەوترێت: (أَرَّختُ، وَوَرّختُ)، ڕاڤەی ئەصمەعیش: بەنی تەمیم وتوویانە: (ورّختُ الكتاب تَوريخاً)، قەیس ئەڵێت: (أَرَّختُهُ تَأْريخاً). سەبارەت بە بابەتی مێژوو سەخاوی وتوویەتی: مێژوو

مرۆڤ و كاته، لەبارەی سوودەكانیەوە وتوویەتی: زانینی كارەكانە، وەكو خۆی دیارترین سوودەكانی ئەوەیە: لە دوو هەواڵی دژبەیەكدا نەتوانرێت پێكەوە كۆ بكرێنەوە لەكارخراو (النسخ) ئەزانێت... ئەشڵێت: گەورەیی و قەبەیی و جوامێریی خاوەنەكەی بەسە بەڵگە بێت لەسەر بەرزیی زانستی مێژوو، ئەویش ئەوەیە باڵی كێشاوە بەسەر چیرۆكی پێغەمبەراندا...

ئەبینین مێژووی دابەشی كردووە بۆ:

- چەند چیرۆكێك سەبارەت بە دەركەوتنی پێغەمبەرایەتیی محەمەد و (دروودی خودای لەسەر)، باسكردنی بەڵگەكان لەسەر پەیامەكەی.

- چیرۆكی بەسەرهاتی پێشووەكان، بە مەبەستی شوێنپێهەڵگرتنیان.

- چیرۆكی جێگیركردن و قایمكردنی پێغەمبەر و ڕاگەیاندنی شكۆی پێغەمبەر و شكۆی ئوممەتەكەی.

- چیرۆكی خاوێنكردنەوە و تەمێكردن و پەروەردەكردنی ئوممەتەكەی، وەكو قورئان ئاماژەی پێ داوە: ﴿آيات للسائلين﴾ [يوسف: ٧] .

- چیرۆكی زیندوو ڕاگرتنی باسی پێغەمبەران، بە ئومێدی ئەوەی چاكەكار پاداشتی زۆری دەست كەوێت و خۆی زیاتر ماندوو بكات و ناو و شوێنەوارە باشەكانی بمێنێتەوە.

دەربارەی مەبەست لە زانستی مێژووە سەخاوی ئەڵێت: مەبەست لە شارەزابوون لە زانستی مێژوو ئومێدی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودایە، چونكە ئەو پاداشتی چاكەكاران زایە ناكات، كردارەكانیش بە نیەتن... لەبارەی حوكمی مێژووەوە ئەڵێت: یەك حوكمیان نییە، بەڵكو مێژوو كاتێك لە زنجیرەی ڕاوییەكاندا ببێت بە ڕێگەیەك بۆ لكاندنی خەبەر بە هاوشێوەكانیەوە، زانینی واجب ئەبێت، هەروەها بۆ زانینی لەكارخراو، یان

بۆ زانینی ئەو هۆکارانـەی میراتـبردن و هاوتـاکردنی لـێ ئەکەوێتـەوە، بۆیـە هەندێك لە زانایان ئاشکرایان کردووە مێژوو تەوەری ئەحکامە.

سەبارەت بەوانەی مێژوو بەدناو ئەکەن، ئەڵێت: تێکڕای مێژوونووسان وەکو هەموو نووسەرەکانی تر قسەکانیان وەکو هەویر هەڵاتە و گەنیویی تێدایە، بەختەوەر ئەوەیە هەڵەکانی بژمێردرێت و لە ساتمەکانیدا دەستی بگیرێت، بەڵام ئەو لەوانی تری قبوڵ ناکات مێژوو بەدناو بکەن، بۆیە لەبارەیانەوە ئەڵێت: بەڵام ئەوانەی مێژوو بەدناو ئەکەن، هەندێکیان تایبەتیان کردووە، هەندێکیان گشتاندوویانە، ئەوانەی تایبەتیان کردووە ئەوانەن کتێبەکانیان پڕ کردووە لە باسی ئەو شتانەی پێیان خۆش نییە ئێمە بە حەراممان زانیوە، بۆیە ئەوان تەنها لەو بارەیەوە قسە ئەکەن، هەندێکیان ئەیگشتێنن و بە کەم تەماشای هەموو مێژوو ئەکەن، هەندێکیان هەندێك لە مێژوونووسەکانیان بە کەمتەرخەم زانیوە، هەندێکیان ئەو مێژوونووسانەن لە سەردەکانی دوایدا تەجریحی خەڵکیان کردووە، بەو هۆیەوە ئەوان بە ئەنجامدەری حەرام ناویان بردوون، چونکە تەجریح غەیبەتە و غەیبەتیش حەرامە.

ـسەخاوی کۆمەڵێك مەرجی داناوەکە ئەبێ لە مێژوونووسدا هەبێت، باس لە هەندێکیان ئەکەین:

ـ دادگەری و پاراستنی تەواو، کە ببێتە هۆی چاکئەنجامدان و پشکنین، بەتایبەت لە قسەی ئەوانەی بایەخ ئەدەن بە ژیاننامەی پێغەمبەران (دروودی خودایان لەسەر).

ـ شارەزا بێت لە ڕێگەی نەقڵکردن، بۆ ئەوەی تا دڵنیا نەبێت بڕیار نەدات.

- خۆی بپارێزێت لە دەستبردن بۆ ئەو بەسەرهاتانەی شوورەیین.

- شارەزای توانای خەڵك و بارودۆخ و پێگەی خەڵك بێت، کەسی نزم بەرز نەکاتەوە، بەرز نزم نەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەجوانی فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، جێبەجێ بکات: ((أنزلوا الناس منازلهم))[1].

- جیاوازی بکات لە نێوان پەسەندکراو و نەویستراودا.

- هاوڕێی دیندار و خۆپارێز بکات، بە گومان و مەزندە هەواڵ وەرنەگرێت، چونکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەروەها دوور بێت لە گومانی خراپ.

## بینین و ئامادەبوون[2] لە نووسینەوەی مێژوودا لای زانا مسوڵمانەکان

- کاتێك ئەوەمان ئەخوێندەوە مێژوونووسە مسوڵمانەکان لە چۆنیەتیی نووسینەوەی سیرەی پێغەمبەر و غەزاکاندا، هەڵوێستەمان کرد لەسەر دەستەواژەیەکی شکۆدار، کە سەرەنجت دەخاتە سەر مێژوونووس: محەمەدی کوڕی عومەری واقیدی، ساڵی ٢٠٧ك، مردووە، لەو سەردەمە دوورەوە لە ئێمە و لە کۆتایی سەدەی دووی کۆچی و سەرەتای سەدەی سێیەمدا، دەستەواژەی ئەو مێژوونووسە کە کاروانچییەکان ناوی لەگەڵ خۆیان دەبەن و بەهۆی زانیاری لە غەزا و بەسەرهات و فتووحاتەکاندا خەڵکی دائەبارنە سەریدا، لەبارەی خۆیەوە قسەمان بۆ ئەکات و ئەڵێت: "بە هەرکەسێك لە کوڕانی هاوەڵان و شەهیدەکان، یان یەکێك لە مەوالیەکانیان

---

[1] فەرموودەکە ئەلبانی لە رِیاض الصالحین، بە ژمارە٣٦٠ بە لاوازی داناوە.

[2] ئەگەر (مشاهدة) و (معاينة) پێکەوە هاتن دوو مانای جوودا لە یەك دەبەخشن، ئەو کاتە (مشاهدة) ئامادەبوونی مەیدانی شوێنەکە ئەگەیەنێت، (معاينة)ش ئەوەیە بە چاوی خۆت بیبینیت. وەرگێڕ

گەیشتبێتم، پرسیارم لێ کردوون، لە کەسێکی بنەماڵەی خۆتت بیستووە پێی وتبێتی شوێنی لەکوێیە، لەکوێ کوژراوە؟ ئەگەر پێمی بوتایە، ئەچووم بۆ شوێنەکە تا بە چاوی خۆم بینینم"، وشەی (بە چاوی خۆم بیبینم) ئەمانبات بۆ میتۆدێکی دروست لە میتۆدەکانی نووسینەوەی مێژوو لای مێژوونووسە مسوڵمانەکانی سەرەتا... ئەو تەنها پشت بە پرسیار و هەواڵزانین نابەستێت، بەڵام ئەو لەم هەنگاوە ئاسان و ڕەوانە دوورتر ئەڕوات و ئەچێت بە چاو شوێنەکە ئەیبینێت، ئەچێتە شوێنەکە، دیمەن و شوێنەوار و بەسەرهاتەکە لەسەر زەویی ڕووداوەکە و لەسەر پەڵە ئەصڵییەکەی ئەیبینێت، بە جۆرێك بینین تێکەڵ بەو مەعریفەیە ئەبێت، ڕاستیی مێژوویی ئا لەمە پێك دێت کە بۆی ئەگەڕا، نابێ شاراوەش بێت، ئەبێ ئەرکی چوون و بینین لە بەدواداچوونی بەسەرهاتێکدا چەندێك بێت؟

ئا ئەوە مەسعودییە بەڵگەیەکی تر ئەهێنێتەوە لەسەر سەرنجڕاکێشیی میتۆدی زانستی لای زانا مسوڵمانەکان.

- بۆ نموونە- ئەیبینین لە بەردەم جاحیظی بەناوبانگدا ئەوەستێت - جاحیظ ئەو کەسەیە لە زانست و بەدواداچوون و وردەکاری و پشتبەستن بە بینین - بەڵام مەسعودی لە هەندێك زانیاری و شارەزایی جوگرافیادا موناقەشەی ئەکات، کە جاحیظ باسی کردووە، پشتی بە بینین نەبەستوە و بە خەبەرێکیش پشتڕاستی نەکردووەتەوە، بەڵکو وەکو بابەتێکی بێمشتومڕ و دانپیانراو تۆماری کردووە، مەسعودی ئەڵێت: "عەمری کوڕی جاحیظ گومان وا ئەبات ڕوباری میهران - کە ڕوباری سەندە - لە نیلەوە سەرچاوەی گرتووە."

هەروەها مەسعودی بەردەوام دەبێت لە ڕەخنەگرتنی لە (جاحیظ) و ئەڵێت: "(جاحیظ) تیمساح بە بەڵگە ئەهێنێتەوە، کە ڕووباری میهران سەرچاوەکەی لە نیلەوەیە، نازانم چۆن ئەوەی کردووە بە بەڵگە؟" ئەوەی لە کتێبە وەرگێڕدراوەکەیدا بە ناونیشانی کتێبی *(الأمصار)* باسی کردووە: "کە ئەوە کتێبێکە لە ئەوپەڕی لاوازیدایە، چونکە ئەو پیاوە ڕێگەی دەریای نەگرتۆتە بەر و سەفەری زۆری نەکردووە، شارەزای ڕێگەوبان و شوێنە ئاوەدانییەکان نییە، بەڵکو ئەو دارکۆکەرەوەی شەو بووە، لە کتێبی کۆپیچییەکانەوە زانیارییەکانی وەرگرتووە، ئایا نەیزانیوە ڕووباری میهرانی سەند لە چەند سەرچاوەیەکی بەناوبانگەوە لە سەرووی وڵاتی سەندەوە لە خاکی فتووحەوە، بەرەو مەملەکەتی بورد و خاکی کشمیر و قەفەندار و تافیردا ئەڕوات، تا دەگاتە ولاتی مولتان و لەوێ پێی ئەوترێت ڕووباری میهران؟".

ئەم هێرشە توندە لەسەر جاحیظی زانای فەرهەنگی، مکوڕیی هەندێك مێژوونووسی مسوڵمان لەسەر میتۆدی (بینین و تەنها پشتنەبەستن بە نەقڵ و بیستن) دڵنیا دەکاتەوە، بەڵکو ئەبێ ئەوانە بە ئامادەبوون و بینین دووپات بکرێنەوە. تا ئێستاش ئامادەبوون لە سەرچاوەکانی مێژووی ڕابردوودا چاکەیەکی ئیلهام بەخشە، هەروەها لە مێژووی هاوچەرخیشدا سەرچاوەی خەونەکانە، مێژوونووسی سەردەم: محەمەد عەبدوڵڵا عەنان، کاتی نووسینی فەرهەنگە سەرنجڕاکێشەکەی سەبارەت بە مێژووی ئەندەلووس، بە سەردانی شوێنەوارەکانی ئەندەلووسی کۆن لە ئیسپانیا و مەغریبی عەرەبی تێکەڵکێشی کرد، کاتێك دکتۆر هەیکەل کتێبەکەی (حیاة محمد)ی نووسی، پێی باش بوو بە سەردانی شوێنەکان تەواوی بکات،

سەردانی مەککە و مەدینە و شوێنەکانی پێغەمبەر بابەتی کتێبەکەی (*في منزل الوحي*) بوو، لە چوارچێوەیەکی سەرنجڕاکێش بە وەسفێکی ڕاست لەسەر شانۆی ڕۆژگار، ڕابردوو و ئێستای پێکەوە گرێ داوە، هەر وەکو مێژوونووسی سعودیی هاوچەرخ: حەمەد ئەلجاسر لە مێژووەکەیدا لەسەر ئەو ڕێڕەوە ئەڕوات بۆ پایتەخت و شوێنەوارە کۆن و تازەکان.

لەوانەیە مێژوونووسە مسوڵمانەکان، ئەوانەی لە نووسینەوەی مێژوودا پشتیوانیی ڕێڕەوی (بینین) ئەکەن، چەند کەسێکی کەم بن، یەك نەگرێتەوە لەگەڵ ئەو ژمارە گەورە و زۆرەی مێژوونووسان، ئەوانەی کەلەپووری قەبەیان لە مێژوودا بۆ بەجێ هێشتووین، کە مێژووی ئیسلامی فەخری پێوە دەکات، ئەوانیش پشتیان بە نەقڵ، یان بە گێڕانەوەی مێژوویی بەستووە، کە هەندێك جار تێك ئەگیرێن و دژ بە یەك ئەوەستنەوە، بە جۆرێك تێك ئەگیرێن خوێنەر ئەخەنە سەرگەردانییەکی سەختەوە، نازانێ کام ڕیوایەت وەربگرێت و کامیان واز لێ بێنێت، مەگەر خۆی بە ساغکردنەوە و چاوپێکەوتن و بەراوردکردن لە نێوان دەقێك و دەقێکی تردا و گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەکانی تر، ناڕاستییەکەی بۆ دەرکەوێت، بەڵام ئەم کەمە لە هەوادارانی بینین لە مێژوودا لای مێژوونووسە مسوڵمانەکان نابێ بێزارمان بکەن، بە هەمان شێوە کەمێك لە مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان لە کۆن و تازەدا پشت بە بینین ئەبەستن، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆریان پشت بە کتێب و بەڵگەنامەی پارێزراو دەبەستن، کاتێك بینین گران بێت، یان گران بێت پەنای بۆ بەرن لەمانە ئەڵتەنارتیڤی بینین پێك دێنن، لەبەر ئەمە ئەبینین مێژوونووسی ئینگلیزیی هاوچەرخ، (أ. ل. راوس A.L.Rawes)، بە کتێبەکەی سەبارەت بە سەردەمی ئیلیزابێس، ناوبانگی دەرکردبوو، ئاماژە

بەم ڕاستییە دەكات، كاتێك چەند ساڵێك ئەبێت لە هەندێك لە دانپیانانەكانیدا وتوویەتی: زۆربەی ئەوانەی مێژوونووسن ـوەكو بۆم دەردەكەوێتـ كتێبەكانیان لە وەرگرتن لە كتێبی ئەوانی ترەوە ئەنووسنەوە، بۆیە نامۆ نییە ئەو كتێبانە هەندێك شوێنەواری مردنیان لێ دەركەوێت، هاوشێوەی ئەو نیشانەیەی لەسەر مەڕی نەخۆش دەردەكەوێت، هەر وەكو (وایلد لتیس) لە چەند بۆنەیەكدا تێبینیی كردووە، ئا لێرەوە (ئاسەر ڕاوس) لە نووسینە مێژووییەكانیدا لە نەقلّ دوور دەكەوێتەوە و بینین و گەڕانی پێ چاكترە.[1]

هەر لە میتۆدەكانی توێژینەوەی مێژوویی لای مسوڵمانان. (بەكارهێنانی بەڵگەنامە و هەڵكەندن و دراوە)، لە پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر) وارید بووە، ژمارەیەك نامەی نووسیوە تیایاندا بانگی هەموو قەوارە سیاسییەكانی نێو دوورگەی عەرەبی و دەرەوەی دوورگەی عەرەبیی كردووە، ئەم نامانە هەلیان بۆ مێژوونووسە سەرەتاكان سازاندووە بۆ دەربڕینی پێزانینیان بۆ بەڵگەنامە خاوەن بەها مێژووییەكان، لە كتێبی (أنساب الأشراف)ی بلازەریدا نامەیەكمان چنگ ئەكەوێت، ئەگێڕێتەوە كە عوسمانی كوڕی عەفان نامەی بۆ وەفدە میسرییەكە نووسیوە كە هاتبوونە لای، دووبارە نامەی كەسایەتیی خاوەن پێگەی كەمتریش ئەبینین[2]، بەڵام یەعقووبی بەشێكی تایبەتی لە مێژووەكەی داناوە بۆ نامەكانی پێغەمبەر و

---

[1] محمد عبدالغني حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٣، ٦٤.

[2] البلاذری،أنساب، ج ٥، ص٦٤، ٢٢٢، ومابعدهاجوتین (القدس) ١٩٣٦م.

خەلیفە ڕاشیدەکان، هەروەها ئەو نامانەی لە بەڕێوەبەرە بێگانەکانەوە هاتوون.[١]

کتێبەکانی مێژوو زۆرێك لە بەڵگەنامەکانی دابونەریتی سوڵتانی لەخۆ گرتووە، بەتایبەت ئەوانەی لە جۆری گوتارە ئایینییە زوهدییەکانە، گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان لە لایەن مێژوونووسە مسوڵمانەکانەوە لای (العماد) گەیشتووە بە چڵەپۆپە، کتێبە گەورەکەی (البرق الشامی) بیرەوەریی گەلێکن، بەگوێرەی ساڵەکان ڕێکخراون و بەزۆری لە بەڵگەنامە و پەیام و بڵاوکراوە و هاوشێوەکانیان پێك هاتوون،[٢] ئەوە بەتەواوەتی لە نامە ڕەسمییەکانی وەزیرەکانی دەرەوەی سەردەمی ئێستا، دەچێت، لە نموونەی ئەوانە، (دەقێکی) ئەبو زەکەریای ئەزدییە لەبارەی مێژووی موصڵەوە کە نووسەر باسی ئەوە دەکات، نامەیەکی مەنصووری لەناو کتێبە کۆنەکانی قازی ئەلمەوصیلی حاریسی کوڕی جارود دەست کەوتووە،[٣] نموونەیەکی تر لە بەکارهێنانی (بەڵگەنامەکان) لای زانا مسوڵمانەکان لە نووسینەوەی مێژوودا، ئەوەیە صاڵحی کوڕی یەحیا کاتێك کتێبەکەی (تأریخ بیروت وآل بحتر)ی نووسی، هەستا بە پشکنینی بەڵگەنامەکانی خێزانەکە کە ژمارەیەك لەو بەڵگەنامانەی هێناوە کە لە ڕێگەیانەوە ئەندامانی خێزانی (بەحتەر) لە ژمارەیەك پلە و پۆستدا دانراون،[٤] سابیتی کوڕی سینان، بەڵگەنامەیەکی لە مێژووەکەیدا هێناوە ئەگەڕێتەوە بۆ عەلیی کوڕی عیسای

[١] انظر مثلا: ابن الجوزی، المنتظم،ج ٦، ل٢٩٣، حوادث سنة ٣٢٦ (حيدرابادسنة ١٣٥٧م) .

[٢] يمكن الاطلاع فی هذالشأن orعلی(مخطوطة البودليانBruce 11 admarsh 425).

[٣] مصور القاهرة، التأريخ ١٤٧٥ (كذلك تيمور: تأريخ ٢٣٠٣، ل١٨٧).

[٤] تأريخ بيروت، طبع لويس شيخو، ج٢، ص٥١، بيروت ١٩٢٧.

وەزیر، کە لەو ساڵەدا گرتووخانەکان نەخۆشییان تێدا بڵاو بووبوویەوە، تیایدا فەرمانی کردووە پێویستە ئەو نەخۆشانەی لە گرتووخانەکانی دەوڵەتدان بایەخی پزیشکییان پێ بدرێت.[1]

مسوڵمانەکان شارەزای نووسینی بزماری بوون، وەکو گێڕاویانەتەوە، قورِ کۆنترین کەرەستەی نووسین بووە، شایانی ئاماژەپێکردنە، مێژوونووسە مسوڵمانەکان چەندین هەڵکۆڵینی مێژوویی وردیان بەکار هێناوە، بەتایبەت ئەوەی بە عەرەبی نووسرابێت، باشترین نموونەش ئەوەیە: ئەزرەقی لە نووسینی (أخبار مكة)دا، وێنەی ئەو هەڵکۆڵینانەی لەسەر دیوارەکانی مەککە نووسراون بە ڕاست و تەواوی هێناوە، هەروەها (ئەلفاسی) کە لە سەدەی پازدەدا ژیاوە، ئەویش یەکێکە لەوانەی لە مێژووی مەککەدا نووسینی هەیە، لە چەند سەرچاوەیەکی ئەدەبییەوە چەند هەواڵێکی هێناوە لە چەند گێڕەرەوەیەکی متمانەپێکراو وەریانی گرتووە و خۆیشی چووەتە شوێنەکە، لە سەرچاوەکانی خۆیدا چەند شوێنەوارێکی مەڕمەڕ و بەرد و داری لە شوێنەکانی خۆیاندا هێناوە، کە هەڵکۆڵینیان لەسەرە، مێژوونووسانی وڵاتانی تریش هەن لە وەرگرتنی زانیاری ورددا پشتیان بە هەڵکۆڵین بە زمانی عەرەبی بەستووە، وەکو ئیبنول شیحنە، باسی ئەوەی کردووە، ئەو نووسینانەی لەسەر دەرگای خوێندنگەی زاهیری هەیە، دەریدەخات ئەو خوێندنگەیە وەقفی سەر شافعییەکان و حەنەفییەکانە.

ئەوەی شایەنی باسە لەم مەیدانەدا، کە مەیدانێکە لە مەیدانەکانی توێژینەوەی مێژوویی لای زانا مسوڵمانەکان، هەندێك لە نووسەرانی مێژووی گشتی هەندێك هەڵکۆڵینی عەرەبییان هێناوە، وەکو ئەو نووسراوەی لەسەر

---

[1] انظر: ابن أبی اصیبعة،ط١، ل٢٢١، طبعة موللر – کونفسرنج، القاهرة، ١٨٨٢.

ئەو دوانگەیەی ساڵی (٤٧٠ك/ ١٠٧٨ز) هەڵکۆڵراوە و نێردراوە بۆ مەککە، هەڵکۆڵینی مۆری پاشایەتی و سوڵتانی لەو (بەڵگەنامە هەڵکۆڵراوانەیە) سەرنجی مێژوونووسە مسوڵمانەکانی ڕاکێشاوە، لەوانە (هەیسەمی کوڕی عەدی)، کە کتێبێکی لەسەر (مۆری خەلیفەکان) نووسیووە.

مێژوونووسە مسوڵمانەکان دراویان وەکو سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی مێژوو ناسیووە، خەبەر و باسی دۆزینەوەیان گێڕاوەتەوە، وەکو ئەو چیرۆکەی لە هەواڵی خەلیفەکانەوە، لە سەدەی نۆیەم لە حاریسی کوڕی ئەبی ئوسامەوە ئەیگێڕنەوە، چیرۆکی تریش لەو چیرۆکانەی لە نووسراوی زانا مسوڵمانەکاندا هاتووە.

ئەوەی تێبینی ئەکرێت، مێژوونووسە ئەورووپییە هاوچەرخەکان، مێژوونووسە مسوڵمانەکان بەوە تاوانبار ئەکەن، کە دەرککردنێکی وردیان بۆ ڕووداوە ورد و بچووکە مێژووییەکان هەبووە، بەڵام لە درککردن و گرێدانی کۆی گشتیی ڕووداو و بەسەرهاتەکان پێکەوە لاواز بوون.[١]

لەوانەیە بەکارهێنانی ڕێڕەوی ساڵانە، کە مێژوونووسە مسوڵمانە سەرەتاکان لەسەری ڕۆیشتوون، ڕێگر بووبێت لەوەی ئەوان کۆی گشتیی ڕووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکان پێکەوە گرێ بدەن، ئەمەش تێڕوانینی گشتیی بۆ مێژوو لای ئەوان بۆ جەوهەری مێژوو ون کردووە، تا ئیبنو خەلدوون هات لە پێشەکییە سەرنجڕاکێشەکەیدا تێڕوانینی گشتی بۆ مێژوو دەرخست و درککردنی قووڵی بۆ جەوهەری مێژوو پیشان دا، تەنانەت مێژوونووسە ئەورووپییەکانی سەردەمی تازە بە (شێخی مێژوونووسە مسوڵمانەکان) هەژماریان کردووە، ئەوە تێڕوانینێکە ئەگەر مێژوونووسە

[١] وکذلك، ف. ج. سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨، ٧٧.

مسوڵمانەکانی پێش ئیبنو خەلدوون لێی بێئاگا بووبێتن، بە تەئکید مێژووی ئەورووپییش تا سەردەمی ڕووناکی، یان ئەوەی بە سەردەمی بێداری ناسراوە، لێی بێئاگا بوون.

بەڕاستی لە هەندێك لەم میتۆدانەدا دەلالەتی گەورە دەبینین ـ ئەگەر تاکە دەلالەت نەبێت لەسەر گرنگیی مێژوو، مێژوو وەکو شارل سینوردا (Charles Cinoriod) ئەڵێت: زانست نییە، بەڵکو میتۆدە ـ (Procede Comnaisance) مەبەستی لەمە ئەوەیە، میتۆدی مێژوویی ئوسلووبێکە بۆ دەرخستنی ڕاستی بەسەر کەرەستەی هەر بابەتێکدا بەیەکسانی جێبەجێ دەبێت... بێگومان ئەوە قسەیەکی ڕاستە، تەنانەت لەو مەیدانانەی دوورن لە بایەخی مێژوونووسەوە، بە نموونە وەکو زانستە سرووشتییەکان، ئەبینین توێژەر تیایدا بەهۆی گەڕانی بەشوێن ئەو ڕاستییانەی ئەوانی تر لە ڕابردوودا ئەنجامیان داوە، لەوانەیە هەندێك کات بتوانێت تیشك بخاتە سەر ئەزموونگەلێك سەرلەنوێ دووبارە بکرێتەوە ـ ئەگەر لە دووبارە ئەنجامدانەوەیدا سوودێك هەبێت ـ، یان ئەگەر دوور کەوتبێتەوە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە مەیدانی تردا بەهایەك بدات بە مێژوو، وەکو مەیدانەکانی: زانستی لاهووت، یان جیهانی غەیبی، یاسا، بازرگانی، فەلسەفە، ئەدەب، هونەر، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستی پەرەسەندن، کاورباری پێشینەکان، ئەزموونەکانی ڕابوردوو، ژینگەی مێژوویی، پێوانەییەکانی ڕابردوو، بەراوردکردنی بارودۆخەکان:

ڕەخنەگری ئەڵمانی جوتهولد ئەفرایم لیسینگ، cott hold Ephraim Lessing، نزیکەی دوو سەدە پێش ئێستا وتوویەتی: "ئێمە بەبێ مێژوو لەلایەن کەسانی لەخۆبایی و نەزانەوە هەمیشە لە مەترسیدا

دەبین، وا گومان ئەبەن شتێکی تازەیان دۆزیوەتەوە تا نمایشی بکەن بۆمان[١]، لە کاتێکدا ئەوە ئەوان دۆزیویانەتەوە شتێکە هەزاران ساڵە خەڵکی زانیویانە و قەناعەتیان پێی هەبووە"، بەڵی مێژوو بەردەوام خزمەتمان دەکات، لە هەمانکاتدا بەهۆی پەندوەرگرتن لە ڕووداوەکان، کەمتر ئەهێڵێت بکەوینە هەڵەکانی ڕابردوووە.

بێگومان مێژوو ئەزموونی نووسراوەی گرۆی مرۆڤایەتییە، مرۆڤ ئەتوانێت لە هەر مەیدانێك لە مەیدانەکانی زانستدا سوود لە ئەزموون ببینێت.[٢]

شوێن دەستی ئیبنو خەلدوون بەسەر زانستی مێژووەوە ئەوە بوو، ڕووداوەکانی لە چوارچێوەی بەشێکەوە گواستەوە بۆ چوارچێوە گشتییەکەی، لە نقومبوونی ڕووداوەکان لە خودی خۆیاندا، بردنی بۆ ڕووداو گەلێك لە چوارچێوەی کات و شوێندا، بە جۆرێك خستیەڕوو چەند هۆکارێکی دیاریکراوی سەر زەوی کاریگەرییان لە ڕووداوەکانی کاروانی مرۆڤدا هەیە، هەرچەند ئەو ڕووداوانە دەستکردی خودی مرۆڤە، بەڵام لە سەرووی توانا و ئیدراکی خۆیەوەیەتی، تەنها مێژووزان لە واقیعی ڕوانینیەوە بۆ کاروانی هەمەلایەنەی مێژوو و تێگەیشتنی لە جەوهەری ڕووداوەکان، هەڵئەسێت بە ڕاڤەکردنی ئەو هۆکارانە و پاساویان بۆ دێنێتەوە و ئەسبابەکانی ڕوون ئەکاتەوە، مێژووزان لە کاتی شیکردنەوە و تاوتوێکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا، پاساو و ئەسبابەکانی دەردەخات، ئەو ڕووداو و

---

[١] مەبەستی لەوەیە ئاگایان لە مێژوو نییە هەڵوێستەکانی خۆیان لێ ئەبێت بە ڕاستییەك، وا ئەزانن پێش ئەوان کەس نەیکردووە. وەرگێڕ.

[٢] Flint, R.op. cit, 118- 123.

بەسەرهاتانەی مێژووزان نەیتوانی عیللەت و هۆکارەکانی دەربخات و بیری تیژی نەگەیشتە جەوهەری مێژوو، ئەوە مێژووەکەی هەڵبڕزکاو و بێگیانە.[1]

لەم مەیدانەدا مێژووزانە ڕۆژئاواییەکان، هەموو گەورەیی و ڕێزێك ئەبەخشنە ئیبنو خەلدوون، "نە ئەفلاتون، نە ئەرەستۆ، نە سان ئۆگستین وەکو ڕۆبەرت فلند ئەڵێت ـ مومکین نییە هاوشانی بن، بەڵکو ڕۆژگار پێش دەرکەوتنی فیکۆ لە هیچ پارچەیەکی زەویدا هاوتای نەهێناوەتە دونیاوە، فیکۆش سێ سەدە دوای ئەو دەرکەوتووە، خۆ ئەگەرچی ئیبنو خەلدوون مێژوونووسە مسوڵمانەکان کەرەستەی مێژووییان بۆ فەراهەم هێناوە، بەلام ئەو بەتەنها زانیویەتی چۆن دایڕێژێت و چۆن سوودی لێ ببینێت".

ئەگەر هەرکات مێژووزان خۆی بە ڕاسپێردراو (الوصی) لەسەر کەلەپووری ڕۆشنبیریمان بزانێت، خۆی بە وەرگێڕی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی بزانێت، ئەگەر بەتەنگیەوە بگات بە ئەنجامگەلێك گشتگیری و دروستیی تێدا ڕەنگبداتەوە، ئەگەر بەتەنگەوە بێت ئەو ڕاڤانە بەهێز بکات، کە شیکاریی پەرەسەندنی ڕووداوە هاوچەرخەکان وەکو: شیکاری ئەفکار و نەریت و یاساکان ئەیکەن، ئەو کاتە بەم هەوڵە زیادەیە وەکو مێژووزانێك پێگەی خۆی بەهێز دەکات.

تەنانەت ئەگەر بەتەنگی بە خەرجدانی هەوڵی زیاترەوە نەبوو، لەوانەیە بۆمان هەبێت بە مێژووزانێکی باشی دابنێین، کارەکە هەرچۆنێك بێت، مێژووزان، وەکو زانایەکی کۆمەڵناس، یان زانایەکی مرۆڤناس نابێ دوو کەسایەتیی لێکجوودای هەبێت، چونکە ئاسانە لە یەك کەسدا ئەو دووانە کۆ بکرێنەوە... جێگەی گومان نییە ئەو سوودەی بۆ هەریەك لە لێکۆڵەرەوانی

---

[1] المقدمة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥١٧، ٥١٨.

مرۆڤناسی و زانستی کۆمەڵایەتی ئەگەڕێتەوە، بۆ مێژووزان زۆر زۆرتر ئەبێت ئەگەر لە کەسایەتیدا لێکترازان دروست نەبێت.[1]

مسوڵمانەکان بە میتۆدە ڕەسەنەکانیان لە نووسوینەوەی ژیاننامە و مێژووی ژیاندا تاکن، نووسینەوەی ژیاننامە لە میحرابی مێژوودا یەکەم هەنگاوی مسوڵمان بووە، ئەوە بوو کاتێك دەستیان بە کۆکردنەوەی مێژوو کرد لە نووسینەوەی سیرەی پێغەمبەرەوە دەستیان پێکرد، پاشان لەو مەیدانەدا ڕۆچوون و مێژوویان بۆ ناوداران دانا، هەر وەکو مێژووی شارەکان و ئاوەدانیەکانیان دانا، بەڵام نووسینەوەی سیرە و مێژووی ژیان لای مسوڵمانان بە هاوشێوەی مێژووزانە گریکی و ڕۆمانییەکان، بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان نەگەیشتووە بە ئاستی (بیردۆزەی پاڵەوانیان لە مێژوودا)، لە کاتێکدا گریکەکان و ڕۆمانییەکان، هەموو ڕەوڕەوەی مێژوویان بۆ پاڵەوانەکانیان گێڕاوەتەوە و گۆڕانکارییەکانی مێژوویان داوە بەوان، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پاڵەوان لە مێژووی ئیسلامیدا، جگە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ جووڵەی کات و شوێن، هیچی تر نییە، ئەگەر ئیسلام نەبووایە، ئەگەر پێغەمبەر نەهاتایە، پاڵەوانەکانی وەکو: عومەری کوڕی خەتاب، یان خالیدی کوڕی وەلید و غەیری ئەوانیش لە پاڵەوانانی ئیسلام پلە و پایەیەکیان نەدەبوور، کە لە مێژوودا باس بکرێن.

مێژووزانە مسوڵمانەکان لە سەرەتاوە ـ بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی غەزاکان و سیرە و فتووحاتەکاندا ـ پشتیان بە گێڕانەوە و نەقڵی ڕاوییەك لە ڕاوییەکی ترەوە و یان فەرموودەناسێك لە فەرموودەناسێکەوە بەستبوو، کۆکردنەوەی یەکەم کەرەستەی مێژوویی لای مێژوونووسە سەرەتاییەکانمان، لە ڕێگەی

[1] هرنشو، ف. ج، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨، ٣٩.

گێڕانەوەی دەماودەمەوە بووە، نموونەی ئەم دەستەواژەیە ئەبینین: فڵان قسەی بۆ کردین لە فڵان کەسەوە، یان فڵان کەس هەواڵی پێداین لە فڵان کەسەوە، ئا ئەمەیە گێڕانەوە لە ڕێگەی (سەنەد)، یان لە ڕێگەی (ئیسنادەوە)، تەبەریی مێژوونووس لە نووسینەوەی یەکەم کتێبی لە مێژووی گشتییدا، ئەو ڕێگەیەی بەکار هێناوە، ژمارەیەکی کەم لە مێژوونووسەکانی دوای خۆی چاویان لێکرد، جاری وا هەبووە کۆکردنەوەی کەرەستە مێژووییەکە لە ڕێگەی گێڕانەوەی نووسراوەوە بووە ـ نەك دەمی ـ یان خەبەرێك بووە بە نووسین کۆکراوەتەوە، هەندێکجار ڕاوی لەسەر میزاجی تایبەتی و مکوڕبوونی لەسەر پابەندبوونی بە دەقەوە، دەستکاریی ئەو کەرەستە و ڕیوایەتانە دەکات، کە ڕیوایەتی کردووە، هەندێك کات ئەبینین ڕاوی دەستکاریی وشە و دەستەواژەی کردووە، ئەم جۆرە دەسکاریکردنە لە ڕیوایەتدا بێزیانە، چونکە دەقە ڕیوایەتکراوەکە لە ڕاستییەکەی دوور ناخاتەوە.[1]

لە وەرگرتنی ڕیوایەتدا ئەبێ مێژووزان، زۆر وریا بێت، چاوی لەسەر کەسەکان بێت، شارەزای بەهای خەبەرەکانیان بێت، هەڵوێستیان سەبارەت بە ڕەسەنایەتیی هەواڵ و هەڵبەستن بزانێت. ئەگەر ئیسلام نەبووایە مسوڵمانان ئەو دەسەڵاتە گەورە دامەزراوە و ئەو شارستانیەتە سەرنجڕاکێشەیان نەدەبوو، کە گەورەییەکەی لە ڕۆحی ئیسلام و شەریعەتە لێبوردەکەیەوە وەرگرتووە، ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە ڕاوەستاویی خۆی لە ڕۆحی بیروباوەڕی ئایینیەوە وەرگرتووە، ئەو بیروباوەڕەی ژیانی مسوڵمانانی لەسەر ڕێبازی ڕوونی یەکسانیی نێوان خەڵکی داڕشتووە، کەس لە سەرووی کەسەوە نییە بە لەخواترسان نەبێت: ﴿إن أكرمكم عند الله أتقاكم﴾ [الحجرات:١٣] واتە:

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٥٥، ٧٣.

(بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا، پارێزگارترینتانن) و ((لا فضل لعربي على عجمي إلا بالتقوى))[1]، واتە: (عەرەب لە عەجەم باشتر نییە، بە پارێزگاری و لەخواترسان نەبێت)، پاشان بەدەر لە باو و موعجیزە و بلیمەتی هەڵکەوتوو، کە باڵیان کێشابوو بەسەر هەست و هۆشی مێژووزانە گریك و ڕۆمانییەکاندا لە پاشماوەی کاریگەریی ئەفسانە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوشێوەی ئەم کاریگەرییانە لە فیکری ئیسلامیدا نییە، ئیسلام بەتەواوەتی ژیری لە هەموو کاریگەری ڕابوردوو ئازاد کرد، لە سایەیدا کۆمەڵگەیەك سەریهەڵدا، باوەڕ سنووری بۆ دیاری دەکات و ئەیبات بەڕێوە، کە بەتەواوەتی خاڵییە لە هەڵدان بە شانوباڵی تاکدا، مەگەر بە ئەندازەی کارکردنی لە گوێڕایەڵیی خوادا، ئەوە عومەری کوڕی خەتابە دوای بەیعەتپێدانی لە یەکەم وتاریدا ڕوو ئەکاتە مسوڵمانان و ئەڵێت:

((ئەی خەڵکینە من کەسێکم لە ئێوە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە پێم ناخۆش بوو فەرمانی خەلیفەی خودا بشکێنم، کاروبارتانم نەئەخستە ئەستۆی خۆم))، لە بەسەرهات و مێژووی ئیسلامیدا کەسی بلیمەت مێژوو دروست ناکات، بەڵکو کەسێکە لە چوارچێوەی ئیسلامدا وێنەیەکە نوێنەرایەیتی سەردەم و ژینگەی خۆی ئەکات، بۆیە بلیمەت لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زیاتر نییە، لەو دیاردەیەدا ڕووداوەکانی سەردەم ئاوێتەی بوون، هەر ئەو بۆچوونەشە، کە نووسەرانی بەسەرهات و مێژوویی ژیانی سەردەمی نوێ بۆی ئەچن.

بە تەئکید شارەزایانی ژیاننامە و بەسەرهاتەکان، زانیاری و کەرەسەی نووسینەوەی مێژووییان لە ڕێگەی بیستن و نەقڵی دەماودەمەوە

---

[1] رواه أحمد بن حنبل، في مسند الأنصار، رقم: ٢٢٣٩١ .

وەردەگرن، مێژووزان خەبەروباسی ئەو کەسەی بەسەرهاتی ژیانی بۆ ئەنووسێتەوە، لەمی بیستووە، یان لەو نەقڵی کردووە، هەروەکو مێژوونووس ئیبنو خەلەکان خاوەنی (*وفيات الأعيان*) وایکردووە، کاتێك لە دەمی پیاوانی سەردەمی خۆیەوە نەقڵی کردووە، هەروەکو لە پێش ئەودا، ئەبو عەبدوڵڵای خەشەنی (ت ٣٦١ك)، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: (*قضاة قرطبة*)، کاتێك ژیانی قازیەکانی ئەندەلووسی ئەنووسییەوە وایکردووە، ئەو کە خەبەروباسی ئەو کەسە ئەگێڕێتەوە ژیاننامەکەی ئەنوسێتەوەو ئەڵێت: ( گوێم لە هەندێك ئەهلی زانست بوو ئەیوت)، یان ئەڵێت: ( لەبارەیەوە هەندێك لە برایانم قسەیان بۆ کردم)، مێژوونووس ئیبنو سەعیدی مەغریبی ئەندەلووسی، بەهەمان شێوە گوێی لە زۆرێك لە خەڵکی گرتووە، لەوانە باوکیەتی کە مێژوونووس و ئەدەیب بووە، ئەڵێت:" باوکم هەواڵی پێدام"، جگە لەمە دەستەواژەی تریش هەن.

مێژوونووسانی چین و ژیاننامە سەرەتاکان، ڕێگەی ئیسناد و عەنعەنیان بەکارهێناوە، وەکو ئەوەی لە تەبەقاتی (ئیبنو سەعد)دا، کە ساڵی ٢٣٠ك، مردووە ئەیبینین، لەبەرئەوەی ئەو لەو کەسە یەکەمانەیە لە ژیاننامە و غەزاکان و ناسینی کەسایەتەکاندا نووسراویان هەبووە، لە ئیسنادا لەسەر ڕێبازی فەرموودەناسان ڕۆیشتووە، ئەبو فەرەجی ئەصفەهانیش، کە ساڵی (٣٥٦ك) مردووە، ڕێگەی ئەوی بەکارهێناوە، بەهەمان شێە، خەتیبی بەغدادی ساڵی (٤٦٣ك) مردووە، لە کتێبەکەیدا (*تأريخ بغداد*) چاوی لەو کردووە، بە جۆرێك ژیاننامەی سەدان لە ناودارانی بەغدا و زاناکان و ئەدیبەکانی ئەوێی تێدا نووسیووە، هەروەها ئیبنولجەوزی (ت ٥٩٧ك)، لە کتێبەکەیدا: ( *المنتظم في تأريخ الأمم*) و زەهەبی (ت ٧٤٨ك)، لە کتێبەکەیدا

(*تأريخ الإسلام وطبقات المشاهير والاعلام* ) دا، جگە لەمانەش، کە لەم شوێنە بەرتەسکەدا ناوی هەموویان ناهێنرێت.

پاڵەوان لە چاوی مێژووزانە مسوڵمانەکان و لە چاوی شارەزایانی ژیاننامە و مێژووی ژیانی سەردەمی تازەدا، تەنها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی و ژینگەکەی تێکەڵی بوون، ئەمەش بەرگی پاڵەوانی خودی خۆی لێدائەڕنێت، مێژووزانە مسوڵمانەکان و نوێخوازەکان، وەکو مسوڵمانان، یەك ڕوانینیان بۆ پاڵەوان هەیە و شێوەی پاڵەوانی کۆنیان لێ داڕنیووە، بەجۆرێك وێنەی کەسی پاڵەوانیان وا ناساندووە جێدەستی لە مێژووی ئوممەتەکەی، یان مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی دەربکەوێت، بەتەئکید پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر)، وێنەیەکی بەرزی نموونەی مرۆڤایەتی بوو، شوێنەوارگەلێکی لەسەر لاپەڕەی مێژوو جێهێشتووە لەوەوپێش کەس نەیهێناوە و کەسی تریش پێی ناگاتەوە، تەنانەت (میشێل هارت)، نووسەری کتێبی (*المأة الخالدون*)[1] داینیاوە بە ( یەکەم و کۆتا، کە ناوی بە نەمری لەسەر لاپەڕەی مێژوو ئەمێنێنەوە).

لەگەڵ ئەوەی پەیامی هەبوو ڕێزی پێغەمبەرایەتی لێنرابوو ئەیوت: "ما أنا إلا ابن امرأة من مكة تأكل القديد"،[2] واتە: (من تەنها کوڕی ئافرەتێکم لە مەککە، کە گۆشتی تیلماسکی وشکەوە بووی ئەخوارد)،

لەم نموونەیەوە مێژوونووسە مسوڵمانەکان، نووسینەوەی ژیاننامە و مێژووی کەسایەتییەکانیان وەرگرتووە، گەورەیی و فەڕ و چاکە، بەکەڵك گەیاندنە بەخەڵکی و سوود پێگەیاندنیانە لە ژیانیاندا.

---

[1] Hatt, Michael H.THE 100: ARemembaruno of the most in flumential Petsonsin History 15.

[2] قال الحاكم :هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ، ولم يخرجاه.

یەعقوبی مێژووزان تەنها نییە لە خۆدەربازکردن لە پەیڕەوکردنی ئیسناد و عەنعەن و ڕوواتەکان، لە نێویشیاندا مێژووزان مەسعودی خاوەنی کتێبی (*مروج الذهب*)، کە ساڵی ٣٤٦ك، مردووە، لە باسکردنی خەبەر و ڕووداوەکاندا ئەڕوات بەبێ ئەوەی باسی سەنەدەکان، یان ڕوواتەکان بکات، دەقە مێژووییەکە ئەهێنێت وەکو بەسەرخۆی هاتبێت، ئەویش لە پێشەکی کتێبەکەیدا، وەکو یەعقوبی کردووە لە پێشەکی کتێبی (*مروج الذهب*)دا، باسی هەواڵزان و مێژووزان و نووسەرەکانی کردووە، کە لێیانەوە نەقڵی کردووە، یان سودمەندبووە لێیان، بەڵام لە هێنانی خەبەر و باسەکاندا، لە مەتنی کتێبەکەیدا ناوی نەبردوون.

مێژووزانە مسوڵمانەکان لە نووسەرانی مێژووی ژیان و ژیاننامەکان، پەنایان بردۆتە بەر ڕێگەی پەیوەندیی شەخصی و نزیکی لەو کەسانەی مێژووی ژیانیان ئەنووسنەوە، هەروەها چاوخستنەسەر جموجوڵەکانیان، وەکو مێژووەکەی ئیبنو شەدادی مێژوونووس (ت ٦٣٢ك)، کاتێك کتێبەکەی سەبارەت بە ژیاننامەی سەلاحەدینی ئەیوبی نووسی، یان وەکو مێژووی ژیانی ئەلعەتەبی مێژوونووس، (ت ٤٢٧ك)، کاتێك لەسەر سوڵتان مەحمودی غەزنەوی، لە کتێبە ناسراوەکەی بە (*الیمنی*)نوسی، یان وەکو ژیاننامەکەی وەزیر لیسادینی کوڕی ئەلخەتیب، (ت ٧٧٩ك) کە لەسەر سوڵتان محەمەدی کوڕی یوسف پاشای غەرناتە لە ئەندەلووس نووسی.

مسوڵمانە سیرە نووسەکان پێشتر لەسەر گێڕانەوەی سەنەد و عەنعەن ڕۆیشتوون، ئەوانیش وەکو نووسەرانی مێژووی گشتی وازیان لێهێناوە، بەڵام ئەوان لە کاتی نووسینی ڕووداوەکانی ژیاننامە و ژیانی خاوەنەکەی، لەو ڕوواتانەیان وەرئەگرت، کە زۆر نزیکن لە خاوەنی مێژوویی ژیانەکەوە، خۆ

ئەگەر لەکاتێکدا هاوسەردەم بونایە زۆربەی کات نووسەری ژیاننامە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خاوەنی ژیاننامەکەوە هەبووە، جاری وا هەبووە ژیاننامەنووس، ئەگەر لەو پەیوەندییە ڕازی بوایە ستایشی کردووە، جاری واش هەبووە خاوەنی مێژوو تووڕە و بێزاری کردووە زەمی کردووە، هەروەکو ئیبنو حەییانی تەوحیدی لەگەڵ هەردوو وەزیر ئیبنولعەمید و صاحیبی کوڕی عیباددا لە کتێبی (*مثالب الوزيرين*)دا کردوویەتی.

(سیوتی) باسی ژێدەر و سەرچاوەکانی لە پێشەکی کتێبە بەناوبانگەکەیدا: (*حسن المحاضرة في أخبار مصر والقاهرة*)دا کردووە.

لە نمایشی ئەم قسانەدا ئاماژە بە موقریزی مێژووزان و ئەوانی تریش دەکەین، کە لە (ت٨٤٥ك)، خاوەنی کتێبی: (*السلوك في دول الملوك*)ە، کە موقریزی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا:( *الخطط*) سێ ڕێگەی متمانەپێکراوی لە خەبەر و باسدا بەکارهێناوە، کە ئەمانەن: گێڕانەوەی دەماودەم لە کەسەکانەوە، گێڕانەوەی نووسراو وەکو نەقڵکردن لە کتێب و سەرچاوە، بینین و ئامادەبوون، کە ئەمەیان بۆ کتێبێکی وەکو (*الخطط*) زۆر پێویستە، کە زۆرێك لە شوێنەواری میسر و دیمەنەکانی لەخۆگرتووە.

لە سەردەمی کۆکردنەوە هیچ کامێك لە مێژووزانە مسوڵمانەکان، لە پێشەکی نووسراوەکانیاندا وازیان لە باسکردنی سەرچاوە و ئەو کتێبانە نەهێناوە بۆی گەڕاونەتەوە، ئیمامی زەهەبی (ت ٧٤٨ك)، لە پێشەکی کتێبەکەیدا: (*تأريخ الاسلام*) ئەمەی کردووە، هەروەکو مێژووزانی میسری ئیبنو حەجەر (ت٨٥٢ك)، لە پێشەکی کتێبەکەیدا:( *الدرر الكامنة في أعيان المأة الثامنة*)دا وایکردووە، ئیبنو عیمادی حەنبەلی (ت١٠٨٩ك)، لە پێشەکی کتێبە ناسراوەکەیدا: (*شذرات الذهب في أخبار من ذهب*)دا وایکردووە.

مێژووزانە هاوچەرخەکان وایان پێ چاکە، سەرچاوە و ژێدەر لە شوێنێکی تایبەت لە سەرەتای کتێبەکە، یان لە کۆتاییەکەیدا جێگیر بکرێت، هەروەکو هەندێکیان بۆ ئەوە ئەچن، سەرچاوەی هەموو بابەتێك لە بابەتەکانی کتێبەکە لە کۆتایی ئەو بابەتەدا باسبکرێت، کە ئەمە لاساییکردنەوەی بێگانەیە، مێژوونووسەکانمان لەوانەوە وەریان گرتووە.

ژیاننامە شوێنێکی بەپیت بووە بۆ چیرۆکە میللییەکانی وەکو ژیاننامەی عەنتەرە[1]، بەسەرهاتی سەیفی کوڕی ذی یەزن، ژیاننامەی بەیبەرس، ژیاننامەی بەنی هیلال، تا ئەو چیرۆکە میللییە پڕ بوو بێت لە ئەندێشە و پەلاماردانی دەستەویەخە، بایی ئەوەندە مێژووەکەی بۆنخۆش و پڕ لە تام و چێژ کردووە، ئێستا مێژووی ئیسلامی ماوەتەوە مێژووزانانی ژیاننامە باوەشیان بە شانازیەکانیدا کردووە، هەروەکو چیرۆکزان و گۆرانی بێژ و سروودبێژەکان دەستیان پێوە گرتووە، بەردەوام ئەندێشەی شاعیرەکان بەرەو پانوپۆڕی هۆنراوە ئەفڕێنێت، هەروەکو لە شانۆگەرییەکانی ئەحمەد شەوقی و عەزیز ئەبازەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئێستاش ئەندێشەی ڕوواتەکان بڵێسەی جوانترین چیرۆك تیایاندا چەخماخە ئەدات و مێژوونووسەکان هەڵئەگرێت بەرەو چەندین ئاسۆی تازەی بلیمەتی و پاڵەوانێتی ئیسلامی.[(٢)]

[1] عەنتەرەی کوڕی شەدادی عەبسی، (٥٢٥ ـ ٦٠٨ ز ) بەناوباگترین شاعیری عەرەب و سوارچاکێکی بێوینە بووە.(وەرگێڕ)

[2] د. حسن فوزي النجارة، التأريخ عند العرب، مجلة الفيصل، سنة ١٩٨٠، ص٢٥.

# بیردۆزەی مێژووزانین لای کافیجی

(کافیجی)[1] وای بۆ ئەچێت مێژوو لە زمانەوانیدا پێناسەی: کاتە، ئەو لە (نەریت و زاراوەدا) دیاریکردنی کاتە، بۆ ئەوەی بەرەهایی زەمان و ماوە بدرێتە پاڵی، جا زەمان و ماوەی، ڕابوردوو بێت، یان ئێستا بێت، یان داهاتوو بێت، یان ئەو پێناسەی کاتە، کاتێك بدرێتە پاڵ ڕووداوێکی مەترسیداری وەکو لافاو و بۆران، یان بوومەلەرزەیەکی گەورە و هاوشێوەی ئەمانە لە ڕووداوە سرووشتییەکان.

ئەو وای بۆ ئەچێت، مێژووزانی لە گرنگترین زانستە سوودبەخشەکانە، کە سوود و سەیروسەمەرەکانی ناژمێررێت، ئەو (دەریای گەوهەر و مرواریییە، سوودەکانی چوارچێوە و سنووریان نییە، سەیروسەمەرەکانی دەسەڵات و شکۆی تێدایە، لەوێدا گەیشتن بە گەورەیی حەق و خاوەنی گەورەیی و جەبەروتی تێدایە)،[2] میتۆدەکەی کافیجی لە نووسینەوەی مێژوودا بە ڕوونی لە کتێبەکەیدا: (*المختصر فی علم التأریخ*)دا دەردەکەوێت، بەجۆرێك لە میتۆدێکی چڕۆك ئامێزدا، بەبایەخەوە دەمەتەقێی بیردۆزەی مێژووی ڕوونکردنەوە[3]، ڕاستییەکەی ئەو کتێبە شایەنی ڕێزلێگرتنە، چونکە (بیردۆزەی زانستی مێژوو) لای ئێمە لەلایەك وەکو کۆنترین نامەی ئیسلامی ناسراوە، لەلایەکی تریش لەبەر ڕەسەنایەتی ڕێبازەکەی، مێژوونووسان وای

---

[1] ئەو، موحیەدین، محەمەد کوڕی سولەیمانی، کافیجیە، خەڵکی کوکچاکییە لە ئەنادۆڵ، ساڵی ٧٨٨ك/ ١٣٨٦ز، لەدایکبووە، ساڵی ٨٧٩ك/ ١٤٧٤ز، مردووە، انظر: بروکلمان، ج١، ص١٣٤، ١٣٨، وكذلك: فرانز روزنثال، المرجع السابق، ص٣١٨.

[2] مخطوطة كافيجي، المختصر في علم التأريخ، القاهرة ـ تأريخ، ٥٢٨، ج٥، ص١٤٥.

[3] فرانز روزنثال، المرجع السابق، ص٣١٩.

بۆ ئەچن، ئەگەر ئەو کتێبە نەبوایە مومکین نەبوو: ( *الاعلان بالتوبيخ)ی* سەخاویی دەربکەوتایە.

سەبارەت بە بنچینەی مێژووزانی و بابەتەکانی، کافیجی ئەڵێت: "ئەڵێم هەبوو(الموجود)، یان قەدیمە، یان پەیدا بووە، یان نە قەدیمە، نە پەیداش بووە، لێرەدا مەبەستێکمان نییە پێوەی بەسترا بێت، قەدیم خودا و سیفەتەکانییەتی، زانستی ئایینناسی (علم الكلام)، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە لە زاتی بەدیهێنەر و ناوە بەرز و پیرۆزەکان و سیفەتەکانی خودا، هەروەها ئەوەیش پەیوەندی بە زاتی خودا و سیفاتەکانییەوە هەیە، مێژووزان بۆی نییە، لێرەدا دەست بۆ شیکردنەوەیان بەرێت، چونکە شوێنی ئەو زانستی ئایینناسییە، هەر وەکو بۆی نییە، دەستبەرێت بۆ بابەتەکانی فیقهـ و ئوصوڵ و باقیی زانستەکانی تر، چونکە ئەوانە لە دەرەوەی مەبەستی ئەوەوەن، بەڵێ بۆی هەیە، ئەگەر پێویست بوو لە ڕووی پێناسە و کات دیاریکردنەوە دەستیان بۆ بەرێت، لەبەر ئەوەی پەیدا بوو یان ئاسمانییە، یان زەمینییە".

(کافیجی) دەستی بردووە بۆ گەورەیی زانست و زانایان و بایەخ پێدانی قورئان و سوونەت پێیان، کە وتوویەتی: کیتاب و سونەت و وتە بەنرخەکان و بەڵگەی عەقڵ نیشانەن لەسەر پایەبەرزی هەڵگرانی زانست، بەڵام کیتاب وتەی خودای بەرز و پیرۆزە: ﴿شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لآ إِلَهَ إِلآ هُوَ وَالْمَلآئِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ﴾ [آل عمران: ١٨] . واتە: (خودا بۆ خۆی ئاگادارە هیچ پەرستراوێك نییە ئەو نەبێ، فریشتەکان و زانایانیش شایەتی ئەدەن)، خودا بە خۆی دەستی پێکردووە، فریشتەکانی کردووەتە دووەم، زانایانی کردووە بە سێیەم، ئەمەش بەسە بۆ بەرزی پێگە و گەورەیی و شکۆی زانا، خودا

ئەفـــەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾. [فـــاطر: ٢٨] . واتـــە: (بەڕاستی لەناو بەندەکانی خودادا، تەنها زانایان (وەکو پێویست) لـە خـودا دەترسن). هەروەها ئەفەرموێت: ﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ [طه: ١١٤] . واتـە: ( ئـەی پـەروەردگاری مـن، گەشـە بـە زانسـتم بـدە)، لـە سوننەتیشـدا فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر): ((مـن یـرد الله بـە خـیراً یوفقهە في الدین، وإنما العلم بالتعلم))[١]، واتە: "کەسێك خـودا ویسـتی خێـری پێی هەبێت، شـارەزای ئـەکات لـە دینـدا، فێربـوونی زانسـتیش بـە هـەوڵ و کۆشش دەست ئەکەوێت"، لە قسەی ناودارانیش عـەلیی (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) ئـەڵێت: "العلـم خـیر مـن المـال"[٢]، واتـە: (زانسـت لـە مـاڵ وسـامان چاکترە)، بەڵگەی عەقڵیش زانست زەرور و پێویستە، هەر شتێك زەرور بـوو شەرەف و گەورەیی هەیە،

کافیجی لە مەنهەجەکەیدا ئەڵێت: "مێژوو بێنیازی لێ ناکرێت، پێویستە بایەخ بە پێگەی بدرێت، بنووسرێتەوە و نەقڵ بکرێت، بەڵام نەك چۆن ڕێکەوت، بەڵکو بە گوێرەی ئەو ڕێگایانەی باسکراون لە دیاریکردنی پێنج بنەماکە))[٣].

---

[١]صحیح البخاری، رقم:٧١، ومسلم، رقم: ١٠٣٧.

٢ أخرجه أبو نعیم في الحلیة (٨٠/١)، والخطیبُ البغدادي في الفقیه والمتفقه (١٨٢/١ – ١٨٣ رقـم ١٧٦).

[٣] کەمێك پێشتر، باسی ئوصول و بنەماکانی مێژووی کرد. وەرگێڕ.

# بەشی شەشەم

# ڕێڕەوە تازەکان لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا

مێژووزانی بایەخێکی بەپێزی بە زانستەکانی تری وەکو ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونزانی داوە، ئەویش بە شێوەیەکی گشتی بە پیادەکردنی زۆرێك لە شێوازە هونەری و هەندێك لە چەمکەکانی، کە ئەمەش گۆڕانکاریی قەبەی بەدوای خۆیدا هێناوە و دەنگدانەوەی باشی بووە، نەك تەنها لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی تاك و نووسینی زانستیدا، بەڵکو هەنگاوی ناوە بۆ بوارەکانی تری توێژینەوەی زانستیی گشتگیر.[١]

بۆ نموونە بیرۆکەی بنەڕەتیی مێژووزانی لای هێگڵ[٢]، بریتییە لە زنجیرەیەك لە گەشەسەندنی هەستکردن بە ئازادی، مێژوو لە پێشدا هەستکردنە بە ئازادیی شاراوەیی لە ناخدا، یان چوونە دۆخی(کمون)[٣] دوور لە دەربڕین، یان لێکدانەوەی ئازادی لە ناخدا تا دەگاتە هەستکردن بە خودی ئازادی لە دەوڵەتدا، ئەویش ـ بە ڕای ئەو ـ ئەو سیستەمە سیاسییە بەکردەیی ئازادی بەرجەستە ئەکات. ئەو لە شیکاری فەلسەفەی مێژووەوە ئەگاتە ئەوەی بڵێ مێژووی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی بەندایەتی و کۆیلایەتی بووە. بەدڵنیاییەوە پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی، واتە پێشکەوتنی ئازادی.[٤]

---

[1] Carr, E. H. OP. Cit, 100 – 103.

[٢] د. ف. ف. هیغل، محاضرات في فلسفة التأريخ، ترجمة: د. امام عةبدالفتاح امـام، الجـزء الاول، ص٦٥.

[٣] کەموون، بە شتێك ئـەوترێت لـە پێشچـاو نییـە، لـە دەروونناسـیدا گەشـەکردنی کەسـێتییە لـە تەمەنی منداڵیدا، لای هێگڵیش بەو هەستە ئەوترێت لە نـاخی کۆمەڵگـەدا درووسـت بـووە، بـەڵام پێی نەناوەتە قۆناغی کارپێکردن لە سیستەم و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. وەرگێڕ.

[4] G.W.F. Hegel: The Philosophy of Righteng. Trans by: T.M. Knox, 11.

هیگڵ باوەڕیوایە هەر سەردەمێك دێت پێشکەوتووترە لەو سەردەمەی پێش خۆی... لەسەر ئەم باوەڕەی هیگڵ، ئەبێ ئەو شارستانیەتەی پێکهاتەیەکی گشتییە (COMPIEXWHOIE) لە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئاكار، یاسا، نەریتەکان، ئەبێ شارستانیەتێکی لەو پێشکەوتووتری بەدوادا بێت، ئەبێ ـ لەو حاڵەتەدا ـ شێوازی ژیان و ڕێگەی بیرکردنەوە، هونەر، ئاداب، ئایین، تەنانەت ئامڕازەکانی ڕابواردن و کاتبەسەربردنیشیان بەرەو باشتر بچێت.

ـ ئایا ئەمە بەسەر واقیعدا جێبەجێ دەبێت؟

بە تەبیعەت نەخێر... ئەوەی تێبینی ئەکرێت، تۆمارگەکانی مێژوو زۆرانبازییەکی بەهێز و دژوەستانمان ئەداتێ بەرامبەر بەو (گریمانەیە)ی هیگڵ لەخۆی گرتووە، کە ئەوەش ئەنجامێکی سرووشتییە بۆ ئەو ڕێڕەوە دیالیکتیکییەی هیگڵ ئەچێتەوە سەری... لێرەدا گەشەکردنێکی یەکپارچەیی بەبێ ئەملاولا، کە شوێن یەك سیستەمی سرووشتی بکەوێت و بکرێت لە گەلێکەوە بگوازرێتەوە بۆ گەلێکی تر لەم جیهانەدا بوونی نییە.

گەشەی شارستانی ((لەسەر یەك هێڵ ناڕوات، یان لە یەك شوێن کەڵەکە نەبووە، بەڵکو هەندێك کات زنجیرەیەك بەرزبوونەوە بەخۆوە ئەبینێت)) بە هێڵی بەیانیی خواروخێچ ئەچێت، کە بەردەوام بوونی زۆر ناخایەنێت.[١]

فەلسەفەی هیگڵ، کە مارکس زۆر خۆی بە قەرزاری ئەزانێت، ئەکرێت بەم شێوەیە پێناسەی بۆ بکرێت: (تێکەڵەیەکە لە هاودژەکان) ئەو وای بۆ ئەچێت هەموو سەردەمێك، یان ماوەیەکی بنەڕەتی لە مێژووی

---

[١] عبدالحمید صدیقی، تفسیر التأریخ، ترجمە: کاظم الجوادی، ص٥٧٣، عن:
Ginsberg: Sociogy: 45.

شارستانیەتی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی یەکەیەکی سەربەخۆ ئەبینێت، دیمەنی سیاسی، ئابووری، ئاکار، کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، جوانییەکان، عەقڵی، ئایینی، هەموویان لایەنێك، یان چەند گۆشەیەکی کۆمەڵگەی زیندوون، (LIVI TOTALITY) لە هەموو ئەمانە پێکەوە، قەوارەیەکی لێکچوو پێك دێت.

هیگڵ وای بۆ ئەچێت ڕێڕەوی ژیان (الصیرورة)، نەدراوەتە دەست ڕێککەوت و هۆکارە لابەلاکان، بەڵکو هێزێك لە پشتیەوەیەتی... بۆچوونەکانی هیگڵ بوون بەهۆی سەرهەڵدانی توندترین ڕێڕەوە فاشییە[1] تۆقێنەرەکان لە جیهاندا، کەسانێك دەرکەوتن بەفیزەوە بانگەشەی ئەوە بکەن: کام وڵات زۆر مەدەنیترە، دوژمنکارانەترە.

بەمە ڕوون ئەبێتەوە، مێژووی تازە هۆشیارییەکی گشتی دروستکردووە، کە (چەمکی یادەوەرییەکانی مێژوویی ئەبێ خۆی فراوان بکات، تا جێگەی چالاکیی هەموو گرۆی مرۆڤایەتیی تێدا ببێتەوە، بەبێ تایبەتکردنی بە مێژووی پاشا و پلەبەرزە ئایینی و جەنراڵ و باڵیۆزەکان).

لێرەدا پرسیارێك سەر دەردەهێنێت، ئەویش ئەوەیە: چۆن مێژوو قەرزی زانستی ئابووری، زانستی سەرژمێری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی دەداتەوە؟

---

[1] ئامانجی بزاڤە فاشییەکان، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەیە بە جۆرێك، ڕێکبکەوێت لەگەڵ باوەڕی فاشیەتدا، کە گرنگترین هێماکانی فاشیەت: بە گەورە تەماشاکردنی دەوڵەت، خۆشەویستیی زیاد لە ئەندازەی سەرۆك، دەمارگیریی زۆری نیشتمانی، سەربازی، فاشی بەزۆر دەستگرتن بەسەر گەلانی تردا بە ڕێگەیەکی بووژانەوە ئەزانێت، گەلە بەهێزەکان مافیانە دەست بگرن بەسەر لاوازەکاندا، ئیتاڵیا یەکەم وڵات بوو لەسەر فاشیەت دامەزرا. وەرگێڕ

وەڵام ئەوەیە: مێژوو هێشتا قەرزاری ئەو زانستانەیە لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان: جۆری کەرەستەی مێژوویی خزمەت بە ئامانجی زانایانی زانستەکانی تر ناکات، لەبەر ئەوەی ئەوان نەیانتوانیوە، هەرچەند کەرەستەی مێژوو کەرەستەیەکی تازەیە بۆ خزمەتی ئەو زانستانە بەکاریان بێنن (بە هەڵاوارنێکی سادەی وەکو پەیوەندیی هاملتون / کینس نەبێت)[١].

دووەم: ئەبێ بەویژدانەوە باسی بکەین، زانایانی ئابووری و کۆمەڵناس و ...هتد، وەکو پێویست بەدەر لە هەندێك جوگرافیاناسەکان، بایەخیان بەوە نەداوە زانایانی مێژوو ئەیلێن.

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە پێویستە لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییە بکەین، ئەبێ لە نێوان زانستی مێژوو و لە لایەك و زانیارییەکانی بواری لێکۆڵینەوە لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە لایەکی ترەوە، ئەکرێت هەبێ.

هەموو لەسەر ئەوە ڕێکن مێژووزانەکان تێڕوانینیان گۆڕیوە، وای ئەبینن لەگەڵ بایەخدان بە ڕابردووی دوور، دووبارە ئەبێ بایەخ بە ئێستاش بدرێت، ئێستا ئابووریزانەکان ئەم بۆچوونە پیادە ئەکەن، کە بەیەکگەیشتنی نێوان هەردوو جموجووڵەکە واتە ئێستا و ڕابردوو ماوەی هاوکاری کردەیی و بنیاتنەری لە نێوان هەردووکیاندا کردۆتەوە، ناکرێت ئەو بەشدارییە گەورەیەی مێژوونووسەکان بۆ بیردۆزەی نرخ و بیردۆزەی دراو و خولانەوەی بازرگانی بینیویانە پشتگوێ بخەین، پێویستمان بە باسکردنی ئەو ڕۆڵە نییە

---

[١] هاملتون، توانیتی گەشە بە بیردۆزە ئابورییەکەی گینس بدات و بۆ بەهێزکردنی ئەو بیردۆزەیە، کەڵك لە زانستەکانی تر، وەربگرێت. وەرگێڕ.

لێکۆڵینەوەکانی (أز ج. هاملتون) لە پەرەسەندنی بیردۆزەی گینسدا بینیوپەتی.[1]

بەهۆی ئەو پاڵنەرانەی لایان دروست بووە، مێژوونووسەکان کاردانەوەی پۆزەتیف و نێگەتیڤیان بەرانبەر بیری ئابووری هەبووە، کە یەکەم بناغەی ئەو پاڵنەرانەش بە (پاڵنەری داتا و چەندێتی) دەستی پێ کرد[2]، بەمەش ئەو زنجیرە مێژووییە ماوە درێژە پێکهات، کە لە کۆی گشتیدا چاك بووە، هەندێکیان جێگەی مشتومڕن، بەڵام خاوەن ئەنجامێکی باش بوون، تاکە نەنگییەك هەبووبێت ئەو وەستانە بوو لەگەڵ کۆتایی سەدەی هەژدەدا تووشی مێژوونووسەکان هات، کە کارێکی کرد نەیانتوانی فریای ئەو عەمبارە زانیارییە کەڵەکەبووەی ناو کتێبە سەرژمێرییەساڵانەکان بکەون، کە لە سەدەی نۆزدەوە دەستی بە دەرچوون کردبوو.

ئەمە و سوودبینین لەو ئاڵقە ماوەدرێژانە هەر تایبەت نەبوو بەو ئابووریزانانەوە، بەڵکو سوودەکەی گەڕایەوە سەر خودی مێژوونووسەکان، کە لەژێر ڕووناکییەکەیدا دەستیان بە نووسینەوەی مێژوو کرد و شێوازەکەیان تازە کردەوە.[3]

---

[1] ئابووریزانی بریتانی: جون مینارد کینز، شیکارییەکی سەرکەوتوی بۆ گرانی و داتەپینی ئابووری دانا، ئەویش بەوە ئەگات بە ئەنجام ئەبێ حکومەت دەخالەت لە چارەسەردا بکات و سنوور بۆ بێئیشی و زۆریی گەشەسەندنی دانیشتووان دابنێت، هەمووی نەسپێرێت بە کەرتی تایبەت. وەرگێڕ.

[2] مەبەستی ئەوەیە زانست بەگشتی بەتایبەت مێژوو ئابووری پێی نایە قۆناغی داتاوە، ئەمەش سوودی بە زانستەکان گەیاندووە بەتایبەت هەردوو زانستی ناوبراو. وەرگێڕ.

[3] Ibid, 108 – 110.

با یەکەمجار ئەوە دیاری بکەین چەندێك سوود لە کەرەستەی چەندیەتی بینراوە، کە مێژوونووسەکان لەو چەند ساڵە کەمەی ڕابردوودا جێیان هێشتووە،  لێرەدا بۆ نموونە باسی کرێ و نرخەکان ئەکەین، کە بە ئێستاشەوە بەرۆکی بە مێژوونووسانی گرتووە، لە ڕاستییدا کرێ و نرخ بوون بە پاڵنەرێك بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەرکی ژیانی خێزان و جۆری ئەو کەلوپەلانەی ئەیکڕن و پاشان لێکۆڵینەوە بکرێت، خێزانێك چەندی پێویستە، پاشان بەراورد بکرێت بەو گۆڕانکارییانەی لە بودجەی خێزاندا پەیدا ئەبێت، بە شێوەیەك ئەم داتایانە ڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە هەڵسەنگاندنی ئاستی ژیان و هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی کۆمەڵایەتی،  ئەم شێوە میتۆدکارییە لە زۆر شوێنی جیهاندا لەبەر خاتری جێبەجێکردنی شێوازێکی ئاڵۆزتر پشتگوێخراوە، لە هەمانکاتدا، ئەو شێوازە ئاڵۆزە لە بواری کرێ و نرخ و دراو و دانیشتوواندا، لە پۆلێنکردنی ئاڵقە مێژووییە درێژخایەنەکان و پەیوەندیی بە بودجەی خێزانەوە ئاسانتر زانیاری ئەدەن بەدەستەوە.

گرفتی دووەم، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی پێمانەوە هەیە، کاریگەرە جۆرییەکانە، یان (چۆنییەکان)ە، کە ئەبێ لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت، هەرچەندە دیوی دەرەوەی خەڵەتێنەرە، بەڵام لایەنی چۆنیەتیی سەرچاوە و بایەخەکەی چییە؟ لە کاتی پێناسەیەکدا تا چەندێك پشتی پێدەبەسترێت؟ ئەو هەموارکردنەوەیە کامەیە تێکهەڵکێشی بکەین بۆ گرەنتیی سوودبینین لەو زانیارییانە؟

بەڕاستی مێژووزان ڕۆڵێکی ناوازە و پێویستیان لەم بوارەدا هەیە، بە جۆرێك هەر ئەوان ئەتوانن کارگەی بابەتی بۆ ئەم سەرچاوانە دیاری بکەن.

له سەرووی هەموو ئەمانەوە، ئەوانن ئەتوانن ئەو بازنە گشتییە دیاری بکەن، کە بە چاکی و تەواوی لە جێبەجێکردنی سەرچاوە چەندێتییەکاندا (المصادرالكمية) پشتیوان ئەبێت، ئەویش بە سوودبینین لە هەڵە کارپێکراوەکان، کە لە نێوان (١٨٢٠ و ١٩٢٠)دا ئەنجامدرا.

ئەمە یارمەتیی مێژوونووسان دەدات زاڵ بن بەسەر ئەم لایەنەدا، نەك تەنها بەهۆی شارەزاییە وردەکانیان لە ڕاپۆرتەکاندا و بەس، بەڵکو هەروەها بەهۆی هەستی ڕەخنەییان و شێوازی بەدواداچوون و سەرچاوەکان و توانایان لە دیاریکردن و لادانی ئەو تێکەڵە و تەمومژەی چواردەوری ئەو سەرچاوانەیان داوە.

مێژوونووسان لە کۆتاییدا پەنایان بردووە بۆ ئەگەری بەکارهێنانی بەراوردکردنی مێژوو، یان بەراوردکردنی هەر ڕێگەیەکی تر، بەڵام ئەم ڕێڕەوە هەرچەندە لەگەڵ زانستەکانی تردا واقیعیەتی خۆی سەلماندووە، لە هەمانکاتدا، لە کاتی جێبەجێکردنی بەسەر مێژوودا ڕووبەڕووی دژواری و ڕەقییەك ئەبێتەوە، ئەویش کاتێك قورس و گران ئەبێت بەراوردکردنەکە لە هەندێك شتدا بێت، کە بە سرووشتی خۆی گەردنکەچی بەراوردکردن نابێت، چۆن بەراورد لە نێوان چەند هەڵوێستێکی لێکجوودا ئەکرێت؟ ڕاستیی کێشەکە لە دۆزینەوەی لەیەکچوونەکان، یان جیاوازییەکانیاندا نییە، کە عادەتەن خەڵەتێنەرە، تا ئاستێکی گەورەش ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێوازی توێژەرەوە، بەڵکو خۆی لە دیاریکردنی هێڵە پانەکانی گەشەکردن لە بواری توێژینەوەی زانستیدا مەلاس ئەدات، شێوازی بەراورد لە قۆناغە ناوەندییەکانی توێژینەوەدا، هەندێك کات ڕاست دەرئەچێت، بەڵام وەکو ئامانجێکی بنەڕەتی باوەڕی پێ ناکرێت و بەها لەدەستدەدات.

هیگڵ لە نووسینەکانی (*فەلسەفەی مێژوودا*) ویستی بیکاتە لێکۆڵینەوەی میتۆدەکانی توێژینەوە، مەبەستم: (ئەو ئاماژانەیە ئەکرێت مێژووی پێ بنووسرێتەوە، هەروەها چۆنیەتیی دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان و دەرخستنی ئەوەی تا چەندێك ڕووداوەکان ڕاست دەردەچن، هەروەها مشتومڕی بیرۆکەی بابەتی بوون لە مێژوودا).

ئەمە کتومت ئەکرێت بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە میتۆدی مێژوودا ناو ببرێت.

هیگڵ وای بۆ ئەچێت چوونەخوارەوە بە مێژوودا و پاککردنەوە و لابردنی چرچی و لۆچییەکانی، ئەکرێت ناونیشانی ئازادیی ژیریی پێ ببەخشرێت، تەماشای وتەکەی بکە: (بێ چەندوچوون ژیری گەورەی جیهانە، مێژووی جیهان لەو سۆنگەیەوە پرۆسەیەکی ژیریمان پێ ئەبەخشێت)، یان ئەڵێت: (مێژووی جیهان تەنها بەرەوپێشچوونی هەستکردنە بە ئازادی)، هەروەها ئەڵێت: (مێژووی جیهان لەگەڵ هەموو ئەو دیمەنە گۆڕاوانەی لە خۆیەوە ئاڵاندووە، ڕووداوەکانی ساڵانە کە پێی ئەوترێت (ڕووداوی ساڵ annals) (ئەوە تەنها پرۆسەی گۆڕانکاری و پیشاندانی ناخە، ئەو نماییش و گۆڕانکارییە خراپەکانی تیا دەرئەکەوێت، پاساوێکی ڕاستە بۆ پیشاندانی دادگەریی خودا لە جیهاندا).

پرۆفیسۆر ج. ب. گۆتش ساڵی ١٩١٣ز، ئەوەی تێبینی کردبوو کە: (لە کاتێکدا ئەبینین سەرکەوتنەکانی مێژووزانی هەموو لایەکی گرتۆتەوە، بەڵام فەلسەفەی مێژوو بەسستی هەنگاو بەرەو دواوە ئەنێت) بەڵکو لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە بە جۆرێك پشتگوێخراوە، هیچ کەرەستەیەکی تر بەو شێوەیە پشتگوێنەخراوە، لەوانەیە هەندێك وێنەی تازەی فەلسەفەی مێژوو

ببێت بە پاساوێك بۆ ئەو ڕێڕەوەی مێژووزانەكان، كە بەرامبەر بە فەلسەفەی مێژوو گرتوویانەتەبەر، هەر هەمان هەڵوێستیش لەگەڵ (فەلسەفە) (سروشتییە) تازەكاندا هەبووە، كە ئەویش لەلایەن زانا نوێیەكانەوە بە چاوێكی كەم تەماشا ئەكرا، بەڵام فەلسەفەی سروشتی چەند فەلسەفەیەكی زانستیی ڕەخنەگری تازە، بە هەمان شێوە، چەند فەلسەفەیەكی ڕەخنەگر لە مێژوودا پەرەی سەند و جێگەی گرتەوە، لە سەردەمی ڕابوردوودا، كە ساڵی ١٨٨٠ دەكات، مێژووزانی ئەڵمانی ئەرنست برەنهایم لە كتێبەكەیدا (*البحث التأريخي وفلسفة التأريخ*)دا ( History Research the Philosophy of History)، سكاڵای لەو لێكبێزارییە ناسروشتییەی نێوان ئەو دوو بابەتە كرد، دوو ڕێگەی بەكار هێنا بۆ ئەوەی هاوكاریی لە نێوانیاندا دروست بكات، ئەو دوو ڕێگەیەش: یەكەم: ڕەخنەگرتن لە هەموو بەناو فەلسەفەكانی مێژوو، دووەمیشان: بە شێوەیەكی بنیاتنەرانە ئاماژەی بە ئەركی فەلسەفەی مێژوو كرد، كە ئەبێ فەلسەفەی مێژوویی لەسەر بنچینەی توێژینەوەی مێژوویی و میتۆدە مێژووییەكان چۆن بێت، فەلسەفە مێژووییە پێشووەكانی لە دوو كۆمەڵەدا پۆلێنكرد:

١ـ فەلسەفەی میسالی. ٢ـ فەلسەفەی سروشتی.

لێرەدا جێگەی ئاماژەپێدانە، لەم سی ساڵەی كۆتاییدا، نزیكیی نێوان مێژوو و زانستەكانی تری وەكو مرۆڤناسی، زیندەوەرزانی، ماتماتیكی بەخۆیەوە بینیوە، بێگومان ئەتوانین تەنانەت پێش ئەو ماوەیەش لێرەدا پەیوەندیی نێوان ئەم زانستانە و بەتایبەت نێوان ماتماتیك و مێژوو بدۆزینەوە... گومانی زاڵ ئەوەیە پەیوەندیی نێوان مێژوو و زانستەكانی تر

له ماوەی سیساڵی ڕابوردوودا ڕیتمی تازەی وەرگرت، بە جۆرێك لۆژیك زاڵ بوو بەسەر شێوازدا، چەمکەکان بەسەر ڕێڕەوەکانی وەرگرتندا.

با بە درێژی بەدواداچوونێك بۆ ئەو پەیوەندییانەدا بکەین، با هەرێمی (ئەندین) بە نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوندیی نێوان مێژوو و مرۆڤزانی وەرگرین. چۆن ئەکرێت پێش لکاندنی بە ئیسپانیاوە سیستەمی هەرێمەکە بزانرێت؟ وەڵامی باش و گونجاو، جگە لە پشتبەستن بە چەند بنەمایەکی مێژوویی هیچ پاڵپشتێکی تر نییە. هەندێکیان سیستەمەکە بە سیستەمی سۆسیالیستی ناو دەبەن، هەندێکی تر بە دەرەبەگایەتی ناوی دەبەن و.... هتد.

ئەم بابەتە بوو بە جێگەی مقۆمقۆیەکی دووروودرێژ، هەتا جۆن موروا لە ڕێگەی زانستی ڕەگەزناسییەوە گەیشتە ئەوەی هەرێمی (ئەندین) پابەندی سیستەمی (ئاڵوگۆڕ و بنەمای دابەشکردنی داهات) بووە، ئەمە تێهەڵکێشکردنێکی سەرکەوتووە لە نێوان مێژوو و مرۆڤناسیدا.

لەگەڵ بوونی بەربەستی کات و شوێن لە جێبەجێکردنی ئەم زانستەدا، بەڵام ئەبێتە نموونەیەکی باش بۆ دیاریکردنی کۆمەڵێك دیاردە، کە جاری وا هەیە بەتەنها چاوی مێژووزان، یان مرۆڤناس ئەگەر بەجیاجیا کار بکەن نایبینێت. بەپوختی کاتێك مێژوو و مرۆڤناسی پێکەوە ئەبەستینەوە لۆژیك زاڵ ئەبێت، کاتێکیش ئەمە ئەبێت ئەتوانین جارێکی تر دەقە کۆنەکان بخوێنینەوە، لەو کاتەدا دەم لە نهێنییەکانی بکوترێت، هەر وەکو ئەتوانین لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی مەیدانی بکەین و ڕاڤەی دۆزینەوەی شوێنەوار بکرێت و بە ئەنجامی شیکاریی تازەوە دەربچین.

گۆڕانكاریی دووەم: پەیوەندیی مێژووە بە ژمارەوە، لێرەدا خەیاڵ بۆ ئەو پەیوەندییە چەندێتییە ئەچێت، كە خۆی لە سەرژمێرییەكاندا ئەبینێتەوە، بەڵام ئەوە مەبەست نییە، بەڵكو لە مێژووی ئابووریی سەردەمدا  مەبەست لێی بەكارهێنانی زانستی ژمارەیە، ئەوەش لەسەر ئامڕازی حاسیبەی ئەلیكترۆنی نەوەستاوە، یان ئەو ئەنجامانەی لەو ڕێگەیەوە دەستدەكەوێت، بەڵكو گرنگترین شتێك ئەو قوتابخانە فیكرییە پێشكەشی ئەكات ئەوەیە، ڕەگەزێكی تازەمان پیٚ ئەناسێنێت، ئەویش (بەدیلەكانە)، دۆخەكە چۆن ئەبێت ئەگەر شێوازێكی جیاواز بۆ ڕووداوەكە هەڵبژێردرێت... تەنها لەم دەرگایەوە گرنگیی ئەم زانستە دەست دەكەوێت.

# بۆچوونی ماددیی بۆ مێژوو

(مارکس) باوەڕیوایە هۆشیاریی مێژوویی کۆن، یاسای بنەڕەتیی مێژوویی پشتگوێخستووە، پەیوەندیی خەڵکی بە سرووشتەوە لە گۆڕ ناوە، بەمەش جۆرێك لە دژایەتی لە نێوان سرووشت و مێژوودا دروستکردووە، وەلامیش ئەوەیە باوەڕ و ئەندێشە و ئەفکار ... هتد، ڕێڕەوی مێژوو دیاری دەکەن.

سرووشتییە فەیلەسووفێکی عەقڵ ماتماتیکیی وەکو (ئەلفەرد نورس وایتهید) دۆلکەی خۆی لە ڕاڤەکردنی دیاردەی شارستانیدا شۆڕ بکاتەوە، هەروەها فەیلەسووفێکی تر لە تەنیشتیدا دەربکەوێت ئەویش: (ئەرنست کاسیرەر)ە، دووبارە ئەویش بایەخی بە زانستی ماتماتیك داوە و (بە ژمارە) لێکۆڵینەوەی لە کێشەکانی مرۆڤ کردووە، یەکەمیان کتێبی: (*مغامرات الأفكار*)[1]ی داناوە، دووەمیان کتێبێکی بە ناونیشانی: (*مقال في الإنسان*)ی داناوە.[2]

(وایتهید) وای ئەبینێت شارستانیەت چەمکێکی هەیە، واتە: ئاشکرابوون، عەرەب زوو وتوویانە: (ئاڵۆزترین کێشە ڕوونکردنەوەی ئاشکراکانە)... پێناسەی شارستانیەتیش وەکو وایتهید بۆی چووە، یەکێکە لەو گرفتانەی هەتا مرۆڤ دەست بۆ پێناسە و ڕوونکردنەوەی هێماکان بەرێت ئاڵۆزتر دەبێت، لێرەدا (کاسیرەر) دێت بە بەکارهێنانی (ڕێگەیەکی ماتماتیکی) چارەسەری ئەو ئاڵۆزییە ئەکات. دیاردەی شارستانی، یان

---

[1] الفرد نورث وايتهيد، مغامرات الأفكار، ترجمة انيس زكى حسن، نشر فى بيروت. ، سنة ١٩٦٠ .

[2] ارنست كاسيرر، مقال في الإنسان، ترجمة: الدكتور احسان عباس، تحت اسم: مدخل إلى فلسفة الحضارة، بيروت،سنة ١٩٦٠م.

هاوشێوەکانی، یان لایەنەکانی، لە ئەفسانە، ئایین، زمان، هونەر، مێژوو، زانست، ئەگێڕێتەوە بۆ (هێماکان)، هەوڵی داوە (یەکەیەکی) بۆ بدۆزێتەوە و کۆی بکاتەوە و پێکەوە گرێیان بدات، تا بگات بە ئەنجامێك، بۆیە وتوویەتی: "فەلسەفەی شارستانی بەوە دەست پێدەکات، وای دادەنێت جیهانی شارستانیی مرۆڤایەتی کۆمەڵێك ڕاستیی بەرچاوی لێکدوور نییە، هەروەها فەلسەفە هەوڵی تێگەیشتنی ئەو ڕاستییانە ئەدات و وای دادەنێت سیستەمێکی پێکەوەگرێدراوی جەستەییە." پاشان ئەڵێت: "لەوانەیە بە تێڕوانینی ئەزموونی، یان مێژوویی وا دەرکەوێت لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئاقاری ئەزموونی و مێژووییداین، کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەس بێت، بۆیە ئەمەش وای کردووە بایەخ بە فراوانکردنی ژیانی مرۆڤایەتی بدەین و وێڵ بین بەدوای لێکۆڵینەوەی چەند دیاردەیەکی دیاری جۆراوجۆری دەوڵەمەندی چێژبەخش، چێژ لە ژمارەی ڕەنگەکان و ئاوازە جیاوازەکانی سرووشتی مرۆڤایەتی وەربگرین، بەڵام شیکاری فەلسەفی ئەرکێکی جیاوازتر لەمە بۆ خۆی دائەنێت."

بەڵام (وایتهید) ئەڵێت: "بیری مرۆڤ هێزی پاڵنەریانە، بەتەواوەتی وەکو ئەو گەردیلانە وایە لە لاشەیاندا هەیە، مرۆڤەکان بەهێزە هۆشیار و ناهۆشیارەکان پاڵئەنرێن." هەروەها (ئارنۆڵد توینبی) وای بۆ ئەچێت مرۆڤ کاتێك شتێك لە مێژوو دەزانێت و قووڵ ئەبێتەوە لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانیدا، (بۆچوونێکی تایبەتی) لێدەست ئەکەوێت، دەستکەوتنی ئەو بۆچوونە لە توانای کەسانی سەرەتاییدا نییە دەستی پێی بگات، یان تێیدا

ڕۆ بچێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤی سەرەتایی ئەو ئامڕازانەی نەبووە یارمەتی بدات بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، ئەویش مێژووە.[1]

لە کاتێکدا، (مارکس) خۆی خاوەنی بیرۆکەی مادەگەرایی بوو، ڕەونەق و درەوشاوەیی زانستە سرووشتییەکانیش زیاتر هاندەری بوون، لە کاتێکدا، خودی مارکس وای بۆئەچوو مرۆڤ تەنها (ئامڕازێکە،) بۆیە هەوڵی ئەدا یاسا کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوەی یاسا سرووشتییەکان دابڕێژێت، گومانی تێدا نییە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ڕاستییەکانی شێواندووە، لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئامانجێك لە مێشکیدا بوو، ئەویش ئەوە بوو بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان بیسەلمێنێت کە هەر شێوازی بەرهەمهێنانە لە ژیانی مادیدا یارمەتیی سرووشتی گشتی ئەدات بۆ ڕێگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆحی، مرۆڤەکەی مارکس بەتەواوەتی داڕنراوە لە ویستی ئازادیی خۆی، تاکە پاڵنەری کارەکانیشی بە دەستخستنی ئامڕازەکانی حەسانەوەی ماددییە، بنچینەی ڕاستەقینەش ڕێگەی دەستخستنی ئەو ئاسوودەییەش ئەو بنچینەیە کۆشکی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتیی لەسەر هەڵئەچنێت، بۆیە کاتێك بنچینەکە ئەگۆڕێت، گۆڕانکارییەکی تەواوەتی لەو کۆشکەدا ڕوو ئەدات، بۆیە هەر ئامڕازەکانی وەبەرهێنان دادوەری بڕیاربەدەستی ڕاستەقینەیە و چارەنووسی مرۆڤایەتی دیاری ئەکات، ئەنجامی سرووشتی ئەمەش ئەوەیە، ئێمە ناچارین دان بەوەدا بنێین تەنها (کۆمەڵ) تاکە ڕاستییە، سەربەخۆبوونی تاکەکان تەنها بەهەڵەداچوونێکە و بەس،[2] مارکس ئەڵێت: "شێوازی دیالێکتێکی من تەنها شێوازێکی جیاواز نییە لە شێوازی

---

[1] عبداللطيف شرارة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٢.

[2] عبدالحميد صديق، تفسير التأريخ، ص٩٢، ٩٣.

هیگڵ، بەڵکو بەتەواوەتی پێچەوانەیەتی، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بیرکردنەوە و تێفکرین لای هیگڵ دروستکەری ڕاستەقینەی جیهانە، لای ئەو جیهانی ڕاستەقینەش تەنها ئەو وێنە دەرەکییە کە فیکرە بڕیاری لەسەر ئەدات، بەڵام من وای ئەبینم فیکری لە پێشینە نییە، بەڵکو دوای ئەوەی زەینی مرۆڤ ئەو وێنە مادییەی بینیویەتی هەڵی ئەگێڕێتەوە جارێکی تر لە وێنەی ئەفکاردا پێکی ئەهێنێتەوە و نماییشی ئەکات، بۆیە فیکرە تەنها جیهانێکی مادییە،"[1] ئەم بۆچوونە لای کەسێکی وەکو مارکس نامۆ نییە، چونکە ئەو لە ئاسۆی جیهاندا لە سەردەمێکدا دەرکەوت وای ئەڕوانی دەستکەوتن و چنگخستنی مادده تاکە ئامانجی ژیانە. ئەو کاتە شێوەی بیرکردنەوەی قبوڵ لای خەڵکی وای لێهاتبوو ئەبوو بیرکردنەوەی ورد لە بەڕێوەبردندا، وەکو یاساکانی زانستی سرووشتی وا بێت، کە دیاردە سرووشتییەکان بەڕێوە ئەبات، ئەمەش بیرکردنەوە لە ئاکار و ویژدانی خستبووە دواوە.[2]

مارکس ڕەخنەی لە تێڕوانینی میسالییانە بۆ مێژوو گرتووە، چونکە ئەو تێڕوانینە شتێکی بایەخدار ناخاتە سەر واقیع، تەنانەت نایخاتە سەر بەرژەوەندییە سیاسییەکانیش، ئەو پشتی بە ئەفکارە دیارە بەرچاوەکان بەستووە، کە هەندێکیان هەندێکیان ئەخۆن و لە کۆتاییدا لە گۆشەی خوددا خۆیان حەشار ئەدەن، بەڵام ئەوەی پێی ئەوترێت بابەتی بوونی مێژوو، ئەوە وەکو مارکس بۆی ئەچێت پەیوەندییە مێژووییەکان تیایدا لەو چالاکییانە جوودا ئەبێتەوە، کە تابیعە کۆنەپەرستی و غەیرە مادییەکان ڕاڤەی ئەکات.[3]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٨٨،ص ٨٩.

[2] د. عمادالدین خلیل، المرجع السابق، ص٤٩.

[3] فالیری الکسندر و فتش، التأریخ المبکر، سنه ١٩٧٧، مترجم، ص٢١، ص٢٥.

مارکسی لینینی له یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا، کارئاسانییان بۆ بنچینەکانی ئایدۆلۆژی و بیردۆزەیی و میتۆدی زانستی مێژوو کردووە، کە دەوڵەت لەسەر ئەو ئەساسە دامەزرابوو... تێگەیشتنی مادەگەرایی بۆ مێژوو لەسەر بیرۆکەیەکی گشتی وەستاوە، کە وای ئەبینێت مێژووی جیهان یەك پرۆسەی یەکگرتووە، بەگوێرەی یاسای سرووشتی پەرە ئەسەنێت، بۆیە لە شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی نزمەوە ئەگوازرێتەوە بۆ شێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی بەرز، واتە بۆ شیوعیەت... بەو هێزەی لەم بیردۆزە گشتگیرە جیهانییەوە بۆ پرۆسەی مێژوو بەدەستهاتووە نووسراوی مێژوونووسەکانی سۆڤیەت جێگەی باس و ئاماژەن و ڕۆڵی بەرچاویان بووە، لەبەر هەردوو هۆکاری مەودافرەوانی و هەمەجۆریی زانستییان، زانا سۆڤیەتییەکان بە جۆرێك هەوڵەکانیان هەموو قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەگشتی، هەروەها وڵات و کیشوەرەکانی گۆی زەوی کە لەسەری ئەژین گرتۆتەوە... مێژووزانە سۆڤیەتییەکان پێداگری لەسەر لێکۆڵینەوەی دیاردە هەستپێکراوەکانی پرۆسەی مێژوویی ئەکەن، هەروەها پێداگری لەسەر شیکاریی ئەو یاسایانە ئەکەن بڕیاری پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان بەدەستە، وەکو ئەبینین شیکاری لەو گۆڕانکارییە یەك لەدوای یەکانەدا ئەکەن دێن بەسەر پەیکەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، هەر وەکو پێداگری ئەکەن لەسەر توانای جەماوەر لەسەر داهێنان و ڕۆڵیان لە دروستکردنی شوێنەواری بەرچاودا، کە ئەم هەنگاوانە بەڵگەن لەسەر ڕۆشنبیریی مادی و ڕوحییان.[١]

[١] هەمان سەرچاوە، لا ٢٨، ٤٣.

## پوختەی بیردۆزی مادی بۆ مێژوو
## وەکو لە قسەکانی خودی مارکسدا هاتووە:

(ڕێگەکانی بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی ماددی بە شێوەیەکی گشتی، ڕێڕەوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆحی ژیان ڕادێنێت)،[١] (ئینگلین)یش نووسیویەتی: "بەرزترین و یەکەم داوا لە مێژووی هەموو مرۆڤایەتییدا ئەوەیە چەند مرۆڤێکی زیندوو هەبن"، کە سرووشتیان پێداگیری لەسەر بارودۆخێکی مادی ئەکات واز ناهێنن تا بەرهەمیان بۆ دیاری ئەکات، بۆیان دیاری دەکات چی بەرهەم دەهێنن، چۆن بەرهەمی دەهێنن، بەرهەم شێوەی تێکەڵی و پەیوەندیی نێوان تاکەکان دیاری ئەکات، لەوێدا بۆ هەموو مێژوویەك بۆ تێرکردنی پێداویستییە فیزیکییەکان مەرجێکی جەوهەری هەیە، ئەویش بەرهەمهێنانە، هەر وەکو هەموو پێداویستییەکی مێژوویی لە هەموو بیردۆزەیەکدا ئەخوازێت ئاوڕ لە هەموو ناوەرۆك و بایەخی ئەو ڕاستییە بدرێتەوە. ئەنجامی هەرچۆنێك بێت، خەڵکی مێژووی تایبەتیی خۆیان دروست ئەکەن، هەموو کەسێك بەدوای ئەو ئامانجانەوەیە حەزی لێ ئەکات، ئەوەی کتومت مێژوو پێك دێنێت ئەنجامی

---

[١] واتە تەنها ئامانجی مادی، کارتێکەر و هەڵسوڕێنەری ژیانە و پوختەی قسەکانی مارکس و ئینگلیس، ئەوەیە: هەموو ئەو دیاردە ڕۆحیانەی وەکو:سەرهەڵدانی ئایینەکان بە خودی پێغەمبەرانیشەوە، یان قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکان، یان پێکدادانە شارستانییەکان، هەموویان، بە هۆکاری مادی لە مێژوودا، سەریان هەڵداوە و پاڵنەرەکەیان، تەنها مادە بووە. وەرگێڕ.

ئەو ویستە مادییە زۆرانەیە لە ڕێڕەوە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکات و کاریگەریی هەمەجۆرەیان لەسەر جیهانی دەرەوە هەیە.[1]

پێش هەموو شتێك بیردۆزەکە پەڕگیرە، بە ئەندازەیەکی زۆریش پەڕگیریی تێدایە... ئەو وای بۆ ئەچێت هەمیشە کۆمەڵێك یاسای ناوەکیی شاراوە کار لە مێژوودا ئەکات... ئەو یاسایانەش بەناچاری لە کۆتاییدا ئابوورییە، ئەو بیردۆزەیەش بەمە باوەڕی بەوە هەیە کە پێی ئەوترێت ناچاری مێژوویی (الحتمية التأريخية).

بیردۆزەکە وای بۆ دەچێت کلیلی پێویست بۆ تێگەیشتن لە مێژوو تەنها لە گەشەسەندنی مێژوویی کاردایە، لەسەر ئەو بنچینەیەی (پرۆسە مێژووییەکان) شتێکن دەربازبوون لێیان نییە، هەموو ئەو مێژووەی تا ئێستا لەسەر زەوی ـلە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا ـ هەبووە، ئەوانە بەتەنها مێژووی خەباتی چینایەتییە.

بیردۆزی (بۆچوونی ماددی بۆ مێژوو) لای مارکس و ئینگلیز، کاتێك ڕووی ناشیرینی خۆی دەرخست ئەوە بوو دانی بە هیچ (خوایەکدا) نەدەنا! نە بە ناونیشانی درووستکەرێك لە مێژوودا، نە بە ناونیشانی بەڕێوەبردن و ئاگالێبوون! ئەم بیردۆزە لە نیشانە دوور لە ڕاستی و لادانەکانی ئەوەیە: هەر ئایینێك پێچرابێت بە باوەڕبوون بە خوداوە، بە بێسەروبەرە و دوور لە ڕاستیی دائەنێت! وای بۆ ئەچێت ئایین ـلە مێژوودا ـ ئامرازێکە کەمایەتییەکان پیادەیان کردووە بۆ چەوساندنەوەی زۆرینەکان و بۆ خەریککردنی زۆرینەیەك... کە بەتەمای پاداشتی باش و بەختەوەریی ژیانی

---

[1] آلبان، ج. ويدجرى، التأريخ وكيف يفسرونه، ترجمة عبدالعزيز توفيق جاويد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص١٨٨.

دواڕۆژن. ئەم بیردۆزەیە لەناوبەری هەرچی بەهای ڕۆحییە لەسەر زەویدا کە ئەڵێت: (کەمایەتییەك) دەستیان بەسەر دەسەڵاتی زەویدا گرتووە، چێژ لە خێروبێری زەوی وەردەگرن، کە بە ڕەنجی شانی زۆرینە بەرهەم دێت، ئەوان بۆ چێژ و ڕابواردنەکانی خۆیان بەکاری دێنن!

بیردۆزەکە لەسەر دەستی مولحیدێکی وەکو: (میخائیل باکونین) ١٨١٤/ ١٨٧٦ز، لە کتێبەکەیدا (*الله والدولة*)دا ئەگاتە چڵەپۆپەی گومڕایی کە ئەڵێت: "لەبەر خاتری پێشکەوتنی ئازادیی مرۆڤایەتی ئەبێ باوەڕبوون بە خودا تووڕ بدەین!"

پاشان بیردۆزەکە لای فەیلەسووفی فەرەنسی: ئۆگست کۆنت چەند ڕەهەندێکی مەترسیدار وەردەگرێت کە وتی باڵادەستیی ڕێڕەوی زانستی ئەزموونکراو لە مێژوودا، وای کردووە زانست خەریك نەبێت بە ئەندێشەکانی لاهوتیی و غەیبە بێخەوشەکانەوە، بەڵکو ئەبێ خەریکی ڕاستییەکان بێت واتە: بە ژینگە فیزیاییەکانی خەڵکەوە، پاشان لە کتێبەکەیدا: (*مبدأ التلقين في الدين الوضعي*) ئەمەی نووسی:

"گومانی تێدا نییە مرۆڤایەتیی خۆی لە شوێنی (خودا)دا ئەنێت، بەبێ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی خۆی لەبیر بکات." دوایی کۆنتی مولحید بیرۆکەی (خودای) تووڕ دا، چونکە ئەوە لە باوەڕی ئەودا خەیاڵە، پاشان دائەبەزێتە سەر هەموو بەها ڕۆحییەکان و دووپاتی دەکاتەوە فڕێدانی هەموو ئەو شتانەی لاهوتین، یان غەیبین، ڕێڕەوێکی واقیعیە بۆ مێژوو."[1]

مارکسیش وای بۆ ئەچێت چالاکیی کردەیی ئەو ڕێڕەوە ڕاستەقینەیەیە ڕاڤەی زیندوویەتی مێژوو دەکات، چونکە چالاکیی بوونی بکەرێك

[1] هەمان سەرچاوە، لا ١٩١.

(فاعیلێك)ی پێشینە ئەسەلمێنێت، بەبێ ئەوە چالاکی بابەتییبوونی لەدەست دەدات، بکەر تەنها هەستێکی زاتی نییە، بەڵکو ئەو بوونی ڕاستییەك لە خۆی ئەگرێت کە لە پشتی چەند وێنەیەکی لۆژیکیی وەکو: بابەت بوون و پاڵنەر، تێگیران لەنێوانیاندا ئەوەستێت، لینین: دەڵێت:

"پێویستە پێگەی ژیان و ئەزموون شوێنی یەکەم و بنەڕەتیی لە بیردۆزەی مەعریفەدا هەبێت، شتێکی سرووشتییە کە لەبیرمان نەچێت ڕەخنەگرتن لە ئەزموون ناتوانێت پشتڕاستی بکاتەوە، یان بەرپەرچی جەوهەری فیکرەی مرۆڤایەتی بداتەوە، ئەوە پێوەرێکی سەرئاوکەوتووە و تا ئەندازەیەك ئەبێت بە ڕێگر لەبەردەم مەعریفەی گشتیدا، ئەوە لە هەمان کاتیشدا پێوەرێکی جێگیرە بۆ ئەوەی تا ئەندازەیەکی باش بە شێوەیەکی سەرسەختانە لە ڕووی وێنەکانی میسالیەت و نەبوونی ئیرادەدا بوەستێت".

ئەم پێشەکییە لە دروستکردنی مێژوودا بەڕوونی باس لە پەیوەندیی بابەت و پاڵنەر دەکات، مێژوو بابەتە، هەرچەند ئەمە واتای ئەوە نییە ڕەوڕەوەی مێژوو بەبێ هاوکاریی خەڵکی ئەڕوات، بەرهەمی مرۆڤ و دابەشکردنی کار ئەم دووانە لە مێژوودا بنچینەی گۆڕانکارییین، هەرچەند پاڵنەری شەخسی خێراتر و فراوانتر دەبێت لەگەڵ خێرابوونی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.[1]

مارکسیەت ئەوەی دۆزیوەتەوە یاسای ململانێی چینایەتی و گەشەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەوانە تەنها ئەو یاسا ڕاستەقینانەن کە کار لە ڕەوڕەوەی مێژوودا دەکەن، تەنها پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ئەتوانێت پەردە لەسەر تێکگیرانی یاساکان و بابەتی بوون و ئەندێشەی

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٥٠ ، ٥٣.

سازانی نێوانیان لا بدات، کە ئەوە ڕەنگدانەوەی هەست و حەز و ویستی ملیۆنانە.

مێژوو یاسا بابەتییەکانی خۆی هەیە، بەڵام ئەو یاسایانە بەبێ بیرکردنەوە وەکو ئامراز کار ناکەن، لەم ڕێگەیەوە گەشەی خودی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ئەگۆڕێن بۆ هێزی بەرهەمهێنانی قەبە، ئەگۆڕێن بۆ پەیوەندیی بەرهەمهێنانی هەمەلایەنە، بەتایبەت لە کاتی جیاوازیی ژینگە بنەڕەتییەکانیدا، هەرچەند مارکس خاوەن بیرێکی تیژ بوو لە دۆزینەوەی کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگەی یۆنانیدا، بەڵام ڕاڤەکەی مارکس لەوەدا لە جێگەی خۆیدا نەبوو کە کونوکەلەبەری کۆمەڵگەی یۆنانی لەلایەنی ڕۆحییەوە بوو، ئەوە نەبوو کۆمەڵگەی یۆنانی باوەڕیان بە ناچاریی کۆمەڵایەتی (الحتمیة الاجتماعیة) نەبێت، لە لایەکی ترەوە ئەو ڕاڤەیەی مارکس سنووری مشتومڕی میتافیزیکیی تێنەپەڕاند بەرەو هەنگاونان بۆ یاساکانی مێژوو.[1]

## دیاردەی سرووشتی فەلسەفەی میسالی و پشکنینی مێژوو

لە سەدەی نۆزدەدا بە شێوەیەکی بەرچاو توێژینەوەی مێژوویی پەرەی سەند، میکانیزمەکانیشی بەرفراوان بوون و هەلی زیاتری بۆ ڕەخسا و بەبێ پچڕان لە پەرەسەندندا بوو، ڕوونترین دیاردە کە لە لێکۆڵینەوە مێژووییە هاوچەرخەکاندا بەرچاومان دەکەوێت تەنها میتۆدەکانی نەبوو، بەڵکو ماوە گەورە و بەرفراوانەکەی بوو.

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٥٥، لا ٥٧.

مێژوونووسانێکی وەکو ج. ج. درویسن، (١٨٠٨ ـ ١٨٨٤ن)، فون ترایتشکە (١٨٣٤ ـ ١٨٩٦) سەریان هەڵدا، هەموو بایەخیان خستە سەر ئەو نووسینانەی لەدەوری بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ئەخولانەوە، ج. سیلی (١٨٣٤ ـ ١٨٩٥) و پرۆفیسۆر أ. أ. فریمان (١٨٢٣ ـ ١٨٩٢) تا ئەندازەیەکی باش خۆیان بۆ مێژووە سیاسییەکانی ڕابردوو تەرخان کردبوو، هەر وەکو هەریەك لە ك. فون سافینی (١٧٧٩ ـ ١٨٦١) و، پرۆفیسۆر هـ. مین (١٨٢٣ ـ ١٨٨٨) ڕوویان کردە پەرەسەندنی مێژوویی یاسا، هەروەها هەریەك لە هـ. ملمان (١٧٩١ ـ ١٨٦٥) و پرۆفیسۆر أ. هارناك (١٨٥١ ـ ١٩٣٠) خۆیان خەریك کرد بە مێژووی ئایینییەوە.

لە فەرەنسا هـ. ر (١٨٦٣ — ١٩٤٢) زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەی مێژوویی بە ناونیشانی گشتی، کە: (پەرەسەندنی مرۆڤایەتی) HumanEvolvtion بوو کردەوە، هەندێك بەرگی ئەو لێکۆڵینەوەیە خرایە ناو کتێبی ئینگلیزی بەناوبانگەوە: (*تأریخ الحضارة*)، ئەوە بوو مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە درووست بوو ئایا مێژوونووس وەکو مێژوونووسێك ئەتوانێت قۆناغی پشکنین و گەڕان و وەسفکردن تێپەڕێنێت بۆ قۆناغی بڕیاردان لەسەر مێژوو، کە بتوانێت جۆرە ڕاڤەکردنێکی پێ ببەخشێت چەندین واتا بدات و بۆچوونەکان بە ژیانەوە ببەستێتەوە، ئەوە بوو زۆرێك لە مێژووزانان هەوڵیان دەدا لە دۆزینەوەکانیاندا بگەنە مەنفەعەتێکی براگماتیانە، کاتێك (لۆرد برلنجبروك — ١٦٨٩ / ١٧٥١) باسی مێژووی کرد، کە (فێرکردنی فەلسەفەیە بە نموونە) بەرەو ئەوە ڕۆیشت مێژوو ئەبێتە هۆی شارەزابوون (لە ڕێباز و بنەماگەلێکی گشتیی ژیان و ئاکار، کە هەمیشە ئەکرێت ڕاست بێت، خۆ هیچ شتێکیش سرووشتێکی جێگیر و نەگۆڕی نییە)، جۆزیف بریتسلی (١٧٣٣ ـ ١٨٠٤)،

بانگەشەی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو کرد، پێناسەی ئەکرد کە پاڵنەرێکە بۆ (بەهێزکردنی چاکە و بەخشندەیی) و ئەیوت کە (ئاکاری ناشیرین لە مێژوودا بەزن و بالایەکی فریودەری نییە... مێژوو چەندین بیرۆکەی (دادگەرانەمان) لەسەر شکۆ و لاوازییەکانی (سرووشتی مرۆڤایەتی) پیشان دەدات.[١]

ڕانکە لە (١٧٩٥ ـ ١٨٨٦) هاتووە سوورە لەسەر پیادەکردنی توێژینەوەی مێژوویی بێلایەنانە و دوور لە حەز و ئارەزووەکان، لە هەمانکاتدا، شانبەشان بێت لەگەڵ (بابەتیبوون، یان ئەوەی پێی ئەوترێت لێوردبوونەوەی لەسەرخۆ)، تا تەواوبوونی ماوەی توێژینەوەکە پشت ببەسترێت بە سەرچاوە سەردەمییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، بێلایەنیی خۆی نیشان داوە لە هەر (دەرکەوتنێکی فەلسەفی) پێش لێکۆڵینەوەی ئەو کەرەستەیە بکەوێت توێژینەوەی تێدا دەکات، گومانی تێدا نییە، ئەو لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی هیگڵدا بووە، هەروەها لە ژیانیدا هەوڵی ئەوە بووە لێکۆڵینەوەی مێژوویی بکات بە گەورەترین ئامانجی، لە کاتێکدا ئەو دان بە پێگەی ئایین لە مێژوودا دەنێت، لە هەمان کاتدا ئەیبینین بە جۆرێك لێکدانەوە بۆ ئایین ئەکات، کە هیچ چارەسەرێکی بۆ هەموو گرفتەکانی مرۆڤایەتی پێ نییە.

سەدەی نۆزدە پێشکەوتنی گەورەی لە (شیکردنەوەی دیاردە سرووشتییەکاندا) بەخۆیەوە بینی، مێژووزانەکان چاویان لەوەیە (مێژووزانی) کۆمەڵە میتۆدێك بەکار بێنێت هاوشێوەی ئەو میتۆدانەی لە زانستە سرووشتییەکادا بەکار ئەهێنرێت... هەروەها پرۆفیسۆر ج. رزڤ (١٨٢١ ـ ١٨٩٢)، ـ لە ڕێگەی میتۆدی زانستیی وردەوە ـ ملی بە هەرچی

---

[١] آلبان. ج. ویدجری، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٤.

دیاردە مێژووییەکان دانەواند بۆ یاساکانی پاساودان (السببیة)، ئادمز ئاشکرای کرد، کە لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوو بەتەواوەتی وەکو زانستە سرووشتییەکان بیرۆکەیەکی قبووڵە، بەڵام ج. ب. بیوزی (١٨٦١ ـ ١٩٢٧) لە دەستپێکی وتارەکەیدا لە کمبریدج ساڵی ١٩٠٣ لەژێر ناونیشانی (*زانستی مێژوو*)دا ئەوەی پیشان نەدا، کە وشەی (زانستیبوون) بەکارهێنانی هەمان ئەو میتۆد و چەمکانە ئەگەیەنێت و ئەگرێتەوە لە زانستی (فیزیا)دا بەکار ئەهێنرێت... بەڵکو ئەو ڕێگەیەی مێژوو پێی ئەبێت بە (زانستی) بریتییە لە (شیکاری ڕێکوپێکی هونەریی وردی سەرچاوەکان)، نەك هەر ڕابردوو، ئەبێ (ڕەچاوی) تەواوی داهاتووش بکات و بایەخ بە بەردەوامیی و یەکگرتوویی مێژوو بدات.[1]

ژمارەیەك هەوڵدرا بۆ بەدەستهێنانی (زانستی) مێژوو، کە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر دەروونزانیی کۆمەڵایەتی بناغە دابنێت. هـ. أ. تین (١٨٢٨ ـ ١٨٩٣) هەوڵی دا بە لێکۆڵینەوەی (سایکۆلۆجی)، سرووشتی مێژوو دەربخات بە هاوشێوەی ئەوەی لە هونەر و ئەدەب و فەلسەفەدا ڕەنگی داوەتەوە، ك. لامبرخت (١٨٦٥/ ١٩١٥) بڕواندوویەتیەوە کە: مێژووزانیی تازە بە پلەی یەکەم زانستی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتییە... بۆ ئەوەی مێژوو بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی (زانست)، کە ئەو بەدواداچوون و (الاستقراء) میتۆدەکانی زانستە سرووشتییەکان بەکار دێنێت، داوای کرد بە هاوشێوەی میتۆدی (دەروونزانیی کۆمەڵایەتی) (مێژووی ڕۆشنبیری) بەکار بهێنرێت.[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢١٥، ٢١٨.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢١٩.

لەبەردەم ڕۆشنایی دیاردەی سرووشتی فەلسەفەی میسالی و بەدواداچوون (الاستقراء)دا، دەردەکەوێت دیاردەی مێژوویی پێویستی بە مانایەکی تازە هەیە، قەیرانی زانستی ئەوروپی و فەلسەفەی ئەفکار واتە (فەلسەفەی میسالی) کاتێك سالّی (١٩٣٦) سەریهەلّدا، کە واقیعی عەقلّی جیهان بوو بە پێکهێنەری خود، ئەم مەعریفەیەش بوو بە جۆرێك لە خوێندنەوە و بەدواداچوونی ڕەسەن[١]، کاتێك سەریهەلّدا هوسسیریل بۆ پشتیوانیی دیاردەی سرووشتیی فەلسەفەی میسالی بابەتیبوونی مادەی بە حەقیقەتێك نەزانی، ئەم پرسیارە سادەیە ناکەین عەقلّ لە نێوان میسالیبوون و مادەدا سەر بە کامیانە؟ قسەی یەکەم ئەوەیە، خودبوون لە سەرەتاوە و بەسادەیی بوونی جیهان ڕائەگەیەنێت، پاشان ئەم بوونە بە مانای بابەتیبوون پشتیوانیی پاساوە عەقلّییەکان ئەکات، بۆیە مێژووی فەلسەفە بەگشتی شتێك نییە، جگە لە مێژووی ململانێی نێوان: واقیع (مادەگەرایی) و فیکر (میسالیەت)... هوسسیریل لە چوارچێوەی خودی بوونی فیکرەوە ڕاڤەی مێژوویی ئەکات، مێژوو جگە لە پێکەوە تێڕامانی خودی فەیلەسووف و مێژوونووس شتێك نییە، هەروەها دەرکپێکردنی هەولّە خودییەکانی تاکە، کە وەکو (بوونەوەرێك) لە ژیانیدا کۆششی بۆ ئەکات، ئەم ڕاڤەکردنە ئامانجدارەی مێژوو دوور لە پاساوە مێژوویی و بەلّگەکان بۆ خود، یان تاك لە سەرووی هەموو ڕاڤەکانی ترەوە ئەوەستێت، بە شێوەیەك تەنها لە ڕێگەی پێوەرە ڕەخنەییەکانەوە ئەبن بە بەلّگە لەسەری، لە کۆتایی سیاقە لۆژیکییەکەدا، ئەو ڕاڤەکردنە بە پشتیوانیی (ڕاستییە مێژووییەکان)

[١] ئەم زانایە (هوسسیریل) پشتیوانیی ڕەسەنایەتیی میسالیەت ئەکات، واقیعی جیهان ئەکات بە بەلّگە لەسەر ئەوەی جیهانی ئەفکار حەقیقەتە، نەك جیهانی مادە و واقیع. وەرگێڕ.

بۆ فەلسەفەیەکی پشتپێبەستراو بە بەڵگە، هەروەها بەدواهاتنی ڕێکوپێکی بەڵگە مێژووییەکان ئەبن بە سەلمێنەری.

لە ڕاستیدا فیکری ئیسلامی، لە کاتێکدا هەرچەند دوور و بێئاگا بوو لە ململانێ فیکرییەکانی ڕۆژئاوا، بەڵام زۆر لە مێژە پێش ئەو گۆڕانکارییە کەوتووە، کە لە هەریەك لە ئەورووپا و ئەمریکادا ڕووی دا، تەنانەت لە ڕوانین بۆ مێژوو و ورووژاندنی بابەتە فەلسەفییەکانی وەکو تێکەڵکردنی مێژوو بە بەها و مەبەست و مانا و سوود و کەڵك، ئێمە کتێبێك لەسەر ئەو پێشکەوتنە ئەکەین بە بەڵگە، کە (عەبدولمەلیکی کوڕی حوسەینی کوڕی عەبدولمەلیکی ئەلعیصامی ئەلمەکی) نووسیویەتی، کە لە سەدەی حەڤدەی زاینی و سەدەی دوازدەی کۆچیدا (١٠٤٩/ ١١١١)، ئەو هاوچەرخی ئەو بزاڤە فیکرییە بوو، کە لەسەر دەستی فەیلەسووفی فەرەنسیی: (دیکارت) و ئەوانەی دوای ئەو هاتن، کە (ڤۆڵتێر)یش لەناو ئەواندایە، ئەورووپای گرتبۆوە، وەکو زۆربەی توێژەرە ئەورووپییەکان دووپاتی ئەکەنەوە لە پێش هەموویانەوە بیرمەندی ئینگلیزی (کولنجود)[١]، کە فۆلتێر یەکەم کەس بوو دەستەواژەی (فەلسەفەی مێژوو)ی بڵاو کردەوە، بەڵام عەبدولمەلیك عیصامی لە مەککە بوو لە ڕووی فیکر و زمان و شوێنەوە دوور بوو لە هەموو ئەوەی لە ئەورووپادا ئەگوزەرا... کتێبە مێژووییەکەی: (*سمط النجوم العوالي في أنباء الأوائل والتوالي*) دانا، تەنها بە پشتبەستن بوو بە سەرچاوە ئیسلامییەکان، زنجیرەی ئەو سەرچاوانەی بڵاو کردۆتەوە، کە ژمارەیان

---

[١] انظر: عبداللطيف شرارة، المرجع السابق، ص١٧. وكذلك فكرة التأريخ، تأليف: ر. ج. كولنجود، ترجمة محمود بكر خليل، مراجعة محمد عبدالواحد خلاف، القاهرة، ١٩٦١، الهامش رقم (٦).

ئەگاتە سەد و شەش سەرچاوە لە (پێشەکییەکەیدا) سەرجەم ئەو بابەتە فەلسەفییانەی نمایش کردووە، کە بیری مێژوویی لەو کاتەدا ورووژاندوویەتی، هەندێك وتەی پێشەوایانی فیکریی پێش خۆشی هێناوە.

هیچ کەسێك نەیتوانیوە ئەوە دووپات بکاتەوە، کە نموونەی (فەلسەفەی مێژووی) سەردەم گەیشتووە بە چڵەپۆپەی گەشەکردن، بەڵکو چەندین هەنگاوی تر ڕێخۆشکەرییان کردووە بۆ بەرەوپێشچوونی لەوانە: کۆششی ئیسلامی داهێنەرانەی گەشەکردووی هەردوو سەدەی دوو، سەدەی دوازدەی کۆچی، دوای گوازرانەوەی زانستی مسوڵمانان بۆ ڕۆژئاوا لە ئەورووپا، چەند هەنگاوێکی تری بەدوادا هات دیارترینیان هەوڵە سەرەتاییەکانی یەکەم، کە لەسەر دەستی فەیلەسووفە ئەڵمانییەکان بە ئەنجام گەیشت.

بەلای منەوە تێروتەسەلترین لێکۆڵینەوەی پێشەنگ، کە فەیلەسووفێکی هاوچەرخ لەبارەی مێژووەوە ئەنجامی دابێت ئەوەیە، کەوا: (هنریخ ریکرت) (١٨٣٦ ـ ١٩٣٦) پێیهەستاوە، ڕێکرت وای بۆ چووە لۆژیکی زانستە مێژووییەکان خاڵی سەرەتایە لە فەلسەفەی مێژوودا، پاشان گەورەترین نووسراوەکانی بۆ ئەو فیکرەیە تەرخان کردووە، ڕێکرت ڕوونی کردۆتەوە هەرچی هۆکار و (الاسباب) کردەییەکان هەیە، بە بەشێك دائەنرێن، پێویستە لە گشتاندنە تەصەوورییەکان بۆ یاساکان جیا بکرێنەوە، نابێ ئازادیی جووداکردنەوەی خێر و شەڕ لای مرۆڤەکان وا دابنرێت کارێکی بێ هۆکارە، وەکو جۆرێك لە پاساوهێنانەوە ـ ئەگەر تەواویش نەبێت ـ ڕیکرت و مێژوونووسە هاوبیرەکانی بەوە تۆمەتبار کراون دووبەرەکیی فیکرییان خستۆتە نێوان (سرووشت و مێژۆووەوە).

له واقیعدا کاری مێژوونووسەکانی داهاتوو (لە یەك کاتدا و بەس) بە شێوەیەکی ڕاست ڕێنمایی ئەکرێت، ئەویش قووڵکردنەوەی هۆکارە (السبب) لە مێژوودا، چونکە لە مێژوودا توێژینەوە لە هۆکارەکان هەمیشە لەلایەن (ئەزموونگەراکانەوە)، وەکو هەستڕاگرتنی کوێر وا بووە، هەر وەکو کەمێکیش لەسەر دەستی (فەیلەسووفەکان) ئەنجام دراوە.

ئا ئەوە بوو دیاردەی فەلسەفەی ئەفکار پێیگەیشت، کە ئەو دیاردەیەش لەسەر دەستی چەندین لە بانگەشەکارانی بڵاو بۆوە و مێژووش بوو بە لێکۆڵینەوەیەکی زاتی، بەڵام جیاوازیی نێوان مێژوویەك و مێژوویەکی تر لە دوو ڕێڕەوی جیاوازدا خۆی بینیوەتەوە، ئەو دوو ڕێڕەوەش: خودگەرایی ڕۆژگار و ڕێڕەوی مێژووییە، ئەوە بابەتێکی پان و بەرینە ئەمانبات بۆ میتۆدێکی شوێنەواری دوور، نەك بۆ تێگەیشتن لە مێژوو وەکو ڕۆشنبیرێیەکی زاتی، بەڵکو دووبارە وەکو دیاردەیەکی ڕۆشنبیری، تێکگیرانی نێوان بوون و نێوان دیاردەی ڕۆشنبیری سەر ئەکێشێت بۆ میتۆدێك چەند ئەگەرێکی ئەزموونگەرایی و بیردۆزەی کۆمەڵناسیی دەرئەخات، یان بە لای کەمەوە، هەندێك لەو ئەگەرانە دەردەخات بۆی دێنە پێشێ.[١]

پەیوەندیی نێوان مێژوو و هونەر لە نووسینەکانی بندتوکروتشی و روبن ح. کولنجوودا دیارە، لە نووسینە نۆبەرەکانی کروتشیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا مانایەکی تازە ئەداتر، بەوەی ئەرەستۆ ساتمەی لێکرد، کرۆتشیدا سەلماندنی هونەر باسی ئەوە ئەکات ئەکرێت ڕوو بدات، بەڵام مێژوو باسی ئەوە ئەکات ڕووی داوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەکرێت مێژوو بە تەرزێکی

---

1 Gormay P.A.OP. CIT. 121 – 128.

باڵاتر لە هونەر دابنرێت، کروتشی لە نووسینەکانی کۆتاییدا هەڵوێستی ڕاست کردەوە و سپاردی بە یاساکانی لۆژیك، مێژووی وا دانا گەردنکەچی بڕیاری تاك و لۆژیکی بیرکردنەوەی تاکە، گران نییە دووبارە ئەم بۆچوونە تێهەڵکێشی مێژوو بکەین، لە ڕاستییدا هونەرمەند تابلۆیەکی گوازراوە نییە وێنەی تابلۆکە چۆنە حەقیقەتیش وا بێت، چونکە لە کاتێکدا وێنە و سیمای کەسانێك ئەکێشێت ئەوە فیکر و ئەزموون و بۆچوونی خۆی تێیدا دائەنێت، واتە لۆژیکی چۆن بۆی هات ئەوە دەخاتە سەر وێنەکە.[1]

پوختەی ئەم بابەتە ئەوەیە، ئەم فیکرەیە لە خولی پێکهێنانی دەرکپێکراوە مێژووییەکاندایە (ئەوە زۆر جار ئەگەڕێتەوە سەر کەسایەتیی مێژوونووس) - وەکو کولنجود ئەیبینێت - بیرکردنەوەی مێژوویی لەگەڵ هەندێك سوودبینین لە هەندێك فیکرەی ناوخۆیی لە ناوەخنێکی ورددا کار و بەرهەمی ئەندێشەیە، ڕێگەی مێژووش ئەوەیە، ئێستا بکەیت بە چاوساغی ڕابردوو... هەر چاوگێڕانەوەیەك بۆ بنیاتنانی ڕابردوو لە خەیاڵداندا ئەبێ ئێستا وەکو خۆی چۆن بیری لێ ئەکەینەوە و بۆی ئەچین لە ڕابردوودا دروستی بکەینەوە.

بەڵام ئەم جۆرە تێگەیشتنە، کاتێك لە کۆمەڵناسیدا ڕووبەڕووی کێشەی مەعریفە ئەبینەوە چەند بەربەستێك دێنە بەردەمی، کۆمەڵزانی نماییشی ئێستا دەکات، واقیعەکەشی ئەوەیە لە نێوانمان و دەورووبەرماندا ئەگوزەرێت، بەڵام لە ڕاڤەکردنیدا بەبێ گەڕانەوە بۆ پێویستییەکانی کاروانی مێژوو و ناخۆشییەکانی، کۆمەڵناسی دەسەوسانە، بە لێکدانەوەیەکی تر کۆمەڵناسی بەتوانا و چالاکە، تا لە بابەتێکی مێژووییدا بێت، بەدڵنیاییەوە

[1] Ibid, 131- 133.

ئەڵێین کۆمەڵناسی لقی مێژووە، چونکە کۆمەڵناس دەست بۆ یاسای گشتی ئەبات، نەك سەربەخۆ دەسکاریی خودی ڕووداوەکان بکات. لەو شتانەی پەیوەندییان بە بڕیاری کەسیی مێژوونووسەوە هەیە، کروتشی ئاماژەی بە گرنگیی لۆژیکی ئەفکار کردووە، کاتێك مێژوو سەر ناگرێت تا پشت بە ئەفکاری گشتی نەبەستێت، بە هەمان شێوە، کۆمەڵناسییش سەر ناگرێت بەبێ پشتبەستن بە شیکاری دیاردەی گردبوونەوە و هەندێك دیاردەی تاکی باو (ماکس فایبەر دووبارە بۆ ئەوە ئەچێت پێویستە ڕاڤەکردن بۆ ئاماژەکانی زانستی کۆمەڵناسی بکرێت).[1]

نورادو ١٨٤٩/ ١٩٢٣، لە کتێبەکەیدا: (*تفسیر التأریخ* ـ The inter pretetation of history) هەستاوە بە موناقەشەکردنی هەموو بۆچوونە جۆربەجۆرەکانی سەبارەت بە سرووشتی مێژوو، هەرچەند نەیتوانیوە خۆی لە تێکگیران لا بدات، بە هەمان شێوە، نەیتوانیوە بگات بە بیردۆزەیەکی ڕوون و ئاشکرا... (بانگەشەی ئەوەی کە مێژووی نووسراو زانستە، پڕوپاگەندەیەکی بێبەڵگەیە)، بایەخپێدانیشی (وەستاوە لەسەر پێکهاتەی تەبیعەتی مرۆڤایەتی، کە حەزی لە گێڕانەوەی ئەفسانە و بەسەرهاتە)، مێژوو لای ئەو (بەرهەمێکی سازکراوە بۆ چینە دەستڕۆیشتووەکان)، ئەو وای بۆ ئەچێت مێژوو (بەکار ئەهێنرێت بۆ دروستکردنی خەرمانی خەڵەتاندن و سازاندنی کەشی تۆقاندن و ڕەنگکردنی بە هەندێك سۆز دەربڕین و تێوەئاڵانی شکۆداری بەسەر ئەو ڕژێمانەی هەموو پاساوێکی ماقووڵیان لەدەست داوە، لەگەڵ ئەوەشدا کارێك نییە

[1] Hart, M.H, The Aremembering of the most influential persons in History, 18- 22.

بەخشندەتر بێت بۆ عەقڵی مرۆڤ لە فەلسەفەی مێژوو، واتە دانانی ڕاڤەیەکی عەقڵانی بۆ ڕووداوە مێژووییەکان).

لەگەڵ ئەوەشدا، فەلسەفەی مێژوو وەکو (ئالبان. ج. ویدجری)[1] ئەڵێت: (مافی هەموو مرۆڤە زیندووەکان نادات) لەژێر کاریگەریی ئۆگست کۆنتدا (نورادو) هەندێك کات مەیلی تێکەڵکردنی نێوان مێژوویی و کۆمەڵایەتی پیشان داوە... ئەو وای بۆ ئەچێت کۆمەڵناسیی: (مێژووە بەبێ ناوهێنانی ناوداران، هەر وەکو مێژوو کۆمەڵناسییەکی هەستپێکراوە و کەسەکان خراونەتە ناوی)، پاشان نورادو ئەڵێت: (مێژووی مرۆڤایەتی لە کرداری تاکەکەسەکان پێکدێت)، بۆچوونیشی بۆ مێژووی سیاسیی دەوڵەت ئەوەیە: (دەوڵەت دروست ئەبێت، بەتۆبزی و زۆر بەردەوام ئەبێت)، پاشان ئەڵێت: (دەوڵەت خۆویستی دایهێناوە و هێزە مشەخۆرەکانیش کاروانەکەیان بەردەوام کردووە)، دووبارە وای بۆ ئەچێت، دیوی دەرەوەی مێژوو وەکو شانۆگەری (میلودراما)یەکی سەرنجڕاکێش وایە، بەدەوری مشەخۆریی (الطفيلية)دا ئەسووڕێتەوە.

بەلام (ئارنۆڵد توینبی) لە کتێبەکەیدا: (*دراسة التأريخ* The Study of History) وەکو بینەرێکی بێلایەن نانووسێت، بەڵکو وەکو کەسێك ئەنووسێت لە ناخی خۆیدا کەسێکی بەئاگایە و لە مێژوودا بەشدارە[2].

---

[1] آلبان. ويدجرى، المرجع السابق، ص١٩٩.

[2] انظر: أ. ج. توينبي فى: دراسة التأريخ، the study of hist، مطبعة جامعة اكسفورد، لندن و نيويورك، وصدرت الأجزاء: ١، ٢، ٣، سنة ١٩٣٤، الطبعة الثانية سنة ١٩٣٥، المجلدان من الرابع الى السادس سنة ١٩٣٩، والسابع الى العاشر سنة ١٩٥٤، وقد ترجمة فراو محمد شبل الى العربية موجزاً لة باسم: ((دراسة التأريخ))، طبع لجنة التأليف بعابدين لحساب الجامعة العربية.

توێنبی وای ئەبینێت هەموو ڕەگەزەکان دیاردەیەکی سرووشتین، ناکرێت جیاوازیی نێوان شارستانییەتەکان تەنها بۆ جیاوازیی ڕەگەزەکان بگەڕێنرێتەوە، هەروەها بەرفراوانیی جوگرافیا پێوەری گەشەی شارستانی نییە... بە پێچەوانەوە ئەبینین توێنبی تا ئەندازەیەکی گەورە مەیلی ئەوە ئەکات دژی ئەو پێوەرەیە... توێنبی بۆی دەرکەوتووە شارستانییەتەکان لە خودی خۆیاندا واتای تەواوی ناگەیەنن، لە بۆچوونی ئەودا نابێ (بکرێن بە کێڵگەی لێکۆڵینەوە بۆ تێگەیشتن)، بۆیە دوایی لەباتی شارستانیەت ڕووی کردە توێژینەوە لە وڵاتە گەورە گشتگیرەکاندا، بۆیە ئەو بۆ ئەوە ئەچێت دەوڵەت چوارچێوەیەکی فراوانتری لە شارستانیەت هەیە، هەرچەند دەوڵەت لەناو شارستانیەتێکیشدا بێت، وڵاتە گەورەکان (دێنە مەیدانەوە تا سنوورێك بۆ شەڕ و کوشتار دابنێن و هاوکاری لە جێگەی خوێنڕێژی دابنێن).[1]

لە بەرگی حەوتەمی کتێبەکەی توێنبی: (*دراسة التأريخ*)دا، بەئاشکرا ئەوە بەدی ئەکەین کە ڕاڤەی کۆتایی بۆ مێژوو ئەکات لە بنەڕەتدا ڕاڤەیەکی ئایینییە، لەگەڵ ئەوەی ئەڵێت کاری سەرەکیی مێژوو: (لە ڕووەکانی ناوخۆی و دەرەوە ژیانی کۆمەڵگەکانە، هەروەها وڵاتە جیهانی و ئایینییە جیهانییەکانە) لە ڕاڤەکردنی ئەودا پێگەی کەسە دیارەکان لە مێژوودا شتێکی جەوهەرییە، لەگەڵ ئەوەی کەسەکان وەکو تاك ـوەکو ڕوونەـ هەمیشە ناتوانن بەتەنهایی بژین، بەڵام هەموو تاکێك بەجیا کەسایەتیی خۆی هەیە... سەرتاپای حەقیقەتی ڕۆحی هەروەها بەهایی ڕۆحی بەگشتی لە کەسەکاندا نیشتەجێیە) کۆمەڵگە ناکرێت و ـ نابێ ـ لە نێوەندگیرێکی پەیوەندیدار زیاتر بێت، لە ڕێگەیەوە تاکەکانی مرۆڤایەتی هەروەها تاکەکان

[1] هەمان سەرچاوە، ج٧، لا ٤٣.

هەندێكیان لەگەڵ هەندێكیان ئاوێتەی یەك ئەبن، ئەوەی مێژووی مرۆڤایەتیی دروست ئەكات، تەنها تاكەكانی ئادەمیزادە، نەك كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی).

(توێنبی) لە توێژینەوەكەیدا وای بۆ ئەچێت میتۆدی ئەزموونگەرایی گرتۆتەبەر، ئەوە میتۆدێكە توێژەر لە كاتی گەڕانی بەدوای ڕاستیی زانستیدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕ ئەبێت:

یەكەم: پێكهێنانی بیرۆكەیەكی هەمەلایەنەیە لەبارەی گشتەوە (الكل)، كە بەدوای دۆزینەوەی ڕاستییەكەوەیەتی، هەروەها بۆ ئەوەی گریمانەیەك لە ئەنجامی پێكهێنانی ئەو بیرۆكەیە پەیدا بكات، بە جۆرێك ئەو گریمانەیە بشێت بۆ ڕاڤەكردنی دیاردە بینراوەكان.

هەنگاوی دووەم: هەوڵ بدات بە ئەزموون بەرجەستەی ئەو (گریمانە)یە بكات، هەركاتێك گریمانەكە لە ئەزمووندا سەلمێنرا، ئەبێت بە (بیردۆزە)، دوای ئەوە هەنگاوی (سێیەم) و كۆتایی تەواو ئەبێت[1].

بەڵام زۆرێك لە ڕەخنەگران لە پێشی هەموویانەوە (بیترجیل) دووپاتی ئەوە ئەكەنەوە (توینبی) بە هەڵە ئەو میتۆدە زانستییەی لە توێژینەوە مێژووییەكانیدا جێبەجێ كردووە.

(ج. ت. بیخانوت) یەكەم كەس بوو لە ڕوانگەی ماركسیەتی درووستەوە لەسەر مەیدانی هونەری ئاڵۆز و بەیەكداچوو ڕاڤەی ماددیی بۆ مێژوو جێبەجێ كرد، لە (رسائل بلا عنوان)دا شیی كردۆتەوە كە كۆمەڵناسیی هونەری چۆن ئەتوانێت چارەسەری ئەو گرژی و تێكچوونی پەیوەندییە بخاتە ڕوو، بە جۆرێك ئەو چارەسەرە بووە بە هۆی زیندووكردنەوەی خوو و

---

[1] بەگوێرەی بۆچوونەكەی توێنبی هەموو گریمانەیەك بۆ ئەوەی ببێت بە ڕاستیی زانستی، ئەبێ بەم سێ قۆناغەدا تێپەڕبێت: گریمانە، ئەزموون، بیردۆزە و ڕاستیی زانستی. وەرگێڕ.

نەرێتی ڕەسەنی هونەری و هەڵوێستە جوانکارییەکان و پێناسەکردنی بۆ جیهان.

کتێبەکەی ئەو (*الفن والحیاة الاجتماعیة*) کۆتا کتێبی کلاسیکیەتی لەناو بارودۆخی مادديیەتی مێژووییدا پابەندە بە بیری مارکسییەوە، هەر ئەوەندە نییە تیشک بخاتە سەر پەیوەندیی گشتی نێوان کۆمەڵگە و هونەر، بەڵکو تیشك دەخاتە سەر جۆرەکانی داهێنانی شەخصی، بە شێوەیەکی قایلکەر هەستاوە بە شیکردنەوەی خۆشەویستییە نادیارەکەی بووشکین بۆ هونەری خاوێن، بەراوردێکی لە نێوان ڕاڤەی بووشکین بۆ هونەر و بیرۆکەی (هونەر لە پێناوی هونەردا) لە هۆنراوەی فەرەنسیدا کردووە، هەر بە ڕاڤەکردنی جیاوازیی کۆمەڵایەتیی باو وازی نەهێناوە، بەڵکو دەستی بۆ جیاوازیی تاکیش بردووە، ناتوانین ئەو کارە بەنرخەی (فرانو میهرنج) لە (پاڵەوانبازییەکەی لیسنغ) ئەنجامی داوە بە کەم بزانین، ئەو مارکسییە ئەڵمانییە گەورەیە تەنها بە پێشکەشکردنی وێنەیەکی ماددی بۆ تێگەیشتوویی ئەڵمانی وازی نەهێناوە، بەڵکو دووبارە کارێکی داهێنەرانەی ناوازەی پێشکەش کرد، ناوبانگ و پێگەی نووسراوەکانی هیچ کەمتر نەبوو لە (کلوبسنوك) و (هردر) و (گۆتە) و (شیللەر) و (هەینی) و ئەوانی تر، هەروەها بەرهەمەکەی (*أ. ت. لونار کرسکی*) لە کۆمەڵناسیدا ناوبانگ و پێگەی هەیە، هەرچەند ژمارەیەك لە توێژینەوەکانی لە کۆمەڵناسی، ئەدەبی، مۆسیقا، دراما، شانۆ، هونەرە جوانەکان، سینەما، لە گرفتەکانی کۆمەڵناسیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵناسیی هونەریدا ڕێزێکی شایستەی لێ نەگیرا، لە مێژووەکەیدا دەربارەی ئەدەبی ئەورووپای ڕۆژئاوا (کە چەند وتارێکە لە ساڵە سەختەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر وتراونەتەوە) زۆر

سەرکەوتووانە وتووێژەکانی بۆ دەستنیشانکردنی کامە گشتییە و کامە تاکییە جێبەجێ کرد، بەڵام (لۆنارکرسکی) لە لێکۆڵینەوە ناوازەکەیدا لەسەر (هۆکارە باسۆلۆجی و سیۆسیۆلۆجییەکان لە مێژووی هونەردا) هەر بە لێکۆڵینەوەی پێوەرەکانەوە نەوەستا، بەڵکو دەستی بردووە بۆ هۆکارەکانی هونەر و شیکارییەك بۆ نووسەر (هولدرلن) پێشکەش ئەکات، بیرۆکەی (دوای تەندرووستی) و (دوای نەخۆشی) هێنا،[1] بیرۆکەی (باسۆلۆجیای) هونەر ـ یان زانستی نەخۆشییەکانی هونەر ـ یەکەم جار نامۆ دەردەکەوت، هەرچۆنێك بێت دوای تێشکان مرۆڤی ساغ بە ئازاری دژبەیەکەکانەوە ئەتلێتەوە بەدوای موژدەیەکدا ئەگەڕێت، هەست بە فرِوفێڵی ئەو دژبەیەکانە ئەکات، ئەزانێت لە کاتی خۆخواردنەوە و کۆیلایەتیدا چۆن ناسۆرەکان دەربڕێت، مێژوو لەو ساتەوەختانەدا دوگمەی هۆکار و نەخۆشییەکان ئەگرێت و پەنجەی پێدا ئەنێت، چۆن پەنجە بە دوگمەی پیانۆدا ئەنێت... بەڵام ئەو کەسەی خواپێداوە، بەڵام عەقڵی لە دڵەڕاوکێدایە، بەسادەیی ژیان بەسەر دەبات، بە نەناسراوی ئەمێنێتەوە، ژمارەیەکی کەم نەبێت کەس نایناسێت، بەڵام ئەو لە ساتێکی نەخۆشیدایە، لەگەڵ مێژوودا زیندوو ئەبێتەوە، چۆن مردوو زیندوو ئەبێتەوە، ئەو کاتە ئەبێتە هاودەمی چاخەکانی دوایی.

بەردەوام کۆمەڵناسیی هونەری، پێداگیری لەسەر بابەتەکەی و میتۆدەکانی و ڕێکییەکەی بکاتەوە، ئەبێ کەلەبەری تێکڕای دەرخستە سەرژمێرییەکان و دیمەنە ئەزموونییەکان و دەرکپێکردنی جوانی لای تاکەکان هەرکەس بە جیا لەوانی تر پڕ بکاتەوە، تاوەکو گومانی بابەتیبوون

---

[1] Idid, 115- 120. 

لەسەر ئەزموونکردن لا ببرێت و بەشوێن پێوەری ئەزموونی ڕاستەقینەدا بگەڕێن، ئەویش بە بەدەستخستنی دیمەنە زاتییەکان ئەبێت[١]. تێکەڵکردنی پەسەند لە نێوان بینراو و هەستپێکراودا، پێویستی بە کۆمەڵناسێك هەیە، ئەگەر ڕۆشنبیریی هونەری خۆی هەبێت، دووبارە دەروونناسیی کۆمەلایەتییش ڕۆشنبیریی هونەریی خۆی هەیە... فیکرە لە ڕۆشنبیریی هونەریدا ئەیسەلمێنێت)، کە داهێنان کارێکی دەستەجەمعییە، ئەوە بەهایەکی هونەری گشتییە)، کە نووسراوەکانی سۆشیالیستی لەبارەی هونەرەوە کەمتەرخەمییان نەکردووە، ئەم بەهایانەش لە ڕێگەی کەناڵە تەقلیدی و گشتی و دژبەیەکەکانی بینینی هونەرییەوە بڵاو دەبێتەوە... ئەوەی جێگەی بایەخە)، ئەبێ ئاماژە بەوە بکەین)، کە ڕاگوزەریی ڕۆشنبیری لەوانەیە وێنەکانی مێژوو لە کۆمەڵناسیی هونەریدا چڕ بکاتەوە، هونەر تەنها وێنەیەکی زاتیی زانایەك نییە و بەس، بەڵکو حاڵەتێکی دەروونی و سۆزدارییە، هەرچەند ئەو دوو حاڵەتە پرۆسەیەکی وردی تەواوکاریی یەکن و چالاکی کۆمەلایەتی لەخۆ دەگرێت، بۆیە ئەرکمانە چاودێریی گەورەبوونی و گەشەکردنی و کاریگەری لەسەر کەس و کۆمەڵ و دیاردە کۆمەلایەتییەکانی تر بکەین، هەروەها هاوبەشیی ئەو حاڵەتە نەفسییە لە تەبیعەتدا و ونبوونی هەندێك وێنەکانی و سەرهەڵدانی هەندێك وێنەی تری بکەین، ڕۆشنبیریی هونەری دووبارە با چەند سیستەمێکیش پێکەوە کۆ

---

[١] زانستی کۆمەڵناسی جیاوازی ئەکات لە نێوان بابەتی بوون و ئەزموونکراوەکاندا، بابەتی بوون ئەوەیە لە کاتی توێژینەوەدا ئەبێ بابەتی زاتی و نەفس و ئینتیما پشتگیری ئەم دژی ئەو، یان بڕیاری پێشوەختەی تێدا نەبێت، بەلام ئەزموون خاڵی نییە لە هیچ لەو عەیبانە کە ئەم پێناسەیەش بۆ بابەتیبوون لە خەیاڵەوە نزیکترە تا واقیع و حەقیقەت. (وەرگێڕ).

بکاتەوە، ڕێکخستنی خوازراوی هونەر ڕێگریی لێ ناکات (هەرچەند ڕێکخستن و خواستن ناوکەی ڕۆشنبیریی هونەرین)، بەڵام بەبێ ڕۆشنبیریی هونەری هیچ داهێنانێك، یان وێناکردنێك ناکرێت، یان هیچ شوێنەوارێك بۆ بەها هونەرییەکان بەدی نایەت.[١]

هەرچەند ئەم دەروازەیە لەناو خۆیدا ژمارەیەك کەموکورتیی و هەڵخلیسکانی تێدایە، کە خۆی لە پەیوەندیی نێوان مێژووی جیهانی کۆمەڵگە و مێژووی جیهانی هونەردا ئەبینێتەوە، ئەم دەروازەیە دەورە دراوە بە بەیەکداچوون و هێمای جیهانیی و هەرێمیی و نەتەوەیی و چەندین جۆر کاریگەریی تر، بەڵام ئەفکاری ڕەسەنی ئەدەبیی جیهانی، یان ڕۆشنبیریی جیهانی لە جیهانی ئەمڕۆدا لە بنیاتنانی واقیعەوە نزیکترە تا بنیاتنانی بیردۆزەیی.

## سرووشتی مێژوو

زانای مولحید (ولیەم ونوودرید ١٨٣٨ ـ ١٨٧٥) ساڵی (١٨٧٢) بیردۆزە توندڕەوییەکەی سەبارەت بە ڕێڕەوی سرووشتیی)، تێکەڵ بە ڕاڤەی مێژوو کرد، بیرۆکە نامۆکانی لە بابەتێکدا بە ناونیشانی: (*شایەتیدانی مرۆڤ* The martyrdom) لەوێدا وتی سرووشتی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤایەتی)، کە دەمێکە پێوەی ئەتلێتەوە، وای لێکردووە باوەڕبوون بە بوونی خوایەك (فرێ بدات) )، کە درووستکەری بوونەوەر بێت... پاشان ئەڵێت: "ئەبێ هەر کەسانێك باوەڕیان بە بوونی هەیە لە بەرانبەر دیاردە سرووشتییەکان چاوی خۆیان دەربێنن، یان وێنەی جیهان بگۆڕن)، تا لەگەڵ ڕوانینەکانیاندا

---

[1] Idid, 131 - 133.

یەك بگرێتەوە"، هەروەها لە وتنی بێسەروبەرە و هەڵیتوپەڵیتدا ئەوپەڕی ئەگرێت و ئەڵێت: "ئەو کاتە ئەبێ خێر و شەڕی جیهان و ئەو هەموو دڵڕەقی و بێبەزەییەتی و توندوتیژییەی لە جیهاندایە ڕووبەڕووی ئەو بکرێتەوە"، بەڵام دوایی بە ڕێژەیەك ئەگەڕێتەوە و ئەڵێت: "ئێمە ئەزانین لەوێدا دروستکەرێك هەیە، ئەوەندە گەورەیە مرۆڤ ناتوانێت پێناسەی بکات"، جارێکی تر سەرلەنوێ ئەکەوێتەوە هەڵیتوپەڵیت و قسە بێسەروبەرەکانی و ئەڵێت: "ئەو دانابەزێت پەیوەندیی (کەسی!) لەگەڵ ئێمەی گەردیلەدا، کە پێی ئەوترێت مرۆڤ، ببەستێت، ئەویش لەبەر ئەوەیە ئەوەندە (بایەخی) ڕاستەوخۆی نە بە مێژووی مرۆڤایەتی و نە بە ناوەوەی مێژووی مرۆڤایەتی نییە".

ئەبینین ئامانجی ئەوەیە کتێبەکەی: ( the martyrdom of man) ببێت بە ڕەنگێك لە ڕەنگەکانی مێژووی گشتی، ماوەی کتێبەکەی لە دێرینترین زەمانەوە لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەورووپاوە درێژ کردۆتەوە تا دەگاتە سەدەی نۆزدە، دڵگەرمیی زۆری بۆ بابەتەکەی و جوانکاریی شێوازەکەی لە چەند چینێکی دوایدا ڕەواجی پێ داوە، (ڕید) لە سەرەتای بەشی کۆتاییدا ڕوونکردنەوەیەکی کورتی سەبارەت بە (گەشەسەندنی کۆمەڵەی خۆر) و سەرهەڵدانی گیانلەبەری زیندوو و گەشەکردنی بە پلەکانی پەرەسەندندا بەرەو سەرەوە ڕۆیشتن تا بوون بە مرۆڤ داوە! ئەو لەم هەنگاوەی لە زۆربەی (داروێنییەکان) توندڕەوتر و دەمارگیریی بۆ گەشەی (مەیموون) و پەرەسەندنی تا گەیشتنی بە مرۆڤی ژیر زیاترە، شایانی باسە ئەو دوای گەڕانی دوورودرێژی بە کەسنەزان و شوێنە نەبینراوەکانی ئەفریقادا، دیتنەوە و بۆچوونەکانی کۆکردەوە!

کاتێك (ڕید) هاتە سەر قسەکردن دەربارەی (مێژووی مرۆڤایەتی) و (سرووشتی) پێشکەوتن لە ڕێگەی شەڕوشۆڕ و ئایینەکان و خەبات لەپێناو ئازادیدا و پێشکەوتنی زرنگیی مرۆڤایەتی، گەشەکردنی مەعریفەی کردە خولیای خۆی... بنکەی فیکرەی (ڕید)، کە کتێبەکەی لەدەوری ئەخولێتەوە، ئەوەیە (بەڵگەهێنانەوە) ئەو ڕێگەیەیە نەوە یەك لەدوای یەکەکان گرتوویانەتەبەر بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستەکانی ژیان.[١]

ئەو وای بۆ ئەچێت تەنها زانستە ئەتوانێت دۆخی ڕەگەزی مرۆڤایەتی چاك بکات، دوای ڕیشەکێشکردنی (باوەڕ) بە زیندووبوونەوە، ئەو شتەی ئەبێ چاوی تێ ببڕدرێت لە (مێژوودا): داهاتووی ڕەگەزە... پێویستە قوربانی بە ڕۆح بدرێت، ئەبێ ئومێد بۆ تاهەتایە بمرێت... لەبەر ئەوە ئەبێ مرۆڤ چاوی لەسەر شتەکانی (زەوی) بێت! بە نزیکی چارەکە سەدەیەك دوای (ڕید) زانای بایۆلۆجیی ڕووسی: مەتشنیکۆف (١٨٤٥/ ١٩١٦) هات لە کتێبەکەیدا: (طبيعة الانسان The Nature of Man) پێشنیازی ئەو ڕێڕەوەی کرد کە مرۆڤ لێوەی بڕوانێت بۆ مێژوو، وتی ئەبێ مرۆڤایەتی ڕازی بکرێت کە زانست زۆر بەهێزە و زانست دەری خستووە مرۆڤ سەر بە هێزێکی لە سرووشت بەدەر نییە، ئەو بەو ڕایە (ڕێڕەوی سرووشتی بۆ ڕاڤەی مێژوو)یی پیادە کردووە و ئەڵێت: "لە ڕووی لەشولارەوە (الفيزيائية) مرۆڤ بە بەرهەمی پرۆسەیەکی سرووشتی دا ئەنرێت!"[٢].

---

[١] آلبان. ج. وید جری، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٩ـ ٢٠٠.

[٢] هەمان سەرچاوە، لا ٢٠١ ، ٢٠٢.

## کەلتووری زاتی و ڕاڤەی مێژوو

بەرێکەوت نەبوو وتووێژ و مشتومڕێکی درێژ لە کووبا و چەند شوێنێکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لاتینی، لەبارەی ئەورووپیبوون و ئەورووپینەبوونی ئەمریکای لاتینی و هونەرەکانیەوە ڕووی دا، هەر وەکو چەند دەنگێکی چڕوپڕ لە ئاسیا و ئەفریقیاوە لە دەرگای ئەم گفتوگۆیەیان دا، هەندێك کات ئەفکارە ڕەسەنەکان بۆ پشتیوانی لە خودی کەلتوور تێکەڵ بە شۆڤیەنییەت، یان ڕەگەزپەرستی ئەبێت، ئەوەش وێنەی نەخۆشییەکە پێچەوانەی ڕێڕەو و کاریگەریی پەیوەندییە کەلتوورییە نێودەوڵەتییەکان ئەوەستێتەوە، هەندێك جاریش ئەو ڕێڕەوە نادیارە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا کارێك ئەکات، دوو کەلتوور لە چوارچێوەی کەلتووری نەتەوەییدا بەرپا ببێت، ئەمەش وا ئەکات ببێت بە بناغەیەك بۆ کۆنەپەرستی و ئەفسانە و شوومی و ئاسۆ تەسکی، یان تەنانەت تێڕامان لە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە، یان ئەنجامدانی کاری نامرۆڤانە دژ بە نوێنەرایەتی مەسیحی و جیاکاریی ڕەگەزپەرستی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕێڕەوی زاڵ نییە، بەڵام بەیەکداچوونێك سەر هەڵئەدات لە نێوان پەرتەوازەیی ڕابردوو کەلتوورەکانی سەردەمدا.[١]

(شبنجلەر) (١٨٨٠/ ١٩٣٦) لە کتێبەکەیدا: (*اضمحلال الغرب* The Decline of the West) وای بۆ ئەچێت کەلتوور ڕەنگدانەوەی گیاندارێکی (ترسناکە)، لە ڕێگەی چەند کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، وەکو عەقڵی دەستەیەك خۆی دەردەخات، بیرۆکەی تایبەتیش بەم گیاندارە (ترسناکە) هەندێك کات ئەگەڕێتەوە بۆ بە هەڵە

---

[١] Ibid . 140- 145.

پێکەوەلکاندن، یەکێك لە ئەنجامەکانیشی شکستهێنانی (شەبلنغەرە)، لەبارەی ویژدانی تاکی پێکهێنەریی (کەلتوور) و پیادەکارەکانی.

(شەبلنغەر) وتوویەتی: "کەلتووره جیاوازەکان بەهۆی زۆریی جۆرەکانیانەوە هەلگری کەلتوورێك لەو کەلتوورانە بە زەحمەت لە هەلگری (کەلتوورەکانی تر) تیّ دەگەن."

ئەلێت: "من لە شوێنێکدا ئەو ئەفسانە بیّ ناوەرۆکە ئەبینم، کە پێکهاتووە لە مێژوویەکی یەك هێلّی باریکی درێژ، کە بەزیندوویی نامێنێتەوە مەگەر بە چاوداخستن لە یەك لێشاو لە ڕاستی نەبێت، ئەم هێلّە باریکە شانۆگەریی ژمارەیەك کەلتووری بەهێزە، کە هەریەکێك لەوانە لە سەرەتاوە لە خاکی نیشتمانی دایکدا بەهێزەوە سەری هەلّداوە، تا هەموو ژیانیشی تەواو ئەکات پەیوەندیی پێوەی هەیە، هەریەکێك لەوانە کەرەستەکەی و مرۆڤایەتی لە وێنەی (تایبەتی)ی ئەو کەلتوورەدا دائەڕێژێت، هەریەکێك لەوانە فیکرەی (تایبەت) بە خۆی هەیە، هەلّچوونی (تایبەتی) خۆی هەیە، ژیان و ئیرادە و ویژدانی (تایبەتی) خۆی هەیە، مردنی (تایبەتی) خۆی هەیە.[1]

لای شەبلنغەر هەموو کەلتوورێك لە (دەربڕینی خود)دا هێز و تینی تازەی تایبەت بە خۆی هەیە، گەشە ئەکات، پێئەگات، ئەپووکێتەوە، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك ناچێتەوە سەر شێوەی یەکەمی، لەوێدا (یەك) نەخش نییە، (یەك) وێنەی کێشراو نییە، (یەك) ئەدەب نییە، (یەك) ماتماتیك نییە، بەلّکو زۆر هەیە، لە جەوهەردا ناخی هەرکامێکیان جیایە لەوی تریان، هەرکامێکیان سنووری دیاریکراوی سەربەخۆی هەیە، هەر وەکو

---

[1] آلبان. ج. وید جری، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٦.

هەریەك لە ڕووەكەكان گوڵی تایبەتیی هەیە، یان بەروبوومی تایبەتیی هەیە، لە گەشەكردن و پووكانەوەدا ڕێڕەوی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەم (كەلتوورانە) گەوهەری ژیانێكن، بەرزی و نزمی ئەكەن، وەكو گوڵی باخچەیەك بێئامانج گەشە ئەكەن، وەكو (غوتە) بۆی ئەچێت ئەو كەلتوورانە وەكو ڕوەك و گیانداران سەر بە سرووشتێكی زیندوون، نەك بەو سرووشتە مردووەی (نیوتن) قسەی لێ كردووە.

شەبلەنغەر ئەڵێت: "من مێژووی جیهان وەكو وێنەیەك ئەبینم، جۆرەها پێگەیشتن و گۆڕانكاریی بێكۆتای بەسەردا دێت، هەموو سەیر و سەرسووڕهێنەرێكی تێدا ڕوو ئەدات، وەك ئەو زیادوكەمییەی بەسەر ئەندامی لاشەیەكدا دێت، لە كاتێكدا مێژووزانی پیشەیی، پێچەوانەی ئەمە، بە جۆرێك لە كرمی قەیتانی ئەیبینێت، كە بێوچان ژەم بەدوای ژەمدا ئەخوات"[1]

وا دەر دەكەوێت ئاماژەكەی شەبلەنغەر بۆ ئەو (مێژوو)ەیە تۆمارگەی كەلتوورە جیاجیاكانی نەوە یەك لەدوای یەكەكانی گەلانە، مێژوو بە گەردوون و مەیدانی سوارچاكی و ڕمبازیی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی دائەنێت، بەڵام (مێژوو) لای ئەو تایبەتە بە ماوەی دونیاییەكەوە، لە كتێبەكەیدا (TheDecline of the West) هەوڵی داوە بیردۆزەیەكی گشتی لەبارەی مێژووەوە پێشكەش بكات، هەر وەكو هەوڵی داوە لەبارەی بیردۆزەكەیەوە بنەمای دوورودرێژ كە دەلالەت لەسەر ڕووخانی (كەلتوور)ی ڕۆژئاوا دەكات پێشكەش بكات، ئەو (مەكینە)یەی لە شارستانیەتی ڕۆژئاوای سەردەمدا

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٧.

داهێنرا بە نیشانەیەکی ئاگادارکەرەوەی لەسەر ڕووخانی ئەو شارستانیەتە داناوە.

کەرەستەی مێژوویی سوودێکی شاراوەی هەیە، ئەبینین لای پیاوانی سیاسەت و ڕۆژنامەگەری و کۆمەڵناسی و خەڵکی شەقامەکان ئاشنایە... ئا ئەوە سوودی مێژووە بە لێکدانەوەیەکی پێشوەختە، یان هاوتایەك، یان نموونەیەك، یان وێنەیەکی پێچەوانەی ئێستایە، ئەم بەکارهێنانە لە پەندی کۆنیشدا ئەبینین ئاشنایە کە ئەڵێت: "هەمیشە سوپاسالارەکان بە هاوشێوەی کۆتا جەنگ، کەلوپەلەکانیان ئامادە دەکەن." ئەم پەندە هەر لە ساڵی ١٩٣٦ وە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئاماژەیەکە بۆ میونیخ.

قسەی پەسەند ئەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونە پێشینەکاندا ئەمە کۆنترین بەکارهێنانە بۆ مێژوو، ئەوە درێژەپێدەری کەرەستەی بڕیاردانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە کار ئەکاتە سەر کۆمەڵزانەکان، هەرچەند ئەوان بەگشتی (نەك هەمشەیی) لەم لایەنەوە لە غەیری خۆیان کەمتر خۆشباوەڕترن.

زانایانی مێژوو وەکو پارێزەرەکان، لە یەکەم خاڵی سەرەتادا گومان ئەخەنە سەر بەڵگەکان. ڕاستییەکەی کێشەی ڕاستکردنەوەی بەڵگەکان و لێکۆڵینەوە لە ڕاستییان بنچینەی میسۆدولۆجیایە کە (زانستی میتۆد)ی مێژووییە، بەڵکو ئەوە تاکە کێشەی میتۆدیە لە تێڕوانینی زانا مێژووییە کۆنەکاندا.

ڕاستکردنەوەی بەڵگەکان بەگوێرەی ئەو کارەی زانای مێژوو پێی هەڵئەسێت و بەگوێرەی بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوەکان دابەش ئەبێت، کاتێك ئەو بەڵگە بەردەست و ئەرکانە سنووردار بن، لەوانەیە ڕەغبەت وا بێت

لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر بۆ سەرچاوەکان ئەنجام بدرێت، وەکو لێکۆڵینەوە لە مێژووی چاخە کۆنەکان، سەرەتا لە سەرچاوە ئەدەبییەکانەوە دەست پێدەکرێت، کە ئەکرێت لە بەشێکی بچووکدا کۆ بکرێتەوە، یان توێژینەوە لە ڕووداوێکی دیبلۆماسی کە ژمارەیەکی دیار لە بەڵگەنامە بەردەستەکان لەگەڵ ژمارەیەکی بچووك لە شوێنی پاراستنی تۆمارەکان و ژمارەیەکی سنووردار لە کۆی ئەوراقی تاکەکان لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت، بەڵام ئەنجامدانی ئەم حاڵەتە لە ڕیزی سەرچاوە مێژووییەکاندا نییە و لە ڕیزی ئەو کێشانەدا نییە بەلای زانستی کۆمەڵناسییەوە گرنگە، قوتابخانەی (لیوبولدفون ڕانکاو) و بەشەکانی، کە قوتابخانەیەکی گەورەی کۆنی مێژووییە، بۆ ئەوانەی خەریکی زانستی کۆمەڵناسین هەستاوە بە لێکۆڵینەوەی بابەتە کەمە بەبایەخەکان، (وەکو ڕێکوپێککردنی بابەتە سیاسی و سەربازی و کاتی ئیشوکاری پاشاکان و سەرۆکی وڵاتان و سەرکردە سەربازییەکان و بڕیاربەدەستەکان)، زۆر جار ئەو قوتابخانەیە ڕاشکاوانە ڕێگەی بەو توێژینەوە و دیسپلینانە نەداوە، جیاوازیی لە نێوان زانستی کۆمەڵناسی و زانستەکانی تردا دروست ئەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە نادرێت بە کەم تەماشای ئەو ئەزموونە تەکنیکییە بکرێت کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا پێکهاتووە، تەنانەت بەم شێوە زۆر سنووردارەی بەرهەمی مێژوویی بەدڵنیاییەوە ئەو ئەزموونە دەسپێکی گەورەی لە لێکۆڵینەوەی ئەو هەڵانەی لە کاتی گواستنەوەی هەواڵدا ـبە نموونە کۆپیکردنی هەواڵەکان وـ دیاریکردنی لایەنگری، یان ڕاستگۆیی لە شایەتیی تاکەکاندا بەرهەم هێناوە، هەروەها جیاکردنەوەی نێوان ڕاگەیەنراوە ئەصڵی و ڕاگەیەنراوە ناڕاستەوخۆکاندا، یان جیاوازیی نێوان ڕاگەیەنراوی واقیعی و وێنەی نموونە دروستکراوەکاندا و هتد...

وێنەی ئەم ئەزموونە بەکەڵکە بۆ زانستە کۆمەڵناسییەکان، بە نموونە کەڵکی ڕاستەوخۆی هەیە لە کاتی خەملاندنی قەبارەی جەماوەری بەشدار بوو لە چالاکییەك لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، یان سیاسییەکاندا. وەك نموونە لە جێبەجێکردنی ڕەخنەی مێژوویی تەقلیدی لەسەر یەکێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان باس ئەکەین، ئەویش ئەوەیە کە (ڕێندهان) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد کاتێك شیکاریی هەڵوێستی زانایانی زانستی مرۆڤناسی (ئەنسروبولوجیا) لە مەسەلەی خواردنی گۆشتی مرۆڤدا کرد، بۆی دەرکەوت ئەگەر لە هەندێك لە کۆمەڵگەکاندا بەڵگەگەلێکی بڕواپێهێنەر لەو بارەوە لەسەر بوونی ئەم خووە هەبووبێت، ئەوە لەوێدا ژمارەیەك نموونە لە ئەدەبی تایبەت بەو بابەتەوە هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پشت بە شایەتێك، یان دوو شایەتی هەندێك گەڕیدە دەبەسترێت، بەوردی لە کاتی پشکنیندا دەرئەکەوێت شاهیدەکە قسەی کەسانێك ئەگێڕێتەوە کە ئەوانیش لە خەڵکانی تریان بیستووە... لەسەر ئەمە پێویستە دڵنیایی لە ڕاستی هەر نموونەیەکی (ئەنسروبولوجیا) بکرێت، کە پەیوەندیی بە کۆمەڵگاکانی ئەندونیسیاوە هەیە، کە ئەو زانستە گومان ئەبات لە ڕابردوودا ئەو کۆمەڵگایانە گۆشتی مرۆڤیان خواردووە... کەلوپەلەکانی پۆلیسی نهێنی و پارێزەر، کە لە جێبەجێکردندا هەندێك بەڕاستی بە کەلوپەلی مێژوونووسی تەقلیدییان چواندووە، بەتایبەت لە زانستە نائەزموونییەکاندا کە بوارێکی فراوانیان لە جێبەجێکردندا هەیە، بە شێوەیەك چارەسەری بەڵگە بەردەستەکان ئەکات، محاڵە، یان گرانە جارێکی تر پێکەوە بلکێنرێتەوە.[1]

[1] Ibid, 103 105.

# بۆچوونی ئەزموونگەرایی بۆ مێژوو

هەندێك لە مێژوونووسان بۆ ئاسانكردنی كاری مێژووسازی، لە ڕێگەی پێچێكی كەوانەییەوە هێمایان بەكار هێناوە، سەری كەوانەكە دوو لقی لە خۆی گرتووە: لقی یەكەم بۆ ناسینی مێژوونووس ڕێڕەوی خۆی لەناو عەقڵكارییە ڕۆشنبیری و بنچینە كۆمەڵایەتییەكانی مێژوونووسەوە ئەگرێتە بەر،[1] لقی دووەم ڕووەو بەڵگەنامەكان (ڕەخنە ـ ڕاڤە ـ میتۆد)ە... لێرەدا لە كاتی بەكارهێنانی زانستە ئەزموونییەكاندا هەموو گۆڕانكارییەكی كردەیی ئەبێتە هاوتایەكی لۆژیكیی بەهێز، مێژووزان بە عەقڵ و ڕۆشنبیرییەوە ئەبێ پرسیاری ورد لەسەر ( بچووكترین بەڵگەنامە) بكات ـ ئەو وردەكارییە یەكسانە بە ئەزموونكردن. لە پرۆسەی ئەو ئەزموونەی پەیوەندیی بە بەڵگەنامەكەوە هەیە (ڕاستیی مێژوویی) ئەبێتە بەرهەمێكی مەبەستدار.[2]

ڕاستییەكەی باشترین نموونە لەسەر وێناكردنی ئەزموونی كردەیی ـنەك میسالیـ بۆ مێژوو ـئەو میتۆدەیە كە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و چارەكی یەكەمی سەدەی بیستـ بڵاوبوونەوەی دەنگی دایەوە ئەویش كتێبەكانی: هـ. ج. وەلز (هربرت جورج ولز ـ ١٨٦٦/ ١٩٤٦) بوو... كە باشترین نموونەن لەسەر وێنای ئەزموونی، بەتایبەت كتێبەكەی: (*معالم التأريخ الإنسانية* the outliene of history) ئەو بایەخی بە لێكۆڵینەوەی سەرهەڵدانی بوونەوەر و زەوی و دەركەوتنی دیاردە جۆراوجۆرەكانی ژیان لەسەر زەوی داوە، ئەو لەم كارەیدا وەكو وێنەگر،

---

[1] هـ. ا. مارو، عن المعرفة التأريخية، ترجمة: جمال بدران، الهيئة المصرية العامة للكتاب،، ص٢٤٥.

[2] د. حسن عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١.

یان پەیکەرتاش ئەکات، کە دەست ئەبات بۆ (شیکاری) لاشەی مرۆڤ، یان ئاژەڵ تاوەکو بتوانێت ئەوەندەی لە توانایدایە بە جوانترین شێوە وێنەکە بکێشێت، یان پەیکەرەکە دروست بکات، پاشان (ویلز) مێژووی گەلان و نەتەوە و شارستانییە جۆراوجۆرەکان پلە بە پلە بە باسکردنی مێژووی گەل و نەتەوە و شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا سەردەمی تازە کە پێی ئاشناین ئەهێنێت، بەشبەشبون و دووردرێژیی مێژووی مرۆڤایەتی[1] ئەخاتە پێشچاو و وای پیشان ئەدات ئەوە یەکەیەکی پێکەوەلکاوە، (ویلز) لە سەرووی (پێشەکییەکەیەوە) بڕگەیەکی لە (راتزل) وەر گرتووە کە وتوویەتی: "فەلسەفەی مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی شایەنی ئەو ناوەیە، پێویستە ئەو فەلسەفەیە پڕ بێت لە قەناعەتی تەواو کە هەموو بوون (الوجود) فیکرەیەکی سەربەخۆیە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی یەك یاسا پشتیوانیی لێ ئەکات و ناگۆڕێت".[2]

(ولز) ئامانجی کتێبەکەی بەم شێوەیە ڕوون کردۆتەوە، کە بە ڕاستی و ڕوونی هەوڵێکی نووسەرە بە ئاڵقەیەکی پێکەوەلکاو چیرۆکی ژیان و گشت مرۆڤایەتی بەو شێوەیەی ئێستا باوە لەناو خەڵکیدا بگێڕێتەوە... پرۆسەکە وەکو خەڵکی ئێستا بۆی دەچن (فەلسەفەی مێژوو) نییە، بەڵکو کتێبێکە لە (مێژووی گشتییدا). لەگەڵ ئەوەشدا دانی بە تەوژمە دانەبڕاوەکانی مێژوودا ناوە و مافیانی پێشێل نەکردووە، ئەو وای دانەناوە لە جووڵەدا مێژوو گەشەکردنەکەی تاکلایەنە درێژ ئەبێتەوە، بەڵکو چووەتە باسی ماوەی جیاجیای گەلانێکەوە زۆربەی کات بەتەواوەتی ژیانیان بە سەربەخۆ لەوانی

---

[1] آلبان. ج. وید جری، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٦.

[2] آلبان. ج. وید جری، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٦.

تر بەسەر بردووە، (ولز) وا باسی هەر شارستانیەتێك لە شارستانیەتەکان دەکات: "بەبەردەوامی جێگیربوونی مرۆڤە لەسەر ناوچەیەکی زەوی، کە بەرهەمی هێناوە و خاوەندارێتیی کردووە هەمیشە لە خانووی نیشتەجێبووندا بووە لەگەڵ بوونی دەسەڵاتێکی گشتیی لە شارێکدا، یان لە قەڵایەکی هاوبەشدا".

دوای ئەوەی (ولز) بەڕاشکاوی ڕەتی ئەو بیرۆکەیەی کردۆتەوە کە ئەڵێت: "مێژووی مرۆڤایەتی پێش هەموو شتێك ئەنجامی هێزو و بارودۆخی سرووشتییە"، ئەڵێت: "مێژووی مرۆڤایەتی لە ناوەرۆکدا کۆمپلێتی مێژووی فیکرەکانە"... بە تەنیشتی پەرەسەندنی مەعریفە و حوکمی سیاسییەوە ولز دان بە ڕۆڵی ئاییندا دەنێت: "ئایین شتێکە لەگەڵ پەیوەندی و کۆمەڵەبوونی مرۆڤەکاندا گەشەی کردووە، هەر وەکو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییش لە سایەی ئاییندا گەشەی کردووە، هەر وەکو مرۆڤ خوای دۆزیوەتەوە و زیاتریش دەیدۆزێتەوە"... ئەو ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە "سەرەتای شارستانیەت و دەرکەوتنی پەرستگا بە درێژایی مێژوو دوو شتی پێکەوەئاڵاو بوون، هەردووکیان شانبەشانی یەك ڕۆیشتوون، سەرەتای سەرهەڵدانی شار قۆناغی پەرستگایە لە مێژوودا"... لەگەڵ ئەوەشدا دەری بڕیوە "مێژووی مرۆڤایەتی لە پێشبڕکێدا بووە لە نێوان پێگەیشتن و فەتارەت و کارەساتی کتوپڕدا". ئەو لەگەڵ ئەوەشدا، باوەڕی خۆی نیشان داوە کە "جیهان بەرەو پێش ئەچێت و بەردەوام لە پێشکەوتندا ئەبێت".

لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەندێك شوێنەوار، بە خواستە (گەشبینە) سەرەتاییەکەیەوە ماوە، بەڵام ئەو بەرەو ڕەشبینی ملی نا، کە وای ئەبینم لە کۆتاییدا گەیشتووە بەو قەناعەتەی مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی هەر

کاتێك گەیشتبێتە چڵەپۆپە بەهۆی فەتارەت و کارەساتە یەك لەدوای یەکەکانەوە کەوتۆتە دۆزەخی لەناوچوونی تاهەتاییەوە[١].

ئێستا ئەبێ ڕووبەڕووی بابەتێکی زۆر بەبایەختر ببینەوە: مێژوو بەو ئیعتیبارەی لە چاخە جۆربەجۆرەکاندا بوارێکی دیاریکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، ئەتوانێت لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا چ بەشدارییەك بکات، کە ئەویش دووبارە بایەخ بە داهاتوو و ڕابردووی ئەم بابەتە ئەدات؟ بە شێوەیەکی گشتی ئەم بایەخپێدانە لەگەڵ هەموو زانستەکانی تردا هاوبەشە، چەند گرێیەك ئەبێت ئەم زانستانە بایەخ بە ڕەهەندی مێژوویی ئەدەن، ئەم بوارە تەنها تایبەت نییە بە هەردوو زانستی زیندەوەرزانی و زەویناسی (جیۆلۆجیا)وە، ماوەیەکی زۆرە هەردووکیان دوو زانستن بە گۆڕانکاری و پەرەسەندن ناسراون، بەڵام ئەویش دووبارە زانستی فیزیایش ئەگرێتەوە کە ئێستا بەشێکی گەورەی لەسەر مێژووی بوونەوەر جێبەجێ دەکرێت... تایبەت بەم بابەتە زانستە سرووشتییەکان خۆیان لە میتۆدی ئەزموونی تەقلیدی بەدوور گرتووە، چەند دیاردەیەك هەیە وەك (جووڵە)، (لاچوونی کیشوەرەکان)، زانستە سرووشتییەکان لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن، ناکرێت لە کارگەکان پشتگوێ بخرێن، یان دووبارە پێکهێنانەوەی بۆ بکرێت،[٢] هەندێك دیاردەی تر ناتوانرێت لە پەرەسەندنیاندا دیقەت بدرێن، بەڵکو ئەبێت لە ڕێگەی تێبینیکردنی زانستی

[1] Ibid, 181- 186.

٢ لەبەر ئەوەی جووڵەی سرووشتی، یان جووڵەی کیشوەرەکان دووبارە ناکرێنەوە. وەرگێڕ.

جوانناسییەوە (ئەستاتیك)[1] بۆ نموونە (وەکو مێژووی ژیانی ئەستێرەکان) ئەنجامی وەربگیرێت، یان لە ڕووی بیردۆزەوە سەرلەنویێ پێکهێنانی ژیانی ئەستێرەکان بە ڕەچاوکردنی هەندێك لە گریمانەکانی (وەکو ئەو بیردۆزانەی تایبەتن بە هەندێك لەو ڕووداوانەی لە چرکەی یەکەمی دروستبوونی بوونەوەردا ڕوویان داوە) ئەوە بە پێچەوانەی ئەوەی زانستە کۆمەڵناسییەکان ماوەیەکە حەزی لیێ ئەکەن، هەر وەکو بەراوردێکی زمانەوانی، کە لە ساڵی ١٨٨٠ ئەنجام درا، شایەتیی بۆ ئەدات.

لە ساڵی ١٩٨٠ زانستە سرووشتییەکان پەنایان بردە بەر خۆدوورگرتن لە بواری مێژوویی و پەرەسەندنی بنەڕەتی (التطور الاصلی)، کە ماوەی سەدەیەك بوو کاریان تێدا ئەکرد، دوایی بەزۆری پەنایان بردە بەر تەنها بیردۆزەی پەتی و شیکاری ئەستاتیکی، کە دەرکەوتووە ئەو دووانە لە سنووری خۆیاندا بەرهەمدارن.

لەسەر ئەمە چەند نموونەیەکی گشتیی ئامادەکراو، هەندێك کات گرنگن، وەکو وێنەی شیکاریی هاوکێشە لە ئابووریدا و چەند بابەتێکی جۆربەجۆر لە (البنیویة[2] النفعیة) لە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و زانستی

---

[1] زانستی ئێستاتیکا، فەلسەفەی هونەر و جوانی، بابەتی لێکۆڵینەوەکەی لەو حەقیقەتەوە وەردەگرێت کە وا خەڵکی بەردەوام حوکم بەسەر ئەو شتانەدا ئەدەن بەوەی کە جوانترینە، ناسکترینە، قەشەنگترینە، سەرنجڕاکێشن، یان دزێوی و گاڵتەپێکردن. (وەرگێڕ).

[2] هەر دیاردەیەکە، مرۆڤایەتی بێت، یان ئەدەبی، بنچینەیەکی بێلایەنی هەیە، ئیزافە بکرێتە سەر هەر قوتابخانەیەك، واتای ئەو وەردەگرێت، ئەبیێ بە بێلایەنی فیکر و عەقیدەی توێژەر (هەرچەند ئەم دەستەواژەیە جێگەی تێبینییە، بەتایبەت بوونیەویەتی سیکۆلاریستەکان) لێکۆڵینەوە ی لیێ بکرێت و بگەڕێنرێتەوە سەر بنچینەکەی، ئەم بیردۆزەیە ئەگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی کۆنت، کە تەنها باوەڕی بە دیاردە هەستەوەرەکان هەیە. وەرگێڕ.

زماندا... لەگەڵ ئەم پەرەسەندنەدا دوو جۆرە مەترسی پەیدا بوون، مەترسیی یەکەم: نموونەکان بە گریمانەی: ((یەکسانکردنی سەرجەم هاوشێوەکان) بە ئومێدی گەیشتن بە ڕاستی لە ڕێگەی ئاسانکردنی ئەو گریمانانە، یان ڕێکخستنیان تایبەت کران بە چەند ڕەگەزێکی گشتی و پەتییەوە، بەڵام زانایانی مێژوو و (هەموو مرۆڤێك) ئەزانن کە (سەرجەم شتەکان یەکسان نین)، واقیعی کۆمەڵایەتییش بەنیسبەت زۆربەی ئەو نموونانەوە زۆر ئاڵۆزن، ناتوانیت وەکو پێویست وەسفی بکەیت، یان شیکاریی بۆ بکەیت، ئەو یارییانەی دوو کەس ئەنجامی دەدەن، کە لەپێناویاندا چەندین بیردۆزەی وەرزشەوانیی جوان داڕێژراوە، کەم وا هەیە ڕووبەڕووی چەند هەڵوێستێکی واقیعی خاوەن سوودی ستراتیژی بێتەوە، مەترسیی دووەم: نموونە حیساب بۆ گۆڕانکاریی سەر مێژوو ناکات، زۆر جاریش بە مەبەستەوەیە، هەر وەکو لە حاڵەتی (بوونیەویەتی) لیفی شتراوسدا، لەوانەیە ئومێدی وا بێت لە شیکاریی ئەستاتیکی ئەسڵدا ڕەگەزێکی دینەمۆیی بکوژێنێتەوە... بەڵام زانایانی مێژوو هەموویان و (زۆربەی خەڵکیش) ئەزانن ئێمە لە ئابوورییەکدا ناژین هەنگاو بەرەو ئابوورییەکی جێگیر بنێت.

ئابوورییە ناجێگیرەکان ئەوانەن بەلای زانایانی مێژووی ئابوورییەوە گرنگن، هەر بیردۆزەیەك ڕەچاوی ئەو هێزانە نەکات کە کار ئەکات بۆ ئاڵۆزیی کۆمەڵگەکان، یان ئابوورییەکان، یان ئەو هێزانەی کار ئەکەن بۆ ئارامی و جێگیریی کۆمەڵگە، هەرچەند بەشێکی سەرەکیی ئەو زانستەش بێت، ناتوانێت زانستێکی کۆمەڵناسیی دروست بێت. ئەگەرچی ئەو هێزانەی هەمیشە کار ئەکەن بۆ ناجێگیریی هاوکێشەکان بە ڕۆیشتنی کات خودی ئەو

هێزانەن کۆمەڵگەکان ئەگۆڕن، واتە پێش هەموو شتێك ئەو هێزانە بە لای مێژووە گرنگن.[1]

لەسەر ئەم بنەمایە مێژوو بە ڕەچاوکردنی ئەوەی زانستێکە بایەخ بەو جۆرە کۆمەڵگایانە ئەدات، لە ڕووی وەرچەرخان و ئاوێتەبوون و کۆبوونەوەیان لەگەڵ یەك زۆر ئاڵۆزن... لە واقیعدا مێژوو بایەخێکی گەورە بەو شتانە ئەدات کە زانستەکانی تر (بەتایبەت ئەزموونگەرایی و بیردۆزەییەکان) لەبەر ئەوەی ئەوان وەکو مێژوو بایەخ بە جیاوازییەکانی جیهانی واقیع نادەن، دەیانەوێت لە بواری چالاکیی خۆیاندا دووریان بخەنەوە، وەکو دوورخستنەوەی دیاردەیەك پێویستە لە کارگەیەکدا لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، یان داڕشتنی گشتی و هەمەلایەنەی بیردۆزەیەك، مێژوو پێویستی بە بیردۆزەی گشتییە، هەر وەکو بە مەبەستی شیکاری و ئەزموونکردن پێویستی بە تەکنیکی هاوشێوەی تەکنیکی داڕنینی ڕووداوەکان و ئەزموونکردنیان هەیە، لە هاوشێوەی بەراوردکردنی حاڵەتگەلێك بە ڕێگەیەکی بەرنامەبۆدانراوی میتۆدی، یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەرژمێریی هەندێك دیاردە، وەکو گواستنەوە لە کۆمەڵگەکانی پێش سیستەمی سەرمایەداری بۆ کۆمەڵگەکانی سەرمایەداری، یان لێکۆڵینەوە لە ڕێڕەوەکانی پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری، ئەبێ مێژوو پێش هەموو شتێك بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر ئاستی چەند بیردۆزەیەکی تر بکات، ئەوەندە گشتگیر نەبێت.

(ماددییەتی مێژوویی) (شێوازی بەرهەمهێنانی پێداویستییە ماددییەکان) ئەکاتە بنچینەی گۆڕانکاری و (ململانێ چینایەتییەکانیش) ئەکاتە ڕێگەی

---

[1] Ibid, 191 – 197.

ئەو گۆڕانکارییە، لە ماددییەتی مێژووییدا هەر ئەوە نییە تەنها هۆکاری ئابووری دابنرێت بۆ ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی مێژوو، بەڵکو هەندێك هەیە لە مێژووی ئابووریدا ئەنووسن و باوەڕیان بە ڕاڤەی ئابووری هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەو شێوەیەی (مارکس) دایڕشتووە باوەڕیان بە ماددییەتی مێژوویی نییە، باوەڕیان بە ململانێی چینایەتییش نییە، لەوانە پرۆفیسۆر (هرنشو c.hernshaw)، ئەو وای ئەبینێت هەموو ئەو بیرمەندانەی هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەکەن، لەو بیروباوەڕە زیادەڕەوییەی مارکس دایڕشتووە لایان داوە.[1]

مارکس ئەیزانی داڕشتنی ئامرازەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە وێنە گشتی و گشتیگرەکەی لە ڕێگەی چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە وەکو لە (هەماهەنگیی نێوان هێزی ماددی و پەیوەندیی بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا) خۆی دەبینێتەوە بۆ دەسگرتن بەسەر ژینگەی سرووشتیدا بەس نییە، بەڵکو دووبارە لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە شیکاری بۆ ئەو زانیارییە جۆراوجۆرانە بکرێت و بۆ چەند قۆناغێکی پەرەسەندنی دیار و بۆ چەند کۆمەڵگە و بارودۆخێك پێناسە بکرێت.

لەوێدا جگە لەمەش سنوورگەلێکی زۆر هەیە ئەکرێت بە مەبەستی شیکردنەوەیان لە دیاردەکان دوور بخرێنەوە، ئەتوانین بڵێین مێژوو زانستێکە کۆمەڵێك شتی نایەکسان ئەگرێتەوە، ناشکرێت گریمانەی یەکسانی بۆ دابنرێت، مێژوو داوای شیکارییەك ناکات ئەو ئامرازانە ڕوون بکاتەوە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لە گۆڕانکاریدا هەیە، ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندندا پەیدا ئەبن، بەڵکو دووبارە

---

[1] غانم عبدة، نقد الاشتراكية الماركسية، ص١٩٨ — ٢٠٠.

داوای ڕاڤەکردن بۆ ئەو ئەنجامە جۆرییانەش ئەکات، بە هۆی گۆڕانکارییەوە پەیدا بوون، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە داوای چەند ڕاڤەیەك سەبارەت بە ئەنجامی جۆری گۆڕانکارییەکە ئەکات، واتە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە دیاریکردنی شوێنی (أ) بۆ چی بەدوایدا شوێنی (ب) دێت، بەڵام شوێنی (ج)، یان (د) نایەت، یان غەیری ئەوانە نەهاتوون هۆکاری نازانرێت، لەوانەیە ئەو ئاستەی لای ئەو ڕووداوەکان، یان چەند بڕیارێکی دیار کار ئەکەنە سەر بارودۆخی (ئاستی مێژوویی ڕووداوەکان) نەگونجێت لەگەڵ ڕاڤەکردنێکی هەمەلایەنەدا، لەگەڵ ئەوەی گشتاندن ئەو سنوورانە دائەنێت ڕێگە بۆ ئەو ڕووداوانە خۆش ئەکات لە ناویاندا هەندێك کاریگەری دروست بکات، وەکو لینین بە شەخسی خۆی بەشداریی لە شۆڕشی ڕووسیادا کرد، یان مردنی ستالین، بەڵام زانستە سرووشتییەکان و زانستە کۆمەڵناسییەکان بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بەم ئاستە نادەن، کە ئەتوانین ئێمەش لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەم باسەماندا ناگونجێت بیخەینە لاوە، لە لایەکی تریشەوە، بە چەند دەستەواژەیەکی گشتی کۆسپ لە بەردەم توێژینەوەکەدا دروست ئەکات... لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لەسەر ئاستێکی لەمە بەرزتر پێویستە ئەنجامە جۆرییەکان شی بکرێنەوە... هەندێك پرسیار هەیە کردنی لە مێژوودا دوور نییە، بۆچی ئەڵمانیا نەك بەریتانیای مەزن، لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا بوو بە فاشی؟ بۆچی شۆڕشی پیشەسازی لەباتی سەدەی حەڤدە، یان نۆزدە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا ڕوویدا؟.

بە تەبیعەت لە هەر زانستێکدا پەیوەندیی بە مێژووە هەبێت، بەدەر لەو ئاستەی ناچارە ڕاڤەی هەندێك ڕووداوی تێدا بکات ئەم پرسیارانە سەر دەردێنێت، هەرچەند لەوێدا هەندێك زانستی تر هەیە، بەلای کەمەوە بە

شێوەیەکی بەشەکییش بێت، ناچارە هاوشێوەی مێژوو کار بکات، وەکو زانینی کەشوهەوا، ئابووری، بەناچاری بە لانیکەمەوە لەبەر چەند هۆکارێکی کردەیی ڕووبەڕووی هەندێك بابەتی لە شێوەی: دۆخی کەشی سبەینێ لە فرۆکەخانەی لەندەن، یان ئەو پەرچەکدارانە چین لەسەر ئابووریی هەندێك پرۆژە، یان وڵات، یان جیهان لە ئەگەری ڕوودانی کودەتایەك لە شانشینی عەرەبیی سعودی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەر زانستێك پەیوەندیی بە گۆڕانکاریی مێژووی ئاڵۆزەوە هەبێت، پێویستە ئەو زانستە بیردۆزە گشتییەکەی بە دیقەت و ڕاڤەگەلێکی زۆر وردتر تەواو بکات، جگە لە حاڵەتێکی وەکو ـ زانستە بوونەوەرییەکان (الکومولوجیا) ـ کە چوارچێوەیەکی تایبەت و ئاستێکی گشتاندن، کە ئەو دوو هۆکارە چاوپۆشیی لێ ئەکەن، بۆیە ئەبێ هەر لە سەرەتاوە پێش دەستپێکردنی ئەگەری هەموو گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، وەکو ئەنجامێکی پێویستیی پرۆسەکە بخاتە پێشچاو، کە چەند هێزێکی بنەڕەتیی وەکو زانستی فیزیا و جیوفزیا، (زانستی سرووشتی زەوی) پەرەسەندوو ئەیبەن بەڕێوە، ناکرێت بەگشتی قەناعەت بە پێناسەی ئەو پرۆسەیە بکات، کە بۆ پێناسەی ڕاڤەی لاچوونی کیشوەرەکان ئەیکات، ئەو بەنزیکی هەوڵی شیکردنەوەیان ئەدات، بۆچی و چۆن کیشوەر و ئۆقیانووسەکان جێگەی ئێستایان هەیە. زانایانی بیولۆجیای پەرەسەندوو ئەوانەی نایانەوێت بە شێوەیەکی گشتی ڕاڤەی پەرەسەندن بکەن، بەڵکو ڕاڤەی سەرهەڵدانی دەیناسوورەکان و نەمانیان و پەرەسەندنی باڵندەکان، یان شیردەرەکان (جگە لەمانەش لە جۆرەکانی تر)... بە هەمان شێوە، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی مێژوویی ئەبنەوە، لە چاو بیردۆزەی

هەڵبژاردنی سرووشتییدا بەگشتی پێویستی بە ڕاڤەکردنێکی زۆر وردتر هەیە... لەوێدا بەکردەیی ماوەی توێژینەوە هەیە، بابەتی تەکنیکیی هەردوو زانستی هەڵکۆڵین و شوێنەوارەکانی پێش مێژوو تێکگیران لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بەڕاستی وێنەی ئەم جۆرە زانستی پەرەسەندنە، وەکو نەریت بە چەند ڕاڤەیەکی گشتی قەناعەت ئەهێنن جێگەی ڕەزامەندیی زانایانی مێژووی مرۆڤایەتی نییە، جاری وا هەیە ئەو زانستانە بەو قسەیە واز دێنن، کە جۆرێك لە زیندەوەرەکان پەرەیان سەندووە، چونکە ئەو پارچەیەکی ژینگەیی (دۆزیوەتەوە) هیچ جۆرە زیندەوەرێکی تری لێ نەبووە، لە کاتێکدا زانایانی مێژوو بۆ نموونە، کە بایەخ دەدەن بە سەرهەڵدانی کۆچکردنی بەشێك لە بازرگانە لوبنانی و سوورییەکان بۆ ڕۆژئاوای ئەفریقیا و چەند بەشێك لە ئەمریکای لاتینی بە نموونە پێویستیان بە زانینی هۆکاری ئەوە هەیە بۆ ئەوان هەستاون بە کۆچ بۆ ئەو شوێنانە لەناو گەل و نەتەوەکاندا گریکەکان و جووەکان ویستوویانە ئەو پارچەیە لە ئابووریی ناوچەکە بەکار بێنن و چەند شتی تر لە هاوشێوەی ئەمە... لەوانەیە تا ئەندازەیەك ئەم کێشەیە کێشەی سەرچاوە و بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوەکان بێت... وێنەی ئەم بابەتانە ناکرێت بە وێنەی بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوەکانی زانایانی هەڵکۆڵین وەڵام بدرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بابەت و بەرنامە و چارەسەرە مێژووییەکان ناوەستنە سەر زانستی مێژوو، بەڵکو بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوە مێژووییەکان لە زانستە نامرۆڤایەتییەکاندا ڕۆڵ ئەبینن، نموونەی ئەمە گەورەترین بەڵگە لەسەر لاچوونی کیشوەرەکان، بە گوێنەدان بە شێوەی کەنارەکانی ئەمریکای باشوور و ڕۆژئاوای ئەفریقیا، مێژوو بە دابەشبوونی ناباویی هەندێك لە جۆرە

ئاژەڵە وشکانییەکان  لە چەند سەدەیەکی جیاجیادا، هەڵی داڕشتنەوەی سەرتاپای وێنەی خەریتەی جیهانی لە چاخە جیاجیاکاندا سازاندووە.

لەم ساڵانەی دواییدا چەند ڕێڕەوێك دەرکەوتن، وای بۆ ئەچوون ئەرکی مێژووە میتۆدێك، یان چوارچێوەیەك بۆ پێشبینی (التکهن) ئامادە بکات، هەمیشە مێژوو بایەخ بە داهاتوو دەدات، ئەگەر ئەو داهاتووە پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕابردوویەکی دوورەوە هەبێت: وەکو پەیوەندیی سەدەی نۆزدە بە سەدەی هەژدەوە... زانایانی مێژوو ئەوانەی شیکاریی ئەو ئەنجامانە ئەکەن لەسەر شۆڕشی پیشەسازی کەڵەکە بووە، چەند نموونەیەك بۆ داهاتوو دائەڕێژن، لە بەرچاویان وا دیارە هیی کاتێکی ڕابردووی دیاریکراو بێت،  ئەو نموونانە بە بەرانبەرکردن بە ئەنجامگەلێکی جێگیری تۆماکراوەکان تاقی دەکەنەوە، ئەوان بە سرووشتی دۆخەکە ڕاستیی ئەنجامەکان ئەزانن، ئەکرێت بوترێت لەوێدا جیاوازییەك لە نێوان ڕاڤەی سەرکەوتنی ئەرجەنتین لە جامی جیهانی کۆتایی بۆ تۆپی پێ و لە نێوان گرەوکردن لەسەر ئەوەی لە داهاتوودا کێ جامەکە ئەباتەوە هەیە... بەڵام پرۆسەی زەینی لەو بارەیەوە یەك سرووشتی هەیە، لە سەرووی ئەوەشەوە ئەبێ شیکاریی مێژوویی زۆربەی لەسەر گواستنەوەی لە دۆخێکی گرێکوێرەی ڕابردووەوە بێت بۆ حاڵەتی گرێکوێرەیەکی تر لە داهاتوودا، شیکاری (ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی) تەنها هۆکاری ئابووری، یان تەکنۆلۆژی لەخۆی ناگرێت و بەس، بەڵام دووبارە جگە لەوانەش کاریگەریی ڕەگەزەکانی و ڕێکوپێکی و ڕۆشنبیرییش لەخۆ ئەگرێت.

پێویستە (پێشبینی)ی مێژوویی هەوڵ بدات سرووشتی کۆمەڵگەی بورجوازی تازە و کەرەستەکانی لە هەموو دیاردەکانیدا ڕاڤە بکات، بەو

لێكدانەوەیەی ئەو بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییە، ئەركی زانایانی مێژووە جیاوازی بكەن لە نێوان ئەو ئەنجامانەی كە پێشبینیكردنی لە هەردوو ڕووی بیرۆدەزیی و كردەییدا لە توانادا نییە، لە نێوان ئەوەی  لە ڕووی بیردۆزەییەوە ئەكرێت پێشبینی بكرێت و هەوڵی دیاریكردنی بواری هەردوو جۆرەكە بدەن،  هەروەها لە توانایدا هەیە میتۆدی پێشبینیی مێژوویی پەرە پێ بدەن بە شێوەیەك بۆ زانینی هۆكار شیكاریی ئەنجامەكان بكەن، لەوێوە دەری بخەن ئەنجامی شیكارییەكان، یان پێشبینییەكان بەكردەیی ڕاست نەبووە، دەستنیشانی هەر خاڵێك بكەن وا دەرنەچوو، وەكو وێنەی شیكاریی سنوور و ئەنجامی ڕێڕەوەكانی پەرەسەندنی  سەرمایەداری كە ماركس پێشبینیی كردبوو، ئەبێ شیكارییەكە بە جۆرێك بێت لێوەی تەماشای ڕابوردوو بكرێت... ئەتوانن لە نێوان نموونەكاندا ئەو نموونانە هەڵبژێرن كاریگەرییەكی گەورە و ماوەیەكی بەرفراوانیان هەیە... لەو نموونانەی كاریگەرییان لەو كەمترە.

بێگومان هەموو ئەمانە كارێكی زۆر ئاڵۆزن و گرفتی زۆر قەبە سەبارەت بە سرووشتی ڕاڤە و بیردۆزەكان ئەورووژێنن،  سەبارەت بە پێوەرەكانی هەڵبژاردنی نموونەكان (لەنێویاندا سنوور و پێناسە كەسایەتی و مێژووی ئەو دەستنیشانكردنە) و سرووشتی پیاچوونەوەكە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شتانە لەگەڵ هاوشێوەكانیان لە زانستە كۆمەڵناسییەكاندا جیاوازییان نییە، لەبەر ئەوەی بەرنامەی شیكاریی مێژوویی خاوەن بایەخێكی جەوهەرییە بۆ زانستە كۆمەڵناسییەكان،  كە زانستی كۆمەڵناسییش دووبارە لەبەر خاتری پێشبینییەكانی پێویستیی بەو جۆرە بەرنامەیە هەیە، كە بەدڵنیاییەوە ئەو پێشبینییانەش زۆر شاراوەن.

# بەشی حەوتەم

## بەرەو میتۆدێکی ئیسلامی بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو

کەس نکوڵی ناکات ئیسلام ـ وەکو بزاڤێکی مێژوویی ـ یەکەم بووە لە دیاریکردنی بیری مێژوویی لە جیهاندا و (مرۆڤی) بەرەو گشتگیریی ڕێنموونی کردووە، هەروەها کردوویەتی بە چەقی مێژوو، مسوڵمانانیش لەژێر ڕێنماییەکانی ئیسلامدا یەکەم بوون ڕێگەیان گرتە بەر بۆ (بەرزترین هەنگاو لە کاروانی ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتیدا)، کاتێك گشتیگرییان کردە (پێوەر) بۆ بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیری.

ئیسلام لەسەر ڕووی هەموو گۆی زەوی لە بانگەوازەکەیدا ڕووی کردۆتە هەموو مرۆڤایەتی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ [الأنبياء: ١٠٧] ، واتە: (ئێمە بۆیە هەر تۆمان نارد کە بەزەیی و چاکە بی بۆ هەموو خەڵکی دونیا) دووبارەی فەرموودەی خودای باڵادەست هاتووە: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاّ كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ [سبأ: ٢٨] . واتە: (ئێمە تۆمان هەر بۆیە نارد کە بۆ گشت خەڵکی سەر زەمین، مژدەدەر و ترسێنەر بی)، مێژوو بەتایبەت مێژووی پێغەمبەران و بەسەرهاتەکانیان لەگەڵ مرۆڤایەتیدا لە قورئاندا پانتاییەکی گەورەی گرتووە، لەسەر ئەمە کاتێك مێژوونووسە مسوڵمانەکان، لێوانلێوبوون لە ڕێنماییەکانی قورئان، هاتوون (لە سەرەتای درووستبوونەوە) وێنەی گەشەکردنی مرۆڤایەتی لە هەموو مەزرا و گۆڕەپانەکاندا بکێشن، تا ئەو کاتەی هەریەکێك لەوان زیندوو ئەکرێنەوە.[١]

[١] عبداللطيف شرارة، سەرچاوی پێشوو، لا ٥: لا ٦.

**قورئانی پیرۆز... لە توێژینەوەی مێژووییدا میتۆدێکی تێروپڕە:**

بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ بەناو میتۆدە هاوردکراوەکاندا بگەڕێین؟ کاتێك قورئانی پیرۆزمان لەبەردەستدایە، کە بنەمای (میتۆدێکی) تێروپڕ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا پێشکەش دەکات، هەروەها کار دەکات بۆ گواستنەوەی ئەم هەڵسوکەوتە لە قۆناغی نمایشکردن و کۆکردنەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو یاسایانەی دیاردە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان بەڕێوە دەبەن.

قورئان بە بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوە مێژووییەکانیەوە، دێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بجووڵێنێت بەرەو ئەو ئامانجانەی، کە ئیسلام دایناوە، ـ لە هەمان کاتدا ـ بە تاك و کۆمەڵ دووریان بخاتەوە لەو هەڵدێر و پێچوپەنایانەی چارەنووسی دەیان، بەڵکو سەدان لە گەل و نەتەوە و میللەتانی تێدا چووە.

بۆ توێژینەوەی مێژوویی بۆ لەناو میتۆدە هاوردەکاندا بگەڕێین؟ کاتێك (میتۆدی قورئانمان) لایە، کە دووپاتی ئەکاتەوە (مێژوو) بایەخە پۆزەتیڤەکەی بەدەست ناهێنێت، مەگەر کاتێك نەبێت بکرێت بە مەیدانێك بۆ لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە، بۆ ئەوەی بەها و یاسای لێ وەربگیرێت، کە هیچ بەرنامە و پلاندانانێك بۆ ئێستا و داهاتوو بەبێ ڕێنماییەکانی ئەو سەر ناگرێت. بۆ بیرمان لەوە نەکردۆتەوە، میتۆدی قورئانی لە توێژینەوەکانماندا پیادە بکەین... لە کاتێکدا ـ نەك تەنها گێڕانەوە و باسی هونەری، کە ئەوە تەنها شێوازێکە، یان توێشەبەرەیەکی زمانەوانییە ـ بەڵکو هەمیشە ئەو (جووڵە) ئەکاتە ئامانج لە نمایشکردنی مێژوودا؟ بۆ؟ ئایا (جووڵە) ئامانجی

ئایدۆلۆژییەکانی سەردەم نییە؟ کە ـ بە نمرەیەك، یان یەکێکی تر ـ چاڵی و چۆڵییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ڕێك کردۆتەوە؟.

بەڕاستی جێگەی سەرسووڕمانە، (مێژووناسانی ماددیی) هاوشێوەی هیگڵ و شەبەنغلەر و مارکس ئەبینین، لە ڕاڤەکردنیاندا بۆ مێژوو، چەندێك زیادەڕۆییان کردووە، زیادەڕۆیی خەیاڵیان لە (پێشبینی) بۆ داهاتوویەکی نادیار لەسەر لاپەڕە بێکۆتاکانی مێژوو کردوە، لە کاتێکدا ئەوان دروستکراوێکی قوڕینن کە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر داهاتووی خۆیاندا نییە، لە هەمان کاتدا پێشبینییە (گەوج و ناماقووڵە)کانیان ئەنووسن... بەڵکو ئەوەی لە هەمووی زیاتر جێگەی ئەبڵەق بوونە، پێشبینییە ناماقووڵەکانیان ناو لێناوە (میتۆدی زانستی). لە کاتێکدا ئەبینین قورئانی پیرۆز کە لە ـعیلمی کامڵی خودا پێکهاتووە، کە بینینەکانی ڕووداوەکانی هەموو زەمان، بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتۆوە ئەگرێتەوە ـ لە پێشبینییە مێژووییەکانیدا زیادەڕۆیی نەکردووە، ئەوەی هێناویەتی بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، چونکە ئەو کتێبی ڕێنمونی و عەقیدەیە، نەهاتووە کتێبی پێشبینییەکان بێت.

ـدوای ئەم هەموو ڕوونییە لە گەورەیی میتۆدی قورئانیدا، پرسیار دەکەین... بۆ (هەندێك) لە مێژوونووسەکانمان لە چوونەناو ڕێڕەوی میتۆدی ماددییەوە کۆڵ نادەن؟ بۆ ئەوەندە ڤیرسیچمەیی ئەکەن؟ جا ئەو میتۆدانە ماددی بێت، یان ئەزموونی؟ یان میتۆدە هاوردەکانی تر بێت؟

دوای ئەوەی بۆ زانایان و توێژەرانمان دەرکەوت ئەو وێنەیەی سەبارەت بە مێژووی ئیسلامی ئێستا لەبەردەست لاوانمان و قورتابیانی قوتابخانەکانمان و زانکۆکانماندایە، لەژێر سایەی داگیرکەردا دروست کراوە،

هەر لە سەرەتاوە لەو وڵاتانە پێکهێنراوە کە لەلایەن داگیرکەرەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، ئەو وێنەیە نموونەیەکی باڵا نییە، بۆیە لە ئێستادا بانگەشە کردن بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئیسلامیی بەرز بۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وێنەیە لە بنەڕەتدا لە وڵاتانێکدا، لەژێر سایەی داگیرکەردا سەوز بووە، دوای ئەوەی ئەو وڵاتانە لە دەوڵەتی دایک، واتە دەوڵەتی عوسمانیی لێ کرانەوە. ئەو کاتە ڕەنگی بنەڕەتیی بۆ مێژوو داڕێژرا، ئەوە بوو ئەو مێژووەی ئەوان ئەیانویست ئەوە بوو ئەبێ نووسینێکی خۆجێی پەتی بێت، بە شێوەیەك نووسینەکان مێژووی خودی ئیسلام بە ئامانج نەگرن، بەڵکو نووسینی مێژووی نیشتمان بێت، بۆیە ئەو نووسینانە بۆ گەلێك، یان زێدێك، یان وڵاتێك بوو پێگەی تایبەتیی ئەو مێژووە تازەیە، مێژووی کۆنی پێ بەرز کرایەوە، لاپەڕەکانی توندترین هێمای دووریی لە ڕەسەنایەتی و دیدی ڕاست و درووستیان پێوە دیار بوو، پایەی فیرعەونی، فینیقی، بابلی، ئاشووری، بەربەری، زەنجی، ئەوانی تری پێ بەرز کرایەوە.[1]

کاتێك باسی ئیسلامیش ئەکرێت، ئەوا بە سووکی و سادەیی ئەخرێتە پێشچاو، بە شێوازێك وای لێ وەرئەگیرێت نەتەوە و زێدەکان، لە ئیسلام گەورەترن، ئەو شوێنانەش کاتێك ئیسلامی تێچووە و خۆی لێ قاییم کردووە و دەستی بەسەردا گرتووە. هەندێك لە نووسینەکان بە داگیرکەرێکی وەکو فارس و ڕۆم، هەژماریان کردوون.

---

[1] ئەبوو نووسەر لەم ڕیزبەندییەدا باسی عەرەبچێتییشی لەبیر نەچووایە، عەرەبەکانیش وەکو ئەوان بانگەشەی گەڕانەوە بۆ قەحتانی و عودەی و قوصەی شانازی باوباپیران ئەکەن، یان ئەو عەرەب بە چەق دائەنێت و نەتەوەکانی تر لێی دەرچوون؟. (وەرگێڕ)

هەموو ئەمانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینە بنەڕەتییەی نووسینەوەی مێژووی لەسەر هەڵچنراوە، تێڕوانینێکی داگیرکەرانەی هاوردەکراو بووە، کاتێك لە هەموو لایەکەوە ڕوو کرایە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی مێژووی ئیسلام وا ئەخوێنرا، کە ئەوە مێژووی دروستکرنی دەوڵەتێك، یان ئیمپراتۆریەتێك بووە، پاشان پارچەپارچە بووە بۆ چەند دەوڵەتێك... کاتێکیش ئەخرایە پێشچاو، ئەوە لە ڕوانگەی دووبەرەکی و ململانێ تایبەتەکانی هەندێك پاشا و سەرکردە و دەسەڵاتدارەکانەوە ئەخرایە پێشچاو.

بینیمان مسوڵمانان چۆن بەو سەرمایە گەورەیەی کتێبەکانی مێژوو کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامەوە، تا سەردەمی ئێستامان کە تیایداین، دووپاتی دەکەنەوە چ بایەخێکی بێئەندازەیان بە مێژوو داوە... بەڵکو ئەوان نووسینەوەی مێژوویان پۆلێن کردووە بۆ چەند جۆرێك، لە لقەکانیدا چەندین جۆر هونەرسازییان کردووە، کە هەموو بوارەکانی چالاکیی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی گرتۆتەوە، هەر وەکو هەموو سەردەمە مێژووییەکانی هەر لە کاتی دروستبوونەوە، جا پێش دەرکەوتنی ئیسلام بێت، یان دوای دەرکەوتنی بێت، تا سەردەمی ئێستای گرتۆتەوە.

ئەم بایەخە گەورەیە لای مسوڵمانان بە مێژوو، کەم وایە وێنەی لای غەیری خۆیان لە گەلانی جیهان ببینین، کاتێك ویستی خودا وایە مرۆڤ تاکە دروستکراوێکە لە مێژووی خۆی تێدەگات، لە بەخشندەیی خوداش بەسەر مسوڵمانانەوە ئاوڕدانەوەیانە لە مێژووەکەیان و بایەخدانیانە پێی، لێرەوە ئەرکی سەر شانی مسوڵمانە پەند و ئامۆژگاری لە ئەزموونی ڕابردوویان

وەربگرن، هەر وەکو بەکردەییش لە سەردەمی سەرهەڵدان و گەشانەوەی شارستانیەتدا کردوویانە.

ئەکرێت بوترێت سەدەی سێیەمی کۆچی (نۆی زاینی) گەواهیدەرە لەسەر لەدایکبوونی بووژانەوەی شارستانیەتێکی تازە لە جیهانی ئیسلامیدا، هیچ (چاخێکی) پێشتر بووژانەوەی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو، بووژانەوەیەك لە ڕۆژهەڵاتدا خیلافەی عەباسی ئاڵاکەی هەڵگرتبوو، لە ڕۆژئاوای ئیسلامی (ئەندەلووس) ئەمەوییەکان بوون، خیلافەی عەباسی لەو کاتەدا پێگەیەکی ڕۆحی و سیاسییان لە جیهانی ئیسلامیدا هەبوو.

لەو کاتەدا چەند پایتەختێکی ئیسلامیی گەورە لە هەموو گۆشەیەکی جیهانی گەورەی وەکو فوستات، بەغداد، بەسرە، قورتوبە، کوفە، دیمەشق، فارس و شوێنەکانی تر تیشکی دابۆوە... بە ڕووناکیی مەعریفە و ڕۆشنبیری و زانست پشکوت، چەندین هەڵکەوتووی فیکر دەرکەوتن، کە زانست ناتوانێت گەمارۆیان بدات، کۆڕەو و کاروانی شارستانی، زانست، ئەدەب، بۆ لایان ئەهات، تا لێیان تێرئاو بن و لەسەر دەستیان ببن بە قوتابی... بەخشندەییان لە هەموو بوارێکدا ناوازە بوو.[1]

- چۆن وا نابێت کە زانایانی مسوڵمانان هەڵگری قورئانی پیرۆز بوون، کە یەك کۆمەڵ ئایەتی بەرز لەخۆ دەگرێت، ئەوانەی نیگای میتۆدی ئیسلامیان بۆ توێژینەوەی مێژوویی کێشاوە، ڕوونیان کردۆتەوە ئامانج لە هێنانی چیرۆك و مێژوو خستنەپێشچاو، هەر ئەو ئامانجەیە ئەکرێت لە هەموو خوێندنەوەیەکی چاکی زرنگیی تێگەیشتووانەی پابەند بە مێژووە پەیدا ببێت، ئەو چیرۆکانە بۆ ورووژاندنی بیری مرۆڤایەتییە، هاندانیەتی بۆ

---

[1] محمد عبدالمنعم خفاجی، الآخبار الگوال، لآبی حنیفه الدینوری، سبتمبر سنه ١٩٨٣، ص١٤٣.

پرسیاری هەمیشە، بۆ توێژینەوەی بێپچڕان لە ڕاستی، هەروەها پێشکەشکردنی پوختەی ئەزموونی هەموو مرۆڤایەتییە بۆ پەندلێوەرگرتن، ئەوانەش لەسەری ئەڕۆن خاوەنی کرۆکی ژیرین... پێشکەشکردنی بەڵگەیە لەسەر زانستی فراوانیی خودا، کە ئاگاداری ڕابردوو ئێستا و داهاتووی جووڵەی مێژووە.[1]

- چۆن وا نابێت زانایانی مسوڵمان هەڵگری قورئانی پیرۆز بوون، کە لە ئایەتەکانیدا نهێنیی یاساکان (السنن) و شاراوەکانی (النوامیس)ی تێدا خراوەتە ڕوو، کە جووڵەی مێژوو بەبێ هەڵە بەگوێرەی سەرو خواریی ئەو ئایەتانە ئەڕوات و لە ڕێگا (ورد و پوختەکەی) لا نادات، چونکە ئایەتەکان بە جێگیر و تەواو و بێ جێگۆڕکێ و نەگۆڕ ناوبانگیان دەرکردووە، چونکە ئایەتەکانی لە بنەڕەتدا لە داڕشتنی پێکهاتەی بوونەوەر و لە کرۆکی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان مرۆڤ و جیهاندایە.

قورئانی پیرۆز پەردەی لەسەر ئەو (سونەن و نەوامیسانە) لا داوە، بوون و قورسایی لە جووڵەی مێژوودا دووپات کردۆتەوە... ئەمە لە کاتێدا (مێژووزان) و بیرمەندان بەگشتی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا هەڵیتوپەڵیتیان وتووە، بەڵگە سەلمێنراوە مێژووییەکانی بەردەستیان تێکەڵوپێکەڵ کردووە ـتا سەدەی ڕابردووـ نەیانتوانی بگەن بەو یاسایانەی (السنن) جووڵەی مێژوو ئەبەن بەڕێوە و لێیان دڵنیا نەبوون، شیکاری و ڕاڤەکانیان بەگوێرەی ئاماژە و دەلالەتەکانی نەبردووە بەڕێوە... تا لەم دواییانەدا بیرمەندە ئەوروپییەکان نهێنیی (الناموس) جووڵەی مێژوویان دۆزییەوە ـئەمە ئەگەر بە تەبیعەتی حاڵ (ئیبنو خەلدوون)ی لێ دەرکەین، کە پێنج سەدە پێشیان

[1] د. عمادالدين خليل، المرجع السابق، ص١٥٥، ١٦٤.

کەوتووە- بەڵام ئەوان پێوەرە (نیسبییەکانیان) و خەملأندنە (جوزئیە)کانیان زاڵ کرد بەسەر جووڵەدا، بۆیە ڕێڕەوە فیکرییەکەیان تابیعێکی لەرزۆکی وەرگرت.[1]

بەڵام قورئانی پیرۆز لە زیاتر لە جێگەیەکدا بۆمانی دووپات دەکاتەوە سوننەتی خودا لە (مێژوودا) جێگیرە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی قەبارە و ڕۆڵی شارستانیی ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی لە ڕێگە لا ئەدەن، یان ئەندازەی دەسکەوتە ماددی و ئەدەبییەکانیان لە خەملأندندا چەندە، یان پێوانە و پانتایی و قەبارەیان چۆنە، بەبێ جیاوازی بەسەریاندا جێبەجێ دەبێت.

- چۆن وا نابێت ڕاڤەی ئیسلامی بۆ مێژوو جیایە لە هەموو ڕاڤەکانی تر، بە جۆرێك ئەو پانتاییەکی بەرفراوان بۆ ـڕابردوو و ئێستا و داهاتووی- مەودای غەیبی تەرخان دەکات و ئەیکات بە یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی باوەڕبوون بەو خودایەی کە چاو دەرکی ناکات و بە وەحییەکەی کە ڕێنماییەکانی ئاسمان و بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوەکانی ئەو وەحییە وەکو باوەڕبوون بە خودا، بە زیندووبوونەوە، بە لێپرسینەوە، بە پاداشت، لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانیەوە ئەگوازێتەوە بۆ مرۆڤایەتی؟

خودای پاك و بێگەرد بەخششەکانی خۆی کە بەگوێرەی نهێنییە سرووشتییەکان دادەبەزن، بە دادگەرانە ئەیبەخشێتە گەل و نەتەوەکان، بەڵام ئەو دەستە و کۆمەڵانەی خراپ ڕەفتاری تێدا دەکەن، کەڵەگای و زۆرداری دەکەن، زۆرداری و ستەمەکەیان بەرەو بێباوەڕی و دەرچوون لە ئایین و یاخیبوون لەسەر یاسای بوونەوەر و داهێنەرەکەی ئەبەن، ئەوە تۆڵە بۆیان لە چاوەڕوانیدایە... لە ئایەتەکانی قورئاندا دووپاتکردنەوەی

---

[1] د. عماد الدين خليل، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٥، ١٦٤.

هەمیشەیی و بێبڕانەوەی پاداشت لەسەر کردارەکان لە ئاسمان و زەویدا هەیە. لە هەموو هەڵوێستەکاندا بەرانبەر هەموو بابەتە بنەڕەتییەکان قورئان لە بنچینە گشتگیر و هاوسەنگەکانیەوە کە زانیاریی ئەو دەوری هەموو شتێکی داوە، کە فەرامۆشی و زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمی ناکات، وەکو دۆخی میتۆدە دەستکردەکان شپرز نابێت.

ئیسلام لای مسوڵمانان بە شێوەیەکی سرووشتی سەری هەڵداوە، بە شێوەیەکی سرووشتی لەناو بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان و لەو ژینگەی یەکەم جاری ئیسلامیدا دەرکەوتوە و هەڵقولاوە... لای ئەوان لەو کاتەدا مێژوو لەسەر بنەمای گێڕانەوەی دەماودەم بناغەی دانا، جێگەی سەرسووڕمان نییە بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری پێش هاتنی ئیسلام و سەرەتای چاخی ئیسلامی لە لایەك، سرووشتی کۆمەڵگەی خێڵەکی لە شوێنە عەرەبنشینەکان و باو و نەریتی ئەو کاتەی کۆمەڵگە وەکو خۆهەڵکێشانی تاك و هۆزەکان بە وەجاخزادەیی خۆیان و خزموخوێشەوە لە لایەکی تر، وایان کردبوو زۆرێك لە عەرەبەکان سوور بوون لەسەر گێڕانەوەی وەجاخزادەیی خۆیان و هۆزەکانیان و شکاندن و ئابڕووبردنی ناحەز و نەیارەکانیان... بە گێڕانەوەی دەماودەم، قسەکانیان لەم نەوە بۆ ئەو نەوە ئەگواستەوە... ئەوەش زیاتر بازاڕەکەی گەرم کردبوو لەناو هۆزە عەرەبەکانی نیشتەجێی بەشی باکووردا ئەو خەبەر و باسانە بوو کە بە ناوی (ڕۆژگاری عەرەب) ناسرابوو، ئەویش بریتی بوو لە گێڕانەوەی ئەو خەبەر و باس و شەڕانەی لەنێو هۆزە جیاجیاکاندا ڕوویان دابوو.

لەگەڵ ئەوەی ئەو خەبەر و باسانە ئەندێشە و ناڕوونی و نەبوونی وردەکارییان تێدا بوو، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر سەرهەڵدانی

زانستی مێژوو هەبوو، لەسەرپێوەستانی ئیسلام نەك هەر لەناوی نەبرد، بەڵكو نووسەرە مسوڵمانەكان لە بەرەبەیانی ئیسلامدا و لە سەدەی یەكەمی كۆچیدا، زۆرێك لەوانەی دەربارەی وڵاتی عەرەبی باكوور نووسیبوویانەوە، لەویٚ وەریان گرتبوو، كە تا ئاستێكی گەورە نەسەبی عەرەبی پاراستبوو.

بەڵام ئەو هەواڵانەی لە سەرچاوە عەرەبییەكانەوە دەربارەی عەرەبی باشوور ئەیزانین، بنچینەكەی گێڕانەوەی دەماودەمە كە لەگەڵ ئەوەی یەمەن بنكەی شارستانییەتێكی كۆن بوو... بەڵام ئەو هەواڵانە لە ناوی هەندێك پاشا و چەند بەسەرهاتێك سەبارەت بە چاخەكانی پێش سەدەی یەكەمی كۆچی تێناپەڕێنێت، كە ڕەنگی ئەفسانەبوونیان بەخۆیانەوە گرتبوو... بەڵام ئەوەی دەربارەی سەدەی كۆتا پێمان گەیشتووە، درێژترە و وردەكاریی زیاتری پێوە ئەبینین.[1] هەروەها هۆنراوە كۆكراوەیەكی مێژووی ژیانی عەرەبی پێش ئیسلام و تۆمارگەیەكی مێژووی ڕۆژانی ڕابوردووی خۆهەڵكێشان و بەخۆنازینی عەرەب پێك دێنێت... عەرەب بیرتیژییان وا بوو كە قەصیدە و هۆنراوە و هەڵواسراوەكان (المعلقات)ی نەفامیی پێش ئیسلام و هەروەها فەرموودەكانی پێغەمبەریشیان لە دوای ئیسلام پاراستبوو، باش لە دڵیاندا مۆر بووبوو، مێشكیان وەری گرتبوو، نەوە لەدوای نەوە پارێزگارییان لیٚ كردبوو.

ئەوەی زیاتر لە لەبەركراو و هۆنراوەكانی عەرەب تیایدا ئەسووڕایەوە ڕەچەڵەك و باووباپیرانیان بوو، كاتێك دەمارگیریی ئینتیما پەلكێشی ئەكردن، ئینتیما هەستكردن بە ئارامیی تێدا دروست كردبوون، كەسی عەرەب خۆی لە پەنای ڕەچەڵەك و بنەماڵەدا پاراستووە، بۆ هەر شوێنێك

---

[1] سيدة اسماعيل كالشفا، مصادر التأريخ الاسلامي ومناهج البحث فيه، ص١٢.

چووبایە لە پەنای دەمارگیرییەکەیدا بوو، تەنانەت ئاژەڵ و کەلوپەلیش وەکو مرۆڤەکان پارێزگاریی دەمارگیرییان هەبوو، زۆر جار لە نێوانیاندا بە هۆی ئاژەڵ، یان کەلوپەلەوە شەڕێك بەرپا دەبوو، جەنگی بەسووس لە نێوان هەردوو هۆزی بەکر و تەغەللوبی کوڕی وائیلدا بە هۆی حوشتری پیرەژنێکی سەر بە بەکرەوە بوو بە ناوی بەسوس، زۆرێك لە هۆنراوەکانیانی تێدا وترا، شەڕی داحس و غەبرا لە نێوان عەبس و زوبیانی کوڕی بەغیصی کوڕی ڕیسمی کوڕی غەتەفاندا، بە هۆی گرەوێکەوە بوو لە نێوان داحیس و غەبرادا، کە دوو ئەسپی هاوشان بوون، کامیان پێش ئەوی تر ئەکەوێت کە چلساڵی خایاند، لەو بارەوە چەندین هۆنراوەی عەنتەرەی عەبسی لە شاعیرەکانی موعەللەقات لە بارەی سوارچاکیی عەرەبەوە لەو ڕۆژگارەدا هەر ماوەتەوە، چیرۆکەکانیش پڕن لە پاڵەوانبازییەکانی ئەو[1].

لەو سەردەمەی هەواڵزانەکان خەبەر و باسیان گێڕاوەتەوە، هۆنراوە داستانی درووست کردووە، هەر لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە شاعیر لە خەلیفەوە نزیك بووە و پیایدا هەڵداوە، هەروەها شاعیر بەناوی دەسەڵاتی خەلیفەوە قسەی کەردووە و خەڵکی هۆنراوەکانیانی لەبەر ئەکرد و ئەیانگێڕایەوە، کاتێك لە ڕووداوێك، یان بەسەرهاتێکی سەردەمی نەفامی، یان ئیسلامدا هۆنراوە ئەخوێنرایەوە، ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو ئاوی چاوی ئەبرد، لێرەدا زۆرێك لە هەواڵزان و گێڕەرەوەی غەزا و بەسەرهاتەکان ئەبینین گوێیان لە هۆنراوە ئەگرت و بەشدارییان تێدا ئەکرد، بە تەنگی گێڕانەوەیەوە بوون، کە چێژی دەروونی و حەسانەوەی دڵیان تێدا ئەبینی، هەندێك لەو هەواڵزان و گێڕەرەوانە لە چوارچێوەی ئەو هەواڵەی کە

---

[1] د. حسين فوزي النجار، التأريخ عند العرب، مقال نشر بمجلة الفيصل،فبراير ١٩٨٠، ص٢٠.

ئەیانگێڕایەوە  ئەچوونە دەر، بۆ بابەتێکی کتوپڕ کە پێشخستنی شاعیرێك بوو لەسەر شاعیرێکی تر، یان بەراوردی نێوان دوو شاعیر بوو، وەکو مێژوونووس عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکری حەزم کردوویەتی، کە ساڵی ١٣٥ك، مردووە، کاتێك لە بەسەرهاتێکی درێژدا کە ئەبولفەرەجی ئەصبەهانی لە کتێبەکەیدا (الأغاني) گێڕاویەتیەوە حەسانی کوڕی سابیتی لە شاعیری ئەمەوی فەرەزدەق بە چاکتر زانیوە،  ئەم بایەخدانە بە هۆنراوە لەلایەن ڕاوی، یان مێژوونووسەوە وتەکەی مێژووزان محەمەدی کوڕی موسلیمی کوڕی شیهابی زوهریمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٢٤ك، مردووە، کاتێك لە بارەی ژیاننامەی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر بێت) ئەدوا، پاشان کەمێك ئەحەسایەوە و ئەیوت: "هۆنراوەکانتان بێنن گوێچکە لە هەموو ئەو شتانە تێناگات ئەیبیستێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەفس حەزی لە قسەی خۆشە".

لێکۆڵینەوەی هۆنراوەی عەرەبی بەتایبەت کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و نەحوو و نهێنییەکانی ڕەوانبێژی، هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێگە بوون بۆ زۆرێك لە هەواڵ و ڕووداوگەلێك پەیوەندیی بەو هۆنراوەیەوە و موفرەداتی زمان و پەخشانی هونەری ئەدەبییەوە هەبووە. لە دەسکەوتنی ئەو هەواڵانەدا کەرەسەی سەرەتایی مێژوو پێکهاتووە، کە خزمەتی گرنگی بە مێژوونووسان کردووە، لەم لایەنەوە دووبارە سرووشتییە لە نێوان زمانزانە گەورەکان و ڕاوییەکاندا کەسانێك ببینین لە هەمان کاتدا هەواڵزانی دیار بوون نموونەی ئەوانە بەتایبەت:

ئەبو عوبەیدە (ساڵی ٢١١ك/ ٨٢٦ز) مردووە، قوتابیی عەمری کوڕی عەللا بووە، کە ئاگاداریی لە هەموو زانستە عەرەبییەکاندا هەبوو، هەر وەکو

جاحیز و ئەبولفەرەجی ئەصبەهانی و ئیبنو نەدیم، لەسەر ئەوە کۆکن ئەو: "بە ڕۆژگاری عەرەب و هەواڵیان و هۆنراوە و ڕەچەڵەك و زمانیان زاناترین کەس بووە". چەند کتێبێکی لە مێژوودا نووسیوە، زیاتر بایەخی زمانەوانیی بەسەریدا زاڵە، هەر وەکو لە عەیبلێگرتن و ناوزڕاندن و شانازیکردن و خەبەر و باسدا نووسیویەتی. لێرەدا ئەبینین هۆنراوە بە ئەندازەی جیاجیا تێکەڵ بە نووسراو و گێڕانەوەکانی سیرەی پێغەمبەر و (دروودی خودای لەسەر) غەزاکانی بووە.

دووبارە لێرەدا هەواڵزانێك لە قوتابخانەی کوفە و خەڵکی ئەویَ ئەبینین ئەویش (نەسری کوڕی مەزاحیم)ە، ڕووداوی صیفین ئەگێڕێتەوە، گێڕانەوەیەکی دڵهەژێن، پڕە لە هۆنراوە، هەواڵزان بە بەڵگە ئەیهێنێتەوە، وای پیشان ئەدات ڕێکخستنی خاوەنەکەیەتی، یان خۆیان ئامادەی ڕووداوەکە بوون... لە کتێبی (صیفین)ی نەسری کوڕی مەزاحمدا، هۆنراوەی زۆری تێدایە، بە ئەندازەیەك ڕەخنەگران کەوتوونەتە گومانەوە لە ڕاستییان، هاتوونەتە سەر ئەو ڕایەی ئەوە هۆنراوەی خەڵکی ترە و لەوێدا دانراوە.

کاتێك کتێبی صیفینی ئیبنو مەزاحیم ئەخوێنیتەوە، پاڵەپەستۆ و زۆرانبازیی هۆنراوەیە، وەکو بەیەکدادانی پاڵەوانبازیی ئەفسانەیی، ئەوە چیرۆکێکی ئەفسانەییە بە تێهەڵکێشکردنی هۆنراوە بەم شێوەیە ویستوویەتی کتێبەکەی ببێتە مەیدانی هەستجووڵاندن و ڕقهەستان.

قسە لە بایەخپێدانی خاوەن غەزا و ژیاننامە و هەواڵ و پەیامە مێژووییەکانی سەرەتا، بە هۆنراوە و خستنیە ناو گێڕانەوەکانیانەوە، ئەمانبات بۆ قسەکردن لەسەر نووسینەوەی مێژوو بە هۆنراوە، ئەوەی باوە پەخشان ـبێسەروا بێ، یان سەروادار بێتـ لای مێژوونووسە مسوڵمانەکان

ڕێگەی نووسینەوەی مێژوو بووە، چونکە پەخشان ڕێگەیەکی سرووشتییە بۆ لێکدانەوە و نووسینەوە... لەبەر ئەوەی هۆنراوە ڕێگەیەکە بەندە بە کێش و قافیەوە، نابێ لە نووسینەوەی مێژوودا پەنای بۆ ببرێت.... لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە مێژوونووسە مسوڵمانەکان ئەبینین لەباتیی پەخشان پەنایان بۆ هۆنراوە بردووە، ئەوان لەرینەوە (الرجز) یان هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوەی گوێدرێژی شاعیرەکانە و ئاسانترینی جۆرەکانی هۆنراوەیە.

ئیبنو نەدیم خاوەنی (الفهرست) باسی سەدان کتێبی ئەو نووسەرانەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەنزیکی هەمووی زایە بووە، جگە لە چەند کتێبێك هیچیان لەبەردەستماندا نەماون، یان ئەوانەی مێژوونووسەکان وەکو تەبەری و مەسعودی و ئیبنو عەبد ڕەبە و ئەبی فەرەجی ئەصبەهانی خاوەنی کتێبی (الاغانی)، لێیانیان وەرگرتووە و لە کتێبەکانی خۆیاندا دایانناوە. وا دەردەکەوێت هۆنراوەی مێژوویی لەگەڵ حەزی دەروونی مێژوونووسە شاعیرەکاندا ڕێك کەوتبێت، مێژوونووسی ئەدیبی ئەندەلووسی ئیبنو عەبدە ڕەبە، خاوەنی کتێبی (العقد الفرید)مان بینییەوە کە لە پیاوانی سەدەی چواری کۆچییە، هۆنراوەیەك لەسەر مێژووی خەلیفە عەبدولڕەحمان کوڕی محەمەد، گەورەی مسوڵمانان لە ئەندەلووس دادەنێت و لاسایی هۆنراوەکەی ئیبنول موعتەزی پێ ئەکاتەوە.

سەدەی پێنجی کۆچی هۆنراوەیەکی مێژووییمان بۆ تۆمار ئەکات کە مێژوونووس ئەبوتالیبی کوڕی عەبدولجەباری شاعیر، هۆنیویەتییەوە کە بە موتەنەبی ئەندەلووس ناسراوە، وەکو چۆن ئەبولتەیب لە ڕۆژهەڵات ناسراو بوو، مێژوونووس ئیبنول بەسام خاوەنی کتێبی (*الذخیرة*) بەم شێوەیە بە تانوپۆی ئەو هۆنراوەیەدا هەڵی داوە، کە ئەڵێت: "هۆنراوەیەکی لە مێژوودا

هەیە، شتی سەیری تێدا وتووە، لەوێدا بەنەرمی تێگەیشتنی خۆی دەر بڕیوە، دامەزراوی و ئاگاداربوونی لە جۆرەها زانستدا پیشان داوە"، هەرچەندە هۆنراوەکە درێژە، ئیبنول بەسام بەتەواوی لە (*الذخیرة*)دا تۆماری کردووە، هەرکەس حەزی لە خوێندنەوەیەتی بچێتەوە بۆ ئەویٚ.

صەفەدی ئەدیب و مێژووزان، هۆنراوەیەکی بە ناونیشانی (تحفة ذوي الألباب) هەیە کە باسی دەسەلاتدار و حوکمڕانەکانی دیمەشقی هەر لە کاتی فەتحەوە تا سەردەمی نووسەری تێدایە، کۆڕبەندیی زمانی عەرەبی لە دیمەشق، لە کتێبێکدا بە ناوی: (أمراء دمشق في الاسلام) بە چاپی گەیاندووە.

هەندێك شاعیری تر هەیە، هەندێك ڕووداو و بەسەرهاتی مێژووییان بۆمان داڕشتووە، کە داڕشتنەکە داهێنانێکی هونەری و ئەدەبیی پێوە دیارە، وەکو ئەوەی لای شاعیرە کۆنەکان دەستمان ئەکەوێت کە قسەیان دەربارەی (ڕۆژگاری عەرەب) لە نەفامی و ئیسلامدا کردووە، یان وەکو ئەوەی لە هۆنراوەی موتەنەبیدا لە پیاهەڵدانی بە سەیفولدەولەدا، یان بەیەکگەیشتنی مسوڵمانان لەگەڵ ڕۆمدا دەستمان ئەکەوێت، وەکو ئەوەی لە هۆنراوەی شاعیر (ئیبنول هانیئی ئەندەلووسیدا) ئەیبینین، بەتایبەت لە باسکردنی هاتنی عوبەیدییە فاتیمییەکان بۆ گرتنی میسر، یان وەکو ئەوەی لە هۆنراوەی مەحموود سامی ئەلبارودیدا ئەیبینین، کە وەصفی هەندێك لە جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەکات، کە خۆی تێیدا بەشدار بووە، یان وەکو ئەوەی لە هەندێك لە قەصیدەکانی شەوقیدا، کە لە جەنگەکاندا وەصفی کەشتیگەلێکی دەوڵەتی عوسمانیی لە دەریای ناوەڕاست و لەشکرەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات، کە سەردەمی شاعیری گەورەمان بووە.

قورئانی پیرۆز کەرەستەیەکی مێژوویی گرنگی پێشکەشمان کردووە، بەس ئاماژە و سەرنجێکی خێرایە بە ناونیشانی چیرۆك: ﴿ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْقُرَى نَقُصُّهُ عَلَيْكَ مِنْهَا قَائِمٌ وَحَصِيدٌ﴾ [هود: ١٠٠] . واتە: (ئەوەی باس کرا بەسەرهات و دەنگوباسی شارەکانی ڕابردووە، هی وایان هەیە ماوە و بەپێوەیە، هی واشیان هەیە وەك دەغڵودانی دروێنەکراو، هەر شوێنەواری ماوە). ﴿كَذَلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ مَا قَدْ سَبَقَ وَقَدْ آتَيْنَاكَ مِنْ لَدُنَّا ذِكْرًا﴾ [طه: ٩٩] . واتە: (ئاوەها دەنگوباسی ڕابردووت بۆ ئەگێڕینەوە، بێگومان لەلایەن خۆمانەوە قورئانمان پێداوی).

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ﴾ [یوسف: ٣] واتە: (ئێمە جوانترین چیرۆك و بەسەرهاتت بۆ ئەگێڕینەوە). لەگەڵ ئەوەی مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە پەند و ئامۆژگارییە وەکو: ﴿أَلَمْ يَرَوْا...﴾ [الأنعام: ٦] ، ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِ...﴾ [الفجر : ٦] [١]. بەڵام بۆ حەزکردن لە زانیاریی زیاتر قورئان، چەند جوان لەو بەسەرهات و چیرۆکانەدا پوختی کردۆوەتەوە، هەروەها دەرگایەك لە دەرگاکانی شارەزایی دینی کردۆتەوە کە مێژووی لێوە چۆتە ژووریٚ.

بەدڵنیاییەوە باسکردنی ئەفسانە و (أساطیر)ی پێشینەکان لە قورئانی پیرۆزدا بەزۆری مەبەستی ئەفسانەی پڕوپووچ نییە، بەڵکو ئەوەی قورئان باسیان دەکات، هەیانە ئەوە ئەگەیەنێت لای خەڵکی نووسراوە، واتە تازە نییە، بەڵکو مێژووییەکی پێشترە و زانراوە، ئەویش ئەوە ئەگەیەنێت نەفامەکان زانیویانە، پەیوەندییەك لە قورئان و بیری ئاینیی پێشوودا هەیە، هەروەها کەشی قورئانی بەئاشکرا پڕە لەو بابەتە، قورئان بەسەرهات و کاروبارێکی مێژوویی ئەگێڕێتەوە

---

[١]. هەردوو ئایەتەکە سەرنجراکێشانی مێژووی تێدایە، بە ئاوەڕدانەوە بۆ ڕابردوو. وەرگێڕ.

که کتێب لەو بارەیەوە هەیە، خەبەر و باسەکەی نووسراوە.[1] هەروەها ئیسلام لە هاندانی مسوڵمانانداشوێنەوارێکی گەورەی بە بایەخدان بە مێژوو و پەرەسەندنی نووسینەوە مێژووییەکان هەیە، تا مسوڵمانان لەو مەیدانەدا سەرووی گەلانی تر کەوتوون.

مسوڵمانان بەتایبەت هاوەڵان (ڕەزای خودایان لێ بێت)، پاراستنی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەریان (درودی خودای لەسەر) لا مەبەست بووە، سوورەتەکانی قورئانی پیرۆزیش ئەگەڕێتەوە بۆ دوو ماوە: ماوەی مەککەیی پێش ساڵی ٦٢٢ی ز، ماوەی مەدینەیی لە پایزی ساڵی ٦٢٢ز تا هاوینی ٦٣٢ز، ئەو ماوەیە لە ساڵی یەکەمەوە درێژ ئەبێتەوە تا ساڵی یازدەی کۆچی پیرۆز، تێبینی ئەکەین پێگەی مسوڵمانان لەو دوو ماوەیەدا جیاوازن، لە یەکەمدا کەمایەتییەکی چەوساوە بوون، لە دووەمدا وردە وردە دەسەڵاتیان فراوان بوو، تا بوون بە دەسەڵاتداری مەدینە، پاشان بەرەهایی بوون بە گەورەترین هێز لە دوورگەی عەرەبیدا.

قورئانی پیرۆز لەنێو ئایەتی سوورەتە ڕوون و ئاشکراکانیدا، مێژووی خەبەر و باسی عەرەب لە پێش ئیسلامدا بەتایبەت باسی هەندێك هۆزی عەرەبی کۆنی وەکو عاد و سەموود، جگە لە بەسەرهاتی پێغەمبەران بابەتی لافاوی بەخوڕی داماڵەر (سیل العرم) و بەسەرهاتی لوقمان و هاوەڵانی فیل و هەندێك خەبەر و باسی پاشاکانی یەمەن لەخۆ دەگرێت... لەو سوورەتە

[1] لێرەدا مەبەستی نووسەر وشەی (أساطير) و (مسطور)ە، لە قورئاندا کە واتای نووسین دەگەیەنێت، لە قورئاندا (أساطير الأولين) تەنها بە مانای خورافە و پڕوپووچی نایەت، بەڵکو مانای نووسین و نووسراویش ئەگەیەنێت. وەرگێڕ.

قورئانییانەی مێژووی عەرەبە کۆنەکانی تێدا هاتووە: سوورەتی ئەلبەقەرە، ئالیعیمران، ئەلنیساء، ئەلکەهف، ئەلحاقەیە.

ئەوەی شایانی باسە شوێنەوارە دۆزراوەکان کە زۆربەیان لە مێژووی تازەی هاوچەرخدا تەواو ئەنجام داون، -هەرچەند دوای پاڵپشتی فەرموودەی خودا پێویست بە پشتیوانیی تر ناکات- دووڕستیی ئەوانە ئەسەلمێنن کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتوون، بەتایبەت قورئانی پیرۆز لەو بابەتە مێژووییانەی ئاماژەی پێ کردووە سەبارەت بە هەندێك هەواڵی عەرەبە کۆنەکانە، ئەمە لای ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕاستیی پشتبەستن بە قورئانی پیرۆز دووپات دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان لە مەیدانی مێژوودا بە بەهانەی ئەوەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە گێڕانەوەیەکی کورتە، یان دیاریکردنی شوێن و کاتی تێدا نییە، ئەوان پشتبەستنیان بە کتێبە پیرۆزەکان پێ خۆش نییە، لە هەمان کاتدا ئەوان لە ڕاڤەی ئەو هەواڵە مێژووییانەدا پشت بە ڕاجیایی ڕاڤەکاران و لێکدەرەوانی قورئان دەبەستن.[1] بە هەرحاڵ دەرخستنی شوێنەوار بە چاودێریی دامەزراوە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەکان، بەبێ وچان لە ئەوپەڕی کار و چالاکیدان، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، ئەنجامەکانی لەگەڵ ئەوەی کتێبە ئاسمانییەکان -بەتایبەت قورئانی پیرۆز- دەربارەی بابەتە مێژووییەکانی چاخەکانی پێش ئیسلام هێناویانە یەك دەگرێتەوە، جا ئەو شوێنەوارانە هیی پێش مێژوو بێت، یان لەناو ساتەکانی مێژووی کۆندا بێت.

ئەوەی تێبینی ئەکرێت قورئانی پیرۆز تیشك دەخاتە سەر ئەو کێشە زۆرانەی ڕووبەڕووی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بوونەوە، هەروەها ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە سەرەتای بانگەوازەوە بەرۆکی ئیسلامیان

---

[1] د. سید اسماعیل، کاشف، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦ .

گرتبوو... گومانی تێدا نییه لـه قۆناغـەکانی یەکەمـدا قورئـانی پـیرۆز تاکـه سەرچـاوەیە بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـەرهەڵدانی ئیسـلام و گەشـەکردنی تـا فـەرموودەی خـودای باڵادەسـت جێبـەجێ بـوو: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ [المائـدة : ٣] واتـه: (ئەمڕۆ ئایینەکەتانم تەواو کـرد بۆتـان، چـاکە و بـەهرەی خـۆم بەتـەواوەتی ڕشتووە بەسەرتاندا، ئیسلامیشم بە دینی ئێوە هەڵبژارد).

پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر)، ئـەوەی بـە نیگـا بـۆی ئـەهات ئەیپاراست، هەر وەکو دوای ماوەیـەك بـۆ نووسـینەوە ئـەوەی لـە مەککـە و مەدینە بە وەحی بۆی دەهات پشتی بە نووسەرەکانی هاوشـێوەی: زەیـدی کوڕی سابیت، ئوبەیی کوڕی کەعب، دەبەست، ئـەو نووسـەرانە لەسـەر ئـەو کەرەستانە ئەیان نووسییەوە لەو کاتەدا لەبەردەستیاندا هەبوون وەکو:

- (العُسُيب) : کۆی (عسيب)ە پەلکی خورمایە.
- (اللخاف): بەردە تەنکەکان، کۆی (اللخفة)ەیە.
- (الرقاع): پێست، یان گەڵا، کۆی (رقعة)یە.
- (القراطيس): گەڵایە، کۆی (قرطاس)ە.
- (كسر الاكتاف) پارچە شان، کۆی (كتف)ە، ئیسقانی حوشتر، یان مـەڕ کە وشکە بێتەوە، لەسەری ئەیان نووسی.
- (قطع الاديم) پارچە پێستی غاراو .
- (الاقتاب) کۆی (قتب)ە، کۆپان، یان ئـەو تەختـەدارەی لەسـەر پشـتی حوشتر دادەنرێت.

دوای وەفاتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، بۆ پاراستنی فـەرموودەی خودا ئەبوو قورئان کۆ بکرایەتەوە، ئەو سەرچاوانەی قورئان لە ڕێگەیانـەوە کۆ

کرایەوە ئەوانە بوون بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر)، نووسرابوونەوە، هەروەها ئەو لاپەڕە تایبەتانەی هەندێك لە هاوەڵان لە مەککە و لە مەدینە نووسیبویان، یان ئەوەی لە سنگیاندا پارێزراو بوو، وای کرد هەموو قورئان کۆ بکرێتەوە، خودای باڵادەست ڕاست ئەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ [الحجر: ٩ ] واتە: (ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوار، هەر ئێمەش دەیپارێزین).

قسەی پەسەند ئەوەیە، یەکەم کۆکردنەوە قورئانی پیرۆز دوای مردنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر)، لە ژیانی ئەبوبەکری سدیقدا بوو، ڕیوایەت کراوە عومەری کوڕی خەتاب، دوای کوژرانی بەشێکی گەورەی قورئانزانەکان لە جەنگ لەگەڵ موسەیلەمەی درۆزندا شەهید کرا بوون، ترسا لەوەی قورئانزانەکانی تریش لە جەنگەکانی تردا شەهید بن و قورئان شتێکی لێ زایە ببێت، بۆیە پێشنیاری کۆکردنەوەی قورئانی بۆ ئەبوبەکر کرد و قەناعەتی پێ هێنا، زۆربەی ڕیوایەتەکان ئەڵێن ئەبوبەکر ئەوەی بە زەیدی کوڕی سابیت نووسەری وەحی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) سپارد، زەید لەو سوورەتانەی لەسەر پەلکی خورما و تەختە بەرد و پێستە و پارچە پەڕەی جیاجیا و سنگی خەڵکیدا بوو کۆکردنەوەکەی تەواو کرد، کاتێك لێ بۆوە، ئەو نوسخەیەی دا بە ئەبوبەکر، ئەبوبەکریش بۆ عومەری جێ هێشت، ئەویش وەکو خۆی لای حەفصەی کچی و هاوسەری پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) داینا، بەڵام کۆکردنەوەی قورئان بە شێوەی یەکجارەکی لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا تەواو بوو، خوا لە هەموویان ڕازی بێت.[١]

[١] سيدة اسماعيل كاشف، المرجع السابق، ص١٧.

## ڕۆڵی فەرمووده و سوننەت لە نووسینەوەی مێژوودا :

فەرمووده پایەدارەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، دوای قورئانی پیرۆز کتێبی خودا و دەستووری مسوڵمانان، لای مسوڵمانان بەتەواوەتی لکاوه بە سەرهەڵدانی مێژووه... لە بنچینەدا مەبەست لە وشەی (الحديث) هەواڵه (الخبر)، یان (گێڕانەوەی دەمییه) لە بابەتێکی ئایینی، یان دونیاییدا بێت، پاشان لە ئیسلامدا واتایەکی تایبەتیی وەرگرت، کە وای لێ هات قسەکانی پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەر)، لەخۆ گرت، بەڵام وشەی (السُنة) مەبەست پێی ڕاپەڕاندنی ڕێگەی کاری ئیعتیادی و باوه کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانه.

ئەم وشەیە لای عەرەبی سەردەمی نەفامی ناسراو بووه، مەبەستی ئەو نەریتانەیە ئەوان پێوەی پابەندن، کاتێك ئیسلام هات بوو بە خوو نەریتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، واته ئەوەی کردوویەتی، یان پێی قایل بووه، یان بنیویەتی کراوه و ڕێگریی لێ نەکردووه.

فەرمووده (الحديث) ئاماژەیە بۆ وته، (السنة) ئاماژەیە بۆ کردار، جاری وا هەیە سونەت فەرموودەش ئەگرێتەوه، وەکو لە وتەیەکی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا دەردەکەوێت کە ئەڵێت: (لەم فەرموودەیەدا، پێنج سونەت هەیە). هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، چاکترین سەرچاوەی زانیاریی فەرمووده و سوننەت بوون، کە بەدڵنیاییەوه پێغەمبەریان (دروودی خودای لەسەر) بینیوه، فەرمایشته فەرموێت، کردارەکانیان بینیوه، دوای ئەوه خەڵکی فەرموودەکانی و سوننەتەکانیان لە (شوێنکەوتووان) واته نەوەی سەردەمی پێغەمبەرایەتیی وەرگرتووه، ئەوانەی فەرموودەیان لە هاوەڵان بیستووه، پاشان دوای ئەوه خەڵکی لە شوێنکەوتووانیان

وەرگرتووە، ئەوان بوون بە (شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان)، بۆیە ئەبینین هەموو فەرموودەیەکی تێروتەسەل لە دوو بەش پێك دێت:

بەشی یەکەم: زنجیرەی ڕوواتی فەرموودەیە بە دوای یەکدا، پێی ئەوترێت: (الاسناد)، یان (سەنەد)، چونکە ئەو دروستیی هەواڵەکە جێگیر ئەکات، سەنەد لە کۆتا ڕاویی فەرموودەوە دەست پێدەکات، پلە بە پلە تا دەگاتە ئەو کەسەی قسەکەی کردووە.

بەشی دووەمی فەرموودە (مەتنە)، یان ناوەڕۆکی فەرموودەیە.

نووسینەوەی مێژوو لای مسوڵمانان، بە چۆنیەتیی کۆکردنەوەی فەرموودە بارگاوی بوو، بە جۆرێك نووسینەوەی مێژوو لای مسوڵمانان وەکو لقێکی (زانستی فەرموودە) دەستی پێکرد، لە کۆکردنەوەی ڕیوایەتە مێژووییەکاندا شوێن ڕێڕەوی فەرموودەناسان کەوتن، (ئیسناد) لای مێژوونووسە مسوڵمانەکان بووە بناغەیەك بۆ ڕەخنەگرتن لە هەواڵ، هەر وەکو (دیاریکردنی کاتەکانی مێژوو بە ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان، بووە بنچینەی توندوتۆڵکردنی مێژوو، ئەو تووندوتۆڵییە مسوڵمانانی لە هاوشێوەکانیان لە یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان و ئەوروپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی گشتیی پێ جیا کرابۆوە.

پاشان نووسینەوەی مێژوو لای مسوڵمانان پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی، لە (مێژووی هەواڵەوە) پێی نایە نووسینەوەی مێژووی گشتیی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵکو پێی نایە نووسینەوەی مێژووی جیهان، کە ئەو کاتە بە سەرەتای درووستبوون (بدأالخلق) ناوبانگی دەرکرد بوو، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێڕەوی (ساڵنامە)، واتە ڕیزکردنی ساڵەکان بەدوای یەکدا کرا بە ڕێڕەوێك بۆ نمایشکردنی مێژوو.

لەگەڵ لاوازبوونی خیلافەی عەباسی لە بەغدا و دەرکەوتنی هێزی ویلایەتەکان و سەربەخۆبوونیان، نووسینەوەی مێژوو بوو بە چەند بەشێکەوە، بایەخدان بە مێژووی وڵاتە سەربەخۆکانی وەکو میسر، عێراق، یەمەن و شوێنەکانی تر دەرکەوت، هەر وەکو کتێبەکانی مێژووی ژیان و چینەکان (الطبقات) و ڕەچەڵەکەکان دەرکەوتن، پاشان بایەخپێدانی مێژوونووسان بە ڕاڤەی ڕووداوەکان و شیکردنەوەی نووسینی مێژووی ئیسلامی پەرەی سەند، واتە ئەوان ڕێگەی هۆکاری چی بوو (السببية والعلية) یان دۆزییەوە، کە لای ئیبنو خەلدوون لە پێشەکییە بەناوبانگەکەیدا گەیشتە چڵەپۆپە.

لە کۆتاییدا بوو بە بابەتێکی سەربەخۆ و لەسەر پێی خۆی وەستا، وەکو (سەخاوی) لە سەدەی پازدەی زاینیدا لە کتێبە ناسراوەکەیدا بە ناوی: (*الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التأريخ*)[1]دا ئەنجامی دا.

هەندێك کات بۆ دەرخستنی توانای نووسین، یان دەرخستنی ئاگاداری و ڕۆشنبیری فراوان، وتاری سەروادار و هەندێك کاتی تر، (هۆنراوە) بەکار ئەهات... هەر وەکو مێژوونووسە مسوڵمانەکان چەند پێشەکییەکیان بۆ دەستنووسەکانیان ئەنووسییەوە، تیایدا میتۆدی نووسینەوەی مێژووەکەیان و پڕ بایەخی ئەو بابەتانەی لەوێدا چارسەریان کردووە و ناوی ئەو شارانەی بۆی چوون و ئەو مامۆستایانەی ئەمان قوتابیان بوون، یان ئەومامۆستایانەی ئەمان دیمەنە بینراوەکانی خۆیان بۆیان گێڕاوەتەوە ڕوون کردۆتەوە... نووسینەوەی مێژوو پەرەی سەند، تا لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییشی گرتەوە، واتە نووسینەوەی مێژوو لەگەڵ

---

[1] السخاوي، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن، الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التأريخ، ص٧.

خستنەپێشچاوی ڕووداوەکان و ڕاڤەکردنی ڕەهەندە جیاوازەکان و لایەنە جۆربەجۆرەکانی، دووبارە لایەنە شارستانییەکەشی لەخۆی گرتبوو.

ئاوها نووسینەوەی مێژوو لای مسوڵمانان بە جێگیربوونی دەوڵەت و دەرکەوتنی بەرە بەیانی شارستانیەتی ئیسلامی دەستی پێکرد، سەرهەڵدانەکەی سەرهەڵدانێکی خۆڕسکانە بوو، خۆشەویستی و هۆگرییان بۆ ڕابردوو بەپیرەوەچوونی سەروەری و شکۆداری ئەوان، هاندەریان بوو بۆ نووسینەوەی مێژوو، هاندەری کۆتاییشیان پێداویستیی شارەزابوون لە سیرەی پێغەمبەرایەتی و گەڕانی زۆر بۆ سوننەتی بەپێز و پارێزگاری لە فەرموودە بوو، نووسینەوەی سیرە، یەکەم کارێك بوو لە کارەکانی نووسینەوەی مێژوو کە مسوڵمانان پێی هەستابێتن، ڕووداوە مێژووییەکان لە بواری ڕیوایەت و خەبەرەوە پێی نایە بواری نووسینەوە، ڕیوایەتزان و فەرموودەناس و هەواڵزانەکان ئەوان بوون بە مێژونووسی سەردەمی تازە، ئەوان وەکو ڕیوایەتزان و هەواڵزانەکانی پێشوی خۆیان گەورەی خۆیان بوون، پەنایان نابردە بەر دەسەلاتدار و لە دەوری سوڵتان کۆ نابوونەوە، با سوڵتانیش پێی لێیان نەبڕی بێ و بە بینینیان خۆشحاڵ بوو بن، سەرهەڵدانی مێژووی ئیسلامی دوور بووە لە دەسەلاتی وڵات، مێژوونووسی مسوڵمان بە تەواوەتی ئازاد و سەربەخۆ بووە.

مێژووی ئیسلامی لە هەموو بارودۆخە کۆمەلایەتیە گشتییەکاندا ئاشکرا و ڕوون بووە، ئەو بە نموونەی ئاشکرا و ڕوون بناغەی ئاکار و ڕێبازی جوامێری و ئابڕوو لەخۆبوردەیی و قوربانیدان و پەرچدانەوەی بەرەلایی و داوێنپیسی و کارکردن بە ڕێنماییەکانی ویژدانی پڕ ئاکار و شوێن پێ هەلگرتنی بنچینەکانی حیکمەت و مامناوەندێتی و تووڕدانی دوژمنایەتی و

چەوساندنەوە و هاوشێوەکانی ئەوانە لە واتا و ئاکار و نموونەی بەرز، ڕوون ئەکردەوە. ئەگەر کۆمەڵێك پێداویستیی کردەیی و وابەستەی ژیانی ڕۆژانەی تر نەبووایە، (مێژوویەتی) ئیسلام و پێداویستییە فیکری و ڕۆحی و ڕۆشنبیرییەکانی بەس نەبوون بۆ دەرکەوتنی زانستی مێژوو بەو بەرفراوانییەی تیایدا دەرکەوت، ئەو پێداویستییانە هەندێکیان ئایینی و تەشریعین و لە ڕاڤەکردنی قورئان و فەرموودەدا ئەچنە کەشێکی ڕۆشنبیرییەوە، هەندێکیان سیاسی و ئابوورییە و پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیستەمی ماڵی و قەزاوەتەوە هەیە، هەندێکیان هەڵگری ڕەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتین و پەیوەندییان بە ڕەگەزەکانی دەوڵەتی نەتەوایەتی و باڵە سیاسییەکانیەوە هەیە، بەدڵنیاییەوە زانینی مێژوو ڕەگەزێکی زیندووە لەو لایەنانەوە، هەر وەکو تەنها مێژوو وەڵامی ئەو لایەنانە ئەداتەوە، لەو پێداویستییانە:

- لە ڕوانگەی مێژووە پێویستی بە زانینی هۆکاری دابەزین و ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئان و پێناسەکردنیان و سنوورەکانی و ئەحکامەکانیەوە هەیە، قورئان یەکەم سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو یاسا و تەشریعانەیە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەبەن بەڕێوە، کە توێژینەوە لەو بوارەدا سەری کێشا بۆ تۆمارکردنی زۆرێك لە هەواڵی نەفامی و سەردەمی ڕیسالە.

-پێویستیی زانینی سیرەی پێغەمبەری گەورە- پاشان دوای ئەو هاوەڵان -نەك بەس وەکو سەرکردەیەکی ئایینیی گەورە، بەڵکو وەکو دووەم سەرچاوەی بنەڕەتی لە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی و بۆ ئاگاداربوون لە ئەزموون و ڕێنماییەکانی پێغەمبەرایەتی، هەموو (فەرموودەیەکی) پێغەمبەر یاسایە، هەموو کردارێکی ئەو سوننەتە، هەروەها کرداری

هاوەڵانی دەوری کە جێگەی ڕەزامەندی بوون بە هەمان شێوە سوننەتن، ئەبێ هەموو ئەوانە تۆمار بکرێت، تاوەکو لە ڕەو ڕەوی کۆمەڵدا یاسای ئیسلام تەواو بێت، ئەمەش سەری کێشا بۆ تۆمارکردنی وردەکاریی سیرە.

دەرکەوتنی پێغەمبەری گەورە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا، هێڵێکی جیاکەرەوە بوو: ئەو کۆتا پێغەمبەران و پەردەی نێوان دوو جیهان بوو، بۆ مرۆڤایەتی سەردەمێکی تازەی کۆتا بوو، ڕێی تێ ئەچێت دەرککردنی عومەری کوڕی خەتتاب بەو ڕاستییە ئیسلامییە گەورەیە ـلەناو هەموو هۆکارەکانی تردا ـ پاڵی پێوە نابێت، یەکەم: بۆ دانانی مێژوو (واتە ڕۆژژمێر)، دووەم پاڵنەر نووسینەوەی تۆمارگە، یان دیوان،[1] بە مێژووی کۆچی، لە لایەك بۆ دەرخستنی کەسایەتی پێغەمبەر بووە، هەروەها بۆ دووپاتکردنەوەی بایەخی گەورەی دەرکەوتنی ئیسلام بووە بۆ تۆمارکردنی مووچەپێدان لە تۆمارگەکاندا، لەسەر بناغەی مسوڵمانەکانی یەکەم و ڕەچەڵەکەکانیان و دەرخستنی ئاکاریان لە پێگەی مرۆڤایەتیی تازەدا بووە.

لەوانەی پێشۆو وە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی میتۆدی ئیسلامی چەنێك شیاوە بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی سەرلەنوێ.

---

[1] دیوان وشەیەکی فارسییە، بە مانای دامەزراوەی تۆمارکردنی ناو و شوێنی نیشتەجێبوون و سەرباز و مووچەخۆرانی دەوڵەت دێت، جا سەربازی بێت، یان مەدەنی. (وەرگێڕ).

## مێژووی نووسراو و کاریگەریی تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەری[1]

ئەو مێژووەی ئێستا نووسراوەتەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسییەوە، کە لە پێناوی پاشخانە داگیرکارییەکەیاندا پێگەی ئیسلام ئەشکێنن و سووکایەتیی پێ دەکەن، یان لەژێر کاریگەریی ئەو تێڕوانینە کورتبینەدایە، کە توانای خۆی لە عەقڵیەتی ڕۆژئاوای مەسیحی وەردەگرێت، ئەو عەقڵیەتەی تێنەگەیشتووە لەو جیاوازییە لێکدوورەی نێوان عەقیدە و ئاکار و بەهایەك، کە لە یەك سەرچاوەوە هەڵئەقوڵێت ئەویش (ئیسلامە)، کە بە ئایینێکی لاهووتی پەتی وێنا ئەکرێت کە ئەمەش تێڕوانینێکی مەسیحییە، یان تێڕوانینی بیری ڕۆژئاوای مەسیحییە، کە دان بەوەدا نانێت ئیسلام سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و میتۆدی ژیانە، کە ئایین بە واتای خواپەرستی و لاهووت بەشێکە لە ئیسلام.

ڕۆژئاوایی لەو بنەمایەوە بۆی ئەچێت، ئایین هی خوایە، کۆمەڵگەش بە هەموو توێژە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانیەوە لەباتی ئیسلام گەردنکەچیی بیردۆزە مرۆڤایەتی و ئەو ئایدۆلۆژیایانەیە فەیلەسووفەکان درووستیان کردووە نەك ئیسلام، نەك ئەو ئیسلامەی خوا ناردویەتیە سەر پێغەمبەر محەمەد (درودی خودای لەسەر)، بۆ ئەوەی ببێت بە مەنهەجی ژیانی ئەم ئوممەتە، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتۆتەوە تا سنووری ڕووباری لێوار (Loire) لە فەڕەنسا و گەیشتە سنوورەکانی ڤییەنا لە ناوجەرگەی

---

[1] لێکۆڵینەوەی زانایان و پسپۆڕانی ڕۆژئاوایە لە زمان و ئاداب و مەعریفەی ڕۆژهەڵاتییەکاندا، مەبەست پێی ئەو لێکۆڵینەوانەیە لە سەردەمی داگیرکاریدا لە نێوان سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا ئەنجام دراوە، لەبەر ئەوەیە وشەی ڕۆژهەڵاتناس (الاستشراق)، واتایەکی نێگەتیڤی هەیە، چونکە ڕاڤە زیانبەخشەکان لەسەر شارستانیەتی ڕۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت. (وەرگێڕ).

ئەورووپادا، ئەو ئوممەتەی ڕووناكییەكەی ئەو ماوە دوورودرێژەی گرتەوە لە صینەوە تا ڕۆژئاوای ئەورووپا، ئا لێرەوە بنەمای ڕاڤەی ئیسلام بۆ مێژوو دەست پێدەكات.[1]

ئایا بانگەشەكارانی پیاچوونەوەی مێژوو، باوەڕیان بەو (بنەما ئوصولّییە) هەیە؟ ئەگەر هەیانە ئەبێ بە ڕاشكاوانە ڕاییبگەیەنن و لە توێژینەوەكانیاندا پابەند بن پێوەی، لە هەمان كاتدا كەسانێك بۆ ئەو كارە هەڵبژێرن باوەڕی بە ئیسلام هەبێت و بۆی ژیابێت و دەروونی پڕ بێت لە ئیمان بە ڕاستیەتی و بە توانای ئیسلام كە ژیانی مسوڵمانان ئەگۆڕێت و قەناعەتی بە بانگەشەی سەرلەنوێی مسوڵمانان بۆ گەڕانەوە بۆ هێز و سەربەرزی هەبێت.

- بە دڵنیاییەوە بینیمان كە (ڕاڤەی مادەگەرایی بۆ مێژوو) پێگەی تاك پووچ ئەكاتەوە، كۆمەڵگە لەوێدا ڕۆڵێكی زیندووی جێبەجێكردنی ویستی ئاڵوگۆڕە میكانیكی و گۆڕانكاری ئامڕازە خولاوەكانی بەرهەمهێنان و بارودۆخی جیهانی (مادده) ئەبینێت.

- لە ڕاڤەكردنی (میسالیدا) پاڵەوان ئەبێتە ئامڕازێكی گوێڕایەڵ، بیركردنەوەی گشتی (العقل الكلی) بەرەو ئامانجەكانی خۆی ئەیبات... ئوممەت یان نەتەوایەتی، وەكو وێنەیەكی (ڕاستی) دەردەكەوێت، لە ئاشتی و جەنگدا ویستی بیركردنەوەی گشتی جێبەجێ دەكات، تاكەكانیش سێبەرێكی حەپەساوی بێ ناوەڕۆك پێك دێنن.[2]

---

[1] أنور الجندي، هەمان سەرچاوە، لا ٩، ١٠.

[2] أنور الجندي، في سبيل المادة كتابة تأريخ الاسلام، دار الاعتصام، ص٦، ٨.

بینیمان (توینبی) بە پشتبەستن بە زۆرینە (پرۆلیتارییەکانی ناوخۆ) و (پرۆلیتارییەکانی دەرەوە)، هەوڵی هەموارکردنی ئەو وێنە (توندڕەوییە)ی ئەدا بۆ ئەوەی ئەو سەرکردایەتییە کەمە لە داڕشتنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی گەورە ببینێت و زۆرینە شانبەشانی بەڵگە و قەناعەتە سەلمێنراوە بەردەستەکانی کەمینە بڕوات.... وا دیارە ئەوەی توینبی دووبارەکردنەوەی ڕایەکانی (ئیبنو خەلدوون) بێت، لە (المقدمە)دا... بەڵام (توینبی) زۆری پێ نەچوو بیردۆزەکەی بەتایبەت بەشەکانی کۆتایی زاخاودا بە بەهای مەسیحیەت کە دڵنیایی بە مرۆڤ و کۆمەڵگە ئەدات، بەرپرسیار نییە بەرانبەر بیردۆزەی تاوان و خۆدەربازکردن لە ئەنجامی تاوان،[1] بە جۆرێك لە جۆرەکان، تاك بەتەواوەتی لە ڕووداوە مێژووییەکاندا لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بەرپرسیار نییە [2].

---

[1] چونکە بە بۆچوونی ئایینی مەسیحی لەخاچدانی عیسا (سەلامی خوای لەسەر ) بۆ سڕینەوەی تاوانی مرۆڤایەتییە. (وەرگێڕ).

[2] عمادالدین خلیل، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠٢.

- بەڵام قورئانی پیرۆز هەموو ئەمانە تێ ئەپەڕێنێت بۆ ئەوەی ڕۆڵ بە هەردوو لایەنی مەسەلەکە بدات لە داڕشتنی ڕووداوەکاندا، قورئان هەموو بەرپرسیارێتیەکە ئەخاتە ئەستۆی تاك و کۆمەڵ، بۆیە بەڕوونی هەموو بابەتێکی جیاوازی توانای مرۆیی ئەکەوێتە سەر مرۆڤی تاك، ئەوە جیاوازییەکە جوولەی مێژوو گۆڕانکارییەکانی و هەمەجۆربوونی بەسەرهاتەکانی و ڕووداوەکانی لەسەری وەستاوە.

- قورئان هاوکێشەی نێوان ڕۆح و مادەی بۆ مرۆڤ داناوە، بانگی ئیمانداران دەکات دەستی پێوە بگرن، بە گوێرەی پێوەرە بابەتییە دادگەرانەکەی بجولێنەوە، هەر ئەزموونێکی (مرۆیی) پێچەوانەی ئەمە بەرەو مادەگەرایی بڕوات و ڕوح پشتگوێ بخات، یان چەمکی ڕوح بگرێت و واز لە مادە بهێنێت، بە لادان لە ڕێی ئاسایی و لاڕێگرتوو دەردەکەوێت، چونکە شێواندن و ساختەکارییە لە هەڵوێستی مرۆڤایەتی لەزەویدا، بەزۆربردنی ئەزموونی تاك و کۆمەڵە بەرە و پێکهاتەیەك، کە ئەزموونی مرۆڤایەتی پێی قایل نییە، چونکە بنەڕەتی سرووشتی مرۆ ڤ لەسەر تێکەڵبوون و یەك تەواوکردن و هاوکێشە ڕاگرتنی نێوان بەهای ڕۆحی و بەهای ماددییە بەیەکسانی.

- وا بێ - قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی لە جیهاندا لە لێکترازان و پارچە پارچەبوون و داڕووخان بپارێزێت، هەروەها بۆ ئەوەی ڕێنموونیی تاك و کۆمەڵی مرۆڤایەتی بکات بۆ سەر ئەو ڕێگەیەی، کە لەگەڵ پێکهاتەکەیدا ڕێك ئەکەوێت و لەبەر خاتری ئەوەی بەرز بێتەوە بۆ

بەجێهێنانی جێنشینی سەرزەوی و ئاوەدانکردنەوەی گۆی زەوی، قورئانی پیرۆز بنچینەی پانوبەرینی هاوسەنگی داناوە... ئەمەو ـ لە بەرانبەردا ـ (لەسەر ئاستی مێژوویی) یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی ڕاڤەکردنی سەرهەڵدانی شارستانیەتەکان و گەشەکردنی، یان وەستانی و لێکهەڵوەشانی و ڕووخانیمان ئەداتێ.[1]

بیروباوەڕی ئیسلامی هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ڕۆژی قیامەت، بۆچوونێکی مێژوویی ڕوونی دەربارەی بوونەوەر داوە، بە زنجیرەی پێغەمبەران سەرەتا و کۆتایی پێکەوە بەستۆتەوە، وێنەیەکی بۆ سەرەتای دروستبوون داوە، هیچی لە وێنەی کۆتایی و ئاخیرەت کەمتر نییە، نێوان هەردووکیانی کردووە بە ماوەی پەڕینەوە:﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاّ لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾ [آل عمران: ٣٢]. واتە: (ژیانی دونیا هیچ نییە جگە گاڵتە و سەرقاڵی نەبێ). ﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاّ مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾ [الأنعام: ١٨٥] واتە: (ئەم ژیانەی دونیا بەهرە و ئارەزوویەکی فریودەرە).

ـ بانگەوازی ئیسلام هەڵبژاردنی نێوان خوای تاقانە و نێوان کەسوکار و منالّ ڕابواردنەکانی هەموو ژیانی دونیا بووە، بۆیە ئەوانەی ئەهاتنە ناو ئیسلامەوە ژمارەیان زۆر کەم بوو، بۆ پاڵفتەکردنی ئەو ژمارە کەمە تا قایم بن و تێك نەشکێن، تاقیکردنەوەکان بەدوای یەکدا ئەهاتن.

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٣٠٤، ٣٠٥. لە برگەی کۆتایدا کە ئەڵێت لەبەرانبەردا هۆکاری سەرهەڵدانی شارستانی و ڕووخانیمان ئەداتێ، مەبەستی ئەوەیە: ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە شارستانیەت ئەبێت، شارستانیەتیش بە ڕاگرتنی هاوکێشە دروست ئەبێت و گەشە ئەکات و بەردەوام ئەبێت. وەرگێڕ.

ـ ئامانجی ئیسلام درووستکردنی مرۆڤێك بوو، جگە لەوەی بەخاوێنی ڕۆحی پێشکەش بە خودا بکات، هەموو شتێك بکات بە قوربانی لەپێناو عەقیدەکەیدا، چاوی لە سەر هیچ شتێکی تری دونیا نەبێت.

ـ لێرەدا پێوەرەکانی، (ڕاڤەکردنی مادده بۆ مێژوو)، یان (ڕاڤەی ئابووری بۆ مێژوو) دەسەوسانە لە هەموو ئەمانە تێبگات و دەرك بە جیاوازیی ئەم بەها مەعنەوییانە بکات کە بە پێوەری هەستەوەرەکان ناپێورێت.

لە کاتێکدا ئەم بەها مەعنەوییانە لەبەر ئەوەی مادەیەکی هەستەوەر نین پێوانە ناکرێن، بەڵام بە شوێنەوارەکانی ئەتوانێت خۆی بناسێنێت، ئەو شوێنەوارانەی ئەو بەها مەعنەوییانە بەرهەمیان هێناوە شوێنکەوتووانی میتۆدی ماددی لە بەردەمیدا بێدەنگ و دەستەوسان ئەوەستن، ئەوەش بەڵگەیە لەسەری.

"ئەوە میتۆدێکی زانستیی ڕاستەقینە نییە نکوڵی لە بوونی بەهای مەعنەوی، یان ڕۆحی، یان دەروونی بکەیت بە بیانووی ئەوەی ناکرێت ئەو بەهایانەش وەکو شتە مادییەکان دەستیان لێ بدرێت، یان ببینرێن! لەبەر ئەوەی شوێنەواری ئەو بەها مەعنەوییانە پەیدای ئەکەن، ئەو شوێنەوارانە بۆ خۆیان بەڵگەیەکی هەستپێکراون لەسەر بوونیان".[1]

(ئەلفەرد کانتول سمیث) لە سەبارەت بە هەڵوێستی نەتەوە جیاوازەکانەوە لەبارەی ڕاڤەی مێژوو وە دەڵێت: "کەسێکی هیندی گوێ بە مێژوو نادات، هەست بە بوونیشی ناکات، چونکە کەسی هیندی خەریکە بە جیهانی ڕۆحەوە، بۆیە هەر شتێك لە جیهانی لەناوچووی سنووردارادا بێت، لای ئەو کێش و بەهای نییە، کەسی مەسیحییش دوو کەسایەتیی هەیە، یان

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا ٩، ١٠.

له دوو جیهانی لێکجووداداپه، هیچ شتێك بەیەکەوە نایان بەستێتەوە، لای ئەو نموونەی باڵا قابیلی جێبەجێکردن نییە، واقیعی مرۆڤایەتی، کە لە زەویدا ئەگوزەرێت پەیوەندیی بە نموونەی باڵاوە نییە، بەڵام مارکس باوەڕی بە ناچاری مێژوو (حتمیة التأریخ) هەیە، بەو مانایەی هەموو هەنگاوێك ئەچێتە سەر هەنگاوی دواتر، ئەو جگە لە جیهانی هەستەوەر باوەڕی بە هیچ شتێکی تر نییە، بەڵکو جگە لە ڕێڕەوی مارکسی باوەڕی بە هیچ شتێکی تر نییە، هەر شتێك لەو بترازێت پووچە، مارکسی شوێن ڕەوڕەوەی مێژوو ئەکەوێت، بەڵام ڕێنموونی و چاوساغی ناکات".[١]

ئێمە پرۆفیسۆر (پی. جی. ئێچ. کۆڵ. P.G.D.H Cole)[٢] لێگەڕێین، کە لە کتێبەکەیدا (*معنی الماركسية*) ڕەخنە لە مارکسیزم بگرێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕێزی مارکسی لایە، پرۆفیسۆر کۆڵ ئەڵێت: "ئاسانە بەدواداچوونی ئەو لێکچوونە گەورانەی لە نێوان ئەو پەیکەرە ئابووری و ڕێکخستنی سیاسی و دامودەزگا کۆمەڵایەتییانەدا هەیە بکەین، کە ببینین چۆن لە ڕابردودا جۆرەها پەیکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ بارودۆخە ئابوورییە جیاوازەکاندا ڕاهێنراوە، بەڵام لەبەر دووریی نێوانیان لە ڕادەبەدەر مەترسیدارە پشتیوانیی لەوە بکەین، بەهیچ شێوەیەك نەبووە ئەو کۆمەڵگانەی یەك ئاستی بەرهەمهێنانیان هەیە، ئەبێ بەناچاری هەمان سیستەمیشیان هەبێت، یان خێزانەکان و ڕێکخراوە سیاسی و ئایینییەکان یەك جۆرە نەریتی کۆمەڵایەتییان هەبێت، یان یەك فیکرەیان بۆ بەها و ئاکارەکان هەبێت، توێژینەوەکانی مرۆڤناسی (anthropology) چەندین

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ١٠، ١١.

[2] P.G.D.H Cole: The meanin of martxis m, 51

شارستانی زۆر لێکدووریان دەرخستووە، ئەگەرچی بنچینەی ئابووریی گرنگترین کارتێکەرە لە کارتێکەرەکانی وێناکردنی شێوەی گشتیی شارستانی، بە هیچ شێوەیەك ناکرێت یەك ڕاڤەی ئابوورییان بۆ بکرێت.[1]

ئەو هەوڵەی ماوەیەکی زۆرە لەپێناو ڕاڤەکردنی بزاڤ و بانگەوازی ئیسلامدا، کە ڕاڤەیەکی ماددیی پەتیی بۆ بکرێت، گومانی تێدا نییە بێتوانایە، زۆر لەوە بێتواناترە قسەیەکی ڕوون بکات، کاتێك ئەو پەردەیەکی لە نێوان هەوڵەکان و ڕاستیدا داناوە، ناتوانێت دەست بگەیەنێتە ڕەهەندە جیاواز و لایەنە جۆراوجۆرەکانی، ئەو ڕاستییەی لە کارتێکەرە دەروونی و مەعنەوی و ڕۆحی و فیکرییەکاندا بەرجەستە بووە، کاریگەرییان زیاترە و بە قووڵایی ناخدا چۆتە خوارەوە و لە تاکلایەنیی ماددی زۆر کاریگەرترە، کە بە دڵنیاییەوە یەکێکە لە لایەنی ڕاڤەکە، بەڵام تاکە کاریگەر نییە و بایەخیشی گەورەتر نییە".[2]

ـ ماوەی چل ساڵ ئەبێت هەوڵێکی بەردەوام هەیە، هەوڵێکە ئەیەوێت ڕاڤەی ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و مێژووی ئیسلام بە ڕاڤەکردنێکی (ئابووریی ماددی) بکات، لەم ڕێگەیەوە ئەیەوێت ژیانی پێغەمبەر بکات بە بلیمەتێکی عەرەبی، یان بلیمەتی هەرێمی، یان بلیمەتی ئوممەتێك، یان بلیمەتی بانگەشەی ئازادی.

ئەم هەوڵانە، بە نووسینی چەند کتێبێك سەبارەت بە ژیانی پێغەمبەر و (دروودی خوای لەسەر)، دوور لە موعجیزە دەستی پێکرد، هەوڵێکە ئەیەوێت ڕاڤەی لایەنەکانی وەحی و زۆرێك لە وانەی پەیوەندییان بە نهێنیی

---

[1] عمادالدین خلیل، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٥.

[2] أنور الجندی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢– ١٣.

بوونەوەرەوەیە، ڕاڤەیەکی خوازراو (التفسیر المجازی)، یان جگە لەمە ڕاڤەی تری بۆ بکەن، پاشان پشتێنەی ئەم هەوڵانە فراوان کرا، وایان بۆ هەڵبەست ئەوەی پێغەمبەر لە ژیانیدا پێیهەستاوە بلیمەتی، یان سەرۆکایەتییە، گومانی تێدا نییە ئامانج لە لادانی سیفەتی پێغەمبەرایەتی، لێکردنەوەی پەیوەندییەتی بە خواوە.

ئامانج لە لێکردنەوەی پێغەمبەرایەتی نکوڵیکردنە لە وەحی، دوای ئەوەش نکوڵی کردنی سەرتاپای پەیامی ئاسمانە، لێرەوە چەندین هەوڵی جۆراوجۆر هەبووە بە تان و پۆی بلیمەتی مرۆڤایەتیدا هەڵیداوە، چەند بنەمایەکیان بۆ داناوە زۆر جیاوازە لەو پێغەمبەرایەتیەی کە خوای بەرزو پیرۆز کەسێکی بوێت لە نێو بەندەکانیدا هەڵیدەبژێرێت و لە پشت و رەحەمدا نەوە لە دوای نەوە ئامادەی کردبێت.

بۆ یەکەمجار لە فیکری مرۆڤایەتیدا، وەحی و عەقڵ بەیەکگەیشتن، ئیسلام و شوێنکەوتووانی وەکو لێکدانەوەی شێخ محەمەد عەبدە، کە لێوەیمان گواستۆتەوە باوەڕیان وایە مەعریفەی مرۆڤایەتی تەنها لە ڕێگەی بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوەکانی هەستەوە نییە کە ئەڵێت: (جاری وا هەیە ئایین شتێك باس دەکات، سنووری تێگەیشتن تێدەپەڕێنێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك شتێك باس ناکات سنووری دەرك کردن ببەزێنێت).[1]

بیردۆزەی (فەلسەفەی خراپ لای لونبروزو) سەبارەت بە بلیمەتی، وەحی، پێغەمبەرایەتی، گەیشتە ئەوەی بڵێت: قورئان ڕەنگدانەوەی عەقڵ و دەروونی محەمەدە (دروودی خودای لەسەر)، کە ئەوە بە هیچ شێوەیەك وا نییە لەوێدا لێکجوداییەکی ڕوون و قوڵ لە نێوان وتەی پێغەمبەر و ڕێکخستن

[1] هەمان سەرچاوە، لا ١٤، ١٥.

و نەزمی قورئاندا هەیە، ئەوانەی شارەزای زانستی بەیان و زمانن، ڕەهەندو مەوداکەی ئەزانن.

ئەوە ڕاست نییە بە بیانووی هەڵدان بە بلیمەتی محەمەد و درەوشاوەیی و خاوێنی دەروونیدا، قورئان ((هەڵقوڵاوی ژێری شاراوەی)) ئەو بێت.

ئامانج لەم جۆرە قسانە هەوڵێکی فێڵبازانەیە بۆ پچڕاندنی پەیوەندی نێوان مسوڵمانان و قورئان، ئەگەر ئەوە قسەی محەمەد بێت، ئەو کاتە قسەی مرۆڤ و کرداری مرۆڤە.

گومانی تێدا نییە، محەمەد هەموو سیفەتێکی بەرزی دەرونی هەبووە، بەڵام ناودارکردنی بە پێغەمبەر، نیسبەتە بۆ وەحی خوایی، کە ئەوە گەورەترین بەڵگە بەردەست و سەڵمێنراوەکانیەتی.

- ڕاڤەی ماددیی، یان ئابووریی بۆ مێژووی ئیسلامی، هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دەریایە بە قاپێك ئاو، یان باخێکی پڕ بۆن و هەڵاڵە بە پارچە دارێك.

لەم ساڵانەی دواییدا، بە نووسراوی زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوون تەنها ئیسلام وەکو شۆڕشی هەژاران دژی دەوڵەمەندەکان وێنا بکەن، ئەوەی ڕاستی بێت ئیسلام شۆڕشێك نییە تایبەت بە هەلومەرجێکی دیاریکراو، بەڵکو لە حەیسیەتی کات و ناوەڕۆك دا (بزاڤێکی گشتگیرە) بۆ گۆڕینی زۆر شت، گۆڕینی کۆمەڵگە، گۆڕینی دەروون، گۆڕینی ئاکار، گۆڕینی ئابووری.[١]

فەلسەفەی ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی ڕاستی پێغەمبەرایەتی و دیاردەی وەحی ئەبێتەوە، وەسفی پێغەمبەرایەتی وا ئەکات سەرپەرشتیاری و بەکەم سەیرکردنی مرۆڤە، لەکاتێکدا مرۆڤ تەواوو کامڵ و پێگەیوە، پێویستی بە

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ١٦ ـ ١٧.

چاوساغی کەسی تر نییە، کە ئەو گومانە باشە بە مرۆڤایەتی قسەیەکی ساختەکاری و زیادەڕۆییە.

دوای ئەو هەموو ماوە دوورو درێژەی بڕیویەتی ئایا مرۆڤایەتی بە ڕاستی توانیویەتی ڕاستی بدۆزێتەوە و کامڵ بێت؟، ئەو واقیعەی، کە ڕووداوە مێژووییەکان و بەسەرهاتەکانی ڕۆژگار سەلمێنەرین، کە هێشتا مرۆڤایەتی ناتوانێت خۆی لە چاو برسێتی و حەزو ئارەزوەکانی و شەڕوشۆڕ و سەربڕین و ستەم بپارێزێت، بەڵکو مرۆڤایەتی لە سایەی پێشکەوتنی زانستدا، هەنگاوی گەورەتری لە وێرانکاریدا بڕیوە، ئێستا مرۆڤایەتی بەهێزی تەکنەلۆژیا و نەوەوی بووە بە هەڕەشە لەسەر گەلە لاوازەکان، پێشکەوتنی زانین نەیتوانیوە شتێك لە ئیمان، یان دادگەری، یان لێبوردەیی، یان سەرکەوتن بەسەر حەزوئارەزوەکانی بۆ بگێڕێتەوە، بۆیە مرۆڤایەتی بەردەوام پێویستی بە چاودێری ئاسمانە، زۆر پێویستی بە وەحی و پێغەمبەرایەتیە، مرۆڤایەتی لە پێشبڕکێی زانستیدا پێشکەوتووە، بەڵام لە خۆی تێنەگەیشتووە، نازانێ قەوارەی خۆی لە چاو برسێتی بپارێزێت، هەمیشە حەز و ئارەزوەکانی ڕێگرن لەوەی ئەم پێدراو و بەڵگە بەردەستە سەلمێنراوانە بۆ خۆشی مرۆڤایەتی بەکاربێنێت.

ئەوەی ڕاستە ئەبێ بووترێت مرۆڤ تا ئێستاش ناتوانێت سەرڕاست و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆی، یان ڕەگەزەکەی، بە هیچ جۆرێکیش ناتوانێت مەگەر باوەڕ بهێنێت بە وەحی و پێغەمبەرایەتی.[١]

- مەترسیدارترین پەلکێشکردنی نووسەرە مسوڵمانەکان ئەوەیە، بە شێنەیی و لەسەرخۆیی لە پێناسە و ڕاڤەی (بلیمەتدا) بە دوای میتۆدە

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا ١٦ — ١٧.

ڕۆژئاواییەکاندا پەلکێشکراون، ئەو ڕێڕەوەش ئەوەیە بلیمەتی، یان ئەو ڕێڕەوە لێهاتووییە، کە ئەگەڕێتەوە بۆ بۆماوەیی و تەبیعەتی تاکەکان، لەکاتێکدا میتۆدی ڕاڤەی بلیمەتی و لێهاتوویی لە ئیسلامدا، ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو شوێنەوارە بڵند و گەورەیەی پەروەردە و عەقیدە ڕێنمایی کردن، هەروەها وەرچەرخان لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر پەیدای ئەکات، لێرەدا هەڵەی پشت بەستن بە ڕای (لۆنبرۆزو) و قوتابخانەکەی لە پێکهێنانی پاڵەوان، یان بلیمەتدا دەرئەکەوێت، ئەوە ستەمێکی گەورەیە گێڕانەوەی گەورەیی ئەبوبەکر و عومەر بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنەواری ئیسلام لە گۆڕینی دەروونەکان و سەرلەنوێ جارێکی تر دارشتنەوەیدا بۆ بەهرە و توانستی خۆیان بگەڕێنرێتەوە.

گومانی تێدا نییە، بیروباوەڕی ئیسلامی بوو ئەم کەسایەتییانەی گۆڕی و جارێکی تر لەبەر ڕۆشنایی یەکتاپەرستیدا دایڕشتنەوە و لە کەسایەتییەکەی پێشوو دەری هێنان، هەر بەراوردێك لە نێوان کەسایەتی عومەری پێش ئیسلام و دوای ئیسلام، بە ڕوونی ئەوە دەردەخات، هەروەها نموونەی پاڵەوانێتی، لە کەسانی کەم ئاستتردا هەبووە، بۆ نموونە لە وەرچەرخانی خەنسادا. ئەبێ ڕاستییەکە بووترێت ئەم ساختەییە لە سەپاندنی میتۆدێك، یان ڕێڕەوێك، لە ڕاڤەکردنی پێغەمبەرایەتیدا بە پاڵەوان، یان بلیمەت، یان بانگەشەی ئازادی، ئەوە تەنها کاری ئایدۆلۆژیەتی تەلمودە، کە ئامانجی وێرانکردنی بەهای وەحی و پەیامەکانی ئاسمانە.

ـ لێرەوە ئیسلام تەنها ڕاڤەیەکی ئابووری نییە، محەمەد (درودی خوای لەسەر)، چاکسازێکی کۆمەڵایەتی، یان پەیامبەری ئازادی نییە، ئەوە بەس نییە بشێ بۆ بەڵگە نیوەی ئایەتێك بهێنرێت: ﴿قل إنما أنا بشر مثلكم﴾،

ئەوە ساختەیە، لەبەرئەوەی ئایەتەکە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ﴾. [الكهف: ١١٠] . واتە: (بڵێ منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە، بەڵام لە خواوە سروش و فەرمانم بۆ دێ).

نووسراوەکانی ڕاڤەی ئابووری، پاشان ماددیی بۆ ئەوەی کارەکەیان ئاشکرا نەبێت، سڵەمینەوە و لەیەکنەچوون لە هەنگاوەکانیدا بەدی ئەکرێت، پاشان بیردۆزە فەلسەفیە خراپەکان هاتن، پاشان دوای ئەوە، وێنەکانی ڕاڤەکاری بێ باوەڕی بۆ مێژوو بەرفراوان بوو، گومانەکانیان گەشەیان کرد، تا وای لێهات زۆرێك ڕژد بوون، ئەم (ڕێڕەوانە) لەگەڵ بوونی جیاوازیی کات و جیاوازیی نێوانیان لەسەرچاوەکانیاندا و بەبانگەشەی درۆینە، کە ئەم (ڕێڕەوانە) دژایەتی موعجیزەیان کردووە، ویستویانە پشت بە واقیع ببەستن، نەك بە شتی نائاسایی و دەرەوەی سرووشت پێکیانەوە بلکێنن، خاوەنی ئەم ڕێڕەوانە وا حاڵی بوون موعجیزەش وەکو لای ڕۆژئاوایەکان پێی ئەڵێن ئەفسانە، ئەکرێت بەهەمان ڕێگەی ئەفسانە، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، گومانی تێدا نییە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، جگە لە قورئان موعجیزەی تری هەبووە، بەڵام ئەڵێن پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگەی گەیاندنی پەیامەکەی ئاسان نەبینی و عەرەبەکان ئامادەی ڕاپەڕین نەبوون - وەکو هەندێك ئەیلێنەوە- پێغەمبەر ڕاپەڕینی پێکردن، بۆیە لێرەداو لە تێڕوانینی ئەواندا، پێغەمبەر پێویستی بە موعجیزە، یان شتی پێچەوانەی نەریت و باو نەبووە.

گومانی تێدا نییە ئەم پڕوپاگەندەیە پووچە، ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، دوای ناردنی تا کۆچکردنی، لە ماوەی سیازدە ساڵدا لە دەیان وێنە و هەڵوێستدا بە ئاشکرا ئەو ناڕەحەتی

و ستەم و چەوساندنەوانە ڕووبەڕووی بوونەتەوە دەردەکەون، بە جۆرێك هەر توێژەرێك تیایدا ئەبڵەق ئەبێت، چۆن قورەیش و عەرەب ڕووبەڕووی بانگەوازی یەکتاپەرستی بوونەتەوە و دژی وەستاون. هەروەها قوڕەیش، کە ئیسلامی نەویست تەنها لەبەر ئەوە نەبوو پێگەی ئابوورییان لەناو ئەبات، بەڵام لەبەر ئەوە بوو قورەیش ئەیانزانی ئەوە کۆتایی بە قەوارەی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئایینیان بە گشتی دێنێت.

ئا لێرەوەیە، هەڵەی ئەوانەی ڕاڤەی ئابووری ئەدەنە پاڵی، لەبەرئەوەی ئایینە ئاسمانییەکان[1] سەرتاپای کۆمەڵگە لە بناغەوە ئەگۆڕن، ئەو یەکەم مەبەستێك، کە ئەنجامی ئەدات دەروونی مرۆڤایەتی دروست ئەکات، سەرلەنوێ پێکی ئەهێنێتەوە، پێکهێنانێك خۆگریی و ئارام و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی چەوساندنەوە و خۆگری لە تاقیکردنەوەکاندا تیادا دروست دەکات، ئامادەسازیی دەکات بۆ زانستێکی گەورە، کە تیایدا ڕۆح و دەروونەکان خەڵات ئەکرێن، لە هەموو ئاکارێکی مادەگەرایی پاك ئەکرێنەوە[2].

- ئا لێرەوە سەرسامبوونی ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەوانیتر لە گەورەیی (فەتحی ئیسلامی)، کە ئەوانە دروستیان کرد، محەمەد (دروودی خوای لەسەر) لە ماوەی سیازدە ساڵدا لە مەککە پێیگەیاندن، هەموو دونیای پێیان گۆڕی، بە تەواوی ئەوەیە بنچینەی دروستکردنی بەرزی مێژوو، کە ئیسلام لە ماوەی چەند سەدەیەکدا هەڵیچنی، ئێمە ئەمڕۆ بانگی زانایانی مسوڵمان ئەکەین بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ئەو بنچینەیە سەرلەنوێ.

---

[1] کە هەموو ئایینەکان وەك یەك حیساب ئەکات، ئەبێ مەبەستی کاتێکە ئایینەکانی پێش ئیسلام دەسکاری نەکراون. وەرگێڕ.

[2] هەمان سەرچاوە، لا ٢٧– ٢٨.

# سەرچاوەکان


- **القرآن الكريم**.
- **الأحاديث النبوية الشريفة**.
- ابن الجوزي، **المنتظم**، جـ ١: ١٠ - حيدر آباد (١٣٥٧هـ).
- ابن حمدون، **التذكرة**، قسم ٣، مخطوطة البودليان.
- ابن خلدون، **المقدمة**، طبعة لجنة البيان العربي، بيروت.
- ابن خلكان، **وفيان الأعيان**جـ ١: ٤، طبعة القاهرة.
- ابن سعيد المغربي، **المغرب في حلى المغرب**، ليدن، ١٨٩٨م.
- ابن قتيبة، **كتاب المعارف**، طبعة القاهرة.
- أبو الفداء، **المختصر في أخبار البشر**، جـ ١، طبعة القاهرة.
- أبو المحاسن ابن تغري بردي، **النجوم الزاهرة**، جـ ٢، طبعة القاهرة.
- أ. جـ. توينبي، **دراسة التاريخ**، ترجمة فؤاد محمد شبل، طبع لجنة التأليف بعابدين لحساب الجامعة العربية.
- أحمد السعيد سليمان (دكتور)، **تاريخ الدول الإسلامية ومعجم الأسر الحاكمة**، جـ ١، دار المعارف.
- إرنست كاسيرر، **مقال في الإنسان**، ترجمة الدكتور إحسان عباس، (**مدخل إلى فلسفة الحضارة**)، بيروت، ١٩٦٠م.
- البلاذري (أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر)، **فتوح البلدان**، طبعة القاهرة (١٩٥٩م).
- آلبان. ج. ويدجري، **التاريخ وكيف يفسرونه**، ترجمة عبد العزيز توفيق جاويد، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- الثعالبي، **الغرر في سير ملوك الفرس**، طبعة باريس.

- الصفدي، **الوافي بالوفيات**، نسخة مصوّرة، جـ١ : ١٠
- الطبري، **تاريخ الرسل والملوك**، جـ ١ : ٣، طبعة القاهرة.
- العمراني، مخطوطة **الأنباء في أخبار الخلفاء**، ورقة ٤٤.
- الفرد نورث وايتهيد، **مغامرات الأفكار**، ترجمة أنيس زكي حسن، نشر بيروت، سنة ١٩٦٠.
- القلقشندي، **صبح الأعشى**، جـ ٢، طبعة القاهرة.
- الكافيجي، **المختصر في علم التاريخ**، مخطوط القاهرة، تاريخ ٥٢٨ ـ جـ ٥.
- المسعودي، **التنبيه والإشراف**، ط. الصاوي، القاهرة، سنة ١٩٣٨.
- المسعودي، **مروج الذهب**، جـ ٣، طبعة باريس.
- المقريزي، **منتخب التذكرة في التاريخ**، ورقة /١٠٢.
- المراكشي، **المعجب**، طبع دوزي، ليدن، ١٨٤٧.
- النووي، **تهذيب الأسماء واللغات**، جـ ١، ط. بولاق.
- أنور الجندي، **في سبيل إعادة كتابة تاريخ الإسلام**، دار الاعتصام، القاهرة.
- جمال الدين سرور، **الحياة الإسلامية في الدولة العربية الإسلامية**، خلال القرنين الأول والثاني للهجرة، القاهرة ١٣٩٣هـ.
- حاجي خليفة، **كشف الظنون**، طبعة فليجل، جـ ٢.
- حسن أحمد محمود (دكتور)، **الكِندي المؤرخ**، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- حسن ابراهيم (دكتور)، **تاريخ الإسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي**، جـ ٢، ط ٧، سنة ١٩٦٤.
- حسن عثمان، **منهج البحث التاريخي**، دار المعارف، القاهرة.
- حسين فوزي النجار (دكتور)، **التاريخ والسير**، المكتبة الثقافية، القاهرة، سنة ١٩٦٤.

- حسين فوزي النجار (دكتور)، التاريخ عند العرب، **مجلة الفيصل**، فبراير، سنة ١٩٨ .
- ر. ج. كولنغوود، **فكرة التاريخ**، ترجمة محمد بكير خليل، مراجعة محمد عبد الواحد خلاف، القاهرة ١٩٦١ .
- سيدة اسماعيل الكاشف (دكتورة)، **مصادر التاريخ الإسلامي ومناهج البحث فيه**، القاهرة.
- س. د. ف. جوتيين، **أنساب البلاذري**، جـ ١ : جـ ٥، القدس، سنة ١٩٣٦ .
- شاكر مصطفى، **التاريخ العربي والمؤرخون**، جـ ١، جـ ٢ - دار العلم للملايين، بيروت.
- عماد الدين خليل (دكتور)، **التفسير الإسلامي للتاريخ**، دار العلم للملايين، بيروت.
- عبد اللطيف شرارة، **الفكر التاريخي في الإسلام**، دار الأندلس، بيروت.
- عبد المنعم ماجد (دكتور)، **التاريخ السياسي للدولة العربية**، جـ ١، طبعة ٤، ١٩٦٧ .
- عبد الوهاب بوديبا، العلوم الاجتماعية في البحث عن الزمن، ترجمة ابراهيم البرلسي، **المجلة الدولية للعلوم الاجتماعية**، اليونسكو، ٤٩ .
- عبد الحميد صديقي، **تفسير التاريخ**، ترجمة كاظم الجوادي.
- عباس محمود العقاد، **الإسلام دعوة عالمية**، المكتبة العصرية.
- علي عبد الله الدباغ، **لمحات من الحضارة العربية والإسلامية**، دار الرفاعي، الرياض.
- فرانز روزنثال، **علم التاريخ عند المسلمين**، ترجمة الدكتور صالح أحمد العلي، مؤسسة الرسالة، بيروت.
- فؤاد محمد الصقار (دكتور)، **دراسات في الجغرافية البشرية**، وكالة المطبوعات، الكويت.

- محمد عبد المنعم خفاجي (دكتور)، **الأخبار الطوال**، لأبي حنيفة الدينوري، الهلال، سبتمبر ١٩٨٣.
- محمد عبد الله عنان، **مؤرخو مصر الإسلامية**، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة.
- محمد قطب وآخرون، **الثقافة الإسلامية**، جامعة الملك عبد العزيز، جدة.
- محمد عبد القادر العماوي، **مستقبل الإسلام**، دار الفكر الحديث للطباعة والنشر، القاهرة.
- محمد عبد الرحمن مرحبا (دكتور)، **الموجز في تاريخ العلوم عند العرب**، دار الكتاب اللبناني.
- محمد كرد علي، **خطط الشام**، جـ ١ ـ ٤، ط دار العلم، بيروت ١٩٧٠.
- محمد الطيب النجار (دكتور)، **القول المبين في سيرة سيد المرسلين**، القاهرة، ١٩٧٣.
- مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري أبو الحسين، **الجامع الصحيح**، القاهرة، سنة ١٣٢٩هـ.
- **موسوعة العلوم الاجتماعية**، لندن، جـ ١: ١٣.
- مولانا محمد علي، **حياة محمد ورسالته**، ط ١، سنة ١٩٦٣، ترجمة منير البعلبكي، بيروت.
- هـ. أ. مارو، **من المعرفة التاريخية**، ترجمة جمال بدران، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، القاهرة.
- هرنشو، ف، ج، **علم التاريخ**، ترجمة عبد الحميد العبادي، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٤٤م.
- هيو. ج. اتكن، **دراسة التاريخ وعلاقتها بالعلوم الاجتماعية**، ترجمة الدكتور محمود زايد، دار العلم للملايين، بيروت.

# سەرچاوە بیانییەکان


- Alfred M., 1890: *Principles of Economics*, London, Mac. and Co.
- Carl J. F. 1950: *Constitutional Government,* Boston.
- Carr, E. H., 1961: *What is History,* London.
- E. Hintington, 1924: *Civilization and Climate,* New Haven.
- Flint, R.: *History of the Philosophy of History,* London.
- Gormay, P.A., 1888: *Precis di la Science de L'histoir*, Paris.
- J. Hurtzinga, 1936: *Philosophy and History*, Oxford.
- Morris R. cohon, 1947: *The Meaning of Human History,* London.
- Stuart A. R., 1931: *Methods in Social Sciences,* University of Chicago.

# ژیاننامەی عەبدوڕەحمان خضر

لە گوندی سەنتریسی سەر بە پارێزگای مەنوفیەی میسر، لە ساڵی ١٩٤٠ لەدایکبووە، پسپۆڕە لە زانستە جوگرافییەکاندا، لە ساڵی ١٩٧٤ دوکتۆرای تێدا هێناوە، لە چەند زانکۆیەکی عەرەبی و ئەورووپی وانەی جوگرافیای وتۆتەوە، دوای دوکتۆرا، لە ساڵی ١٩٨٠ لە میتروبولیتانی لە لەندەن، دیبلۆمی لە جوگرافیادا هێناوە، لە ساڵی ١٩٨٠ زەمالەی جوگرافیاناسانی لەندەنی بەدەست هێناوە، ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی ئەمریکایە، لە زانکۆی ئیمام موحەمەدی کوڕی سعود لە قەصیم، لە ساڵی ١٩٨٤، سەرۆکی بەشی جوگرافیای زانکۆی ـ زانستە عەرەبی و ئیسلامییەکان بووە.

ساڵی ١٩٨٩ــ ١٩٩٥ کتێبی: (*المسلون وكتابة التأريخ*)ی بەچاپ گەیاندووە، جگە لەوە، چەندین بەرهەمی تری هەیە، وەکو: (*التراث الثقافی للأجناس البشرية فی أفريقيا بين الاصالة و التجديد*) لە ساڵی ١٩٨٥ ، کتێبی (*صيغة مقترحة للتكامل الاقتصادی بين بلدان العالم الاسلامی*) ساڵی ١٩٨٥، و (أصل الاجناس البشرية فی القران الكريم) ١٩٨٧ و (*الظواهر الجغرافية بين العلم والقران*) ساڵی ١٩٨٠. چەندین کتێب و بابەتی تر.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینە ی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و ۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.